**هەرێمی کوردستان - عێراق**

**پەرلەمانی کوردستان - عێراق**

# پرۆتۆکۆلەکان

# ١١٥

سالّی/ ٢٠٢٠ – بەرگی سەدو پازدە

---

چاپی یەکەم/ سالّی ٢٠٢٢

له بڵاوکراوەکانی پەرلەمانی کوردستان - عێراق

---

ناوی کتێب: پرۆتۆکۆلەکانی ساڵی(٢٠٢٠)ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق
بەرگی: ١١٥
چاپی یەکەم: ٢٠٢٢
تیراژ: ٢٥٠
پێداچوونەوەونەخشەسازی: سنوبر صابر حسن
ئینصات کردن: نەورۆز شێرزاد، دلێر اکرم، شوان محمد، کۆڤان خسرو، تارا رشاد، رێبین رشاد، ارام کمال، شیلان ملاعباس، رەنجدەر رقیب.
ژمارەی سپاردنی بە کتێبخانەی نیشتمانیی هەرێمی کوردستان:

# پێڕیست


| | |
|---|---|
| پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١) ی خولی پێنجەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە ٢٠٢٠/٩/٢ | ل ٥ |
| پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢) خولی پێنجەمی هەڵبژاردن – پێنج شەممە ٢٠٢٠/٩/٣ | ل ٢٣ |
| پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣)ی خولی پێنجەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە ٢٠٢٠/٩/٨ ` | ل ١٥١ |
| پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە ( ٤)خولی پێنجەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە ٢٠٢٠/٩/٩ | ل ٢٠٥ |
| پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٥) خولی پێنجەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە ٢٠٢٠/٩/١٥ | ل ٢٦١ |
| پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٦) خولی پێنجەمی هەڵبژاردن – چوارشەممە ٢٠٢٠/٩/١٦ | ل ٣٢٣ |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١)ی

چوارشەممە رێکەوتی ٢\٩\٢٠٢٠

خولی پێنجەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (١)
# چوارشەممە رێكەوتی ٢٠٢٠/٩/٢

كاتژمێر (١)ی پاش نیوەڕۆی رۆژی چوار شەممە رێكەوتی (٢٠٢٠/٩/٢) پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی د. رێواز فائق حسێن سەرۆكی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز هێمن هەورامی جێگری سەرۆك و، بەڕێز منى نبى قهوچى سكرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (١)ی ئاسایی خولی پێنجەمی ساڵی (٢٠٢٠) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمی بڕگەی (یەكەم)ی ماددەی (١٦) و ماددەی (٤٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان – عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (١)ی ئاسایی ساڵی یەكەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان لە كاتژمێر (١)ی پاش نیوەڕۆ رۆژی چوارشەممە رێكەوتی (٢٠٢٠/٩/٢) بەم شێوەیە بێت:

یەكەم: یەك دەقیقە بێ دەنگی وەستان بۆ رێزلێنان بۆ گیانی شەهیدانی كوردستان و عێراق لە گەڵ مارشی نەتەوەیی.

دووەم: كردنەوەی خولی پاییزەی ساڵی دووەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردن لە لایەن سەرۆك پەرلەمان بە پێی حوكمی بڕگەی یەكەم و دووەم لە ماددەی (٧) و بڕگەی سێ یەم لە ماددەی (١٨)ی پەیڕەوی ناوەخۆی پەرلەمانی كوردستان.

سێیەم: وتەی بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان بە بۆنەی كردنەوەی خولی پاییزەی ساڵی دووەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان.

چوارەم: خوێندنەوەی دووەم بۆ پێشنیازی یاسای ماف و ئەركی نەخۆش لە هەرێمی كوردستان بە پێی حوكمی ماددەكانی (٨٧، ٨٨، ٨٩) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان.

پێنجەم: خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژە یاسایی فرۆشتن و بەكرێدانی مایەكانی دەوڵەت لە هەرێمی كوردستان بە پێی حوكی بڕگەی یەكەم لە ماددەی (٨٣) لە پەیڕەوی ناوەخۆی پەرلەمانی كوردستان،

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان فەرموون بۆ ئەوەی دەست بە دانیشتنەكەمان بكەین، بە ناوی خودای بەخشندەی میهرەبان بە ناوی گەلی كوردستان دەست بە دانیشتنی ژمارە (١)ی ئاسایی وەرزی دووەم لە ساڵی دووەم خوڵی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان دەست پێ دەكەین باشترین سەرەتاش بە دەقیقەیەك وەستان دەبێت بۆ گیانی پاكی شەهیدانی كوردستانی عێراق لە گەڵ مارشی ئەی رەقیب، فەرموون سوپاس بەڕێزان ئەمڕۆ وەرزی دووەمی تەشریعی لە ساڵی دووەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان

دەکەینەوە بۆ ئەو مەبەستەش داوا لە بەڕێز سکرتێری پەرلەمان دەکەم کە پوختەی کۆنووسی کۆبوونەوەی پێشوو لە گەڵ بەرنامەی کار بخوێنێتەوە، فەرموو:

**بەڕێز منی نبی نادر قهوەچی / سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرنامەی کار:

بە پێی حوکمی پێنجی ماددەی بڕگەکانی یەکەم و دووەم و سێ یەم لە ماددەی (١٦) بڕگەکە لە ماددەی (١٨) بڕگەکانی یەکەم و دووەم و سێ یەم و چوارەم و پێنجەم لە ماددەی (٢٠) ماددەکانی (٤٧، ٥٢،٤٨، ٥٤، ٥٥، ٥٦ و ٥٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (١) ئاسایی خولی پاییزەی ساڵی دووەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە کاتژمێر (١)ی پاش نیوەڕۆ ڕۆژی چوار شەممە رێکەوتی (٢٠٢٠/٩/٢) بەم شێوەیە بێت:

یەکەم: یەك دەقیقە بێ دەنگی وەستان بۆ ڕێزلێنان بۆ گیانی شەهیدانی کوردستان و عێراق لە گەڵ مارشی نەتەوەیی.

دووەم: کردنەوەی خولی پاییزەی ساڵی دووەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردن لە لایەن سەرۆك پەرلەمان بە پێی حوکمی بڕگەی یەکەم و دووەم لە ماددەی (٧) و بڕگەی سێ یەم لە ماددەی (١٨)ی پەیڕەوی ناوەخۆی پەرلەمانی کوردستان.

سێیەم: وتەی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان بە بۆنەی کردنەوەی خولی پاییزەی ساڵی دووەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان.

چوارەم: خوێندنەوەی دووەم بۆ پێشنیازی یاسای ماف و ئەرکی نەخۆش لە هەرێمی کوردستان بە پێی حوکمی ماددەکانی (٨٧، ٨٨، ٨٩) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

پێنجەم: خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسایی فرۆشتن و بەکرێدانی مایەکانی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستان بە پێی حوکی بڕگەی یەکەم لە ماددەی (٨٣) لە پەیڕەوی ناوەخۆی پەرلەمانی کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان، هاووڵاتیانی ئازیزی هەرێمی کوردستان، وەرزی دووەمی یاسا دانان لە ساڵی دووەمی خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە کاتێك دەکەینەوە کە مرۆڤایەتی بە گشتی و هەرێمی کوردستانیش بەتایبەتی گیرۆدەی پەتایەکی کوشندەیە کە هەڕەشەیە لە سەر تەواوی مرۆڤایەتی و بۆتە مایەی تووش بوون و گیان لە دەستدانی هەزاران کەس، بۆیە سەرەتا و ئومێدی شیفا بۆ نەخۆشەکان و سەبووری و دڵنەوایی بۆ کەس و کاری کۆچکردوان و نزامان بۆ ئەوەی خوای گەورە قوربانییەکان خوای گەورە بە بەهەشتیان شاد بکات، ئەرکمانە گوزارشت سوپاس و پێزانین و دەست خۆشیمان بۆ پێشکەش کارانی خزمەتگوزاری تەندروستی و پزیشکی بکەین و داواکارین لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کە ئەرکی خۆی لە پێدانی ئیمتیازێکی شایستە بەو پزیشك و کارمەندانەی تەندروستی جێبەجێ بکات کە لە سەرەتاوە تا ئێستا لە سەنگەری ڕووبەڕوو بوونەوەی کۆڕۆنا شەونخۆنی دەکەن،

بەڕێزان تا رادەیەك جیاواز لە میللەتانی تر کوردستانیان هاوکات لە گەڵ مەترسی کۆڕۆنا هەر زوو کاریگەری و لێکەوتەکانی کۆڕۆنا و دابەزینی نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهان و بڕینی پشکی هەرێم لە بوودجەی فیدراڵی لەسەر دۆخی ژیانیان دەرکەوت و دووچاری ناڕێکی لە پێدانی مووچە و کەم کردنەوەی تەمویلی مووچە و سست بوونی بازاڕەکان بوونەوە، هەموو ئەمانەش بوونە بارگرانییەکی تری سەر شانی خێزانەکان چ مووچە خۆران و چ کاسبکاران، بۆیە بە پێویستی دەزانم چەند خاڵێك وەك ئەرکی پەرلەمان لەم قۆناغە دا بخەمە ڕوو.

١- پشتیوانی لە شاندی دانووستاندنی حکومەتی هەرێم لە گەڵ حکومەتی فیدراڵ و دووپات کردنەوەی ئەو راستیەی کە رێککەوتنێکی هاوسەنگ لە چوارچێوەی ماف و ئەرکە دەستوریەکان لەم قۆناغە پێداویستیەکی حاشا هەڵنەگرە.

٢- چڕکردنەوەی ئەرکی لیژنەکان و پەرلەمانتاران لە چاودێری جێبەجێ کردنی یاساکان و ئەو بڕیارانەی کە ژمارەیان زۆر و زەوەندە و تەنیا بە جێبەجێ کردنیان داهاتی نەوت و داهاتی دەروازە و خاڵە سنووریەکان داهاتی وەدەست هاتووی وەرگرتنی باج لە گەورە باجدەران و کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنان و خزمەتگوزاری بواری پیشەسازی نەوتی و رێکخستنەوەی تەواوی داهاتە ناوەخۆییەکان زۆر لە ئێستا زیاتر دەبێت و دۆخ و گوزەرانی هەرێمەکەشمان دەباتە قۆناغێکی تر.

٣- هیچ خەرجییەك لە دەرەوەی یاسایی بوودجە بە شێوەی زانستی و پشت بەست بە سەنەدی قانوونی خەرج ناکرێت، بۆیە جگە لەوەی ئەرکی حکومەتە دوایی حەوت ساڵ پرۆژەی یاسایی بوودجە بنێریتە پەرلەمان ئەرکی پەرلەمانتاران و لیژنەکانیشە بە دواداچوون و لێپێچینەوە بۆ ناردنی پرۆژە یاسایی بوودجە بکەن، لەبەر ئەوەی ئەوە حەوت ساڵە پەرلەمان نەیتوانیوە یەکێك لە ئەرکە سەرەکییەکانی لە پەسەند کردنی بوودجە جێبەجێ بکات، ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان سەبارەت بە پرۆسەی تەشریع بەڕێزتان وەکو فراکسیۆنەکان لە خشتەکانی تایبەت بەو پرۆژە و پێشنیازانە ئاگادار کرانەوە کە لە هەردوو وەرزی یەکەم و دووەمی ساڵی یەکەم ئاراستەی سەرۆکایەتی تان کردبوون و لە رۆژانی رابردوو خشتەکانمان بۆ رای گشتی لە سایتی فەرمی پەرلەمان بڵاوکردەوە، بەڵام بە پێویستی دەزانم کورتەییەك لەو بارەییەوە بخەمەڕوو، کۆی گشتی (٦٥) پرۆژە و پێشنیاز بووە پەسەند کراوەکان تەنها (١٠) پەسەندکراون، رەتکراوە لەلایەن حکومەت یا لیژنەی هەمیشەییەکانی پەرلەمانی کوردستان (١٢)ن، چارەسەرکراو بە پێی یاسا و بڕیارە پەسەندکردنەکان (٥)ن، ئەوانەی پێویستیان بە پاڵپشتی دارایی هەیە یان گۆڕانکارییە لە پەیکەری دامەزراوەییەکە حکومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان تا ئێستا رەزامەندیان لە سەر نەداون، ئەو پێشنیازە یاسا و بڕیارانەی خوێندنەوەی یەکەمیان بۆ نەکراوە (١٠) پرۆژەن، ئەوانەی لە ژێر پرۆسەی تەشریع دان و لای لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمانن (٧) ن، بە پێی ئەم خشتەیە:

یەکەم: کۆی پرۆژە یاسا و بڕیارەکان (٦٥) پێشنیاز و پرۆژە بوون.

دووەم: (١٠) یان پەسندکراون (٥) یان لە رێگەی یاسا و بڕیارە پەسندکراوەکان چارەسەرکراون، (٥) یان لە لایەن لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمانی کوردستانەوە رەتکراونەتەوە، (٧) یان لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەو رەتکراونەتەوە.

سێیەم: تەنها (٣٨) پێشنیازە یاسا و بڕیار لەبەر دەستی پەرلەمان ماوە بۆ کار لەسەر کردن، یەك لەوانە (٢١) پێشنیازە یاسا و بڕیار پێویستی بە پاڵپشتی دارایی حکومەت و رەزامەندی دابین کردنی تێچووی خەرجی جێبەجێکردنی یاسا یان بڕیارەکەیە یان گۆڕینی هەیکەلەی دامەزراوەیەکە و پێویستی بە رەزامەندییە، بەڵام تا ئێستا ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکانی تر ئەو رەزامەندیەیان نەداوە، (١٧) لەوانە پێشنیازە یاسا و بڕیار ئاراستەی لیژنەی کاروباری یاسایی لیژنە هەمیشەییەکان کراون، (١٠) پێشنیازە یاسا و بڕیار لای کاروباری یاساییە و تا ئێستا بە پێی ماددەی (٧٩) ی پەیڕەوی ناوەخۆ بڕیار لە سەر ئامادە کردنی بۆ خوێندنەوەی یەکەم نەکراوە، (٧) پێشنیازە یاسا و بڕیار خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە و ئاراستەی لیژنە هەمیشەییەکان کراوە بۆ ئامادە کردنی راپۆرت و خوێندنەوەی دووەم، بەڵام تا ئێستا سەرەڕای تێپەڕبوونی چەندین مانگ بە سەر ئەو راپۆرتانە و جەخت کردنەوە لە سەریان راپۆرتەیان بۆ ئامادە نەکراوە، خشتەی ئەو پێشنیازە یاسا و بڕیارانەی هاوشێوەن هەمان بابەت چارەسەر دەکەن دامەزراندنی دەرچووە یەکەمەکان (٢) پێشنیاز هەمواری یاسای سەرۆکایەتی هەرێم ژمارە (١)ی (٢٠٠٥) (٢) پێشنیاز، هەمواری یاسای وەبەرهێنانی ژمارە (٤) ی ساڵ (٢٠٠٦) (٢) پێشنیاز، پاراستنی مامۆستایان و بەڕێوەبەرە پەروەردەییەکان (٢) پێشنیاز، گێڕانەوەی شایستە دارایی مووچە خۆران (٣) پێشنیاز، پاراستنی بەرهەمی خۆماڵی (٢) پێشنیاز، داواکاری گشتی (٢) پێشنیاز، بیمەی تەندروستی (٢) پێشنیاز، پێدانی دەرماڵە و قەرزی خوێندن (٣) پێشنیاز، پێدانی قەرز و پێشینەی خانووبەرە و هاوسەرگیری (٣) پێشنیاز، واتا بە پێی ئەم خشتەیە چواردە پێشنیازە یاسا و بڕیار تایبەتن بە چارەسەرکردنی تەنها حەوت بابەت بە پێی هەمان خشتە (٩) پێشنیازە یاسا و بڕیار تایبەتن بە چارەسەرکردنی سێ بابەت بە گشتی (٢٣) پێشنیازە یاسا و بڕیار هەر چەندە لە رووی ژمارەییەوە (٢٣) پێشنیازن، بەڵام بە مەبەستی چارەسەری تەنها (١٠) بابەت ئاراستە کراون و هاوشێوەن، بەڕێزان سەبارەت بە وەرزی یەکەمی ساڵی دووەم بەداخەوە بە هۆی کەرەنتین و خۆپارێزی و دۆخی تایبەتی پەرلەمان وەرزەکەمان لە رووی تەشریعیەوە لە ئاستی پێویست دا نەبوو، بەڵام هەر لەو وەرزە توانیمان بە ئامادە بوونی هەشت وەزیر بە پێی ماددەی (٦٦) چەندین دانیشتن بۆ خستەڕووی بابەتی گشتی بۆ گفتوگۆ لە نێوان پەرلەمان و حکومەت ئەنجام بدەین و تەنها دوو یاداشتی پەرلەمانتاران لەم وەرزە دا دانیشتنیان بۆ ئەنجام نەدراوە، یەکێکیان تایبەت بوو بە ئەنجام دانی دانیشتن لە پارێزگای هەڵەبجە لە (٣/١٦)، بەڵام بە داخەوە ئەو کات بڕیاری کەرەنتینی گشتی دراو و بۆ خۆپارێزی کۆبوونەوە و گردبوونەوەکان قەدەغە کران و نەمانتوانی ئەو دانیشتنە گرنگە ئەنجام بدەین، ئەوی تریش تایبەت بوو دۆخی کرێ نشینان و لەلایەن ژمارەیەك لە پەرلەمانتاران واژۆ کرابوو، بەڵام داوامان لێ کردن چارەسەرێك بۆ ئەو بابەتە بخەنەڕوو بۆ ئەوەی دانیشتنێکی بەرهەم دارمان هەبێت، بۆیە هیوادارم لەم وەرزە بتوانین قەرەبووی ئەو کاتانە بکەینەوە کە لە

وەرزی یەکەمی ساڵی دووەمی لە دەستمان چوو بۆ ئەوەش داوا لە لیژنەکانی پەرلەمان دەکەم هاوکاری سەرۆکایەتی بن لە ئامادە کردنی راپۆرتی پێشنیازە یاساکان و چاودێری کردنی کارەکانی حکومەت، لە کۆتایی دا ئاوەتەخوازین کە کوردستانیان لەش ساغ و تەندروست و باش بن و کوردستانیش گەشەسەندوو و ئاوەدان بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان بۆ جێبەجێ کردنی برگەی چوارەمی بەرنامەی کار، داوا لە بەڕێزان لە لیژنەی کاروباری یاسایی دەکەم بێنە شوێنی خۆیان، فەرموو کاك دکتۆر اسماعیل بەڕێزان هەر بەڕێزێك قسە دەکات ناوی سیانی خۆی بڵێت بۆ ئەوەی لە پرۆتۆکۆڵ تەسجیل بێت، فەرموون.

**بەڕێز اسماعیل علی طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دوو نوقتێت نیزامی یێت هەین، ئێك دیف ماددێ (١٦) خالًد (٩) دەستەیا سەرۆکاتیێ پێتقیە موقفێ خۆ هەبیت بەمبەر ئەحداسا ئو تەنزیم و ئیلاقاتا ناقبەرا پەرلەمانتارا و دەزگەهێت حکومەتێ د حەفتییەکێ دا زێدەگاڤی ل سەر سێ چار ئەندامێت پەرلەمانی هاتە کرن ب نە یاسایی ب راستی مە نەدیت دەستەیا سەرۆکایەتیێ هەڵوێست و مەوقفەك هەبیت من چاڤەڕێ کر سەرۆکا پەرلەمانە ئیشارەتێ بدەتێ وەکو موحافەزە کرن ل سەر رێزداریا ڤی پەرلەمانی، خالًد من یا دوویێ یا نوقتە نزامی ماددێ (٧) برگا (٢) د بێژیت دەستپێکا (٩/١) خویندن دەست پێ دکەت، خویندن ژ ئێکی هەیڤێ دەست پێ دکەت نەك دوویێ هەیڤێ دەست پێ دکەت ئەز بینم ئەڤە موخالفی پەیڕەوی بوو، سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، فەرموو کاك دیاری.

**بەڕێز دیاری انور حمە رحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە پێی ماددەی (١٨) برگەی (٤)، ئەرکی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان و خودی سەرۆکی پەرلەمانە کە شکۆی پەرلەمان بپارێزێت لەم هەرێمی کوردستانەیە، لە ماوەی رابردوو دا نزیکەی چوار پەرلەمانتار لەلایەن هێزەکانی ناوەخۆ لەلایەن خەڵکەوە هێرش کراوەتە سەریان، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بە دێڕێکیش لێدوانێکی فەرمی و نافەرمی هیچ مەوقفێکی لە سەر ئەمە نەبووە و هیچ لێدوانێکیشی لەسەر ئەمە نەبووە، لە کاتێك دا پاراستنی شکۆی پەرلەمان و پەرلەمانتار لە ئەستۆی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانە، پرسیارەکە ئەوەیە پەرلەمانی کوردستان ناتوانێت بۆ نمونە دیفاع لە پەرلەمانتارەکانی خۆی بکات کە حەسانەی یاساییان هەیە، چۆن دەتوانێت پارێزگاری لەو خەڵکەی دیکە بکات لە هاووڵاتیەکی یاسایی بکات.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاتەکەت تەواو، تەنها یەك دەقە مەجال هەیە قسە بکەیت، پەیامەکەت گەیشت ئێستا جوابی هەمووتان دەدەمەوە، مژدە خان فەرموو:

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر بە جددی ئێوە لەو وڵاتە دەژین دەستەی سەرۆکایەتی.....

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەتوانی هەر قسەیەك بکەیت لە سیاقێکی ڕێك و پێك.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو هەمووو شتە دەکرێت لەم وڵاتەدا ئێوەی دەستەی سەرۆکایەتی هیچ مەوقفێکی ئەوتۆتان نییە، خۆپیشاندەر دەیان هەزار خۆپیشاندەر لە سەر شەقامەکانە ئێوە نەك بەیاننامە یەك پشتگیری دەیان هەزار مامۆستا سوکایەتی پێ کراوە، تەقە بەسەردا کراوە دەیان گەنجی گیرفان بەتاڵ بریندار کراوە بە بەرد، بە هەزار شێوە ئەشکەنجە دراوە، چەندەها گەنج لە ڕانیە، لە زاخۆ، لە زۆربەی شوێنەکانی تر دەستگیر کراوە، ئێوەی دەستەی سەرۆکایەتی چ مەوقفێکتان هەبووە، بەڕێز دەستەی سەرۆکایەتی هیوادارم چی تر ئەو پەرلەمانە ئاوا بێ هیمەت مەکەن، ئێوە دەتانتوانی بەیاننامەیەك ئێوە نوێنەری خەڵکن نەك نوێنەری حکومەت، بەداخەوە ئەو مامۆستایەی کە من و تۆی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان گەیاندۆتە ئێرە لەسەر حەقی خۆی لە سەر جادە بەردی پێدا دەکێشرێت، بەڵام ئێوە مەوقفێکتان نییە پشتیوانی لەو خەڵکە بکەن، لە کاتێکدا خەڵك حەقی خۆیەتی سی ڕۆژ جارێك مووچەکەی خۆی وەرگرێت دوو جار لە (٢١%) لێ بڕاوە هەر مەوقفتان نەبووە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مژدە خان ئێمە زۆر ڕێزت لێ دەگرین، ڕێزی هەموو ئەندامانی پەرلەمان دەگرین، جەنابت قسەی خۆتت کرد جوابت دەدەمەوە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئێوە قسەی خۆتان لە سیاغی قانوونی بکەن، هەمان ئەو قسەی کە مژدە خان کردی ئێستا برای بەڕێزمان دکتۆر اسماعیلیش کردی هەمان ئەو مانایە دەدات هەمان ئەو دەلالەتەی هەیە پێمان دەگات، ئێمەش وەڵامی خۆمان هەیە، بەڵام قسە کردن سیاغی خۆی هەیە، یەکەم قسە ئاراستەی دەستەی سەرۆکایەتی ناکرێت، قسە ئاراستەی سەرۆك دەکرێت بە گوێرەی پەیڕەو دوو جارێك دوو جار سێ جار قسەیەك دووبارە دەکرێتەوە کە دەزانن بریندارمان دەکات، بەڵام ڕێزت دەگرین، لەبەر ئەوەی پێمان وایە جۆرێك لە ئازادی تێدایە، بەڵام زیاتر لە سەر ڕۆیشتنی ئەمەش بۆ خۆمان ئیعتبارمان هەیە وە حەقی خۆمانە قسەمان هەبێت، مامۆستا ابوبکر بەردەوام بە جەنابت فەرموو.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دوو خاڵی نیزامیم هەبوو یەکەمیان پشتگیری لە دکتۆر اسماعیل و کاك دیاری دەکەم کە بە پێی ماددەی (١٨)خاڵی (٤) ئەرکی جەنابتە کە پارێزگاری لە شکۆی پەرلەمان بکەیت، خاڵی دووەم هەر بە پێی ماددەی (١٦) بڕگەی (١٠) دەرکردنی بەیاننامە و دەربڕینی هەڵوێست لەسەر بابەت و ڕووداو و پێشهاتەکان ئەرکی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانە، وە هەروەها بە پێی

ماددەکانی (٤٣، ٤٤) برگەکانی (١ و ٢) لەم ماوەیەدا دەیان چالاکوان و مامۆستای ناڕازی لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان دەستگیر کراون، بە داخەوە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان نە هیچ هەڵوێستێکی دەربڕیوە وە نە لیژنە تایبەتمەندەکانی پەرلەمانیشی راسپاردووە کە لێکۆڵینەوە بۆ ئەو بابەتە بکەن کە پەیوەندی بە دەیان خانەوادە هەیە وە بە پێی زانیاریەکان هەندێك لەو راگیراوانە ئەشکەنجە دراون وە بە داخەوە هەندێك پەرلەمانتار کە ویستوویانە سەردانی ئەو شوێنانە بکەن بۆ بەدواداچوون لەلایەن دەزگا تەنفیزیەکانەوە، رێگریان لێکراوە کە ئەمە حەق بوو کە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان لە سەر ئەم بابەتە هەڵوێستی خۆیان دەرببڕن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، سەبارەت بەو بابەتە با وەڵامی بدەمەوە، سەبارەت بە پەلاماردانی ئەندامانی پەرلەمان وە گرتن و ئازاردانی چالاکوانانی خۆپیشاندەران وەڵام دەدەینەوە، دوایی ئەوە هەر شتێکی تر هەبوو جگە لەو دوو بابەتە دەتوانین نوقتەی نیزامی بۆ وەرگرین دووبارەکردنەوەی هەمان قسە وەرناگرین، یەکەم سەبارەت بە گرتنی ژمارەیەك لە چالاکوانانی خۆپیشاندانەکان لە مامۆستایان لە فەرمانبەران لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و مافەکانی مرۆڤ سێ لیژنەی لاوەکی دروست کردووە، سەردانی هەموو شارەکان دەکات هەر کاتێك ئەوان راپۆرتی خۆیانیان خستە بەردەم سەرۆکایەتی پەرلەمان، سەبارەت بە ژمارەی گیراوان هۆکاری گرتنیان وە ئەو ماددە قانوونیانەی کە پێی گیراون، دڵنیاتان دەکەین ئێمە لەو بارەیەوە قسەی خۆمان دەکەین وە پەرلەمانیش ئەوکاتە رۆڵی خۆی دەگێڕێت لە چۆنیەتی مامەڵە کردن لەگەڵ ئەو دۆسیەیە وە لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و مافەکانی مرۆڤ دەستیان بە سەردانەکانیان کردووە، دووەم سەبارەت بە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان کە دەڵێن ئێمە پەلامار دراوین بەڕێزان دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان وە ئێمەش وەکو سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان مامەڵە لەگەڵ ئەوە ناکەین کە لە فەیسبووك دەگووترێت یا لە دەزگاکانی راگەیاندن دەگووترێت، مامەڵە لەگەڵ ئەو یاداشتە دەکەین کە ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان ئاراستەی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکات، ئێمە دەزانین زیاتر لە حاڵەتێکی پەلاماردان هەیە، بەڵام ئێمە نازانین ئەوانەی کە پەلامار دراون و ئەوانەی پەلاماریان داون کێن وە هیچ ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمانی پەلاماردراو یان سەرۆکی فراکسیۆنەکەی، هەتا ئەم ساتەی کە ئێمە قسە بە یەکەوە دەکەین یادداشتێکی نەداوەتە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان، سەبارەت بەم بابەتە، یادداشت بدەنە ئێمە بۆ ئەوەی ئێمە لەسەر بنەمای ئەم یاداشتە رۆڵی خۆمان بگێڕین و قسەی خۆمان بکەین وە مامەڵە لەگەڵ یاداشتەکانتان بکەی، من دەزانم کاك سیپان دەڵێت پەلامار دراوم، کاك کاوە دەڵێت پەلامار دراوم، دکتۆر **عثمان** دەڵێت پەلامار دراوم، مژدە خان وتی لە رانیە ئەزیەت دراوم، شیرین خان لە گەرمیان وتی بیرێزیم بەرامبەر کراوە، هلز خان وا دەڵێت هەمووتان وا دەڵێن، بەڵام هیچ کامتان جگە لە فەیسبووکەکانتان و لە راگەیاندن ئێمە بینیومانە وە لە بەرامبەریش دا دەزگا ئەمنییەکان وە هێزەکانی ئاسایشی ناوەخۆ بۆ هەندێکتان وەڵام دەدەنەوە ودەڵێن وا نییە پەرلەمان و سەرۆکایەتی پەرلەمان لە نێوان ئەو دوو قسەیە دەبێت حەکەم بێت وەدەبێت

رۆڵـی خـۆی هەبێـت وە بـۆ ئەوەش پێوسسـتیمان بەوەیە بە فەرمـی ئاگـاداری سـەرۆکایەتی پەرلەمان بکرێتەوە، لەو بارەیەوە وە دڵنیاتان دەکەمەوە ئەگەر بە فەرمی ئاگادار کراینەوە ئـێمە لەگەڵ دەزگا پەیوەندیدارەکان قسەی خۆمان دەکەین، بەڵێ ماملۆستا عبدالستار فەرموو.

**بەرێز عبدالستار مجید قادر:**

**بە ناوی خودای بەخشندەی میهرەبان.**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش دوو خاڵی پەیرەویم هەبوو، یەکێکیان بە ئەندازەیەك روون کرایەوە، بەڵام هەر سـەرنجم لەسەر هەیە بەرەسمی لە هۆڵی پەرلەمان ئێستا باسـی ئەو بـابەتە کـرا، پەرلامـار دان و لێـدان و ئەزیەت دان دەی فەرمـوون سـەرۆکایەتی پەرلەمـان رێکـارێکی بەهێـز بگـرنەبەر کە ئەمە لە کوردسـتان دووبـارە نەبێـتەوە، مـن ئەو پرسـیارە دەکەم ئەگەر وەزیرێکـی حکـومەتی هەرێمـی کوردستان پەلامار بـدرێت و قسـەی پـێ بوترێـت حکـومەت چـی دەکـات؟ تـۆ نـوێنەرایەتی گەل دەکەیت یەکێك لە ئەرکەکانمان ئەوەیە کە لەگەڵ خەڵك بـین، ئەمەش زۆر بـێ رێـزییە بەرامـبەر بە پەرلەمان و پەرلەمانتار ناکرێت ئەوە قبوڵ بکرێت وە ئەرکی ئێوە ئەوەیە لە سەری بچن و لێ نەگەرێـن ئەمە دووبـار ببێـتەوە، خـاڵێکی تـر ئەوە بەرێـز سـەرۆکی پەرلەمـان بە پێـی بـرگەی چـوارەمی مـاددەی (٤٨) سـەرۆکی فراکسـیۆن بـۆی هەیە بـابەتێکی گشـتی کە پەیوەنـدی بە خەڵکەوە هەبێت ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمـان بکـات، بـۆ ئەوەی بخـرێتە بەرنـامەی کـارەوە ئەوەی کە مـن بیسـت و چـوار سـەعات پێشـتریش داوام کـردووە نەخـراوەتە بەرنـامەی کـار بـۆ گفتوگۆ ئەوەی کە پەیوەندی بە تاوتوێ کردنی رەهەندە نایاساییەکانی برِیاری لـێ برِینـی رێـژەی (٢١%) مووچەی فەرمانبەرانە کە بابەتێکی گشـتی یە وە پـێم وابـوو کە دەبـوو ئەمـرۆ قسـەی لە سەر بکەین، نازانم ئەمە بۆ داخلی بەرنامەی کار نەکراوە، سوپاس.

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، سەبارەت بە یاداشتەکەی بەرێزتان دوێنێ یاداشتەکەمان پـێ گەیشـت، لەبەر دوو هۆکار نەمانخستە بەرنامەی کار، یەکەم ئەگەر هەر قسەرکردن بێت لە بەینـی خۆمـان دا یەعنـی وەکـو پەرلەمـان بە بـێ ئامـادە بـوونی حکـومەت نـازانم بەرهەمەکەی چیـیە کە ئـێمە لە بەینـی خۆمان دا دانیشین و قسە لە سـەر ئەم بـابەتە بکەیـن، لیژنەیەکـی پەرلەمـانیش دەتوانێـت قسـە لەسەر ئەم بابەتە بکات، بە ئامادە بوونی حکـومەت بە پێـی مـاددەی (٦٦) دانیشـتنێکمان کـرد وە ئەو کـاتە لە (٢١%) یـان بـرِی بـوو وە شەسـت ئەنـدامی پەرلەمـان قسـەی کـرد وە حکـومەتیش وەڵامی خۆی هەبوو، بـۆیە ووتمـان ئەم بـابەتە موناقەشـە کـراوە لە پەرلەمـان بە ئامـادە بـوونی حکومەت جەدوایەکی قـانوونی بەرهەمـداری نیـیە، جـارێکی تـر دانیشـین بە بـێ ئامـادە بـوونی حکومەت هەر پرسیار لە خۆمان و وەڵام لە خۆمـان لەم بـارەیەوە قسـە بکەیـن، کـاك علـی حـمە صاڵح فرموو.

**بەڕێز علی حمه صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ناوی خوای گەورە، من موبەڕرەکەی تۆ تێگەیشتم کە یاداشتتان بە رەسمی پێ نەدراوە، بەڵام لە تەنیشت ئەمە دەیان قەراری حکومەت و پەرلەمان هەیە لە سەر هەواڵی ئیعلامی بووە بە قەزیە و قەراری لە سەر دراوە وە ئیشی تێدا کراوە، یەعنی ئەوە بە نەزەری ئیعتبار وەربگری، خاڵێکی تری پەیڕەوی بەو پێیەی کە جەنابتان حیمایەی پەرلەمان و حیمایەی قانوون دەکەن من دڵنیام لێبڕینی مووچە مانگی داهاتووش بەردەوام دەبێت دڵنیات دەکەمەوە با ئەمە خەڵك بزانێت بەو فۆڕمەی ئێستا کە داهات کۆ دەکرێتەوە پرۆسەی نەوت و خاڵە سنووریەکان ئیجائەت خراوە بە قانوون، سەڵاحییەتی حکومەت نییە لە مووچە ببڕێت، کەواتا دەبێت ئەو قەزییە بێتەوە پەرلەمان، لەم پەرلەمانە خەڵکی بڕیار بە دەست بێت ئەگەرهەموومان قەناعەتمان کرد کە پارە نییە لەم وڵاتە ئێ چی دەکەیت کە پارە نەبێت، بەڵام بۆ نموونە ئێستا سەدان دۆسیە لە سەر نەوت و خاڵە سنوورییەکان دەهێنین تەرح حەل دەکەین ئەمانە حەڵ بکەن مووچە دەدرێت، بۆیە هیوادارم حیمایەی ئەو قانوونە بکەین کە پەیوەندی بە مووچە و قووتی ئەو خەڵکە هەیە وە لە زووترین کات دا دەرفەتێکی یاسایی بۆ بدۆزرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك کاروان فەرموو.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکو جەنابت لە دەستپێکی وتارەکەت ئاماژەت پێ کرد، یەکێك لە ئەرکە سەرەکییەکانی پەرلەمانی کوردستان پەسند کردنی بودجەیە وە پەرلەمانی کوردستان بە پێ یاسای ژمارە (١) ی ساڵی (١٩٩٢) ماددەی (٥٦) وە پەیڕەوی ناوەخۆ لە چەند ماددە و بڕگەیەك دا سێ ئەرکی سەرەکی هەیە کە بوودجە و چاودێری کردن و یاسا دانانە، ئێمە تا ئێستا دوو لە ئەرکەکانمان لە مەترسی گەورە دان کە یەکێکیان بوودجەیە و تا ئێستا نەهاتۆتە پەرلەمان دووەمیان کە چاودێری کردنە، من بەش بە حاڵی خۆم چەندان پرسیار و یاداشتم لە وەرزی دووەمی یاسادانان ئاراستەی حکومەت کردووە، تا ئێستاش وەڵامەکەم وەرنەگرتووە، من لە جەنابت دەپرسم ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان بەم شێوەیە تەعامول لەگەڵ پەرلەمانی کوردستان بکات، ئەرکی چاودێری پەرلەمانی کوردستان لە کام قۆناغ و کام ئاراستە دایە، دووەم ئەرکی بوودجە کە ئەرکی پەرلەمانی کوردستانە کە دەبێت موسادقەی بکات و بەدواداچوونێکی جددیشی بۆ بکات، ئێمە بەش بە حاڵی خۆمان هەم موتابعەمان کردووە، هەم پرساندنمان لەو بارەیەوە ئاراستە کردووە وە هەمیش هەموو ڕێکارە پەیڕەوییەکانمان گرتۆتە بەر، هەتا ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان ئامادە نییە بە هیچ شێوەیەك وەڵامێکی گونجاو لەو بارەیەوە بدات وە داوا لە بەڕێزتان دەکەم جەنابیتان لەگەڵ حکومەت لەسەر ئەو دوو پرسە بە جددی دابنیشن وە ئەم پرسانە یەك لا بکەنەوە، چونکە ئەگەر ئەو دوو پرسە وەکو خۆی

نەچێتە بواری جێبەجێ کردن چ لە موتابعە و چ لە بوودجە تا کار کێشی پەرلەمان دەبێتەوە، چونکە وەکو خۆت فەرمووت لەبەر کەرەنتینە بەشێکی زۆری نەمانتوانی جێبەجێیان بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك محسن فەرموو.

**بەڕێز محسن حسێن مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ب ناڤێ خودێ مەزن و دلۆڤان راستی دوو بابەتێك زۆرێت هەستیار و هەنووکەیی هەبوون مـن پێویست زانی کو ل پەرلەمانێ کوردستانێ بێنە بەحس کرن، یەك ژ وان بابەت کو دوهی ل ئەنجومەنێ وەزیران یا عێراقێ ل رۆژا (٣/١٠) کریە رۆژا نیشتیمانی یا عێراقێ ئەو رۆژا کو عێراق ل ژێر ئینتدابا بەریتانیا خلاس بوو وە بووە دەوڵەت تەبعەن ژ بەر ڤێ رۆژێ خەڵکێ سلێمانیێ ل بەر دەرکێ سەرا وەکو جەنابێ وە ئاگەهدارە ل (٦/٩) خۆپیشاندان کرن خەلك هاتنە کوشتن و ل سێدارە دان و بەرزە کرن ژبەر هندێ چونکە ئەم بەشەکین ژعێراقێ، پێتڤیە ب راستی پرسیار ب خەڵکێ کوردستانێ هاتبا کرن ئیختیار دابا پەرلەمانێ کوردستانێ بۆ دانانا رۆژا نیشتیمانی یا عێراقێ زۆرتەبیعیە (١٤/٧) ساڵا (١٩٥٨) بکەنە رۆژا نیشتیمانی، بابەتێ دوویێ بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانی بابەتێ جارەکا دی کۆچ کرنا گەنجێت کوردستانێ یە ب لێشاو بۆ هەندەران ب راستی وەکو هەمی د زانن گەنج هێز و داینەمۆیا جڤاکانە ژ بەر هنێ ژی نە دامەزراندن ونەبوونا دەرفەتێ کاری ب راستی وە لێ کرییە خەڵکێ مە دحەفتییەکێ دا ل ڤەزا ئامێدیێ و دەڤەرا شێلادزێ سەد گەنج بەرەڤ هەندەران بچن، ژ بەر هندێ ئەز داخازێ دکەم پەرلەمانێ کوردستانێ هەڵوێست هەبیت حکومەتا کوردستانێ بێتە سەر خەت سەر ڤان بابەتا هەم بابەتێ ئستسمارێ دێ ڤەگوهێزن بۆ دەرڤەی باژێرا دەرفەتا کاری بۆ خەڵکی نەهێلیت وە دەرگەهێ دامەزراندنێ ژی هوسا ب داخراوی نەمینیتەڤە یەعنی هیچ نەبیت یەکەمێت زانکۆ ئو پەیمانگەها دەرفەتەك هەبیت بۆ دامەزراندنا گەنجان، گەلەك سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك مم فەرموو.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ماددەی (١٨) بڕگەی دووەم تەماشا بکەیت دەسەڵاتەکانی جەنابتانە، بەراستی ئەوە دوو جارە حکومەتی هەرێمی کوردستان یاسا پێشێل دەکات کە مووچە دەبڕێت لە (٢١%) بۆ لە (٥٠%) ئەرکی جەنابتە وە پەیڕەو دەسەڵاتی داوە بە جەنابت کە دەبێت یاسا جێبەجێ بکەیت، بۆچی حکومەت یاسا جێبەجێ ناکات لێی ناپرسیتەوە وە ئەرکی پەرلەمانیشە بە گشتی، بەڵام تۆ پاسەوانی بنەڕەتیت لە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کە دەسەڵاتی یاسا دانانە بە زەقی یاسا پێشێل دەکرێت لەم وڵاتە دا کە پەیوەندی بە ژیان و گوزەرانی کۆی خەڵکی کوردستانەوە هەیە، بێ هەڵوێستی جەنابتان و بێ دەنگی جەنابتان کوشندەیە، خاڵێکی

تر ئەگەر رێگەم بدەیت ماددەی پەیڕەوی ماددەی (٤٨) بڕگەی چوارەم کە بیست و چوار کاتژمێر پێشتر داوا کراوە بۆ گفتوگۆ کردن لە سەر مەسەلەی مووچە هیچ پاساوێك هەڵناگرێت، چونکە لە ناو ئەو بڕگەیە دا نالێت ئەگەر وا بێت سەرۆك دەتوانێت وا بکات، دەڵێت بەپێی ئەم ماددەیە سەرۆکی فراکسیۆن یا لایەنی کەم دە ئەندام یا نوێنەری پێکهاتەیەك دەتوانێت بابەتێك ئیزافە بکات بۆ بەرنامەی کار کە نەکراوە، واتا لە ناو پەیڕەو دا پاساوێك ناداتە سەرۆکی پەرلەمان کە وە سەرۆکایەتی بۆ جێبەجێ نەکردن و سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، فەرموو.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ناوی خودا، بە پێی ماددەی (١٨) بڕگەی دووەم جەنابتان لە قسەکانتان دا بیانۆی ئەوەتان هێنایەوە کە هیچ لەو پەرلەمانتارانەی کە دەستدرێژیان کراوەتە سەر بەڵگەیان نەبووە یا سکاڵایان نەکردووە، بەڵام من یەکەم پەرلەمانتار بووم لە سلێمانی بە شێوازێکی زیندوو تەقەمان لێ کرا، یەعنی ئەمە لە هەموو دونیا بە تویتی وەزیرێك لادەچێت و هەڵدەوەشێتەوە، جەنابت لە دەستپێکی دانیشتنەکانی پێشوودا خۆمان دانیشتبووین جەنابت ووتت دانیشتن ناکەن تا شکۆی پەرلەمان نەگەڕێتەوە، ئێستا شکۆی پەرلەمان لە دەستی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە خەتەر دایە، زۆر لە برادەران ئاماژەیان پێ کرد کاك عەلی ئاماژەی بەوە کرد بۆ جاری سێیەم حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ جاری سێیەم دەستدرێژی دەکاتە سەر مووچەی خەڵك، ئایا حکومەت بە پێی ئەو یاداشتانەی کە ئێستاش ئیمزامان کردووە رازی نابن بە لێپرسینەوە بە بەدواداچوون بە وەڵام دانەوەی پرسیار، ئێمە ئیشمان چییە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان لە فۆڕمێکی ڕێزداری دا، ئەگەر ئێمە نەتوانین ئەم حکومەتە ناچار بکەین کە مووچە نەبڕێت دەبێت ئیشی ئێمە چییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان سەبارەت بە ماددەی (١٨) جێبەجێ کردنی یاسا و پەیڕەوی ناوەخۆ و بڕیارەکانی پەرلەمان، سەرۆکی پەرلەمان ئەندامێکە وەك هەر ئەندامێکی تری پەرلەمانی کوردستان یەك جیاوازی هەیە کە دەسەڵاتی جێبەجێ کردنی ئەم پەیڕەوەی هەیە، بە تەنیا ناتوانێت نە لێپرسینەوە بکات نە متمانە لە کەس وەرگرێتەوە وە نە کەس بهێنێتە بەردەمی پەرلەمان، ئەمە سیاقاتی خۆی هەیە وە ئەم قسەیە من دەزانم بە ناوی (طارق حرب) ەوە کراوە کە کەسێکی یاسایی عێراقییە، بەڵام دوایی ئەوەی پەیوەندی پێوە کرا دەڵێت من مەبەستم ئەوە نەبووە کە دەتوانێت قەراری لابردنی مووچە هەڵوەشێنێتەوە قسەکانی من تەحویل کراوە، بۆیە بەڕێزتان ئەندامی پەرلەمانن موشەرەعن دەبێت بزانن کە دەسەڵاتی سەرۆکی پەرلەمان لەو ماددەیە پابەند بوونیەتی بە یاسا وبڕیارەکان، سەرۆکی پەرلەمان وەکو بەڕێزتان ئەندامێکی پەرلەمانە جیاوازییەکە ئەوەیە کە هەیە کە هەندێك دەسەڵات هەیە لەم پەیڕەوە لە قانوونەکان دا پێمان دراوە، ئەویش ئیدارەدانی کۆبوونەوەکانی پەرلەمانە، ئەگینا

یەك دەنگمان هەیە وەكو ئێوە، سوپاس سەرچنار خان دوایی شیرین خان، ئەگەر دووبارە كردنەوە لە سەر هەمان بابەتە، بە خۆتان دەزانن بە گوێرەی ئەم پەیڕەوە لەسەر هەمان بابەت دووبارەكردنەوە بە راستی موخالەفی ئەو پەیڕەوەیە كە خۆتان بەناوی قسە دەكەن، فەرموو.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من دوو خاڵم هەیە، خاڵی یەكەم جەنابت دەفەرمووی ئەگەر پەرلەمانتار هێرشی كرایە سەر دەبێت سەرۆكی خۆی یا فراكسیۆنەكەی یادداشت بدات بە سەرۆكایەتی پەرلەمان، لە چ پەیڕەوێكی ناوخۆ دا هەیە ئەگەر پەرلەمانتار هێرشی كرایە سەر یا سوكایەتی پێ كرا كە چەندین پەرلەمانتارمان هەیە كە بەو شێوازە بوو، بە پێی چ ماددەیەك دەبێت سەرۆكی فراكسیۆنەكەی یا خۆی دەبێت یادداشت بدات، بەڵكو بە پێچەوانەوە ماددەت دەدەمێ كە ماددەی (٤٣) مان هەیە كە لە پەیڕەوی ناوەخۆ كە ئەگەر حاڵەتێكی نەخوازراو روویدا یا لە كاتی پێویست سەرۆكایەتی پەرلەمان دەتوانێت لیژنەی تایبەت یا لیژنەی كاتی پێك بهێنێت بۆ لێكۆڵینەوە لەو بابەتە وە لە دەرەوەی وەرزی یاسادانانیش بە پێی بڕگەی دوو دەتوانێت لیژنەی تایبەتمەند پێك بهێنێت وە سەڵاحیەتی ئەوەی هەیە نەك چاوەڕێی لیژنەی مافی مرۆڤ بكات تا ئەوان رادەسپێرێت ئەوان مەعنی نین بەو بابەتە، بەڵكو سەرۆكایەتی پەرلەمان دەبێت راستەوخۆ خۆی هەڵوێستی هەبێت وە لیژنە تەشكیل بكات كە بە داخەوە كە تا ئێستا ئەوەی نەكردووە و ماددەی (٤٣) ی حێبەجێ نەكردووە، خاڵی دووەم لە مانگی (٥) حەڤدە پەرلەمانتار لە سەر قەرزی (٢٧) ملیارەكەی حكومەت یادداشتمان هەیە داوەتە سەرۆكایەتی پەرلەمان وە ژمارەی یاسایی پەرلەمانتار بوو بە پێی ماددەی (٦٦) داوامان كردووە كە دانیشتنێكی تایبەت تەرخان بكرێت بۆ ئەو بابەتە، بەڵام سەرۆكایەتی پەرلەمان جوابی ئەو یاداشتەی نەداوەتەوە هەر وەكو چۆن جوابی پرسیارەكانیش ناداتەوە، ئەمڕۆ وەك دەستپێكی وەرزی پاییزە وەرزی یاسادانانە ئەوەی پەیوەندی بە بارودۆخ و گوزەرانی خەڵكەوە هەیە دەبووایە دۆخی دارایی یەك لایی بكرێتەوە دەبوایە بڕگەیەك یا دانیشتنێكی سەریع دابنرایە لە دەرەوەی وەرزی یاسادانانیش بووایە هەر لە سەڵاحییەتی سەرۆكایەتی پەرلەمان بوو تا ئێستا بێدەنگە لەو بابەتە دا وە داوا دەكەین وەڵامێكمان بدەنەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، دۆسیەی قەرزەكان بە قەدەر ئەوەی كە ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان ئەو حەڤدە ئەندامەی كە واژۆیان كردووە گرنگە بە دڵنیایی بۆ باقی ئەندامانی پەرلەمانی تری پەرلەمانیش گرنگە بۆ فراكسیۆنە جیاوازەكان و بۆ ئێمەش گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام ئێمە دامەزراوەیەكمان هەیە لە هەرێمی كوردستان كە دیوانی چاودێری داراییە كە قانوونی خۆی هەیە هەتا ئەم لەحزەیە ئەم دۆسیەیە لە لای ئەوانە زیاتر لە جارێك ئێمە پەیوەندیمان پێوە كردوون بە بەردەوامی نووسینگەی ئێمە پەیوەندی بە بەڕێز سەرۆكی دیوانی چاودێری دارایی دەكات بۆ تەواو كردنی راپۆرتەكە، ئەوان راپۆرتێكی ئەزەری بیدائیان تەواو كردووە نوسخەشیان ناردووە بۆ ئێمە لە سەرۆكایەتی، بەڵام راپۆرتی تەفسیلیان تەواو نەكردووە، دڵنیا

بە لەوەی چەندە بە لای تۆوە گرنگە بۆ ئێمەش ئەوەندە گرنگە، ئەو ڕاپۆرتە تەفسیلییە تەواو بوو ئەوە قسـەی ئەوانە دەڵـێن ئـێمە دێـین دیراسـە دەکەیـن، بـۆ نمـوونە موئەسەسـەیەکی وەکـو پەرلەمان پێدا چوونەوە بە حساباتی ساڵێکی پەرلەماندا دەکەین، یەك ساڵی پەرلەمان کە هەموو ئەوڕاقەکان لەبەر دەستمانە مانگێك بۆ چل ڕۆژمان پێویستە، چـۆن ئێـوە تەسـەوڕتان وایە ئـێمە بتوانین (٢٧) ملیار دۆلار سـاغ بکەیـنەوە لە مـاوەی مانگێـك و دوو مانـگ و سێ مانـگ دا، لەبەر ئەوە ئەمە شتێك نییە ڕۆیشتبێت وە ئیرادەی هەمووشـمان ئـێمە لە سـەرۆکایەتی وە ئەوەنـدەی مـن گـوێم لە فراکسـیۆنەکانی پەرلەمـان بـووە ئەوانەی کە لە دەسـتەڵاتن و ئەوانەشـی کە لە ئۆپۆزسۆنن هەموومان ئیرادەکەمان بەو ئاراسـتەیە کە ئەم بـابەتە بـابەتێکی گـرنگە و دەبێـت لە پەرلەمـان قسـەی لە بـارەیەوە بکەیـن حکـومەتیش ئامـادەیە بێـت، بەڵام ئایـا نابێـت دیـوانی چـاودێری دارایـی ووردبینیەکـانی خـۆی تەواو بکـات وە پێمـان بڵێـت بەڵـێ ئەو قەرزانەیە کە حکومەتی هەرێمی کوردسـتان کردوویەتـی وە ئـێمە وەکـو دامەزراوە بـڕوان پێیەتـی فەرمـوون برۆن قانوونەکەیان بخـوێننەوە، بـزانن ووردبینـی ئیشـی ئـێمەیە یـان ئیشـی دیـوانی چـاودێری دارایـیە، لەبەر ئەوە ئەمە بـابەتێکە ڕەنـگە وەخـت کـاریگەری لە سـەری هەبێـت، بەڵام ئیـرادەی هەموومان بەو ئاراسـتەیە کە دەبێـت قسـەی لە بـارەیەوە بکەیـن، سـەبارەت بە وەی کە لە هـیچ ماددەیەکی پەیڕەوی نەنووسراوە کە دەبێت یەکێك دەبێت سکاڵا تۆمار بکـات، بەڕێـزان ئـێمە لە سەرۆکایەتی پەرلەمان بەندە وەکو سەرۆکی پەرلەمـان بـۆ ئەوەی بتـوانم هەر جـووڵەیەك بـکەم دەبێت یادداشتێکم لە بەر دەسـت بێـت، چەنـدێك بـڕوام بەوە هەیە کە کـاك کـاوە لێـی دراوە بە هەمان مەسافە باوەڕیشم بە ڕوونکردنەوەکەی پۆلیسی هەولێـر هەیە، لەبەر ئەوەی هـیچ نـازانم لە بـارەی هـیچ کامییـانەوە و هـیچ زانیـاریەکم لە بـارەی هـیچ کامیـانەوە نیـیە، جـگە لەوەی لە ڕاگەیاندن هەردووکیانم بینیوە، ئێمە خەڵکی قانوونین بێجگە لەوەی کە موشەڕعین جگە لەوەی سەرۆکی پەرلەمانین بە هەمان مەسافە سەیری گوزارشتی هەردووکیان دەکەم، بۆ ئەوەی بـزانم ئەوە ڕاسـتە و ئەوە ڕاسـت نیـیە، دەبێـت سـکاڵایەك یـا یادداشـتێك بـدرێت بە سـەرۆکایەتی پەرلەمان، بۆ ئەوەی ئێمە سەبارەت بەو پەلاماردانانەی ئەنـدامانی پەرلەمـان لیـژنەیەك دروسـت بکەین بەدواداچوون بۆ کەیس بە کەیسـیان بکـات، هەیە دەڵێـت لە ڕانیـیە ئەزیەت دراوم، هەیە دەڵێــت لە گەرمیــان ئەزیەت دراوم، هەیە دەڵێــت لە دهــۆك و هەیە دەڵێــت لە هەولێــر، ئەم مەسەلەیە بڕاوەتەوە ئەندامێکی پەرلەمان کە لێی دراوە خۆی ئامادە نییە بێت سکاڵا بکـات، مـن بڕوام بە فەیسبووك نییە و ناتوانم لە سەر ئەساسی فەیسبووك مامەڵە بکەم، بەڕێزان ئەنـدامانی پەرلەمـان دۆسـیەی پەلامـاردانی ئەنـدامانی پەرلەمـان لەوێـدا دا کۆتـایی دێـت ئەو ئەنـدامە بەڕێـزانەی پەرلەمـان کە سـکاڵایان هەیە لە دامەزراوە ئەمنییەکـانی هەرێـم کە ئەزیـیەت دراون دەبێت یاداشت بدەنە سەرۆکایەتی پەرلەمان بە دڵنیاییەوە ئیشی لە سەر دەکەین، وە سـەبارەت بە لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و مافەکانی مرۆڤ لە پەرلەمانی کوردستان ئێمە ئەگەر لیژنەش دروسـت بکەیـن هەر لە ئەنـدامانی پەرلەمـان دروسـت دەکەیـن خـۆ لە دەرەوە خەڵـك نـاهێنین، متمانەی تەواومان بە لیژنەکەی خۆمان هەیە لە پەرلەمانی کوردستان کە لیژنەی تایبەتمەنـدە بە داکۆکی کردن لە مافەکانی مرۆڤ وە ئەنـدامی فراکسـیۆنە جیاوازەکـانی پەرلەمـانی کوردسـتان تێدایە چاوەڕێی ڕاپۆرتەکەیان دەکەین بە تەقدیرەوە، بەڕێـزان ئامـاژە بە مـاددەی (٤٨) یەکەم لە

پەیڕەوی ناوەخۆی پەرلەمانی کوردستان داواتان لێ دەکەم کە ڕەزامەند بن لە سەر ئاڵوگۆڕ کردنی بڕگەی چوارەم و پێنجەم لە بەرنامەی کار، بۆ ئەوەی بڕگەی پێنجەم تەواو بکەین وە بڕگەی چوارەم بخەینە بەیانی، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە ئاڵوگۆڕ لە نێوان بڕگەی چوارەم و بڕگەی پێنجەم بکرێت با بفەرمووت دەنگ بدات، بەڵێ بە دەنگی (٧١) ئەندامی پەرلەمان ئاڵوگۆڕ لە بڕگەکانی بەرنامەی کار کرا، فەرموو بەڕێز جێگری سەرۆکی لیژنەی کاروباری یاسایی.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ناوی خوای گەورە، ئەم پڕۆژە یاسایە کە لە خوارەوە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ دەکرێت، پڕۆژە یاسایی فرۆشتن و بە کرێدانی مایەکانی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستان/ عێراق، ئەم پڕۆژە یاسایە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە کە پێك هاتووە لە (٤٣) مادده لەگەڵ هۆیەکانی دەرچواندنی، ئێمە وەکو لیژنەی کاروباری یاسایی لە پەرلەمان داوا لە بەڕێزتان دەکەین ئەم پڕۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنە پەیوەندیدارەکانی پەرلەمانی کوردستان بکەن، لەگەڵ ڕێزم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئەوپڕۆژە یاسایە کە لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە هاتووە ئاراستەی لیژنەکانی دارایی و یاسایی و سەرجەم ئەندامانی پەرلەمان دەکرێت، بەڵێ کاك دکتۆر فەرموو قسە بکە.

**بەڕێز د. کاظم فاروق نامق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ناوی خودای بەخشندەی میهرەبان، ئەمە چەندەمین جارە ئێمە نەقد لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەگرین لەسەر بەرنامەی کارەکەتان، تکایە بۆچی بەرنامەی کاری ئێستا ڕەنگدانەوەی دۆخی خەڵك نییە، چەندین جار داوامان کردووە لە ناو جەلسەدا لە دەرەوە ئەم بەرنامەی کارە بۆ ڕەنگدانەوەی دۆخی ئێستای خەڵك نییە؟ ئێستا لە هەر کەسێك بپرسی مووچەخۆرمان دەڵێن دووجار مووچەکەم لە (٢١%) بە نا قانوونی لێبڕاوە، لە کاسبکار بپرسی دەڵێت لەبەر بێ مووچەیی کەسابەتم وەستاوە، لە هەموو خەڵکی هەرێمی کوردستان بپرسی لە منداڵەوە تا گەورە دەڵێت داهاتی نەوتەکەم دیار نییە، یەعنی ئەو بابەتانە بۆ ناخەنە بەرنامەی کار، هەندێك بابەتی لابەلا دەخەنە بەرنامەی کارەوە، باسی پڕۆژە یاسایی بوودجە کرد کە حەوت ساڵە هەر نیمانە، یەعنی کەس نازانێت گیرفانی حکومەت چەندی تێ دەچێت چەندی لێ دەردەچێت چۆنی لێ سەرف دەکات و دەیدات بە کێ و چۆنی سەرف دەکات، ئێمە چەند ساڵ بوودجەمان بۆ هاتووە لە بەغدا و یەك لیتر نەوتیشمان نەفرۆشتووە یەك ڕۆژیش مووچەی خەڵك دوانەکەوتووە و پڕۆژەکانیش بەردەوام بووە، لە وەتەی هەرێم نەوت دەفرۆشێت خەڵك کەوتۆتە سوواڵ خەڵك مووچەکەی دوادەکەوێت، مووچەکەی دەبڕدرێت، یەعنی نازانین بەراستی ئەم پارەی نەوتە چی لێ دێت؟ حوجەیەکیش دراوە بە بەغدا مووچەی خەڵك ببڕێت

یا بوودجەکەی نەنێریت ئەمە نەقسە لە حکومەتی هەرێم دا لە کابینە یەك لە دوایی یەکەکانی حکومەت بە مەی ئێستاشەوە بۆ نایخەنە بەر باس، جەنابت دەڵێی ئەگەر ئێمە خۆمان لێرە گفتوگۆ بکەین ئیستفادەی چییە، چۆن ئیستفادەی نییە، ئێمە هەموو پەرلەمانتار نییە؟ ئەمە دەزگاییەکی شەرعی نییە؟ ئێستا ئەگەر پەرلەمان بە هەموو فراکسیۆنەکانییەوە بڕیار بدات کە لێبڕینی مووچەی (٢١%) فەرمانبەران ناقانوونییە و بڕیار بدات کە حکومەت بێت وئەو پارەیە بگەڕێنێتەوە وەکو چۆن پەرلەمانی عێراق کردی، ئێمە بۆ دەستەڵاتمان نییە، ئێمە بۆ ئەمەمان پێناکرێت؟ دوایی ئەوە بە راستی سەیرە نەوت دەفرۆشرێ بە چل و پێنج دۆلار پێنج دۆلاری دیارە چل دۆلاری دیار نییە، هەر ووڵاتانی دراوسێ و ئەم لا و ئەو لا زیاتر ئیستفادە لە نەوتی ئێمە دەکەن، سەرۆکی پەرلەمان هەر دەڵێی بە خێر پێنج دۆلارمان لە بەرمیلێك دا بۆ دێتەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامی یەك دەقەیە، جەنابت سێ دەقە قسەت کرد، بەڵێ بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان بەم شێوەیە کۆتایی بە دانیشتنەکەمان دەهێنین سبەی سەعات دە کۆ دەبینەوە.

| | | |
|---|---|---|
| **منى نبى قهوچى** | **هێمن هەورامی** | **د. ڕێواز فائق حسێن** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢)ی
پێنج شەممە ڕێکەوتی ٣\٩\٢٠٢٠
خولی پێنجەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢)
# پێنج شەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٩/٣

کاتژمێر (١٠)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٩/٣) پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی د. ڕێواز فائق حسێن سەرۆکی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز هێمن هەورامی جێگری سەرۆك و، بەڕێز منی نبی قهوچی سکرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (٢)ی ئاسایی خولی پێنجەمی ساڵی (٢٠٢٠) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمی بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (١٦) و ماددەی (٤٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان – عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (٢)ی ئاسایی ساڵی یەکەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە کاتژمێر (١٠)ی پێش نیوەڕۆ ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٩/٣) بەم شێوەیە بێت:

١- خوێندنەوەی دووەم بۆ پێشنیازە یاسای ماف و ئەرکی نەخۆش لە هەرێمی کوردستان بەپێی حوکمی ماددەکانی(٨٧ و٨٨ و ٨٩) لەپەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنی ژمارە (٢)ی وەرزی دووەم، ساڵی دووەم، خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەست پێ دەکەین، ئێستاش داوا لە بەڕێز سکرتێری پەرلەمان دەکەین کە بەرنامەی کار و پوختەی کۆبوونەوەی پێشوو و ناوی ئامادەنەبووان بە مۆڵەت و بێ مۆڵەت بخوێنێتەوە، فەرموو.

**بەڕێز منی نبی قهوەچی/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمی ماددەی/٥ و بڕگەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم لە ماددەی/١٦ و بڕگەی/٣ لە ماددەی/١٨، بڕگەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەم و پێنجەم لە ماددەی/٢٠ و ماددەکانی (٤٧ و ٤٨ و ٥٢ و ٥٤ و ٥٥ و٥٦ و ٥٧) لەپەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (٢)ی ئاسایی، خولی پاییزەی، ساڵی دووەمی لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە کاتژمێر (١٠) ی پێشنیوەڕۆ ڕۆژی پێنج شەممە ڕێککەوتی (٢٠٢٠/٩/٣) بەم شێوەیە بێت:

٢- خوێندنەوەی دووەم بۆ پێشنیازە یاسای ماف و ئەرکی نەخۆش لە هەرێمی کوردستان بەپێی حوکمی ماددەکانی(٨٧ و٨٨ و ٨٩) لەپەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

پوختەی دانیشتنی ژمارە (١)ی ئاسایی

بەپێی حوکمی بڕگەی دووەم و ماددەی/٢٠ و ٥٢ لەپەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، پوختەی دانیشتنی ژمارە (١)ی ئاسایی، خولی پاییزەی ساڵی دووەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە کاتژمێر (١)ی پاشنیوەڕۆ، ڕۆژی چوار شەممە ڕێککەوتی (٢٠٢٠/٩/٢) بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

١- دەستپێکردنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان.
٢- خوێندنەوەی بەرنامەی کار لەلایەن بەڕێز سکرتێری پەرلەمان.
٣- دەست پێکردنی بڕگەکانی بەرنامەی کار لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان.
٤- یەك دەقیقە بە بێ دەنگی وەستان بۆ ڕێزلێنان لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان و عیراق لەگەڵ مارشی نەتەوەیی.
٥- کردنەوەی خولی پاییزەی ساڵی دووەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان.
٦- وتەی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان بە بۆنەی کردنەوەی خولی پاییزەی ساڵی دووەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان.
٧- ئاڵوگۆڕکردنی بڕگەی چوارەم و پێنجەمی بەرنامەی کاری بە دەنگی ٧١ ئەندامی پەرلەمان دواخستنی خوێندنەوەی دووەم پێشنیازی یاسای ماف و ئەرکی نەخۆش لە هەرێمی کوردستان بۆ دانیشتن ڕۆژی پێنج شەممە ڕێککەوتی (٢٠٢٠/٩/٣).

خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای فرۆشتن و بەکرێدانی مایەکانی دەوڵەت لەهەرێمی کوردستان کۆتایی هاتنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان.

ناوی ئەو ئەندامانەی مۆڵەت پێدراون یان بەبێ مۆڵەت ئامادەنەبوون بۆ دانیشتنی کردنەوەی خولی پاییزە لە ڕێککەوتی (٢٠٢٠/٩/٢):

پێشەوا طاهر مصطفى/ مۆڵەت.

جلال محمد عبدالله/ مۆڵەت.

خديجه عمر طاهر/ مۆڵەت.

سیپان سالم حسن/ مۆڵەت.

فيصل عباس عولا/ مۆڵەت.

کاوە عبدالقادر حسن/ مۆڵەت.

گلستان سعید محمد/ مۆڵەت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، بەڕێزان بۆ جێ بەجێ کردنی بڕگەی یەکەمی بەرنامەی کار داوا لەبەڕێزان لە سەرۆکایەتی هەردوو لیژنەی یاسایی و تەندروستی دەکەین بفەرموون بێنە ئێرە، کاك د.ڕێبوار فەرموون.

**بەڕێز د.ڕێبوار عبدالرحيم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، من پێی ماددەی (٥٨) و ماددەی (٦٠) بڕگەی (٣) قسە دەکەم، سەبارەت بەوەی ئەو نووسراوانە یان ئەو پرسیارانەی ئاراستەی وەزیرەکان دەکەین، من لە مانگی چوارەوە کۆمەڵێك پرسیارم ئاراستەی چەند وەزیرێك کردووە لەوانە وەزیری دارایی و وەزیری ئاوەدانکردنەوە و وەزیری پێشمەرگە، بەڵام لە مانگی هەشت وەڵامەکانی هاتۆتەوە، هەندێ جاریش وەڵامەکانیان ئەو وەزیرانەی کە وەڵام دەدەنەوە زۆر دقیق نین لە تێ گەیشتن لە پرسیارەکان، بۆ نموونە وەزارەتی دارایی ئەگەر باس بکەم پرسیارێکم ئاراستەی وەزیری دارایی کرد بوو سەبارەت بەو زانکۆیانەی کە لە دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان ئەو قوتابیانەی کە داوایان کردووە ئیعترافیان پێ بکرێ، دیارە دوای ئەوەی کە ئیعترافەکانیان وەرگرت بوو لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵاوە و بڕیارێکی مەحکەمەشی هاوپێچ کرابوو بۆ مەسائیلی تەنزیمی مالی و ئیداری ڕەوانەی وەزارەتی دارایی کرابوو، لەسەرئەوەی کە بۆچی تاخیر بووە، ئەم تەنزیمە مالیە وەزیری دارایی ئاوا وەڵامی دابۆوە کە ئەوە پەیوەستە بە وەزارەتی خوێندنی باڵا، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئێمە کاتێك کە پرسیار ئاراستەی وەزیرەکان دەکەین لەسەر داخوازی خەڵکە دەکرێ لەماوەیەکی ئیلزامی پەیڕەوی دا جواب بدرێتەوە کە بە پێی ماددەی (٦٠) بڕگەی (٣) ئەبێ لە ماوەی هەفتەیەك وەڵام بدرێتەوە، لە کاتێك دا لە زۆرترین حاڵەت نابێ (٢١) ڕۆژ تێپەڕ بکات، بەڵام کەچی چوار مانگ دوای ئەوەی کە ئاراستەیان دەکرێ وەڵامەکان دێتەوە، بەڕاستی پێشێلکردنی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانە، ئومێد دەکەم کە ئەوە چارەسەر بکرێ، ئێمە متمانەمان داوە بە وەزیرەکان، وەزیرەکان ئێمەیان نەکردووە بە ئەندامی پەرلەمان و نوێنەری گەل تاوەکو ئەوان ئێمە بەپێی کات و بەرنامەی ئەوان پرسیاریان ئاراستە بکەین.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئێمە زیاتر لە جارێك سەبارەت بە وەڵام نەدانەوەی پرسیارەکانی بەڕێزتان قسەمان لەگەڵ حکومەت کردووە، بەشێکی ئەوەی کە کاتەکە تێ دەپەڕێ پەیوەندی بەو ڕۆتینەوە هەیە کەلەوێ هەیە، بەو ڕۆتینەی کە لە عەمەلیەی گەڕانەوەی وەڵامی پرسیارەکان دا هەیە، ئەمە موعاناتێکە ئێوە هەتانە و ئێمەش لە دەستەی سەرۆکایەتی هەمانە و بە تایبەتی منی خان هەیەتی، لەوەی کە هەندێ جار پرسیارەکان دەنێرێ وەڵام نادرێتەوە جەخت کردنەوەش دەنێرێ و هەر وەڵام نادرێتەوە، لێشیان دەپرسی دەڵێن نیەتی تیا نییە، قەصدی تیا نییە، خۆمانی بۆ حازر دەکەین یان دەڵێن هەندێك جار دەینێرین بۆ ئەنجومەن دەینێرێ بۆ وەزارەتێك و وەزارەتێك دەینێرێ بۆ دامەزراوەیەکی خۆی یان با بڵێین فەرمانگەیەکی خۆی یان بەڕێوبەرایەتیەکی خۆی، پەیوەندی بەو ڕۆتینەوە هەیە بەشێکی، ڕەنگە بەشەکەی تری ئەوە بێ کە وەزارەتێك هەبێ نەیەوێ وەڵامی پرسیارێك بداتەوە، دروستە قسەکانتان پەیڕەوییە ئێمە محاوەلەیەکی تر دەکەینەوە بۆ ئەوەی کە ئەم ڕۆتینە هەندێ کەم ببێتەوە، بەڵێ کاك هێڤیدار فەرمووو.

**بەڕێز هێڤیدار احمد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەگوێرەی ماددەی (٥٦) ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان قسە دەکەم، سەرۆکی پەرلەمان من خەڵکی زاخۆم، تکا و رجایەکم هەیە لە حکومەت و لە لیژنە پەیوەندارەکان فریای خەڵکی زاخۆ بکەون بەهۆی کۆرۆنا وەزعەکی زۆر زۆر خەتەر هەیە لەوێ، دەرمان لە مستەشفاکان نییە لە زاخۆ قسەمان کردووە لەگەڵ پزیشکەکانی ئەوێ وەزعی ئۆکسجینی ئەوێ زۆر خەتەرە، تەقریبەت ئەو دەرمانانەی کە پێویستە مەناعە لە بۆ نەخۆش زیاد بکات لەناو نەخۆشخانەکان نییە، دکتۆر دەڵێ لەبەر وەزعی ئیقتسادی ناتوانین دەرمان بۆ کابرا بنووسین لە دەرێ یەك پاکەتی بە (١٨٠$) تکا دەکەم حکومەت بودجەیەکی تایبەت لێرەوە لیژنەکانی پەیوەندار و تەندروستی داوای لە حکومەت بکەن ئەم بابەتە چارەسەر بکرێت، ئەو خەڵکەی کە دێت کە شوفێرن لە تورکیا دێن هەیە هاتۆتە هەولێر هەیە هاتۆتە کەلار دوای سێ، چوار ڕۆژ ئینجا پێی وتراوە ئەتۆ پۆزەتیفی، تەعامولی لەگەڵ چەندین خەڵکی تر کردووە و چەندین خەڵك تووش بووە، بە تایبەتی خەڵکی زاخۆ زۆرترین زەرەرمەند بوونە، کابرا هەیە تووش بووە، یەعنی فەحسی کردووە لە (٨/٢٣) ئەمرۆ (٩/٣) جوابەکەی بۆ نەهاتۆتەوە، ئەم خەڵکە لەماڵەوە کەرەنتین بکرێت و کەرەنتین نەکرێت پێمان خۆشە وەکو پەرلەمانیش دەریان هەبێ لەوەدا و زەختێك هەبێ لەسەر حکومەت فریای خەڵکی زاخۆ بکەون، دکتۆر دەڵێ ڕۆژی (٥٠) کەس تووش بوو، بەڵام دەقاتی ئەوەیە، بگرە (٥٠٠) کەس هەموو گەڕەکێك، هەموو ماڵێك ئێستا تۆ بچی تووش بووە، دەرمان نییە، تکا دەکەم جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، بابەتی دووەم هەر بەپێی ئەو فەقەرەیە ئەگەر روخسەت بدەن، لەڕۆژی (٢٠٢٠/٧/٢٨) دوو بەڕێوبەری ناحیە لە پارێزگای سلێمانی دانراون، بەپێی فەقەرەی (٣) ماددەی (١٢) یاسای چاکسازی پارێزگار، قایمەقام، بەڕێوەبەر ناحییە، ئەگەر هەبێت نابێت کەسی تر تەعین بکرێت، لەسلێمانی هەموو سنووری قەزای پارێزگای سلێمانی دە قایمەقامییەتی هەیە، بەڵام خۆ (٢١) قایمەقامیان هەیە، (٢٦) ناحییە هەیە، (٣٩) بەڕێوەبەری ناحییە هەیە، ئەمە دژ و پێچەوانەی یاسای چاکسازییە، ئەمە جگە لەوەی کە تەعین دەکرێ و ئۆتۆمبیلی بۆ دەکڕدرێت و حیمایە و پێداچوونەوە لەم بابەتە بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس کاك هێڤیدار، سەبارەت بە بڕگەی دووەم وابزانم ئەو پرسیارەتان ئاراستەی حکومەتیش کرد لە کۆبوونەوەکەی (٧/٢٧ و ٧/٢٨) ئەتوانن ئێستاش ئاراستەی بکەنەوە و قسەکەشت لەڕووی قانونی و پەیڕەوییەوە دروستە، کاك د.صباح لەبەرئەوەی دیارە زانیاری هەیە لەسەر دۆخی زاخۆ ئەگەر بیەوێ قسەیەك بکات لەو بارەیەوە فەرموو.

**بەڕێز صباح محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاسی کاك هێڤیدار دەکەم بۆ ئەو تەوزیحەی کە دای، بەڕاستی وەزعی زاخۆ وەزعەکی باش نییە، ڕاستە من لەگەڵ ئەوەمە، بەس ئێمە لەسەر خەت و دوێنێ سەعات (١٢:٣٠-١) لەگەڵ

د.شاكر لەسەر خەت بوومە، مديرى تازەى تەندروستى زاخۆ، لەگەڵ جەنابى پارێزگارى دهۆك (د.على تەتەر) دوێنێ لەسەر خەت بووين بۆ ئەوە، مەسەلەى تاقيگە ڕاستە چەند ڕۆژەك تاخير دەبى، تەندەرێك دەرچووە چونكى دەبێ بە شەفافيەت و ئەوە بێ تەندەرێك دەرچووە بۆ تاقيگەيەك لەناو زاخۆ جگە لەوەى ابراهيم خليل، چونكى شارى زاخۆ بەڕاستى شارێكى گەورەيە لە ناحيەى نفوس و ئەوە پێويستى بە تەندەرێكى تر هەيە، تەندەرەكە دراوە و وابزانم ئيحالەش كراوە، بەس هەفتەيەكى پێ دەچێ هەتا دروست بكرێت، هەتا ئەجهيزە بێ و تشت بێ و ئەوە بێن، بەس ئێمە لەسەر خەتين وەكو ليژنەى تەندروستى و هەڤاڵانى ئێمەش كاك بختيار شكرى دوێنێ لەسەر خەت بووە، ڕۆژان خان لەسەر خەت بووە، كاك چيا و جەنابت هەمووتان لەسەر خەت بوونە، سوپاسى هەستى ئێوە دەكەم، هەر ئەو تەوزيحەم هەبوو.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكى پەرلەمان:**

بەڵێ دروستە كاك د.صباح ڕادەسپێرين بۆ ئەوەى موتابەعە بكات، كاك على فەرموو.

**بەڕێز على حمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

بەناوى خواى گەورە، ئێمە ژمارەى ياسايى لە (١٢/٦) ەوە واتا نۆ مانگى ڕێكە داواى دانيشتنى پەرلەمانمان كرد لەسەر دۆسيەى خاڵە سنوورييەكان و قاچاغى و دزى و گەندەڵى و ئەو كارەساتە مرۆييەى كە پێيدا تێ دەپەڕێ، بەڵام بەداخەوە دواى نۆ مانگ تاوەكو ئێستا ئەم دانيشتنە بۆ ناكرێ؟ من ئەم شەو تا سەعات سێ ى شەو بەدواى بيست بارهەڵگرى قاچاغەوە بووم يەك كەس لەم وڵاتە خۆى ناكات بە خاوەنى....

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكى پەرلەمان:**

كاك على بەڕاستى دەستى هەر هەمووتان خۆش بێ، بەڵام ئەو بەڕێزانەتان كە قسە دەكەن هەمووتان قسەى زۆر بەجێ دەكەن، بەڵام لەبەرامبەر ئەو قسانەى كە بەناوى خاڵى پەيڕەوى وەرى دەگرن زياتر لە (٥٠) ئەندامى پەرلەمان نيگەرانيان گەياندووەتە ئێرە، پەيامەكەى جەنابت گەيشت، پرسيارەكەت بەس.

**بەڕێز على حمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

بەپێى ماددەى (٤٨) خاڵى پەيڕەوييە، سێ مانگە داواى دانيشتنى پەرلەمان و ئەنجومەنى هەرێميمان كردووە لەسەر خەرجى و داهاتەكانى نەوت و دۆسيەى نەوت، لەكاتێك دا دەبێت لە ماوەى دوو هەفتە بێت، ئاساييە ناكرێت با نەكرێت، بەڵام وەڵامێكى واقع بابەتەكە پارە نييە، بەشى هەرە زۆرى گەنجى ئەم وڵاتە بەهۆى تلياك و قاچاغ نەما، گەنج نەما، دزى، قاچاغى پارە خواردن، ئيكسپايەر، ئەوەى مەترسيدارە بەداخەوە موئەسەسە ئەمنيەكانى ئەم وڵاتەن لە بازگە و خاڵە سنووريەكان دا بەشێك لە پرۆسەى قاچاغى نەك هاووڵاتى ئاسايى.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكى پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس كاك على، سەبارەت بە دۆسيەى خاڵە سنوورييەكان، ئێمە هەر لە كاتى خۆيدا جەنابتان داواتان كرد بوو نووسراومان ئاراستەى ئەنجومەنى وەزيران كرد، ئەوان بە ئێمەيان

وت کۆمەڵێك بڕیارمان دەرکردووە و موتابەعەی جێ بەجێ کردنی بڕیارەکانمان بکەن و دواتر لە دەرفەتێك دا دێین، لە کۆبوونەوەی هەر سێ سەرۆکایەتییەکە دیسان لەگەڵ جەنابی سەرۆکی حکومەت دا باسمان کردەوە، ئەویش بەهەمان شێوە وتی ئێمە کۆمەڵێك ئیجرائات وەردەگرین ئەگەر ئەوەی دژە کە هاتینە پەرلەمان پێی باش نەبوو دواتر قسە لەبارەی هاتنی وەزیرەکان دەکەین، دواتر کە لە مانگی ڕابردوو کە وەرزی تەشریعیمان درێژکردەوە ئێمە کە نووسراومان کرد بۆ ئەنجومەنی وەزیران بۆ هاتنی وەزیرە بەڕێزەکان لەسەر چەند دۆسیەیەکی دیاری کراو، یەکێك لەو دۆسیانەی کە داوامان کردبوو لایەنی پەیوەندار لە ناو ئەنجومەنی وەزیران بۆ ئەوەی بێتە ناو پەرلەمانی کوردستان بابەتی خاڵە سنووریەکان و دەروازە سنووریەکان بوو هەمووومان موتەفقین لەسەر ئەوەی کە بڕێکی زۆری داهاتی ئەم هەرێمی کوردستانە لەناو خاڵە سنووریەکان دا بە میکانیزم و ئالیەتی جیاواز بەهەدەر دەدرێ و ئەبرێ، ئەو مانایەی کە مانایەکی نا قانونیە بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ دەروازە سنووریەکان بەهەموو لایەك بوونی هەیە، جارێکی تریش ئێمە دڵنیابە لەوەی کە جارێکی تریش داوا ئەکەینەوە و لە ئەنجومەنی وەزیران بۆ ئەوەی حازر بن، من دڵنیام تۆ لە دڵسۆزیتە ئێمەش بەقەدەر تۆ خەممانە و ئێمەش دەمانەوێ بێن ئەمجارە کە داوای دەکەینەوە دەکاتە جاری سێیەم، ئەم جارەش داوای دەکەینەوە، سەبارەت بەوەی ئەنجومەنی هەرێمی ڕەنگە عیلاقەی هەبێ تا ئێستا وەزیری سامانە سروشتیەکان دانەنراوە هیوادارم ئێمە بتوانین بەهەمووومان بەیەکەوە لەم وەرزەدا ڕۆڵمان هەبێ لەوەی کە وەزیری سامانە سروشتیەکان دابندرێت، کاك ئازاد فەرموو.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك ازاد.

**بەڕێز ازاد اکرام بهرام:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەئیدی قسەکانی د.ڕێبوار دەکەم، ئێمەش کە زۆر نووسراو دەکەین بەڕاستی وا هەست پێ دەکەم کە جێ بەجێ ناکرێ و جەوابەکی موقنعیش نادەن، یەعنی پێی موقنیع نین ئەو جەوابە، ئەوجا چارەکی لەوەی بدۆزنەوە، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە ناتوانین، نازانم ئێمە چی بکەین کە جوابەکەتان بەدڵ نیيە، جارێکی تر پرسیاریان لێ بکەنەوە بڵێن ئەو جوابە من ئاوام ناوێ ئاوام ئەوێ، یەعنی ئێمە چارمان نیيە لەوەی کە وەزیرەکە بەدڵی ئێوە جواب ناداتەوە، ئێوە بۆتان هەیە ئیتفساری زیاتر بکەن، بەڵێ کاك مەم فەرموو بەڕێزان یەك کەسی تر وەردەگرم بە نوقتە نیزامی و تەواو.

**بەڕێز مم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پاڵپشت بەهەردوو ماددەی (١١٦) و ماددەی (١١٧) لەپەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان کەپەیوەندارە بە مەسەلەی نووسینگەکانی پەرلەمانی کوردستان کە ماددەی (١١٧) نووسینگەکان

سـكاڵاكانی هاونیشـتمانیان وەردەگرێـت، داوای ڕوونكـردنەوە لە جەنابتـان دەكەیـن بـۆچی ماوەیەكی زۆرە نووسینگەكانی پەرلەمانی كوردستان داخراون؟.
**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**
لە شەش مانگەوە ئەكرێنەوە، نووسینگەكانی پەرلەمـانیش وەكـو هەر دامەزراوەیەكـی تـری ئەم هەرێمە فەرمانبەرەكانیان حەقی خۆیانە پارێزراو بن، ئەمە بەشێك بووە لە پرۆسـەی خۆپـارێزی فەرمانبەرەكانمان، نووسـینگەكانی پەرلەمـانی كوردسـتان خـانووی بچـووكی دووسـەد مەتـرین، هاووڵاتیـانێكی زۆریـش ڕوو دەكەنە نـاو نووسـینگەكان، فەرمانبەرەكـانی نـاو نووسـینگەكانیش زۆرن، لە شەشی مانگەوە بڕیارمان داوە هەندێك لە نووسینگەكان دەكەینەوە، كـاك عبدالسـتار و رووپاك خان و بەدریە خانیش یەك كەستان وەردەگرم، خۆتـان ڕێككەون، بەدریە خـان فەرمـوو، لەمەولا ئـێمە میكانیزمێـك بـۆ وەرگرتـی خـاڵی نیزامـی دائەنێـین، هەر كەسێك قسـەی دووبـارە بكاتەوە یەكسەر دەیبڕین، فەرموو.
**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
ئاماژە بە بەڵێنی جەنابت كە لە دانیشتنی (٦)ی ئاسایی لە ڕۆژی (٢٠٢٠/٧/٢٧) كە كۆبوونەوەیەكی تایبەت بە هەرسێ چاكسازییەكان ئەنجام بـدرێت، جەنابـت ئەوەت ڕوون كـردەوە كە لەپشـووی پەرلەمانیش دا بێت ئێمە ئامادەین كۆبوونەوەیەكی نا ئاسایی ئەنجام بـدەین لەسـەر بـارودۆخی سزادراوان، جەنابت بە ڕاپۆرت و بەهەموو موستەمسەكێك ئاگاداری كە بـارودۆخی سـزادراوان و كەسـوكاری سـزاداراوان و زینـدانیەكانیش لە چاكسـازیەكان زۆر نـاجێگیرە، ئـێمە هەر لە (٢٣) مانگدا بێگومان یاداشتمان بەهەمان ناوەڕۆكەوە ئاراسـتەی بەڕێزتـان كـرد، بەداخەوە هەتـاوەكو ئێستا هیچ وەڵامێكمان وەرنەگرتووە.
**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**
تەواو نوقتە نیزامیەكەت تەواو بوو ئـێمە نووسـراومان كـردووە لەگەڵ كـاك ڕۆمیـۆش قسـەمان كـردووە، داوامـان لە ئەنجـومەنی وەزیـران كـردووە بـۆ ئەوەی بەڕێـز وەزیـری كاروكاروبـاری كۆمەڵایەتی ئاگادار بكاتەوە لە هەفتەی داهاتوو سێ شەممە ئامادەی كۆبوونەوەیەكی پەرلەمـان بـێ، ئەگەر بەڕێزیـان كۆبوونەوەكـانی خۆیـان و سـەردانەكانی خۆیـان تەواو كـردوو لیـژنە لاوەكییەكان توانیان ڕاپۆرت ئامادە بكەن ئەگەر نا چەند ڕۆژێك ڕەنگە دوای بخەین، بەڵام ئـێمە نووسراومان كردووە، ئەو خۆی تایبەتمەندە بەوە، كاك حیكمت وەردەگرم ئاخر كەس فەرموو.
**بەڕێز حكمت محمد عبوزید:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
بەناڤێ خودێ مەزن، تەئیدی قسەكانی كاك هێڤیدار دەكەم، بەڕاستی لە سنووری ابراهیم خەلیل ڕۆژانە زیاتر لە (١٥٠٠) سەیارە تێ پەڕ دەبێ، ئینجا ئەو شـوفێرانەی كە باریـان دەیـنن هەموویـان دەچنە ناو شارو شارۆچكەكانی كوردستان، پێش چەند ڕۆژێك..... .

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك حکمت سوپاس گەیشت فکرەکەت، دووبارە وەرناگرین، کاك حکمت فەرموو.

**بەڕێز حکمت محمد عبوزید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەبەستم ئەوەیە پێش چەند ڕۆژەك سایەقەك لەناو سەیارە ئەمری خوای کردووە، من لێرە دەمەوێ ئەوە بڵێم کە سایەقەکان ڕێنمایی دەربێخن نەڕۆنە ناو شاروشارۆچکەکان، بارەکانی خۆیان لە جێگای مەبەست دابنێن و بگەڕێنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دروستە، سوپاس بۆ جەنابت، بەردەوام بن کاك بژار فەرموون، بڕگەی یەکەمی بەرنامەی کار و هەر ئەو بڕگەیەشە.

**بەڕێز صباح محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**پێشنیازەی یاسای ماف و ئەرکی نەخۆش**

**بەشی یەکەم**

**پێناسەکان و ئامانجەکان**

پێناسەکان

ماددەی/١: وەزارەت: وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان ـ عیراق.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ببورە کاك د.صباح، بۆ خوێندنەوەی دووەم ئەبێ پێشان ئەسڵی قانوونەکان بخوێندرێتەوە، ئەوەی بەڕێز د.صباح بۆتان دەخوێنێتەوە ئەسڵی مەشروعەکەیە کە ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان پێشکەشیان کردبوو، دواتر ڕاپۆرتەکەتان بۆ دەخوێندرێتەوە، فەرموو کاك دکتۆر.

**بەڕێز صباح محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەشی یەکەم**

**پێناسەکان و ئامانجەکان**

پێناسەکان

ماددەی/١

وەزارەت: وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان ـ عیراق.

وەزیر : وەزیری تەندروستی هەرێمی کوردستان ـ عیراق.

دامەزراوەی تەندروستی: هەموو شوێنانەی سەر بە وەزارەتی تەندروستین یان لەژێر چاودێری وەزارەتی تەندروستی خزمەتگوزاری تەندروستی پێشکەش بە نەخۆش دەکەن، چ لە نۆرینگە

یان بنکەی تەندروستی یان نەخۆشخانە، هەروەها هەموو ئەو دامەزرانەی کە سەر بە وەزارەتی تەندروستی و خزمەتگوزاری تەندروستیان تێدا پێشکەش دەکرێت.
نەخۆش: هەموو ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە مەبەستی وەرگرتنی خزمەتگوزاری تەندروستی سەردانی دامەزراوە تەندروستیەکان دەکات.
مافی نەخۆش: هەموو ئەو مافانەن کە دامەزراوە تەندروستیەکان پابەند دەکات کە نەخۆش و کەسوکاری بپارێزێت بەپێی یاسا بەرکارەکان.
کەسوکاری نەخۆش: هاوژین و هەموو ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە پەیوەندی خزمایەتیان لە پلەی یەکەوە تاوەکو پلەی سێ بەگوێرەی یاسا بەرکارەکان.
هەڵەی تەندروستی: هەموو ئەو کاریگەریە زیان بەخشانە دەگرێتەوە کەبەر کەسی نەخۆش دەکەوێ لەئەنجامی کەمتەرخەمی یان خراپ ئەنجامدانی خزمەتگوزاری تەندروستی.
خزمەتگوزاری تەندروستی: هەر ڕێکارێك لە ڕێکارەکانی چارەسەری پزیشکی یان تەندروستی پشکنینی کلینیکی کە پێگەی تیشکی پرۆسەکانی نەشتەرگەری لەدایك بوون و کوتان و داودەرمان و مانەوە لە نەخۆشخانە و پێداویستی چارەسەری دیکە لەخۆ دەگرێت.
پێشکەشکاری خزمەتگوزاری تەندروستی: هەموو ئەو کەسانە کە پیشەی تەندروستی پیادەدەکەن هەڵدەست بە کارێك لە کارەکانی خزمەتگوزاری تەندروستی یان بەشدار دەبێت لە ئەنجامدانیان.
ماك: ئەو دەرئەنجامە بەڵگە نەویستانەن دوای هەموو نەشتەرگەری یان دەرمانێك ڕوودەدات بەپێی ڕێژەی جیهانی دیاری کراوەکان.
ئامانجەکان
ماددەی/٢
یەکەم/ دیاری کردنی ماف و ئەرکەکانی نەخۆش.
دووەم/ ڕێکخستنی ماف و ئەرکەکانی نەخۆش بەشێوەیەك ببێتە هێنانە ئارای ژینگەیەکی یارمەتیدەر و گونجاو بۆ چارەسەری نەخۆشی.
سێیەم/ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری نەخۆش سەبارەت بە ئەرك و مافەکانی لە دامەزراوە تەندروستیەکان.
چوارەم/ پەرەپێدان و گەشەپێدانی کەرتی تەندروستی پاراستن و دابین کردنی مافەکانی نەخۆش بەشێوەیەك هاوکار بیت بۆ چارەسەرکردنی نەخۆش.

بەشی دووەم
ماف و ئەرکەکان
ماددەی/٣
نەخۆش ئەم مافانەی خوارەوەی هەیە:
یەکەم/ باشترین و نوێترین جۆری پشکنینی چارەسەری پێویست بۆ دابین بکرێت.

دووەم/ لەدامەزراوە تەندروستیەکان دا بەشێوەیەکی دروست و شیاو پێشوازی و ڕێنمایی بکرێت، جێگەی پێشوازی و پشکنین و مانەوەی بۆ دابین بکرێت، بەشێوەیەك کەرامەت و کەسێتی و نهێنیەکانی پارێزراو بێت.
سێیەم/ یەکسانی لە مامەڵە و مافەکان دا نابێت بە هۆکاری کۆمەڵایەتی و ڕەگەزی، ئابووری، ڕەنگ، تەمەن، ئایین یان ئایینزا یان بۆ هەر هۆکارێکی تر جیاکاری لەنێوان نەخۆشەکان بکرێ.
چوارەم/ لەباری کتوپڕ دا پزیشك مافی بڕیاری جۆری چارەسەری ئەم نەخۆشانەی خوارەوەی هەیە بەبێ گەڕانەوە بۆ کەسوکاری یان هەر کەس و لایەنێکی تر:

١- بێ هۆش.
٢- بیرکۆڵ.
٣- بێ کەس.
٤- نەخۆشی تەمەن خوار ١٨ ساڵ کاتێك بڕیاری کەسوکار یان سەرپەرشتیارەکەی لەبەرژەوەندی نەبێت یان ڕێگە بێت بۆ چارەسەر.
٥- کاتێك نەخۆش هەوڵی زیان گەیاندن بە ژیانی خۆی یان کەسێکی تر بدات.

پێنجەم/ گشت زانیاریەك دەربارەی نەخۆش و پشکنین و ڕێگە چارە و دەرمان و ماکی دەرمان و نەشتەرگەری بدرێتە نەخۆش.
شەشەم/ نەخۆش لە میدیاکان و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان دا پیشان نەدرێت، مەگەر بە ڕەزامەندی خۆی بێت بەشێوەی نووسراو یان خانەوادەی یان سەرپەرشتیاری بۆ نەخۆشەکانی ئاماژە پێکراو لەبڕگەی/٤ ی بەندەکانی (١ و ٢و ٣ و ٤).
حەوتەم/ وێنەیەك لە دۆسیەی نەخۆشیەکەی یان ڕاپۆرتی گشتی تەواو لە پزیشکی چارەسەر یان نەخۆشخانە وەربگیرێت.
هەشتەم/ پزیشکی چارەسەر بەردەوان دەبێت لە چارەسەری نەخۆشدا بێ گوێدانە ڕەزامەندی کەسوکار یان هەر کەس و لایەنێکی تر بۆ نەخۆشانەی لە بەندەکانی بڕگەی/٤ ئەم ماددەیەدا ئاماژەی بۆ کراوە.
نۆیەم/ نەخۆش ئازادە ڕاوێژ بە پزیشك یان دامەزراوەیەکی تەندروستی تر بکات بۆ کێشە تەندروستیەکەی لەم بارەدا پێویستە پزیشك یان دامەزراوەی تەندروستی یەکەم ڕاپۆرتی پزیشکی تەواو سەبارەت بە نەخۆشی و بەدواداچوونەکانی بداتە نەخۆش وەك ڕێنماییەك بۆ پزیشکی دووەم.
دەیەم/ پزیشك لەیەك کاتدا بە تەنیا یەکە نەخۆش دەپشکنێ و کاتی پێویستی بۆ تەرخان دەکات، باس و خواسی نەخۆش و پشکنین ئەمەش ڕێگر نییە لەوەی کە نەخۆش کە هاوەڵەکی لەگەڵ دا بێت بە ڕەزامەندی خۆی.
یازدەم/ نەخۆش ئازادە لەبەشداربوونی یان بەشدار نەبوون لەهەر جۆرە لێکۆڵینەوەیەکی پزیشکی و توێژینەوەی زانستی و لەهەر کاتێك دا بهێندرێت مافی کشانەوەی هەیە.
دوازدەم/ وەرگرتنی ڕەزامەندی نەخۆش بەشێوەی نووسراو پێش ئەنجامدانی نەشتەرگەری یان پێدانی خوێن یان هەر دەرمانێکی بێهۆشکەر.

سێزدەم/ هیچ جۆرە ڕاپۆرتێك و زانیاریەك دەربارەی نەخۆش و نەخۆشیەکەی نادرێت بەهیچ کەسێك لەلایەن پێشکەشکارێك خزمەتگوزاری تەندروستی بەبێ ڕەزامەندی نووسراوی نەخۆش جگە لەو نەخۆشانەی لەبڕگەی/٤ ی بەندەکانی (١ و ٢ و ٣و ٤)ی ئەم ماددەیە.

چواردەم/ پێشکەشکاری خزمەتگوزاری تەندروستی پابەند دەبی بە ئاگادارکردنەوەی نەخۆش لە وردەکاری ئەو ڕێکارە تەندروستیانە بۆی ئەنجام دەدرێت.

پازدەم/ بەجێهێشتنی نەخۆشخانە بەبێ ڕەزامەندی لایەنی کارگێڕی و پزیشکی پسپۆڕ لەسەر بەرپرسیاریەتی خۆی بەمەرجێك نەخۆشیەکەی زیان نەبێت بۆ دەوربەری نەخۆشی دەرونی و نەخۆشیە گوازراوەکان مەبەست لێرە.

شازدەم/ خستنەڕووی بڕی پارەی تێچووی خزمەتگوزاری تەندروستی بۆ نەخۆش لەلایەن پێشکەشکاری خزمەتگوزاری تەندروستی بەر لە ئەنجامدانی.

حەڤدەم/ بۆی هەیە داوا لە ستافی کارگێڕی نەخۆشخانە بکات کە پەیوەندی تەلەفۆنی و سەردانی نەکرێت.

هەژدەم/ نەخۆش یان نوێنەرە یاسابیەکەی یان میراتگرەکانی مافیان هەیە کە:

١- سکاڵای یاسایی نووسراو یان زارەکی لەلایەنە پەیوەندارەکانی وەزارەت بەرز بکەنەوە.
٢- داوای قەرەبوویەکی شایستە بکەن لەو زەرەروزیانانەی کە لە ئەنجامی هەڵەی تەندروستی و هونەری لە کاتی وەرگرتنی خزمەتگوزاری تەندرستی لە دامەزراوەی تەندروستی یان بەهۆکاری وەرگرتنی ئەم خزمەتگوزاریە.
٣- ئەنجومەنێکی لێکۆڵینەوەی بەردەوامی پیشەیی پێك دەهێندرێت بۆ ئەو کەیسانەی دروست دەبن لە ئەنجامی هەڵەی پزیشکی یان تەندروستی هەیکەل و کارەکانی بەپەیڕەوێك لە ئەنجومەنی وەزیران وەردەگیرێت.

نۆزدەم/ هەر مافێکی تر پەیوەست بەچارەسەری سەردەمیانە.

ماددەی/٤:

نەخۆش ئەم ئەرکانەی خوارەوەی هەیە:

١- پابەندبوون بە یاسا و ڕێنماییەکانی دامەزراوە تەندروستیەکان.
٢- ڕێزگرتن لە کارمەندانی دامەزراوە تەندروستیەکان نابێت هەڵسوکەوتی نەشیاو بەمەبەست ئەنجام بدرێت کە کاریگەری بکاتە سەر ڕەوشی نەخۆشەکانی تر و دامەزراوەکە و پێشکەشکاری خزمەتگوزاریە تەندروستیەکان.
٣- پابەند بوون بە پێدانی ئەو بڕە پارەیەی کە بەر لە وەرگرتنی خزمەتگوزاری تەندروستی ڕەزامەندی لەسەر دراوە بەپێی ڕێنماییە داراییەکان.
٤- ئەگەر ئاگادارکردنەوەی پزیشکی چارەسەر بە تەواوی کێشەی تەندروستی هەنگاوەکانی پەیوەست بە نەخۆشیەکە و وەرگرتنی هەر دەرمانێك.
٥- پاراستنی کەلوپەل و ئامێرەکانی دامەزراوە تەندروستیەکان.
٦- پابەندبوون بە ڕێنمایی و ئامۆژگاریەکانی لەلایەن پێشکەشکاری خزمەتگوزاری تەندروستی.

ماددەی/٥: کار بەهیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێت کەبەپێچەوانەی دەقەکانی ئەم یاسایە بێت.

مـاددەی/٦: وەزارەتـی تەندروسـتی لەمـاوەی سـێ مانـگ دا لەڕۆژی دەرچـوونی ئەم یاسـایە ئامادەکاری و ڕێنمایی پێویست بۆ جێ بەجێ کردنی دەردەکات.
ماددەی/٧: پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن.
ماددەی/: ئەم یاسایە لەڕۆژی دەرچوونیەوە جێ بەجێ دەکرێت و لەڕۆژنامەی فەرمی وەقائیعی کوردستان بڵاودەکرێتەوە.
هۆیەکانی دەرچوواندن
بە پشـت بەسـتن بە بنەماکـانی مـافی مـرۆڤ بـۆ پاراسـتنی مـافی نەخـۆش و دیـاری کردنـی ئەرکەکانی لەپێناوی فەراهەم کردنـی پێویسـتییە تەندروسـتییەکانی لەش و عەقڵ و دەروونـی تـاك و کـۆی دانیشـتوانی هەرێمـی کوردسـتان و کـاراکردنی ڕۆڵـی حکـومەت و دامەزراوە تەندروستییەکان لەچاودێری کردن و گەشەپێدانی گیانی بەرپرسیاریەتی کە بەشـێوەیەك لەگەڵ ڕەوتـی سـەردەم و پێشـکەوتن و هـونەری پزیشـکی هـاوچەرخ دا بگونجێـت ئەم یاسـایە دەرچووێنرا، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان بەپێی ماددەی (٨٧) لەپەیڕەوی ناوخۆ دەبێ ڕاپـۆرتی لیژنەی تایبەتمەنـدی ڕاسـتێنراو لەلایەن لیـژنەی یاسـاییەوە بخوێنـدرێتەوە، بەڵام ئەو ڕاپـۆرتە لەبەردەسـتی بەڕێزتـان دا هەیە، ئەگەر بەلاتـانەوە ئاسـاییە نەخوێنـدرێتەوە یەکسـەر بیخەیـنە دەنگـدان کامیـــان بکـــرێتە بنەمـــا؟ ئاســـایی نەخوێنـــدرێتەوە؟ چەنـــد کەس لەگەڵ ئەوەیە نەخوێنـدرێتەوە لەبەرئەوەی لەلای خۆتـان هەیە؟ بەڵـێ زۆر سـوپاس، بەدەنگـی (٥٦) ئەنـدامی پەرلەمان نایخوێنینەوە، بەڵام ئێستا ئەوە ئەخەیـنە دەنگدان ئایـا ڕاپـۆرتەکە بکرێتە بنەمـا بـۆ موناقەشـە؟ یـان ئەسڵی پێشـنیازە یاساکە کەبەڕێـز د.صباح خوێنـدیەوە؟ بەڕێـزان ڕاپـۆرتەکە بکـرێتە بنەمـا بـۆ موناقەشـە چەنـد کەس لەگەڵ ئەوەیە؟ بە دەنگـی (٧٤) ئەنـدامی پەرلەمـان ڕاپۆرتەکە دەکرێتە بنەما بۆ موناقەشە فەرموون ناونیشان، نوقتە نیزامیەك هەیە...... .

**بەڕێز هلز احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

چونکی ئەڤ پێشـنیازە پەیوەنـدیەکا یەکسـەر یـا هەی ب وەزارەتـا تەندروسـتی ڤە ئەز پێشـنیار دکەم داخازا وەزیری بکەن لڤێرێ ئامادە بیتن دگەل وەزیرا هەرێمێ، دا ئاگاهیـا هەبیـتن چ هەیە چ نیـنە، هەنـدەك ژی هەی ئیحتمـالە ئەم پرسـیارا ل وان بکەیـن ئەو بلا ڕوونکرنـا بـدا بەری ئەز پێشنیارێ دکەم هەردووکا دەعوەت بکەن لڤێرێ ئامادە بن، وەزیری تەندروسـتی و دگەل وەزیـرا هەرێمێ، زۆر مەمنون.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، د.شایان دیارە ڕوونکردنەوەیەکی هەیە.

**بەڕێز شایان کاکە صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، لەڕاستی دا ئەو پێشنیازە یاسایە لە (٢٠١٩/٢/١٧) خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرا، دوای ئەوە وەزارەتی تەندروستی داوای کرد پێشنیازە یاسایەکەیان بۆ بنێرین تاوەکو کۆ دەنگی لەسەر دروست بێ، ئیتر کەناردمان تەقریبەت نۆ مانگی پێچوو ئەوجا ناردیانەوە، بۆیە ئێستا خوێندنەوەی دووەمی بۆدەکەین، واتا لەلای وەزارەتی تەندروستی بوو کە ئەوەش کارێکی بەڕاستی ناپەیڕەوی بوو، لەبەرئەوە بەپێی ماددەی (٧٩) بڕگەی (٢) خاڵی (٢) تەنها ئەو پێشنیازە یاسایانەی کە ڕەهەندی داراییان هەیە ئەوانە دەگەڕێنەوە بۆ حکومەت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان لیژنە خۆیان داوایان کردبوو ڕەئی حکومەت وەربگیردرێت، سەرۆکایەتیش پابەندە بەوەی کە لیژنەکە داوای دەکات، بەڵێ کاك د.زانا فەرموو.

**بەڕێز زانا خالد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو پێشنیازە یاسایەی بەڕێز د.شایان ئێستا باسی کرد کە بۆ وەزارەتی تەندروستی ڕەوانە کرا کۆمەڵێك تەعدیلاتی تێدا کراوە و هاتۆتەوە پەرلەمان، ئەو ئەسڵەی ئێستاکە خوێنرایەوە لەلایەن برای بەڕێز کاك د.صباح و خرایەوە دەنگدان، ئێمە لەنێوان ئەم دوو پێشنیازە یاسایەدا پێشنیازێکی تریشمان هەیە کەلەلای حکومەتەوە هاتووە، ماددەی (٩) بە شەش بڕگەیەوە لەناو ئەو ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی دا دوایین ڕاپۆرت لادرایە، ئێستا کەواتە ئەگەر خرایە دەنگدان بۆیە پێشی داوای خاڵی پەیڕەوییم کرد کەواتە ئێمە ناتوانین ئێستا موناقەشە لەسەر خاڵی (٩) بکەین ماددەی (٩) بە شەش بڕگەوە لادرایە کە پەیوەندی هەیە بە دەڵێ (وێڕای ئەو مافانەی لەم یاسایەدا هاتووە نەخۆشی تووش بوو بە نەخۆشی دەروونی و عەقلییەکان ئەم مافانەی هەیە، شەش بڕگەیە، کەواتە ئێمە لەم یاسایەدا بۆ نەخۆشیە دەرونی و عەقڵیەکان هیچ شتێك ناکەین، بۆیە داوای ئەوە دەکەین کە ئەم ماددەیە یان ڕوونکردنەوە بدرێت لەبەرچی لادراوە لەڕاپۆرتی کۆتایی یان ئێمە لێرە بتوانین موناقەشەی بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کە دەڵێین ڕاپۆرتەکە دەکرێتە بنەما بۆ موناقەشە، مانای ئەوە نییە ئەگەر ماددەیەك لادرا بوو لەپێشنیازە یاسایەکە کە ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان بۆیان نییە پێشنیاری بکەنەوە، دەتوانن، جەنابت دەتوانی لە سیاقی موناقەشە پێشنیاری هێنانەوەی ئەو ماددەیە بکەیتەوە و ئەگەر پشتیوانیت هەبوو ئەو کاتە زۆر ئاسایی لیژنە تایبەتمەندەکان دەبێ بیخەنە دەنگدان لە کۆبوونەوەی تایبەت بە دەنگدان لەسەر پێشنیازە یاساکە، ئەگەر ڕوونکردنەوەتان هەیە سەبارەت بەوەی کە ئەو ماددەیەتان بۆ لاداوە، دەرفەت دەدەینە بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ تەوزیحەکی بدەم لسەر ئاخافتنێت د.زانا ئەو مادده مە لادا ژ بەرکو مە یاسایەکا موختەسیا هەی، یاسای ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠١٣ ئەو یاسایە پتریا تایبەتمەندە بە نەخۆشێت دەرونی ڤە، ئەگەر مە موقارەنە کرن دگەل یەکی ڤی پێشنیازا یاسایی دا چەند مافەکی بەسیت هات بوونە بەحس کرن بۆ نەخۆشێت دەروونی هەی، بەس ئەڤ یاسایە تایبەت ب نەخۆشێت دەروونی ڤە ژمارە (٨)ی ئاسڵی ٢٠١٣ پتری بیست مافێن تێدا بەحس کری و ژ بەر هەندێ مە ئەو یاسا تایبەتمەند علاجی کری فەراغا قانونی نینە نیسبەت نەخۆشێن دەروونی ژ بەر هەندێ لڤێرێ لادا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، دەست بە خوێندنەوەی ناونیشان بکەن، کاك بژار فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاپۆرتی لیژنەی تایبەتمەند لەگەڵ ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی

بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان

بابەت/ ڕاپۆرتی لیژنەی تایبەتمەند کە ڕاسپاردنی بۆ کراوە لەلایەن لیژنەی کاروباری یاسایی، لیژنەی کاروباری یاسایی ڕۆژی سێ شەممە ڕێککەوتی (٢٠٢٠/٧/٢١) کاتژمێر (١١) کۆبوونەوەی خۆی ئەنجام دا بە مەبەستی پێداچوونەوە و داڕشتنەوەی یاسای دڵنیابوون لە دژ نەبوونی دەقەکان لەگەڵ دەستوور و یاسا کارپێکراوەکان بەپێی حوکمەکانی ماددەی/٨٥ بڕگەکانی یەکەم و سێیەم، لەسەر ڕاپۆرتی لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگە و مافی بەکاربەر سەبارەت بە پێشنیازی یاسای ماف و ئەرکەکانی نەخۆش لە هەرێمی کوردستان - عیراق، تایبەت بە خوێندنەوەی دووەم، دوای کۆبوونەوە لیژنەی یاسایی ئەم داڕشتنەوەی خوارەوەی پێ پەسەندە:

پێشنیازە یاسای ماف و ئەرکەکانی نەخۆش لە هەرێمی کوردستان - عیراق

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەسەر ئەم ناونیشانە قسەی هەیە؟ سەرچنار خان، بدریە خان و د.ڕێبوار، سەرچنار خان فەرموو.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم باشە ناونیشانەکە بەم شێوەیەی لێ بکرێت، پێشنیازە یاسای ماف و ئەرکی نەخۆش، نەك ئەرکەکانی نەخۆش لە هەرێمی کوردستان، چونکە نەخۆشەکە بە نەناسراو هاتووە و ئەرکەکەش هەر بە نەناسراو بێ، واجوانترە و ئەو کاتە حەسریشی ناکەی کە ئەم ئەرکانەی هەیە دەتوانێ زیاد و کەم بکرێت و ئەوانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك د.ڕێبوار فەرموو.

**بەڕێز د.ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینیەکی زمانەوانیم هەیە لەسەر ناونیشانەکە، دیارە ناونیشانەکە وشەی ماف بە تاك هاتووە و بەڵام وشەی ئەرکەکان بە کۆ هاتووە، هەردووکیان یان ئەبێ بە تاك بێ یان ئەبێ بە کۆ بێت، بۆ ڕاستکردنەوەی ئەوە من پێشنیار دەکەم ئاوای لێ بکرێت (پێشنیازە یاسای مافەکانی نەخۆش و ئەرکەکانی لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق).

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لەڕووی زمانەوانیەوە ئەوە موشکیلەی نییە، ئەوەی سەرچنار خان شتێکی جیاوازە، دوو وشە بەدوای یەك دابێن کەیەکەم و دووەم بن هەردووکیشیان یەك ئینسیابێتیان هەبێ، پێوست ناکات هەردووکیان کۆ بن، یەك دانەی ئەخیر کۆئەکەیتەوە و ئەو کۆیە دەگەرێتەوە بۆ مافەکانیش، یەعنی ئەوەی کە ئەرکەکان مەبەستی مافەکانیشە، بدریە خان فەرموو.

**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ناونیشانی تەشریعەکە بکرێت بە ماف و پەیوەندیەکانی نەخۆش لە هەرێمی کوردستان ژمارە و ساڵی بۆ زیاد بکرێ، چونکە زۆربەی وڵاتان کە یاسایەکیان هەیە ئەرکەکان بە پابەندی وا لێ دەکەن، وەك زانراویشە کەسی نەخۆش ئەوەندە باری جەستەیی و دەروونی ناتەواوە ئەرکیشی بۆ زیاد بکرێ کارەساتە، بە تایبەت ئەوانەی کە مناڵ و بەساڵاچوون، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نە بەس وازح کراوە ئەرك لەسەر چ نەخۆشێکە، ئەگەر نەخۆش مناڵ بێ ئەوانە ئەرکی قانونی و شەخسین، موشکلیە نییە ئەوە موقتەرەحە، نا بڵێی وشەیەکی جوانتر ئاساییە، بەڵام تەبریرەکە تەبریرێکی مەنتقی نییە، بەڵێ سوپاس، ماددەی یەکەم کاك بژار فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی/١

مەبەستی ئەم یاسایە لەم وشە و دەستەواژانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە:

١- هەرێم: هەرێمی کوردستان ـ عیراق.

٢- وەزارەت: وەزارەتی تەندروستی لە هەرێم.

٣- وەزیر : وەزیری تەندروستی.

٤- دامەزراوەی تەندروستی: هەموو شوێنانەی خزمەتگوزاری تەندروستی پێشکەش بە نەخۆش دەکەن، چ لە کەرتی گشتی یان تایبەت بێت.

٥- خزمەتگوزاری تەندروستی: هەر ڕێکارێکی خۆپارێزی و چارەسەری تەندروستی یان پزیشکی پشکینینی تاقیگەیی یان تیشکی یان کلینیکی نەشتەرگەریی، لە دایک بوون، کوتان، دەرمان، مانەوە لە نەخۆشخانە و پێداویستیەکانی چارەسەری بکات بۆ نەخۆش و هاووڵاتیان لە خۆ دەگرێت.

٦- نەخۆش: هەر مرۆڤێك پێویستی بە چاودێری تەندروستی و چارەسەری پزیشکی هەبێت.

٧- نەخۆشی: هەر تێکچوونەکی جەستەیی یان عەقلی یان دەروونی ئاسەوار و نیشانەی هەبێت و تەندروستی مرۆڤ تێك بدات.

٨- نەخۆشی درێژخایەن: ئەو نەخۆشیانەن کە ماوەکەی لە سێ مانگ زیاترە و پێویستی بە چاودێری تەندروستی و پزیشکی بەردەوام دەبێت.

٩- هاوەڵی نەخۆش: هەر کەسێك بە حوکمی یاسا یان پلەی خزمایەتی ڕێگەپێدراو بێ بە واژوو کردن لە جیاتی نەخۆش لە کاتێك دا نەخۆشەکە لەبەر هۆکاری سەختی نەخۆشیەکەی یان کەمی تەمەن نەتوانێ واژوو بکات.

١٠- ئالۆسکانە ئاساییەکان: ماك: ئەو ئالۆسکانەن لەوانەیە لە کاتی چارەسەر یان دوای چارەسەر هەوڵ دەدات کە لە تۆمارە پزیشکیەکان دا باسیان لێوە کراوە ناچێتە ناو بازنەی هەڵەی پزیشکیەوە.

١١- هەڵەی پزیشکی: ئەو ئالۆسکانە نەخوازراوانەن کە لە ئەنجامی هەر کەمتەرخەمیەکی پیشەیی یان تەکنیکی یان نا شارەزایی یان پشتگوێ خستن ڕوودەدەن لەگەڵ ڕێساکانی دەستدانە پیشەی پزیشکی و چارەسەری نەگونجا بۆتە هۆی کارێك بە زیان گەیاندن و سەرهەڵدانی پەککەوتەیی یان مردنی نەخۆش.

١٢- یاسا و ڕێساکانی پیشە: ئەو ڕێساو یاسایانەن کە بۆ دەستدانە کاری چارەسەری پزیشکی و تەندروستی لە هەرێم دا بەرکارن.

١٣- هێزکاری تەندروستی: هەموو ئەو کەسانەن کە پیشەی پزیشکی و تەندروستی پیادە دەکەن بە گوێرەی یاسا بەرکارەکان.

١٤- لیژنەی لێکۆڵینەوەی هەمیشەیی: لیژنەیەکی پیشەییە کە لێکۆڵینەوە لەو کێشە و پرسانەی لە ئەنجامی هەڵەی پزیشکی تەندروستیەکان دروست دەبن ئەنجام دەدات.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان هەر کەسێك سەبارەت بە ماددەی یەکەم قسەی هەیە بابفەرمووێ، بەڕێزان ناوەکانتان دەخوێنمەوە ئەگەر کەسێك ناوی نەنووسی بێت دوایی ئیزافەی ناکەین، د.اساعیل، بدریە خان، هلز خان، سەرچنار خان، کاك مم، د.محی الدین، کاك لوقمان، مەلا ناصر، کاك رزگار، کاك باڵانبۆ، کاك عوسمان، د.ڕێبوار، د.زانا، حسیبە خان، گلیزار خان، کاك حاجی سفین، کاك چیا، جوان خان، کاك هێڤیدار، کاك رۆمیۆ، کاك هیمداد، سارا خان، کاك هێڤیدار فەرموو.

**بەڕێز هێڤیدار احمد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە مـاددەی (١) خـاڵی هەشـتەم، باسـی نەخۆشـی درێـژ خایەنەکـان دەکـات، ئەم نەخۆشـی درێژخـایەنە کە بـۆ مـاوەی سـێ مانـگ زیـاترە هەیەتـی، ئەم نەخۆشـیانە چـین یەعنـی بـۆ ڕوونکردنەوەیان نەداوە، زەختە، شەکرە؟ فلانە؟ یەعنی ڕوونکـردنەوەی دابـا هەر چەنـد سـاڵێك ئەمە نوێ دەبێتەوە زیاد دەبێ، زیاد نابێت، لەو نەخۆشیـەکان ئەگەر ڕوونکـردنەوەی دابـا باشـتر دەبوو، دواتر لیژنەکە بە کەیفی والله قەرار دەدات تۆ درێژ خایەنی، درێژخـایەن نـی، میعیـارەکە چییە؟ سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك د.ڕێبوار فەرموو.

**بەڕێز د.ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١) من لە دامەزراوەکانەوە دەست پێ دەکەم واتا بـڕگەی (٤) کە باسـی ئەو دامەزراوانە دەکـات کە خزمەتگـوزاری تەندروسـتی پێشـکەش بە نەخـۆش دەکەن، دامەزراوە خۆمان دەزانـین کە بڵێـین جـێگەیەکە، دامەزراوە پەیوەسـتە بە حکومەت، واتـا کەرتـی گشـتی، بەڵام هەندێك شوێنمان هەیە وەکو کلینیکەکـان وەکـو تاقیگەکـان ئەمە نـاکرێ بڵێـین دامەزاروە، بۆیە مـن پێشـنیار دەکەم لەپـاڵ دامەزراوە و وشـەی کلینیکەکـان و تاقیگەکـانیش ئیـزافە بکـرێ، لەبەرئەوەی لەو شوێنانەش خزمەتگـوزاری تەندروسـتی پێشـکەش کـردووە، بەڵکـو بگـرە جـاری واهەیە لە هەندێك کلینیك هەیە ئەو عیادانەی کە نەخـۆش سـەردانیان دەکەن وێـڕای ئەوەی کە بە پارەی خۆیـان، بەڵام لەلایەن هەنـدێ پزیشـکی بەڕێـزەوە مـامەڵەیەکی تەندروسـتیان لەگەڵ ناکەن یان خزمەتگوزاریە تەندروستیەکان وەکو پێویسـت نـین لەو شـوێنانە، بـۆیە مـن پێشـنیار دەکەم کە ووشەی کلینیك وە تاقیگەکانیش ئیزافە بکرێ بۆ برگەی (٤) لە ماددەی (١)، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز زانا خالد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بـڕگەی (٤) دامەزراوەی تەندروسـتی ئـێمە لە هەرێمـی کوردسـتان دا جـگە لە دامەزراوە تەندروستییەکانی سەر بە وەزارەتی تەندروستی چەند دامەزراوەیەکی ترمـان، بـۆ نمـوونە سـەر بە وەزارەتی پێشمەرگە، سەر بە وەزارەتی کاروباری شەهیدان، بۆیە ئەمانەش دەبێ بخرێنە نـاو تەعریفەکە، ئاماژە بەوە بکرێت کە هەموو ئەو شوێنانەی خزمەتگوزاری تەندروسـتی پێشـکەش دەکەن کە سـەر بە وەزارەتـی تەندروسـتی یـان لەژێـر چـاودێری وەزارەت و یـان سـەندیکاکانن، چونکە سەندیکاکانیش کۆمەڵێك کلینیك هەیە ئەوەی کە کاك د.ڕێبـوار ئامـاژەی پێـی کـرد لەژێـر چاودێری سەندیکانن ئەوان مۆڵەتیان پێ دەدەن کە ئەوانەش دەبێ بە دامەزراوەی تەندروسـتی

هەژمار بکرێن، بڕگەی/٦ تەعریفی نەخۆش دەکات، نەخۆش دەبێ بەم شێوەیە تەعریف بکرێ (هەموو ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە بە مەبەستی وەرگرتنی خزمەتگوزاری تەندروستی سەردانی دامەزراوە و نۆرینگە تەندروستی و پزیشکیەکان دەکەن لە کەرتی گشتی و تایبەت)، بڕگەی/٨ لە نەخۆشی درێژ خایەن، ئێمە لە نەخۆشی درێژخایەن ئەوەی کاك هێڤیدار باسی کرد تەئیدی دەکەم، بەڵام بەشێوەیەکی تر کە ماوەی سێ مانگ بەڕای من زەرور نییە لە ناو تەعریف دا هەبێ، چونکە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ پیناسەکانی نەخۆشی درێژخایەن ئەوەی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی (WHO) لە هیچ شوێنێك دا باسی سێ مانگ ناکات، چونکە ئەمە دەبێت بە یاسا، بۆ نموونە کەسێك تووشی نەخۆشی شەکرە دەبێت پێویستی بە پسولە و دەفتەری وەرگرتنی چارەسەری هەیە، کەواتە ئەو کاتەی کە ئێمە ئەو یاسایە دەست نیشان بکەین بە سێ مانگ لەوانەیە ئەو دەفتەرەی بۆ دروست نەکرێت، سێ مانگ دەبێ دەرمانەکان لەسەر ئەرکی خۆی بکڕێت، بۆیە ئەم بابەتی سێ مانگە لە هیچ تەعریفێکی (WHO)دا نەهاتووە، بۆیە بەم شێوەیە لێ بکرێت تەعریفەکە (نەخۆشی درێژخایەن ئەو نەخۆشیانەن کە لە کەسێك بۆ کەسێکی تر ناگواسترێتەوە)، کەواتە ئەوانەی نەخۆشی گوازراوە نین لەکەسێك بۆ کەسێکی تر ناگواسرێتەوە، ماوەی نەخۆشیەکە درێژخایەن دەبێت و بەشێوەیەکی لەسەرخۆ گەشە دەکات، پێویستی بە چاودێری تەندروستی و پزیشکی بەردەوام دەبێت) ئەمە تەعریفی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانییە، ئەگەر بوری ئەو تەعریفە ڕاست بکەینەوە، هێزکاری تەندروستی لەبڕگەی/١٣ هەموو ئەو کەسانەن کە لە دامەزراوەی تەندروستیەکانی کەرتی گشتی و تایبەت کار دەکەن و پیادەی ئیشەکانیان دەکەن بەپێی یاسا بەرکارەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، ئەو تەعریفانە ئەگەر بێنی کاك زانا ئەزیەت نەبێ بینێری، چونکە زۆر بوون بۆ ئەوەی فریای بکەون، کاك لوقمان فەرموو.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١) چەند سەرنجێکم لە خاڵی (٩) هاوەڵی نەخۆش هەر کەسێك بە حوکمی یاسا یان بەپلەی خزمایەتی پێشنیاز دەکەم پلەی خزمایەتی لابرێ چونکە خزمایەتی پلەیەکە سنووری نییە، زۆر وازح نییە، وای لێ بکرێت کە بەپێی حوکمی یاسا بەرکارەکان کەسەکە ڕێگرە و ڕێگەپێدراو بێ بۆ ئەوەی کە واژووی لەجیاتی بکات، سەبارەت بە خاڵی (١١) هەڵەی پزیشکی پێشنیاز دەکەم بکرێتە هەڵەی چارەسەری یان چارەسازی، ڕەنگە لەڕووی زمانەوانییەوە جوانتر بێ لە هەڵەی پزیشکی، سەبارەت بە خاڵی/١٣ هێزکاری تەندروستی هەموو ئەو کەسانەن کە پیشەی پزیشکی تەندروستی پیادە دەکەن بەگوێرەی یاسا بەرکارەکان، بکرێتە پێشکەشکاری خزمەتگوزاری تەندروستی، چونکە هێزکاری تەندروستی هەموو ئەو فەرمانبەرانە دەگرێتەوە کە لەبواری پزیشکی و لە دامەزراوە پزیشکیەکان بابڵێین کار دەکەن، مادام لێرە دیاری کراوە ئەڵێ

ئەو کەسانەن کە پیشەی پزیشکی و تەندروستی پیادە دەکەن، بۆیە بکرێتە پێشکەشکاری خزمەتگوزاری تەندروستی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك مەلا ناصر فەرمووە.

**بەڕێز عبدالناصر احمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، چەند سەرنجێکم هەیە لەسەر ماددەی (١) بڕگەی (٥) خزمەتگوزاری تەندروستی و هەر ڕێکارێکی خۆپارێزی و چارەسەری تەندروستی پزیشکی، پشکینی تاقیگەیی یان کلینیکی یان نەشتەرگەری لە دایك بوون و کوتان و دەرمان و مانەوە لە نەخۆشخانە و پێداویستی و چارەسەری دیکە بۆ نەخۆش و هاووڵاتیان لەخۆ دەگرێت، بەڕاستی من بە پێچەوانەی ئەوەوە، لەبەرئەوەی ئەم ماددە و بڕگەیە لەم پڕۆژەی هاتووە تاکو ئێستا لەزۆربەی نەخۆشخانە گشتیەکانی هەرێم دا بەهیچ جۆرێك ئەم خزمەتگوزاریانە تیا بەرجەستە نییە و بەدی ناکرێ لە نەخۆشخانەکان، کەمی دکتۆر، دەرمان نییە، تیشك نییە، تاقیگەی پشکنیەکان نییە، شوێنی حەوانەوە و چاوەڕوانی کردن نییە بۆ هاووڵاتیانی نەخۆش، دکتۆری خەفەر نییە، چارەسەری منداڵ بوون ناکەن، هەموو ئەمانە ڕەوانەی نەخۆشخانە ئەهلیەکان دەکەن، لەبەرئەوەی هیچ خزمەتگوزاریەکی تەندروستی پێویست لە نەخۆشخانە گشتیەکانی هەرێم دا نییە، بۆیە زەرەرمەندی یەکەمیش لەم نەخۆشانە تەنها خەڵکی هەژار و کەمدەرامەتە، بۆیە من ئەمە بەئەوە دەزانم خزمەتگوزاری تەندروستی لە کەرتی گشتی بەرەو لاوازی ئەڕوات بۆیە پێویستە چارەسەرێکی باش لە کەرتی تەندروستی دا بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك د.اسماعیل فەرمووە.

**بەڕێز اسماعیل علی طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

چەند تێبینیەك من هەبوون، کەرتی ساخلەمیێ پێ کەتێن سێگۆشا سیستمێ ساخلەمیێ نەساغ، کادیرێ ساخلەمیێ، پێتڤیا مە هەوە کو لیژنا زیترین دەم پرۆژەکا پێشکەش کەتن بۆ سیستمی نەخۆشی کوردستانێ بۆ سیستمێ نەخۆشیێ پێتڤی چارەسەرییە، دا نەساغ گەهیتە مافێ خۆی، کە سیستەم وەکو خۆ ما نەساغ ناگەهیتە مافێ خۆ، تێبینیا من لسەر خاڵ/٥ بێژتن خزمەتگوزرای تەندروستی هەر ڕێکارێکی خۆپارێزی و چارەسەری تەندروستی یان پزیشکی لەخۆ دەگرێت، ئەوی تر هەمی ئەز بێژم زێدەیە، پێتڤیا قانون هندی موختەسەر بیتن باشترە، خاڵ/٦ بێژتن نەخۆش هەر مرۆڤەك عادەتەن بۆ ڤان نەوعە قانونان بێژ (کل الانسان، کل شخص) ئەبیت ئەو مرۆڤ ببیتە هەر کەسەك، نە مرۆڤەك هەر ئینسانەك، خاڵ/٧ بێژتن نەخۆشی هەر تێکچوونێکی جەستەیی یان عەقڵی یان دەروونی، دیڤ تەعریفا وەکو ئەڤ دزانن و پسیارا پسپۆرێ ژی کری دەروونی عەقڵی و دەروونی هەردووك دەگری، بێژن جەستەیی و دەروونی، دەروونی شاملە بۆ هەردووکا حەوجا ناکاتن عەقڵی بکەینە تێدا، خاڵ/٨ نەخۆشێت درێژخایەن

ئەو نەخۆشیانەن پێویستی بە چاودێری تەندروستی پزیشکی بەردەوام دەبێت، ئەز ژی دگەل هەندێمە پشتگیریا وان هەڤکارا دکەم ئەوی گوتی سێ مانگ ڕاستی زیادە، پێناسا ڕێکخراوا ساخلەمیێ دا نینە، خاڵا/٩ هاوەڵی نەخۆش هەر کەسێك بە حوکمی یاسا یان پلەی خزمایەتی ئێکا دی ژی بۆ زیاد کەین بێژین یان هاوسەرداری یەعنی نزانم سۆرانی چ بێژینێ، موساهەرە، چونکە ئەگەر پیاو و ژن بچیت مەعنا وە لێرە ناگەڕی نەخزمیە نە قەرابەیە، هاوسەرداری لێ زێدە ببیتن یا باشە، خاڵا/١١ هەڵەی پزیشکی کە ڕێزا ئەخیرێ بێژتن چارەسەری نەگونجاو بێت و ببیتە هۆکارێك بۆ زیان گەیاندن و سەرهەڵدانەوەی پەککەوی، نە ئەو (و) حەزف ببیت ببیتە (یان)، چونکی زیان تشتەکە و پەککەوتە تشتەکی ترە، مومکینە زیان بی، مومکینە پەککەوتن بیت، ل جێگا حەرفا (و) بێتە (یان) بۆ زیان گەیاندن یان سەرهەڵدانی پەککەوتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك ڕۆمیۆ فەرموو.

**بەڕێز ڕۆمیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە لەڕووی زمانەوانیی ئیعادەی نەزەر بە سەرجەمی پرۆژە یاسایەکە بکرێتەوە، لەیەکەم و دووەم و سێیەم، یەکەم/ هەرێم: هەرێمی کورستان ـ عیراق، وەزارەت: وەزارەتی تەندروستی لە هەرێم، سێیەم/ وەزیر: وەزیری تەندورستی هەرێم، هی دووەم و سێیەم هەردووکیان دەبێ وەکو یەك بێ، یان لە هەرێم یان هەرێم، یاخود هەرێمی کوردستان ـ عیراق وەکو یەکەم، خاڵی (٨) من پشتگیری لە پێشنیار و قسەکانی بەڕێز کاك زانا دەکەم، بڕگەی (١٤) لیژنەی لێکۆڵینەوەی هەمیشەیی لیژنەیەکی پیشەییە کە لێکۆڵینەوەی لەو کێشە و پرسانەی لە ئەنجامی هەڵەی پزیشکییە تەندروستییەکان دروست دەبن ئەنجام دەدات، بەڵام باسی ئەوەی نەکردووە کە پێکهاتەی لیژنەکە کێیە و لە کێ پێك دێت ئەم لیژنەیە، چونکی بە حوکمی ئەوەی کە لیژنەیەکی هەمیشەییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، حسیبە خان فەرموو.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١) خاڵی (١١) هەڵەی پزیشکی پێم باشە بەو شێوەیە دابڕێژرێتەوە، هەڵەی پزیشکی هەموو کاریگەرییە زیان بەخشانە دەگرێتەوە کە بەر نەخۆش دەکەون لە ئەنجامی کەم تەرخەمی یان خراپ ئەنجامدانی خزمەتگوزارییە تەندروستییە تەکنیییەکان لەلایەن لیژنەیەکی پسپۆر لەبوارەکە کە دیاری دەکرێت، هەروەها بۆ ماددەی (٤ و ٦ و ٨) ماددەکانی تر پشتیوانی برای بەڕێزم د.زانا دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، گلیزار خان فەرموو.

**بەڕێز کلیزار رشید حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبعەن من تێبینیم هەیە لە ماددەی (١) پێناسەیە، مادام پێناسەیە وابزانم باشترە ئێمە پێناسەی ماف و ئەرکی نەخۆش لەبیدایەت پێناسەی بکەین، من خۆم لای خۆم پێناسەیەکم کردووە بەس زۆر تێبینیم هەیە لە ماددەکان دوایی ئەینووسم دەیدەمە لیژنەی یاسایی، ئەمە یەکەم شت، دووەمیان خاڵی (٥) هەر هۆکارێکی خۆپاراستن و چارەسەری هەروەها ئەم وشەیەی ئیزافە بکەین (ڕێنوێنی) یەعنی تەوعیەی تەندروستی یان پزیشکی، بەڕای من تەندروستی کافیە، پزیشکی لاببەین، هەروەها پشکنینی تاقیگەیی یان تیشکی یان کلینیکی، بەڕەئی من لێرەدا پێش و پاشی دەبیت ئەهمیەتەکە مەسەلەن یەکەم شت کلینیکیە، دوایی تاقیگەیی بێت، دوای ئەوە تیشکی بێت، هەروەها باسی کوتانتان کردووە ئینجا دەرمان، بۆیە یەکەم شت دەرمان بێت ئینجا کوتان ئەمە بەپێی ئەهمیەتی بابەتەکە، هەروەها من تێبینیەکی دیکەشم هەیە لە خاڵی (٦) نەخۆش هەر مرۆڤێك پێویستی بە چاودێری و چارەسەری تەندروستی و چارەسەری هەیە، پزیشکی بەڕای من ئەوە لابەین، لەخاڵی (٩) وشەی خزمایەتی بەڕەئی من وەکو کاك لوقمان وتی ئەبێ تەحدید بکرێ، هەروەها خاڵی (١١) هەڵەی پزیشکی بەڕەئی من هەڵەی پزیشکی نەبێ، هەڵەی تەندروستی بێ، چونکی تەندروستی گشتگیر ترە لێرەدا هەمووی دەگرێتەوە، هەروەها خاڵی (١٤) بەڕای من ئیعادەی سیاغەی بکەین باشترە، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك رزگار فەرموو.

**بەڕێز رزگار محمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١) بڕگەی (٩) باسی حوکمەکانی یاسا بەپلەی خزمایەتی بۆ واژوو کردن، جاری واهەیە کەسێك لە سەیارەکایە و تووشی حادیسە دەبێ، بەڵام هیچ خزمێکی لەگەڵیا نییە، یەعنی خۆ ناکرێ ئەم کەسە کە حاڵەتێکی تەواری بۆ دروست بووە چاوەڕوان بکرێت تا خزمەکەی دێت و واژووی بۆ دەکات و داخڵ قاوشی عەمەلیات دەکرێ، پێویستە ئەوەی بۆ زیاد بکرێ بەدەر لەو کەسانەی کە تووشی ئەو حاڵەتانە دەبن بۆ ئەوەی بەزووترین کات یەعنی داخڵ قاوشی عەمەلیات بکرێ بۆ ئەوەی ژیانی لە مردن رزگار بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك باڵانبۆ فەرموو.

**بەڕێز بالانبو محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١) خاڵی (٨) ئەڵێ نەخۆشی درێژخایەن ئەو نەخۆشیانەیە کە ماوەی لە سێ مانگ زیاترە، نەخۆشی درێژخایەن ئەو نەخۆشیانەیە کە ماوەی لە یەك ساڵ زیاترە، پێشمواییە ئەم ماددەیە قسەی زۆری لەسەر کراو باشترە ئەمە ڕاوێژ بە پسپۆرانی بواری تەندروستی بکرێ بۆ ئەو بابەتە.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، بدريه خان فەرمووو.

**بەڕێز بدريه اسماعيل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی یەکەم لە پێناسەی چەمکەکان پێویستە بڕگەیەك زیاد بکرێ لە بڕگەی پێناسەی دەرمان، هەر لەهەمان ماددەدا پێویستە بەناوهێنانی هەریەك لە دامەزراوەی تەندروستی و ئەهلی و خێرخوازی و دەرەکی ناویان بهێندرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك هیمداد فەرمووو.

**بەڕێز هیمداد صباح بلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١) خاڵی (٤ و ٨) من تێبینیم هەبوو، ئەویش خاڵی (٤) لەلایەن د.ڕێبوار و کاك زانا ڕوون کراوە، بۆیە پشتگیریان لێ دەکەم، سەبارەت بە خاڵی (٨) لەلایەن کاك هێڤیدار و کاك زانا دووبارە ڕوونکراوە، بۆیە پێویست ناکات من ئەو قسانە دووبارە بکەمەوە، پشتگیریان لێ دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك حاجی سفین فەرمووو.

**بەڕێز سفين اغا عمراغا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی ماددەی (١) خاڵی (٩) تێبینیم هەیە، هاوەڵی نەخۆش پلەی خزمایەتی، پلەی خزمایەتی لابردرێت تەنها بە حوکمی یاسا بەرکارەکان ڕێگەپێدراو بێ بۆ واژوو و بمێنێتەوە، بەمە ناکرێ خزمایەتی لەناو ئەم یاسایە بنووسرێ، چونکە سنووری خزمایەتی دیاری کراوە، لەخاڵی (١١) و خاڵی (١٣) قسەکانی من بەڕێز د.زانا و کاك لوقمان کردیان پشتگیریان دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك چیا فەرمووو.

**بەڕێز چيا حميد شريف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینیەك هەبوو لسەر خاڵا (٩) هەرکەسەك بە حوکمی یاسا یان پلەی خزمایەتی چەند هەڤاڵەکا بەحس کر، پلا خزماتی ل دەڤەرا بادینان بە پەیوەندییەن جڤاکی و کۆمەڵایەتی دێتە ناسین، خزمایەتی ئیحتماله زۆر بەرفرەیە، ژ بەر هەندێ ئەز پێشنیار دکەم هەر کەسەك بە حوکمی یاسا (پلە یەك)ی عائیلی بۆ نموونە دایکە، بابە، هاوسەرە، برادەرە، بەحس کر، یان کوڕە یان کچە یان برایە یان خوشکە، حەق هەبیتن پێش کەسەکی ڤە ئیمزا بکە، بەس پلا خزماتی ئەگەر بێتە لادان زۆر باشە، خزماتی زۆر زۆر بەرفرەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، عوسمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان كريم سواره:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە قسەكانی من گوترا پشتیوانی لە پێشنیارەكانی كاك زانا وكاك باڵانبۆ و كاك مەلا ناصر و كاك لوقمان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، هلز خان فەرموو.

**بەڕێز هلز احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من چەند تێبینیەك هەبوو لسەر ماددا (١) یەك ژ وانە، پێناسەیەكا دی بێتە زێدەكرن، ئەنجومەنی وەزیران ماددا (١١) هات لڤێرێ دا پێناسە بۆ نەهاتیە كرن، لبەر هەندێ پێشنیار دكەم ئەنجومەنی وەزیران بێتە زێدەكرن، بۆ ڤێ پێناسێ ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم بیتن، سەبارەت بە خاڵا/٨ ئەڤ نەخۆشیت درێژخایەن سێ هەیڤ گەلەكی كمن یان ئەگەر پێناسە بێتە كرنێ وەكی رێكخراوا سحا عالەمیێ كری، كو ڤی شكلی دبێژیتن (امراض تبين فترات طويله وتطور) ئەڤ سێ مانگە گەلەك كمن، یەعنی ئیحتماله ئیشەكە هەی ساڵەكی دی دكێشیتن بەس نە ئەمرازی موزمینەیە، لبەر هەندێ، بەڵێ سێ هەیڤ بێتە لادان یان ئیعتمادی لسەر ڤێ پێناسێ بكەن، بڕگا (٦) نەخۆش هەر مرۆڤەك، ئەڤ مرۆڤە دبیتە بگۆڕینا پەیڤا كەسەك، چونكی د ماددا (٩) دا هەر كەسەكی هاتی پتریا گونجا بیتن، زۆر مەمنونم.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، سارا خان فەرموو.

**بەڕێز سارا دڵشاد بكر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسەكانی من كرا، تێبینیم لەسەر بڕگەی (١١) بوو، پشتگیری لە قسەكانی حەسیبە خان و حاجی سفین گەردی دەكەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ، سوپاس بۆ تۆ، جوان خان، فەرموو.

**بەڕێز جوان یونس محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تێبینیم لەسەر ماددەی (١) بڕگەی (١١) هەیە لەسەر هەڵەی پزیشكی، شەرت نیە ئەو هەڵەیەی كە لە بواری تەندروستی دا دەكرێت بەرامبەر بە نەخۆش هەڵەی پزیشكی بێ، زۆرجار ڕاستە هەڵەی پزیشكی یە بەڵام زۆركاتیش هەڵەی نەخۆشەكە خودی خۆیەتی، بۆیە ئەوە وشەیەكی تەرجومەكراوی هەڵەیە، پێم باشە بكرێتە (هەڵەی چارەسازی) ئەو وشەیە زیاتر پوختترە بۆ

ماناکەی باشترە، بۆیە پشتگیری لە کاک لقمان و حسیبە خان دەکەم سەبارەت بەو ماددەیە، ماددەکانی تریش کە تێبینیم لێ هەبوو هەڤاڵانی بەڕێز کاک زانا و د.ڕێبوار باسیان کرد، پشتگیریان لێ دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، سارا خان، فەرموو.

**بەڕێز لەنجە إبراهیم عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی ئێمە کرا بەڵام پشتگیری لە بەڕێزان کاک حاجی سفین، کاک لقمان، کاک چیا دەکەم، ئەگەر دەرفەتم پێ بدەن پێناسەیەکم بۆ هاوەڵی نەخۆش نووسیە ئەگەر پێتان باش بێ، تەبعەن دەستەواژەی بڵێین (پلەی خزمایەتی) لە هەرێمی کوردستان زیاد بەو شێوەیە بەکار نایێ، لە یاسایەکانی تریش (پەیوەندی خێزانی) بەکار دێت زیاتر، لۆیە دەتوانین دایڕێژینەوە (هەر کەسێك لەچوارچێوەی پەیوەندی خێزان لە پلە یەك بۆ دوو بە پێی یاسا یان ئەوانەی بە پێی یاسا هاتوونەتە ناو خێزانەکە و سیفەتی ئەو پلانەیان وەرگرتووە) بەو شێوەیە دابڕێژرێتەوە، هەروەها پشتگیری لە پێشنیارەکانی کاك زانا و حەسیبە خانیش دەکەم و لەگەڵ جوان خان، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، سەرچنار خان، فەرموو.

**بەڕێز سەرچنار أحمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش چەند تێبینییەکی یاساییم هەیە لەگەڵ پشتگیری کردنی بەڕێز مامۆستا سگیری و مامۆستا هەڵەز، لە بڕگەی پێنجەم دا کە پێناسەکە کراوە خزمەتگوزاری تەندروستی دەڵێ هەر ڕێکارێکی خۆپارێزی و چارەسەری تەندروستی یان پزیشکی پشکنینی تاقیگەیی یان تیشکی یان کلینیکی و یان دەرمانسازی بۆ زیاد بکرێ، چونکە لە ناو ئەوانی تردا دوای ئەوە بکرێ بە (وەکو) یەعنی وەکو نمونە بهێنرێتەوە نەخرێتە ناو پێناسەکە، وەکو نەشتەرگەری لە دایکبوون، کوتان، دەرمان تا کۆتایی، لە خاڵی شەشەم دا دەڵێ (هەر مرۆڤێك پێویستی بە چاودێرییە) ئەو مرۆڤە بکرێ بە (کەسێك)، چونکە لە یاسا وشەی مرۆڤ نەهاتووە، دەڵێ (کل من) یەعنی (هەر کەسێك)، ئەوە بکرێ بە کەس، لە خاڵی نۆیەم دا منیش لەگەڵ ئەوەم کە پلەی خزمایەتی کە (قرابة)ی پێ دەڵێن بە عەرەبی، (مصاهرة)ی بۆ زیاد بکرێ (هاوسەرداری)، چونکە (قرابە و مصاهرە) بەیەکەوە هاتوون، جێی یەکیش ناگرنەوە، لە دێڕی دووەمیدا (لە کاتێدا) نووسراوە بکرێت بە (لە کاتێکدا) ئەوە هەڵەی زمانەوانییە، بڕگەی (١١) (هەڵەی پزیشکی) دێڕی سێهەمی چارەسەری نەگونجاو بێت ئەوەی بۆ زیاد بکرێ (یان بە هۆی سەرپێچی یاساو و ڕێنماییەوە بێت)، (ئەگەر سەرپێچی یاساو ڕێنمایی کرد هەڵەی پزیشکی دروست دەبێت و ببێتە هۆکارێك بۆ زیان گەیاندن) ئەو (و) بکرێت بە (یان) چونکە دوو شتی جیاوازن، پەککەوتەیی، مردن، زیان

گەیاندن سێ شتی جیاوازن نابێ (و) لە بەینییان دا هەبێت، چونکە عەتفی دەکاتەوە، خاڵی چواردەیەم لیژنەی لێکۆڵینەوەی هەمیشەیی، ئێمە یاسامان هەیە یاسای بەرزەفتی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی (١٩٩١) لەو یاسایە بە شێوەیەکی درێژ یەعنی بە وردی هاتووە باس لە پێکهێنانی ئەو لیژنەیە دەکات، دەسەڵاتەکە، ڕاییەکەی، تایبەتمەندی هێزی پەیوەست بوونەکەی هەمووی باس دەکات، بەس لێرە وەکو ناو هاتووە، یەعنی ئەم بڕگەی چوارەمە لیژنەی لێکۆڵینەوەی هەمیشەیی ئاوای لێ بکەین (لیژنەیەکی پیشەیی یە کە لێکۆڵینەوە لەم کێشە و پرسانە لە ئەنجامی هەڵەی پزیشکی و تەندروستییەوە دروست دەبن ئەنجام دەدات بە پێی یاسای بەرزەفتی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی (١٩٩١)، ئیتر تۆ پێویست ناکات ئەم وردەکاری لە پێکهێنانەکەی و لە پەیوەستبوونەکەی و لە قەراراتی، لە تایبەتمەندییەکەی مادام لێرە دیاری نەکراوە بە تەفصیل لێرە دیاری بکرێ، ئەو کاتە دوو یاساشمان نابێت و کێشەی یاساییش دروست نابێ لە مەوادە عیقابی و سزاییەکان لەم یاسایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، دەستخۆش، کاك مەم، فەرموو.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی ماددەی یەکەمی ئەم پێشنیازە یاسایە من چەند پێشنیازێکم هەیە، بڕگەی پێنجەمی خزمەتگوزاریی تەندروستی هەموو ئەوانەی کە باس دەکرێت ڕێکاری خۆپارێزین، پرۆسەن، نەوەك ماددە بن، لێرەدا دەرمان ماددەی هەموو ئەوانەی کە عەمەلیەن مەسەل کلینیکی، نەشتەرگەری، تاقیگەری، پشکنین هەموو ئەوانە عەمەلییەن، کەواتە دەرمان لێرە باشتر وایە لێرە بکرێتە پرۆسێسی دەرمانسازی، دەرمانسازی عەمەلییەکە، ڕێکارییەکەیە، دەربارەی بڕگەی هەشتەمیان نەخۆشی درێژخایەن ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی (WHO) کاتێك کە پێناسەی نەخۆشی درێژخایەن دەکات لە پێناسەکەیدا هیچ ماوەیەکی سێ مانگی دانەناوە، نازانین ئەم سێ مانگە ئەندامانی بەڕێزی لیژنەی تەندروستی یان ئەوانەی ڕاستێنراویان کردووە بۆ ڕاپۆرتەکە لە کوێ هێناویانە؟ پێناسەکەی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی بەم شێوەیە من پێشنیاز دەکەم ئەگەر بەم شێوەیە قبوڵ بکرێت (ئەو نەخۆشیانەن کە درێژ خایەنن و بەشێوەیەکی گشتی لەسەرخۆ گەشە دەکەن و چاودێری تەندروستی و پزیشکی بەردەوامیان پێویست دەبێت)، دەربارەی بڕگەی چواردەیەم پێشنیازەکەم بەم شێوەیە داڕشتنەوەی بۆ بکرێ (لیژنەیەکی پیشەییە کە لێکۆڵینەوە لەو کێشە و پرسانە دەکات کە لە ئەنجامی هەڵە پزیشکی و تەندروستییەکان دروست دەبن، بڕگەی (١٥)ی بۆ ئیزافە بکرێ پێشنیاز دەکەم بۆ لیژنەی پەیوەندیدار و بۆ پەرلەمانتارانی بەڕێز، ئەم یاسایە بەشێکی زۆری لە هەرێمی کوردستاندا جێبەجێ دەبێ لە ئێستادا لە ڕێی خزمەتگوزاریی تەندروستی و نەخۆشخانەکانەوە، ئەوەی کە لە کوردستان دا نییە بیمەی تەندروستییە، لە بڕگە (١)دا بیمەی تەندروستی پێناسەیەکی بۆ بکەین بۆ ئەوەی دواتر بتوانین لە ماددەکانی تردا جێگەی بکەینەوە کە لە بەشێکی زۆری وڵاتانی

جیهـــان دا هەیە، بــیمەی تەندروســـتی ئەم پێناســـەیە پێشـــنیاز دەکەم (ئەو خزمەتگـــوزارییە تەندروســتییەیە کە بەرامـبەر برێــك پــارەی ڕەمـزی پێشکەشــی هەر هاووڵاتییەکی هەرێمـی کوردستان دەکرێت)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سـوپاس، سـەبارەت بە بـیمەی تەندروسـتی دوو پێشـنیازە یاسـا پێشکەشـی پەرلەمـان کراون، یەکێکیـان زۆر زۆر باشـە، یەکێکـی تریشـیان دەتـوانرێ لە دەوڵەمەنـد کردنـی ئەوی تـردا بەکار بهێنرێ، ئێمە لە ڕاوێژین لەگەڵ حکومەت بۆ ئەوەی پرۆژەیەکی سەربەخۆ هەبێ بۆ بـیمەی تەندروستی لە ڕاستی دا، یەعنی بە تەعریفێك لێـرە جێـی بکەیـنەوە بە چەنـد مـاددەیەك ڕەنـگە وەکو پێویست ئامانج نەپێکێ بەڵام یەکێکە لەو بابەتانەی کە گرنگە پەرلەمان بە بـایەخەوە لێـی بڕوانێ، دەستتان خۆش بێ، د.محی الدین، فەرموو.

**بەڕێز د.محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بەشێك لە قسـەکانم، تێبینییەکـانم کـاك زانـا و کـاك ڕۆمیـۆ و د.إسـماعیل کردیـان، بەڵام دوو تێبینی بچووکم هەیە ئەویش بریتی یە لە بـڕگەی پێـنجەم کە خزمەتگوزاریی تەندروسـتی هەر ڕێکارێکی خۆپارێزی و چارەسەری، پێمـوایە هەر خزمەتگـوزاری تەندروسـتی تەنهـا چارەسـەری نییە، خۆپارێزی نییە، بەڵکو چاودێری کردنە ریعایەت کردنیشە، بۆیە چاودێری بۆ زیاد بکەین، لە خاڵی هەشـتەم نەخۆشـی درێژخـایەن دیسـان ئەوەی ڕێکخـراوی تەندروسـتی جیهـانی کە هـیچ ئاماژەیەکی بە ماوەکە نەداوە، لە کۆتـا دێـڕ دەڵـێ پێویسـتی بە چـاودێری تەندروسـتی پزیشـکی بەردەوام دەبێ، تەنها ریعـایەت نـابێ بەڵکـو نەخۆشـە درێژخایەنەکـان پێویسـتیان بە چارەسـەر هەیە و پێویستیان بە چاودێری کردنیش هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێزت، کاك موسلیم، فەرموو.

**بەڕێز مسلم عبدالله رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەك بــرای بەڕێزمــان کــاك ڕۆمیــۆ باســی کــرد پێمــوایە بەشــێکی زۆری ئەم بــڕگە و مــاددانە پێداچوونەوەیەکی باشی زمانەوانی دەوێ، کە بەڕاستی من پێموانییە زەروور بێ هەمووی خاڵ بە خاڵ ئاوا باسی بکەین ئەو (یان)ەی لابەین، ئەو (،)ی لابەین، یـان ووشـەی تـری بخـرێتە پـاڵ، پاش و پێشی دەوێ، وەك برای بەڕێزمان کـاك زانـا باسـی کـرد منـیش لەگەڵ ئەوەدام ئەم دیـاری کردنـی سـێ مـانگە لە خـاڵی هەشـتەم دا لابرێـت، چـونکە ئەوە پەیوەنـدی هەیە بە چارەسـەری درێژخـایەنی نەخۆشـەکانەوە، ئینجـا پشـتیوانی قسـەکەی کـاك لقمـان دەکەم بە هەمـان شـێوە سنوور دیاری بکرێ بۆ (قرابة) خزمـایەتی، چـونکە ئەوە پەیوەنـدی هەیە بە واژوو کـردن لەسـەر نەشتەرگەری، پەیوەندی بە گیانی نەخۆشەکەوە هەیە، بابەتێکی دیـکە، خـاڵی (١٠) و (١١) وشـەی (ئاڵۆزکان) هاتووە کە بەڕاستی ڕوون نییە، لە پێناسەکەشدا دووبارە ئەم وشـەیە هـاتۆتەوە، یـان ئەوەتا وازحتر ڕوون بکرێتەوە، چونکە مەبەست لە یاسا گەیاندنی مانایەکی دروستە بە خوێنەر،

پێمـوایە ئەو وشـەیە دۆچـی نەخـوازراو ئەوە یـان تێکچـوونی بـارودۆخە، مـن وازح نیـیە لام، دووبارە سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێزان لیژنە تایبەتمەندەکان بۆ وەڵامی ئەنـدامانی پەرلەمـان قسـەیەکتان هەیە؟ د.گەلاوێژ دەبێ سیستەمێك دابنێین بۆ چۆنیەتی بەڕێوەبردنی کۆبوونەوەکانی پەرلەمـان بۆ گەڕانەوەی کات، بۆ ڕێزگرتن لەوانەشی کە دانیشتوون، لیژنەکان لە ناو لیژنە هەر قسـەیەکتان هەیە لەوێ بـیکەن، ئەگەر مولاحەزەتـان هەبـوو لەسـەر شـتێك لە نـاو ئیمزاکەتـان دا بنووسـن مولاحەزەم لەسەر فڵان مادده هەیە ئینجا ڕێگەتان پێ دەدەم لە نـاو قـاعە قسـە بـکەن، ئەوە بـۆ هەمـووانە دکتـۆرە، تەواو، کـاك د.صـباح لە جیـاتی هەمووتـان قسـە دەکـات، فەرمـوو، لەمەولا بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان هەر ئەنـدامێکی بەڕێـزی پەرلەمـان لە کـاتی ئیمـزا کـردن دا لەسـەر ڕاپۆرتێکی دیاریکراو، لەسەر ماددەیەکی دیاریکراو تێبینـی هەبـوو بنووسـێ تەحەفـوزم لەسـەر فڵان مادده هەیە، بۆ ئەوەی لێرە دەرفەتی بدەین قسە بکات، ئەگینا ڕێـز و تەقـدیری زۆر زۆرتـان هەیە، ئـێمە هەمـوو ئەنـدامانی پەرلەمـان جـگە لە ئەنـدامانی بەڕێـزی لیـژنەکە حەقـی خۆمـانە قسەکان لەسـەر ڕاپـۆرتەکە هەبـێ، بەڵام خۆتـان بۆتـان نیـیە قسـەتان لەسـەر ڕاپـۆرتەکە هەبێ چونکە خۆتان ڕاپۆرتەکان داوەبە ئێمە، نـاتوانی دکتـۆرە، بـۆ کەس، نـاوت بنووسـیایە وەکـو هەر پەرلەمانتارێك، فەرموو کاك دکتۆر.

**بەڕێز د.صباح محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاسـی بۆچوونەکـانی هەمـوو ئەنـدامان دەکەیـن بـۆ دەوڵەمەنـد کردنـی ئەو پـرۆژە یاسـایە، بەڕاستی هەندێك پرسیاری پزیشکی وەڵامی بدەینەوە، من و دکتۆرە شایان و ڕۆژان خان.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان گوێ بگرن ئەوەی پەیوەندی بە مەجالی پزیشکییەوە هەیە د.صـباح و د.شـایان و ڕۆژان خان با وەڵاممان بدەنەوە.

**بەڕێز د.صباح محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئـێمە وەڵام دەدەیـنەوە، بەڕاسـتی ئەو پرسـیارەی کە مـن ویسـتم کـاك ڕۆمیـۆ باسـی لیـژنەی لێکۆڵینەوەی هەمیشەیی کرد، بەداخەوە کاك ڕۆمیۆ لێرە نییە، دیارە یاساکەی نەخوێندووە بەس پێناسـەی خوێنـدووە لە مـاددەی (١٠) فەقەرەی (١) بـاش چارەسـەری ئەو مەوزووعەی کـردییە باسی کرایە کە چۆن لیژنەی هەمیشەیی دابمەزرێ، ئەوە وەڵامە بـۆ کـاك ڕۆمیـۆ، خوشـکە جـوان خان باسی هەڵەی پزیشکی کرد کە ببێتە هەڵەی چارەسەری وەڵلاهی مشـتومڕەکی زۆرمـان کـرد لەسەر ئەو مەوزووعە لە لیژنە و لەوەی تر، لەگەڵ لیژنەی هاوبەش و ئەوی تـر، حەتـا سـەندیکای پزیشکانیش ئەو ئیقتیراحەیان بۆ ئێمە ناردبوو، لای ئێمە مـانع نیـیە ئەگەر ئەنـدامانی پەرلەمـان

ڕەئیان لەسەر بیت هیچ مانیعەتەکمان نییە لەسەر ئەوە، مەوزووعی بیمەی تەندروستی کاك مەم باسی کرد، بەڕاستی ڕاستە ئێمە لە داهاتوو ئەکید قانونی یاسای بیمەی تەندروستی بۆمان دێت، زۆر سوپاسی دەکەین بەڕاستی ئیقتیراحەکی زۆر وەجیهە تەئیدی دەکەم، مەجال بە خوشکم د.شایان دەدەم وەڵام دانەوەی شتی تری پزیشکی.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس کاك د. صباح، د.شایان، فەرموون.

**بەڕێز د.شایان کاکە صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە یەکێکی لە پرسیارەکان ئەوەبوو نەخۆشی درێژخایەن چییە؟ شەکرەیە، نەخۆشی دڵە، ئێمە ناتوانین لە ناو یاسایەك لیستەکی دوور و درێژ نەخۆشییەکان تەعریف بکەین، چونکە ئەوە دەگەڕێتەوە سەر ئەو پزیشکەی کە ئەو نەخۆشە دەبینێ، لەبەر ئەوەی لیستەکی زۆر زۆرە، ئەوە ئەو پزیشکە بەڕێزە کە دەیبینی ئەوە قەرار دەدات ئەو نەخۆشییە درێژخایەنە یان درێژخایەن نییە، واتا دەشتواندرێ بە ڕێنماییەك کە ئێمە لێرە صەڵاحییەتمان داوەتە وەزارەتی تەندروستی بۆ خۆی ڕێکی بخات کامەیە نەخۆشییە درێژخایەنەکان، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆرە، ئەی ئەو پێناسەی (WHO) کاك د.زانا ئیقتیراحی کرد و چەند هینێکی هەیە.

**بەڕێز د.شایان کاکە صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

شتێك هەیە لە زانستی پزیشکی پێی دەڵێین (controversy) یەعنی من قسەیەك دەکەم، تۆ ڕەئیەکت هەیە، مەصدەرەکی تر ڕەئیەکیدیکەی هەیە، (WHO) من ناتوانم ئەگەر باسی ڕای خۆم بکەم وەکو سەرچاوەکی سەرەکی پشتی پێ ببەستی لەبەر ئەوەی هەر وڵاتە و تەعریفی خۆی هەیە، بۆ نمونە (CDC) دەڵێ شەش مانگ، مەصدەرەکی تر دەڵێ سێ مانگ، مەصدەرەکی دیکە دەڵێ ساڵێك، بەڵام من وەکو پزیشك ئێستا ئەگەر قسە بکەم ئەوەی کە لە شەش ساڵی کۆلێژی پزیشکی ئەوەندەی کە دەوامم کردووە سێ مانگەکە ئەساسە، بەس ئەوە مەعنای ئەوە نییە پێشتر پێش سێ مانگەکە بە نەخۆشی درێژخایەن حیساب ناکرێ، لەبەر ئەوەی نەخۆشییە درێژخایەنەکان دیارن کامانەن، ئەوە بە لیست ڕێك دەخرێ، پاشان هەندێك نەخۆشی هەیە بۆ نمونە ئەگەر سکچوو و ڕشانەوەك لە سێ مانگ زیاتر بەردەوام بوو ئەوە زیاتر لە منداڵان بەدەردەکەرێ ئەوە بە نەخۆشی درێژخایەن حیساب دەکرێ، یەعنی تەعریفەکانی جۆرا و جۆرە، پێمباشە ئەوە بە ڕێنماییەك، بە لیستێك دابەزێنرێ، ڕێك بخرێ ئەو نەخۆشییە درێژخایەنانە.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، دەستخۆش دکتۆرە گیان، قسەت هەیە؟ بەڵێ ڕۆژان خان، فەرموو.

**بەڕێز ڕۆژان ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس بۆ ئەندامانی بەڕێز کە بەو پێشنیازانە بەشداریان کردیە، سەبارەت بە نەخۆشی درێژخایەن من زێدەتر دەڤێ تەوزیحەکێ بدەمێ، ئەو نەخۆشیە کۆ عیلاجێ هەی بەس شیفا نینە، و ئەڤ تەعریفە هەنە شیلایێ وەزارەتێ هاتی ئیزافە کرن، مەش پەندیت کو جیهێ وێ بکرێتە پێشنیازە یاسا، هەر وەکی دکتۆرە شایەن روونی کردنەوە لسەری دایی، هەر بەحس ناکەم هەر ئەو دبیتن، هەر ئەو ئەگەر پێویستی بە گۆرانکاری هەبیتن بەرچاڤا وەردەگرین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێزتان، ماددەی (٢) کاك دکتۆر، قسەتان هەیە، فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە هەندێ پرسیارا کو هاتیە کرنێ بۆ روونکردنێ هەمی ئاراستەکرنا بۆ لیژنا یاسایی، ئێك شوان مەسەلە (درجات القرابە) دەرەجەی خزمایەتی، تەبعەن لڤێی بڕگەییدا یان دڤێی ماددەیدا ئەم بەرامبەر دوو حیکمانە، دوو تشتێ ئێك جودانا، یا هاتی بەپێی حوکمی یاسا، یان بە پلەی خزمایەتی، هەردووك یەك شتی گرنگترە لڤێ یاسایێ، گەلەك گفتوگۆ گەلەك موناقەشە هاتیە کرنێ لە لیژنا یاسایێ لگەل لیژنا تایبەتمەندی، ژبەرهەندێ لسەر ڤێ پێتانبدەم کەواتە ئەڤ هەردوو موستەلەحە یان هەردوو حوکما ژفەراغێ نەهاتینە، چاوا؟ ئەگەر ئەم بیبنین بە حوکمی یاسای لمەجالێ قانوونیدا چ زمنی قانوونا مەدەنی بن چ زمنا قانوونا رعایە القاصرین بێت، چ قانوونێت دی بەرکار بن، یان قانوونا ئەحوال شەخصیا بن لڤێرێ هەمیا هاتیە دیاری کرنێ هەتا بەحس کرنا تەوزیعا دەورێ وەلیا، وەصیە، قەیمە، زمنی قەوات عامە ژ قانوونێت مەدەنی وەکیلێ وەکالە، دێینە دەرەجە قەرابە، یانی مەعقول نینە کەسەك حالەتێکی تەنگانەدا بیت تاریئی دابێت نەخۆش بێت، بچێت و دختۆر، هیڤیا ئیمزایا نەخۆشیا بێنێت دی کەسی لگەل نەبێت، فەرەزەن ئەگەر کوری مامی وی لگەل بێت وانا موحتاجا عیلاجا کەسی بێتە کرن یان ئیلا ویستی هەتا باب بێت یان دایك بێت یان وەلی بێت یان وەصی بێت یان قەیم بێت، نابێت ئەڤە دووێ حالەتێ خەتەرە لسەر حەیاتا وی، پلەی خزمایەتی ئەڤ قانوونێت دا یان هاتیە لناڤ قانوونێ دا نەئیشارەت پێداین و موحتەرەڤا حەتا ژی دەرەجە چارێ ئەو قانوونە تێدا ژی هاتێن تێدا و تاکو تووشی چ کێشەت قانوونی نەبین، وەکی ئاماژە پێداین قانوونا مەدەنی و قانوونا ئەحوال شەخصی یان قانوونا رعایە القاصرین، هەتا قانوونا صحە عامە ژیدا لمادە (١٥) و لماددە (١٧) هاتیە فەرز کرن لسەر کەسێ عائیلەی خۆ نەخۆشی پێدا خودان، سەبارەت لیژنا لێکۆڵینەوەێ ئەڤ پرۆژە لپشتێ ئەنجوومەنی وەزیران هاتیە پەسەند کرن و هاتیە ئاراستە کرن هەردوو لیژنا پێکڤە رۆیشت مە فەردیت ئەڤ لیژنا نینە بۆچی، ژ بەرکو مەراستە مە قانوونەکی یا هەی قانوونا رعایە ما فی الدولە، بەس بۆ ڤێ قانوونێ گەلەکا پێتەڤیا لیژنەیەکا تایبەت یا لێکۆڵینەوەیا تەحقیقێ بێتە پێکهینان، تاکو ئەڤ کەیس و ئەڤ حالەتایا چێت بن، و

بەشێوەیەکی دروستی تر صحی تر و لە مەصلەحەتا ناخۆشیا و کەس و کاری وێدا بێتە کرنێ کو لمادده (١٠) دا کە دکتۆر صباح ئیشارەتی پێدای پێکهاتە و ئەرکی وێ بتەعدیلێ هاتیە دیار کرن کو لەشلایێ یەکلاییی ڤە ئەنجوومەنی وەزیرانێ، جا ئەگەر ئەوە نەبێتن دیڤ ئەحکامێت قانوونی ز زەبتی دەولە بکەن خزمەتا ڤێ یاسایی نەخۆش نایەتە کرن، بالعکس لیژنەیەکا تایبەتمەندا و موختەصتر دڤێ یاسایی دێتە کرنێ بۆ سەرحەتا تەماشا کرنا ڤان کەیسا یەکلاکردنەوەیەشی دگەل وا باشتر بێت، سەبارەت مرۆڤی کەس بۆچی وا کارینە لبدایەتێ نە مرۆڤ و نەکەس بەکارەنەهێنایە بەرامبەر ئەمە تووشی فەراغێکی بین، چونکی دبیت ئەتو مەجالەکی توبی بەیتەریژدا گیانەوەریش موحتاجی ژ وی دەرمانیە، لڤێرێ و ڤێ ژ خەلاس بین فەراغەکی پرکرنێ مە کەس بەکارهێنا، بەلام کەسی تووشی ئەم کەیسە دەبین، چونکە مە کەسین و کەسی مەعنەوی ژ کەسی تەبیعی، شخص تەبیعی، تاکو ژێ فەراغێ و ڤێ کێشەیا رزگار بین لمەجالێ توبیدا و لە توبیدا پتر تەعامول دێتە کرن لگەل موستەلەحی انسان کە مرۆڤ، ژبەرهەندێ ژ لەو کێشانە رزگار بین و ئەڤەی بەکارهێناین، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، زۆر سوپاس، ماددەی (٢) فەرموون.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٢):

ئامانجەکانی ئەم یاسایە بریتین لەمانەی خوارەوە:

١-پاراستنی تەندروستی گشتی لە ڕێگەی پاراستنی مافەکانی نەخۆش و دیاری کردنی ئەرکەکانی.

٢-پاراستنی مافە بنەڕەتییەکانی هاووڵاتیانی هەرێم لە سوود وەرگرتنیان لە باشترین خزمەتگوزارییە تەندروستییە بەردەستەکان.

٣-پاراستنی شکۆمەندی و سەلامەتی و نهێنییەکانی نەخۆش و بەرز کردنەوەی ئاستی سوودمەندی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لە دامەزراوە تەندروستییەکانی هەرێم.

٤-بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری نەخۆش دەربارەی ماف و ئەرکەکانی لە دامەزراوە تەندروستییەکان.

٥-کەمکردنەوەی ڕێژەی مردن و پەککەوتەیی.

٦-پتەوکردنی متمانەی نێوان نەخۆش و پزیشك و کارمەندانی تەندروستی لە دام و دەزگا تەندروستییەکان.

سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، هەر کەسێك دەیەوێ قسە بکات لەو بارەیەوە، حەز دەکەی ئێوە دەستتان دانێن تا ئێرە دەنووسێ بە تەواوەتی، قاتع قاتع، فەرموو.

بەڕێزان ناوەکانتان دەخوێنمەوە ئەوەی ناوەکەی تێدا نەبوو بۆ ئەوەی ئیزافەی بکەین، هەڵەز خان، سەرچنار خان، کاك مەم، کاك سیروان، د.إسماعیل، د.محی الدین، کاك عثمان، بدریە خان، کاك بەڵێن، کاك هاوڕێ، کاك باڵانبۆ، کاك شەمۆڵ، کاك جلال، کاك سەرکۆ، کاك مەلا ناصر، کاك ڕزگار، کاك کاروان، شیرین خان، کەس هەیە نەمانووسیبێ؟ گوڵیزار خان، د.ڕێبوار، د.زانا، حسیبە خان، کاك حکمت، کاك چیا، کاك حاجی سفین، کاك بهجت، ڕووپاك خان، کەس هەیە ناومان نەنووسیبێ؟ ئەمجارە لێرەوە دەست پێ دەکەین، هەر جارەی لە شوێنێکەوە، گوڵیزار خان، فەرموو.

**بەڕێز گوڵیزار رشید حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیم لە ماددەی (٢) بڕگەی (٢) (پاراستنی مافە بنەڕەتییەکانی هاووڵاتیان)، مافی بنەڕەتی چییە؟ لێرەدا دەبێ تەحدید بکەین، (پاراستنی مافە تەندروستییەکان) بەڕای من، چونکە (بنەڕەتی) زۆر شت دەگرێتەوە، هەروەها خاڵی پێنجەم و شەشەم، (پێنجەم/ کەمکردنەوەی ڕێژەی مردن و پەککەوتن) بەڕای من ئەوە زیادە، ئەم ماددەیە چۆن ئێمە کەمی دەکەین ڕێژەی مردن؟ بەڕای من ئەم خاڵە لابدرێت، هەروەها خاڵی شەشەمیش، ئەم دوو خاڵە لابدرێت، سوپاست دەکەم.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، سوپاس، د.ڕێبوار، فەرموو.

**بەڕێز د.ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە ڕووی هەیکەلبەندی و نێوەڕۆکەوە لەسەر ماددەی (٢) قسە دەکەم، لە ڕووی هەیکەلبەندییەوە پێموایە لەبەر ئەوەی لە ئەحکامی خیتامی لە ئەوەی کە پەیوەستە بە هۆیەکانی دەرچوواندنی یاسایەکە هاتووە، دەقی ماددەی (٢) هاتووە کە بۆچی ئەم پێشنیازە یاسایە یان ئەم یاسایە دەرچووێندرێ، لە ڕووی هەیکەبەندییەوە من پێموایە ئەوە زیادە، بەڵام لەبەر ئەوەی هەندێك بڕگەکانی ماددەی (٢) گرنگن پەیوەستن بە مافەکانی نەخۆش، من پێشنیار دەکەم لە بری ئەوەی کە لابچێ، بچێتە ماددەی (٣) کە پەیوەستە بە مافەکانی نەخۆش، لەوێ دا باسی مافی نەخۆش دەکات، بۆیە گرنگە هەم لە ڕووی هەیکەلبەندییەوە، هەم لە ڕووی نێوەڕۆکەوە پێشنیازە یاساکان بە جۆرێك ڕێك بخرێ کە ماناکانی هاوشێوەی یەك بن.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك بەڵێن، فەرموو.

**بەڕێز بەڵێن إسماعیل حاجی إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٢) من بە تەواوەتی لە ڕووی هەیکەلبەندییەکەوە پشتیوانی لە قسەکانی برای بەڕێزم کاك د.ڕێبوار دەکەم، لە کاتی گواستنەوەی، یان لە کاتی مانەوەی ماددەکەش ئەگەر پەسەند نەکرا پێشنیاز دەکەم بڕگەی (٢) کە باسی پاراستنی مافە بنەڕەتییەکانی هاووڵاتیانی

هەرێم لەسەر وەرگرتنیان لە باشترین خزمەتگوزارییە تەندروستییە بەردەستەکان، ئەو وشەی (بەردەستەکان) لابرێ، لەڕاستی دا ئەوە حکومەت دەخاتە چوارچێوەیەکەوە، لایەنە پەیوەندیدارەکان دەخاتە چوارچێوەیەکەوە کە نەتوانن لە دەرەوەی هین ئەوەی بکەن، ئەگەر بە نمونە باسی بکەم مەسەلەن پێشکەرگەیەك لە کاتی شەڕدا بریندارێکی سەخت دەبێ لە هەرێمی کوردستان توانای چارەسەری نییە، ئەو خزمەتگوزارییە تەندروستییانەی کە بەردەستە توانای چارەسەری نییە، بەڵام خۆ حکومەت دەتوانێ ڕێکار بگرێتەبەر بۆ ناردنە دەرەوەی، لەبەر ئەوە ئەو وشەی (بەردەستەکان) بەڕاستی من بە باشی نازانم بمێنێ، بۆیە پێشنیاز دەکەم بڕگەی دووەم پاراستنی مافە بنەڕەتییەکیانی هاووڵاتیانی هەرێم لە سوود وەرگرتنیان لە باشترین خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك هاوڕێ لێرە نییە، کاك باڵانبۆ، فەرموو.

**بەڕێز باڵانبۆ محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٢) بڕگەی (٢) پاراستنی مافە بنەڕەتییەکانی هاووڵاتیانی هەرێم لە سوود وەرگرتنیان لە باشترین خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان بە پێی یاسا بەرکارەکان یان بە پێی یاسای ژمارە (٨٩)ی ساڵی (١٩٨١) بێ، دەتوانین بەو شێوەی لێ بکەین (تەندروستییە بەردەستەکان) لابەین یان بڵێین بە پێی یاسا بەرکارەکان یان بە پێی یاسای ژمارە (٨٩)ی ساڵی (١٩٨١)، پێنجەم/ (کەمکردنەوەی ڕێژەی مردن و پەککەوتەیی..) ئالۆزکاوەکانیشی بۆ زیاد بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز هێمن أحمد حەمە صالح هەورامی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك د.زانا، فەرموو.

**بەڕێز د.زانا خالد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (٢) بڕگەی (٢) تەواو پشتگیری ڕەئیەکەی کاك بەڵێن دەکەم کە وشەی (بەردەستەکان) لابدرێت، بۆ ئەوەی بتوانین هەموو خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان حکومەت لە چوارچێوەی یاسای ژمارە (٨٩)ی ساڵی (١٩٨١) پێشکەش بکات، بڕگەی شەشەم پتەوکردنی متمانەی نێوان نەخۆش و پزیشك و کارمەندانی تەندروستی لە دام و دەزگا تەندروستییەکان، ئێمە لە لیژنە پێموابێ ڕەنگە هەڵەیەك لێرەدا هەبێ لە بیرمان چووبێت لێرەدا چاکی بکەینەوە، چونکە لە ئەصلی پێشنیازی یاسای کە لە حکومەت دا گەڕاوەیەوە باسی پزیشك و کارمەندانی تەندروستی دەکرد، لە ماددەی یەکەم دا تەعریفمان کردبوو، بەڵام چونکە وشەکەمان لەوێ گۆڕی کردمانە (هێزکاری تەندروستی)، کەواتە لە تەعریفەکان دا پزیشك و کارمەندی تەندروستیمان نییە، بۆیە لێرەشدا ڕاستی بکەینەوە، پزیشك و کارمەندانی تەندروستی بکرێتە (هێزکاری تەندروستی)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن أحمد حەمە صالح هەورامی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز هەڵەز خان، فەرموو.

**بەڕێز هلز أحمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیارەکا هەی دگەل تێبنیەکێ، ماددا دووێ و برگا دووێ پاراستنێ مافە بنەرەتییەکانی هاووڵاتی هەرێم، ئەگەر ئەڤ پەیڤە بێتە لادان و نەخۆشی لجهێ وێ بێتە دانان باشترە، چونکە ئەگەر ئەو پەیڤە وەکی خۆی یان ئەو دەستەواژە وەکی خۆی هەمی هە ئاکانجی هەرێما کوردستانێ بەس نا هاووڵاتێی کوردستانێ، بۆ نموونە ئەگەر یەکێك خزمەتگوزاری بکات لە کۆمپانیادا ئایا ماف نینە کو بێتە چارەسەر کرن، خالا دیتر ئەڤە خالەك بێتە زێدەتر کرنێ برگا حەفتەم، ئاسان دەستخستنی خزمەتگوزاری تەندروستی پزیشکی بۆ نەخۆش بە کەمترین تێچوو، سوپاس.

**بەڕێز هێمن أحمد حەمە صالح هەورامی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، سەرچنار خان، فەرموو.

**بەڕێز سەرچنار أحمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری لە وتەکانی بەڕێز مامۆستا هەڵەز دەکەم بە ئیزافەی ئەوەی کە بڕگەی دووەم هاتووە پاراستنی مافە بنەڕەتییەکانی هاووڵاتیانی هەرێم، یەعنی ناکرێت هاووڵاتییەك لە دەرەوەی هەرێم بێت، یان بێگانە بێت سوودمەند نەبێ لە خزمەتگوزاریی تەندروستی، چونکە ڕێساکانی ئاینی پیرۆزی ئیسلام، ڕێنماییە دینییەکان، سیستەمی گشتی، ئاداب، مافی مرۆڤ دژ بەو جیاکارییەیە، هەر ئەوەش لە ماددەی (٣) بڕگەی (دووەم) پشتگیری ئەم بۆچوونە دەکات کە نابێ ئەو جیاکارییە بکرێ، لەبەر ئەوە ئەو وشەی هاووڵاتیانی هەرێمە لاببرێ بکرێ بە وشەی نەخۆش، هەموو نەخۆشێك دەگرێتەوە لە دەرەوە بێ یان لە ناو هەرێم دا بێت، خاڵی پێنجەمیش ئەو زیانەی بۆ زیاد بکرێ، چونکە بەس کەمکردنەوەی ڕێژەی مردن و پەککەوتەیی نییە ئامانج، ئامانج لە کەمکردنەوەی زیانیشە، لەگەڵ خاڵی (حەوتەم) ئیزافە بکرێ، (ئاسان دەست خستنی خزمەتگوزاریی تەندروستی و پزیشکی بۆ نەخۆش بە کەمترین تێچوو)، دەستت خۆش بێ.

**بەڕێز هێمن أحمد حەمە صالح هەورامی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك جلال، د.محی الدین، فەرموو.

**بەڕێز د.محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٢) بڕگەی (٢) پاراستنی مافە بنەڕەتییەکان پێموایە بکرێتە (مافە بنەڕەتییە تەندروستییەکان)، (هاووڵاتیانی هەرێم) هەرێمەکە لابدرێ (هاووڵاتیان) چونکە بەشێکی زۆر لەو هاووڵاتیانە ئێستا لە باشووری عیراقن، لە ناوەڕاستی عیراقن، لە بەشەکانی تری کوردستان

دێـن، یـان ئەوانەی کـارتی ئیقامەیـان هەیە سـوودمەند دەبـن لە کەرتـی تەندروسـتی هەرێمـی کوردسـتان، مـافە خزمەتگـوزارییە تەندروسـتییە بەردەسـتەکان ئەویـش لەگەڵ ﻻدانی ئەو وشەیەمە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن أحمد حەمە صالح هەورامی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك حکمت، فەرموو.

**بەڕێز حکمت محمد عبو زید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری وان برادەران دەکەم کە دەڵێن ئەو وشـەی (هاووڵاتیـانی کوردسـتان) لابـدرێتن، لەگەڵ ئەوەمە کە (دانیشتووی هەرێمی کوردستان) بن، پشتگیری لە کاك بەڵێنیش دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن أحمد حەمە صالح هەورامی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتە نیزام؟ فەرموو ڕۆژان خان.

**بەڕێز ڕۆژان إبراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەس دێ تەوزیحەکیَ ئەندامێت بەرێزێك رەئیا خۆ گوت لسەر ماددا دوو، ئەگەر پشتگیری یەکو دوو بکەین بلاڤ نابێ، دبێژم تا نووکە تا حەفتێ ژ رەئیـێ خـۆ دەی نەفسـی روونکـردنەوە لسـەر نەفسی مەوزوعی کەسی پشـتگیری لبیرۆکایـا کەسـی نەکـردیە، ئەوانە نـایەنە وەرگرتنـێ بـزانن لیژنا یاسایێ.

**بەڕێز هێمن أحمد حەمە صالح هەورامی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

باشترە ناوەکان بووترێ بە پێی پەیڕەو بۆ پشتگیری کردن.

**بەڕێز ڕۆژان إبراهیم علی:**

ناڤ گوتنێ ڤپەیڕەوێ، ئەگەر روونکردنەوەیەك لسەر هاووڵاتیانی هەرێـم بـدەم، ئەڤە مەسـەلەن هاووڵاتیانی هەرێم پەرلەمانتارێك ووتی بلاڤبکرێت ناخۆش، مەسەلەن نەخۆش فاکسـین مـافی هاووڵاتیا هەرێمە، بەس نە نەخۆشە ئیلا وەرگرێتن، مەسـەلەن یەکـێ گـووت لـدفیا یاسـا بەرکـار بێـت، یاسـای بەرکـار مەسـەلەن یاسـای ١٩٨١ ژمـارە (٨٩) ئەڤ مافێـت هەمـی لەشـوێنێدا نیـنە، سوپاس.

**بەڕێز هێمن أحمد حەمە صالح هەورامی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕووپاك خان، فەرموو.

**بەڕێز ڕووپاك أحمد رحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆی لە بڕگە پێنجەم کەمکردنەوەی ڕێژەی مردن و پەککەوتەیـی مانـایەکی وا نابەخشـێ، بـۆیە پشتگیری لە قسەکانی گولیزار خان دەکەم، تێبینـی هەبـوو، یـان لابربردرێ، یـان صـیاغەیەکی تـر بکرێ ئەوەی کە گولیزار خان باسی کرد، پشتگیری لێ دەکەم.

**بەڕێز هێمن أحمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، کاك سەرکۆ، فەرموو.

**بەڕێز سەرکۆ ئازاد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـاددەی (دووەم) کە پاراسـتنی شـکۆمەندی سـەلامەتی، پاراسـتنی نهێنـی تەواو و هەمیشـەیی پزیشـکی نەخـۆش و بەرزکـردنەوەی ئاسـتی سـوودمەندی خزمەتگـوزارییە تەندروسـتییەکان لە دامەزراوە تەندروســتییەکانی هەرێــم، ئەم پێشــنیازەمان هەیە، کە جیــاوازە ئەوە، لە خــاڵی (چـوارەم)یشـدا باسـی ئەوە کـراوە کە بەرز کـردنەوەی ئاسـتی هۆشـیاری، ئەگەر ئەوە بگوڕێـت، چونکە پێدانی زانیاری دروست و تەواو بە نەخـۆش دەربـارەی مـاف و ئەرکەکـانی لە دامەزراوە تەندروسـتییەکان، پشـتگیری کـاك باڵدنبۆ و کـاك بەڵـێن و سـەرچنار خـان دەکەم، لە مـاددەی (پێنجەم)دا ئەوەی سەرچنار خان، زۆر سوپاس.

**بەرێز هێمن أحمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك حكمت، نوقتە نیزامی، فەرموو.

**بەڕێز حكمت محمد عبو زيد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی ناوی کەسم نەهینا، مەبەستم هەڵەز خان بوو، بەڵام لێرە من داوام کرد کە لە جیاتی (هاووڵاتی هەرێمی کوردستان) ببیـتە (دانیشـتووانی هەرێمـی کوردسـتان) یەعنـی دانیشـتووی هەرێمی کوردستان، لەبەر ئەوەی ناوی کەسن نەهینا، زۆر سوپاس.

**بەرێز هێمن أحمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك بهجت، فەرموو.

**بەڕێز بهجت علی إبراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددە دووێ مەرجەکـانی ئەم یاسـایە دوو تێبینیـت هەی، یەك بڕگـا دووێ و چـارێ، برگا دووێ پاراسـتنێ مـافە بنەڕەتییەکـانی هاووڵاتیـانی هەرێـم لە سـوود وەرگـرتن لە باشـترین خزمەتگوزاری یا تەندروستیا بەردەستەکان، ئەگەر دڤێەرەدا ئەو خزمەتگـوزارییە تەندروسـتییە لبەردەستان نەبێ نەخۆش چ لێ دێت؟ و پاڵپشـتیا برایێـت خـۆ بەرێـز دکتـور زانـا و کـاك بەڵێن دەکەم، سەبارەت بە بڕگەی چـارێ بەرزکـردنەوەی ئاسـتی ووشـیاری نەخـۆش دەربـارەی مـاف و ئەرکەکانی لە دام ودەزگا تەندروستییەکان، بەرزکردنەوەی ئاستی ووشیاری کیدێ پێ رابێتن، چ جهەتێك پێ رابێتن، پێدڤیا بێتە دیار کرن، ئەو ماف و ئەرکە چنە؟ تا نەخـۆش بزانیێـت ئەو باسـا ئەرك و مافا دەکەین بەس ماڤا نازانێ ئەڤ ماف و ئەرکە چنە، سوپاس.

**بەرێز هێمن أحمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك مەم، فەرموو.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیاز دەکەم بۆ ئەندامانی بەڕێز هەر ئامانجەکانی ئەم یاسایە بریتین لەمانەی خوارەوە، ئامانجەکانی ئەم یاسایە، یەکەم و دووەم لابرێت، سێیەمیان ببێ بە بڕگەی (یەکەم) بەم شێوەیە:

زامن کردنی ماف، ئەرك، شکۆ و سەلامەتی و نهێنییەکانی نەخۆش و بەرزکردنەوەی ئاستی خزمەتگوزاریی تەندروستی.

پێویست بە (دامەزاروە تەندروستییەکانی هەرێم) ناکات، چونکە باسمان کرد ئەم یاسایە بۆ دامەزراوە تەندروستییەکانە، بڕگەی چوارەم ببێ بە (دووەم)، بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری نەخۆش دەربارەی ماف و ئەرکەکانی، (پێنجەم) ببێ بە (سێیەم) وەکو خۆی، (شەشەم) ببێ بە (چوارەم) بەم شێوەیە:

پتەوکردنی متمانەی نێوان نەخۆش و پزیشك و کارمەندانی تەندروستی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن أحمد حەمە صالح هەورامی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس کاك مەم، کاك مەلا ناصر، فەرموو.

**بەڕێز عبدالناصر أحمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە قسەکانی کاك باڵانبۆ و کاك سەرکۆ دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن أحمد حەمە صالح هەورامی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك چیا، فەرموو.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینیەکم هەی لسەر هەر چار خالا وەکو هەڤالێ مە دکتۆر رێبوار ئیشارەت دا، لسەر داڕشتنا ماددا یەك و دوو و سێ، هەرچەندە بەو شێوازی داڕشتن قیچەك پێش ئەز بینم ئەگەر ماددا یەك و دوو و سێ و چار و شەش چێ بێت و ببێتە یەك ماددە، چونکا هەندەك شتی دووبارەی تێدایە، هەمووش وا لسەر ماف و ئەرکێ نەخۆش و شتێت دووبارە هاتینە داڕشتن، هەروصا پشتگیریا گلیزار خانێ دکەم کو هەتا پێنجێ کەمکردنەوەی رێژەی مردن، یانی لهیچ وەلاتێکا دانینە کە گەرەنتین هەبێ کە تۆ رێژەی مردن هەبێ، وەك ئەم کۆرۆنایێ، ئەز دەبینم ماددا پێنجێ وەکو رووپاك خانێ گوتیا پشتگیریا هەردووکیان دەکەم کو بێتە لادان، چونکا کەمکردنا رێژەی مردن هیچ کەسەکیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن أحمد حەمە صالح هەورامی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بدریە خان، فەرموو.

**بەڕێز بدريه إسماعيل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٢) لە ئامانجەکانی یاساکەی کە ژماردووە بەڵام وەك سەیر دەکەین هەر شەش بڕگەکە کە مافەکانە بە یەك دێڕیش باسی ئامانجەکانی ڕێکخستنی پابەندییەکان نەهاتووە، کەوا پێویست دەکات بۆی زیاد بکرێ، لە دوای ئامانجەکان پێویستە چوارچێوەی پیادەکردنی یاساکە بە ڕوونی بنووسرێ، پشتگیری لە قسەکانی بەڕێز مامۆستا هەڵەز، سەرچنار خان دەکەم لە خاڵی دووەم لە ماددەی (دووەم)، پشتگیری لە قسەکانی گوڵیزار خان دەکەم و ڕووپاك خان لە خاڵی پێنجەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن أحمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کاروان، فەرموو.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بە ناوی خودای گەورە و میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٢) ئامانج لە دەرکردنی یاسا ئەوەیە کە هەم دووبارە نەبێت، هەمیش زیادەی تێدا نەبێت، بەڕای من بەشێکی ئەم ماددەیە زیادەیە وەکو برای بەڕێزم کاك ڕێبوار باسی کرد، لەبەر ئەم خاڵانەی خوارەوە:

١-بڕگەی (یەکەم) بڕگەی (دووەم) لە هۆیەکانی دەرچوواندن بە وازحی ئاماژەیان پێکراوە، بڕگەی (سێیەم) لە بەشی (دووەم) لە ماددەی (پێنجەم) لە بڕگەی (یەکەم) بە وازحی ئاماژەی پێکراوە، بڕگەی (چوارەم) لە بەشی (دووەم) بە (٥) ماددە و لە بەشی (سێیەم) بە (٩) ماددە باس کراوە، بڕگەی (پێنجەم) خۆی زیادەیە، چونکە لە ئەساسدا ئەم بابەتە بابەتێکی قەدەرییە، ئەوەندە بابەتێکی زانستی نییە، لە هەمان کاتیش دا ئەوە خواستە نەك دڵنیایی، من پێموایە ئەم ماددەیە زیادەیە، هیوادارم کە هەڤاڵانمان لە لیژنەی قانونی و لە لیژنەی تەندروستی پێداچوونەوەی بۆ بکەن، چونکە ماددەکە زیادە ئامانج لە یاساش دووبارە نەبوونەوەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن أحمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، حسیبە خان، فەرموو.

**بەڕێز حسيبه سعيد إبراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (دووەم) لە ئامانجەکان من پێشنیاری ئەوە دەکەم کە خاڵی (یەکەم) و (دووەم) بکرێن بە خاڵێك و بەو شێوەیە دابڕێژرێنەوە:

پاراستنی تەندروستی گشتی هاووڵاتیان لە ڕێگەی پاراستنی مافە بنەڕەتییەکانی نەخۆش و دیاری کردنی ئەرکەکانی بە سوود وەرگرتن لە باشترین خزمەتگوزاری تەندروستی لە هەرێمی کوردستان دا.

هەروەها پێشنیاری ئەوەش دەکەم کە خاڵێکی تر زیاد بکرێت مادام باس لە ئامانجەکان دەکەین و تیاشیدا پێشکەش کردنی باشترین خزمەتگوزاری تەندروستییە بۆ هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان، بەهای مرۆڤ بوون بە بایەخدان بە بواری هونەری پەیوەندی مرۆیی، شێوازی هەڵسوکەوت کردنی ئیجابی لەگەڵ نەخۆش و پاراستنی مافەکانی نەخۆش، چونکە بە جۆرێك تاوەکو ئێستا زۆربەی سەرچاوە زانستییەکان ئاماژە بەوە دەدەن کە ئەم بابەتە لە خودی زانستی پزیشکی گرنگترە، سوپاس.

**بەڕێز هێمن أحمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د.عثمان، فەرموو.

**بەڕێز د.عثمان علی سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (٢) ئامانجەکانی ئەم یاسایە بریتین لەمانەی خوارەوە، فەقەرەی یەکەم کە دەفەرمووێ دیاری کردنی ماف و ئەرکی نەخۆش، پێموایە ئەگەر لە لیژنەی تایبەتمەند پێداچوونەوە بکەن لەوەی کە نەخۆش خوای گەورە تەکلیفی لەسەر هەڵگرتووە (**لا یكلف الله نفساً..**) یان (**لیس علی المریض حرج**)، لە باتی ئەرکی نەخۆش بکرێتە (پابەندییەکانی نەخۆش)، فەقەرەی دووەمیش پشتیوانی لە قسەکانی خوشکی بەڕێزم سەرچنار خان و د.محی الدین دەکەم، کە ئێمە ئەگەر دوژمنانی کوردیش کوردستانیان پارچە پارچە کردبێ با ئێمە بۆ خۆمان تەواوکەر نەبین خوا نەخواستە، با ئێمە بڵێین هاووڵاتیان بێ یاخود هەر کەسێك بێ، ئایا دەکرێ نەخۆشێك لە ژێر عەمەلیات بێ و داوا تەئید سەکەنی لێ بکرێ، یان داوای هاووڵاتی بوونی لێ بکرێ، کەواتە سەلامەتی هەر تاکێکی (**إن کلکم من آدم و آدم من تراب**) کەواتە هیچ کەسێك جیاوازی نییە، موسوڵمان بێ، غەیری موسوڵمان بێ، لە ئاست قانون دەبێ هەموومان یەکیان بین، زۆر سوپاس بۆ جەنابیشتان.

**بەڕێز هێمن أحمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك سیروان، فەرموو.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بە ناوی خوای گەورە.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٢) (دووەم) وا هاتووە پاراستنی مافە بنەڕەتییەکانی هاووڵاتیانی هەرێم لە سوودوەرگرتن تا دوایی، بە پێی ئەوەی هەمووومان وامان باس کرد، ئێمە دەزانین لەو هەرێمەدا جۆرەها خەڵك و ڕەگەز و هاووڵاتی تر دەژین، هەیانە ئیقامەیان هەیە، هەیانە نیشیانە، ئینجا من بۆ ئەوەی کورتی بکەمەوە، پێم باشە لەبەر ئەوەی هەموو لایەك بوودمەند بن، هەرچەندە لە شوێنێك دا دەڵێ لە باشترین خزمەتگوزاری کە ئەو مەتاتییە نازانین چییە، دکتۆرێك پێی باش بێ پاراسیتۆل لە هەموو شتێك باشترە، دکتۆرێکی تر پێی باش بێ، ئەوە ڕوون بکرێتەوە، بەڵام من پێم باشە ماددەی دووەم وای لێ بکرێ:

پاراستنی مافە بنەڕەتییەکانی هاووڵاتیانی نیشتەجێی هەرێمی کوردستان....هتد، یەعنی نیشتەجێی هەرێمی کوردستان بن، پشتگیری لە ڕەئیەکانی خاتوو هەڵەز و خاتوو سەرچنار دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز هێمن أحمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك حاجی سفین، فەرموو.

**بەڕێز سفين اغا عمر اغا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٢) خاڵی (٥) کەمکردنەوەی ڕێژەی مردن و پەککەوتەیی، پێمباشە پێشگرێکی هەبێت ئەو ڕستەیە جوانتر دەبێت، (هەوڵدان) یان هەوڵ بدرێت کەمکردنەوەی ڕێژەی مردن و پەککەوتەیی باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن أحمد حەمە صالح هەورامی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك ڕزگار، فەرموو.

**بەڕێز ڕزگار محمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان.**

ماددەی (٢) بڕگەی (١) و (٥) باسی پاراستنی نەخۆش و کەمکردنەوەی مردن دەکات، بەڵام هەندێ جار بە هۆی حادیسەی ئۆتۆمبێلەوە دەبینین خەڵکانێك لە نێو ئۆتۆمبیلەکە گیانیان لە مەترسیدایە، بەڵام خەڵك ناچێ بە دەمیانەوە لەبەر ئەوەی کە وەختێك ئەو کەسە دەگوازرێتەوە بۆ نەخۆشخانە لە جیاتی ئەوەی سوپاس بکرێ سزا دەدرێ، جا ئەوە حاڵەتێکە زۆر کەس بە هۆی ئەو حاڵەتەوە گیان لە دەست دەدا، من پێشنیار دەکەم کەوا عیلاجێك بۆ ئەو حاڵەتە بدۆزرێتەوە، پشتگیری لە پێشنیارەکەی کاك بەڵێنیش دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن أحمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، شیرین خان، فەرموو.

**بەڕێز شيرين أمين عبدالعزيز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان.**

سەبارەت بە بڕگەی (چوارەم) لە ماددەی (٢)ی پێشنیازە یاساکە هاتووە بەرز کردنەوەی ئاستی وشیاری نەخۆش دەبارەی ماف و ئەرکەکانی لە دامەزراوە تەندروستییەکان، دیارە لێرەدا ڕوون نییە ئەو ڕێکارانە چین بۆ ئەوەی نەخۆش بە مافەکانی خۆی ئاشنا بێت، من لێرەوە پێشنیاز دەکەم لە نەخۆشخانە و بنکە تەندروستییەکان مافەکانی نەخۆش بە پۆستەر هەڵبواسرێت بۆ ئەوەی نەخۆش ئاشنا بێت بە مافەکانی خۆی، لە هەمان کات دا بوونی یاخود دابین کردنی سکاڵا، سندووقی سکاڵا لە بنکە تەندروستییەکان دەستەبەر بکرێ، مەرج نییە بۆ هەموو حاڵەتێك پێویست بکات سکاڵا لە ئاستی با بڵێین بوونی لیژنەی لێکۆڵینەوە تۆمار بکرێت و ئاراستەی وەزارەتی مەعنی بکرێت، بەڵکو هەندێ سکاڵای تر هەیە، ڕەنگە پێشێلکاری لە ئاستێکی خوارەوە بێت پێویست بەوە نەکات بگاتە ئاستی پێکهێنانی لیژنەی لێکۆڵینەوە بۆ ئاشنا بوون بە مافەکانی خۆی و دەستەبەر کردنی، سوپاس.

**بەڕێز هێمن أحمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د.إسماعیل، فەرموو.

**بەڕێز د.إسماعیل علی طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن ژی چەنـد تێبینـیەکم هەبـوو ڤـان لسـەر مـاددەی، ئێـك شـی لهاووڵاتی خالا دووێ ببێـتە دانیشتووی کوردستانێ، تا گشتر بێ و هەمیا بگریتن یێ کوردستانێ دانیشتوو بێت، سـوودمەند بێتن لچارەسـەریێ ئینشـاڵلا و تەعالا، خالا پێنجـێ کەمکـردنەوەی ڕێـژەی مـردن و پەککەوتنـی پەیڤا و زیان، زیان بۆ زیاد ببێـتن، و دیسـان پشـتگیریا خوشـکە سـەرچنار و هلـز خـانێ دکەم کە تایبەت زێدەکرنا خالا حەفتێدا، ئەوە پێشنیار کری، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن أحمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شەمۆڵ، فەرموو.

**بەڕێز شەمۆڵ اشین صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی لە قسەکانی کاك د.ڕێبوار و کاك کاروان دەکەم، بەڵام لە کـاتی مـانەوەی خـاڵی (٣) بەو شێوەی لێ بکـرێ (پاراسـتنی شـکۆمەندی و سـەلامەتی نهێنییەکـانی نەخـۆش و بەرزکـردنەوەی ئاستی سوودمەندی و خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لە دامەزراوە تەندروستییەکانی هەرێـم جگە لەو نەخۆشیانەی کە دەگـوازرێتەوە لە کەسـێکەوە بـۆ کەسـێکی تـر و دەبێـتە مەترسـی بـۆ ژیانی تاك و کۆمەڵگا(، پشتیوانی لە قسەکانی کاك باڵانبۆ و کاك سەرکۆش دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن أحمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سـوپاس، لیـژنەی تایبەتمەنـد دەسـت بە خوێنـدنەوەی بەشـی دووەمـی مافەکـانی نەخـۆش بکەن، یان ئەگەر سەرنج و تێبینییەکتان هەیە، فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دبینم هەندەك تێبینیا بدەمە دیـارکرن، تێبینیەکـا گشـتی بـۆ ئەنـدامێت بەڕێـزت پەرلەمـانێ، هەر یاسـایەکی مـاددەیەك دڤیـا تێـدا هەبێـت ئەڤ نـاڤێ ئامانجەکـانی ئەم یاسـایە، بـۆ ژبەر ئەم مەبەستێ تاکو فەلسەفە و مەقاصدێت مەشەریعی ئدڤێ یاسایێدا دیار بن، دایمەن ژ ئەڤ ماددە بێتەڤیا لماددە دوو پشتی تەعریفا بێتە دانان، گرنگی دانانیێ ڤێ ماددەیدا لدەسپێکا ماددەیـا بـۆ هەندێیا ئەڤ فەلسەفە مەقاصدە یێ دێ یاسـایا دیـار بـێن، چونکـا سـنووری یاسـای سـنوورەکی گەلەکـی بەرفـرەیە، وەختـێ ئەم مـاددەیە تێـدا بێـنە ئەنجـام، زۆر تەبیعـیە دێ تیکـرارێ هەمـی ماددەیت دیـڤ تیـدا هەبیـت، چـونکی ئەڤ مەقاصـدە ئەو سـتراتیجەیەتە مەزن یـا مەشـەرەعی دیتی ڤێت دارێژێت لدیڤدا دێتە مشەرع کرن، ئەم ژ دبینـین ئەمـژی دزانـن تیکـرار دا هەی، بەس ئەڤە ئەهدافێ قانوونینە، ئەڤە مەرەمێ مەشەرەعینە دیڤدا هەر مـاددەکی پێتەڤیـا لماددەیەکی

دی ئبتەفصلتر وەکو ئیجرائات ئەگەر موحتاج بێ بێتە داڕشتن وەکو شەرح بێتە داڕشتن، یانی ئەڤە زۆر تەبیعیە وەکو تێبینی ئەو ماددەیە ئامانجێت یاسایی زۆر تەبیعیە تیکرار بێت لگەل هەمی ماددەیێ دیڤ خۆ، ئەڤە یەك، مولاحەزەیەکا دی سەبارەت بە مافە بنەڕەتییەکانی هاووڵاتییانی هەرێم، ئەڤ یاسایە ئەگەر شەرعیەتی ڤان دیارە پێشنیازە یاسای ئەرکەکان و مافی نەخۆش لە هەرێمی کوردستان، کەواتە لە هەرێمی کوردستان ئەڤ خەڵکە لە هەرێمی کوردستان، هاووڵاتییەت هەرێما کوردستانێ بەس مەعنا ئەو نینە ئەگەر کەسەکی دی غەیری هاووڵاتی هەرێمی کوردستانی بێت نەشێت سوودمەند بێت لماددەێ سێ بڕگا دوو زۆر بە وازحیا هاتی مافی نەخۆشییە، ئەڤ مافە بۆ هاتینە دانان بێ بەرچاف وەرگرتنا رەگەزی رەگەزنامەیێ ئاینێ و هەر هۆکارێکی کۆمەڵایەتی، یانی ئەڤە موشکیلەك نینە دڤێ یاساییدا، سوپاس.

**بەڕێز هێمن أحمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

تێبینی ترتان هەیە لیژنەی تایبەتمەند؟ بەڵێ د.شایان، فەرموو.

**بەڕێز د.شایان کاکە صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەی (چوارەم) بەرزکردنەوەی ئاستی وشیاری نەخۆش دەربارەی ماف و ئەرکەکانی لە دامەزاروە تەندروستییەکان، دیار بوو چەند بەڕێزێك کۆمێنتیان هەبوو لەسەر ئەو بابەتە، خۆی لە خۆیدا ئەو یاسایە هەوڵێکە بۆ بەرزکردنەوەی، یەکێکە لە ئامانجەکانی بەرزکردنەوەی ئاستی وشیاری نەخۆش تا مافی خۆی بزانێ و ئەرکی خۆی بزانێ، هەر ئەو دانیشتنە خۆی بەشێکە لە وشیارکردنەوە، پاشان کە بڵاوکرایەوە لە وەقائیعی کوردستان ئەوەش بەشێکە لە وشیارکردنەوە، سەرەڕای پشتگیری کردنم بۆ قسەکانی بەڕێز شیرین أمین، هەروەها نەخۆش کە دەڵی ئەرکی نییە، بەڵێ نەخۆشیش ئەرکی هەیە، بەڵام حەرەجی لەسەر نییە، بەلێ، زۆرجار ئێمە لۆمەی ناکەین بەلاٚم لۆمەی هاوەڵەکەی دەکەین، لۆمە چۆن؟ مەسەلەن دەستدرێژی دەکاتە سەرمان، یان کارمەندێکی تەندروستی، ئەم حاڵەتانەش زۆر زۆر بووە، یەعنی ئەرکی هاوەڵی نەخۆشەکە هەمان ئەرکی نەخۆشەکەیە و ئاماژەشمان پێدایە لە یاسایەکە، بەس یەك شتی دیکە دەمەوێ بڵێم لەسەر ئەو بڕگەی کە بڕگەی دووەم (هاووڵاتیانی هەرێم) بەڕێزان ئێمە ئێستا ئەگەر وەکو پزیشك قسە بکەم، وەکو لە دامەزراوە تەندروستییەکان کە کارمان کردووە، دوژمنی خۆمان چارەسەر کردووە، دوژمنەکانمان کێن؟ تیرۆریستەکان، جەماعەتی داعش، یەعنی پێمان لە جەرگی خۆمان ناوە چارەسەرمان کردینە کە خۆ هاووڵاتی هەرێمی کوردستان نەبووە، ئەوە سوێندمان خواردووە، ئەوە ئەرکی سەر شانی خۆمانە بیکەین، بەڵام چارەسەرمان کردینە، یەعنی بۆ ئەوەی لای هەموو کەسێك ڕوون بێ، لەو ناحییەوە هیچ نەوعە درێغییەك نەکرایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن أحمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو.

**بەڕێز ڕۆژان إبراهيم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە راوبۆچوونا پەرلەمانتارا لسەر کەمکردنا رێژا بونیا پەککەوتەیی، پێویستا روونکردنەوە لسەر بێت دانێ، چونکێ ئێکی پێشڤەرێت پێشکەوتنا سیستەمێ تەندروستیا ئەگەر تو بێژی رێژا مردنێ لنەخۆشخانێ مەسەلەن بۆ نموونە کەمکرن، بێژن وڵاتەکی سبێتەنسی، هەروەصا سەبارەت بە گوتن کو رەوشنەبیر کرنا تەندروستی بۆ کێ بزەفرەتن، ئێ بەشەك سەر ێی یاسایی کەوتن ئەگەر هاتە دەرباز بین، بەشی دی ژی هەروەصا لسەر دامەزراوە تەندروستی بخۆت کەڤیتن و یاسایا تەندروستیا گشتیا سالا (١٩٨١)ی ژمارە (٨٩) لە مادده سێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن أحمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، د.گەلاوێژ فەرموو ئەگەر نوقتە نیزامییە.

**بەڕێز د. گەلاوێژ عبيد عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس، پێش ئێستاش من ویستم ڕوونکردنەوە بدەم وەکو ئەندامی لیژنەی تەندروستی، بەپێی ماددەی (٨٩) بڕگەی (دووەم) کە بەس مافی دەستەی سەرۆکایەتی نییە، مافی هەموو ئەندامانی لیژنەی تایبەتمەندە ڕوونکردنەوە بدەن، بەڵام د.ڕێواز ڕێگری کرد، بەڵام من ئێستا ڕوونکردنەوە دەدەم وەکو ئەندامی لیژنەی تەندروستی بە پێی پەیڕەو، ماددەی (دووەم) (پێنجەم) کەمکردنەوەی ڕێژەی مردن و پەککەوتەیی کە زۆربەی هەقاڵانمان لێرە ئەندام پەرلەمانەکان دەڵێن لابدرێ، ئێمە یاسایەك دادەنێین کە ئامانجی کەمکردنەوەی ڕێژەی مردن و پەککەوتەیی نەبی، بۆ چییە؟ ئێمە کە ئامانجەکە دادەنێین دەبێ ئەوە هەبێت، ئامانج لە دانانی ئەم یاسایە کەمکردنەوەی ڕێژەی پەککەوتەیی و مردنە، ئەگەر نەخۆش بزانێت خاڵی (شەشەم/ پتەوکردنی متمانەی نێوان نەخۆش و پزیشك و کارمەندانی تەندروستی لە دام و دەزگا تەندروستییەکان)، ئەگەر نەخۆش بزانێ یاسایەك هەیە پارێزگاری لێ دەکات و مافی دەپارێزێ تەبعەن پەیوەندییەکە متمانە دەبێت و پتەوتر دەبێت لە ما بەینی نەخۆش و پزیشك، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن أحمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، لیژنەی تایبەتمەند دەست پێ بکەن، فەرموون بە خوێندنەوەی (بەشی دووەم/ مافەکانی نەخۆش) ماددەی (سێیەم).

**بەڕێز د.شایان کاکە صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشی دووەم: مافەکانی نەخۆش

ماددەی (٣):

نەخۆش لە هەر دامەزراوەیەکی تەندروستی چ گشتی یان تایبەت بێت سەرجەم ئەو مافانەی دەبێت کە لەم یاسایە و یاسا بەرکارەکان دا هاتوون و بە یەك پێوەر و بە بێ جیاکاری مامەڵە لەگەڵ سەرجەم نەخۆشەکان دەکرێت، مافەکانیش بریتین لەمانەی خوارەوە:
یەکەم/ دابین کردنی ئامێر و تاقیگەی پشکنین و چارەسەرە بەردەستەکان بە شێوەیەك گونجاو بێت لەگەڵ پێوەرە زانستییە پزیشکییەکان.
دووەم/ مامەڵە کردن بە یەك پێوەر بە بێ جیاکاری لەگەڵ سەرجەم نەخۆشەکان دا بە شێوەیەکی یەکسانی و دادپەروەرانە بێ ڕەچاوکردنی هەر جیاوکێکی کۆمەڵایەتی ڕەگەزی، ڕەگەزنامە، ئاین، یان هەر هۆکارێکی تر، لەگەڵ بە هەند وەرگرتنی زیانە پێشبینی کراوەکان بە ڕەچاوکردنی دۆخی بە پەلە و خاوەن پێداویستی تایبەت.
سێیەم/ پێشوازی و پشکنین و شوێنی مانەوەی بۆ دابین بکرێت بە شێوەیەك کە شکۆ و کەسێتی پارێزراو بێت.
چوارەم/ پارێزگاری کردن لە تایبەتمەندییەکانی باری تەندروستی یان کەسی تەنها لەو حاڵەتانەدا نەبێت کە بە یاسا دیاری کراوە یان لەلای دادگاوە دیاری بکرێت یان ببێتە هۆی مەترسی بۆ تەندروستی گشتی.
پێنجەم/
١-دەستکەوتنی زانیاری تەواو لە پزیشکی چارەسەرکار و دامەزراوەی تەندروستی سەبارەت بە تێچووی دارایی تەواو و دەستنیشان کردن و چارەسەری نەخۆشییەکە بە زمانێکی ڕوون و ئاشکرا و زانینی پلانی چارەسەری و جێگرەوەکان و ئەگەرەکانی ئاڵۆزەکە لەگەڵ ڕەچاوکردنی دۆخی نەخۆشی مەترسیدار یان بە پەلە.
٢-تێڕوانین لەسەر دۆسیەی پزیشکی خۆی و دەستکەوتنی وێنەیەك لێی و دەستکەوتنی ڕاپۆرت لە باری تەندروستی خۆی لە کاتی پێویست دا بە بێ بەرامبەر.
شەشەم/ ڕەتکردنەوەی هەر خزمەتگوزارییەکی پزیشکی یان چارەسەرێکی دیاریکراو لەسەر بەرپرسیارێتی کەسی خۆی دوای ئەوەی ئاکامەکانی بە نەخۆش گوترابێت بە مەرجێك ڕەتکردنەوەی چارەسەری یان ڕاگرتنی نەبێتە هۆی مردنی نەخۆش هەروەها تەمەنی (١٨) ساڵی تەواو کردبێت و توانای هەبێت گوزارشت لە ویستی خۆی بکات.
حەوتەم/ وەرگرتنی بڕیار و ڕەزامەندی نووسراوی پێشوەختەی یان ڕەزامەندی هاوەڵی نەخۆش بۆ ئەنجامدانی هەر نەشتەرگەرییەك یان سڕکردنێك واتا بەنج جگە لە بارەکانی لە ناکاو و ڕووداوەکان دا.
هەشتەم/ لە باری لە ناکاودا یان لە پێناو ڕزگارکردنی ژیان پزیشك دەبێت بڕیاری جۆری چارەسەری ئەم نەخۆشانەی خوارەوە بدات بە بێ گەڕانەوە بۆ هاوەڵەکەی:
١-بێ هۆش.
٢-بیرکۆڵ.
٣-بێکەس.
٤-کاتێك نەخۆشی هاوەڵی هەوڵی زیان گەیاندن بە ژیانی خۆی یان کەسێکی تر بدات.
٥-نەخۆشی دەروونی ئەوانەی کە توانای بڕیاردانییان لەو کاتەدا نییە.

نۆیەم/ نەخۆش لە میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان نیشان نەدرێت تەنها بە ڕەزامەندی خۆی یان هاوەڵەکەی نەبێت.
دەیەم/ بەشداربوون یان نەبوون لە هەر جۆرە لێکۆڵینەوەیەکی پزیشکی و توێژینەوەی زانستی و لە هەر کاتێك دا بیەوێت دەتوانێت بکشێتەوە.
یازدەیەم/ ڕاوێژکردن بە پزیشك یان دامەزراوەیەکی تەندروستی دیکە بۆ نەخۆشییە تەندروستییەکەی لەم بارەدا پێویستە پزیشك یان دامەزراوەی تەندروستی یەکەم ڕاپۆرتی پزیشکی تەواو سەبارەت بە نەخۆشی و بە دواداچوونەکانی بداتە نەخۆش وەك بەرچاو ڕوونییەك بۆ پزیشکی دووەم.
دوازدەیەم/ پزیشك نەخۆش بە تەنها دەپشکنێت و کاتی پێویستی بۆ تەرخان دەکات ئەوەش ڕێگر نییە بۆ ئەوەی نەخۆش هاوەڵێکی لەگەڵ دا بێت.
سێزدەیەم/ پێویستە لەسەر وەزارەت بە گوێرەی توانا چارەسەری بە خۆڕایی لە دامەزراوە تەندروستییە حکومییەکانی هەرێم بۆ نەخۆشانی تووشبوو بە نەخۆشییە درێژخایەنەکان دەستەبەر بکات.
سوپاس.

**بەڕێز هێمن أحمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئێستاش هەر بەڕێزێك دەیەوێت بەشدار بێت لە گفتوگۆکردن لەسەر ئەو ماددەیە با دەست بەرز بکاتەوە دوایی ناوەکان دەخوێنینەوە لێرەوە دەست پێ دەکەین، با ناوەکان بخوێنینەوە بۆ ئەوەی کەس گلەیی نەکات:

- لیزا خان
- نجات خان
- لەیلا خان
- کاك مەلا إحسان
- کاك إدریس
- حسیبە خان
- کاك چیا
- کاك د.ڕێبوار
- کاك ڕڤینگ
- کاك زانا
- کاك شێخ زاهر
- گوڵیزار خان
- سوسن خان
- گوڵستان خان
- ژیان خان
- کاك سەروان
- کاك حاجی سفین

- كاك باڵانبۆ
- كاك جلال
- كاك هاوڕێ
- كاك كاروان
- شادی خان
- سەلما خان
- كاك شەمۆل
- كاك ڕزگار
- كاك عثمان
- شنۆ خان
- شیرین خان
- كاك د.إسماعیل
- كاك د.محی الدین.
- سەرچنار خان
- كاك مەم

لیزا خان، فەرموو.

**بەڕێز لیزا فلك الدین صابر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێمباشە بۆ ماددەی (٣) یاخود بڕگەی (دووەم) لە ماددەی (٣) تێمێك زیاد بكرێت، ئەویش بریتی یە لە تێرمـی بیروبۆچـوونی سیاسـی بەداخەوە كەلتـووری جیـاوازی كـردن لە بیروبۆچـوونە سیاسییەكان زۆرجار لە هەرێمی كوردستان كێشـەی لە سێكتەرە جیاجیاكـان دروسـت كـردووە، تەندروسـتیش لەوە بەدەر نەبــووە، بــۆیە پێمباشــە ئەگەر بكــرێ ئەو تێــرمە لەگەڵ ڕەگەز و ڕەگەزنامە و ئاین، بیروبۆچوونی سیاسیش زیاد بكرێ، چونكە زۆرجـار نەخـۆش حـاڵەت هـاتۆتە پێش كە نەخۆش بۆتە قوربانی ئەم ململانێیە لە نـاوچە جیاجیاكـان، بـۆیە پێویسـتە وردە وردە ئیتر هەوڵ بدەین ئەم جیاوازییە نەمێنێت، بۆیە پـێم باشـە بەم شـێوەیە دابڕێـژرێتەوە (مـامەڵە كردن بە یەك پێوەر بە بێ جیاكاری لەگەڵ سـەرجەم نەخۆشـەكان دا بە شـێوەیەكی یەكسـانی و دادپەروەرانە بە بـێ ڕەچـاوكردنی هەر جیـاوگەیەكی كۆمەڵایەتی، ڕەگەزی، ڕەگەزنـامە، ئـاین، بیروبۆچـوونی سیاسـی، یـان هەر هۆكـارێكی تـر لەگەڵ بە هەنـد وەرگرتنـی زیـانە پێشـبینی كراوەكان بە ڕەچاوكردنی دۆخە بەپەلە و خاوەن پێداویستی تـایبەت، هەروەهـا پێمباشـە چەنـد خاڵێكی تریش بۆ ماددەی (٣) زیـاد بكرێـت، خاڵێـك كە زۆر بە گرنگـی دەزانـم و بەڕاسـتی لەلام سەیرە كە بە هیچ شـێوەیەك لە پـرۆژەكەدا باسـی لـێ نەكـراوە، ئەویـش بـاری دەروونـی خـودی نەخۆشەكەیە، ڕەچـاوكردنی بـاری دەروونـی نەخـۆش پێویسـتە شـێوازی مـامەڵەكردنی سـتافی

نەخۆشخانە بە لەبەرچاو گرتنی دۆخی دەروونی نەخۆشەکە بێت و مامەڵەیەکی هەستیارانە بێت، بە تایبەت لەگەڵ ئەو نەخۆشییانەی کە نەخۆشی درێژخایەنیان هەیە، چونکە ئەو نەخۆشانە بە تایبەت دەکەونە بارێکی دەروونی زۆر هەستیارەوە بە تایبەتی نەخۆشی شێرپەنجە و شەکرە و فشاری خوێن، هەروەها خاڵێکی تریش ئەگەر دیسان لە ماددەی (٣) زیاد بکرێت، ئەگەر هەر کێشەیەك یان هەر پێشهاتێکی نەخوازراو لە نێوان نەخۆش یان کەس و کاری نەخۆش لەگەڵ ستافی نەخۆشخانە ڕوویدا نابێت کاریگەری نەرێنی بەسەر پرۆسەی چارەسەرکردنی نەخۆشەکەوە هەبێت، هەروەها خاڵێکی دیکەش کەسی نەخۆش مافی خۆیەتی کە لە نەخۆشخانە داوا بکات کە جیابکرێتەوە لەو کەسانەی کە هەڵگری نەخۆشییە گوازراوەکانن یان لەو نەخۆشانەی کە باری دەروونییان لە دۆخێکی ناسەقامگیردایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن أحمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك چیا، فەرموو.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من چەند تێبینییەك هەی لە مادده (٣) مامەڵە کردن بە یەك پێوەر بە بێ جیاکاری لەگەڵ سەرجەم نەخۆشەکاندا دەکرێت مافەکانیش بریتین لەمانەی خوارەوە، هەروەصا لە ماددەی دووێ دیسا تیکرار وشتێ تیکرار هاتییە دیسا نڤیسیە یەك پێوەر بەبێ جیاکاری لەگەڵ سەرجەم نەخۆشەکان، ئەز بینم کە ئەوە شتەکی دووبارەیە، خالا شەشێ هەروەصا ڕەتکردنەوەی هەر خزمەتگوزارییەکی پزیشکی یان چارەسەرێکی دیاریکراو لڤێرێ ئیشارەت دای هەروەصا تەمەنی هەژدە ساڵ بی، ئەگەر هاتوو تەمەنی وی نەهەژدە ساڵ بیت کە چ بڕیار دێتە دان، هەروەصا کێ هەقەی ویە ئەوەی تەمەنی سێزدە ساڵ یان چاردە ساڵ یان زارووکەکا لێری ئیشارەت پێ بێتە دان کە مەسەلەن پلە یەکێ عائیلی حەقە بێت، هەروەصا وەکو لیزا خان ئیشارەت پێدایا ئەگەر هاتوو نەخۆشی دەروونی هەبێت، یان ئەگەر نەخۆشی ئەقلی هەبێت، کێ بڕیار لسەر وی نەخۆشی دەداتن، نەخۆشی دەروونی و تەئییدا لیزا خان دەکەم کە پێشدەڤیا ئیشارەت پێ بدایا نەخۆشیە دەروونییەکانیش، هەروەصا ماددەی دەیەم بەشداربوون یان نەبوون لە هەر جۆرە لێکۆڵینەوەیەکی پێتەڤیا لێرێ ئلغایی ئەوە کە خۆبەخشی بێتە زێدەکردن خۆبەخشانە بێت، نە خۆڤەکێشت یان خۆبەخشانە بت، ئەگەر مە بڤێت نا ڤێ بەشدار بێت لە ئەگەر ڤە نەبێت یانی خۆبەخشانە بیت، بابەتی ژی دی هەر خالاکا دی کە بەحسا مافی نەخۆش هاتیە کرنێ، بەس رخێدیوا پێتەڤیا رێزا پزیشکی ژ بێتە گرتن، گەلە جارا دەولەتا ئەوروپیان هەموو دنیایێدا نەخۆشەك ئەگەر پێگری بە رێکارێت یاسایی یان رێکارە پزیشکین یانی پزیشکی حەقە بیت ئەوێ چارەسەریا رەت بکەت، یانی لڤێرێ پێتەڤیا ئەم حەقوقەکێ چاوکاندنە بۆ نەخۆشێ ئەم وەصاندنە بدرێ بە پزیشکین، گەلە جارا ئەگەر بێتوو نەخۆش پێگری هەمی رێنماییا یان دەرمانی چارەسەریا نەکرد، یانی دکتۆر جێی حەقە ئەز ڤێ چارەسەریا رابگرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن أحمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، سەلما خان، فەرموو.

**بەڕێز سلمى فاتح توفيق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە بەشی مافەكانی نەخـۆش ئـێمە دواتـر مافەكـانی، ئەركەكانمـان هەیە كە ئەركـی ڕێـز گـرتنە لە پزیشك و كارمەندان بەڵام پێویست دەكات لێرەشـدا مـاددەیەك زیـاد بكـرێ پـێش دابـین كردنـی ئـامێر و تـاقیگە و هەر بـابەتێكی تـر بـۆ نەخـۆش پێویسـت دەكـات ڕێـز لە نەخـۆش و هـاوەڵی نەخۆش بگیرێ، بۆیە پێم باشە بڕگەیەك زیاد بكرێ كە ئەوە پێموایە كارێكی باش دەبـێ، چـونكە لە ئەركەكان دا لەسەریەتی كەواتە لە مافەكانیش دا پێویست دەكات هەیبێت، لە بڕگەی (نۆیەم) باسـی نەخـۆش دەكـات كە لە میـدیا و تـۆڕە كۆمەڵایەتییەكـان پێشـان نەدرێ، بەڕێـز سـەرۆكی پەرلەمـان، پێویسـت دەكـات بڵـێن نەخـۆش لە سـەرووی تەمەن (١٨) سـاڵ لە میـدیا و تـۆڕە كۆمەڵایەتییەكان نیشان نەدرێ تەنها بە ڕەزامەندی خۆی یـان هـاوەڵەكەی، بەداخەوە لە ئێسـتادا منداڵێكی زۆر كە نەخۆشن لە كەناڵەكان، لە میدیا، لە تۆڕە كۆمەڵایەتییەكـان بـوونەتە سـەرچاوەی داهات بۆ خێزانەكانیان و بازرگانیان پێوە دەكـرێ، بـۆیە پارێزگـاری كـردن لە منـاڵ تەنهـا ئەركـی دایك و باوك نییە، بەڵكـو ئەركـی یاسـا پارێزگاریـان لـێ بكـات و ئەركـی دەوڵەت و حكـومەتە كە پارێزگاریان لێ بكات، بۆیە مـن پـێم باشـە لە دوای بـڕگەی (نـۆیەم) بـڕگەی (دەیەم) نـابێ منـاڵی نەخۆش بە هیچ شێوەیەك پێشان بدرێت لە میـدیا و تـۆڕە كۆمەڵایەتییەكـان، ئەگەر ڕەزامەنـدی دایك و باوكیشی لەسەر بوو پێویست دەكات یاسا پارێزگاری لە كەرامەتی داهاتووی ئەو منـداڵە بكـات و پیشـان نەدرێ، لە بڕگەیەكـی دیـكەش پـێم باشـە زیـاد بكـرێكە نەخـۆش مـافی گـۆڕینی پزیشكەكەی هەبێ، یەكێك بێ لەو مافانەی كە هەیبێت، نازانم ئەگەر لە بـڕگەیەك دا تیایـدا بێـت یان سەیرم نەكردبێ پێموابوو تیایدا نەبێ، نەخۆش مافی ئەوەی هەبێ كە پزیشـكەكەی بگـۆڕێ، سوپاس.

**بەڕێز هێمن أحمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك د.محی الدین، فەرموو.

**بەڕێز د.محی الدين حسن يوسف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (٣) بڕگەی (دووەم) (مامەڵە كردن بە یەك پێوەر بە بێ جیاكاری تا كۆتایی بە شێوەیەكی یەكسان دادپەروەرانە بێ ڕەچاوكردنی هەر جیاوگەیەكی..) پێمـوایە ئەو جیـاوگ بە ئیمتیـاز دێ زۆر دەسـتەواژەكان، ئەگەر بكـرێتە (جیاكـاری) باشـترە، وشـەی (نەتەوەیـی) یەعنـی لەسـەر ئەساسی جگە لەوەی كۆمەڵایەتی و ڕەگەزی و ئـاین و ڕەگەزنـامە و نەتەوەیشـی بـۆ زیـاد بكـرێ، چونكە تا جیاوازی قەومیات نەكـرێ لە چ نەتەوەیەكە، ئەگەر مەبەسـت لە ڕەگەزی ئەوە زانیمـان جنسە، بەڵام ڕەگەزنامە پێموایە بكرێتە (وەڵاتینامە) باشترە لەوەی كە باسـی ڕەگەزنـامە بكەیـن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن أحمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، نجات خان، فەرموو.

**بەڕێز نجاة شعبان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ژبەر ئەڤ پێشنیارە ئێ یاسایی گرێدایا ڤ کەرتێت تەندروستیا، ئەز پێشنیار دکەم کو ماددەکی زێدەکەن لڤێ پێشنیارێ کو تێدا لیژنەك هەبێتن بۆ هەڵکەبوونەکا ئابووریێ بۆ سەر خەلکا کوردستانێدا بهێتن دماییێن خزمەتگوزارییا تەندروستی بێنە دەستنیشان کرن بڤ کاردانا وەك نموونە قەیرانین دارایی، سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمه صالح/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك حاجی (سفین)، فەرموو.

**بەڕێز سفین اغا عمر اغا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٣) پێم باشە لە خاڵی سێزدەهەم ئەوە زیاد بکرێ یان ئەو خاڵە زیاد بکرێ، پێویستە لەسەر وەزارەت خزمەتگوزاری تەندروستی بێ بەرامبەر بۆ پێشمەرگە قارەمانەکان و خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان و ئەنفالکراوان بکرێتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمه صالح/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ( رزگار)، فەرموو.

**بەڕێز رزگار محمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە پێشنیارەکەی (لیزا) خان و کاك (د.**عثمان**) دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمه صالح/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك (د.اسماعیل)، فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل علی طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من چەند تێبینیەك هەی یایەکێ ماددەی یەکێ دبێژیتن دەکرێت مافەکانیش بریتین لەمانەوەی خوارەوە، مانای وایە حەصرا مافاکا کر، ئەوە بریتییە لەوەی خوارەوە یانی لە زیاتر هەرهیچ نینە لەمافەکان، ئەمن دبینم ببێ بدەکرێت هەندێك مافەکانیش لەمانەی خوارەوەیە، چونکا زۆر مافێت نەساغی پتر ژێ وێك هاتینە حاصل کرن، دوو مولاحەزەی دووێ ئەز لگەل پشتگیریا کاك چیا دکەم فعلەن مامەڵە کردن بەیەك پێوەر ئەوە تیکرارە لگەل یایەکێ ئەڤە یەکسەر بیژم مامەلە کردن بە یەکسانی باشترەش ئەڤە دبینم هەندە تیکرار نینە خۆش تیکراری خەلاس کەین باشترە ئینشاللە، خالا شەشێ دەبیژیتن بەمەرجێك رەتکردنەوەی چارەسەریا راگرتنی نەبێتە هۆی مردنی نەخۆش، مەرج نییە ئیلا مردن، هەندەك جارا زەرەرو زیانا گەورەیە پێکەوتنەکا چاڤێت ویت کۆرە بن وەکو میسال کولاکولا یانی ئەگەر نایەتە چارەسەر کرن چاڤێ نەساغێ کۆرە بێ، ڤێ وەختی حەوجەرینە ئیزن لەوی وەرگرن، ئەم ڤێری زیدە کەین یان پەککەوتنەکا وەشی یانی بەس یان بەردەوام، ئەوێ ژی رەئیا وی تێدا نەهێتە وەرگرتن، سێزدەی ماددەی یازدەی عەفوەن، یازدەی بیژتن بارەدا پێویستە پزیشك یان دامەزراوەی تەندروستی یەکەم

ڕاپۆرتی پزیشکی تەواو، لقێرێ بێ بەرامبەر ئیزافە بکەن دا تەقریرەژی تەقریر وەختی پزیشک دەتێ پارە نەبیتن، بێ بەرامبەر نەبیتن، عفوەن من لە خالا نهی تێبینیا من دبیژی نەخۆش لە میدیا و تۆرە کۆمەڵایەتییەکان نیشان نەدرێ تەنها بەرەزامەندی خۆی یان هاوڵەکا، یانی مەعنا حقوقێت نەخۆشی و هاوڵەکەی وەکو ئێك لێکرن، ئەویانە هەر بژورێت بژین ئیزافەتێکی بدەینێ فی حالە ئەوە یانی عەقلی تێك چووبێ ناتوانێ تەعبیریش بکاتن و دەربڕینی خۆ بکەت یاڵلا هەوڵەکی حەق هەبێتن ئەو مافەی بداتێ کو ئیشێ ئی دەرکەوێ، ماددەێ سێزدێ دبیژیت پێویستە لەسەر وەزارەت بەگوێرەی توانا، ئەز بیژم بەگوێرەی توانا یعنی زێدەیە، نابێتن بەگوێرەی توانا، وەزارەت ئەبێ هەموو توانایێ خۆ صەرف بکاتن کو هاریکاریا نەصاغی بێتە کرنێ ئەو وجودا وێ دەبێتە نیشانا هەندێ کو یانی گەلەك شت نەهێنە کرن، ژبلی ڤێ من چەند یانی ماف ئیقتراح دکەم زێدە ببن ئێك ژوانا بۆ نەخۆشی هەیە رێگە پێ نەداتە دان، رێك نەیەتدانێ ئیکیقی ببینیتن کی بی، موحەقق بی کی بیتن دەجارا حالەتەکی نەخۆشە موحەقیق بشتە ئەفسەری رێ پێ نەیەتە دان، دوو کەمکردنا قورسیا دارایی و نەخۆشخانا خاصەتەن یێت ئەهلی لسەر نەخۆشی، ئیشارەکی بداتن نەفانێت نەساغێت خەستەخانێت ئەهلیدا بارا وانا گەلەك گەلەکی گرانا، یانی علی الاقل محاوەلەی بکەین کەم بکەین، دابین کرنا هێلەکا گەرم ئو ڤەکری بۆ پێشوازییا گازندەت نەساغێ نەساغێ گازندەت ینتە کێ؟ دڤێدەن بێتە ئاشکرا کرن کو گەینێتە فلان کەسی، خودێ من هێشتا پتر هەبوون ئەگەر .... سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاتەکەت تەواو دەقەیەك زیاتریشمان پێدای لەکاتی خۆت، (لیلی) خان، فەرموو.

**بەڕێز لیلی عبدالجبار حدو:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ژ بەرکو ئەو پێشنیازە یاسایە گرینگە و ژبەر هندێ ژی گرینگ ئەڤ برگا تێدا بێنە زێدە کرن، ێك پێتڤیا زانیاریێ کەسی و تایبەتی نەخۆشی پارێزراو بی، جگە لە خودی نەخۆش کەس ناتوانی وەربگرێت، زۆر جار دانی زانیاری نەخۆش کاریگەری دەروونی لەسەر خودی نەخۆشەکە دەبیتن، دووەم لە عیادەکان و نەخۆشخانەکاندا نابێت لە یەك کاتدا چەند نەخۆش پێکەوە چارەسەر بکرێن، چونکە ئەمە دژی مافی تایبەتی نەخۆشە، لە ئێستادا دکتۆرەکان چەند نەخۆش پێکەوە دەبینن بەداخەوە، سێیەم بۆ رەچاوکردنی مافی نەخۆش پێویستە بهێتە دیارکرن، رۆژانە دکتۆر دەتوانێ چەند نەخۆش ببینیتن؟ چونکە بەراستی ئەمەش دیتنی نەخۆشی زۆر لە رۆژێکدا کاریگەری نەرێنی لەسەر خودی نەخۆشەکە دەبیتن، سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، (ژیان) خان، فەرموو.

**بەڕێز ژیان طاهر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر جار دەبینین، دەبیستین کە نەخۆش بەهۆی هەڵەی پزیشکی پزیشکێك گیانی لە دەست داوە، یان وەزعی بەرەو خراپتر رۆیشتووە، ئەنجامەکەشی یان کەس و کاری نەخۆش گلەییان

له ئەدای پزیشك كردییە، یان پزیشك دیفاعی لەخۆی كردییە، كە خەتابار خوودی نەخۆش نییە، كە زانیاری تەواوی نەدایە پزیشك، هەرچەندە لە بەشی سێیەم ئەركەكانی نەخۆش ئیشارەتی بەوە دایە كە پێدانی زانیاری بە پزیشكی چارەسەركار ئەركی نەخۆشە، بەس ئەمە نابیتە بەڵكە بۆ پزیشك یان كەس و كاری نەخۆش، بۆ ئەوەی بیسەلمێنین كە زانیاری تەواوی بە پزیشك داوە، لە وڵاتە پێشكەوتووەكان فۆرمێك دروست كراوە بە ناوی(patient medical history for) كە لەلایەن نەخۆش، یان هاوەڵی نەخۆش، پێش ئەوەی چارەسەر وەربگرێ لە پزیشكەوە پردەكرێتەوە و ئیمزا دەكرێتن، بۆیە پێشنیار دەكەم بڕگەی چواردەیەم لەم ماددەیە زیاد بكرێ بەم شێوەیە (پێویستە فۆرمی مێژووی تەندروستی نەخۆش لەلایەن خودی نەخۆش یان هاوەڵی نەخۆش پڕ بكرێتەوە و واژوو بكرێت پێش وەرگرتن چارەسەر لەلایەن پزیشكی تایبەتمەندەوە چ لە نەخۆشخانەكان بێت یان لە نۆرینگەكان)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمه صالح/جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، (شادی) خان، فەرموو.

**بەڕێز شادی نوزاد وهاب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی سێهەم، بڕگەی چوارەم، پێم باشە كە یەك وشە لە پێشەوەی ئەو خاڵە زیاد بكرێ (پاراستن و پارێزگاری كردنی لە تایبەتمەندییەكانی باری تەندروستی یان كەسی)، چونكە ئێمە زۆر جار رووبەرووی ئەو حاڵەتە ئەبینەوە، كاتێ نەخۆش سەردانی دكتۆرێك ئەكات زانیاریەكانی هیچی پارێزراو نین، ئەگەر بە هۆكاری ئەوە بێت كە زیاد لە نەخۆشێك لە جارێكا دكتۆرەكە دەیانبینێت، یاخود بە هۆكاری باسكردن، یان گواستنەوەی زانیارییەكان بێ، لەبەر ئەوەی تەئكید كردنەوەیە لە پاراستن و پارێزگاریكردن لەو زانیاریانە، پێم وایە كە پێویستە ئێستا تەركیزی لەسەر بكەین، خاڵی نۆهەم دەربارەی میدیا و تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان، پێویستە ئەو رەزامەندییەی كە لە نەخۆش یا لە هاوەڵی نەخۆش وەردەگیرێت بە نووسراو بێت، ئەگەر بە نوسراو نەبێت رەزامەندی زارەكی هیچ وەقایەكی قانوونی نییە، بۆیە باشتر وایە كە ئەم دەستەواژەیە زیاد بكرێ (نەخۆش لە میدیا و تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان نیشان نەدرێت، تەنها بە رەزامەندی خۆی یان هاوەڵەكەی بە شێوەیێكی نوسراو) ئەم دەستەواژەیە زیاد بكرێ، بۆ زیاد كردنی چەند خاڵێك پشتگیری لە خاتوو (لیزا)ی هاوكارم دەكەم، كە زیاد كردنی خاڵێك دەربارەی باری دەروونی نەخۆش رەچاو بكرێ، لە كاتی نەخۆشییەكەیدا، مەرج نییە ئەو نەخۆشەی كە روو لە نەخۆشخانەكان دەكات خۆی باری دەروونی ناجێگیر بێ، بەڵام لە حاڵەتی تووشبوون بە نەخۆشیدا زۆر كات ئێمە دەیبینین نەخۆش دووچاری گرفتێكی دەروونی دەبێت، كە پەیوەندیدارە بە نەخۆشییەكەیەوە، زۆرتر ئێمە لە نەخۆشی شێرپەنجە دا دەیبینین، یان نەخۆشیە درێژخایەنەكانی دیكە، خاڵێكی تر رێزگرتن لە نەخۆش و هاوەڵی نەخۆش پشتگیری

له خانوو (ليزا)، (سلمه) خان دەكەم، بە زياد كردنی ئەم خاڵە بۆ ئەو ماددەيە، بە گرينگی دەزانم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هيمن احمد حمه صالح/جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، (سەرچنار) خان، فەرموو.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە سەرەتای ماددەی سێ، نەخۆش لە هەر دامەزراوەيێكی تەندروستی وشەيێكی گشتی يان تايبەت لابرێ، لەبەر ئەوەی پێويست ناكات، سەرجەم ئەو مافانەی دەبێ كە لەم ياسا و ياسا بەركارەكاندا هاتوون، ووشەی (هەندێك) دەكرێ ئەوانی تر تا كۆتايی هەموو لابرێ (هەندێك لە مافەكان بريتين لەمە)، چونكە مافەكان بەردەوام لە زيادبوونە، ناكرێ ئێمە حەصريان كەين لە چەند خاڵێكا، دوايی چەند ساڵی تر مافی تر بێنە دەرەوە هەندێك لە مافەكان ئەمانەن، يەكەم خاڵی دووەم، بڕگەی دووەم، ئەو (جياوگە) ئەو وشەيە كە هاتووە بە بڕوای من مەبەستی پێگەيە، ئەگەر پێگەكە بێت جوانترە، چونكە ئەو وشەيە زۆر بەكار نايێت، سەبارەت بە خاڵی شەشەم رەت كردنەوەی هەر خزمەتگوزاريەكی پزيشكی يان چارەسەری دياريكراو لەسەر بەرپرسياريەتی كەسی خۆی، دوای ئەوەی ئاكامەكانی بە نەخۆش گوترابێ، بە مەرجێك رەت كردنەوەی چارەسەری، يان راگرتنی نەبێتە هۆی مردنی نەخۆش، لێرە ئيزافەيێكی بۆ زياد بكرێ، يان پەككەوتەی هەميشەيی، چونكە مەرج نييە هەر مردن بێت، پەككەوتەی هەميشەيی جاری وا هەيە پێويست بەوە ئەكا كە ئەو حاڵەتەی بۆ بكرێ، لە بڕگەی هەشتەم، چوارەمی، كاتێك نەخۆش هەوڵی زيان گەياندن بە ژيانی خۆی يان كەسێكی تر بدات، يەعنی راستە چارەسەری بۆ ئەكرێ هەوڵی زيان گەياندن بە خۆی، كەسێكی تر، وازح نييە ئەو وشەيە هەر لابرێ، ئەو بڕگەيە، لەبەر ئەوەی مانايەك ناگەيێنێ، زيان بە يەكێكی تر بگەيێنی چارەسەری چی خۆت بكرێت، نۆيەم نەخۆش لە ميديا و تۆرە كۆمەڵايەتييەكان نيشان نەدرێ، تەنها بە رەزامەندی خۆی يان هاوەڵەكەی لابدرێ، چونكە هاوەڵەكەی پێناسەكەی هاتووە، لە ماددەی يەك، بڕگەی نۆ، پێويست ناكا جارێكی تر بێتەوە، خاڵی يازدەيەم، راوێژكردن بە پزيشك يان دامەزراوەيێكی تەندروستی ديكە، بۆ نەخۆشە تەندروستييەكان لەم بارەدا پێويستە پزيشك يان دامەزراوەی تەندروستی، يەكەم ئەمەی بۆ زياد بكرێ ( بێ بەرامبەر راپۆرتی پزيشكی تەواو سەبارەت بە نەخۆشەكە بدات)، ئەو بێبەرامبەرە گرينگە بۆ نەخۆش، لەبەر ئەوەی هيچ بارگرانيەكی دارايی نەكەوێتە سەری، دوازدەيەم پزيشك نەخۆش بە تەنها دەپشكنێت و كاتی پێويستی بۆ تەرخان دەكات، ئەمە رێگر نييە لەوەی نەخۆش هاوەڵێكی لەگەڵدا بێت، ناكرێ لێردا ئەو وشەيە هاوەڵ بێت، چونكە وشەی هاوەڵ پێناسەكەی جياوازە، بكرێتە وشەی (كەسێكی دی لەگەڵ بێت)، يەعنی حەصر نەكرێ لە هاوەڵا، كەسێكی تريشی لەگەڵدابێ، چونكە هاوەڵ بۆ ئەوانەی كە خزمايەتی و ئەوانەی كە پێشتر باسمان كرد، بەڵام كەسێكی تر، كەسێكی تری لەگەڵدابێت نەخۆشەكە، جاری

وا هەیە نەخۆشـەکە دەچـێ بـۆ پشـکنین کەسـێکی تـری لەگەڵـدایە، پێناسـەی هـاوەڵی بەسـەردا جێبەجێ نابێت، ناکرێ تۆ بڵێی لەبەر ئەوەی هاوەڵت لەگەڵ نییە هەر خۆت پشکنینت بۆ ئەکـرێ، سێزدەیەم پێویستە لەسەر وەزارەت، پێویستە لەسەرئەمەی بۆ زیـاد بکـرێ، لەسـەر ئەنجـومەنی وەزیـران و وەزارەت، چـونکە جـاری وا هەیە وەزارەت نـاتوانێ ئەو بـارگرانییە وەرگـرێ، ئەبـێ ئەنجومەنی وەزیران بچێتە ژێر باری ئەوە، پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەت، بە گـوێرەی توانـاش لابرێـت، چـونکە بەپێـی دەسـتووری عێـراقیش چارەسـەری نەخـۆش واجبـی دەوڵەتە کە بیکـا، نـاکرێ بەگـوێرەی توانا کەلیمەیێکـی مەطاطیـە ئەتـوانێ بڵـێ مـن توانـام نیـیە، نەخۆشەکەش دوایـی زەرەرمەنـد دەبـێ، سـێ خـاڵی تـریش زیـاد بکـرێ چـواردەیەم، پـازدەیەم، شازدەیەم، بەم شێوەیە، چواردەیەم دابینکردنی خـواردنی گونجـا و پێویسـت، کە لەگەڵ دۆخ و تەندروسـتی نەخـۆش گونجـاو بێـت، نەخۆشـی وا هەیە نەخۆشـی درێژخـایەنی لەگەڵـدایە، لە شەکرە، لە زەخت و لەمانە، ئەو خواردنانەی لە نەخۆشخانەکانا دروست دەکـرێ لەوە ئەچـێ بـۆ ئەو گونجاو نەبێ، بەڵکو رەچاوی ئەو بارەیەش بکرێـت، ئەو خاڵێـك تەسـبیت بکـرێ لە مافاکانـا، پـازدەیەم وشـیارکردنەوەی کەسـە نزیکەکـانی نەخـۆش، بـۆ نەخۆشـییە گوازراوەکـان، پێـدانی رێنمایی پێویست پێیان، هەندێ نەخۆشی هەیە گـوازراوەیە، دەبـێ ئەم کەس و کـاری نەخۆشـە ئاگـادار بکـرێتەوە لە رێنمـایی، چـۆن مـامەڵە لەگەڵ ئەو نەخۆشـە گـوازراوە بکـا، بـۆ ئەوەی کەسـەکانی نـاو ماڵەکەشـی لەگەڵیـانە تـووش نەبـن، شـازدەیەم ئەگەر نەخۆشـێك پشـکنین و چارەسەری لە هەرێم نەبوو، دەبێـت ئەنجـومەنی وەزیـران، وەزارەتـی تەندروسـتی، ئاسـانکاری تەواو بکا بـۆ پشـکنین و چارەسـەری پێویسـت بـۆی، چـونکە هەنـدێ پشـکنین هەیە نەخۆشـەکە دەسەڵاتی نییە، توانای ماددی نییە کە لەناو هەرێمـا بکـرێ، ئەبـێ لە دەرەوە ئەو کـاتە وەزارەتـی تەندروستی و ئەنجومەنی وەزیـران هاوکـاری نەخۆشـەکە بـێ بـۆ چارەسـەری و پشـکنینی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك (ادریس)، فەرموو.

**بەڕێز ادریس اسماعیل عبوش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سێ بە هەمـوو بڕگەکـانەوە باسـی دابینکردنـی دەرمـانی پێویسـت بە نرخێکـی گونجـاو نەکراوە، هەموومان دەزانـین نرخـی دەرمـان لە کوردسـتان زۆر بەرزە، کـوالێتیەکەش لە ئاسـتی ستانداردی جیهانی نییە، لەسـەر ئەوەشـدا زۆر بەرزە، هەروەهـا عەمەلیـات دکتـۆر پـێش ئەوەی کەسێك عەمەلیات بکات لەگەلی دادەنیشێت، یان لەگەڵ کەس و کـاری دادەنیشـێت دەلێـتن ئەو عەمەلیاتەت بۆ دەکەم بەوەنـدە وەرەقە، ئێسـتاش هەمـووی بە دۆلارە، دەڵـێ بەوەنـدە وەرەقە، وەکو مەعامەلاتی لێهاتووە، مەعامەلە لەگەڵ نەخۆش دەکەن، بۆیە من پێشنیار دەکەم، بـڕگەیەك

زیاد بکرێ بەم شێوەیە (دابینکردنی دەرمانی پێویست بە نرخێکی گونجاو)، ئەوە خزمەت بە نەخۆش دەگەیێنێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك (بالانبو)، فەرمووو.

**بەڕێز باڵانبو محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سێ، بڕگەی سێیەم، پێشوازی و پشکنین و شوێنی مانەوەی بۆ دابینبکرێت، بەشێوەیەك کە شکۆی کەسیەتی پارێزراو بێت، من پێشنیاز ئەکەم بەم شێوەیەی لێبێت، (پێشوازی و ڕێنوێنی کردن و پشکنین و شوێنی مانەوەی بۆ دابین بکرێت، بەشێوەیەك کە شکۆ و کەسیەتی پارێزراو بێت)، ماددەی نۆیەم نەخۆش لە میدیا و تۆرە کۆمەڵایەتییەکان نیشان نەدرێ، تەنها بە ڕەزامەندی خۆی نەبێت، من پێشنیار ئەکەم بەم شێوەیەی لێبێت (نەخۆش لە میدیا و تۆرە کۆمەڵایەتییەکان پیشان نەدرێت)، پیشان نەدرێتیش، پێویستە یاسا بۆ هەموو سەرپێچییەك سزا دابنرێت، ئەمە پێویستە سزای بۆ دابنرێت، چونکە بەراستی پیشاندانی نەخۆش لە هەندێ لە وڵاتەکان تا ئەو حەدەش ئەروا کە شەهادە لە دکتۆرەکە بسەنرێتەوە، بۆیە باش وایە ئەگەر سەرپێچی کرا سزایەك بۆ ئەو بابەتە دانرێ، بڕگەی دوازدە، لە ماددەی سێیەم، پزیششك نەخۆش بە تەنها دەپشکنێت و کاتی پێویستی بۆ تەرخان دەکات، ئەمەش ڕێگر نییە لەوەی کە نەخۆش هاوەڵی لەگەڵدا بێت، من پێشنیار ئەکەم بەم شێوەیەی لێبێت (پزیشك بە بوونی هاوەڵێکی نەخۆش یان هاوکارێکی پزیشکی نەخۆش دەپشکنێت و کاتی پێویستی بۆ تەرخان دەکات)، دیارە بەپێی یاسای (٨٩) ی ساڵی (١٩٨١)، خزمەتگوزاری تەندروستی ئەمە کە لە هەرێمی کوردستانیش بەرکارە، خزمەتگوزاری تەندروستی پێویستە بە خۆرایی بێ، بەڵام لێرە نووسراوە پێویستە لەسەر وەزارەت بە گوێرەی توانا چارەسەری بەخۆرایی لە دامەزراوە تەندروستییە حکومییەکان بۆ نەخۆشی تووش بوو، بۆ نەخۆشی درێژخایەن، دەستەبەر بکا، ئەمە حەق وایە بەو شێوەی لێبێت (کە پێویستە بۆ سەرجەم نەخۆشەکان دەستەبەری چارەسەربکا)، ناشکرێ بەراستی نەخۆش لە نەخۆشخانە، لە موڵکی حکومیدابێت، لەکاتی تەشتەرگەری نیمچە تایبەت پارەی لێوەربگیرێ، ئەمە پێچەوانەی یاسایە، ئەمە بە بڕیاری وەزارەتی تەندروستییە، بۆیە من پێشنیار ئەکەم سەرجەم وەزارەتەکان هەر ڕێنماییێکیان دەرکردووە کە پێچەوانەی یاسایە هەڵیبوەشێننەوە، پێشنیاری خاڵێکی تریش دەکەم کە زیاد بکرێ، ڕێگرتنی کەسی نەخۆش لە بەردەوام بوون لە کارەکەی، دیاریکردنی ئەو ماوەیەی کە لەلایەن پزیشکی چارەسەرەوە بۆی دیاری دەکرێت، ئاگادارکردنەوەی لایەنی پەیوەندیدار، لایەنی پەیوەندیدار بەرپرسە لە جێبەجێکردنی بڕیاری لایەنی تەندروستی، دیارە لە هەندێك حاڵەتدا کە نەخۆش لەوانەیە تووشی نەخۆشیەکی نەفسی بێت، بۆنمونە کەسێکی چەکدار بێت، کەسێك بێ لەوانەیە لەو شوێنەی کە دەوامی لێدەکا، ببێ بە هۆی نانەوەی کێشەیەك یان بەهۆی گیانلەدەستدانی خۆی،

کوشتنی یەکێکی دیکە، بۆیە باشتر وایە ئەمە لایەنەکانی خۆیانیان لێ ئاگادار بکرێتەوە، دەستتان خۆش بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (مم)، فەرموو.

**بەڕێز مم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی ماددەی سێیەم، من ئەم پێشنیازانەم هەیە، بۆ ئەندامانی بەڕێزی لیژنەی پەیوەندار و پەرلەمانتاران، پێشنیاز ئەکەم بڕگەی یەکەم، دووەم، لەگەڵ سێیەم، بسڕێتەوە، لە جێی ئەوە پێشەکییەکە بەم شێوەی لێبکرێت، جێگەی ئەو سێ بڕگەی تیا بکرێتەوە، چونکە بەراستی دەقی درێژ شایستەی ئەوە نییە کە یاساکە چاکتر وایە چڕی کەینەوە، دەستووری ئەمریکی حەوت ماددەیە، جا بۆیە لێرەدا ئەتوانین بڕگەی ماددەی سێیەم بەم شێوەیەی لێبکرێ، بیکەین بە بڕگەی یەکەم، نەخۆش لە هەر دامەزراوەیێکی تەندروستی گشتی یان تایبەت سەرجەم ئەوە مافانەی دەبێت کە لەم یاسایە و یاسا بەرکارەکاندا هاتوون، بە یەك پێوەر و بە بێ جیاکاری، وەك دابینکردنی ئامێر و تاقیگەی پشکنین و چارەسەرە بەردەستەکان و دابینکردنی شوێنی مانەوە لە نەخۆسخانەکان، پاراستنی شکۆ و کەسیەتیان، هەروەها پارێزگاریکردن لە تایبەتمەندییەکانی باری تەندروستیان، بەپێی یاسا بەرکارەکان، واتا بڕگەی چوارەم هەموو ئەمانە لە تێکستێکی پەرەگرافیا جێگەی بکرێتەوە، ماددەی دووەمیش دیسان پێویست بە کورتکردنەوە دەکا، ئەگەر پێویستی کرد دوایی پێشنیازەك پێشکەش دەکەم، لە بڕگەی نۆیەمیان نەخۆش لە میدیا و تۆرە کۆمەڵایەتییەکان، نیشان نەدرێ تەنها بە ڕەزامەندی خۆی یا هاوەڵەکەی نەبێت، ئەمە مافێکی تایبەتی نەخۆشە، پێشنیاز دەکەم هاوەڵەکەشی ئەو دەسەڵاتەی نەبێت، لە حاڵەتێکی وا دابێت، پێویست بەوە نەکا هاوەڵەکەی ئەو دەسەڵاتەی هەبێت، بڕگەی سیانزەیەم، پێویستە لەسەر وەزارەت بەگوێرەی توانا، زۆر لاستیکییە ئەمە وای لێدەکا کە وەزارەت هەندێ جار بڵێ توانامان نییە، یەعنی بەگوێرەی توانا لابرێ، ئیلزامی بێ، پێویستە لەسەر وەزارەت چارەسەری خۆرایی لە دامەزراوە تەندروستییەکان، حکومەتی هەرێم لابرێت، لەبەر ئەوەی لە پێناسەی ماددەی یەکەمدا باسکراوە، کە دامەزراوە تەندروستییەکان چین، بۆ نەخۆشانی تووش بوو، نەخۆشە درێژخایەنەکان، زامن بکرێ، دەستەبەر بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (زانا)، فەرموو.

**بەڕێز زانا خالد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی سێ، بڕگەی هەشتەم، باس لەو حاڵەتانە دەکا کە حاڵەتی لەناکاون، پێم باشە یەك خاڵ لەوان زیاد بکرێ، کە پێنج خاڵ نوسرایە، شەشەم بکرێتە نەخۆشی تەمەن خوار هەژدە ساڵ، کاتێك بڕیاری کەس و کاری یان سەرپەرشتیاری ڕێگر دەبێ لە پرۆسەی چارەسەری، لەو

حاڵەتەشدا پزیشك بتوانێ بڕیار بدا، نۆیەم پشتگیری لە قسەکانی (شادی) خان دەکەم، کە بکرێتە شێوەی نوسراو، ئینجا ڕەزامەندی بدرێ لە میدیا، نیشان بدرێ، وە پشتگیری لە قسەکانی (سلمە) خان دەکەم، کە منداڵ بە هەموو شێوەیەك قەدەفە بکرێ لە میدیاکان نیشان بدرێ، دەیەم بەشداربوونیان لە هەر جۆرە لێکۆڵینەوەیێکی پزیشکی توێژینەوەی زانستی، ئەم دێرەی بۆ زیاد بکرێ، پێویستە بە ڕەزامەندی نەخۆش بێت، چونکە گلەییێکی زۆر لەم بابەتە هەیە، کاتێك (training) ترەینینگ دەکرێ لەناو نەخۆشخانەکان، نەخۆش زۆر جار گلەیمان لەم بابەتە لێ دەکەن، دوازدەیەم پزیشك نەخۆش بە تەنیا دەپشکنێت، کاتی پێویستی بۆ تەرخان دەکات، لەم خاڵەیان پشتگیری لە قسەکانی (سەرچنار) خان دەکەم، هاوەڵ نابێ لێرە دەست نیشان بکرێ، ڕەنگە هاوڕێیەکی خۆی لەگەڵ بێ ئەم نەخۆشە، پێویستی بەوە بێ لە عیادەکەی بچێتە ژوورێ، بەڵام یەك وشەی بۆ زیاد بکرێ، بەڕەزامەندی خۆی، کەواتە بە ڕەزامەندی خودی نەخۆشەکە بێت، سێزدەیەم ئەم خاڵە زۆر مطاطیە، ناکرێ وەزارەتی تەندروستی تەنها نەخۆشییە درێژخایەنەکان بە خۆرایی چارەسەر بکات، پێچەوانەی یاسای تەندروستی گشتی عیراقییە، بۆیە بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە، پێویستە لەسەر وەزارەت خزمەتگوزاری خۆپارێزی، چارەسەری تەندروستی پێشکەش بە هاوڵاتیان بکا، بەپێی یاسای تەندروستی گشتی ژمارە (٨٩) ی ساڵی (١٩٨١)، چونکە ئێمە پێویستیمان بەوە هەیە لە مەرحەلەی ویقائیشدا وەزارەتی تەندروستی ئەرکی تەنها چارەسەر کردن نییە بەپێی یاسا، ئەرکی پاراستنی تاکەکانی کۆمەڵگەیە، بۆ ئەوەی نەخۆش نەکەون، لە کاتی هەر ڕوودانێك، پشتگیری لە قسەکانی (لیزا) خان دەکەم، بەڕاستی زۆر جار کە حاڵەتێکی نەخوازراو لەناو نەخۆشخانەکان دروست دەبێ، لەنێوان هاوەڵی نەخۆش، پزیشکێك، کارمەندێکی تەندروستی، لەوانەیە نەخۆشەکە بەدەر بنرێ، چارەسەر نەکرێ، بۆیە بە بڕگەیەك تەسبیتی بکەین، لەکاتی ڕوودانی هەر حاڵەتێکی نەخوازراو لەنێوان هاوەڵی نەخۆش و هێزکاری تەندروستی نابێ کاریگەری هەبێ لەسەر پرۆسەی چارەسەرسازی نەخۆشەکە، بڕگەیەك زیاد بکرێ، پشتگیری لە قسەکانی کاك حاجی (سفین) دەکەم، تایبەت بە خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان، ئەنفالکراوان، پێشمەرگە قارەمانەکان، کە سەرجەم پرۆسەی خزمەتگوزاری تەندروستیان بێ بەرامبەر بێت، پێویستە بۆ ئەم ماددەیە دوو بڕگەی تر زیاد بکەین، بڕگەیەك بەم شێوەیە بێت، نەخۆش بۆی هەیە سەردانیکردن ڕەت بکاتەوە، ئەگەر کاریگەری لەسەر تەندروستی، دەروونی، جەستەیی، هەبێت، بڕگەیێکی تر، پێویستە سەرجەم خزمەتگوزاریەکانی شوێنی حەوانەوە، خواردنی بۆ دابین بکرێ، بە ڕەچاوکردنی تایبەتمەندی نەخۆشیەکە، بەپێی یاسا بەرکارەکان، چونکە ئەمانەی باسمان کردییە هەمووی خزمەتگوزاری تەندروستییە، هۆسپیتەڵی نییە هۆتێلەوانی نییە، بەڵام دەبێت ئەمەشیان لە پێشوازیکردنیەوە تاوەکو خەواندنی، شوێنی حەوانەوە، ئەمەشیان هەر بەپێی یاسای تەندروستی گشتی، ئەرکی وەزارەتی پەیوەندیدار دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمه صالح/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (کاروان)، نوقتە نیزامە؟ فەرموو.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی ماددەی (٨٩) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، لە دانیشتنی دووەم، ئەندام ناتوانێ پێشنیار بۆ ئەندامانی پەرلەمان بکات، تەنها دەتوانێ ئاراستەی لیژنەی تایبەتمەندی بکات، بۆیە داوا ئەکەم قسەکانی بەڕێز کاك (مم) لە پرۆتۆکۆل ئەوەی کە پێشنیازی کردووە بۆ ئەندامان، بسڕێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمه صالح/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (مم) تەوزیحت هەیە هیچ؟ فەرموو.

**بەڕێز مم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە کە قسە ئەکەین، ئێمە هەموو هاوپیشەی یەکترین، کە قسە ئەکەم پێشنیاز بۆ دانیشتنەکەی ئەکەم، لەو چوارچێوەیە ئەندامان، کە ئەڵێم بۆ پەرلەمانتاران، ئەندامانی سەر سەکۆ وە زائیدەن ئەندامانی تری لیژنەی کاروباری یاسایی پەیوەندار، بۆیە ئەوە دەستەواژەیێکی مەجازییە، پێم وانییە شتێك بێ شایستەی سڕینەوە بێت.

**بەڕێز هیمن احمد حمه صالح/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (کاروان)، فەرموو.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشی دووەم، ماددەی سێیەم، چەند تێبینیەکم هەیە لە بڕگەی دووەمەوە دەست پێدەکەم، بڕگەی دووەم هەڵبەت وەکو پێشتریش ئاماژەمان پێکرد، تەناقوچاتی هەیە لەگەڵ ماددەی دوو، لە بڕگەی دوو، کە بە وازحی هاتووە، لەوێ باسی هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان دەکرێ، لێرە باس لەوە دەکرێ کە ڕەگەزنامەی هەبێت، کە ئەمە دوو شتی لەیەکەوە جیاوازن، هاوڵاتی وا دەکا کەسێکی خۆوڵاتی کە ڕەگەزنامەی کوردستانی هەبێت، پێویستە ئەم ماددەیە معالەجە بکرێ، بۆ چارەسەرکردنی کێشەی قانوونیمان بۆ دروست نەبێ لە داهاتوودا، بڕگەی پێنجەم ئیزافەیێکی بۆ بکرێ پێش ئەوە ئیزافە بکرێ، کە نەخۆش مافی سکاڵاکردنی هەبێت، لە کاتی هەڵەی پشکنینیدا، ئەگەر هاتوو بەشی یەکەم بڕگەی یانزەیەم معالەجەی ئەم بابەتەی نەکردبێ، مەبەستمان لە پشکنینە، هیوادارم دوای کاك (صباح) جواب بداتەوە، پێویستە کە نەخۆش مافی سکاڵاکردنی هەبێ، چونکە چەندان نموونەمان هەیە لە هەرێمی کوردستان کە بە هەڵە پشکنینێك نەخۆشێك دووچاری نەخۆشی دەروونی بووە، دە جار دکتۆری کردووە، تاوەکو گەڕاوەتەوە دۆخی دەروونی پێشووی خۆی، کە پێویستە لێرەدا لەم یاسایە چارەسەر بکرێ، بڕگەی پێنجەم، خاڵی دووەم، ڕەکیکە، من پێشنیار ئەکەم بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە، تێڕوانین لەسەر دۆسیەی

پزیشـکی زاتـی، دەسـت کەوتنـی وێـنەیەك و راپۆرتێـك لەبـارەی تەندروسـتی نەخـۆش لە کـاتی پێویستی بێ بەرامبەر، لە داوی بڕگەی هەشتەمەوە من پێشنیاز ئەکەم بڕگەیێکی تر ئیزافە بکرێ، بەم شـێوەیە بێـت (ئاسـانکاری تەواوەتـی بـۆ ئەو نەخۆشـانەی کێشـەی دەروونیـان هەیە و دابینکردنی شوێنی حەوانەوە و چارەسەری پێویست بۆیان)، لە کوردستاندا بە داخەوە شایەتی ئەوەیـن کە بە دەیـان، بە سـەدان، نەخۆشـی دەروونـی هەیە، لە شـارو شـارۆچکەکان کە لە سـەر شـەقامەکانن، پێویسـتە لە سـەنتەرەکانی دەروونـی جێگایـان بکـرێتەوە، ئەوەی مـن ئاگـادارم بەدواداچوونم بۆ کردووە، بەداخەوە بەشێکیان وەریش نـاگیرێن لەم سـەنتەرانە، نەك ئەوەی کە حکـومەت خـۆی بیگـرێتە ئەسـتۆی خۆیـان، بـڕگەی سـێزدەیەم، دووبـارە هـاوڕێ و بـرادەرانم بە تایبەتی خاتوو (سەرچنار) و کاك (زانا) و هەڤاڵەکانمان کە باسیان کرد، ماددەیێکی مطاطیە ناکرێ بوترێ، پێویستە لەسەر وەزارەت بەگوێرەی توانـا، ئەی ئەگەر وەزارەت توانـای نەبـوو؟ نەخـۆش ئەو کات چی بکات؟ پێویستە موطلەقەن باس لەوە بکرێ، کە وەزارەتـی تەندروسـتی وە کەرتـی تەندروستی بە گشتی بەرپرسیارە لە دۆخی نەخـۆش، بەشـێوەیەکی گشـتی، ئەمە کێشەیێکیشـی دروسـت کـردووە، بەرێـز سـەرۆکی پەرلەمـان، کە بەشـێك لەم نەخۆشـانە لە کـاتی ئەوەی کە نـاتوانرێ چارەسـەر بکـرێن، ئیحـالەی نەخۆشـخانە تایبەتەکـان دەکـرێن، کە بەشـێکیان توانـای ئەوەیـان نیـیە، لە کۆتایـدا پشـتیوانی هەڤاڵانم دەکەم کە بـڕگەی چـواردەم ئیـزافە بکرێـت، بەو شێوەیە بێت (چارەسەری پێویست بۆ کەسوکاری شەهیدان و ئەنفال و پێشمەرگە بـێ بەرامـبەر بێت، یانیش لایەنی کەم داشکانیان بـۆ بکـرێ)، پـێم وایە ئەگەر داشکانەکە بێـت ئەرکێکـی زۆر سەخت نابێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، (کلیزار) خان، فەرموو.

**بەرێز کلیزار رشید حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سێیەم، بڕگەی یەکەم، دابینکردنی ئامێر و تاقیگەی پشکنین، چارەسـەری بەردەسـتەکان، بەرای من ئەو چارەسەری بەردەستەکان، شێوازێکی مطاطی تێـدایە، چـونکە لێـرەدا ئـێمە دەبـێ مافەکانی نەخۆش پشتگیر کەین، بەرای من ئەگەر ئاوا بینوسین باشترێکە، ( دابینکردنی ئامێر و تـاقیگەی پشـکنین هەمـوو ئەو پێداویسـتیانەی کە بەکـاردێن بـۆ چارەسـەرکردنی مـانەوەی نەخۆش) ئەمە یەك، هەروەها خاڵی چوارەم، من لێـرەدا نـازانم مەبەسـتیان لێـرەدا چیـیە، بەرای مـن ئیعـادەی سـیاغە بکرێـت، هەروەهـا خـاڵی دەیەم، بەشـداربوون یـان نەبـوون، بەرای مـن بەشـداربوون، نەبـوونەکە رەش بکەیـنەوە، ئەوەی ڵد بـدەین، بەشـدار بـوون لە هەر جـۆرە لێکـۆڵینەوەیەکی پزیشـکی یـاخود تـوێژینەوەی زانسـتی بەپێـی رەزامەنـدی خـۆی، ئەمە دەبـێ ئیعادەی سیاغەتی بکرێ بەرای من، هەروەها خاڵی پازدە (راوێژکـردن و چارەسـەرکردن لەلایەن پزیشك)، ئەمە ئیزافە بکرێ، هەروەها خاڵی سێزدەیەم، تەندروستی حکومی، بەرای مـن ئـێمە بە کوردی دەڵێین (میری)، ئەم (حکومیە) لابدەین، بنوسین ( تەندروستی میری) باشترە، سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح/جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك (جەلال)، فەرموو.

**بەڕێز جلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، وێرای پشتگیریم بۆ قسەكانی (سلمە) خان، بۆ قسەكانی (سەرچنار) خان، بۆ ئەوەی كە یەك بڕگە زیاد بكرێ، بۆ بابەتی دابینكردنی خۆراك، پشتگیری تەواوی ئەو هەردوو بەڕێز دەكەم، دواتر لە بڕگەی دووەم پێم وایە مامەڵەكردن بە یەك پێوەر، واتا معیار بۆ شێوازی مامەڵەكردن بەكار نایێ، لەهەمان كات هەر لە بڕگەی دووەم، ئەڵێ سەرجەم نەخۆشەكان، نەخۆش بە جەمع هاتووە، پێم وا نییە وشەی سەرجەمیشی لەگەڵدا بەكار بهێنرێ، پێشنیاز ئەكەم بەم شێوازەی لێبكرێ بڕگەی دووەم، (مامەڵە كردن لەگەڵ نەخۆشەكاندا بەبێ جیاوازی كۆمەڵایەتی، رەگەزی، ئاینی، نەتەوەیی)، هەروەها لە بڕگەی چواردەیەم، پێم وایە بڕگەی چواردەیەم دەبێ لابدرێ، چونكە ئەم بڕگەیە لە قانوونی صحەی عامدا هەیە، بۆیە پێم وایە دووبارەكردنەوەی شتێكی ئەوتۆ زیاد ناكا، زائیدەن لە بڕگەی دەیەم بەژداربوو یان نەبوون لە هەر لێكۆڵینەوەیێكی پزیشكی، توێژینەوەی زانستی، لە هەر كاتێكدا بیەوێ دەتوانێ بكشێتەوە، پێم وایە تا ئەو شوێنە بمێنێتەوە، (بەشداربوون یان نەبوون لە هەر جۆرە لێكۆلینەوەیێكی پزیشكی، توێژینەوەیێكی زانستی)، هەندێ جار لێكۆڵینەوەكان ئەگەر لەناوەراستدا نەخۆشەكە بیەوێ جێی بێڵێ رەنگە گرفت بۆ لێكۆڵینەوەیێكی پزیشكی دروست بكا، بۆ ئەوەی نەخۆشەكە یا بەشدار بێ بە ویستی خۆی یان بەشدار نەبێ، كەبەشداربوو، با لێكۆڵینەوەكە تەواو بكا، پێویستی بەوە، سوپاس بۆ بەڕێزتان.

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح/جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك (مەلا احسان)، فەرموو.

**بەڕێز احسان محمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەحسێن مافێن نەخۆشێت دكەین، مافی نەخۆشی بوحەرەكا ئەز دبینم پێم ناخۆشە مەزنترین مافێ یا هاتیە ژ بیر كرن، چونكی ئەوە بۆ ماوەی چەند هەیڤانا كو ئەڤ ئێشا ڤایرۆسێ كۆرۆنا هاتیە كوردستانێ گرتییەوە، خەستەخانێن حكومی چارەسەری بشێوەیەكی دروست نایەتە كرن، كو مەسەلەن عەمەلیە و نەشتەرگەری نینە، دەرمان نینن، خەلكێ دی پەنا بێتە كیڤە تەنا بێتە بۆ خەستەخانێت ئەهلی، وەختی بلێ خەستەخانێت ئەهلی دەبینی قەیرانەكا دارایی لسەر هەرێما كوردستانێ داهاتیە خارێ، خۆ بەناچاری حكومەتا هەرێمی كوردستانێ وەلێهاتیە بە ناچاری هیچ پێویستا مووچەی فەرمانبەرا حكومەتێ ببڕیتن، ئەرێ ئەڤ خەلكا چاوا بچی چارەسەریا خۆیا لخستەخانی بكات لڤیا شوێنی هەبێ، لەو رووە پێششنیار دكەین كو خالەكا دیتی بێتە زێدە كرن بێتە بەرچاڤ كرن بریژیەكا ئیجگار زیاد چاوە مەچالیە هاتە كرن دگەل مووچەی هەم بەناچاری هەمی سەكتەری، سەكتەری تەندروستی، سەكتەری خاندنێ، سەكتەرێ خانیا نیشتەجێبوونێ ژی بێتە كرن، دووەم پاڵپشتیا كاك حاجی سەفین و كاك زانا و كاك كاروانێ

دکەم، بۆ پێشمەرگە و ماڵبەتێ شەهیدا بێ بەرامبەر خزمەتا بێتە کرن کەرتی تەندروستی، نە بەس حکومی هەتا ئەهلی ژی، چونکا هەتا خەستەخانێت ئەهلی هەمی بخوینا وان شەهیدا، و بخزمەتا وی پێشمەرگەی ئەڤرۆکە هاتینە ناو ساحێتدا، سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، (شنۆ) خان، فەرمووو.

**بەڕێز شنۆ اشقی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە مافەکانی نەخۆش، پێم باشە یەك دوو بڕگە زیاد بکرێ، لە هەرێمی کوردستانا کە نەخۆشخانە کراوەتەوە، ڕەچاوی ستاندارت و ڕێژەی دانیشتوان نەکراوە، لە دەستوری عیراقیدا هاتووە، کە حکومەت مولزەمە بەوەی کە دامەزراوە تەندروستییەکان دابین بکات، بەجۆرێك کە هاوڵاتی یان نەخۆش بەئاسانترین شێوە دەستی پێبگا، بەڵام ئەوە لە کوردستانا ڕەچاو نەکراوە، پێم باشە ئەوە بە ماددەیەك ئیزافە بکرێ، کە حکومەت بەپێی ستاندارە دوەلییەکان، بەرەچاوکردنی ڕێژەی دانیشتوان، دامەزراوەی تەندروستی بکاتەوە، کە هاوڵاتی بە ئاسانترین شێوە دەستی پێ بگا، بڕگەیێکی تر زیاد بکرێ، هەموو هاوڵاتییەك، هەر تاکێك، کە تەمەنی دەگاتە دوای تەمەنی (٤٥) ساڵی موعەرەزە بۆ تووشبوون بە نەخۆشی شێرپەنجە، لە زۆربەی وڵاتان هاوڵاتی لەدوای ئەو تەمەنە، لەسەر ئەرکی حکومەت، یاخود وەزارەت، پشکنینی شێرپەنجەی بۆ دەکرێ، شەش مانگ جارێك، پێم باشە ئەمەش زیاد بکرێ، سەبارەت بە بڕگەی سیانزەیەم، (بەگوێرەی توانا) لابدرێ، پشتگیری ئەو هاورێیانە دەکەم کە ئەو پێشنیارانەیان کرد، ئیزافەیێکیشم هەیە کە ئەو کەسانەی کەم دەرامەتن، هیچ سەرچاوەیێکی بژێوی ژیانیان نییە، لە نەخۆشخانە گشتییەکان چارەسەر ناکرێن، ئیحالەی نەخۆشخانەی ئەهلی ئەکرێن، حکومەت ئاسانکاریان بۆ بکات، بەجۆرێك بەخۆرایی لە نەخۆشخانە تایبەتەکانیش چارەسەر وەربگرن، ئەگەر پێویستیش کرا، پێویست بە دەرەوە کرا، دەعمی ئەو کەسانەش بکرێ، پشتگیری لە قسەکانی کاك (بالانبو)، (سلمە) خان، (لیلی) خان، (شادی) خان، کاك (کاروان)، دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، (سوسن) خان، فەرمووو.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر بڕگەی سێزدەیەم، ماددەی سێ، لە راستیدا ئەوەی کە وتراوە بەگوێرەی توانا، چارەسەری بەخۆرایی لە دامەزراوە تەندروستییەکانی حکومەتی هەرێم بۆ نەخۆشەکانی توشبوو بە نەخۆشییە درێژخایەنەکان بکرێ، من پێشنیار دەکەم کە لێرەدا یان بڕگەیەك زیاد بکرێ بۆ کەس و کاری شەهیدان و پێشمەرگە، یاخود هەر لەم بڕگەیەدا، لە کۆتاییەکەدا، ئەوە زیاد بکرێ، چارەسەری بەخۆرایی بۆ کەس و کاری شەهیدان، پێشمەرگە بکرێ، هەروەها بڕگەیێکی تر کە پێویستە لێرەدا زیاد بکرێ، ئەوەیە کە لە راستیدا بۆ نەخۆشخانە تایبەتییەکان، لەم یاسایەدا

ئەگەر بڕگەیەك زیادبكرێ، كەرێژەی (١٠%)، (١٥%)، مولزەم بكرێن، كە نەخۆشخانە تایبەتەكان لە راستیدا چارەسەری بۆ كەس و كاری شەهیدان و پێشمەرگە بكرێت، باش دەبێ، چونكە ئەم پەرلەمانە لە حەقیقەتدا ئەم پەرلەمان و حكومەت و هەرێمە، لەسەر خوێنی ئەو شەهیدانە و خۆراگری پێشمەرگە بەرهەم هاتووە، بۆیە من لەو بوارەدا پشتگیری لە برای بەرێزم كاك حاجی (سفین)، (د.زانا)، كاك (كاروان)، كاك مەلا (احسان)، دەكەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح/جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، (شیرین) خان، فەرموو.

**بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە مافەكانی نەخۆش، بڕگەی یەكەم، لە ماددەی سێیەم، باس لە دابینكردنی ئامێر و تاقیگەی پشكنین و چارەسەرە بەردەستەكان دەكات، بەڵام بەداخەوە لە هەرێمی كوردستان لەسەنتەری پارێزگاكان بە زۆری ئەو ئامێر و پێداویستییە تەندروستیانە دابین كراوە، تاوەكو ئێستا بەشێك لە قەزا و ئیدارە سەربەخۆكان، بەدەرن لەو پێداویستییە تەندروستیانە، مافی نەخۆشە كە لە هەر ناوچەیێكی هەرێمی كوردستان بێت، لە نزیكترین بنكەی تەندروستی چارەسەر بكرێت، ئێمە سەبارەت بە بڕگەی یەكەم، لە ماددەی سێیەم، پێشنیاز دەكەم، دابینكردنی ئەو ئامێر و جیهازانە، تەنانەت دكتۆر، لە كۆی قەزاو و ئیدارە سەربەخۆكان مەفروزە بەردەست بێت و دابین بكرێ، سەبارەت بە بڕگەی سێزدەهەم، بەپێی ئەم بڕگەیە حكومەت و لایەنی مەعنی، بەگوێرەی توانا چارەسەر بۆ نەخۆشی درێژخایەن دەستەبەر دەكا، ئەمە لە كاتێكدا بەشێك لەو هاوڵاتیانە لە هەرێمی كوردستان بەداخەوە رەنگە توانای دەخلیان مەحدود و دیاریكراو بێت، ببێتە سەبەبی ئەوەی كە ژیانی ئەو نەخۆشانەی كە هەڵگری نەخۆشی درێژخایەنن، بكەوێتە مەترسییەوە، بۆیە پێشنیاز دەكەم، حكومەت و وەزارەت و لایەنی مەعنی، چارەسەری نەخۆشانی درێژخایەن دەستەبەر بكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح/جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك شێخ (ظاهر)، فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، وێرای ئەو مافانەی كە لەو پێشنیازە یاسایەدا هاتوون بۆ نەخۆش، پێشنیاز دەكەم، ئەم مافانە زیاد بكرێ، لە مافەكانی نەخۆش بۆ پێشتیازە یاساكە، یەك نەخۆش مافی هەبێت ئەو تیمە تەندروستییەی كە چارەسەری دەكەن بیانناسێت، بە ناونیشانە وەزیفیەكەیان، دوو نەخۆش مافی چاودێریكردنی پزیشكی هەبێت، پاش دەرچوونی لە نەخۆشخانە، سێ نەخۆش مافی هەبوونی وەرگێری هەبێت، ئەگەر پزیشكی چارەسەركردن، تیمی چارەسەر كردن، بێگانە بن، چوار نەخۆش مافی هەبێت ئەو پزیشكەی كە خۆی دەیەوێت چارەسەری بكات لە هەر نەخۆشخانەیێك بێت، بەتایبەتی لە نەخۆشخانە حكومەییەكان، پێنج پێویستە تایبەتمەندی نەخۆشانی خاوەن پێداویستی تایبەتی، نەخۆشییە دەروونییەكان، لەبەرچاو

بگیرێ، لە کاتی چارەسەرکردندا، شەش مافی دەرچوونی نەخۆش لە نەخۆشخانە، وەرگرتنەوەی تەرمی نەخۆشی کۆچکردوو، نابێت نەخۆش یان تەرمەکەی حجز بکرێ، لەلایەن نەخۆشخانە، بە بیانووی جیاواز، وەك نەدانی تێچووی چارەسەرکردن، بە تایبەتی لە نەخۆشخانە ئەهلییەکان، بڕگەی سێزدەم، پێویستە لەسەر وەزارەت بەگوێرەی توانا چارەسەری بەخۆرایی لە دامەزراوە تەندروستییە حکومییەکانی هەرێم بۆ نەخۆشانی تووش بوو بە نەخۆشیە درێژخایەنەکان دەستەبەر بکات، پێشنیاز دەکەم وشەی (بەگوێرەی توانا)، لابدرێ، چونکە ئەمە دژە لەگەڵ ماددەی (٣١)ی دەستووری عیراقی، بڕگەی یەکەم کە هاتووە، هەموو عیراقیەك مافی چارەسەری تەندروستی هەیە، دەوڵەت گرینگی دەدات بە تەندروستی گشتی، پێداویستیەکانی خۆپارێزی، چارەسەرکردن، دابین دەکات، لە ڕێگای بنیادنانی دام و دەزگای تەندروستی جۆراوجۆر، پشتگیری (ژیان) خان دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك (**عثمان**)، فەرموو.

**بەڕێز عثمان علی سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سێ، بڕگەی سێ، نەخۆش پێشوازی و پشکنین و شوێنی مانەوەی بۆ دابین بکرێت، لە ژێر هیچ پاساوێك نەخۆشخانەکان دانەخرێن، بۆ ئەوەی شکۆی کەسیەتی پارێزراو بێت، هەروەها لە بڕگەی هەشتەمیشدا باس لە بێکەس کراوە، من پێشنیار دەکەم، شوێنی تایبەتیان بۆ دیاری بکرێ، لەبەر ئەوەی زۆر جار کەسێك بێکەسە نازانێ داوی ئەوەی کە چارەسەری بۆ کرا، نازانێ بچێتە چ شوێنێك، هەروەها پشتیوانی لە قسەکانی حاجی (سفین)، کاك (بالانبو)، (سلمە) خان، (لیزا) خان، (شنۆ) خان دەکەم، کە چارەسەری کەس و کاری سەربەرزی شەهیدان و ئەنفالکراوەکان، هەروەها پێشمەرگە و تێکۆشەرە دێرینەکان، بەگشتی بەخۆرایی بێت، هەروەها داشکاندن لە نەخۆشخانە تایبەتییەکان بۆ کەس و کاری شەهیدان و ئەنفالکراوان، پێشمەرگە دێرینەکان، کەم ئەندامانی سەنگەر، زیندانیانی سیاسی، بە هەمان شێوە داشکانیان بۆ بکرێت، هەروەها تیمی گەڕۆك بۆ لادێکان دروست بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، (کلستان)، فەرموو.

**بەڕێز کلستان باقی سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت ب سەرەدەری کرن گەل سەرجەم نەخۆشاندا مـن روونکرنەکا هەی هەر دەم مە دەستخۆشییا ل نۆژدارێن خۆ و فەرمانبەرێن تەندروستی یێ کری ژ بۆ وی کارێ مرۆڤایەتی و ماندی بوونا ئەو دبەن، ئو وان کارێن نەشتەرگەرییێ دکەن ئەز باوەرم کێمتر نینە ژ هەر وڵاتەکێ دی، لێ ب نێرینا مە وەکی مە گو لێ دبیت بەحسێ دادپەروەرییێ هاتیە کرن د ڤێریدا هێشتا هەتا نوکە ب شێوەیەکێ یەکسان رەفتار دگەل نەخۆشا نەهاتییە کرن، بەلکو ئەو کەسێ گەلەك نزیکی نۆژداری بیت یان ژی دۆستێ وی بیتن باشتر سەرەدەری دگەل تێتە کرن ژ نەخۆشەکێ

کو هەژار بیت یان ژی گەلەکێ ژێ دوور بیت، ژ بلی هندەك نوژدارێن گەلەکێن خەمخۆر نەبن هندەك ژوان هەر ب کەیفا ب نەخۆشا نائینن سەرەڕای هندێ ئەو خاڵەکا زۆر گرنگە بۆ باشتر کرنا رەوشا نەخۆشی ئو دەرونێ وێ ئەز بێژم گرنژینەکا نۆژداری و باشتر ب خێرهاتنا وان دێ خاڵەکا دی یا پۆزەتیڤ بیت سەر دەرونێ وی نەخۆشی ئو دێبیتە ئەگەرێ بلند کرنا بەرگرییا وی، ژ بلی نەخۆشخانەیێن تایبەت کو رێژەکا مەزن لێ تێتە گرتن ژ بەر کو داهاتەکێ باشتر دێگەهینیتە نۆژداری ئەرێ سەرەدەری د گەل نەخۆشان ل ڤێرێ دڤێت پتر لایەنێ مرۆڤایەتی د گەل دابیت یان پەیدا کرنا وێ بڕا زۆرا داهاتی؟ هەروەسا ل نەخۆشخانێن حکومی دەمێ نۆژدار نەخۆشەکێ دبیت ل وێ نەخۆشخانێ ب خۆ چارەسەری هەبیت لێ دێ داخازێ ژێ دکەت سەرەدانا وی بکەت ل کلینیکا وی یا تایبەت ژ بەر کو ئەو داهاتە ژ دەرمانا و پشکنینا و پسولا و چوونە ژورا دەست دکەڤیت باوەڕ ناکە ژ حکومی ب دەست بکەڤیت، هەروەسا ئەم هیڤیدارین پشتی دەرچۆنا ڤێ پێشنیازە یاسایێ چارەسەرییا ڤان کێشا بهێتە کرن تایبەت ئەگەر دیڤچوون ژ لایێ لیژنا تەندروستی یا پەرلەمانێ کوردستانێ و وەزارەتا تەندروستی بهێتە کرن ژ بۆ باشتر کرنا ڤی سێکتەری یا هندا گرنگ، ئو نەهێلانا گەندەلیێ ل نەخۆشخانا مەرەما مە ژی هەر بۆ هندێیە بۆ پاراستنا گیانێ هاوڵاتیێن هەرێما کوردستانێ، هەروەسا ئەز پشتەڤانیا ل برادەرێن خۆ دکەم (ژیان) خان و دکتۆر (اسماعیل) ئو (مەلا احسان) و (شێخ ظاهر)

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (شەمۆل)، فەرموو.

**بەڕێز شەمۆل اشین صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی هەشتەم، لەباری لەناکاو، یان لەپێناو رزگارکردنی ژیان، پزیشك دەبێ بڕیاری جۆری چارەسەری ئەم نەخۆشانەی خوارەوە بدات، بەبێ گەرانەوەی بۆ هاوڵەکەی، پێنج ئەوە نووسراوە ( بێهۆش)،(بیرکۆڵ)، (بێکەس)، کەسانی بیانیشی بۆ زیاد بکرێ، چ ئەوانەی بە سەردان دێن، یاخود کە خاوەن کارن لێرەدا، بڕگەیێکی تریش زیاد بکرێ، چارەسەری کەسوکاری شەهیدان و پێشمەرگە و کەم ئەندامانی سەنگەر و زیندانیانی سیاسی، بەبێ بەرامبەر بێ، ئەگەر پێویستی بە دەرەوەی وڵاتیش بێت، حکومەت هاوکاریان بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (د.ریبوار)، فەرموو.

**بەڕێز ریبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە بابەتی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی، مافەکانی نەخۆش، بەشێوەیەکی گشتی بابەتی هەستیاری و ژیانییە، بابەتێکە پەیوەستە بە ئاسایشی تەندروستی مرۆڤ، ئەو بابەتە رۆژانە لە کۆمەڵگای کوردستان قسەی لەسەر دەکرێ، لە رووی مافەکانی نەخۆشەوە، هەروەها لەرووی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی، دیارە حکومەتی هەرێمی کوردستان، کابینەی نۆیەم، بە دڵسۆزییەوە لە هەوڵی ئەوەیە کە ئاستی خزمەتگوزاری

تەندروستی باشتری لێبکا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کەم و کورتیەکی زۆر هەیە، بۆ نمونە لە سۆنگەی ئەوەی کە پیشکەشم کرد لە موقەدیمەکە، دەمەوێ چەند سەرنجێك بخەمە روو یا چەند پێشنیارێك، جارێ پەیوەست بەوەی کە مافی نەخۆش، نەخۆش دەبێ وەکو مرۆڤ مامەڵەی لەگەڵ بکرێ، نەك وەکو نەخۆش، کاتێکیش مرۆڤ نەخۆش ئەکەوێ سەردانێکی کلینیکێك بکا، عیادەیەك، یان سەردانی نەخۆشخانەیێکی گشتی حکومی بکا، ئەبێ لە هەردوو ئاستەکە مامەڵەیێکی تەندروستی لەگەڵ بکرێ، رێزی لێبگیرێ، یەکێك لە کێشە دەروونییەکانی بەشێك لە پزیشکان ئەوەیە کە وەکو پێویست مامەڵە لەگەڵ نەخۆش ناکەن، ئەمە خۆی لە خۆیدا باری تەندروستی ئەم نەخۆشە قورستر دەکا، خاڵێکی تر ئەوەیە کە لە عیادەکان لە راستیدا ئەوە ئێستا داواکاری رای گشتییە، بەشێکی زۆر عیادەکان نرخی عیادەکان زۆر زۆر بەرزە، رەنگە لە توانای کەسێکی ئاسایی کە داهاتەکەی مام ناوەند و بەخوارەوە بێ، نەتوانێ چارەسەر وەربگرێ لەو کلینیکانە لەو عیادانە، بۆیە من پێشنیار دەکەم، لە ماددەی سێ، بڕگەیەك هەبێ کە بە تەنسیق لەگەڵ سەندیکای پزیشکان نرخێکی گونجاو بۆ عیادەکان دیاری بکرێ، هەروەها بۆ تاقیگەکان، ئەو تەحلیلاتانەی کە ئەکرێ بەراستی زۆر زۆر گرانن، ئینجا لەگەڵ ئەوەشدا ئەو دەرمانانەی کە وەکو چارەسەرە بۆ نەخۆشەکە دیسانەوە ئەو دەرمانانەش گرانن، بەشێکی کوالێتیان زۆر زۆر نزمە، خاڵێکی تر دیارە بابەتی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی بەخۆرایی بۆ کەسوکاری سەربەرزی شەهیدان، من دەمەوێ روونکردنەوەیەك بدەم، یاسایەکمان هەیە کە لە پەرلەمانی کوردستانی بەرێزەوە دەرچووە، یاسای ماف و ئیمتیازی کەسوکاری شەهید، لەم یاسایەدا بەڵێ کەسوکاری شەهیدان بەخۆرایی خزمەتگوزاریان هەبێ، بەڵام رەنگە یاسایەکە وەکو پێویست نە جێبەجێ دەکرێ، پێویستی بەوەیە کە تەفعیل بکرێ، بۆیە زۆر زۆر گرینگە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شەریحەیێکی ترمان هەیە کە زۆر گرینگە مراعاتی بکرێ، ئەوەیش ئەوەیە هێزی پێشمەرگەی کوردستان، بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان، من پێشنیار دەکەم پێشکەشی هەموو خزمەتگوزاریەکان بەخۆرایی بێت، ئەوە بەگشتی سەرنجی من بوو، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (هاورێ)، فەرموو.

**بەڕێز هاورێ بناْ محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

راستیەکەی ئەم پرسە، ئەم پرۆژە یاسایە پرۆژە یاسایەکی گرینگە، بە حوکمی ئەوەی پەیوەندی بە ژیان و مەرگی هاوڵاتییانەوە هەیە، ئەتوانین بڵێین (نەخۆشی نێوەندی ژیان و مەرگە)، بەداخەوە لە هەرێمی کوردستان، کابینە یەك لە دوای یەکەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە ماوەکانی پێشوو، بەم کابینەشەوە، بەداخەوە نەیانتوانی وەکو پێویست لە سێکتەری تەندروستیدا بتوانن خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان بۆ هاووڵاتیان دابین بکەن، سەرباری ئەوەی کە بەداخەوە ئەم ڤایرۆسە هاتۆتە ناو کۆی گشتی جیهان، هەرێمی کوردستانیشی گرتۆتەوە، بە داخەوە لە ماددەی دووەم، ئێمە بە حوکمی ئەوەی بە هۆکارێکی تەندروستی رەفیقێکمان چوینە دەرەوە، ناوەکەمان خوێنرابەوە، نەمانتوانی پێشنیارەکانمان بگەیێنینە لای هەڤاڵان و لیژنەی

تایبەتمەند، بەنوسراوێك ئاراستەی دەكەین، هیوادارم لێمان وەربگرن، لە ماددەی سێیەم سەرەتا پشتگیری لە بەرێزان كاك (جەلال)، خاتوو (سلمە)، خاتوو (سەرچنار)، كاك (مم)، كاك (بالانبو)، خاتوو (شنۆ)، كاك (زانا)، (شیرین) خان، لیزا) خان، ئەكەم، بە حوكمی ئەوەی ئێمە لە كۆتاكانین بۆیە پشتگیری ئەكەم، هۆكاری ئەوەی یان بڵێین دەرخەری ئەوەن كە زۆربەی قسەكانمان كرابێ، لە ماددەی سێ، بڕگەی دووەم، مامەڵەكردن بە یەك پێوەر بەبێ جیاكاری، لەگەڵ سەرجەم نەخۆشەكانیدا، تا كۆتایی ناخوێنمەوە، لە دێری دووەمدا باسی لەوە ئەكا، بێ ڕەچاوكردنی هەر جیاوگیەكی كۆمەڵایەتی، پێم وابێ ئەم پێویستییەی بۆ گۆڕانكاری، چونكە بەبێ جیاوازی گۆرانكاری تێدا بكرێ، لە دەستپێكی بڕگەی دووەمدا، بكرێ بە (مامەڵەكردن بە بێ جیاكاری لەگەڵ نەخۆشەكاندا)، لە ماددەی سێ، دیسان بڵێین لە بڕگەی هەشتەم، لەباری لەناكاودا یان لەپێناو ڕزگاركردنی ژیان، پزیشك دەبێ بڕیاری جۆری چارەسەری ئەم نەخۆشانەی خوارەوە بدات، بەبێ گەرانەوە بۆ هاوەڵەكان، وەك (بێهۆش، بیركۆڵ، بێكەس)، من داوا ئەكەم، وشەی (بێكەس) ڕەنگە لە ڕووی عورفە كۆمەڵایەتییەكانەوە هەندێك بریندارکەر بێت، هەروەكو ئەوەی كە لە زۆربەی بڕگە و ماددەكاندا بێ هاوەڵ هاتووە، دیسانەوە ئەو وشەیە بگۆڕێت، بۆ بێ هاوەڵ، پێم وابێ تا ڕادەیەك مەنتقی زیاترە و بریندار كردنی تێدا نییە، لە ماددەی نۆیەم، دیسان بەرێزان كاك (جەلال)، (سلمە) خان، ئەوەیان وتووە پشتگیریان دەكەم، نامەوێ دووبارەی كەمەوە، لە بڕگەی سیانزە لە ماددەی سێ، ئەمە زۆر گرینگە ئەوەی كە دەڵێ (پێویستە لەسەر وەزارەت بەگوێرەی توانا)، لە بڕگەی سیانزەیەم، پێویستە لەسەر وەزارەت بەگوێرەی توانا چارەسەری بەخۆرایی دامەزراوە تەندروستییە حكومیەكانی هەرێم بۆ نەخۆشخانە، توشبوون بە نەخۆشی درێژخایەنەكان، دەستەبەر بكات، وشەی (پێویستە) لە یاسا بەركارەكانی هەرێمی كوردستان، زۆر جار ئەتوانین بڵێین ئیجبارییە، یان ملكەچە، بەم مەفهومە بەكار هاتووە، بەڵام لە دوای ئەوە ئەڵێ (بەگوێرەی توانا)، پێم وابێ ئەمە دوو وشەی تەناقوزن، پێچەوانەی یەكن، یان یەكیان ئەبێ لادرێ، پێم وایە وشەی (پێویستە) بمێنێتەوە، (بەگوێرەی توانا)كە لابدرێ، لەبەر ئەوەی كە تۆ وتت پێویستە، دواتر دەسەڵاتت پێی دا بە گوێرەی توانا، ئەو كات ڕەنگە كەم تەرخەمی لە هەر بەشێكی ئەو جۆرە نەخۆشیانەیا بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح/جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، (ڕێڤینگ)، فەرموو.

**بەڕێز ڕێڤنگ محمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ب ناڤێ خودێ ب ڕاستی من ژی ڤیا ل ماددا (٣) خالا (١٣) هەر وەكی هەڤالێت من دكتۆر (زانا) و (شێخ ظاهر) ژی گۆتی و هندەك هەڤالێت دیترێ بە گوێرەی توانا ژێ بێتە را كرن دیسان مخابن هەتا نووكە مە خەستەخانەكا وەسا نینە كو عیلاجێ پێشمەرگا لێ بكەن ڕاستە یاسایەك هەیە بۆ كەس و كارێن شەهیدان بەڵام خاڵا (١٤) بهێتە زێدە كرن كو وەزارەتا تەندروستی چارەسەرییا كەس و كارێن شەهیدێن سەربەرز و ئەنفال و پێشمەرگێن قەهرەمان ب خۆڕایی بكەتن، وە پشتگیریێ ل هەڤالێت خۆ (حاجی سفین) و دكتۆر (زانا) و كاك (كاروان) و (مەلا

احسان) و كاك (عثمان) و (سەوسەن) خانێ دكەم، دیسان پشتگیرییا دكتۆر (رێبوار) دكەم بۆ هندێ كو ژ لایێ دەروونیڤە ب راستی ئیحتماله كەم و كورپییەك د كەرتێ نۆژدارییێ دا هەی و تەعلیمات دەربكەڤن بۆ هندێ دیسان پشتگیرییا كاك (شێخ نزار) دكەم وەختێ دكتۆرێن بیانی تێن وەرگێڕ گەل نەخۆشی بن، سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمه صالح/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، (حسیبه) خان، فەرموو.

**بەڕێز حسیبه ابراهیم سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

له ماددەی سێیەمدا، بڕگەی یەکەم، بەر لە بڕگەی یەکەم، پێشنیاری ئەوە ئەکەم کە ماددەم باس لە مافەکانی نەخۆش دەکەین، بڕگەی یەکەم، ئەم خاڵە بێت (پێشخستنی بەرژەوەندی نەخۆش و پێشکەش کردنی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان، رێزگرتن لە کاتی نەخۆش)، هەروەها لە خاڵی هەشتەمدا، لەباری لەناکاو یان لەپێناو رزگارکردنی ژیانی پزیشك، دەبێت بڕیاری جۆری چارەسەری بدات، پێم باشە لەگەڵ ئەوەشدا بەم شێوەیەی لێبێتەوە، (بڕیاری لەناکاو یان لەپێناو رزگارکردنی ژیانی پزیشك دەبێت، بەبێ گوێدانە تێچوو، کاری پێویست بۆ نەخۆش بکات و لە کاتی ئاسایی بەپێی رێنماییەکان مامەڵە لەگەڵ نەخۆشەکان بکرێت)، چونکە ئێمە زۆر حاڵەتی تەواریمان هەبووە لەبەر زۆری تێچوو، نەخۆشەکان پشتگوێ خراون و بوونەتە هۆکاری گیانلەدەستدانیان، لە خاڵی دەیەمیشدا، پێم باشە بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە، (نەخۆش مافی هەیە لە رەتکردنەوەی بەشدارییێکردنی لە هەر توێژینەوەیێکی زانستیدا)، هەروەها پێشنیاری ئەوە ئەکەم، کە چەند خاڵێکی تر زیاد بکرێن، یەك لەوانە لەبەرچاوگرتن و ئاسانکاری لە خزمەتگوزاریە تەندروستییەکان، بۆ کەسانی بەساڵاچوو، ئافرەتی دوگیان، منداڵ، پێویستە نەخۆش لەکاتی هەست کردن بە نەگونجاوی کوالێتی خزمەتگوزارییەکان، مافی نوسینی سکاڵای هەبێت، لەبەرپرسانی ئەو شوێنە، مافی ئەوەی هەبێت لە ئەنجامی سکاڵایەکانیش ئاگادار بکرێتەوە، خاڵێکی تر پێم باشە کە زیاد بکرێ، پێویستە نەخۆش لەکاتی ئەنجامدانی هەڵەی پزیشکی کە لەبەرامبەری ئەنجام ئەدرێت، بەگوێرەی یاسا و رێنمایی تایبەت لە کاتێکی کەم دا قەرەبوو بکرێتەوە، هەروەها خاڵێکی تر نەخۆش مافی هەبێت، پێش ئەنجامدانی پشکنینەکان یان چارەسەر، زانیاری تەواو وەربگرێت، لەسەر دەرئەنجامەکانی دوای بەکارهێنانی ئەو شێوازە، بۆ چارەسەرکردنی پەیڕەو دەکرێت، خاڵێکی تر کە پێشنیاری زیاد کردن دەکەم، پێویستە خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لەسەر بنچینەی زانستی نوێ بن، دابینکردنی بیمەی تەندروستیش کە لە خاڵەکانی تر باسکراوە، مادەم پرۆژە هەیە بەجێ دێڵین، ئەوانە کۆی ئەو خاڵانە بوو کە پێم باش بوو لەبەرچاو بگیرێن، دابڕێژرێنەوە، هەروەها خاڵێکی گرینگی تریش هەیە، کە نەخۆش لەکاتی هەستکردنی بەوەی کە خزمەتگوزارییەکان بەشێوەیێکی تەواو پێشکەشی ناکرێت، مافی ئەوەی هەبێت کە سکاڵا لەلایەن تیمی نەخۆشخانە بکات، بەبێ ئەوەی کار بکاتە سەر ئەوەی کە مامەڵەی خراپ، لەگەڵ نەخۆشەکەدا ئەنجام بدرێت، لە کۆتایش پشتگیری لە هەڤاڵانم، (د.زانا)، (ژیان) خان، شێخ (ظاهر)، مامۆستا مەلا (احسان) دەکەم، بەوەی

کە لە خاڵی سێزدەهەمدا، لەسەر وەزارەت پێویستە بەگوێرەی توانا کە تێدا نەمێنێت، چارەسەرێکی سەردەمیانە پێشکەشی هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان بکات، بەبێ جیاوازی، هەروەها لەگەڵ برایانی پێشمەرگە و خانەوادەی سەربەرزی شەهیدا، مامۆستایانیش لەبەرچاو بگیرێن، زۆر سوپاستان ئەکەم.

**بەڕێز هیمن احمد حمه صالح/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (سەرکۆ) دوا کەسە، فەرموو.

**بەڕێز سەرکۆ ازاد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی سێیەم، بڕگەی دووەم، مامەڵەکردن بە یەك پێوەر، بەبێ جیاکاری، لەگەڵ سەرجەم نەخۆشەکاندا بەشێوەیەکی یەکسانی دادپەروەرانە، بەبێ ڕەچاوکردنی هەر چاوگێکی کۆمەڵایەتی، ڕەگەزی، ڕەگەزنامە، ئاین، لێرەدا، نەتەوەیی، جێندەری، شوێنی لەداك بوون، زیاد بکرێ، یان هەر هۆکارێکی تر، لەگەڵ بەهەند وەرگرتنی زانیاریە پێشبینیکراوەکان، بەرەچاوکردنی دۆخی بە پەلەو خاوەن پێداویستییەکان، ماددەی سێیەم، نۆیەم، نەخۆش لە میدیا و تۆرە کۆمەڵایەتییەکان نیشان نەدرێت، تەنها بە ڕەزامەندی خۆی نەبێت، مافی ڕەتکردنەوەی قسەکردن و چاوپێکەوتنی هەبێ کە پەیوەست بە دامەزراوە پزیشکییەکانەوە نییە، ماددەی سێیەم، برگەی دوازدەیەم، پزیشك نەخۆش بە تەنها دەپشکنێت، چونکە ئەوەی کە لەبەردەستماندایە، دەڵێ (پزیشك نەخۆش بە تەنها دەپشکنێ، کاتی پێویستی بۆ تەرخان دەکات، ئەمەش ڕێگر نییە لەوەی نەخۆش هاوەڵێکی لەگەڵدا بێت)، هەست ئەکەی ئەمە دژ بە یەکێك هەیە، کە لەوەدا دەڵێ بە تەنها دەپشکنێت، بۆیە پێویستە بەم شێوازە ڕێك بخرێتەوە، بۆ ئەوەی مافێکی زیاتر بە نەخۆش بدرێ، برگەی دوازدەیەم (پزیشك نەخۆش بە تەنها دەپشکنێت وە بە خواستی نەخۆش دەتوانێت هاوەڵێك دیاری بکات و لەگەڵیدابێ، کاتی پێویستی بۆ تەرخان دەکات)، زۆر سوپاس بۆ بەرێزتان.

**بەڕێز هیمن احمد حمه صالح/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێزان ئێستا داوا لە لیژنەی تایبەتمەند دەکەین، ئەگەر تێبینی و سەرنجێکیان هەیە، بەپێی برگەی دووەم، لە ماددەی (٨٩)، با بفەرموون، (د.صباح)، فەرموون..

**بەڕێز صباح محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەغلەب سوئالەکان تیکراری بوون، بەس دوو سێ سوئال جواب دەدەمەوە، ئەوی تر بۆ ئەو خوشك و برایانە بەجێ دێڵم وەلامیان بدەنەوە، یەکەم (بەپێی توانا) بەراستی کە هاتووە لێرە لەو پێشنیازە یاسایە، ئێمە وەکو کە خوشکی بەرێز (د.شایان) باسی کرد لە پێشەکی، ئەو یاسایە کە چوە لای حکومەت، حکومەت ئەو دەستکاریەی کردییە، بۆ ئێمەیان ناردووە، ئەو (بەپێی توانا) ڕەئی حکومەتیش بووە، ڕەئی تەنها لیژنە نەبووە، هەر ویستم ئەو تەوزیحە بدەم، ئێوە پەرلەمانن، ئێوە دەتوانن قەرار بدەن، چتان پێ باشە ئەوە بکەن، ویستم ئەو تەوزیحە بڵێم، دووەم مەوزوعەك هەیە بۆ ماددەی هەشتەم، (لەباری ناکاودا) یان (لەپێناوی رزگارکردنی ژیانی

پزیشـك بریـاری جـۆری چارەسـەری ئەو نەخۆشـانەی خـوارەوە بـدات، بەبـێ گەرانەوە بـۆ هاوەڵەکەی)، (بێهۆش)، (بیرکۆل)، (بێکەس)، باسی خوار (١٨) ساڵیش دەکات، خـوار (١٨) ساڵی لە پێشنیازی یاسای مەدا هەبووە، کە ئێمە ناردمان، بەس کە بۆمە گەراوە لە حکومەتەوە، پشـتی هەنگی ئێمە لە لیـژنەی تـایبەت کە باسـمان کـرد، لەگەل لیـژنەی یاسـایی، ئیقتراحـی سـەندیکای پزیشـکیش هەبـوو، ئەوە زۆر مەشـاکلی بـۆ پزیشـکان و بـۆ دکتۆرەکـان و بـۆ کارمەنـدانی تەندروستی هەیە، ئێوە هەموو وەکو خوشك و برای مـنن، زۆر حـالەت هەبـووە لەبـار بـردن یـان تەجمیل بەبێ ئاگاداری دایك و باوك چا بـووە، بـۆ دکتۆرەکـان، لەبەر ئەوەی ئـێمە بە پێویسـتمان زانی کە باسی نەکەین، خۆ لە مەوزوعە نەدەین، ئەوە بۆ تەوزیح، دەربارەی مـافی کەس و کـاری شەهید و پێشمەرگە، من سەد لە سەد لە گەڵیمە، سوپاسی (د.رێبوار)ی دەکەم، ئاماژەی بە یاسای کە لەم پەرلەمانە هاتووە مافی کەس و کـاری شـەهید دیـارکراوە، لەو یاسـایە، بـۆ پێشـمەرگەش هەرچی بکرێـت هەر کەمە، بەراستـی، بەس لێـرە مەترسـیەکی تـر هەیە، ئـێمە باسـی پێشـمەرگە بکەین، باسی هێزی ناوخۆ نەکەین، باسـی ئاسـایش نەکەیـن، ئەوە دەبیـتە بـارگرانیەکی یەکجـار زۆر لەسەر حکومەت، پشتی هەنگیش ئەو پارەی کە وەردەگیرێ، کە تۆ دەچیە عیادەی حکـومی، (٥٠٠) پێـنج سـەد دینـارە، یـان (١٠٠٠) هەزار دینـارە، بیتـاقەکی دەبـڕی تشـتەکی سـومبولییە، ئەو عیلاجەی کە بـۆ تـۆ، حکـومەت خەرج دەکـا، زیـاترە زۆر لەوە، ئەوەش لەبەر چەنـد هۆکـارەکە، وەیـان کـردووە، بەراسـتی نەخـۆش دەچـی چـوار پێـنج هـاوەڵی لەگەڵە، دەچـتە لای دکتـۆر کە دەبینیت بەلاشە پەنجا شێـست نەخـۆش ئینتیـزاری دەکەن، لە ژووری ئینتیـزار، نەخـۆش خـۆی فەحس دەکات، خوشکی دەڵێ وەڵا منیش مـادەم هەر هـاتوومە خـۆم فەحـس کەم، برایەکەشـی هەر وا، هی تریش هەروا، سەعاتەك دوو سـەعات لە وەخـت دەبەن، بەس ئەگەر وەرەقەت بـڕی، پارەت دا، کەمتر وەختی دکتۆر دەبەی، ئەگەر نا من سـەد لەسـەد لەگەڵ ئەوەمە بێبەرامـبەر بـی، بەس مەوزوعەکە لەوەدایە، ویستم ئەو تەوزیحە بدەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، سەرۆکی لیژنەی یاسا یی، ئینجا ئەندامانی تری لیژنەش ئەتوانن، کاك (بژار)، فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

فەر بوو کوو هندەك تێبینییا بـدەم ژ بەر کـوو وەکـی لیژنـا یاسـایی بـۆ دانیشـتنا بهێـت دانیشـتنا دەنگدانێ ئەم تووشی رەخنە و گلەیێ نەبین هنـدەك پێشـنیار هـاتنە ئاڕاسـتە کـرن مـن دڤێـت ل ڤێرێ ئیشارەت پێ بدەم کۆتایی ب وان تێبینییـا بهێـت، چـونکی بـۆ جەلسا بهێـت ئەم بەرپـرس نینە کو د راپۆرتا مە یـا لیژنـا یاسـایی نەبیـت ژوان ژی بەحـس هـاتە کـرن خزمەتکرنا خێزانێـت شەهیدا یا دیارە و مە ئامـاژە پێـدا یاسایەکا تـایبەت هەیە ئەڤ ئیمتیـازاتە یێـت دایە خێزانێـت شـەهیدا د کەرتـێ تەندروسـتی د وێ یاسـایێ دا هەروەسـا یاسـا ژمـارە (٢) سـالا (٢٠٢٠) د یاسـا چاکسـازیێ ژی جارەکـا دی هـاتییە تەئکیـد کـردن ئیشـارەتێ ب یاسـا تـایبەت یـا ئیمتیازاتێـت شـەهیدان یـا هـاتییە دان ئەڤە دوو سـەنەدێت قـانونی یێـت تێـدا هەی موتەعەلـق ب ئێشـێت دەروونڤە قانونـا (صـحة نفسـية) ژمـارە (٨) سـالا (٢٠١٣) ژ پەرلەمـانێ کوردسـتانێ یـا دەرکەتـی

ئەگەر ل ڤێرێ پێشنیار ئەو بیت ب دوو بڕگا و ب سێ بڕگا خزمەتەکێ بۆ نەخۆشێن دەروونی بکەن مادده (٣٤) د نۆزده بڕگادا ب تەفسیلْ بۆ نەخۆشێت دەروونی مافێت وی و حقوقێت وی هاتیه رسم کرن و بەحس کرن ئەڤ قانونە تایبەتە ژی هەر ل سەر نەخۆشێت دەروونی، سەبارەت ب هاوەڵێت نەخۆشی یان پرسیارا هاتیە ئاڕاستە کرن ئەگەر نەخۆش ژ هەژدە ساڵی کێمتر بوو بڕیار چ بیت؟ یا دیارە ماددا و بڕگێت ڤێ پێشنیازە یاسایێ هاتییە تەنزیم کرن ل هندەك حاڵەتا نەخۆشی ب خۆ ل هندەك حاڵەتا هاوەڵی نەخۆش و ل هندەك حاڵەتا نە نەخۆش نە هاوەڵی نەخۆش بەڵکو ئەڤ دەسەڵاتە دێ بۆ نۆژداری بیت یا تەقسیم کرییە ل سەر ماددە و بڕگا ل دیڤ حالەت و پێویستیێ یێ هاتییە دیار کرن تێبینییەکا دی ئەز حەز کەم ئاماژە پێ بدەم بەڵکو پەیڕەوێ ناوخۆ یێ پەرلەمانێ کوردستانێ ماددا سەریح تێدایە د راپۆرتا لیژنا تایبەتمەند بیت بەری نوکە ل سندوقا ئەندام بێتە دانان حکمەت و فەلسەفە ژ وی ماددەی ئەوە ئەڤ یاسایە هەژ عینوانی هەتا هۆیەکانی دەرچواندن بێتە خاندن ب راستی کاتەکێ زۆر ب هندێ ڤە دچیت کو پتریا ئەندامێت پەرلەمانی یێت بەڕێز تەرحەکێ دکەن ژ دڵسۆزییا خۆ بۆ باشتر کرنا یاسایا و بۆ خزمەتکرنا خەلکی بەڵێ ئیحتیمالە ل سەفحا دیڤ دا ئەو یا هەی ئەو پێشنیارە تێتە ئاڕاستە کرن، ژ بەر هندێ تکایە بەری دانیشتن دەست پێ بکەت ئەڤ قانونە یان ئەڤ پڕۆژە یان ئەڤ پێشنیازە یاسایە هەر ژ ماددە (١) هەتا هۆیەکانی دەرچواندن بێتە خاندن بەحس هاتە کرن ئەگەر کێمتر ژ هەژدە ساڵیێ بیت وەکوو پرسیار هاتە ئاڕاستە کرن ل ڤێرێ ل (قانون صحة عامة) ژی مە یا هەی قانونەکا گەلەکا شاملە ل هەرێما کوردستانێ ب نمونە ئەگەر ئەم بینین ماددە (١٥) ئو ماددە (١٧) ژ ڤێ قانونێ کو ژمارە (٨٩) ساڵا (١٩٨١) بەحس ل دایك و بابا دکەت یان ئەو کەسێ ب وەزیفێ خودان کرنا ڤی زارۆکی رادبیت بێژیت ئەڤە بەرپرسە ژ چاڤدێری کرنا ئو ژ خەمخۆری کرنا زارۆکی ژ گوهێت زارۆکی ژ چاڤێت زارۆکی هەروەسا ژ ددانێت زارۆکی یەعنی ئەڤە تێرا هندێ هەیە کو ئەم پشت بەستنێ ل سەر بکەین هاوەڵێ نەخۆشی یا ئەو کەسێ ب حوکمێ یاسایی وەلی وەسیە قەیم ئەڤە خۆ لێ بکەنە خودان و هەتا ئەگەر سەح کەینێ ب رێکا ڤان سایاییێت بەرکار کەسەك پێش کەسەکی شێت ماڵێ وی بفرۆشیت تەسەڕوفاتێت مالی بکەت تەسەڕوفاتێت مەدەنی هەمییا بکەت پێش کەسەکی ڤە کەواتا ل ڤێرێ ژی هیچ کێشەیەکا یاسایی نینە و گەلەکا مەعقولە و یێ هاتییە تەنزیم کرن د ڤێ پێشنیازە یاسایێ دا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمه صالح/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئەندامانی لیژنە، (د.شایان)، فەرموو.

**بەڕێز شایان کاکە صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

(سلمە) خان پرسیاری کرد، دەبێ نەخۆش مافی ئەوەی هەبی بچێتە لای پزیشکێکی دیکە، بەڵێ، لە ماددەی سێیەم، بڕگەی یازدە، ئاماژەی پێکرایە، لە دوازدەیەم، بڕگەی دوازدەیەم، پزیشك نەخۆش بە تەنها دەپشکنێت، کاتی پێویستی بۆ تەرخان دەکات، ئەمەش رێگر نییە لەوەی نەخۆش هاوەڵێکی لەگەڵدابێت، لەراستیا ئێمە (هاوەڵمان) بەخۆمان پێناسە کردییە، لە یاساکەی،

شەرت نییە ئیلا خزم بی، هەرکەسەك بی، چونکە ئێستا دەزانین لە کۆمەڵگاکەی مە، عائیلەکە خزمەتکارەکی دەگری بۆ نەخۆشەکەی دەگری، بۆ ئەوەی خزمەتی بکا، ئەوە هیچی ئەو نەخۆشەی نییە، لەبەر ئەوە پزیشکەکە دەتوانی بە وجودی ویش نەخۆشەکەی فەحس کا، (لیلی) خان، باسی عیادەکانی کرد، کاك (رێبوار)یش، باسی کرد، عیادەکان یاسای ژمارە (٦) یاسای سەندیکای پزیشکانی هەرێمی کوردستان، نرخی عیادەکان، نرخی نۆرینگەکان، تاقیگەکان، دەبی رێك بخا، بەڵام بە گشتی ئەوەی کە سەرنجمان دایی لێرە، ئێمە کێشەی نەبوونی یاسامان نییە، کێشەی جێبەجێکردنی یاسامان هەیە، بەشەك لە ئەرکی پەرلەمانتار، بەدواداچوونە، پەرلەمانتار دەبی بەدواداچوون بکات، تا ئەو یاسایە جێبەجێ دەکرێ یان نا، لە راستیا من وەکو شەخصی خۆم بەدواداچوونم کردیە، بۆ ئەوەی رێکخستنەوەی نرخی عیادەکان، نەخۆشخانە ئەهلییەکان، نۆرینگەکان، تاقیگەکان، هەمووی، بەڵام هەر وەکو باسم کرد کە کێشەی جێبەجێکردنەکەمان هەیە، بەداخەوە! زۆر سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس،، (رۆژان) خان، فەرموو.

**بەڕێز رۆژان ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان د هەمی یاسایێت گرێدایی ب ڤی بابەتی ڤە ل هیچ یاسا و ماددەیەکی بەحسێ ب خۆڕایی نەکرییە مەعەناوێ یا مەجانەن یا بەخۆڕایی ژ یاسا تەندروستی گشتی یا ساڵا (١٩٨١) ژمارە (٨٩) ژ دەستووریێ عێراقێ هەتا ماددا (٣١) ژی وەك کاك شێخ ظاهری بەحس کری هەمی ژی گوتی بەردەست بکەن و دابین بکەت بۆ خزمەتگوزارییێ تنی قوتابی نەبیت د ماددە (١٠) دا یاسا تەندروستییا گشتی بەحس هاتیە کرنێ هەتا بۆ نەخۆشێت (صرع و تخلف عقلی) هاتییە کرنێ د ماددا (٢٤) ل وێرێ ژی گوتی بێت کرنێ نەگۆتی ب خۆڕایی بیت بتنێ بۆ جارا ئێکێ د ڤێ یاسایێ دا مە بەحس کری ب خۆڕایی بیت بۆ نەخۆشییێت درێژخایەن، ڤێجا ئەگەر مە بڤێت پتر خزمەتا نەخۆشی بکەت راستی پتر داخازییا هندێ بیت خزمەتگوزارییێت خۆ باشتر بکەت و کەرتێ تەندروستی پێش بێخیت زێدەباری کۆنترۆڵ کرنا کەرتێ تایبەت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، (د.گلاویژ) ئاخیر کەس، فەرموو رای خۆت بڵێ.

**بەڕێز گلاویژ عبید عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ماددەیەی کە ماددەی سێیەم، بڕگەی سێزدە، کە زۆربەی مناقەشەکان و هەڵگرتنی هەڵگرت لەو دانیشتنە، ئێمە ئەندامانی لیژنەی تەندروستی، هەموومان (٥) سەعات لەسەر ئەم پرۆژە یاسایە دانیشتین، ماددەی سێزدەمان سەرلەبەر، لێرە بوویتە بڕگەی سێزدەم، ماددەکی تەواو بوو، لەو راپۆرتەی کە بۆ ئێمە هات، ئەمە ماددەی سێزدەمان سەرلەبەر بە کۆی دەنگی ئەندامانی

لیژنە، ڕەتکردەوە، چونکە نابێت بەس نەخۆشانی درێژخایەن، بەخۆرایی خزمەت بکرێ، بۆیە وتمان دەبێ ئەو ماددەیە دەبێ هەڵبگیرێ، بەپێی توانا و ئەوانە هیچ مناقەشەکمان لەسەر نەکرد، لەبەر ئەوەی ئەو ماددەیەمان بەکۆی دەنگی ئەندامانی لیژنە ڕەتکردەوە، بۆیە بەپێی بوونی یاساکانی تەندروستی گشتی کە مافی هەموو هاوڵاتیەکە، خزمەتگوزاری تەندروستی، پێشکەش بکرێت، بەخۆرایش بێت، بۆیە وتمان نابێ بەس بۆ نەخۆشانی درێژخایەن، بێ نەخۆشەکانی تریش بێ، سەبارەت بە ماددەی سێیەم، بڕگەی چوارەم، داوای ڕوونکردنەوەیان کرد، پارێزگاری لە تایبەتمەندییەکانی باری تەندروستی، یان کەسی، تەنها لەو حالەتانە نەبێت، کە بە یاسا دیاری کراوە، یان لەلای دادگاوە داوا بکرێت، یان ببێتە هۆی مەترسی، ئەوە پارێزگاریکردنە لە مافی نەخۆش، لە تایبەتمەندی نەخۆش، ئەگەر بێت و نەخۆش، دۆسییەکەی بیەوێ نەدرێتە کەس، داواش بکا، بەڵام لەکاتێك کە دادگا بیەوێت دۆسیەکە، یان نەخۆشیەکی گوازراوەی هەبێت، ئەو نایەوێت خەڵك بزانێ، ئەو نەخۆشیە گوازراوەی هەیە، بەڵام پێویستە خەڵك لێ ئاگادار بکرێتەوە، کە ئەو نەخۆشیە گوازراوەی هەیە، ئەوە ڕوونکردنەوە بوو، کە داوای ڕوونکردنەوەیان کردبوو، سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان دانیشتنەکە هەڵدەگرین، کاتژمێر (٣) دەست پێدەکەینەوە، دیوانی پەرلەمانی کوردستان خواردنی ئامادە کردووە بۆ هەر فراکسیۆنێك، بچنەوە فراکسیۆنەکانی خۆتان، کاتژمێر (٣) لێرەبن.

**پاش پشوو**

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، دەست بە دانیشتنەکەمان دەکەینەوە، لە ماددەی چوار بووین، فەرموون بیخوێننەوە.

**بەڕێز صباح محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٤):

بریکاری کەسی نەخۆش یان میراتگری لە کاتی پەکەوتی مردنیدا بۆیان هەیە:

یەکەم: داوای زانینی هۆکاری پەکەوتی یان مردنەکەی بکەن و لایەنە پەیوەندیداریش پابەند دەبێت لە خستنە ڕووی ڕاستییەکان و پێدانی بەڵگەنامەی تەندروستی پزیشکیەکان.

دووەم: لە کاتی بوونی گوماندا سکاڵایەك بۆ وەزارەتی تەندروستی بەرز بکاتەوە و پێویستە لە ماوەی (١٠) ڕۆژدا ئاڕاستەی لیژنەی لێکۆڵینەوەی هەمیشەیی بکرێت.

سێیەم: داوای قەرەبوو بکات کە لە ئەنجامی هەڵەی چارەسەری پزیشکی و تەندروستی یان تەکنیکی ڕوویداوە بە مەرجێك بە بڕیاری دادگا چەسپێندرابێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کێ دەیەوێت قسە بکات؟ ئەوانەی ناویان تۆمارکردووە (ڕۆبینە خان، کاك حکمت، کاك بهمەن، حسیبە خان، گلیزار خان، لەنجە خان، د. ڕێبوار، کاك حاجی سفین، د. زانا، کاك کاروان، کاك **عثمان**، کاك زکری، شنۆ خان، د. اسماعیل، سەرچنار خان، ڕۆژان خان، کاك باڵانبۆ، د. گەلاوێژ، جوان خان)، د. اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل علی طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بیدایتی من پێخۆشە ئەز پێشنیارەکی بکەم ئەڤ ماددێ درێژ ئەڤێت پێك دێن دە یان پازدە خاڵە، یەعنی ئەز پێشنیار دکەم ببیتە دوو بەش، چونکە ئەمە پێ ڕاناگەین بە سێ دەقیقە مولاحەزات و تێبینیێت خۆ بێژین، ئەو ماددەکانی درێژ ئەوەی پێك دێت لە بیست ماددە و چواردە ماددەنە ناتوانین یەکجار بە سێ دەقیقە تێبینی خۆمان هەمووی بڵێین، با ببیتە نیوەی ماددەکان، یەعنی ئەگەر لە دوازدە ماددە پێکبێت ئەوە شەش ماددە بخوێننەوە تا بتوانین، بەڕاستی لە ماددەی پێشوو زۆر مولاحەزاتم هەبوو نەمتوانی بڵێم، ماددەی چوار بریکاری کەسی نەخۆشی یان میراتگرانی، من پێشنیار دەکەم زیاد بکرێت یان سەرپەرشتیاری یان وەصی یان قەیم، چونکە ئەوەش وەکو مافی میراتگری هەیە، خاڵی یەکەم لە ماددەکە دەڵێت دوای زانینی هۆکاری تا کۆتایەکەی کە دەڵێ پێدانی بەڵگەنامەی تەندروستی پزیشکیەکان، ئەز ئیقتیراح دکەم بێژیت دیڤ ئەحکامی یاسای مافێ دەست ئێخستنا زانیاریان، بەپێی ئەحکامی یاسای مافی دەستخستنی زایناری، خاڵا دووێ لە کاتی بوونی گوماندا سکاڵایەك بۆ وەزارەتی تەندروستی، ئەز ئیقتیراح دکەم بێژن یان بەڕێوەبەری گشتی، کێ دەگەهینیتە وەزارەتێ یەعنی نەخۆش گەلەکا بە زەحمەتا بگەهینیتە وەزارەتێ، بلا بەڕێوەبەری گشتی بیتن و نەك یێ دی بیتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کاروان فەرموو.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی چوارەم من پێشنیاز دەکەم لە ماددەی چوارەم بڕگەی یەکەم و دووەم بکرێت بە یەك بڕگە و بەم شێوەیەی لێبکرێت (دوای زانینی هۆکاری پەکەوتەیی یان مردن کەسی یەکەمی نەخۆش یان میراتگرانی مافی زانینی هۆکانیان هەیە و لە کاتی گومانکردن مافی سکاڵاکردنیان هەیە بە مەرجێك سکاڵاکە لە ماوەی (١٠) ڕۆژ لەلایەن وەزارەتەوە یەکلا بکرێتەوە)، ئەمە بۆ بڕگەی یەکەم و دووەم، پێشنیار دەکەم بکرێت بە بڕگە بەم شێوەیە، بڕگەی سێیەمینیان کاتێك کە داوای قەرەبوو دەکرێت، لێرە ڕوون نییە مەبەستی قەرەبووی مادییە یان مەعنەوییە، چونکە زۆرجار هەبووە لە کەمتەرخەمی بەنج نەخۆشەکە هۆشی نەهاتۆتەوە بە داخەوە ئەمری خوای کردووە، زۆرجاریشمان هەبووە کە بە پێچەوانەوە هۆکاری مردنەکە زۆر ڕوونبووە، بەڵام پەڵ بە

دکتۆرەکان گیراوە و مەهامەت و دوولایەنە، یەعنی پێویستە لیژنەی بەڕێز لەسەر ئەم بابەتە هەڵوەستە بکەن و پێویستە روونی بکەنەوە هەم لە قەرەبووکردنەوەکە قەرەبووی مادیە یان مەعنەوییە، لە هەمان کاتیشدا لێرە رەچاوی ئەوە بکرێت کە لە حاڵەتیکدا، چونکە حاڵەتی مردن حاڵەتێکی زەحمەتە هیچ کەسێك بتوانێ ئیستیعابی بکات، رەنگە دووچاری دکتۆرەکان دووچاری کێشە بکات، بۆیە من ئەو پێشنیازەم هەیە یەکەم و دووەم بکرێت بە یەك بڕگە و بڕگەی دووەمیش روون بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك زکری فەرموو.

**بەڕێز زکری احمد اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددێ چوار بڕگەهێ دوو لە کاتی بوونی گوماندا سکاڵایەك پێویستە لێرە نەخۆش زێدە بکەت، لە کاتی بوونی گوماندا سکاڵایەك بۆ وەزارەتی تەندروستی بەرزبکاتەوە پێویستە لە ماوەی (١٠) رۆژدا ئاڕاستەی لیژنەی لێکۆڵینەوەی هەمیشە بکرێت، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئەگەر نەخۆش سکاڵای وەزارەتا تەندروستی بەرزبکاتەوە رەنگە وەکو پێویست قەناعەت بۆ نەخۆشی دروست نەبیت، ژبەر هەندێ ئەز پێشنیار دکەم نەخۆش سکاڵای بۆ داواکاری گشتی بەرزبکاتەوە بۆ ئەوەی زیاتر راست و دروستیا ئاشکرا بیت، ئەڤ پڕۆژە یاسای مافێ نەخۆشدا بۆ وان کەسان ئەویت کو سەرەدانێت نەخۆشخانە دکەن ئایا ئەو کەسێت کو بەر وەزعێ ئابووری نەشێن سەرەدانێت نەخۆشخانە بکەن، ژبەر هەندێ پێویستە فەقەرەیەك لێرە بۆ ڤی ماددەی زێدە بکەن بۆ هەندێ لیژنەیەکا گەڕۆك لە هەر قەزایەکێ بێتە دروست کرن بۆ هەندێ سەرەدانا ئەوان گوندا بکەن ئەڤێت کو نەشێن ژبەر هۆکارێ ئابوورێ بێن سەرەدانێت نەخۆشخانە بکەن، ژبەر هەندێ زەرورە زۆربەی ئەڤ خەڵکەی هەژار یێ ل گوندا و دەرەڤەی نەخۆشخانە، ژبەر هەندێ ئەز پێشنیار دکەم فەقەرەکا دی زێدە بکەن لیژنەی گەڕۆك دابنێن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك حکمت فەرموو.

**بەڕێز حکمت محمد عبو زید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی چوار بڕگەی دووەم لە کاتی بوونی گوماندا سکاڵایەك بۆ وەزارەتی تەندروستی بەرزبکرێتەوە، پێویستە لە ماوەی (١٠) رۆژ ئاڕاستەی لیژنەی لێکۆڵینەوەی هەمیشەیی بکرێت، بەمن وایە (١٠) رۆژ کەمە، با زیاد بکرێت ببێت بە (٢٠) رۆژ تا مانگێك، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بهمەن فەرموو.

**بەڕێز بهمن عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبـعەن لە مـاددەی چـوارەم بـڕگەی دووەم و سـێیەم، لە بـڕگەی دووەم دەڵـێ لە کـاتی بـوونی گومانـدا سـکاڵایەك بـۆ وەزارەتـی تەندروسـتی بەرز دەکـرێتەوە، ئەوانـیش لە مـاوەی (١٠) رۆژدا بیدەنە لیژنەی لێکـۆڵینەوەی هەمیشـەیی، لە مـاددەی سـێیەم دەڵێـت بـۆی هەیە داوای قەرەبـوو بکات دوای ئەوەی ئیسپات بوو لەلایەن دادگاوە، یەعنی ئەمە موتەناقیزە یان ئەوەی دووەمـیش بکرێت بە دادگا، یەعنی سکاڵا لە دادگا تۆمـار بکـات دوای لە دادگـا ئیسـپات بـوو داوای قەرەبـوو بکات یان ئەوەی سێیەمیش بکرێت بە لیژنەی لێکۆڵینەوەی وەزارەت، دواتر لە بڕگەی دووەمیش من پشتگیری لە قسەکانی کاك د. اسماعیل دەکەم، بەڕێوەبەری گشـتیش ئیـزافە بکرێـت، چـونکە ئەوپەڕی کوردستان یان لە مەنتیقەی گەرمیان و زاخۆ هاووڵاتییەك ناتوانێـت فریـای وەزارەتـی تەندروستی بکەوێت یان پێی ناکرێت قورسە بۆی، بۆیە بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانیش ئیزافە بکرێت لەگەڵ ئەوەی ئەو دووانە یەك بخرێت، لیژنەی لێکۆڵینەوەی وەزارەت ئیسپاتی بکات بۆی یان دادگا، هەردووکیان بکەنە یەك، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

رۆژان خان فەرموو.

**بەڕێز رۆژان محمد کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم ماددەی چـوار بەم شـێوەیەی لێبکرێـت، یەکەم وەکـو خـۆی، دووەم: لە کـاتی بوونی گومانـدا سـکاڵایەك بـۆ وەزارەتـی تەندروسـتی بەرزبکـاتەوە و پێویسـتە لە مـاوەی حەوت رۆژدا، بکرێت بە حەوت رۆژ، ئاڕاستەی لیژنەی لێکۆڵینەوەی هەمیشـەیی بکرێـت، قۆنـاغی دوای ئەمە، یەعنی لیژنەی لێکۆڵینەوەی هەمیشەیی لە ماوەیەك کە لە (١٥) رۆژ لە رێکەوتی وەرگرتنـی سکاڵای زیان لێکەوتوو لێکۆڵێنەوەی زانستی و پیشەیی ئەنجام دەدات و راپۆرتی خـۆی دەخـاتە بەردەم وەزیری تەندروستی، بۆ وەرگرتنی رێ و شوێنی یاسایی و کارگیڕی پێویست بەرامبەر بە دامەزراوەی تەندروستی یان هێزکاری تەندروستی کەمتەرخەم بەپێـی راپـۆرتەکە، بـڕگەی دوای ئەو زیـان لێکەوتـوو یـان ئەو کەسـەی کە بریکـاری نەخـۆش و ئەوانەن دەتوانێـت بە مەبەسـتی وەرگرتنی قەرەبوو سـکاڵا بـاتە بەردەم دادگـای تایبەتمەنـد، دادگـا بـۆی هەیە پشـت بە راپـۆرتی لیـژنەی لێکـۆڵینەوەی هەمیشـەیی یـان شـارەزایان ببەسـتێت بـۆ یەکلادکردنەوەی سـکاڵاکە و دیاریکردنی بڕی قەرەبوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

شنۆ خان فەرموو.

**بەڕێز شنۆ اشقی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من قسەکانم کرا، پشتگیری لە قسەکانی رۆژان خان دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سەرچنار خان فەرموو.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی چوار: بریکاری کەسی نەخۆش یان میراتگرانی لە کاتی پەکەوتەیی مردنیدا بۆیان هەیە لەسەر ئەم دێرە ووشەی بریکاری کەسی لابرێت، چونکە بریکار دەتوانین بەو شێوەیەی لێبکەین (الوکیل کالاصیل)، یەعنی نەخۆش یان میراتگرانی ئەوەی بۆ زیادبکرێت (لمن یقوم مقامه)، ئەوەی کە نوێنەرایەتی دەکات سەرپەرشتیاری بێت وەصیەکەی بێت یان قەیمەکەی بێت ئەمە زەرورە بۆی دابنرێت لە کاتی پەکەوتەیی مردنی یان نە مردنیدا بۆیان هەیە، یەکەم قسەم نیە لەسەری، دووەم: لە کاتی بوونی گوماندا سکاڵایەك بۆ وەزارەتی تەندروستی یان بەڕێوەبەری گشتی ئەوەی بۆ ئیزافە بکرێت، پێویستە لە ماوەیەك کە لە (١٠) ڕۆژ زیاتر نەبێت، چونکە کە دەڵێی لە ماوەی (١٠) ڕۆژدا ئەوە وەزارەت یان بەڕێوەبەری گشتی دەیدا بە لیژنەی لێکۆڵینەوە، نابێت کاتێکی زۆر بخایەنێت، ئەوە جیاوازە لە بەرزکردنەوەی سکاڵاکە، سێیەم: داوای قەرەبوو بکات هەر ئەوەندە، یەعنی ئەمە ئیتر کە لە ئەنجامی هەڵەی چارەسەری پزیشکی و تەندروستی یان تەکنیکی ڕوویداوە بە بڕیاری دادگا چەسپێندرابێت هەمووی تەحسل حاسڵە، ئەمە لە قانونی مورافەعات و قانونی مەدەنی یان دادبینی و یاسای شارستانیدا هاتووە کاتێك کە دەڵێی داوای قەرەبوو بکات دەگەڕێیتەوە بۆ یاسای دایك کە یاسای مورافەعات و مەدەنی، پێویست ناکات ئەو وردەکاریە بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئەم ماددەیە ئەگەر نەڵێم گرنگترین ماددەی ناو پێشنیازە یاساکەیە دەتوانین بڵێین یەکێکە لە گرنگترینەکان، لەبەر ئەوە هەموومان دەبێت تەرکیزێکی زۆر باشمان هەبێت، داواش لە لیژنەی تایبەتمەند و لیژنەی یاسایی دەکەم تێبینەیەکانیان بنووسن، بە تایبەتی ئەوەی کە سەرچنار خان دەیڵێت و ئەوەی کە کاك د.اسماعیل و بەڕێزێکی تریش گوتیان، لە ڕووی قانونیەوە کەسی نەخۆش خۆی خۆ ئەگەر پەکی کەوتووە لە ڕوویەك لە ڕووەکانەوە هێشتا حەقی شەکوای ماوە، کەسی نەخۆش خۆی یان شوێنگرەوە یاساییەکەی، ئەعنی ئەو کەسەی کە (یقوم مقامه)، کەسی نەخۆش خۆی یان شوێنگرەوە یاساییەکەی یان میراتگرەکەی یان میراتگری کەسی، یەعنی هەر بە خۆی ماوە، بەڵام وەکیلێك دەنێرێت، بە تەرکیز دەبێت ئێمە ئەوانە بنووسین لە ناو پێشنیازەکەدا کە ئەوە مەسەلەیەکی یاسایی بەحتە، کێ بۆی هەیە شەکوا بکات کە زۆر گرنگە، دوو: ئەم عەملیە عەملیەکی چۆنە، چۆن دەڕوات، ئێمە حوکم دادەنێین بۆ فەرەزیات، کەسێك بە هۆی هەڵەیەکی پزیشکی یان کەمتەرخەمی دامەزراوەیەکی تەندروستی پەکی دەکەوێت یان دەمرێت، ئەو کەسانەی کە حەقیان هەیە و لەسەرەوە باسمانکردن عەملیەکە چۆن دەڕوات، یەکەمجار شەکوا دەبەنە بەردەمی خودی موئەسەسەکە کە وەزارەتی تەندروستیە، خۆتان دەتانەوێت حەڵقەیەکی تری بۆ زیاد بکەن ئەمە فەرەزیەکەیە دەیباتە ئەوێ لیژنە پزیشکیەکە دادەنیشێت لە ڕووی پیشەیی و لە ڕووی

پزیشــکیەوە دیراســەی دەکەیــن، لەبەردەم دوو ئیحتیمالــداین یــان ئەوەتــا حەق دەدەن بە نەخۆشــەکە یــان کەس و کــاری نەخۆشــەکە یــان بە عەکســەوە حەق دەدەن بە دکتۆرەکــان و دامەزراوە تەندروستیەکان دەڵێن ئەوان کەمتەرخەم نەبوون، باشە، کە ئەمان قەرارەکە دەدەن دەچێتە کوێ، لێرە تێیدا نیە، کە دەچێتە کوێ، ئەوە لیژنەکە دانیشتن قەراری لیـژنەکە تەوسیاتە دەچێتە بەردەمـی کـێ، دەبێـت بچێـتە بەردەمـی یەکێـك، دوو: ئەوانەی کە هەسـت دەکەن لەو قەرارە دکتۆرێکە، هەسـت دەکـات لەو قەرارە زوڵمـی لێکـراوە، لە کـوێ بـۆی هەیە داوای حەقـی خۆی بکات، ئەمەش حەڵقەیەکـی تـرە دەبێـت ئیـزافەی بکەیـن لە راسـتیدا، سـێ: کەس و کـاری نەخۆش بـا لیـژنەکەش بڵـێن ئەم پزیشـکە کەمـتەرخەمە، وە لە رووی کـارگێڕیەوە وەکـو ئەوەی رۆژان خان تەرحی کرد وەزیر عقـوبەیەکی پزیشـکە بـدات، ئەمە هـیچ لە وەزعـی کەس و کـاری نەخۆشەکە یان کەس و کاری وەفـات کـردووەکە ناگۆڕێـت، دەبێـت حەڵـقەی سـێیەمیش ئیـزافە بـکەی دەعـوا دەبـاتە بەردەمـی مەحکەمەی بەدائە، شـەکوا دەکـات، داوای حەقـی مەدەنـی خـۆی دەکات، داوای تەعویز دەکات، باشـە، لەوێ مەحـکەمە مـولزەمە بە وەرگرتنـی ئەوەی کە لیـژنەکە بڕیـاری لێـداوە، لیـژنەکەی وەزارەت، لە راسـتیدا نەخێـر، مەحـاکم مـولزەم نـین بەوەی کە بە نەتـیجەی ئەو لیژنـانە وەبگـرن کە وەزارەتەکـان و موئەسەسـات دروسـتی دەکەن، سـولتەیەکی تەقدیریان هەیە بە تەقریری خەبیرێـك وەربگرێـت، لەبەر ئەوە ئەمـانە هەمـووی تێـك هەڵکێش بکەن بە شێوەیەك کە بەڕێز سەرۆکی لیـژنەی یاسـایی کە ئـێمە متمـانەی زۆرمـان بە بەڕێزیـان و بەڕێز سەرۆکی لیژنەی تەندروستی هەیە، بە ووردی ئـێمە تێبینیەکـان تەسـجیل دەکەیـن، ئەگەر هەستمانکرد لە شوێنێکدا ئێمە لە سەرۆکایەتی یان لیژنەکان موەفەق نەبووین تەوقوعمـان وایە باشترین شـت ئـێمە لە جەنابتـان وەری دەگـرین، بـۆیە تەرکیـز دەکەیـن لەسـەر ئەم مـاددەیە، وە یەکێکە لەو موشکیلانەی کە ئێستا لە کوردستاندا هەیە، خەڵکێکـی زۆر لەسـەر ئەو زیانـانەی بەر نەخۆشـەکەیان دەکەون نیگەرانیـان هەیە، شـەکوایان هەیە، بـا بە شـێوەیەکی تووند و تـۆڵی وا موعالەجەی بکەیـن کە بتوانێـت کێشـەکە بە شـێوەیەکی گشـتی چارەسـەر بکـات، حسیبە خـان فەرموو.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی چوارەمدا، خاڵی دووەم: لە کاتی بوونی گوماندا سکاڵایەك بـۆ وەزارەتـی تەندروسـتی بەرزبکاتەوە، لە دوای تەندروستی پێویستە سەندیکای پەیوەندیدارەکانیش ئاماژەی پێ بـدرێت، پێویستە لە ماوەی حەوت رۆژدا ئاڕاستەی لێکۆڵینەوەی لیژنەی هەمیشەیی بکرێت، کەواتە هەم دەستکاری ماوەکەی بکرێت وەزارەتی تەنەدروستی سەندیکای پەیوەندیداریشی بۆ زیاد بکرێت، لە بڕگەی سێیەمی هەمان ماددە داوای قەرەبوو بکات، ئاماژە بە کەسـەکە بـدات، ئایـا ئەو کەسـە کەم ئەندام بووەکەیە یان کەس و کاری گیان لە دەستدراوەکەیە، داوای قەرەبوو بکـات لە دەزگـا تەندروســتیەکان یــان کەســی پەیوەندیــدار کە لە ئەنجــامی هەڵەی چارەســەری پزیشــکی و تەنەدروستی یان تەکنیکی روویـداوە و بە مەرجێـك بە بڕیـاری دادگـا چەسـپێندرابێت، هەر ئەو

ماددەیە پێشنیاری ئەوەش دەکەم کە بڕگەیەکی تری سزادان بۆ ئەو پزیشکە بەڕێزانەی کە لە کاتی چارەسەری بەرامبەری ناخۆشێك ئەنجام دەدەن دیاری بکرێت، چونکە ئێمە تاوەکو ئێستا لەو یاسایە ئەوەی کە گرنگە ئێمە تاوەکو ئێستا بەس باسمان لە ماف کردووە، ئایا ئەوەی کە ماف پێشێل دەکات چ سزایەك دەدرێت، پێویستە سزایەکانیش لە ناو ئەو بڕگەیەدا جێ بەجێ بکرێن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

گلیزار خان فەرموو.

**بەڕێز گلیزار رشید حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی چوارەم، بەشی سێیەم، داوا قەرەبوو، وەکو ئێمە دەزانین قەرەبووی ماددی هەیە و قەرەبووی مەعنەویش هەیە وەکو کاك کاروان باسیکرد، هەروەها داوای قەرەبوو دەبێت دەست نیشانی بکەین ماددی هەیە و مەعنەویش هەیە، دەبێت هەردووکی دیاری بکەین، هەروەها لێرەدا ماوەکە دیاری نەکراوە وەکو ئێمە دەزانین مەسەلەن ئەگەر لە هەڵەی پزیشکی بێت یان خۆی تەندروستییەکەی باش نەبێت لێرەدا هەم مافی پزیشکەکەش رەچاو بکەین و هەم مافی نەخۆشیش، بە رەئی من دەبێت ماوەکەشی تەحدید بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عثمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان کریم سوارە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی چوار، بڕگەی دووەم، پشتیوانی لە قسەکانی برای بەڕێزم کاك زکری زێباری دەکەم، ئەوەی دەمویست بیڵێم ئەو گوتی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك باڵانبۆ فەرموو.

**بەڕێز باڵانبۆ محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە قسەکانی ڕۆژان خان و کاك کاروان و کاك زکری و کاك عوسمان سێدەری دەکەم، پێشنیاریش دەکەم خاڵێك زیاد بکرێت لە کاتی مردنی نەخۆش بەخشینی ئەندامانی جەستەی بەو کەسانەی کە پێویستیان پێ دەبێت، دیارە لە پێناو ئەوەی کە گیانی کەسێکی دیکە کە لە مردن رزگار بکرێت کەسەکە تازە چۆتە جێگەی خۆیەوە، بەڵام بۆ ئەوەی کە ئێمە بتوانین هەوڵی ئەوە بدەین کە ڕێژەی مردن کەم بکەینەوە ئەگەر خاوەنی مردووەکە لەسەر ئەوە رازی بوو ئەندامەکانی جەستەی ببەخشێت بە کەسێکی دیکە کە پێویستی پێیەتی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕۆبینە خان فەرموو.

**بەڕێز رۆربينە اويملك عزيز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسەكانی من كرا، بەس من تەوزيحەك هەبوو بۆ ليژنەی تەندروستی تەقريبەن ئەڤە چەند سەعاتە ئەم بەحسێ هەڵەكانی نەخۆشی دكەين، ئايا بەرامبەر ئەم هەڵانەش عقوبە نييە، راستە ئيحتيمالە لە قانونی عقوبات ئەڤ عقوبات هەنە، بەس لێرە ژی گرنگ بوو بەحسێ ڤان عقوباتێ كربا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لەنجە خان فەرموو.

**بەڕێز لەنجە ابراهيم عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسەكانی من كرا، تەنها تەئكيد دەكەمەوە و پشتگيری ئەو پێشنيارەی حسيبە خان دەكەم لە ماددەی چوار، بڕگەی سێيەم كە كاتی باس لە داوای قەرەبوو دەكرێتەوە دياری بكرێت، كە لە دەزگا تەندروستييەكان و ئەو كەسەی كە هەڵەی كردووە داوای قەرەبوو لەوانە بكرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك د.رێبوار فەرموو.

**بەڕێز د.رێبوار عبدالرحيم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من بە رەهايی پشتگيری لە قسەكانی بەڕێزتان دەكەم، كە ئەوە يەكێكە لە گرنگترين ماددەكانی پێشنيازی ياساكە، لەبەر ئەوەی پەيوەستە بە ژيانی نەخۆش كاتێك كە رووبەرووی هەڵەيەكی پزيشكی دەبێتەوە و ئەو نەخۆشە رەنگە لەسەرمەرگ دابێت، وێڕای ئەوەی كە ئايا ئەوە بە چ وردەكارييەكی ياسايی چارەسەر بكرێت، لە راستيدا ماددە چوار بڕگە دوو و بڕگە سێ چەند تێبينيەكم لەسەری هەيە، جارێ بەر لە هەموو شتێك من پێموانييە لە كاتی بوونی هەڵەيەكی پزيشكی خودی نەخۆشەكە يان هاوڵی نەخۆشەكە يان بريكاری نەخۆشەكە بچێت لە وەزارەتی تەندروستی شكايەت بكات، چ مەعقولە وەزارەتی تەندروستی بۆ خۆی نەخۆشخانەكان و پزيشكە بەڕێزەكان لەسەر ميلاكی وەزارەتی تەندروستی نەخۆشخانەكان سەر بە وەزارەتی تەندروستين، چ مەعقولە وەزارەتی تەندروستی كە دەمەزراوەيەكی ئيداری تەندروستيە بێت سكاڵا وەر بگرێت، تاكە لايەن و شوێن يان دامەزراوەك كە سكاڵا وەردەگرێت ئەوە دادگاكانە، بۆ؟ گوتەيەكی مصری هەيە دەڵێت (يقتل القتيل ويمشي بجنازتة)، ناكرێت كە كەسێك سەر بە ميلاكی وەزارەتی تەندروستيە كەسێك بكوژێت يان بە هەڵەيەكی پزيشكی ئەنجا وەزارەتی تەندروستی بێت لێكۆڵينەوەی لەسەر ئەوە بكات، ئەوە هەڵەيەكی بەڕاستی زەقە، بۆيە لەو حاڵەتە سكاڵا ئاڕاستەی دادگا بكرێت، نەك ئاڕاستەی وەزارەتی تەندروستی، خاڵێكی تريش لە بڕگەی سێيەم پەيوەست بە قەرەبووكردنەوە، من تێناگەم كەسێك كە مرد چۆن قەرەبوو دەكرێتەوە، دەبێت سزا بدرێت، ئەو پزيشكە دەبێت سزا بدرێت، لە ساڵانی رابردوو چەندين

حاڵەت و کەیس هەبووە کە ئێستاشی لەگەڵدابێت بە شێوەیەکی ئەوەتۆ قەرەبوو نەکراوەتەوە و ئەو پزیشکەش سزا نەدراوە بەپێی یاساکان، بۆ نموونە کەسێك هەبووە لە ئەنجامی نەشتەرگەری پزیشکەکە مەقەسێکی لە ناو سکی نەخۆش بەجێ هێشتووە تاوەکە ((Xrayەکەی کردووە، ئینجا دەرچووە کە لە ئەنجامی ئەم نەشتەرگەریە مەقەسەکە بەجێماوە لە ناو سکی نەخۆش، ئەوە بەڕاستی تاوانێکی گەورەیە، خۆ پزیشکیش مرۆڤە راستە بەدەر نیە لە هەڵە، بەڵام لە ئەنجامی ئەم هەڵەیە بۆ ئەوەی هەڵەیەکی تر نەکات و ژیانی کەسێکی تر نەخاتە مەترسی دەبێت سزا بدرێت، بۆیە من پێشنیار دەکەم بۆ برگەی سێیەم ئاماژە بە یاسا بەرکارەکان بکرێت بۆ سزادان، قانونی عقوباتمان هەیە دەکرێت تەرکیزی لەسەر بکەین، جگەلەمەش داوای قەرەبوو نەکەین، داوای سزای ئەو پزیشکە بکەین، بۆ ئەوەی کە جارێکی تر هەڵە نەکاتەوە، نە تەعویزی ئەو کەسەش بکرێت کە هەڵەکەی بەرامبەرکراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك حاجی سفین فەرموو.

**بەڕێز سفین اغا عمر اغا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی چوار، خاڵی دووەم دەڵێت لە کاتی گوماندا سکاڵایەك بۆ وەزارەتی تەندروستی بەرز بکرێتەوە، باسی سەندیکا نەکراوە، تەنها سکاڵا بۆ وەزارەت بەرز دەکرێتەوە، پێم باشە سەندیکای پەیوەندیدارەکانیش زیاد بکرێت، هەروەها بریکاری کەسی سکاڵاکە لە ماوەی یەك مانگ تێپەڕ نەبێت بەسەر پەککەوتن یان مردندا بەرز بکاتەوە، نەك پاش چەند ساڵێك یان ماوەیەکی زۆری بەسەردا بڕوات و سکاڵا تۆمار بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د.زانا فەرمووو.

**بەڕێز زانا خالد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هاوڕای قسەکانی جەنابتم لەسەر ئەم ماددەیە، هەروەها قسەکانی برای بەڕێزم کاك د.ڕێبوارم، بەڕاستی ئەم ماددەیە پێویستی بەوە هەیە کە کرۆکی بابەتەکەیە ئێمە زیاتر هەڵوەستەی لەسەر بکەین ساڵێك بەر لە ئێستا کە کاتی خەریکی نووسینەوەی ئەم پێشنیازی یاسایە بووین لەگەڵ خوشك و برایانی بەڕێز لە لیژنەی تەندروستی کۆبوونەوەیەکمان لەگەڵ بەڕێزان لە ئەنجوومەنی دادوەریشکرد لە هەرێمی کوردستان ئەڕای ئەوانیشمان وەرگرت ئەو کاتی لەسەر ئەو بابەتە، رەئیەك هەبوو ئەو کات کە ئەگەر مەحکەمەی موختەس هەبێت لەم بابەتەدا رەنگە باشتربێت بۆ یەکلایی کردنەوەی کەیسەکە، بەڵام توانای دامەزراوەکانی قەزائی ئێمە رەنگە بەو شێوەیە نەبێت کە بۆ هەر بابەتێك مەحکەمەیەکی موختەس بکەنەوە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا ناکرێت ئێمە کە ئەگەر مەحکەمەی موختەسیش نەبێت بەو شێوەیەی لێبگەڕێین، دیارە کرۆکی هەر بابەتێکی یاسایی عقوباتە، عقوبات لە ناو یاسایەدا نیە، ئەگەر بەڕێزان لە لیژنەی یاسایی بتوانن بە شێوازێك جێگای عقوباتەکان بکەنەوە، پێموایە دەتوانین لە

کاتی جێ بەجێکردندا باشتر بچێتە بواری جێ بەجێکردن، لە دێری یەکەمدا کە دەڵێت بریکاری کەسی نەخۆش و ئەو بابەتانەی جەنابیشت ئاماژەت پێدا، بەڵام من لێرەدا دەپرسم ئەی ئەگەر کەسەکە پەکەوتە نەبوو یان نەمرد، بەڵام پێشێلکاری تری لەبەرامبەر کراوە، خۆ خەڵکانێك ئێستا لە نەخۆشخانەکاندا بەڕاستی بە داخەوە رەنگە کارمەندێکی تەندروستی یان پزیشکێك یان فەرمانبەرێکی پرسگە پێشێلکاری بەرامبەر خودی نەخۆشەکە بکات، ئێمە دەبێت ئەوە بزانین کە پۆینتی ئەساسی لەلای ئێمە لە دامەزراوە تەندروستیەکاندا خودی نەخۆشە، ئەگەر نەخۆش نەبێت موئەسەساتی تەندروستی نابێت، ئەگەر نەخۆش نەبێت وەزارەتی تەندروستی نابێت، کەواتە پۆینتی ئەساسی ئێمە نەخۆشە، لەوێوە دەبێت سەرچاوەی هەموو کاروباری کارگێڕی و پیشەییەکانمان لە خودی نەخۆشەوە سەرچاوە بگرێت، بۆیە هەر پێشێلکارییەك بەرامبەر بە نەخۆش دەبێت لێرەدا جێگای بکرێتەوە، نەك تەنها پەکەوتەیی و مردن، لە هەمان کاتیشدا ئێمە ئەو کاتیش رەئیمان لەسەر ئەوەبوو کە ئەم لیژنەی لێکۆڵینەوەیە نابێت نە سکاڵا تەقدیمی وەزارەتی تەندروستی بکرێت، نە لیژنەی لێکۆڵینەوە لە وەزارەتی تەندروستی بێت، چونکە ئێستا ئێمە یاسایەك دەردەکەین لە پەرلەمانی کوردستان وا گفتوگۆی لەسەر دەکەین تاوەکو ئێستا ئێمە بە لیژنەی لێکۆڵینەوە ئەو کەیسانەی کە یەکلایی دەکەینەوە لیژنەی لێکۆڵینەوەکان راستە لە خەڵکی موختەس پێکدێت، بەڵام گەلەییەکی زۆرمان لەلایەن هاووڵاتییانی هەرێمی کوردستان لە وەزارەتی تەندروستی یان لە موئەسەساتەکان لەسەر ئەوەیە کە دەڵێن کاتێك پێشێلکاریەك بەرامبەر بە نەخۆشێك دەکرێت لیژنەیەك تەشکیل دەکرێت ئەوانەی ئەندامی لیژنەکەن زەمیلی ئەو دکتۆرەن یان زەمیلی کارمەندە تەندروستییەکەن، هیچ کاتێك ناچنە سەر ئەو بابەتەی کە پزیشکەکە یان کارمەندی تەندروستییەکە سزا بدەن، ئەمە گلەیی هاوڵاتیە، کەواتە دەبێت ئەنجوومەنێك وەکو ئەو پێشنیازەی کە لە حکومەت رەوانەکراوە بۆ ئێمە کە تەعدیلکراوە باس لە ئەنجوومەنێك دەکات، باس لە لیژنە ناکات، بۆیە ئێستا من پێمباشە ئەنجوومەن بهێنینەوە ناو ئەو بابەتە کە لە ناو دەقی ئەو پێشنیازەی حکومەت هەبوو کە بۆ ئێمە رەوانەکراوە، لەوێشدا دەبێت نوێنەری داواکاری گشتی و سەندیکا پەیوەندیدارەکان، چونکە تاوەکو ئێستا لە هەرێمی کوردستان ئێمە نزیکەی هەشت سەندیکای تایبەتمەندی تەندروستیمان هەیە، لەو پەرلەمانە بەڕێزەوە یاسایان بۆ دەرچووە، کەواتە ئەم سەندیکایانە بە یاسا کاردەکەن، مۆڵەت دەدەنە پزیشکان، دەدەنە نەخۆشخانە تایبەتەکان، دەدەنە کۆمەڵگاکان، دەدەنە کارمەندانی تەندروستی و دەرمانخانەکان و تاقیگەکان، کەواتە ئەوان دەبێت دەوریان تێدابێت لە شێوازی مامەڵکردن لەو پێشێلکاریانەی کە بەرامبەر بە نەخۆش دەکرێت، چونکە بڕی سزاییەکان لە ناوی یاسای سەندیکاکاندا هەیە، شێوازی سزاکە لە ناوی یاسای سەندیکاکاندا هەیە، بۆیە دەبێت لەوێدا رۆڵی سەندیکاکان بە هەند وەربگیرێت، باسی قەرەبوو دەکەین ئایا قەرەبووەکە وەکو بەڕێزان باسیانکرد ئێستا قەرەبووەکە مادیە یان مەعنەوییە یاخود سزادانی ئەو کەسەیە کە هەڵەکە دەکات، بۆیە پێموایە ئەم مولاحەزانە ئەگەر بە هەند وەربگیرێت منیش لەگەڵ رایەکەی بەڕێز رۆژان خانم کە ماوەی (١٠) رۆژ بۆ تەحویلکردنی تەنها هامشێك لەسەر سکاڵایەك یەکجار زۆرە، پێویست بەوە ناکات، بە

پێچەوانەوە من پێموایە کە سێ ڕۆژە زۆرە نەك کەمە، چونکە تەنها سکاڵایەك تەقدیم دەکرێت و هامش دەکرێت بۆ لیژنەیەك یان ئەنجوومەنێك، پێویست بە (١٠) ڕۆژ ناکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جوان خان فەرموو.

**بەڕێز جوان یونس محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ڕەئییەکی جیاوازم هەیە لەوەی کە تۆ ویستت سکاڵا تۆمار بکەی بۆ شوێنێکی تر بێت ئەی وەزارەتی تەندروستی بۆچیە ئەگەر تۆ سکاڵاکە تۆماری ئەوێ نەکەی، تۆ سکاڵا لەو پزیشکە نەکەی کە بڵێین خەتای ئەوبووە بەرامبەر بە نەخۆشەکە، ئەوە دەبێت لە کۆتاییدا لیژنەی لێکۆڵینەوە یەکلایی بکاتەوە، بەڵام سەندیکایەکیش هەیە سەندیکای پزیشکان کە ئەویش پەیوەندیدارە بەو بابەتە، پێویستە سکاڵاکەت ڕادەستی سەندیکای پزیشکانیش بکرێت لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی و لە ماوەی (١٠) ڕۆژدا ئاڕاستەی لیژنەی لێکۆلێنەوە بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێخ ظاهر فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی دووەم لە کاتی بوونی گوماندا سکاڵایەك بۆ وەزارەتی تەندروستی بەرزبکاتەوە و پێویستە لە ماوەی (١٠) ڕۆژ ئاڕاستەی لیژنەی لێکۆڵینەوەی هەمیشەیی بکرێت، من پێشنیاز دەکەم بەو شێوەیەی لێبکرێت (لە کاتی بوونی گوماندا لەلایەن نەخۆش یان بریکاری نەخۆش یان میراتگری یان هەر کەسێك کە نەخۆش ڕای دەسپێرێت سکاڵایەك بەرزبکاتەوە بۆ لایەنی پەیوەندیدار و لە ماوەی (٥) ڕۆژدا ئاڕاستەی لیژنەی لێکۆڵینەوە بکرێت، لیژنەی لێکۆڵینەوە لەگەڵ دادگای تایبەتمەند لە ماوەی (٦٠) ڕۆژ تێپەڕ نەکات، بابەتی سکاڵاکە یەکلایی بکاتەوە بەپێی یاسا بەرکارەکانی هەرێم)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك مەلا وەیسی فەرموو.

**بەڕێز وەیسی سعید وەیسی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشی سەرەکی ئامانجە گشتییەکەیە لەو ماددەیە جەنابت ڕوونکردەوە پشتگیری لە قسەکانی د.ڕێبوار و د.زانا دەکەم، ئەو تێبینیانەی هەبوون زۆربەی برادەران باسیانکرد، منیش هاوڕام کە پێویستە لە بڕگەی لە کاتی پێشکەشکردنی سکاڵا بۆ وەزارەتی تەندروستی و سەندیکاشی بۆ زیادبکرێت، چونکە بۆ ئەوەی ئیجرائاتی پیشەییشی لەگەڵ بکرێت، هەروەها ماوەی (١٠) ڕۆژ من پێم کەمە، چونکە زۆربەی ئەو کەسانەی کە دووچاری ڕووداوێکی نەخۆش دەبنەوە یان دووچاری مردن ئەوانە دەبنەوە کەس و کارەکەی تا زیاتر لە (١٠) ڕۆژیش هەر سەرقاڵی بەڕێکردنی مێوان و پرسە و ئەوانەیە، پێشنیار دەکەم بکەن بە (٢١) ڕۆژ، هەروەها پێشنیار

دەکەم بــڕگەیەك زیادبکرێــت ئەو رێنماییــانە یــاخود ئەو بــڕگەیە لە نەخۆشــخانە و شــوێنە تەندروستیەکان هەڵبواسرێت بۆ ئەوەی ئەو کەسەی کە نەخۆشە یـان کەس و کـاری نەخۆشـەکە ئەو رینماییانە بزانن کەوا دەتوانن لە کاتی پێویستدا سکاڵا و داواکاری خۆیـان پێشـکەش بـکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك مەلا وەیسی بۆیە دەڵێـت (٢١) رۆژ بـۆ ئەوەی (٢١) رۆژەکە بـدرێتە کەس و کـارەکەی، مـن لە جەنابت تێدەگەم، بەس ئەو (١٠) رۆژە بۆ ئەوەنیـیە، ئەو (١٠) رۆژە بـۆ ئەوەیە لە رۆژی ئەوەی کە کەس و کــارەکە شــەکواکە تەقــدیم دەکەن وەزارەت دەبێــت لە مــاوەی (٤٠) رۆژدا بیــدات بە لیژنەکە، یەعنی گریمان کەس و کارەکەی رەنگە دوای مانگێك بچن شەکواکە بکەن، هیچ ئیشکال لەوەنییە، بەڕێزان لیژنەی تایبەتمەند و لیژنەی یاسایی قسـەیەکتان هەیە فەرمـوون، کـاك د.بـژار فەرموو.

**بەڕێز د.بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەڕای تێبینیێت هەڤالان بۆ جوانترکرن و باشترکرنا ڤێ پێشنیازە یاسـایێ، بەڵـێ بە دیتنـا مە سەرەڕای ڤان تێبینیا هاتینە ئاڕاستەکرن ژ لایێ ئەندامانی پەرلەمانی ڤە تەبیعی ب نیەتا هەنـدێ کو بۆ باشترکرنا ڤێ یاسایێەت لێ هەندەك تێبینی پێتڤیە مەفروزە مە ژی لێـرە ئامـاژە پێبـدەین، ئەڤ پێشنیازە یاسایە ب شێوەی دروست نەهاتیە خوندن ب حقیقەت، ئەز ڤێ ئاخافتنێت دبێژم مـاددە (١٠) بـڕگەی یەك و دوو ئەگەر هاتبـانە خوانـدن هەر چنەبیـت پێنجـا هەتـا شێسـت هەتـا حەفتێ ل سەدێ ئەڤ تێبینیێت هاتینە گوتن نەهاتیە گوتن، چـونکە حەل یـا هـاتیەکرن، مەرم ل دامەزرانـدن یـان چـی کرنـا لیژنەیەکـا لێکـۆڵینێ ل یاسـایەکێدا مەعنـای ئەو نیـنە، ئەڤ لیژنـا لێکۆڵینێ دێ جهێ دادگایێ موختەس دگریت، ئەڤ لێژنا لێکۆڵینێ دێ عقوبێ مادی و مەعـنەوی و عقوبێت جەزائی ل سەر خەڵکەك فەرزکەت، نە جارێ یەکێیە لیژنەیـا لێکـۆڵینێ ل یاسـایەکێدا دێـتە دیـتن، بەڵکـو پتـریە یاسـایە، دائـیمەن بەحـس ل سـەر چـاوانیە دروسـت کرنـا لیژنەیەکـا تەحقیقی دێتە کرن و ئەڤە مەعروفە ل ناڤ هەمی یاساییێدا، ل یاسـاییێدا دبینـی ژی گەلەك جـارا بەرامبەر ڤێ راوستن و دێبینن، ئەڤ مەوزوعەش ل حەجمێ وی مەزنتر لێ هات، ل ڤێ قـانونێ و پێشنیازە یاساییێدا بە وی شکلی ناهـاتیە داڕشـتن ئەگەر بە پەلەیەکـا پزیشـکی کەسـەك مـر دێ رابە دچیتە وێ لێژنەیێ ئەڤ لیژنەیە چەند کەسەکن دێ عقوبە ئیعدامێ و حەپس و سجن و دێ قەرارێ پێـدەت، ژبەر هەنـدێ ئەم دگەل ئاخافتنێــت جەنــابێتە ژی نیــنە، بەڕێــزی ســەرۆکێ پەرلەمانی، ئەڤ مەوزوعە پێتڤی نەبوو ل قالبەکا دی گەلەکی بەر فرە دابیت ل ناحیەیـا قـانونی ڤە، دشـێت فەقەرەیەکــی زێــدەکەین باشــتر بیــت، بەس ب ڤــی شــێوەی کە هۆسـا هەی چ موشـکلیەکا مەزن نیـنە، ئەمـا ئەڤ لیژنەیـا لێکـۆڵینێ مە ئیشـارەت پێـدا مـاددە (١٠) زۆر گـرنگە ئەنـدام پەرلەمـان بخوینیـت دابزانیـت، ئەنـدامی داواکـاری گشـتی ئەنـدامە ل ڤـێ لیژنەییێـدا، ئامادەبوونا ئەندامێ داواکاری گشتی ئەڤ لیژنەیە دگەل نوێنەری سەندیکا دێ شـۆلێ خـۆ کەت،

کەواتە نە مەجموعەیەکا نوژدارانە ل وەزارەتێنە ژبەر هەڤالێنیا و عەلاقاتێ شەخصی هەر برِیارا وا ڤیا دێدەن، سەبارەت ئەگەر هاتوو خەلەتی هاتە کرن یان هەڵەیەکا پزیشکی هاتە کرن کو عقوبە لێرەدا دیار نینە، عقوبە دیارە مەسئولیەتا مەدەنی ماددەیا (٢٠٢، ٢١١) ل قانونا مەدەنی هاتینە ب وازحی، بەحسێ هەڵەی پزیشکی دێتە کرن، هەروەسا ل قانونا عقوبات دێ ژی هیچ فەراغەکا قانونی نینە، ئەگەر ل ڤێرێ مەبەست ئەوبت ئەم عقوبا ل ڤێرێ دانێین و سزا دانێین و غەرامە دانێین زۆر تەبیعیە ئەم دشێین راپۆرتا داهاتی دابنێین، بەڵام موحتاج ناکات، هیچ کێشەیەکا قانونی نینە ب وی شکلێ هاتیە بەحس کرن ل ڤێ یاسایێدا، هەمی برِگە و ماددە تەسەلسول هاتین و ب شێوەیەکی گشتی گەلەك دروست و باشە، سەبارەت بە بریکاری کەسی، ئەگەر بریکاری کەسی موحتاج بوو شەخصەکی زەرەر هەڵەیەکا پزیشکی دێ ل کیری داخاز کەت پشتی لیژنەیا لێکۆڵینێ تەقریرا خۆ ئامادەکر فعلەن فلان کەس و فلان نوژدار موقەسەرە، ب سەبەبا تەقسیریا وی ئەڤ زیانە چی بووی، باشە ل ڤێرێ بۆچی مە بەکارنەهینایە هاوەڵی نەخۆش، بۆچی نەکریە بریکاری کەسی، خۆ ئەڤە ئەمانە پارێزەرەك دێ بۆ خۆ دەگریت و ئەڤ پارێزەرە دێ دەبیتە نوێنەرێ وی کەسی ئەگەر ل مەدەنییێدا بیت ل مورافەعێدا، هەروەسا ئەگەر مەوزوعێ جەزائی بیت ل مەحاکمە کرنێدا ل وێ جەلسا کو مەحاکمە کرن، بۆچی؟ چونکە ئەڤ عەقدە ل ناڤبەرا ئەوی کەسێ زیان لێکەفتی و پارێزەرێدا وەکالەیە، ئێ ئەگەر وەکالە بیت وەکیلێت هەی، ژبەر هندێ مە لێرە هاوەڵی نەخۆش بەکار نەهینایە، بریکاری کەسی وەکیلی وی کەسیە وەکیلی قانونی ل پێش دادگەهی تەمسیلا وی بکات، ل حزورا وی قانونی، زۆر سوپاس.

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د.صباح فەرمووو.

**بەرێز صباح محمود محمد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە قسەکانی د.بژار دەکەم، ئەو ماددەیە ماددەی چوار ئەگەر بخوێنین لە ماددەی (١٠) بە وازحی باسی لیژنەکە دەکات کە سەر بە ئەنجوومەنی وەزیرانە نەك سەر بە وەزارەتی تەندروستیە، ئەنجوومەنی وەزیران ئەوە دەکات، بریکاری گشتی تێدا بەشدارە، سەندیکاکانی پەیوەندیدارەکان، چونکە سەندیکاکان زۆر شەرتن بەشداربن، چونکە چ پزیشك بێت و چ کارمەندی تەندروستی بێت ئەگەر نوێنەرێکی ئەوان تێدابێت، چونکە سزاکان وەکو کاك زاناش گوتی لە قانونی سەندیکاکان ئەوان خۆیان سزا دادەنێن، ئەوەی تریش بەراستی یەك دوو تێبینی هەبوو، سکاڵایەك بۆ وەزارەتی تەندروستی یان بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی جێگای بکەنەوە، یەعنی دەڤەرەکان گەرمیانە، سۆرانە یان هەر جێگایەکی تر بێت، ئێمە هیچ مانیعمان نیە ئەگەر بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی بۆ ئیزافە بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆرە فەرمووو.

**بەڕێز شایان کاکە صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە هەڵەی پزیشکی کە دەڵێین هەڵەی پزیشکی ئەوە مەعنای ئەوە نیە تەنها پزیشکەکە هەڵە دەکات، ڕەنگە کارمەندی تەندروستیەکە هەڵەی بکات و ڕەنگە کارگوزراکەش هەڵە بکات، بەڵام موستەڵەحەکە ئەوەها هاتووە بە داخەوە، بۆیە ئەگەر شتێکی تر دابنرێت بۆ نموونە ئەگەر یەکێك هەڵەی چارەسازی ئیقتراحی کرد یان یەکێکی تر گوتی هەڵەی تەندروستی ئەوانە شاملترە، یەعنی کارمەندی تەندروستیش و کارگوزاریش دەگرێتەوە، نموونەك هەیە زۆرباوە لە ناو کۆمەڵگادا دەڵێین پزیشك مەقەسەکەی لە ناو سکی نەخۆشەکەی بەجێهیشت، بەڕێزان، ئەرکی گۆز و مەقەس و ئەوانە لەسەر پزیشك نیە لە کاتی نەشتەرگەری، پزیشکی نەشتەرگار تەرکیز لەسەر نەشتەرگەریەکەی و وردەکاری نەشتەرگەریەکەی دەکات، ئەوەی کە مەسئولە لە ژماردنی لافافەکان و ئەدەواتەکان ئەو کەسەیە کە یاریدەدەریتی، واتە پزیشك نیە بە تەنها کە مقەسەکەی بەجێ دەهێڵێت، شتێکی تریش ئەوەیە کە ڕاستە لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەی هەمیشەیی دروست دەکرێت، بەڵام ئەوە مەعنای ئەوە نیە کە نەخۆش ناتوانێت سکاڵای لەسەر وەزارەتی تەندروستی یان لە سەندیکاکان تەقدیم بکات یان لە بەڕێوەبەری گشتتی وەکو کاك دکتۆر فەرمووی تەقدیم بکات، دەتوانێت لەو جێگایەنەش سکاڵای تەقدیم بکات ئەوانیش ئاڕاستەی لیژنەکەی دەکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، مەسەلەی هەڵەی پزیشکی مەبەست ئەوەنیە هەڵەی پزیشك، هەڵەی پزیشکی موستەڵەحێکی شائیعە لە ناو هەموو یاساکاندا، ئەوانەی کە باسی مسئولیەت دەکەن (الاخطاء الطبية)، یەعنی هەڵەی پزیشکی هەڵەی پزیشکەکە بێت، یان کەمتەرخەمی دامەزراوەکە بێت یان هەڵەی مەعاون توبیەك بێت، هەڵەی مومەریزەیەك بێت هەمووی دەگرێتەوە، لەبەر ئەوە بە حەساسیەتەوە نابێت ئێمە وشەی پزیشکی وەربگرین، دەچینە سەر ماددەی پێنج، فەرموو بیخوێننەوە.

**بەڕێز ڕۆژان ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٥):

وێڕای ئەم مافانەی لەم یاسایەدا هاتوون، منداڵی نەخۆش ئەم مافانەی خوارەوەیان هەیە:

یەکەم: ئامێر و کەرەستە و پێداویستی پزیشکی تایبەتی بەردەست لە ناو دامەزراوەی تەندروستی بۆ دابین بکرێت.

دووەم: پرێزگاری لێبکرێت لەسەرجەم جۆرەکانی عەزیەتدان لە کاتی پشکنین یان چارەسەری لە ناو دامەزراوەی تەندروستیدا:

سێیەم: هاوەڵێکی هەبێت لە کاتی مانەوەیان لە دامەزراوەی تەندروستی جگەلە هەردوو بەشی چاودێری چڕ و بەشی منداڵە ناکامەکان.

چوارەم: سەرجەم ڤاکسین (پێکوتە) بەردەستەکانی بۆ دابین بکرێت لە قۆناغەکانی تەمەن بەبێ بەرامبەر.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا دەرگای گفتوگۆ دەکەینەوە هەر بەڕێزێك دەیەوێت قسە لەسەر ماددەی (٥) بکات دەتوانێت ناوی خۆی تۆمار بکات، ئەم ناوانە ناوی خۆیان تۆمارکردووە (کاك د.زێدان، کاك د.ڕێبوار، شادی خان، کاك بەلێن، کاك مەلا ناصر، کاك لقمان، شنو خان، کاك باڵانبۆ، سلمە خان، کاك دیاری، د.اسماعیل، سەرچنار خان)، شادی خان فەرموو.

**بەڕێز شادی نوزاد وهاب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی ماددەی پێنجەم کە تایبەتە بە مافەکانی منداڵ لە کەرتی تەندروستییدا بەپێی ئەم یاسایەی کە ئێستا لەبەر دەستی ئێمەدایە هەموو ماددەکانی ئەوەندە ماددەی گشتگیر و شمولین کە بەڕاستی من بۆ خۆم لێی تێناگەم، نازانم یەعنی لە کوێدا بتوانین ئێمە لە دامەزراوە تەندروستیەکاندا جێگای ئەم ماددانە بکەینەوە، بەشێکی زۆری ئەو خاڵانەی کە دانراون سێیەم و دووەم و یەکەمیش تەحسیل حاسڵن، یەعنی ئێمە لە هەموو شوێنێکدا باسی مافەکانی نەخۆشمان کردووە، ئەگەر بێین ئێمە ماددەیەك تەخصیص بکەین بۆ مافەکانی منداڵ لە ناو ئەم یاسایەدا بەڕاستی ئەو ماددانە ئەو ماددانە نین کە لە شوێنی ویست و خواستی ئێمە لە ناو ئەم پرۆژە یاسایەدا هەبێت، لەبەر ئەوەی زۆر گشتگیرە، زۆر شمولیە، مەسەلەی ڤاکسینەکان تێبینیەکی تر لەسەر خاڵی چوارەمی سەرجەم ڤاکسین و پێکوتە بەردەستەکان نا، بەڵکو پێویستەکان، چونکە ڤاکسین ئەگەر بەردەست بێت ئەگەر بەردەست نەبێت ئەوە ئەرکی حکومەتە کە دابینی بکات، لە تەمەنێکی دیاریکراودا منداڵ ئەو ڤاکسینە وەربگرێت کە پێویستیەتی جەستەی، لەبەر ئەوە بەردەستەکان دەبێت بگۆڕێت بۆ پێویستیەکان، وە ئەرکی حکومەتە ئەگەر بەردەستیش نیە ئەوە بەردەستی بخات و دابینی بکات، بۆ هەرسێ خاڵەکەی تر بەڕاستی تەحسیل حاسڵن لە ناو یاساکەدا جێگای ئەو هەموو شتانەی تر کراوە کە لێرە دانراوە، بەڵام بەڕاستی ئەوە پێشنیاز دەکەم ئەگەر بێتوو ئێمە بمانەوێت کۆمەڵێك ماددە تایبەت بە منداڵ و نەخۆش هەبێت لە ناو ئەم یاسایەدا پێویستمان بە دیراسەی زۆر گەورەترە تا بتوانین کۆمەڵێك خاڵ لە ئاست پێویستیەکانی منداڵی هەرێمی کوردستان هەبێت کە دەکرێت ئەو خاڵانە لە ناو یاسا و مافەکانی منداڵدا جێگای بکرێتەوە کە تاوەکو ئێستا لە هەرێمی کوردستاندا نیمانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان سەبارەت بە مافە تەندروستیەکانی منداڵ لە یاسای بەرکار لە هەرێمی کوردستان یاسای ژمارە (٨٩)ی ساڵی (١٩٨١)، شانزە ماددەیە، یەعنی شانزە ماددەیە بە تەفاسیلێکی زۆرەوە، یان دەبێت ئێمە لێرە بنووسین وێڕای ئەو مافانەی کە لە یاسا بەرکارەکانی هەرێمدا هاتوون منداڵ ئەمانەی هەیە، یان ئەگەر ئەم سێ چوار فەقەرەیە بکەین بە بەدیلی ئەوەی کە لە ناو یاساکەی کە بەرکارە لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٨٩)ی ساڵی (١٩٨١) هەیە، مافێکی زۆر

منــداڵەکان وەردەگــرینەوە، زەرەرێکــی زۆر لە تەندروســتی منــداڵ دەدەیــن، لەبەر ئەوە ئەگەر ســەرەتا بەس ئەوە چــاك بکەیــن وێــڕای ئەو مافــانەی لە یاســا بەرکارەکــان هەیە، ئینجــا ئــێمە مولاحەزە لەســەر ئەم بــابەتە بنووســین، یــان مولاحەزە لەســەر ئەم بــابەتە بــدەین، کــاك بەڵــێن فەرموو.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە تێبینیەکەی من هەر هەمان تێبینی بوو کە بەڕێزتـان باسـتان کـرد، هەمـوو ئەو بڕگـانەی کە لەم ماددەیەدا هاتووە کە لە راستیدا لە یاسای ژمارە (٨٩)ی ساڵی (١٩٨١) هاتووە، زۆر کاملتر و پڕ تەفاسیلترە، لەبەر ئەوە پێمـوایە بـوونی مـاددەکە زیـادە، یەعنـی ئەوە مـن دیقەتـی بڕگەکـانم دا جگەلە لەو حاڵەتەی باسی ئەزیەت دانی منداڵ دەکات لە کـاتی چارەسـەی، ئەوانـی تـر بەڕاسـتی تەحسیل حاسڵە هەم لەم یاسـایە و هەم لە پێشـتردا، بەڕاسـتێ حەقـی خـۆی پێـدراوە، پێشـنیاز دەکەم ماددەکە لا ببرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دیاری فەرموو.

**بەڕێز دیاری انور حەمە رحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسـەر پێشـنیازی مـاف ئەو ئەرکـی نەخـۆش پرسـیارەکە ئەوەیە ئـێمە مـافی سـاغەکانمان داوە تاوەکو بێینە سەر مـافی نەخـۆش، لە ئێسـتادا بەپێـی پەیـڕەوی نـاوخۆی پەرلەمـانی کوردسـتان ئەرکی پەرلەمان ئەوەیە لەسەر بابەت و کێشەی پەیوەست بە هاوڵاتیان......

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ببوورە، ئێمە لە گفتوگۆکردنی یاسای ماف و ئەرکی نەخۆشـین، ئەگەر مولاحەزەت هەیە لەسـەر ئەوە سەر سەروسەرچاو، نیتە تەواو، ناتوانی قسەت تەواو بکەی، کاك باڵانبۆ فەرموو.

**بەڕێز باڵانبۆ محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای پشتگیری بۆ پێشنیارەکەی بەڕێزت، بۆ خاڵی یەکەم پێشنیار دەکەم بەم شـێوەیەی لێبێـت ئامێر و کەرەستە و پێداویستی پزیشکی تایبەتی بەردەستەکە لاببرێت لە ناو دامەزراوە، چـونکە ئەوەی کە بــاس دەکرێــت بەڕاســتی دامەزراوە گشــتییەکان وردە وردە خەریــکە ئیهتیمامیــان نامێنێـت و هەمـووی بەرەو کەرتـی تـایبەت دەڕوات، بـۆیە پێویسـتە ئەو بەردەسـتانە هەمـووی لاببرێـت، بـۆ ئەوەی کە حکـومەت مـولزەم بێـت کە ئەرکـی حکـومەتە ئەو خزمەتگوزاریـانەی کە خەڵك خۆی بە تاك پێی دابین ناکرێـت حکـومەت دابینـی بکـات، بەڵام ئەگەر حکـومەت مـولزەم نەبێت بەوەی پێداویستیە تایبەتەکان ئەوەی کە تاك پێی دابین بکرێـت حکـومەت دابینـی بکـات وابزانم هەموو کەرتە گشتییەکان بەرەو داڕوخان دەڕوات و هەمووی دەبێت بە کەرتـی تـایبەت، بۆیە لە خاڵی یەکەم پێشنیار دەکەم بەردەستەکە لاببرێت، لە خاڵی دووەم پارێزگاری لـێ بکرێـت لەسەرجەم جۆرەکانی ئەزیەتدان، ئەم منداڵە بۆ سجن و ناو شەڕ نەبـراوە تـاوەکو پرێزگـاری لـێ

بكرێـت، لەبەر ئەوە پێشـنیار دەكەم بەو شـێوەیەی لێبێـت بە دووربێـت لەسـەرجەم جۆرەكـانی ئەزیەتـدان بە نەرم و نیـانی مـامەڵەی لەگەڵـدا بكرێـت لە كـاتی پشـكنین یـان چارەسـەر لە نـاو دامەزراوەی تەندروسـتیدا، خـاڵی چـوارەم سـەرجەم ڤاكسـین و پێكوتەكـانی بـۆ دابـین بكرێـت، لەوەی تریشدا بە هەمان شێوە پێویستە بەردەستەكان لابرێـت، ئەگەر گـوترا بەردەسـت كەواتە حكومەت مولزەم نابێت بەوەی كە ئەو ڤاكسینانە بەردەست بكات، لەو كاتەشدا كە كەرتی گشتی بەرەو دەرمان دەڕوات و هەمووی رووەكاتە كەرتی تایبەت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك د.زێدان فەرموو.

**بەڕێز زێدان رشید خان اودل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لەسەر ئەو بـابەتە مـاددەی پێـنج كە تـایبەتە بە منـداڵ، پێشـنیارێكی جیـام هەیە لەو یاسـایە ئەگەر بتوانن دەرفەت هەبێت ئەو پێشنیارە جێ بەجێ بكرێت ئەوە سوودی دەبێـت بـۆ هەمـوو منداڵەكانە لە هەرێمی كوردستاندا، ئێمە تەنها خزمەت بە منداڵ نەكەین لەو كـاتەی كە نەخۆشـە و دەچێــتە نەخۆشــخانە، لێــرە ئامــاژە بە خاڵێــك بكەیــن ئەگەر توانــای كــردنەوەی بــنكەی تەندروستیمان هەبێـت لەسـەرجەم قوتابخانەكانـدا، بەڵام بتوانێـت تیمـی گەڕۆكمـان هەبێـت لە بــنكە تەندروســتیەكان نــاوە نــاوە ســەرەدانی قوتابخانەكــان بكــات بــۆ پشــكنینی منــداڵان لە قوتابخانەكاندا بۆ ئەوەی دووربكەوینە لە هەموو حاڵەتی توشبوون، یـاخود منـداڵ پـێش ئەوەی نەخۆش بێت هۆكارەكان و ئەگەرەكانی نەخۆش بوونی بزاندرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

د.رێبوار فەرموو.

**بەڕێز د.رێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەڵـبەت ئەو بـابەتە كە لە مـافی جـاڕدانی مافەكـانی منـداڵیش هـاتووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا هەنـدێك تێبینیمـان هەیە، جێـی دەستخۆشـیە كە منـداڵ یـان ئـافرەتی دووگیـان كە لە مـاددەی داهاتوودا قسەی لەسەر دەكەین جیاكراوەتەوە، بۆ خۆی ئەوە بایەخێكی تەشـریعی پەرلەمـانییە گرنگی بەو دوو شەریحەیە دەدرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو منداڵانەی كە بێنازن و بێ بـاوكن یان بێ دایكن و ئەوانەی كە شوێنانە دەخەوێندرێت یان بەخێو دەكرێن بـێ بـاوك و دایكـن ئەوە حەقە حكومەتی هەرێمی كوردستان بایەخێكی تایبەتیان پێ بدرێت، ئەگەر لە كاتێكـدا نەخـۆش دەكەون و لە نەخۆشخانە گشتییەكاندا چارەسەریان بۆ ناكرێـت حكـومەتی هەرێمـی كوردسـتان ئەركی خەرجكردنی لە ئەستۆ بگرێت لە نەخۆشخانە تایبەتیەكان چارەسەر بكرێت، ئەگەر هەر نا بیــان نێــرن بــۆ دەرەوە، بە تــایبەتیش ئەو منــداڵانەی كە بە داخەوە زاهیرەیەكــی كۆمەڵایەتی دروست بووە لەسـەر شـەقامەكان، منـداڵ هەیە سـواڵ دەكـات، منـداڵ هەیە دەخەوێـت، منـداڵ هەیە كە دەیبینی كارەساتە منداڵێكی ئەوها ئەركێكی پێ بسـپێری یـان كەسـابەتێكی پـێ بـكەی، ئەوانە هەمووی حەقە حكـومەتی هەرێمـی كوردسـتان بـایەخێكی ئەوەتۆیـان پێبـدات، خـاڵێكی تریش ئیزافە دەكەم یان پێشنیارێك ئیزافە دەكەم بۆ بڕگەكانی ماددەی پێنج ئەویـش ئەوەیە كە

له نەخۆشخانەکانی تایبەت بە منداڵان حەقە هەندێ مەلاعب و ئەدەواتی تەشویقی پێدەڵێن بۆ منداڵ هەبێت، چونکە هەست بکەی ئەو نەخۆشخانە تایبەتە بە منداڵان، خاڵێکی تر زۆر گرنگە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئێستا سەیری بکەی لە هەولێر تەنها یەك نەخۆشخانەی پەیوەست بە منداڵان هەیە، حەقە بیر لەوە بکرێتەوە نەخۆشخانەی تایبەت بە منداڵان بە ئافرەتی دووگیان ئەوانە زۆر بکات، لەبەر ئەوەی هەم خەڵك زۆربووە، رێژەی دانیشتوان زۆربووە بە شێوەیەك كە پێویستی بەم جۆرە نەخۆشخانانە هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کام مەلا ناصر فەرموو.

**بەڕێز عبدالناصر احمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی پێنج وێڕای ئەو مافانەی لەم یاسایەدا هاتووە منداڵی نەخۆش ئەم مافانەی خوارەوەیان هەیە، من پێشنیار دەکەم لە جیاتی ئەوەی کەوا منداڵ جیابکرێتەوە نەخۆش هەر نەخۆشە، لە جیاتی منداڵی نەخۆش بکرێت بە نەخۆش، لەبەر ئەوەی لە بڕگەی یەك و چوارەمدا دیاریکردووە دەڵێت لە سەرجەم هاتنی پێکوتە و بەردەستەکان بۆ دابین بکرێت لە قۆناغەکانی تەمەن بەبێ بەرامبەر، یەعنی لە هەموو قۆناغەکاندا هەرتەنها منداڵ نیە، ئەو منداڵە وردە وردە گەورە دەبێت، بۆیە کە گوتمان نەخۆش هەمووی دەگرێتەوە، لەبەر ئەوەی لە بڕگەی یەکەمیش دەڵێ ئامێر و کەرەستە و پێداویستی پزیشکی تایبەت بەردەستبوون لەوێدا پشتگیری لە رایەکەی کاك باڵانبۆ دەکەم، بەردەستەکە لابرێت، لە ناو دامەزراوەکانی تەندروستی هەموو شتێکیان بۆ دابین بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سلمە خان فەرموو.

**بەڕێز سلمە فاتح توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیار دەکەم پشکنینی منداڵ لە شوێنی تایبەت بە منداڵ لە نەخۆشخانەکان ببێت بە یەکێك لە مافەکانیان، هەروەها رێگە نەدانی منداڵ لە کەناڵەکانی راگەیاندن و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، ئێمە لە خاڵەکەی پێشتریشدا ئاماژەمان پێکرد، دەگونجێت منداڵ لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و کەناڵەکانی میدیا پیشان نەدرێت، ئەگەر بخرێتە مافەکانی ئەمانیش زۆر باشە، هەروەها پشتیوانی لە قسەکانی بەڕێز کاك باڵانبۆ و د.رێبوار دەکەم، بە تایبەتی لەو بەردەستانەی کە دەبێتە بیانوویەك بۆ ئەوەی کە ڤاکسین ئەگەر بەردەست نەبێت ئەوە کەواتە حکومەت ناچار نابێت کە بۆیان دابین بکات و دەستەبەری بکات، هەموومان دەزانین کە لە زۆربەی وڵاتانی دنیادا چارەسەرکردنی منداڵ لەسەر ئەرکی حکومەتە، وەکو چۆن خوێندن بە خۆڕایی هەیە بە هەمان شێواز پێویست دەکات ڤاکسینەکانیش، نەك ئەوەی بەردەست بێت ئەو وشەی بەردەستە لابرێت، هەروەها پشتیوانی تەواوی قسەکانی د.رێبوار و کاك باڵانبۆ دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سەرچنار خان فەرموو.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی پێنج دەڵێت وێڕای ئەو مافانەی کە لەم یاسایەدا هاتوون منداڵی نەخۆش ئەو مافانەی خوارەوەی هەیە، بە رای من دەستەواژەی منداڵی نەخۆش هەڵەیە، چونکە منداڵی نەخۆش یەعنی منداڵی نەخۆشەکە، بەڵکو دەبێت بڵێین نەخۆشی منداڵ، یەعنی عەکسی کەیتەوە بۆ ئەوەی مانای منداڵی نەخۆشەکە نەگەیەنێت، ئەگەر باشتریش بڕۆین ئەگەر بڵێین نەخۆشی ناکام ئەوە یاسایی تر و قانونی تر دەبێت، چونکە ناکام قاصر لە قانوندا تاوەکو هەژدە ساڵ هەر بە ناکام حیسابە، بڕگەی سێیەمیش باسی منداڵە ناکامەکانی هێناوە دەتوانین لەگەڵ ئەودا هاوتای بکەیتەوە، سەبارەت بە بڕگەی دووەم پارێزگاری لێبکرێت لەسەرجەم جۆرەکانی ئەو وشەی ئەزیەتدانەش بکرێت بە ئازاردان، چونکە ئەزیەتدان وشەیەکی گونجاو نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ناکام تازە چۆتە ناو موستەڵاحاتی پزیشکیەوە، وەکو ئەو منداڵانەی کە لە ناو غودەجیان دادەنێن، ناکام فەرقی هەیە لەگەڵ ئەو موستەڵەحە لە ناو قانوندا دوو شتی جیاوازن لە راستیدا، دەتوانین عیلاجێکی تری بکەین، شنۆ خان فەرموو.

**بەڕێز شنۆ اشقی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی لە قسەکانی خاتوو سەرچنار دەکەم، منداڵی نەخۆش مانەیەکی ترە دەبەخشێت، پێمباشە بکرێت بە نەخۆشی خوار دوانزە ساڵ بۆ ئەوەی مانایەکی دروست تر ببخەشێت، هەروەها پشتگیری لە قسەکانی خاتوو شادی و سلمە خان دەکەم، بەردەست لابرێت، هەروەها پشتیوانی لە قسەکانی کاك باڵانبۆ دەکەم لە بڕکەی دووەم، پێشنیارێکیشم هەیە کە بڕگەیەك زیاد بکرێت بڕگەی پێنجەم هەندێك نەخۆشی هەیە ئەگەر لە سەرەتاوە پشکنیان بۆ بکرێت بۆ منداڵ رەنگە لە داهاتوودا ڕێگری بکرێت لەوەی کە لە داهاتوودا تووشی هەر تەخەلوفێکی عەقڵی و جەسەدی بێت، یان تووشی شەلەل و ئەوانە ببن، پێمباشە پشکنین بۆ هەموو منداڵێکی تازە لە دایك بوو بکرێت پێش دەرچوونی دایکە و منداڵەکە لە نەخۆشخانە، هەموو ئەو جۆرە نەخۆشانە کە دەستنیشانکردنیان دەبێتە هۆی ئەوەی ڕێگری لە پەکەوتەیی لە داهاتوودا بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك لقمان فەرموو.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی پێنج پشتگیری لەو رایە دەکەم کە دەستپێکەکە وای لێبکرێت کە وێڕای دەستەبەرکردنی هەموو ئەو مافانەی کە لە یاسا بەرکارەکاندا هاتوون، منداڵ ئەو مافانەشی

هەیە، سەبارەت بە بڕگەی دووەم دەستەواژەی ئەزیەتدان پێشنیاز دەکەم یان خاڵەکە لابرێت، چونکە خۆی لە خۆیدا دەبێت منداڵی نەخۆش ڕێز لێگیراوبێت، پێویست بەوە ناکات ئەم دەستەواژەیە بنووسرێت، یان بە شێوازێکی تر دابڕێژرێتەوە، هەروەها سەبارەت بە خاڵی چوارەم نەك تەنها سەرجەم ڤاکسین و پێکوتەکانی بۆ دابین بکرێت، بەڵکو سەرجەم چارەسەر و پشکنینەکانیشی بە خۆڕایی بۆ دابین بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د.اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل علی طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەستپێك وەکو تێبینیەك هاتە گوتن کو مە یاسایەکا هەی ل سەر مافێ منداڵی، ل ڤێرێ مافێ نەساغی منداڵە نەك منداڵی عامە، تاوەکو تێکەڵی چێ نەبیتن، بڕگەیا سێیەم دبێژیتن هاوەڵێکی هەبیت، ئەز دبینم ئیزافە بێتەکرن لەگەڵ جێگایەکەدا، چونکە مخابن سیستەمێ مەیا ساخلەمیێ یا نەخۆشخانەیەت مە ئەوروپیە، بەس چارەسەری و عیلاج شەرقیە، ئەو یەك تەختی هەیە، بۆ نەساغی یەك سریری هەیە، دایك بیت یان مورافەق بیت کێ بیت دەبیت ل عەردی بیت، ئەگەر خەستە دوو ڕۆژ ماوە لە خەستەی ڕۆژا سێیەم ئەو دێ نەساغ بیت، ئەوجا دڤێت جێگایەك بۆ وان بێتە تەحدیدکرن، ئەوروپا خزمەتگوزار ئەو خزمەتا نەساغی دکەت حەوجەی هاوەڵی نینە، حەوجەی مورافقێ نینە، ژبەر هەندێ تەختەکی هەی، بەس لێرە یەك تەخت هەی دگەل هەندێش مرۆڤێ وی خزمەتا وی بکەت، ئەز دبینم ل ڤێرێ بێتە ئیزافەکرن وەکو خزمەتەك بۆ ئەڤی دی، خاڵا چوارێ دبێژیت سەرجەم ڤاکسین، ئەز دبێژم بێتە بەردەستەکانی نەمینیتن، ببیتە یێ پێتڤی یان پێویست، پشتگیریا خوشکە شادی دکەم، هەروەسا پشتگیریا کاك د.ڕێبواری دکەم کو فعلەن ڤێتڤیە ئەو منداڵە چارەسەری نەبیت هاریکاریا وان بێتە کرن، یان کەرتی تایبەت یان ژی دەرەڤە ل سەر حیسابا یا حکومەتی، هەروەسا پێشنیار دکەم خاڵەکا دی زێدەبیت مافێت وی یەعنی بنە شەش ماف، ئەڤە مە گوتی ئەو منداڵەی چارەسەری نەبیت هاریکاریا وانە بێتەکرن ل کەرتێ تایبەتی و ل دەرڤەی وڵاتی، یا دی دابین کرنا ژینگەهەکا گونجاوی هەریکار بیت دگەل چارەسەریا ژیێ بچیکی، یەعنی لە سەر نەخۆشخانە بێتە دانان نەخۆشخانە ل سەر زەوقێ بچیکی بێتە تەئسیس کرن، چ نەخۆشخانە بیت و چ عیادە بیت، یەعنی ژینگەهەکا گرێدای ب بچیکی ڤە دا هاریکاربیت بۆ چارەسەری و عیلاجی، هەروەسا پشتگیریا خوشکە سەرچنار دکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د.صباح هیچ قسەیەکتان هەیە لەسەر قسەکانی ئەندامانی پەرلەمان، فەرموو.

**بەڕێز صباح محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن خـۆم شەخصـی هـیچ تێبینـیـەکم نیـیە، زۆر سوپاسـی ئەنـدامانی پەرلەمـان دەکەم بـۆ دەوڵەمەندکردنی ئەو ماددەیە، ئینجا نازانم ئەگەر د.شـایان و رۆژان خـان تێبینیـان هەبێـت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو رۆژان خان.

**بەڕێز رۆژان ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سـەبارەت بە را و بۆچوونەکـانی ئەنـدامانی پەرلەمـان، زۆر سـوپاس بـۆ دەوڵەمەنـدکردنی ڤـێ ماددەی، بەڵێ، روونکردنەوەیەکی پێویسـتیان لەسـەر بـدەم، تەندروسـتیا گشـتی یـا سـاڵا (١٩٨١) تەقریبەن بەری چل ساڵە، یەعنی ئەگەر چ کێماسی تێدا نەبن ئەم ناتوانین ڤێ یاسایێ چێکەین، یەعنی ئەگەر هەموو مافێـت نەخۆشـی تێـدا هەبـن بـۆ بـۆئێمە بەحـس نەکـر لە ڤێـرێ، ئاخافتنـا دەستپێکی جوان بوو کـو ئەم ئیـزافەکەین وێـڕای ئەو مافـانەی لە یاسـا بەرکارەکانـدا هەیە، ئەو مافانەش ئیزافە بکرێت، چونکە پێویستی بە وان ماددە هەیە، یاسـای تەندروسـتی یـا گشـتی کە لە ماددە (١٠)، بڕگەیا دووەم یا گـوتی ئەو تەلقیحاتێـت ئیبتـدائی بێـنە کرنـێ ئەڤێـت بەر هەنگـی نەهاتینە کـرن تەلقیحێـت وان، مەعنـا ژ دەوری حەزانە و رەوزە و مەدرەسـە، ل ڤێـرێ مە گـوتی ڤاکسین بۆ منداڵە، یەعنی هەر خۆ موحتاجی ڤـان ڤاکسـینایە، چ لە یاسـایا تەندروسـتیا گشـتیدا مواتن ئیلزام کری ل ماددەیا حەوتەم یا گوتی بچیـتن تەلقیحاتـا بـکەت، ل ڤێـرێ مە پێچەوانەیـا کری مە یا کری ئەڤ سەر دەمەزراوەیا تەندروستی سەر وەزارەتـێ کـو ئەو ڤاکسـینە بەردەسـت بیتن، دێجا وشەیا بەردەست لابرێت یان لا نەبرێت گرنگیەك تێـدا نیـنە و چ لە بـڕگەی ئیـزافە و کەم ناکەت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەچینە سەر ماددەی شەش، تکایە بیخوێننەوە، فەرمووون.

**بەڕێز شایان کاکە صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٦):

وێڕای ئەو مافانەی لەم یاسایەدا هاتوون ئافرەتی دووگیان مافی هەیە:

یەکەم: ناوەندی تایبەتمەند بە چاودێری و رێنـوێنی و راوێـژ چارەسـەری بـۆ خـۆی و کـۆرپەکەی لەسەرجەم قۆناغەکانی سك پڕی و دوای لە دایك بوون دابین بکرێت.

دووەم: گشت ئەو پێکوتە بەردەستانەی کە پێویستی پێیانە لە پێش یان لە کـاتی دووگیـانی یـان لە دوای لە دایك بوون بەبێ بەرامبەر بە دەستی بکەوێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، هەر بەڕێزێك دەیەوێـت قسـە بکـات دەتوانێـت نـاوی خـۆی تۆمـار بکات، کێ قسەی هەیە؟ (کاك بەهجەت، دکتۆر زانا، دکتۆر رێبوار، کاك مەم اسکندر، نجـات خـان،

كاك هاورێ، كاك كاروان، كاك باڵنبۆ، كاك عوسمان، سلما خان، شادى خـان، مـوژده خـان، كـاك مەم، دكتۆر اسماعيل)، فەرموو كاك مەم.

**بەرێز مەم اسكندر مەم:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەز باوەڕم ماددا چارێدا ب دەرفەت بینم بەحسێ پێگەهێ بەهدینان بكەم كو پـایتەختێ قەزا ئامێدیە، سەرۆكا پەرلەمانێ بەحسـێ مـاددێ ژارێ كـر كـو گرنگتـرین مـاددانە ل نـاڤ پێشـنیارێ یاسادا، بابەتەكی گرنگە چونكی بابەتەكا مرۆڤایەتیە، وەختی بەحسـێ نەخۆشـی ئەرك و مافێـت وی و بەحسێ كەسەكی ساغلەم و رێك و پێك كەین، مخابن مە هەندەك كێە ڤـێ مەجالێـدا هەنە ب تایبەت سنوورێ قەزایەت ئامێدی كو قەزایەكا گەلەكـا بەرفرەهـا ژ یەك دابـرایە و جـوغرافیێ وی دژوار و چیـایە، ناوچەیەكـا شـاخاویە، ل سـنەتەرێ پارێزگاهـا دهـۆكێ دورە، ئەڤ ڤێـرێ بەحسـی ژنـێ دوگیـان كەیـن بەحسـی دوو مرۆڤـا كەیـن، مخـابن سـنوورێ قەزا ئامێـدی نەخۆشـخانەكا تـایبەت زارۆك بوونـا نیـنە كـو مافەكـا سـەرەتاییە هەر ژن و دایكەكـا دووگیـانە، تووشی ئاستەنگی دبن بتایبەت وەرزێ زستانێ كـا بەفرەكـا گەلەكـا زۆر تووشـی ئاسـتەنگا دبـن، داخازا دكەین ل جەنابێ سەرۆكاتیا پەلەمانێ دگەل حكومەتا هەرێمێ نەخۆشخانەكا تـایبەت بـۆ خەلكێ وێ دەڤەرێ بێتە دابین كرن ل گوری قوربانی و زەحمەتێ ڤێ مەنتقێ بن، سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو نەجات خان.

**بەرێز نجات شعبان عبدالله:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێك تشتێ پێكەفتنا وڵاتان ئەوا مرن لە ناو زارۆكێن یان دایكێن نزیك بیتەوە ژ سفرێ، ئەم بەرێ خۆ بدەین كوردستانێ مرنا دایك و زارۆكا زۆرا هەی، ئەڤە دبیـتە ئاسـتەنگ بەرامـبەر پێشـڤەبرنا وڵاتێ، ماددێ پێنجی ێ گرنگە و ماددێ شەش ئەز دبێژم دلـێ پێشـنبارا یاسـایایە، ڤێـرا پێشـنیار دكەم برگەكا زێدە ببیت سەرەرای ماددێ دووێ ئامانجەكا هەی كێم كرنـا رێـژا مرنـێ، ئەم بێـژین كێمكرنا رێژا ئافرەتا دوو گیان یان زارۆك نزیك ببیت ل سفرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك بهجت فەرموو.

**بەرێز بهجت علی ابراهیم:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وێـرای دەسـت خۆشـی لیـژنەی تەندورسـتی و یاسـایی، مـاددێ (٥ و ٦) بـابەتی گرنگـی تێـدایە، پێشـنیارەكم هەیە بـۆ دەولەمەنـد كردنـی ئەو یاسـایە، مـاددەیەكی دی ئیـزافە بكەیـن بـۆ مـافێ چینەكـا گەلەكـا هەژار ئەویـش مـافێ كەمئەنـدام و خـودان پێداویسـتیا تـایبەتە، دەمـێ خـاوەن پێداویسـتیا تایەبـت سـەردانە نەخۆشـخانە تـایبەت دكەن چ بەهـایەك نـیە، پێتڤیـا هەر دەمـێ سەردانا دكەت حتا دگەهیتە چارەسەرێ جهێ تایبەت، ل هەمی دونیایێ هەی، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووو کاك هاوڕێ.

**بەرێز هاورێ بنأ محمد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو پرۆژە یاسایە باسی ماف و ئەرکی نەخۆش ئەکات، بەقەناعەتی خۆم بە کەسوکاری خۆشم پێم وابێ نابێ ئافرەتی دوو گیان بە نەخۆش هەژمار بکرێ، ئافرەتێك دووگیان بێ و نەخۆش بێ، سەیرە ئافرەت هەزار قوربانی ئەکات تا دووگیان بێ و بە نەخۆش هەژمار بکرێ، لە سەدەی پێشوو ئەگەر سەیر بکەین ئافرەتێك دووگیان بووبێ لە لادێکان تا کاتی منال بوونیشی ئەوەی ئەگێرنەوە ئیشی ماڵەوەی کردووە، حەیوانداری کردووە، باغداری کردووە، بۆ هی سەردەمی ئێستا کە وتت دووگیان بە نەخۆش هەژمار بکرێ، بروام وایە ئەو ماددەیە هەر زیادە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

روون کردنەوەیەك بۆ ئەوەی بە خراپ نەچێتە ناو رەئی عامەوە، لەبەر ئەوەی لە تەعریفی نەخۆش وتوومانە هەر کەسێکە پێویستی بە چاودێری تەندروستی و چارەسەری پزیشکی هەبێ، مادام هەروا تەعریفمان کردووە، داکەکانیش کە دووگیان ئەبن پێویستیان بە چاودێری تەندروستیە، ئەکرێ ئیزافەیەك بۆ دیباجەکەی بکەین بەرێزان، وێرای ئەو مافانەی لەو یاسایە و یاسا بەرکارەکان هاتوون، لە قانوونی سەحەی عامە زۆر بە تەفسیل باسی رعایەی ئمومە کراوە، بۆ ئەوەی ئەو حەقەی هەیانە لەدەستی نەدەن، بۆ دیباجەکە زیاد بکرێ، فەرمووو کاك کاروان.

**بەرێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێم وایە ئەو یاسایە زۆر گرنگە، پێویستە بە هەند وەریان بگرین، لە برگەی یەکەمەوە دەست پێ ئەکەم، کە باس لەوە ئەکات ئەو چارەسەرانەی هەیە بەشێکی لە نەخۆشخانە گشتیەکان بەردەست نین، لە بەشێ لە نەخۆشخانە گشتیەکان بەردەستە، بەڵام ئەوەی جێگەی ئەسەفە زۆریان ئەبێ ئیحالەی نەخۆشخانەی تایبەت بکرێ تا منداڵیان ژیانیان پارێزراو بێ، دوو، لە بەشێکی زۆری ئەو یاسایە بە مەتاتی باسی بەردەست بوون کراوە، گشت ئەو پێکوتانەی بەردەستن، تێناگەم ئەگەر پێکوتەیەك بەردەست نەبێ ئەبێ ئافرەتی دووگیان یان هەر نەخۆشێك چارەسەری چی بێ؟ لە کوێ دەستی بخات؟ لە نەخۆشخانەی تایبەت، دڵنیام هەموو کەس توانای نیە بە تایبەت لە ئێستا سعری نەخۆشخانەی ئەهلی زۆرە، سێیەم، ئەمەوێ برگەیەك ئیزافە بکەم بەو پێیەی بەرێزت خۆت ژنی وەکو سەرۆکی پەرلەمان، رەنگە زیاتر لە هەر کەسێ لەو مەعاناتە تێبگەی، بەشێکی زۆری ئە قاعەیە ئافرەتە، خۆشمان کەسێکمان ئافرەتە، کێشەیەکی زۆر گەورە هەی بۆ ژنی دووگیان لە کاتی مندال بوون بە شێوەکی زۆر ناتەندورست مامەلەیان لەگەل ئەکرێ بە داخەوە، برگەیەك بە برگەی سێیەم (مامەڵەیەکی تەندورست بکرێ لەگەل نەخۆش بە گشتی و ئافرەتی دووگیان بە تایبەت بە پێچەوانەوە مافی سکاڵا کردنی یاسایی هەبێت، بەشێکی زۆرمان گوێبیستی ئەو چیرۆکانە ئەبین و بەرگوێمان بە داخەوە لە

کاتی مندال بوون ئافرەتی دووگیان دووچاری کۆمەڵێ چیرۆکی زۆر ناخۆش ئەبنەوە، ئەرکی ئەو پەرلەمانەیە ئەو بڕگەیە زیاد بکات، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو موژدە خان.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بڕگەی دووەم پێکوتەی بەردەست بکرێ بە پێویست، پشتیوانی لە ڕەئی کاك کاروان ئەکەم کە ئەو برگەیە زیاد بکرێ، برگەیەکی تر پێم وایە زیاد بکرێ ئەویش نەخۆش بێ یان ژنی دووگیان یان مندال پێویستی بەوەیە ئەو بنکە تەندورستییەی سەردانی ئەکات پاك و تەمیز بێ، بەتایبەتی لە قەزا و ناحیە دوورە دەستەکان، ئەو شوێنەی ژنی دووگیانی لێیە یان نەخۆش زۆر پیسە، لە نەخۆشخانە ئەهلیەکانیش هەیە کە پارەیەکی زۆریش وەرئەگرن، بەڵام پاك نییە، یەك دۆشەك چەند کەسێ لەسەر چارەسەر وەرئەگرێ، زۆرجار خوێنی پێوەیە، بە تایبەت لەوکاتی ڤایرۆسی کۆرۆنا بینیومە لە نەخۆشانەی ئەهلی چوار کەس یەك دۆشەك و سەرینی بەکار هێناوە، ئەوە بکرێ بە یاسا بە تایبەت لە نەخۆشخانە ئەهلیەکان ئیجبار بکرێن ئەبێ پاك بن، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر زانا.

**بەڕێز زانا خالد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەوانە گرنتر باسی بکەین بابەتی پزیشکی خێزانییە، سیستەمێکە لەووڵاتان پەیرەو ئەکرێ بەداخەوە لە کوردستان پەیڕەو نەکراوە، ئەگەر ئەو سیستەمە پەیڕەو بکرێ لە هەموو ئەو مەعاناتانەی هەیە لە ئافرەتی دووگیان و کۆرپەلە و چاودێری سەرەتایی نەجاتمان ئەبێ، بەڵام ئەگەر بە ماددەیەك جیای بکەینەوە باشە ئەگەرنا ئەکرێ بە پرۆژەیەکی تایبەت بتوانین بە یاسا دەرچوێنین لە پەرلەمان، ئەگەر ماددەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە لە بڕگەی یەکەم پێویستمان بە زیاد کردنی بڕگەیەك باس لەوە ئەکات ناوەندی تایەبتمەند بە چاودێری ڕاوێژی سەنتەری چاودێری بۆ خۆی و کۆرپەکەی لە سەرجەم قۆناغەکانی سکپڕی و لە کاتی لەدایك بوون، مەرحەلەی لە دایك بوون زیاد بکرێ لە کەرتی گشتی زیاد بکرێ، دوو، گشت ئەو پێکوتە بەردەستانە بکرێ بە پێویستن لە پێش یان لە کاتی دووگیانی، ئەبێ دابین بکرێ، برگەیەك زیاد بکرێ کە پشتگیری کردنە لە قسەکانی بەڕێز کاك کاروان، پێویستە سەرجەم ئامێر و دەرمان و پێویستی پزیشکی بۆ ئافرەت و مندالەکەی دابین بکرێ لە کاتی لە دایك بوون بە مەبەستی چاودێری کردنیان، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر ڕێبوار.

**بەرێز ڕێبوار عبدالرحيم عبدالله:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسە کردن لەسەر ئافرەتی دووگیان دەست خۆشی لە لیژنەی تەندورستی ئەکەم بۆ جێ کردنەوە، کاتێ ئافرەت دووگیان ئەبێ پێویستی بە ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی و تەندورست ئەبێ، ژینگە کۆمەلایەتییەکە بایەخی کەمتر نییە لە تەندروستی، ژینگەی کۆمەڵایەتی وەکو پیاوێك قسە ئەکەم لە کۆمەلگەی کوردستان هەندێ زاهیرە هەیە کاتێ ئافرەتێك دووگیان ئەبێ پیاوەکەی یان هەندێ خەڵکی دوروبەری بەداخەوە ژینگەی کۆمەڵاییەتی ئەوتۆی بۆ دابین ناکەن، کە جاری وا هەیە تووشی هەندێ حاڵەتی دەروونی ئەوتۆ ئەبێ، هەم تەئسیر لەسەر لایەنی تەندروستی خۆی و کۆرپەکەی ئەکات، لەو گۆشە نیگایەوە لەگەڵ بۆچوونی برای بەرێز کاك کاروانم، ئەوەش کاك زانا باسی کرد زۆر گرنگە ئیش لەسەر ئەوە بکەین سیستەمی پزیشکی کۆمەڵاییەتی یان خێزانی دابین بکەین، لە فەقەرەیەك هاتووە باس ئەکات پێکوتەکان بەلاش بێ، داوا ئەکەم ئەو فەقەرەیەش زیاد بکرێ کە ئافرەتێك ئەکەوێتە حاڵەتی دووگیانی سۆنەری زۆر ئەبێ، پێویستە لەوەش بەتایبەت لە کەرتی تایبەت دیسکاونت بکرێ، جاری وا هەیە ئافرەت هەیە پێویستی بە سۆنەرە، زوو زووش ئەکرێ، پێشنیاری ئەو بڕگەیە ئەکەم، سوپاس،

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عوسمان.

**بەرێز عثمان کريم سوارە:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیار ئەکەم برگەیەك زیاد بکرێ کە بۆ سەنتەری قەزایەکان کە قەرەبالغن هەول بدرێ بەشی منداڵ بوون لەو شوێنانە بکرێتەوە بە تایبەت هەندێ نەخۆشخانە هەیە زۆر مۆدرنە، نموونە لە قەزای دووکان (١٠٠) قەرویلەیە، ئەگەر (١٠) تەرخان بکرێ بۆ منداڵ بوون پێم وایە کارێکی باشە، پشتیوانی کاك کاروانیش ئەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو شادی خان.

**بەرێز شادی نوزاد وەهاب:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هاوکارانم ئاماژەیان بە چەند خالێکی گرنگ دا، برگەی یەکەم، ناوەندی تایبەتمەند بە چاودێری و ڕێنمایی و ڕاوێژ و چارەسەری، بەشێ لەو ناوەندانە هەیە، بەڵام بەشێکی نیە، پێویستە ئەو برگەیە سەقفێکی زەمەنی دیاری بکات تا حکومەتی هەرێم چاکسازی لەو ناوەندانەش بکات کە ئێستا هەن و ئەوانەش کە نین دابمەزرێن، چونکە زەمەن دیاری نەکری ئێمەی ئەندام پەرلەمان نازانین لەسەر چ بنەمایەك بەداواداچوون لەسەر ئەو بڕگە یاسایە بکەین، بۆیە پێویستە لیژنەی یاسایی بە ئەرك نەبێ هەڵسن بە دیاری کردنی سەقفی زەمەنی، دوو، گشت پێکوتە بەردەستانە

وەك هاوكـارانم و كـاك كـاوران و كـاك زانـا ئاماژەيـان پێـدا بگـۆڕدرێ بە گشـت ئەو پێكـوتە و چارەسەريانەش كە پێويستن لە ماوەی دووگيانی، چونكە حـاڵەت هەيە ئەو ئـافرەتەی دووگيـان ئەبـێ تووشـی خـوێن مەيـن ئەبـێ، لە (٢٠١٥) ەوە تـا ئێسـتا ئەو عيـلاجەی بەكـاردێ بـۆ ئـافرەتی دووگيـان كە تووشـی خـوێن مەيـن ئەبـێ لە نـاو نەخۆشـخانە حكومييەكـان نـين، بە مەرجـێ لە ڕۆژێكا بـاوی (٤٠) هەزار پێويسـتی بەو عيـلاجەيە، لە توانـای هـيچ كەس نيـيە ڕۆژێ (٤٠) هەزار دينار دابين بكات بە درێژايی نۆ مـانگی دووگيـانی ئەگەر قەرزی بۆنەكـات، پێويسـتە حكومەتی هەرێم مولزەم بكرێ بەوەی ئەو عيلاجە پێويستانە لە فەترەی دووگيانی دابينی بكات، پێويسـتە سـياغەكە بگـۆڕدرێ بـۆ گشـت ئەو پێكـوتە و چارەسـەريە پيێويسـتانەی لە پـێش يـان لە كـاتی دووگيانی يان لە دوای لەدايـك بـوون بـێ بەرامـبەر دەسـتەبەر بكـرێن، خـاڵی تـر پشـتگيری كـاك كاروان ئەكەم كە خاڵی سێيەم زياد بكرێ بۆ ئەو ياسايە، چونكە ئێمە بە درێژايـی چەنـدين سـاڵ لە كەرتـی تەندروسـتی ژنـان ڕووبەڕووی ناشـرينترين قسـە و مـامەڵە ئەبـنەوە لە كـاتی لەدايـك بـوون، كە پێويسـتە جـوانترين و خۆشـترين ڕۆژی ژن بـێ كە ژيـانێكی ئەهێنێـتە بـوون، بـۆيە پێويسـتە سـياغەكە بەو شـێوەيە بـێ، مـامەڵەيەكی تەندروسـت لەگەڵ ئافرەتـانی دووگيـان لە مـاوەی دووگيـانی لە كـاتی هێنـانە دوونيـای كـۆرپە لەگەڵ بكـرێ، ئەگەر سـياغەی جيـاوازتريش هەبێ سوپاستان ئەكەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك مەم.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسەكانم كران، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك موحسێن.

**بەڕێز محسن حسێن مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتگيريا مەم اسكندر دكەم بۆ ڤەكرنا نەخۆشخانا مندال بوونـا ل ڤەزا ئاێـديێ چـونكە براسـتی دەڤەرەكا شاخاويە ب تايبەت ل وەرزا زڤستانێ دەڤەرەكا بەفـراويە، ل بەر نەبوونـا نەخۆشـخانا تايبەت گەلەك چيرۆكێت نەخۆش هەبوونە گيان ژ دەست دايە، بابەتێ دووێ، شـەرم ل زانسـتێ نينە، بابەتێ مندال بوونێ زەختەكا زۆر ل سەر نەخۆشخانا حكـومی هەيە، ژ بەر هەنـدێ ڕێـز ڤە دبێژم دكتۆرێ مە ب تايبەت ئافرەتان فێر بـووی بـابەتێ نەشـتەرگەريێ دهێنيـتە پـێش، يەعنـی زربەی حالەتێ بێ پێويستی ئـافرەت ب نەشـتەرگەری، ل هەمـی دنيـايێ منـدال بـوون ب ڕێگـێ ئاسايی سەخلەم ترە، بەڵام بەداخەوە ل كوردستانێ ب نەشتەرگەريە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك باڵانبۆ.

**بەڕێز بالانبۆ محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێرای پشتگیریم بۆ وتەکانی کاك کاروان گەزنەیی لە خاڵی دووەم گشت ئەو پێکوتە بەردەستانە لابرێ و گشت ئەو پێکوتانەی پێویستە، بەداخەوە ئاماژەیەکی زۆر خەتەر هەیە کە حکومەتی هەرێم دەستنیشانی کردووە بە هەموو شێوەیەك خۆ دزینەوە لە کەرتی گشتی، ئەوە پلانی حکومەتێك نییە کە نەوت و غاز بفرۆشێ، پلانێکی حکومەتێکە لەسەر زەریبە بژی، لەبەر ئەوە ئەرکی حکومەت ئەوەیە ئەو خزمەتگوزاریانەی تاك پێی جێ بەجێ ناکرێ پێویستە حکومەت جێ بەجێ بکات، وەك ئاو ئاوەڕۆ و ڕێگا و بان و تەندروستی، بەڵام حکومەت ئاماژەی بەوە کردووە بە هیچ شێوەیەك ئامادە نییە دەعمی کەرتی گشتی بکات، ئەو پرۆژەیە ..........

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە دانیشتووین بڕیاری کۆتایی بۆ پەرلەمانی کوردستانە، سێبەری هیچ کەسێ بەسەرمانەوە نییە، هەر مەسەلەیەك مەبەستانە و ئەتانەوێ بە شێوازی تر بێ لە فراکسیۆنە جیاوازەکان، ئەوەی لە کاك زانا گوێم لێبوو ڕەنگە لە پەرلەمانتارێکی موعارەزە گوێم لێ نەبووبێ، موتەفقین لەسەر ئەوەی ئێرە پەرلەمانی کوردستانە، حەزمان لە چی بوو دەنگ بەوە ئەدەین، ئەبێ بەردەست لابرێ و بکرێ بە پێویست ئەیکەین، کاتت تەواو، فەرموو سەلما خان.

**بەڕێز سلمە فاتح تۆفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێم باشە خاڵێك زیاد بکرێ، ژنی دووگیان بە تەنیا پشکنینی بۆ بکرێ بێ هاوەڵی نەخۆش، چونکە زۆرێك لە کێشەکانی ژنی دووگیان ئەوەبێ کەسێك لەگەڵیایەتی، ئەگەر کەسی نزیکی خۆشی بێ بارودۆخی تایبەت ترە، بۆیە پشکنین بێ هاوەڵی نەخۆش، و تایبەتمەندی ژیانیان پارێزراو بێ بە دابین کردنی شوێنی مانەوە لە نەخۆشخانە بە شێوازی ژووری تایبەت بە پێی پێویست، ئەبینین لە زۆربەی نەۆخشخانەکان هەندێ قاوش چۆلە، هەندێ قاوش چوار تا پێنج ژنی تێدایە، لەبەر ئەوەی ئاسانترە بۆ خزمەتکردن و کارمەندی تەندروستی، جاری وایە قاوشی زیاتر هەیە، بەڵام نەخۆش لە یەك شوێنە، ڕێگەدان بە هاوسەری نەخۆش، جاری وایە باوك دوای دوو ڕۆژ ئینجا منالی خۆی ئەبینی، ناڵێم بۆ هۆلی لەدایك بوونی منداڵ، ئەکرێ هاوسەر هاوەڵی بێ تا منال بوون، پشتیوانی قسەکانی کاك محسێن و کاك کاروان و کاك ڕێبوار و قسەکانی کاك باڵانبۆ ئەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر اسماعیل.

**بەرێ اسماعیل علی طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیریا کاك مەم اسكندر و كاك محسێن دكەم كو قەزای ئامێدی موحتاجی سەنتەرەكی تایبەتە، دوو، خالا ئێكێ پشتگیریا دكتۆر زانا دكەم لەسەر ئەو نوقتە ئیزافە كری، سێ، پشتگیریا كاك عوسمان دكەم كو هەمی قەزا محتاجی سەنتەرە، پێتڤیا ئیزافە كری بۆ ژنا دووگیان، دوو مافا ئیزافە دكەم، ئێك ژنا دووگیان ئەڤ مافە هەبیت هەڵبژاردنا نوژدارێ وێ بۆ سەرپەرشتكاریا بچووك بوونێ، گەلەك جارا ژنێ هەی ناڤێ زەلام سەرپەرشتیا وێ بكەت، حەقی هەبیت ئیختیار بكات، دوو، دابین كرنا جهەكی گونجاو و بەرچاڤ، مەفروزە ئەڤێ قاعی قودسیەت هەبیت، نە هەر كەس بێتە ژوور بەس نوژداری تایبەت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرمووو لیژنەی تایبمەند و لیژنەی یاسایی، نوقتەی نیزامی؟ فەرموو.

**بەڕێز حكمت محمد عبو زید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

باسی قەزاكان كر كو سەنتەرەكی تایبەت بۆ منال بوون بكرێتن، شتەكی باشە، پێشنیار ئەكەم هەندەك ناحیە هەنە زۆر دوورن..........

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوە كەی نوقتەی نیزامیە؟ سوپاس، دوای ئەوە بەرێزان ئەندامان لەسەر ماددەیەكی دیاری كراو قسە ئەكەن، ئەگەر ئەندامێكی پەرلەمان ئەیەوێ قسەیەك بكات بەڵام نەبێتە عادەت و بلێ ناویشم نەنووسیوە با ئیزافە بكەم، یا شتێك بنووسێ بلێ ئیزافەیەكم هەیە، یا بە ناوی نوقتەی نیزامی نابێ، فەرموو كاك بەلێن.

**بەڕێز بەلێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێش ئەوەی بچین بۆ ماددەی (٧) پێشنیار ئەكەم ماددەی ( ٧) زۆر هەستیارە، جگەلەوەی بوعدێكی پزیشكی و دینی و كۆمەڵایەتی و فەلسەفیی هەیە، لەژێر سێبەری ئەو ماددەیە سەدان مەشاكیلی كۆمەلایەتی خۆی حەشارداوە، سەدان حاڵەتی مندال فرێدان و خۆ كوشتن، پێشنیار ئەكەم بۆ ئەوەی بە روونی قسە بكەین بتوانین بۆ ئەو ماددەی پەخش رابگرین.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

راستە، یەك ئەندام ناتوانێ پێشنیاری راگرتنی پەخش بكات، چەند كەس لەگەڵیدایە بەس بۆ ماددەی (٧) بۆ ئەوەی بتوانن بە ئازادی قسە بكەن؟ (٢٩) كەس لەگەڵ ئەوەن بێ پەخشی راستەوخۆ بێ، كێ دژیەتی؟ (٢٨) كەس، لە هەرێمی كوردستان، ئایا حاڵەتی پرسیارە لە دكتۆرا شایان و دكتۆر سەباح، ئایا حاڵەتی لەباربردنی مناڵ هەیە؟ ئەمەوێ لە رووی گوبیەوە، ئەگەر هەیە لە واقیع بوونی هەیە بۆ چ حاڵەتێك هەیە؟

**بەڕێز شایان كاكە صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێستا هەیە، بەڵام ماددەی (٧) لە ئاساسا لیژنەی تەندروستی (٢) برگە بوو، ئەو برگەی داوا كرا پەخشی راستەوخۆی لەسەر رابگیرێ داعی ناكات، برگەیەكی تر هەبوو باسی ئەوە ئەكا ئەگەر

منداڵەکە تەواو نەبوو و نەخۆش بوو حەق بە دایك بدرێ لەبار ببرێ، ئەو موشتومری لەسەر بوو نەك ئەوە، ئەوەی تر لادرایە، ئێستا بەڵی پزیشك ئەتوانێ بڕیار بدات لەسەر ئەساسی ژیانی دایك، دایکێك تووشی شێرپەنجەی مەمك بووە، لە سێ مانگی یەکەم دیاری کراوە کە شێرپەنجەی هەیە و پێویستە نەشتەرگەری بکرێ و کیمیایی وەرگرێ و تیشك وەرگرێ، هەمووی زیانی هەیە بۆ منداڵ، ئەگەر تا منداڵ بوون راوەستێ ژیانی دایك ئەکەوێتە مەترسی، ژیانێك هەیە ناتوانی قوربانی ژیانێك بکەی هێشتان نەبووە، لە رووی پزیشکییەوە بۆ پاراستنی ژیانی دایك پێویستە منداڵەکە لەبار ببرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر رێبوار.

**بەڕێز رێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە کام ماددە لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان جەنابت رێگەت دا کە ماددەیەك لە پێشنیاری یاسا بخرێتە دەنگدان، بۆ ئەوەی بێ پەخش یان بە پەخش بکرێ؟ ئەگەر بکرێ ئەبێتە عورف، دوو، ئێمە نوێنەری خەڵکین گفتوگۆ لەسەر بابەتێك کە رەهەندی کۆمەڵایەتی هەیە و پێویستی بە ئاسایشی تەندروستی مرۆڤ بە گشتی کە نەخۆش ئەبێ چ مانعێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەیە، لێرە بێ پەردە قسە لەسەر ئەو بابەتە نەکەین؟ گرنگە، بۆ بە ئاشکرا قسە نەکەین؟

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاروان.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هیوادارم قسەکانم بۆ هیچ کەسی بە هەند وەرنەگیرێت، بابەتێك رەهەندێکی کۆمەڵایەتی و ئینسانی و دینیشی هەیە، ناکرێ پەرلەمان لە تەنیا ماددەیەك بە داخراوی بهێڵێتەوە، لە کاتێکدا هیچ موبەریرێکی قانوونی نییە و پێم وایە کۆمەڵایەتیش، ئەو رەئیانەی هەیە پێوستە خەلکی کوردستان چاودێری رەئیەکان بکات و گوێبیستی رەئیەکان بێ، لە ماددەی پێشوش کە (٦ و ٧) گرنگترین ماددەی ئەو پرۆژەن، بۆ پەخش راگیرێ؟ ماددەی موخەدەراتە یان کاری تیرۆرستی یان قەتلی گشتییە، هیچی نییە، باس لە خەڵکی کوردستانە، دووبارە داوا ئەکەم ئەو تەسویتە هەڵوەشێتەوە و پەخش راستەوخۆ بێت.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێزان ئەزانن دۆخی پەرلەمان لە دەرەوە چۆنە، چ ناحەقییەك بەرامبەر پەرلەمان ئەکرێ، دڵنیاتان ئەکەم ئەو ماددەیە جاری نەکراوە بە داخراو، چونکە ئەو قسانەی ئەکەین لە پرۆتۆکۆل تەسجیل ئەبێ، ئەو بەرێزانەی قسە ئەکەن ئەچێتە پرۆتۆکۆل، ئەوەی کردوومانە لەگەڵی بووم لە زمنی ئەو (٢٩) یە، سەبەب پاراستنی پەرلەمان و ئێوە و خۆشمانە، یەکسەر رەنگە ئەندامی پەرلەمان بڕواتە دەرەوە و بڵێ لە کاتێکدا خەڵك مووچەی نییە پەرلەمان باسی لەباربردن ئەکات،

له كاتێكدا لەبار بردن بوونی هەیە، ئێستا هەیە و باسی تەنزیمی قانوونی ئەكەین، نەك لەبەر ئەوەی ناوێرین رەئی خۆمان لەسەری بلێین، بڕواناكەم كەسێكی تێدابێ و ئیماندار نەبێ، ئینجا هەر دینێكە، لەبەر ئەوە بۆ پاراستنی پەرلەمانە، زۆرجار ئیشی زۆر باشمان كردووە لە دەرەوە بە خراپی باس كراوە، هاتووین باسی ماف و ئەركی نەخۆش ئەكەین ئەندامی پەرلەمان هەیە ئەڵێ ئەوە كەی باسە، ئەی چی بابەتە؟ قسەكان لە پرۆتۆكۆل تەسجیلە، فەرموو كاك سەركۆ.

**بەڕێز سەركۆ ازاد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەپێی ماددەی (٨٨) لە پەیڕەوی ناوخۆ لە بڕگەی یەكەم باسی ئەوە ئەكات ئەو ئەندامەی ناوی تۆمار ئەكات ئەتوانێ لەسەر هەر ماددەیەك یەكجار بدوێ نابێ لە دوو خولەك تێپەڕێ، ئەو بەڕێزە پێشنیاری كردووە وخرایە دەنگدان لەسەر ماددەكە نەبووە و لەسەر ئازادی بووە، جەنابیشت یەكێكی رێگەت داوا بە ئازادانە قسە بكرێ و هیچ مانیعێك نییە كە پەرلەمانتار نەتوانێ بە ئازادی قسە بكات، داوا ئەكەم ئەو رێگریە نەكرێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێمە رێگری لە ئازادی ناكەین، مەبەستی كاك بەلێن ئەوەیە فشاری دەرەكی لەسەر نەبێ كە ئەیەوێ رەئی خۆی بڵێ، فەرموو كاك هاورێ.

**بەڕێز هاوری بناْ محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەكو ئەوەی كاك بەڵێن وتی ئەگەر مەبەست بێ پەیامەكان بگات لە پرۆتۆكۆل وەكو بەڕێزت ئاماژەت پێدا ئەمێنێتەوە، ئەگەر ئێمە مەبدەئین لەگەڵ ئەوە بین ئەو پرۆژە یاسایە ببێ بە باش و هاووڵاتی سوودی لێ ببینی، مەرج نییە هەمووجار وا قسە بكەین ببورن بە خۆم ئەلێم موزایەدە بكەم، وا قسە بكەم خەڵك لە خۆم رازی بكەم، یاساكە بۆ خزمەتی خەڵكە، ئەگەر پەخش هەبێ رەنگە ئەوەی مەبەستە نەتوانین بیلێین، بەداخەوە تۆهمە دروست كردن لەسەر پەرلەمان و پەرلەمانتار رۆژانە ئەبینین.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

تەنیا بۆ پاراستنی بەرێزتانە، ماددەكە ئەخوێنینەوە.

**بەڕێز رۆژان محمد كريم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی ٧:

رێگا بە لەباربردن نادرێ تەنیا ئەگەر بە راپۆرتی پزیشكی لەلایەن لیژنەیەكی پزیشكی تایبەتمەندەوە سەلمێندرا كە بەردەوام بوونی دووگیانی یان لە دایك بوون ئەبێتە مایەی زیان گەیاندن بە تەندروستی ئافرەتە دووگیانەكە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ قسەی هەیە؟ (مامۆستا ابو بەكر، دكتۆر اسماعیل، دكتۆر عوسمان، سەرچنار خان، كاك مسلم، كاك عەلی حمە صالح، كاك بالانبۆ، كاك سەركۆ، كاك هاورێ، كاك كاروان، كاك جەلال، كاك

رزگار، کاك یاسین، کاك لوقمان، سلما خان، دکتۆر هاورامان، شادی خان، کاك بەلێن، نجات خان، کاك ادریس، حسیبە خان، کاك حکمت، جوان خان، دکتۆر ڕێبوار، دکتۆر زانا، سوسن خان، کاك زاهیر، گولستان خان، کاك هیڤیدار، کاك ملا ویسی، کاك ڕۆمیۆ، ڕۆبینا خان، ڕوپاك خان)، ئەمڕۆ لەم ماددەیە ڕێگە بە مامۆستایانی ئاینی ئەدەین، ئەوانەی بواری تەندروستی و بواری کۆمەڵایەتی، فەرموو.

**بەڕێز عثمان کریم سوارە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای دەست خۆشی، یەك نوقتە لەبیر چوو، ئەو دایکانەی کارمەند و موەزەفن، ئەوان زۆر مەغدورن، لە ماڵەوە ماندوون و لە دەرەوەش ماندوو، ئینجا مووچەشیان پاش (٦) مانگ کەم ئەکاتەوە، سوپاستان ئەکەم لیژنەی تایبەتمەند شتێکیان بۆ زیاد بکەن، لەبار بردن چەندین دەقی لەسەرە نامەوێ ئاماژەی پێ بکەم، بەڵام پێویستە ئەو دەقە زیاد بکرێ، بە هاوکاری و هەماهەنگی لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئاینی و ئیزافەی لیژنەی باڵای فتوای هەرێمیش، نەتوانرێ هەرکەس ویستی ئەو حاڵەتە بکات، دکتۆرە شایان باسی کرد حاڵەتی منداڵێکی چوار مانگی دایکی ئەولاترە، ئەگەر ئەو کۆرپەلە بوو بە ڕۆح لەبەر و ئەوکاتی پێویستی بە فتوای باڵای هەرێم هەیە، نەوەك ئەو دایکە لە لایەن میردەکەی تاوانیار بکرێ یان بوختانی بۆ بکرێ، بتوانرێ بۆ ئەو کارە ناشەرعیانە ئاسان نەبێ لەبار بردن، زۆر گرنگە لیژنەی باڵای فتوای هەرێم هەبێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عەلی.

**بەڕێز علی حمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕەنگە دەیان حاڵەت و قەزییە ببینین لە دەرەوەی پرۆسەی شەرعی یان پرۆسەی ئیجتیماعی لە کوردستان ڕوو ئەدەن، کتێبی گەورەی لەسەرە لە ڕووی شەرعی و ئینسانییەوە، ئایا ئەو مناڵە لە یەك مانگی و دوو مانگی لە سکی دایکی لەبار ببرێ یان لە دایك ببێ و لەسەر سەلەیەك فرێ بدرێ؟ لە ڕووی شەرعییەوە موناقەشەی جدی لەسەرە، لە ڕووی فەلسەفی و ئینسانیشەوە چی لێ بکرێ؟ زۆر قورسە یەکلایی بکرێتەوە، ئەوە زیانی بۆ دایکە، ئەوەش لە دەرەوەی زیانە بۆ دایك، بابەتێکی تەواو کۆمەڵایەتییە، چونکە ئەو مناڵە لە یەك مانگی بمرێ یان لە دایك بێ و بێ دایك و باوك، هیوادارم ئەو بابەتەی ڕەبتی بەوە نییە بیر لەوە بکرێتەوە لە شوێنی تر حەل بکرێ، ڕەنگە دکتۆر هەورامان لە بواری شەرعی ئەڵێ جانبی زۆرە و موناقەشەی زۆرە، چونکە لە دەرەوەی ئەو پرۆسەیە دکتۆر هەیە بەتایبەت چۆن ئەڵێ بە قاچاغ و نافەرمی ئەو لەباربردنە ئەکات، ئەگەر هەر ئەکرێ بۆ ڕێکنەخرێتەوە لە چوارچێوەی قانوون.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك لوقمان.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ ئەو رایەم مەسەلەی لەبار بردن هەستیارە، لەو یاسایە بە مەتاتی باس کراوە، زیان گەیاندن بە دایکی کۆرپە رەنگە مەتاتی بێ بوار برەخسێنی بۆ لەباربردن زیاتر، بۆیە زیان گەیاندنەکە و ئەو برگەیە وا دابرێژرێتەوە تەنیا ئەگەر لیژنەیەکی پسپۆر ئەوەی ئیسپات کرد مانەوەی منداڵەکە ئەبێتە مایەی گیان لەدەستدانی دایکەکە، ئەوە نەبێ رێگا نەدرێ.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو نەجات خان.

**بەرێز نجات شعبان عبدالله:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەختی ل باربردنی دا ئەگەر هاتوو چو ل باربردنی ئەگەرێ زیان گەیاندن ب تەندورستیا هەردوکا، زارۆك و دایکا دووگیان ژی.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك زاهیر.

بەرێز ظاهر محمد علی:

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٧) رێگا بە لەباربردن نادرێ تەنیا ئەگەر لیژنەیەکی پسپۆر، یانی زیان بە دایك بگات، پشتگیری کاك لوقمان ئەکەم ئەگەر ببێتە هۆی مردنی دایکەکە یان مەترسی و رەزامەندی دایکیش، ئەگەر باس لە یاسا بکەین ژمارە (١١) ی ساڵی (٦٩) ی عقوباتی عێراقی مادده (٤٠٧) باس ئەکات هەر کەس بێ رەزامەندی دایك کۆرپە ئیجهاز بکات عقوبەکەی ئەگاتە سجنیش، فەقەرەی (٢) ماددەی (٤١٨) زەرفێکی توندی دانایە، بەتایبەت ئەو کەسانەی کرداری لەباربردن ئەنجام ئەدەن دکتۆر بێ یان کیمیایی یان سەیدەلانی بێ یان لەو بوارە کار ئەکەن، پێشنیار ئەکەم بێ رەزامەندی دایك کرداری لەباربردن ئەنجام نەدرێ.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو گولستان خان.

**بەرێز گلستان باقی سلیمان:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو لیژنێن دێنە پێکئینان ئەگەر بە یاسا رێگال نەدات بۆچی ئەو لیژنە هەنە، ل دیڤ چ یاسایە؟ ئەوەی موخالەفەی یاسا بکات عقوبا وی چ بیتن؟ ئەگەر زارۆك تەمام نەبیت ئەگەر ژ دایك بیتن، دبیت پشکنین ب باشی ئەنجام بدرێ، دا بزانن کو ئەو زارۆکی تەندورستا یان نا، پشتەڤانیا شێخ زاهیر دکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك هێڤیدار.

**بەرێز هێڤیدار احمد سلمان:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

رەنگە لە زۆربەی وڵاتان کە قسە لەسەر لەباربردن ئەکرێ ئەبێتە قەزیەی گەورەی موجتەمەع، ئەوەی باسی ئەکەین باسی رێکخستنی بابەتێکی تەندروستی کۆمەڵایەتی شەرەف و کوشتن، لەباربردن بەس بۆ دایکە؟ نەخێر، کچێك یا ژنێك مێردەکەی لە سەفەرە و توشی حاڵەتێك بووە کە ژیانی عایلەیەك بپارێزرێ؟ کەس دەرگای تۆبەی دانەخستووە، خودا ئەڵێ تۆبە بکە لێت رازی ئەبم، بابەتێکە ئینسان خۆی لەبیر ئەکات و ئەکەوێتە هەڵە، تۆ چۆن هەڵەی راست بکەی؟ ئەبێ ئەو بابەتە رێك بخرێ، خۆم ئاگادارم کە رۆژنامەنووسیش بووم هەیە، کە هەیە ئەو کچە یان ئەو ژنە ئەو منداڵەی لەبار برد، دواتر تووشی ئیزعافاتی تەندروستی ئەبێ، ناوێری سەردانی موستەشفا بکات، ئیحتیماڵە ژیانی بکەوێتە خەتەر، رەنگە تۆبە بکات، ئەوە لە قانوون جێ بکرێتەوە کە موستەشفا و حاکم هەبێ و پۆلیس هەبێ و کارێکی نهێنی بێ لە نێوانی ئەو دەزگایەی و حکومەت و ئەو خانەوادە کە تووش بووە رێك بخرێ بە بەڵگە، رەنگە مافی پارێزراو بێ، ئیش لەسەر قەزیەیەك بکەین کوشتن کەم بێتەوە، پێم باشە بیر لەو بابەتە بکەینەوە، بابەتێکی کۆمەڵاییەتی و ئاینیە، پاراستنی ژیانی خەڵکە، هەتا ژنی تریش هەیە منداڵی تووش بووە کە بابەتی شەرعی و یاسایی هەیە ئەیەوێ لەباری ببات یان نا.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا ابو بەکر.

**بەڕێز ابو بەکر عمر عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەسەلەی لەباربردن هەر پەیوەندی بە دایك نیە، لەوانەیە پەیوەندی بە منداڵیشەوە هەبێ، یەکێ شەلەل دەماغی (١٠٠%) یان موشکیلەیەکی تری هەبێ کەمئەندام بێ، ئەوەی پەیوەندی بە یەکێتی زانایان و رای شەرع هەیە لەو مەسەلەیە شەرعیش ئەگەرێتەوە بۆ رای لیژنەی تایبەتمەند کە دکتۆرە بەرێزەکانن، ئەو ماددەیە ئەبێ زۆر سنووردار بکرێ، چونکە لەو یاسایە باسی مافی نەخۆش ئەکەین، بۆ ئەوەی ئیستیغلال نەکرێ بۆ هەندێ مەسائیلی تر، بە تایبەتی ئەوەی لە رێگەی کەناڵەکانی راگەیاندنەوە هەیە، دوا قەڵا لە کوردەواری پێی ئەوترێ خێزان کە ئەمرۆ لەبەردەم هەرەشەی دارمانە، ئیحسائییەکانی دادگاکان سەیر بکەن یەکەم هۆکاری جیا بوونەوە بریتیە لە وەسائیلی راگەیاندن، خانەکانی منالانی بێ سەرپەرشت و بەداخەوە زینای مەحاریم لە کوردستان زۆرە، دکتۆر هەیە پێی وتووم رۆژانە (١٣) حاڵەتی لەوەی ئەنجامداوە، جار وایە لەوانەیە لەباربردن مەسلەحەت بێ و فیتنەیەکی گەورە بکوژێنێتەوە، لە رووی کۆمەڵایەتییەوە لەبەر چاو بگرین، بەڵام ئەوە بە مەرج بێ و سنووردار بێ، لیژنەیەکی پسپۆری تایبەمەند پشت راستی بکاتەوە و ئەبێ زیانەکە لەسەر دایك حەقیقی بێ، نەك وەهمی، بە درێژایی مێژوو مەسەلەی جنس کۆنترۆل نەکراوە، بەڵام ئەتوانی کەمی بکەیتەوە، ئەبێ لەو بابەتە زۆر وورد بین، ئەو بابەتە بۆ هەندێ بواری تر ئیستیغلال نەکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر هەورامان.

**بەڕێز هەورامان حمەشەریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو بـابەتە زۆر حەساسـە، لە ئیختیساسـی خـۆم قسـە ئەکەم، لەو یاسـایەش بڕیارمـدا بەس لەو ماددەیە قسـە بـکەم، هەر ئەنـدامێکی بەڕێـز لە ئیختیساسـی خـۆی قسـە بکـات بـاش ئەبـێ، ئەو بابەتە هەم پەیوەنـدی بە دیـاك و کۆرپەشـەوە هەیە، لە رووی شـەرعەوە بە مـوتلەقی نەیـانوتوە حەرامە و نەشیان ووتووە حەلاڵە، ئەو مناڵەی نـوتفەیەکە، دوای ئەبێـتە خـوێن و دوایـی پـارچە گۆشتێك، زانایانی ئیسلام بە تەفسیل ئەو بابەتەیان بـاس کـردووە، نـاتوانین بەسـێ دێـر حەقـی خـۆی پـێ بـدەین، ئەڵـێ لە حاڵەتێـك ئەگەر راپـۆرتی پزیشـکی سـەلماندنی ئەبێـتە مـایەی زیـان گەیاندن، تووشـی شـەکرە ئەبـێ، زەخـت، بە شـتێکی بەسیت رێـگە بە لەبـاربردن ئەدرێ، خـوای گەورە ووشـەی (کـرە) بەکارهێنـانەوە لە قورئـان کە زۆر قـورس و نـارەحەتە، ئەسـلەن حەمـل هەمووی نارەحەتییە، پێشنیار ئەکەم ئەو ماددەیە هەر لابرێ، چـونکە ئەگەر دەسـتی لـێ بـدەین حەقی پێ نادرێ، هەیە لەبەر ئەوەی توانای مناڵ بەخێو کردنی نییە ئیجهاز ئەکات، خوای گەورە ئەفەرمووێ مناڵ مەکوژن لە ترسی برسیەتی، ئەگەر دایك خۆی حاڵەتی تەندروستی تەواو نەبێ ئەی مناڵەکە؟ ئافرەتێ دێ ئەڵێـتە پێغەمـبەر زینـام کـردووە و حەملـم هەیە، یەکسـەر نـافەرموێ بڕۆن حەدی لەسەر بکەن لەبەر مناڵەکەی، وتی نا لەوانەیە بەس دەستی لـێ دابیـت، وتـی نـا مـن حەملم هەیە، وتی جارێ بڕۆ حەملت دانێ، کە دانینا وتی ها ئەوە حەملەکەمە، وتـی بـڕۆ تـا دوو ساڵ شیری بەرێ، هاتەوە پارچە نانێکی بە دەست بوو وتی نان ئەخوا، پێغەمبەر هەر وەستاندی، ئەو بابەتە پەیوەندی بە ژن و مناڵ و کۆمەڵایەتییەوە هەیە، داوا ئەکەم ئەو ماددەیە لابرێ، ئەبێ قانوونێکی تەواو لەسەر ئیجهاز دابنرێ لە کوردستان.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك جەلال.

**بەڕێز جلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مامۆستا ئاماژەی پێدا بە حوکمی ئەوەی ماوەی (١٣) ساڵ لە موئەسەسەی ئەمنی کارم کردووە و بە حوکمی تەجروبەی خۆم لەو (١٣) ساڵە ئەو حاڵەتانەی لەبار بردن کە بەرچاوم کەوتـووە بەدەر نەبـووە لە (٥) حـاڵەت کە لەبـاربردن بـووە، یەکـێ لەوانە ئافرەتێـك حەملـی هەبـووە و مەترسـی لەسەر ژیانی خۆی هەبووە، بە ناچاری ویستوویەتی حەملی لەباربەرێ، رێگە پێـدراوە، یەکـی تـر بە سۆنەر ئیسپات بووە حەملەکە کەمئەندامە، یەکی تر هەبووە مێردی نەبـووە، هەبـووە میـردی هەبووە لە نێوانی ژن و مێردەکە گومان هەبـووە، داوای لەباربردنیـان کـردووە، گومـانی بـردووە ئەو مناڵە هی ئەو نییە، هەبووە حەملی هەبـووە لە نێـوانی کەسـە نزیکەکـان، خـۆم دیـوومە، بـۆ هەموو لەبار بردنێکیش سەردانی دکتۆر ئەکەن داوای وەرەقەی پێویست ئەکات بۆ ئەو بابەتە بۆ ئەوەی تێبگـات، پـێم وایە ئەو پێـنج حـاڵەتەی هەبـووە ئەوەی کـاك عەلـی پێـی ئەڵـێ قاچـاغ بە

قاچاغیش لەبار ئەبرێ، مادام هەیە ئەبێ موعالەجەی بۆ بدۆزینەوە لە چوارچێوەی قانوونێك كە ئەوەش نەبوو تەنزیم بكرێ بۆ ئەو بارودۆخەی هەیە، زۆریشە لە كوردستان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك ئیدریس.

**بەڕێز ادریس اسماعیل عبوش:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسەكان كرا، پشتگیری لە قسەكانی گوڵستان خان و كاك ئەبو بەكر ئەكەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو سەوسەن خان.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من وەكو ئافرەتێك و چالاكوانێكی بەشی ئافرەتان و پەرلەمانتارێكیش ئەمەوێ سەبارەت بەو ماددەیە قسە بكەم، پێم وایە ئەو ماددەیە دادپەروەری تێدا نییە، ئەگەر لاپەرەی مێژوو هەڵدەینەوە لە كاتی جەنگ و شەڕەكان ئافرەتان قوربانی یەكەمن، ئەوەی هاتووە تەنیا لایەنی جەستەیی ئافرەتی بەرجەستە كردووە، ئاماژەی بە لایەنی دەروونی و سایكلۆژی ئافرەت نەكردووە، هەندێ واقیعی تاڵ هەیە بۆ نموونە ئەگەر خوشكە ئیزیدییەكان باس بكەین تووشی ئازاری جەستەیی و دەروونی بوونەوە لەلایەن تیرۆریستانی داعش، بۆ ئەوە چ چارەسەرێك هەیە؟ بە تایبەت حاڵەتی توندوتیژی كە هەیە، ئەبێ تا كۆتایی ژیان بەو دەروونە منداڵ دروست بكات، هاتنە دوونیای ئەو منداڵە تەئسیر لەسەر سایكلۆژی ئافرەت ئەكات تا كۆتایی ژیان، ئەوەی كاك ئەبو بەكریش ئاماژەی پێدا هەندێ جار لەباربردنی منداڵ لەوانەیە فتنەیەك لابەرێ، كێشەی خێزانی و كۆمەڵاییەتی دروست ئەكات، پێشنیار ئەكەم چونكە پێشێلی مافی ئافرەت ئەكرێ ئەگەر رەچاوی ئەو حالەتەی ئافرەت نەكەین، بۆیە پێشنیار ئەكەم لەو ماددەیە ئەو خاڵە زیاد بكرێ كە ڕێگا بە لەبار بدرن بدرێ لە حاڵەتی نەخوازراو یان حاڵەتەكانی ئافرەت تووشی توندوتیژی بەرجەستەیی و سكسی ئەبنەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك مەلا وەیسی فەرموو.

**بەڕێز وەیسی سعید وەیسی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (٧) ماددەیەكی زۆر هەستیارە، چونكە ئەو حاڵەتانە زۆر دەگریتەوە، بۆیە من بەراستی بە پرسیارێك دەست پێدەكەم دەمەوێ لە لیژنەی تەندروستی بپرسیم، ئایا راییەكی دینی هەموو ئایینەكان، چونكە یاسایەك كە لەهەرێمی كوردستان دەربچێ تەنها بۆ ئاینیەكی تایبەت نییە، بۆ هەموو ئاینیەكانە، ئایا رەئیی ئایینیەكان وەرگیراوە، ئەگەر رەئیی ئایینیەكان وەرنەگیرابی، پێشنیار دەكەم لە داڕشتنی دووەم بەر لە دەنگدان هەوڵبدرێت رەچاوی تایبەتمەندی هەموو ئایینیەكان بكرێت، چونكە لەدوای دەرچوونی ئەو بابەتە خوێندنەوەی

جیاوازی لێ ئەکەوێتەوە، بۆ ئەوەی بتوانین ئەو بابەتەی لەگەڵ واقیعی خۆمان بگونجێنین، پێم باشە بیروبۆچوونی ئاینیەکان لەبەرچاو بگیرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك مسلم فەرموو.

**بەڕێز مسلم عبدالله رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەراستی ئەو بابەتە هاوڕێیانم زۆر بە تەفصیلی باسیان کرد، خۆی لەخۆشیدا ئەمە بوعدێکی کۆمەڵاییەتی و دینی و هەم دەروونی تێدایە کە ئەمڕۆ بابەتەکە خۆی گرفتێکی گەورەیە و لە هەمان کاتیشدا کێشەیەکە کە لە ئەنجامی کێشە و مەترسییەکی گەورە دروست دەبێت، ئەمە ئێستا ڕۆژبەرۆژ لە کۆمەڵگای ئێمەدا ڕوو لە زیادبووندایە، یانی بەداخەوە کە ئەم قسەیە دەکەین و بەشێك لە خەڵکانیش هەن ئەبیستینەوە بەداخەوە لەنێو کووچەو کۆڵانەکاندا ئەم پیشەیە ئەنجام دەدەن، بە پارە یان بە جۆرە دەرمانێك کە دکتۆرە بەڕێزەکانیش بەکار دێنن بۆ لەباربردنی منداڵان، لەکاتێکدا هیچ بە قاچاخ یانی هیچ ڕێورسمیەتێکی پزیشکی لەگەڵدا بەکار نایەت، و من پێم وایە هەمان ڕەئیی کاك دکتۆر هەورامانم هەیە ئەگەر ئەم بابەتە بە یاسایەکی تێروتەسەل باس بکرێت، و ئەگەر نا بەراستی هەر دابندرێ و پێویستە لێرە سزا، ئەگەر لە یاسای سزادانی عێراقی ئاماژە پێکراوە لەباربردن یان بەپێی سزایەك سزادان دیاریکراوە، لێرەش ئیشارەتی پێ بکرێ، چونکە بەراستی ئەوە هەم ئێستا لەبەر هۆکاری فەقیری، لەبەر کێشەی کۆمەڵایەتی و لەبەر ناخۆشییەکان و ئەو زیانانەی کە لێرەدا ئاماژەی پێکراوە لەبەر نەخۆشیەکانی جۆر بەجۆر و لەبەر هەرەشەو کێشە و گرفتی کۆمەڵاییەتی، بەراستی بەداخەوە ئێستا خەریکە ئەبێ بە مۆدێلیش، لەوانەیە ئەو قسەیە سەیر بێت، بەڵام ڕۆژ بەرۆژ خۆتان دەزانن ئێمە لە کۆمەڵگەی کوردی ڕوو لە کەمی دەکات، وای لێهاتووە کە خێزان جاران حەوت منداڵیان دەبوو، ئێستا دوو منداڵیان هەیە، خەریکە ئەو دوو منداڵەش نامێنێ، بەداخەوە من پێم وایە ئەوە بووە بە دیاردەیەکی خراپ ڕۆژ بەرۆژ ڕوو لە زیادبووندایە، انشاْ الله لێرەش شتێك بکرێ کە بە قازانجی نەتەوەکەمان کۆتایی پێ بێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك سەرکۆ فەرموو.

**بەڕێز سەرکۆ ازاد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا من دەمەوێ لەسەر ئەو بابەتە قسە بکەم کە لێرە باس لەوە کرا کە بەردەوام بوونی دووگیانی لە دایك بوون دەبێتە مایەی زیان گەیاندن، دەمەوێ لەسەر بابەتە کۆمەڵایەتییەکە بە حوکمی ئەوەی هەم لە خانەوادەکەم و هەم لە ئەو ناوچەیەی کە تێیدا گەورەوە بوومە کە چەندین کێشە هاتۆتە نێو ماڵی ئێمە، بۆ ئەوەی کە چارەسەر بکرێت، چەندین حاڵەتی زۆر گەورە هەبووە لەناو کۆمەڵگای کوردەواریدا، بەدەر لەوەی کە کۆمەڵگای کوردەواری خاوەنی چەندین ڕەفتاری باشە، بەڵام لە پاڵ ئەوەشدا کە تەنها کچ و کوڕێك بینراوە لە شوێنێك کوژراون و تێیدا

کە ئافرەتەکە یان ژنەکە یان کچەکە تووشی کوشتن بۆتەوە، لە کاتێکدا کە هیچ حاڵەتێکی بە لێکەوتە یان لە رێگەی ناشەرعیشدا نەبووە، بەپێی فەحصی توبی کە بۆیانکراوە کە دەرچووە کە پاکن و پاکیزە بووە ئەو ئافرەتەی کە کوژراوە، جاری وا هەیە لە حاڵەتێکدا کە ببینی کە ئافرەتێك کە دووگیان بێ کە رێگە نەدرێت کە حاڵەتێکی تووش بووە یان رفێنراوە یان بەرێگەیەکی ناشەرعی دووگیان دەبێت، ئەو کاتە مەترسی دەکەوێتە سەر ژیانی ئافرەتەکە و لەگەڵ ئەوەشدا لە حاڵەتی ئاشکرابوونیدا لەیەکاتدا هەم ئافرەتەکە دەکوژرێ و هەم کۆرپەلەکەش دەکوژرێ، ئەمە پێویستە لەرووە کۆمەڵایەتییەکەوە چارەسەرێکی جدی بۆ بکرێت و هەروەها دواتر بە رێگای صولح و ئەوانە چارەسەر دەکرێ، بۆیە پێویستە ئەو ماددەیە بە جدی ئیشی لەسەر بکرێ و هەم رەنگە کۆمەڵایەتییەکەی و هەم رەنگە ئەوەی مەترسی لەسەر ژیانی کۆرپەلە و ئافرەتەکە دروست بێ، دەبێ کاری لەسەر بکرێ، هەروەها من لەگەڵ ئەو رایەم کە دەبێت ئەم ماددەیە لابرێ لەیاساکەدا، بۆ ئەوەی بتوانرێ بەشێوازێك بێ کە مافی ئەو ئافرەتە و ئەو منداڵە بەشێوازێکی رەهەندی بەشێوازێك کە هەموو رەهەندە کۆمەڵایەتی کوردەواری تێدا رەهەند بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك بەلێن فەرموو.

**بەڕێز بەلێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەراستی دیارە ئەو بابەتە مامۆستایان وئەندامانی پەرلەمان شیکردنەوەی باشیان لەسەر کرد، لەبواری تەندروستییەوە دوو ئەگەر هەڵدەگرێ کە مەشاکیل بۆ دایکەکە دروست دەکات، یان وەکو مامۆستا ئەبو بکر باسی کرد منداڵەکە خۆی بە ناکامی بە نەخۆشی و بە ئیفلیجی ئەوانە لەدایك ببێ، ئەوە چۆن حەل دەکرێ رەزامەندی چۆن لەسەر دەدرێ؟ لەرووی دینییەوە بەراستی من بڵێین شارەزاییەکی زۆرم لەو ناحییە نییە بەجێی دێڵم بۆ مامۆستایانی ئایینی، بەڵام داوا لە هەموو لیژنە بەڕێزەکان دەکەم تاکو کۆیوونەوەی خوێندنەوەی سێی بۆ دەنگدان، یانی پرسی راوێژێکی زۆر لەگەل مامۆستایان و لەگەڵ خەڵکانی شارەزا و تایبەتمەند بکەن لەو بوارە، بۆ ئەوەی ئێمە بەهیچ شێوازێك لەو بوعدەوە بەهەڵەدا نەچین، لەرووی کۆمەڵایەتییەوە بەراستی ئەم مەسەلەیە کێشەی گەورەی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان بەجێهێشتووە، لە حاڵەت دەرچووە بووە بە دیاردە، دەیان مەشاکیلی خێزانی لێکەوتۆتەوە، لەبەر ئەوە دەستبردن بۆ ئەو ماددەیە لەو یاسایە، بەراستی وەکو هاورێکانم باسیان کرد شتێکی زۆر زۆر قورسە، یانی مەسەلەن کچێکی تەمەن شازدە ساڵ کە لەوانەیە بیرکردنەوەیەکی کاملی نەبووبێ ئەکەوێتە هەڵەوە لەگەڵ کورێکدا، تووشی دووگیانی دەبێ، یان وەکو ئەوەی سوسن خان باسی کرد ئافرەتێکی تەمەن هەژدە ساڵ دەستدرێژی ئەکرێتە سەر حامیلە دەبێ، من ئێستا لێرە بڵێم کاکە واللە رێگەی پێ بدەن لەباری بەرێ وەکو مامۆستا ئەبو بکر ووتی، فعلەن ئەم قسەیەی من سەرکێشیە بەراستی بۆ پەرتەوازەیی خێزان، وەك یەکێك لە کۆڵەکە ئەساسیەکانی کۆمەڵگە تێك بچێ، ئەو گەنجەی کە ئێستا گوێ لەمن دەبێ، بەراستی بۆیە داوای راگرتنی پەخش ئەکەم کە

ئەو گەنجەی کەئێستا گوێ لەمن دەبێ لە کۆمەڵگا ئەگەر حاڵەتێکی وا رووبدات بۆ ئەوەی کێشەی کۆمەڵایەتی لێ دروست نەبێت، قەیناکە رێگە بە لەباربردنەکە بدە، ئەوکات من دەرفەت خۆش ئەکەم بۆ ئەوەی سەدان غەڵەتی کۆمەڵاییەتی لەو بوارە لە کۆمەڵگەکە رووبدات، ئەگەر بڵێم نەخێر نابێ رێگەی پێ بدەی ئەوە کێشەی کۆمەڵایەتی و خێزانی لەدواوەیە، لەبەر ئەوە لەم مەسەلەیە هەم خێزان و هەم کومەڵگە و هەم ئەو کچ و کوڕانە بپارێزین لەم مەسەلەیە، من پشتیوانی لەهەردوو رایەکە دەکەم، یان زۆر بەتەفاصیلی بیری لێ بکەینەوە، یان هەڵیگرین بۆ کاتێکی تر کە دیراسە بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، دکتۆر زانا فەرمووو.

**بەڕێز زانا مەلا خالد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەم ماددەیە دەمەوێ باس لە بابەتێك بکەین کە ئێمە لەو ماددەیە باس لەو باربردنانە بکەین کە شەرعین، یانی باسی بابەتێکی دیکە ناکەین، باس لە نەخۆش دەکەین، نەخۆش ئەو کەسەی کە ئافرەتەکە لەگەڵ هاوژینەکەی سەردانی پزیشك دەکەن، دەچێتە نەخۆشخانە کۆمەڵی گرفتی پزیشکی بۆ دروست بووە، باس لەبابەتەکانی تری کۆمەڵایەتی ناکەین، بۆ ئەوەی ئەو دوو بابەتە لێك جیا بکەینەوە، ئەگەر باسی بابەتی نەخۆشیەکە بکەین دەبێت تێیدا بمینێ، بەڵام ئەگەر بچینە سەر بابەتە کۆمەڵایەتییەکەی منیش پشتیوانی برای بەڕێز دکتۆر هەورامان و مامۆستا مسلم وهاورێیانی تر دەکەم کە خۆمانی لێ نەدەین ئەگەر بابەتە بەو شێوەیە بێ، بەڵام باس لەبابەتێکی نەخۆشی دەکەین و زەرووورە، سەرەتای موناقەشەکانی ئەم ماددەیە، جەنابت پرسیارت لە لیژنەی تەندروستی کرد برادەران لەوێ وەڵامیان داوە کە ئایا ئەو بابەتە هەیە یان نییە؟ ئەو بابەتە بێگومان زۆرە و ئەگەر ئێمە ئێستا رێگری لێ نەکەین، ئێستا هەر بەشێوەیەکی زۆر ئاسایی لە کلینیکی پزیشکەکان دەکرێت، بەراستی ئەوە کارەساتە، ئافرەتەکە خۆی دەچی دەیەوێ منداڵەکەی لەباربباب بەبێ ئەوەی کە هیچ گرفتێکی کۆمەڵایەتی هەبێ، رەنگە خۆی حەزی وابووبێ کوڕێکی هەبێ لە سۆنەرەکە دەرچووە کچە، دەچێ لەباری دەبات ئەگەر ئێمە نەتوانین بە یاسا رێگری لێ بکەین، ئەوکات پێچەوانەی ئەحکامەکانی شەرعی دەبێت کە ئێمە نەتوانین لەو پەرلەمانەدا رێگری لەو خەڵکە بکەین، لەبەرامبەر بڕە پارەیەکی زۆر بەداخەوە ئێستا ئەم کارە دەکرێ لەسەرجەم شارو شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان و دەلیلیش لای ئێمە هەیە، ئێستا دەلیلیش لدی ئێمە هەیە کە کێ دەیکات و بە چ شێوەیەك دەکرێ و لە ناو نەخۆشخانەی تایبەتیشدا دەکرێ، نەك بەشێوەیەك کە کاك علی باسی کرد بەس بەشێوەیەکی قاچاخ، ناوالله زۆر بەرەسمی دەکرێت ئەم بابەتە، بۆیە دەبێ لەو بابەتە من لەگەڵ ئەوەنیم کە باس لە زیان گەیاندن بە تەندروستی بکرێ، ئەمە زۆر مەتاتییە، یانی ئەگەر ئافرەتێك لەکاتی دووگیانیدا رەنگە کۆمەڵێك موزاعەفاتی تەندروستی و دەروونی، رەنگە خۆی پێی وابێ کە

تـووش بـوونی بە نەخۆشـی شـەکرە یەك لە موزاعەفـاتە گەورەکـانە و دووچـاری مەترسـی دەبیـتەوە، ئـێ هەمـوو ئـافرەتێکیش مـوعریزە لەبـۆ ئەوەی دووچـاری شـەکرە ببێـتە لەکـاتی دووگیانیدا، یـان فشـاری خـوێنی بەرزببێـتەوە ئەوکـاتی ئەوەشـیان دەچێـتە زمنـی ئەوەی زیـان گەیانـدن بە تەندروسـتی ئـافرەتەکە لەرووی پرۆتۆکـۆلی صـحییەوە، بـۆیە رەنـگە ئەگەر ئەو بڕگەیەی تێدا بمێنی رەنگە ئافرەتەکە دووچاری زیان گەیاندن بە تەندروستی ببـێ و بڵـێ رەنـگە منداڵەکەم لەبـاربەم و ئەمەش پـێچەوانەی ئەحکامی شـەرعییە و ئـێمەش بەشـدار دەبـین لەو غەدرە گەورەیەی کە دەیکەین، رەنگە مـاوەی کـۆرپەکە لەسـکی دایکـی تەواو کردبـێ کە بچێـتە خانەی قەتل، ئەوکاتی ئـێمەش هەمـوو بەشـدار دەبـین لەو بـابەتەدا، بـۆیە ئـێمە لەکۆبـوونەوەی لیژنە کە موناقەشەی زۆرمان لەسـەر ئەو بـابەتە کـرد و خـاڵی یەکەممـان لابرد تەنهـا دووەممـان هێشـتەوە، خـاڵی یەکەم ئەوە بـوو ئەگەر بزانـدرێ تەندروسـتی منـداڵە مەترسـییە، تەندروسـتی منداڵەکە رەنگە لەو کاتەدا دایکێك کە سۆنەر دەکات منداڵەکەی خاوەن پێداویستی تایبەت بێـت دەربچێت لە سۆنەرەکە خاوەن پێداویسـتی تـایبەتە، بەڵام ئیـدی ئەوە دروسـتکراوی خـودایە و خـودا ئەوەی پـێ بەخشـییە، ناکرێـت کە خـاوەن پێداویسـتی تـایبەتە و لە شـەش مانگیـدا ئـێمە لەباری ببەین، ئەگەر بەیاسا لێرە مابوایەوە ئەو فەقەرەیە، ئێمە بەشدار دەبووین لەو قەتـلەی کە دەکرا، بۆیە ئەمانە پێچەوانەی ئەحکامی شـەرعیین و بەهـیچ شـێوەیەك ئـێمە لەگەڵ ئەو بـابەتە نین، بەڵام زیانگەیاندنەکەش لابرێت تەنها ووشـەی مـردن، ئەگەر ببێـتە مـایەی مردنـی ئـافرەتە دووگیانەکە لەو حاڵەتەدا منداڵەکەی لەبار ببرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، حەسیبە خان فەرموو.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٧) زۆربەی برادەران کە ئاماژەیان پێکرد، دابەشی سەر دوو تەوەر کران کە لایەنی شەرعی و ناشەرعییە، ئەگەر بێتوو ئێمە باس لەلایەنی شەرعییەکە بکەین لە ماددەی (٧) پێشنیاری ئەوە دەکەم کە ئەو بڕگەیە دابڕێژرێتەوە بۆ پاراستنی گیانی ئافرەتی دووگیان ڕێگا لە لەباربردن نادرێ تەنها ئەگەر بە راپـۆرتی پزیشـکی لەلایەن لیژنەیەکـی پزیشـکی تایبەتمەنـدەوە سـەلمێندرا کە بەردەوامـی دووگیـانی یـان لە دایکبـوون دەبێـتە (زیـان گەیانـدن)، ئەو (زیـان گەیاندنە) بکـرێتە دەبێـتە هـۆی لەدەسـتدانی گیـانی ئـافرەتەکە و یـاخود ئەوەی کە بـرای بەڕێـز دکتۆر زانا باسی لە منداڵی ناکام، مـن بەباشـی دەبیـنم ئەگەر بـزانین منـداڵێکی ناکـام نێـتە سـەر دونیا، زۆر حاڵەت هەیە لەوانەیە ئەگەر ئـێمە لەرووی شـەرعییەوە تەماشـای بکەیـن هـاتنە سـەر دونیای منداڵی ناکـام، لەوانەیە لەرووی شـەرعییەوە ناتەندروسـت بێـت و گونـاح بێـت، بەڵام لە هەمـان کاتـدا گونـاهەکە گەورەتـرە کە داکێـك سـێ منـداڵی ناکـامی هەبێـت و رۆژانە لەشاشـەی تیڤییەکان بانگەشەی بەخێو کردنیان بۆ بکـات، بـۆیە ئەوەشـیان بەمەرجێـك بێـت کە هاوسـەری

ئافرەتەکە ئامادە بێت لە واژوو کردنی یاخود بڵێین ڕەزامەندی هەبێت بۆ لەباربردنی، ئەگەر بێتوو تەماشای لەباربردن بکەین چۆن ئەوەی کە هەموو شتەکانی تر لە هەرێمی کوردستان نایاساییەکان بە نایاسایی دەکرێ و بەردەوامیش هەن و هیچ یاسایەك ناتوانێ تاوەکو ئێستا ڕێگری بکەن بەشێوەیەکی بەرچاو، بە نهێنی لەباربردن بەردەوامی هەیە و زۆربەی بڵێین یاریدەدەرە پزیشکییەکان لەگەڵ مامانەکان ڕێك کەوتوون کە بەشێوەیەکی نهێنی ئەو کارە بەردەوامی پێ دەدەن، بەڵام ئەگەر سەیری یاساکانی عێراقی بکەین بە پێی یاسای ژمارە (١١١) ی ساڵی (١٩٦٩) لەباربردنی منداڵ قەدەغەیە و هەر ئافرەتێك ئەو کارە بکات سزای ساڵێك زیندانی و ئەوەی هاوکاریشی بکات حەفت ساڵ زیندانی سزا دەدرێت، و لەلایەنی ناشەرعی و هەڵگرتنی بابەتەکە بەشێوەیەکی تێروتەسەلتر پشتیوانی برای بەڕێزم کاك هیڤیدار و مامۆستا هەورامان و ئەو بەڕێزانەی تر دەکەم، بەوەی کە لیژنەیەك پێك بهێندرێت لە ئەندامانی لیژنەی ئەوقاف و کاروباری کۆمەڵایەتی و مافی مرۆڤ وهەروەها ئەندامی لیژنەی تەندروستی تێدا بێت لەگەڵ تیمی حکومەت، بۆ ئەوەی یاسایەکی توندوتۆڵتر بۆ لایەنی ناشەرعی دابرێژنەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك کاروان فەرمووو.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەڵبەت وەکو پێشتر ئاماژەم پێکرد ئەو ماددەیە یاخود ئەو خاڵەیە بابڵێین ماددەی (٧) سێ ڕەهەندی گرنگی هەیە، ڕەهەندێکی دینییە، ڕەهەندێکیان کۆمەڵایەتییە، ڕەهەندێکیان ئینسانییە، لەڕووی دینییەوە وەکو برای بەڕێزم دکتۆر هەورامان ئاماژەی پێکرد کە تائێستا لە شەرعی ئیسلام روون نەبۆتەوە بە موتلەقی، بەڵام منداڵ دوای سێ مانگ دەبێتە ئینسانێکی تەواو، واتە ڕەنگە لەباربردنی ببێتە قەتل، خۆی لەخۆیدا ئیحتماله لە شەریعەت هەمان قەناعەتییان هەبێت، لەڕووی ئینسانییەوە ئەو منداڵە دوای چل ڕۆژ دڵی دەڕوێت، دوای سێ مانگ کامل دەبێت، لەباربردنی کە لەڕێگەیەکی ناشەرعییەوە دروست ببێت، ئایا بەراستی ئەمە لەڕووی ئینسانییەتەوە ئەمە تەواوە؟ پرسیارێکی جدییە پێویستە لەخۆمانی بکەین، لەڕووی کۆمەڵایەتییشەوە ئەو هەموو کێشەی کە هەڤاڵەکانم باسیان کرد، واتە ئەم پەرلەمانە بەڕێز دەبێ خۆی یەکلا بکاتەوە، لەسەر کام لەم سێ بنەمایە بڕیار بدات، بنەمای کۆمەڵایەتی ئینسانی یاخود بنەمای دینی، ئەم کێشەیە لەئێستادا ڕەنگە بەهەند وەرینەگرین، بەڵام من دڵنیاتان دەکەمەوە لە پرۆتۆکۆلی پەرلەمان تۆمار دەکرێت پێنج ساڵی داهاتوو ئەمە یەکێك دەبێ لە کێشە هەرە گەورەکان لە هەرێمی کوردستان کە دەبێ پەرلەمانی کوردستان چارەسەریان بکات، ومن بەشبەحاڵی خۆم پێم وایە کە ئەمە کێشەیەکی یەکجار گەورەیە لە ئێستاشدا لە کۆنگرەی ئەمریکی تا ئێستا نەیانتوانیوە یەکلایی بکەنەوەو پەرلەمانی بەریتانی تائێستا نەیتوانیوە خۆی یەکلا بکاتەوە، سوید کە یەکێکە لە وڵاتە هەرەپێشکەوتووەکان تا ئێستا لەسەر ئەو بابەتە مشتومڕ هەیە، هەتا کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتیش بەگشتی لەسەر ئەوە موشکیلەیان هەیە، بۆیە

ناکرێـت ئـێمە بە مـاددەیەك لە یاسـایەك جـێگەی بکەیـنەوە، مـن پێشـنیاز دەکەم بەتەواوی لەو ماددەیە لابرێت لەو یاسایەدا، چونکە دڵنیاتان دەکەمەوە دەرگا دەکەینەوە بـۆ کـۆمەڵێ کێشـەی زۆر گەورە کە رەنگە پەرلەمـانی کوردسـتان تووشـی کێشـەی گەورەتـر بێـت لەسـەری، بـۆیە تکـا دەکەم تکایە ئەو بابەتە با بەهەند وەربگرین، پرۆژە یاسایەکی تایبەتی بۆ ئامادە بکرێـت و پەلەی تێـدا نەکرێـت، تکـا دەکەم ئەو مـاددەیە لابرێ لەم پـرۆژە یاسـایە، هەڤاڵان دووبـارە ئەمە سـێ رەهەندی هەیە، رەهەندەکان گرنگن پێویسـتی بە رەئیـی یەکێتـی زانایـانی هەرێمـی کوردسـتان هەیە، پێویسـتی بە رەئیـی کۆمەڵناسـان هەیە، لەهەمـان کاتیشـدا پێویسـتی بە رێکخراوەکـانی مافی مرۆڤ هەیە، پێویستە ئەو سـێ لایەنە قسـەی لەسـەر بـکەن، تکـایە بـا لە پـرۆژە یاسـایەك جێگەی بکەینەوە تکایە با ئەم ماددەیە لابەرین، سوپاس.

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك یاسین فەرموو.

**بەڕێز یاسین خضر طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من هەمووی کرا، بەڕێز دکتۆر هەورامان و کاك بەڵێن و کاك کـاروان لـۆیە هـیچم نـیـیە، پشتگیرییان دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، سەرچنار خان فەرموو.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم بـابەتە بەرای منـیش ئەو نەصـەیە لابرێ، یـانی ئەم دەقەیە بـۆچی؟ لەبەر ئەوەی ئەمە لە یاسـای سـزاکانی عێراقیـدا لە مـاددەی (٤١٧) و مـاددەی (٤١٨)شـمان هەیە، مـاددەی (٤١٧) ئەو لەباربردنــانەیە کە رەزامەنــدییە و ئەو مـــاددەی (٤١٨) بــێ رەزامەنــدییە یــانی بە عەمــدەن لەبــاربردنەکەیە، پــاش ئەوە فەقەرەیەك هەیە ئەڵــێ ئەگەر ئەو لەبــاربردنە باســی لەبــاربردنی شەرعیش دەکات، یانی دایکێك منداڵێکی هەیە ئەیەوێ لەباریبەرێ باس لەشەرعی و ناشـەرعی، دوایــی لە مــاددەی (٤١٧) ئەڵــێ ئەگەر ســەفاحێك یــانی ئەگەر بە ناشــەرعی بــوو ئەو کــاتە بە عوزرێکی قەزائی موخەفەف، یانی لە هەردوو بارەکە جەریمەیە، یانی ئەمە تاوانە یاسا سزای بۆ داناوە، ئێمە لێرە باس لە پێشـنیازە یاسـای ئەرك و مـافی نەخـۆش دەکەیـن، ئەصـلەن بەرای مـن ماددەی شەشـیش هەر پێویسـتی نەدەکـرد ئـافرەتی دووگیـان بێنێـتە ئەو هەمـوو موبەریراتـانە بهێنایە ناو ئەو بابەتە، ماددەی شەش وایکرد کە مـاددەی حەوتـیش بێـتە ئێـرەوە، یـانی مـاددەی حەوت هیچ پێویست ناکات، لەبەر ئەوەی یاسا دیاریکردووە لە حاڵەتێکدا ئەگەر ئەو باسانەی کە کـرا ئەو منـداڵە پێویسـتی بەوە بـوو کە لەبـاربرێ ئەو کـات لیـژنەی پسـپۆری هەیە و ئـێمە لە دادگاکان چەندین ئیشمان لەسەر کردووە کە دراوە بەلیژنە و پێنج دکتۆر کەمتـر نـین کە قسـەی لەسەر دەکەن، کە ئەو منداڵە هی ئەوەیە مەترسی بۆ سـەر ژیـانی دایـکەکە بڕیـار دراوە کە لەبـار

ببرێ و لەجەریمە دەرچووە و بەشەرعی و بەناشەرعی بێ، لەبەر ئەوەی باس لە روح دەکات با بچووکیش بێ ئەو منداڵە هەر روحێکە، یانی ناکرێ ئێمە باس لە مردنی کەسێك یان کوشتنی کەسێك بکەینەوە، و لە ماددەی (٤٠٧)یش هەر باس لەوە دەکات ئەلێ ماددەی (٤٠٧) عقوبات دەڵێ ئەگەر ئافرەتێك منداڵەکەی خۆی لەباربرد حەدیسی ولادە بووە، یانی تازە لە دایکببوو سەفاهە ئەویش هەر جەریمەیە یانی عقوبەیەکی توندی بۆ داناوە، لەبەرئەوە من تەئییدی ئەو رەئیە دەکەم کە ئەم نەصە لاببرێت و زیادە با کێشە بۆ خۆمان دروست نەکەین، سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، سارا خان فەرموو.

**بەڕێز سارا دلشاد بکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

رێگە بە لەباربردن نادری تەنها ئەگەر راپۆرتی پزیشکی لەلایەن لیژنەیەکی پزیشکی تایبەتمەندەوە بێت، ئەو ئافرەتانەی کە دووگیان دەبن بەرێگای ئیغتیصاب پێم وایە بڕگەیەك زیاد بکرێ لەو ماددەیە باشتر دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، جوان خان فەرموو.

**بەڕێز جوان یونس محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر رێگەم پێ بدەی چونکە پەخشەکە راستەوخۆ نییە بەیەك گلەیی بچووك دەست پێ بکەم، کە لیژنەی ناوچە کوردستانییەکان راپۆرتمان هەبوو بەزۆر ئەندامانی لیژنە رێگەی پێ دەدرا پێشنیاری خۆیان بکەن، ئێستا ئەوەندەی ئەندامی لیژنەی تەندروستی قسە لەسەر ئەو بابەتە دەکات ئەندامانی تر قسەی لەسەر ناکەن، بەراستی لیژنەی تەندروستی کە کۆبوونەوەیان کردووە پێشنیاری خۆیان با لێرە جێگە بکەنەوە، دێن لەئێمە زیاتر قسە دەکەن لەسەر ئەو بابەتە، ئەوە سەعات شەشە تائێستا تەواومان نەکردووە، ئەوە گلەییەك، بەرای من ئەگەر ئەو بابەتە لەماددەیەك هەروەك هەڤالان باسیان کرد ئەمە زۆر لە خۆی ئەگرێ لە بابەتێکدا ناتوانین کۆیان بکەینەوە، منیش لەگەڵ ئەو پێشنیارەم ئەو ماددەیە هەر نەمێنێت، دەتوانێ دوایی بە پرۆژە یاسایەك، ئێمە پرۆژە یاسایەکی پوخت لەسەر لەباربردن دابنێین و قسەی لەسەر بکەین، چونکە ئێستا دکتۆر هەیە بەراستی بە پارەیەکی زۆر بە نهێنی ئەو ئیشە دەکات، مامان هەیە ئەو ئیشە دەکات، یانی هەر کەسێك بیەوێ لەباربردن بکات لەسەر راپۆرتێکی پزیشك راناوەستێ، خۆی دەڕوا هەم بە مامانەکە و هەم بەدکتۆرەکە لابردنەکە دەکات، بۆیە پێم باشە جارێ ئەو ماددەیە هەر لەو یاسایەدا نەمێنێ، پشتگیری لە هەموو ئەو هەڤاڵانە دەکەم کە وتیان نەمێنێ، سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، دکتۆر رێبوار فەرموو.

**بەڕێز رێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەڵبەت ئەمە بابەتێکی زۆر قوڵە و چەند ڕەهەندییە، ئەو دیسکۆرسانەی کە لێرە کران لەلایەن خوشك وبرایانی بەڕێز هەمووی بە ئاراستەی ئەوەیە کە لە چ ڕەهەندێکەوە قسە لەسەر ئەو بابەتە بکرێ، ئەمە خودی ئەو دیسکۆرسەیە کە لەسەر ئاستی پەرلەمانانی وولاتان، و لەسەر ئاستی مینبەرە نێو دەوڵەتەکان کە لەبارەی لەباربردن قسە دەکەن، ئێستاش بەشێکی زۆری ئەو وولاتە پێشکەوتووەکان لە رووی دیموکراسییەوە لەرووی دەسبەری مافی مرۆڤ بەشێوەیەکی گشتی نەگەیەشتوونەتە قەناعەتێکی ئەوتۆ کە لەسەر چمکی لەباربردن، یان لەسەر حاڵەتی لەباربردن یاسایان هەبێت، ئەم دەرگایەیان بە والا بەجێهێشتووە، جیا لەوەی ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان لە پێشنیازێکی یاسادا بەیەك رستە بمانەوێ موعالەجەی حالەتێك یان زاهیرەیەکی زۆر گرنگ، نەك جڤاتی کوردستان گلۆباڵم، جا من دەپرسم بەراستی لە لیژنەی تەندروستی ئایا لەباربردن نەخۆشییە؟ یان زاهیرەیە؟ بێگومان لەباربردن زاهیرەیە، باشە ئەگەر زاهیرەیە بۆچی جێگەی کراوەتەوە بەرستەیەك لە پێشنیازی یاسای ماف و ئەرکەکانی نەخۆش، ئێمە باس لە نەخۆش ئەکەین، باس لە زاهیرە ناکەین، لەم پێشنیازە یاسایە لەم رستەیە هاتووە وەکو چەمك باسکراوە، بە موجەرەدی باسکراوە، لەکاتێکدا پێویست بوو وەکو زاهیرە قسەی لەسەر بکرێ، و موعالەجاتی ئەسبابی ئەم زاهیرەیە بکرێ کە ئەمە لەراستیدا بۆ ئێمە لە حاڵی حازردا زۆر زۆر ئەستەمە بتوانین موعالەجەی ئەم بابەتە فرە ڕەهەندییە بکەین، بۆیە بە بوونی رستەیەك لە ئێستا کە پێشنیازی یاسای خوێندنەوەی سێیەمی بۆ بکرێ و بچێتە دەنگدانەوە، بەراستی ئێمە دەرگای کێشە و گیروگرفتی زۆر لەسەر خۆماندا دەکەینەوە، یانی گلەییەکی زۆرمان لێ دەکرێ لەو بارەیەوە، ئینجا بەراستی کۆمەڵگەی ئێمە بە بیانووی جۆراوجۆر زاهیرەکە قوڵتر دەکەن، من پێشنیار دەکەم بۆ لیژنەی تەندروستی و ئەو دەقەیە ئەو نەصەیە لابچێ لە پێشنیازە یاسایەکە، چونکە پێم وایە بە قەناعەتم ئێستاش ئێمە لە قۆناغی ئەوە نین کە بە پێشنیازێکی یاسا لەسەر ئەمە بتوانین موعالەجەی ئەم زاهیرەیە بکەین، بۆیە لە ئەزعەفی ئیمان ئەوەیە هەر ئەصڵەن ئەم تێکیستە ئەم ماددەیە لابچێ لە پێشنیازە یاساکە باشترە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك رزگار فەرموو.

**بەڕێز رزگار محمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٧) ڕێگا لە لەباربردن ناگرێ، دەبێ لەباربردن روونبکرێتەوە، لەباربردنی کۆرپەلە، ئەم لەباربردنە بەراستی ئەو قسە و باسەی هێناوەتە ناو و ئەمە چەند لایەنێکی هەیە، لایەنی دینی و لایەنی کۆمەڵایەتی و لایەنی تەندروستی، هەمووی پێم باشە ئەو ماددەیە تەنها لەوە بمێنێتەوە کە مەسەلەن باسی لایەنی تەندروستییەکەی بکات، یانی باسی لایەنی تر نەکات، چونکە ئەگەر تۆ بێی باسی لەباربردنی کۆرپەلەیەك بدەی کە بڵێی وەکو باسکرا بەشێوەیەکی ناشەرعی فرەدەدرێ و ئەمە ناشەرعییە، و ناشکرێ پەرلەمانی کوردستان یاسا بۆ مەبەستێك دەربکات کە خۆی لە ئەصڵدا ناشەرعییە، من وەکو ووتم مەسەلە تەندروستییەکە تەبعەن

كۆرپەلە لە (١٢٠) ڕۆژدا ڕوح بەبەریـا دەكرێـت و پـێش ئەوەی كە بگـاتە (١٢٠) ڕۆژ ئەویـش ئەگەر ئەو كۆرپەلەیە كەمئەندام بوو، كەمئەندامی جەستەیی بوو و لەسەر ئارەزوومەنـدانەی دایـكەكە لەبـاربرێ، یـانی تەنهـا وەكـو ووتـم ئەو مـاددەیە لەوە كـورتبكرێتەوە تەنهـا بـاس لەلایەنی تەندروسـتی بكات هەم بـۆ دایـكەكە و هەم بـۆ كـۆرپەلەكە، یـانی ئیتـر باسـی ئەوە نەكـات وەك لەباربردن، چـونكە ئەمەلایەنی كۆمەڵایەتی وەكـو بـرادەران باسـیان كـرد هەنـدێ جـار كێشـەی كۆمەڵایەتی و قەتلی لێ دەكەوێتەوە، بۆیە تەنهـا لەوە بمێنێـەوە باسـی تەندروسـتی كـۆرپەلە و دایكەكە بكات، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، سەلما خان فەرموو.

**بەڕێز سەلمە فاتح تۆفیق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم بـابەتە بـابەتێكی زۆر زۆر گـرنگە و نـابێ ئـێمە خۆمـان لە هەنـدێ بـابەت بـدزینەوە كە لە كۆمەڵگـایە بـوونی نـیـیە، حـاڵەتی نایاسـایی و ناشـەرعی منـداڵ زۆر زۆرە، یـانی كەسـێك هەیە منــداڵەكە لە بــاوكییەتی و منــداڵەكە لەبرایەتــی، لە خــاڵییەتی، لەمــامییەتی، یــانی ئاینــدە وموستەقبەلی ئەو منداڵە زۆر زۆر مەترسیدار ترە لەوەی كە تـۆ لە ڕوحێكـی بچـووكەوە لەنـاوی بەری هەتـا وەكـو لە ئاینـدەدا، مـن نـازانم حكـومەت خـۆ ئەوە بـۆ زینـدووەكان ئەوەنـدە شـتی نەكردووە تاكو خەمی مـردوی بـێ، دوایـی ئەمە لەدایـك دەبـن لە خەسـتەخانەكاندا فڕێـدەدرێن بەراستی، كەس لەخۆیـان نـاگرێ، كەس نایـانەوێ، ئەگەر ئەمـانە منـداڵێك بـن و لەلای خێزانێـك پەروەردە بن هەتا ئەو ڕۆژەی كە ئەمرن ڕۆژێ سەد جار مردنە بـۆ ئەو منـداڵانە، لەبەر ئەوە ئەمە حاڵەتێكە دوو بابەتی زۆر جیاوازن، ئێمە باسی پشتیوانی لەباربردن ناكەین كە دایـك و بـاوكێكن منداڵیان دەبی و كە دایك و باوكێكی قانوونین و هاوسەرگیریان كردووە و منداڵەكەی بەدڵ نییە یان كچ نییە یان كوڕ نیـیە لەبـاری بەرێ، بەڵام حـاڵەتی دەسـتدرێژی سێكسـی، حـاڵەتی منـداڵی نایاسایی، منداڵی ناشەرعی زۆر زۆر هەیە لە كۆمەڵگەدا، لەبـاربردنی منـداڵێك زۆرجـار كوشـتنی ژنێك دەگەڕێنێتەوە، ئاشوبی نێوان چەندین بنەماڵە دەگەڕێنێتەوە، حەیاو حورمەت و شـەرەفی ئافرەتێك دەگەڕێنێتەوە، لەبەر ئەوە ناكرێ ئێمە ئەو بابەتە خۆمانی لـێ بـدزینەوە و پێمـان وابـێ كە ئەم شتانە لە كۆمەڵگە بوونی نییە، یاخود ئەمـانە نـاكرێ و یـاخود ئـێمە مـوبەریراتی تـری بـۆ دەدۆزینەوە، هەموو ئەو موبەریراتە ئایینی و قانوونیانە بێگومـان ئەوە لە شـوێنی خـۆی، بەڵام ئەمـانەش هەن لە كۆمەڵگـا، لەبەر ئەوە مـن پـێم وایە زۆربەی ووڵاتـان مـافی داوەتە دایـك و باوكەكە، مافی داوەتە منداڵەكە ئەگەر دایك و باوكەكە قانوونیش بن، ژنەكە ئەڵێ مناڵەكەم ناوێ ئەویش یەكێكە لەو مافانەی كە خۆی لە ژیانی هەیەتی، ئەوە نییە كە بڵێی لە ووڵاتـانی ئەوروپـا نیـیە، بە پـێچەوانەوە زۆربەی ووڵاتە ئیسـلامییەكانیش ئەم مافەیـان هەیە، ئەوە نیـیە تەنهـا ووڵاتێك تۆ بڵێی بەس لە ئیتالیا لە ئەڵمانیا و لە ئەمریكا شتی وانییە، لە زۆر ووڵاتی تـریش هەیە و ئیسلامیشن ئەو حاڵەتە لەناویاندا بـوونی هەیە، ئەگەر پێتـان وایە ئەم بـابەتە دواتـر بـۆ لیـژنە تایبەتمەندەكان و ڕای زۆرینەی ئەندامان و پێشنیارەكان، ئەگەر پێیان وایە ئەم مـاددەیە لابرێ،

ئەوە من قسەم نییە لەسەری، ئەگەر لە حاڵەتی مانەوەی ئەم ماددەیە من پێشنیاری قسەکەی سوسن خان دەکەم یانی بڕگەیەکی بۆ زیاد بکرێ لە حاڵەتی دەستدرێژی سێکسی و منداڵی ناشەرعی و یەك حاڵەتی تر ئەوەی کە جەنابیان بەروونی ئاماژەی پێکرد، هیوادارم بەو جۆرەی لێ بکرێ، لەحاڵەتی مانەوەی ئەم بابەتە پشتیوانی قسەکانی کاك جلال و کاك سەرکۆ و سوسن خان و هەروەها پشتیوانی قسەکانی کاك هیڤیداریش دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، دکتۆر اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز د. اسماعیل علی طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز بێژم مادام عینوانێ یاسایا مە مافێت نەخۆشی و ئەرکەکانی زۆرە تەبیعییە ئەڤ ماددا تێدا هەبێت، چونکا نەخۆشە نەخۆش مموکینە موحتاجێ ئەڤێ حاڵەتێ بێ دی چاویتە چارەسەر کرن، ئەگەر مە حسێب نەکەن نەخۆشی ژی بەس هەر مافا مافێ کو یەکو مافا ئەرکانا، رەئیا من ئەڤ دوو تشتا باش تەرکیزێ لسەر بکەی، دی زەماناتا بیخینە دڤێرێدا ئەو مەترسی و تەخوفا مەتیت هەی هەو نامێنێت، ئێك وەکو بۆچوون ئەز بێژم وەکی راپۆرتێکی پزیشکی لەلایەن لیژنەیەکی پزیشکی تایبەتمەند پێنج کەمتر نەبێ، لیژنا بێتە تەحدید کرن دا زەمانا هەندێ هەبێت کو ئەوە تەواتوعی ناکەن و موتەفەق نابن لسەر تشتەکێ ناڤێ مەعقولە هیڤیدا مەژیا هەی مەهێ خەبەرا هات و مەیێ خەبەر متواتر، ئەکو بێژی خەبەر متواتر یانی ئەو خەبەرە مەعقول نەبیت کو هەمی موتەفیق بن لسەر تشتەکی درەو یێ ناحەق، ژا ئەم ڤێریێ قەیدیت دکەین تێدا لیژنەکا تایبەتمەند لە پێنج کەس کەمتر نەبێ، پێنج دکتۆر ئەڤە یەك، دووەم ئەوە دبیژتن دەبیتە مایەی زیان گەیاندن، نە ئەو غەلەتە، دەبێتە مایەی مردنی دایك، ئەگەر مەترسیش هات، ئەبی مەترسی دژی وەصف ژی، دەبیتە مایەی مەترسی حەقیقی راستەقینە، چونکا مەهەی زەرەر حەقیقی هەی و زەرەر موحتەمەل، یا موحتەمەل ناچێ بێتە یێدی کرن لسەر زەرەرێکی موحتەمەل قەرارێ ئیجهازێ بێتە تەئیید کرن، بێت زەرەرا موحەقق بی، موەکەد، ئەز بیژم یان ببیتە گیان لەدەست بدات لڤێ بۆچوونا پشتەڤانیا دکتۆر زانا دکەم و شێخ زاهر دکەم و کاك لقمان دکەم و سەیدا ئەبوبکەرێ دکەم، یان ژی هەگەر مە گووتی مەترسیدار بێت، ئەو مەترسیدارەکا حەقیقی بی نە موحتەمەل، یانی بێتە وەصف کرن، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك حکمەت فەرموو.

**بەڕێز حکمت محمد عبو زید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری برادەران دکتۆر ڕێبوار و جوان خان و کاك کاروان و کاك شێرکۆ دکەم، حەقیقەت منیش پێم باشە ئەم ماددەیە نەمێنێت، بۆ داهاتوو بۆ ئەو ماددەیە بناغەیەکی موختەص دروست بکرێ، باشتر ئەوە لەبەر ئەوەی ئەم ماددەیە زۆر شت بەخۆی دەگرێت، یانی هەم

مەسەلەی دینی و هەم مەسەلەی کۆمەڵایەتی و هەم مەسەلەی ئینسانی، ئەبێ قوڵتر لسەر شول بکرێتن، بۆ ئەوەی شتێکی تەندروستی لێ دەربچێت، لە کوردستان و لەهەموو دونیادا دەبی بزانین کێشە هەیە دەبێتە کێشەکی یانی پەردەکە لەسەر موشکیلەکە لاچوو ئەوکاتە کێشە دەردەکەوێتن، بەو شێوەیە بە قەناعەتی من کێشە زۆر دروست دەبن، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێزت، شادی خان فەرموو.

**بەڕێز شادی نوزاد وەهاب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەراستی بەشی هەرەزۆرمان لەسە ئەوە کۆك بووین ماددەکە بە تەواوی هەڵبگیرێ، بەلام کۆمەڵێك مەبادیئ هەن کە پێویستە باسیان لێوە بکەین و قسەیان لەسەر بکەین، پێش هەموو شتێك من لەسەر مەسەلەی (اجهاض) لەباربردن ئەگەڕێینەوە بۆ کۆمەڵێك خاڵی دیاریکراو و کۆمەڵێك مەبدەئ، یەکێك لەوانە لە کۆمەڵێك ڕووەوە ئەڕوانین، یەکێك لەوانە ڕووە دینییەکەیە، لەهەموو دینەکانی کە دینە ئاسمانییەکانیش و ئەوانەشی کە لەسەر زەوی دروست بوون، لەبەشی هەر زۆریاندا ئیجهاز بەتەواوی ڕێگە پێ نەدراوە و لەبەشێکی کەمیاندا ئیجهاز ڕێگە پێدراوە، بەڵام ئەوەندە مەکروهە کە لە ڕێگە پێنەدراوە نزیکترە تا لە ڕێگە پێدراوە، ئەمە لەڕووە دینییەکەوە، چونکە پەیوندی هەیە بە ژیانی کەسێك و رووحێك خوا خەلقی کردووە و یاخود سروشت هیناویەتیی دەبێ لەناو ببرێ، لەرووی مافەکانی مرۆڤ و مرۆڤایەتییەوە، بەراستی ئەم تەوەرە وەکو دکتۆر کاروان وتی تەوەرێکی زۆر جیهانییە و باسێکی زۆر جیهانییە، قسەو باس لەسەر ئەم بابەتە، ببورە جەنابی سەرۆك من قسە بۆ بەڕێزتان و بۆ هەڤاڵانیشم دەکەم، من بە تەواوەتی گوێم لە هەموو برادەرانم گرت، داواکارم برادەرانیش ئیحترامەن بۆ ئەوەی من قسە دەکەم گوێبیستی قسەکانم بن، تەوەرەکەم لەسەر مرۆڤایەتی و مافی مرۆڤ، بەراستی لەدنیادا ئێستا دوو تەوەری هاوتەریب هەن و بەیەکسانی بەتەنیشت یەکەوە ئەڕۆن، ئەویش یەکێکیان ئەوەیە کە مافەکانی مرۆڤ لەیەکەم مافەوە کە دەست پێ دەکات و ئەکەم حەق کە دەدرێ بە مرۆڤ حەقی ژیانە، لەبەر ئەوەی هیچ بوونەوەرێك حەقی ئەوەی نییە ژیانی لێ بسەندرێتەوە لە هیچ بوونەوەرێکی تر، لایەنێکی ترمان هەیە ئەوە لەبەرچاو دەگرێ کە هەمووومان باسمان کرد ئێستا پارێزگاری کردن لە ژیان و تا ژیان نەبێ بە مرۆڤێکی تر کە نەتوانێ هەموو پێویستییەکانی بۆ دابین بکەی، یاخود ببێتە هۆی لەناو بردنی ژیانی یەکێکی تر و ئیلا ئاخیرەهی، ئەمە تەوەرێکی زۆر جیهانییە بەراستی ئەگەر ئێمە بمانەوێ بەتەواوی حەق بدەین بەو بابەتە لەم خاڵەدا ناکرێ، ئەبێ قانوونێکی ئیجهازی کامل موکەملمان هەبێ بە پێی دیراسەتێکی زۆر تێروتەسەلی زۆرێك لە لیژنەکان، لیژنەی مافی مرۆڤ، لیژنەی مافی ئافرەت، داکۆکردن لە مافی ئافرەتان، لیژنەی تەندروستی و لیژنەی ئەوقاف و هەر لیژنەیەکی تر و لیژنەی یاسایی و ئەو لیژنانەی کە پابەندن بەوە، پێشنیاریش دەکەم لەبەڕیزتان و سەرۆکایەتی لیژنە هەمیشەییەکان ئەگەر یاسایەکی لەم شێوەیە هاتە بەردەستمان زۆر ئاساییە داوا بکەین کەفەقەرەیەك لە یاساکە تایبەتمەندی لیژنەیەکی تریش ئەگەڕێتەوە بۆ کۆبوونەوەیەك

بانگهێشتیان بکەین و تەنیا رایان وەربگرین و رەنگە نەتوانن ئەو لیژنەی کە بانگهێشت کراون دەنگ بدەن، بەڵام ئەتوانرێ راو بۆچوونیان وەربگیرێ، بە نموونە ئەگەر لیژنەی داکۆکیکردن لە مافی ئافرەتان بانگ بکرابایە بۆ کۆبوونەوەکە، رەنگە ئێمە هەر لە دانیشتنەکە ئەو فەقەرەیەمان لاببردایە و یان گۆڕانکاریمان بەسەردا بهێنایە بەشێوازێك کە ئەم هەموو گفتوگۆیانەی ئێستا هەڵنەگرێ و باشتر بێ لەو دەقەی کە ئێستا هەیە، لە رووە کۆمەلایەتییەکەوە من لە سەداسەد لەگەڵ سوسن خان و کاك هێڤیدار و کاك علی و کاك زانا و دکتۆر هەورامان و کاك ابوبکر و کاك کاروان، لەگەڵ هەموویانم و سەلما خان و کاك بەڵێنیش و زۆرینەی برادەران، رەنگە ئیجهازێك ببێتە هۆی ئەوەی کە ئاشووبی نێوان دوو عەشیرەتی گەورە بکوژێنێتەوە، بەڵام لە کۆتاییشدا ئەمەش ژیانی ئینسانێکە، ژیانی مرۆڤێکە، ناکرێ ئێمە بەدێرێکەوە کۆتایی پێ بهێنین و نە لەرووی دینییەوە ئەتوانین ئەوە بکەین و نە لەرووی ئینسانییەوە ئەتوانین ئەوە بکەین، نە لەرووی کۆمەڵایەتییشەوە دەتوانین ئەوە بکەین، بۆیە باشترین بژاردە بەرای من ئەوەیە کە ئەو فەقەرەیە هەڵبگرین و هەتا کاتێ ئەتوانین قانوونێکی کامل و موکەمەلی ئیجهازمان هەبێ و لە پەرلەمان دەرچووبێ، سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك هاورێ فەرموو.

**بەڕێز هاورێ بنا محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەراستی ئەو قەزییە کاتێك ئەگەر بڕیار بێ بۆ نموونە بە قەناعەتی خۆم بڵێم لەگەڵ ئەوەم کە لەباربردن هەبێ، مانای وانییە کە من دژی رووحی کەسێکم یان دژی ئینسانییەتم ئەم جۆرە قەناعەتەم هەیە، بە حوکمی ئەوەی ئێمە لە کۆمەڵگەیەکی عەشایەرین هەندێ جار بەناچاری ئەبێ شەرعییەت بە لەباربردن بدەین، من نموونەیەکی زیندوو هەڵبەتە بڵێین هەم ناوی ئافرەتەکەو هەم ناوی پیاوەکە و هەم ناوی بنەماڵە و ناوی شارەکەش نییە، بەڵام بەحوکمی ئەوەی لە پرۆتۆکۆل ئەمێنێتەوە پێم خۆشە ئەوانە پارێزراو بێت، قەزییەك هەبوو پێم وابێ لە (٢٠١٢) یەکێك لە مەنتیقەکان قەزییەك هەبوو خوشك و برایەك بە حوکمی ئەوەی لە تەمەنی هەرزەکاریدا بوون، یانی ئەمەیە کە تۆ وا لی َدەکا کە باسی دەکەم شەرعییەت بدەی، یان پێت وابێ لەوە باشترە کە ژیانی خێزانێك و عائیلەیەك و شارێك و یانی تەصەور کەن شارێکی پێ ناشرین ببوو قەزیەکە، خوشك وبرایەك لەتەمەنی هەرزەکاریدا بوون و تووشی هەڵەیەکی لەو جۆرە ببوون و کە ئافرەتەکە دووگیان ببوو، بەداخەوە ماڵیشیان کە لەو مەوزوعە موقەصر بوون کە نەیانتوانیبوو کە ئەم هەڵە کراوە بە زوویی چارەسەری بکەن، دواتر لەکاتی ئەوەی کە کاتی ولادە و ئەوانەی بوو کاتی منداڵ بوون، دایکی لەگەڵ کچەکە رۆیشتبووە خستەخانە و ناوی خەستەخانەکەشم لایە، لە خەستەخانە منداڵەکە لەدایك بوو دوای ئەوەی کە دکتۆرەکان پرسیاریان کردبوو ئەمە کوا کەسێك واژوو بکات باوکی کوا، هەڵبەتە ماڵەکە لە فەقیر عەقڵی تەبعەن ئەوەیان بەسەردا شکابۆوە، لەوێ گومانیان کردبوو کە مەوزووعەکە شتێکی تێدایە، دوای ئەوەی کە لێکۆڵینەوەیان کردبوو لە مەوزووعەکە لەماوەی دوو سێ سەعاتێکدا کەشف

بوو كە ئەم قەزیەیە برایەكی خۆی ئەم دەستدرێژییەی كردۆتە سەری، منداڵەكە لەدایك بوو، دوای ئەوە كە كوڕەكە گیرا برای ئافرەتەكە گیرا، دوای ماوەیەك كەسوكاری بڵێین براكانی تری كچەكەو ئەو كوڕە چاوەڕوان بوون بڵێن دایك و باوكی كوڕەكە كە تەنەزول بكات و نازانم بیكوژن و شتێك لەو جۆرەی لەگەڵ بكەن، دوای هەشت نۆ مانگ چەند جەلسەیەكی جینایەت رۆیشت، كوڕەكە حوكمی موئەبەدی خوارد، ئەو شەوەی كە كوڕەكە حوكمی موئەبەدی خوارد براكانی لەماڵەوە بێ ئەمەل بوون لەوەی كە براكەیان بەر نابێ، ئەو رۆژە خوشكەكەیان دا بەرچەقۆ و كوشتیان و ئافرەتەكەیان كوشت، منداڵەكە لەدایك ببوو، یانی منداڵەكە پێم وابێ بردرا بۆ رێكخراوەكانی دەرەوەی عێراق، بردیان بۆ ئەوەی كە لەوێ گەورەی بكەن، یانی كارەساتەكان بەدوای یەكە دوای ئەوەی كوڕەكەیان حوكمی موئەبەدی خوارد دوای ئەوەی لە تەمییز لێرە حوكمەكەی بوو بە ئیعدام و ئەو برایەشی كە خوشكەكەی خۆی كوشتبوو پانزە ساڵ حوكمی خوارد، خوشكەكەشیان رۆیشت، ئەو عائیلەیە ئەوەی رەبتی هەیە بە ژن و ژنخوازی بێ و هەر جۆرە پەیوەندییەك بێ لە پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان لەگەڵ ئەو عائیلەیە، یەك دوو خوشكی تری هەبوو جیا بوونەوە لە مێردەكانیان، یانی عەقلیەتی خەڵك وایە خوشكێك تاوانی چییە كە لە ماڵی خۆیەتی و برایەكی هەڵەی كردووە، یانی ئەمە وایكرد یانی گریمان ئەو منداڵە گەورە بوو، نازانێ باوكی كێیە یانی هەم باوكییەتی و هەم خاڵییەتی و هەم مامییەتی، یانی قەزییەكە زۆر ئاڵۆز بوو، لەكاتێكدا عەقڵییەتی كەسوكارەكە دركیان بەوە كردبا لەو مەوزووعە هەڵەیەك كراوە حەسمی مەوزووعەكەیان كردبایە، نازانم سێ مانگە چوار مانگە كە ئافرەت دەردەكەوێ دووگیانە لەباری ببردایە، لەوانەیە ئەو هەموو قەزیەیە رووینەدا بایە، هەموو رێكخراوەكان هاتنە سەر شەقام ئەوكات خۆپیشاندان كرا مەوزووعەكە زۆر گەورە كرا، یانی ئەمە وادەكات قەناعەتت بۆ دروست بێ بڵێی هەندێ جار لەباربردن وادەكات عائیلیەك بپارێزی لە تەشهیر و ناو زراندن لەلای كۆمەڵگە، سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، روپاك خان فەرموو.

**بەڕێز روپاك احمد رحمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە سوتفەكە وابوو قسەكانی من كەوتە كۆتایی، پێم وایە قسەكانی من زۆربەی كرا وهیواداریشم ئەو پەرلەمانتارە بەڕێزانەی كە قسەكانیان دووبارەیە نەیكەنەوە، بەڵام منیش پشتیوانی ئەو بەڕێزانە دەكەم كە دەڵێن ئەو ماددەیە لابرێ و دكتۆر زاناش باسی لەوە كرد كە لە كلینیكی پزیشكی لەباربردن زۆر بە ئاسایی دەكرێ و من خۆم بەدواداچوونم كردووە و چوومەتە كلینیكی پزیشكی زۆر بە ئاسایی بە بڕی ملیۆنێك، هەشت سەد هەزار بەبێ هیچ عوزرێك دایك دەتوانێ منداڵی خۆی لەبارببات، بۆیە پێشنیار دەكەم لیژنەی تەندروستی بەدواداچوون بۆ ئەو كلینیكانە بكات و ئێمەش ناوەكانیان پێ دەدەین و دكتۆرەكانیش كە دەیكەن، پێم وایە بەوەندە ماددەیە عیلاج ناكرێ، دەبێ یاسایەك بێ ئێمەش لیژنەی تەندروستیش بەدواداچوونەكانیان چڕوپڕتر بكات و سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك باڵانبو فەرموو.

**بەڕێز باڵانبو محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پرسیارێکم هەیە بەلابردنی ئەم ماددەیە، ئێمە چۆن دەتوانین چارەسەری ئەم دیاردەیە بکەین لە دەرەوەی دامەزراوە تەندروستییەکان و بەهێڵانەوەشی چۆن دەتوانین چارەسەری ئەم دیاردەیە بکەین کە لە دەرەوەی دامەزراوە تەندروستییەکان بە شەرتێ ئەم دیاردەیە دیاردەیەکی زۆر زۆر گرنگە کە ئەمڕۆ ئێمە بیر لەوە بکەینەوە کە چارەسەری بکەین، پێم وایە هەموو یاساکە بەقەدەر ئەمە گرنگی نییە، ئەمە وەکو هەموو هەڤاڵان باسیان کرد چەند بوعدێکی هەیە، کۆمەڵایەتییە، تەندروستییە، دینییە، بەراستی ئەو ماددەیە ئەوە ئەهێنێت کە ئێمە ئەو جەلسەیەی بۆ تاخیر بکەین و بتوانین بەشێوەیەکی باش بەشێوەیەك کە شارەزایان لە هەموو بوارەکاندا هەوڵی ئەوە بدەین چارەسەرێك بدۆزینەوە، چونکە ئێمە ئەگەر ئەو ماددەیە جێگیر بکەین شێوەیەکی دیکە هەیە و سزاکەشی ئەوەندە قورس بێ کە خەڵك لە ترسی سزاکەی نەتوانێ لەناو دامەزراوە تەندروستییەکاندا ئەم لەباربردنە جێبەجێ بکات، لەدەرەوە ڕێگەی پێ ناگیرێ ئەو لەدەرەوە ڕێگە پێنەگرتنەش ئەبێ بەهۆی دروست بوونی نەخۆشی نەفسی بۆ ئەو کەسانەی کە ناوێرن بڕۆنە نەخۆشخانەکانەوە، لەوانەیە کێشەی کۆمەڵایەتیشی لێ دروست بێ، بۆیە من پێشنیار دەکەم ئەم یاسایە پەلەمان نییە، چونکە ئێمە یاسای تەندروستیمان هەیە و کە هی هەرێمی کوردستانە و یاسامان هەیە هی تەندروستی کە لە هەرێمدا بەرکارە، ئەتوانرێ کارێ لێ بکرێ، بۆیە من پێشنیاری ئەوە دەکەم ئەگەر پێتان باش بێ، لەبەر ئەوەی بتوانین کار لەسەر ئەو ماددەیە بکەین چونکە کێشەیەکی گەورەی کۆمەڵگایە و من نامەوێ بە عەتف قسەتان بۆ بکەم کێشەی زۆر زۆرم لەوانە لەلایە وەك ئەوەی کاك هاورێ باسی کرد، بۆیە هەوڵدەین تاخیری بکەین باشترە تا ئەو کاتەی کە لەگەڵ ئەو لایەنەی پسپۆری ئەو بوارانە قسە دەکەین، بۆ ئەوەی بتوانین یاساکە بەشێوەیەك دەربکەین کە ئەمڕۆی کۆمەڵانی خەڵکی هەرێمی کوردستان ئیستیفادەی هەبێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، نوقتەی نیزامیتان هەیە یان قسەتان هەیە؟ لەنجە خان فەرموو. فەرموو کاك عوسمان لەبەر ئەوەی بابەتێکی حەساسە، بەڕێزان با ئەم کۆبوونەوەیە بە کۆتایی هاتن بە موناقەشەی ئەم ماددەیە ئەم کۆبوونەوە هەڵدەگرین، دەرفەت دەدەینە هەمووان بۆچی ئەگەر ئێمە تەواوی بکەین، لیژنە مەجبورن لەماوەی هەفتەیەکدا حازری بکەن بۆ خوێندنەوەی سێیەم و ئەکەونە ژێر زەغتێکی زۆر زۆر، لەبەر ئەوە دەرفەتیان دەدەینێ ئەو چەند ڕۆژە، ئەگەر ویستیان راوێژ بکەن ئەوەی تریشیان ئەگەر ئەوە بخەنە دەنگدان، یانی ئتیفاقیان کرد و بەقەراری لیژنە ئەوە بخەنە دەنگدان کە ماددەکە لابرێ، گرنگ ئەوەیە بۆ ئێمە ئەو فشارە پەیڕەوییە لەسەریان دروست نەکەین و دوای موناقەشەی ئەو ماددەیە دانیشتنەکە هەڵدەگرین، کاك عوسمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان کریم سوارە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مـن پـێم وایە بە لادبردنی جـوملەیەك لەوانەیە چارەسـەری ئەم كێشـەیە بكرێـت، ئێسـتا مـن دەیخوێنمەوە، ڕێگا بە لەباربردن نادرێت تەنها ئەگەر بە ڕاپۆرتێكی پزیشكی لەلایەن لیژنەیەكی پزیشكی تایبەتمەندەوە سەلمێندرا كە بەردەوامبوونی دووگیانی یان لەدایك بوون دەبێتە مایەی زیـان گەیانـدن بە ئـافرەتە دووگیـانەكە، فەقەت تەندروسـتییەكەی لـێ لادبەین، كێشـەكە بە بۆچوونی من چارەسەر دەبێت، لەوانەیە زۆر شت حەل بكات ئەوە فەقەت ووشەی تەندروستی لابەرین، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، لەنجە خان فەرموو.

**بەڕێز لنجە ابراهیم عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس لۆ پێـدانی ئەو دەرفەتە، لەبەر ئەوەی بـابەتەكە زۆر گـرنگە پـاش ئەوەی كە گوێمـان لەسەرنج و ڕای هەموو ئەو هاوپیشە بەڕێزانەمان دەستخۆشیان لێ دەكەین، تەبعەن لەسەرەتادا كـاك هـاورێ ئامـاژەی بەشـتێكی زۆر جـوان كـرد كە ئـافرەتی دووگیـان نەخـۆش نیـیە، ئەو كـاتە نەخۆشە ژیـانی خـۆی و منـداڵەكەی دووچـاری نەخۆشـییەك بـبن و ژیانیـان بكەوێـتە مەترسـی، ئەوەی من لێی تێگەیشتبم بەڕێزان لە لیژنە پەیوەندیدارەكان لەو ئاراستەوە ئەو خاڵەیان دانایە، نەك لە ڕەهەنـدە كۆمەڵایەتییەكـان و هەروەهـا ڕەهەنـدە ئـایینی و مرۆڤـایەتییەكە، بـۆ ئەوەی فەراغ یاسایی دروست نەبی ئەو بڕگە بمێنێ، بەڵام وەكو نەخـۆش مـامەڵەی لەگەڵ بكـرێ، نەك تەنها ئافرەتی دووگیان، لەبۆ ئەوەی كە كاتێك نەخـۆش دەبـی دەرچەیەكـی یاسـایی هەبـێ كەوا حەقی ئەوەی پێ بدا كە كۆرپەلەكەی لەبارببات، بەڵام شادی خان دەست پێشخەرییەكی كـرد كە هەمان فیكرەم هەبوو، ئەو بابەتە پێویستی بە یاسایەكی تایبەت هەیە، لیژنەی داكۆكی كـردن لە مافی ئافرەت، لیژنەی مـافی مـرۆڤ، لیـژنەی تەندروسـتی و لیـژنەی ئەوقـاف و لیـژنەی یاسـایی هەمـوو بەیەكەوە هەمـوو ئەو ڕەهەنـدە كۆمەڵایەتی و مرۆڤـایەتی و ئایینیـانە دابچیـنەوە كە بتوانین حەقی خۆی پێ بدەین، بەڵام تا ئەو كـاتە ئەو بـڕگە ئەگەر بمێنێـتەوە وەكـو نەخۆشـی و صیاغە بكرێتەوە ئەوە ڕای منە زۆر باشتر دەبێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، ئاشنا خان فەرموو.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس بۆ دەرفەتەكە من هەمان قسەی لەنجە خانم هەبوو، بۆ ئەوەی یاساكەمان پێشنیازە یاسـا و مـاف و ئەركەكـانی نەخۆشـە، یـانی ئـێمە باسـی ئینسـانی سـاغ نـاكەین، باسـی ئینسـانی نەخـۆش ئەكەیـن، باسـی ئـافرەتی نەخـۆش ئەكەیـن، لەبەر ئەوەی مـانەوەی ئەو بـڕگەیە لەو ماددەیە هیچ موشكیلەیەك دروست ناكات لەو ماددەیە، لەبەر ئەوەی ئـێمە باسـی ئـافرەتی سـاغ

ناکەین، ئافرەتی نەخۆش ئەگەر مەسەلەی دووگیانییەکەی زەرەر یان زیان لە تەندروستی بـدات، یان ببێتە هۆی مردنی یان ببێتە هۆی ئەوەی کە کێشەی زۆرتـری بـۆ دروسـت بکـات، بەراپـۆرتی پزیشکی ڕێگە ئەدرێ منداڵەکەی لەباربرێ، ئەگینا ئەو بابەتەی کە باسکرا رەهەنـدە کۆمەڵایەتی و رەهەندی دینییانە، بەڵێ بەدڵنیاییەوە بەمە چارەسـەر نـابێ، بەم مـاددەیەی ئەم یاسـایە، ئەبـێ یاسایەکی تایبەتی بۆ دەرچووێندرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کەواتە ئەمە مەسارەکەی بەم شێوەیە لێ دەکات، یانی ماددەکە ئەگەر مایەوە، ئەبـێ وا بـووترێ، ئەگەر ئـافرەتێکی دووگیـان نەخـۆش بـوو، ئەگەر نەخـۆش بـوو، ئینجـا فـاریزە، بەو شێوەیە، ئەگەر لەناو ئەوەی مافی نەخۆشـدا دایبنێـین، ئەبـێ بڵێـین ئەگەر ئـافرەتێکی دووگیـان نەخـۆش بـوو بە راپـۆرتێکی پزیشـکی لەلایەن لیـژنەی پزیشـکی تایبەتمەنـدەوە سـەلمێندرا کە بەردەوامبوونی دووگیانی یان لەدایـك بـوون دەبێـتە مـایەی مەترسـی بـۆ سـەر ژیـانی، ڕێـگە بە لەباربردن دەدرێ، تەنها لەو کاتەدا وا دەتوانین بڵێین، تەنها لەو بارەدا ڕێـگە بە لەبـاربردن دەدرێ، دەتوانین صیاغەی بکەین، ئێمە وەختمان لەبەردەستە بەڕێزان کاك دیاریش قسە دەکات، ڕێگە بە دووبـارە نـادەین، دوای ئەوە ڕێـگە بە لیژنەکـان دەدەیـن، بـا کـاك دیـاری قسـە بکـات، بەڵـێ کـاك بەهمەن تۆ هیچ قسەت نەکردووە، فەرموو قسە بکە.

**بەڕێز بهمن کاك عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خـوا شـایەدە یەك عـاقڵی گەورەمـان کـرد ئەمەمـان داخـراو کـرد، بـڕوا بـکە دوو سـەعاتە ئـێمە خەریکی ئەو ماددەیەین، یانی لە میدیا باس بووە باسی ئێمە، تکایە والله یەك حەلـی هەیە، یـان ئەوەتا لایبەن، یان ئەوەتا صیاغەی بکەن و بیکەن بە قانوونی تـر، ئیتـر ئەم هەمـوو مـوداخەلەی پێویسـت ناکـات، هەمـوو جەلسـەکەمان کوشـت بـۆ ئەو مـاددەیە، ئـێ خەڵـك لەدەرەوە ئەڵـێ کوردستان تووشـی یەك ملیـۆن موشـکیلە بـووە، پەرلەمـانی کوردسـتان سـێ سـەعاتە خەریکـی ئەوەیە دووگیان لەباربرێ یـان لەبـار نەبـرێ، بەراسـتی ئەمە زاهیـرەیە راسـتە، بەڵام زاهیـرەکە دەکرێ یاساییەکی تایبەتی بۆ دەربکرێ وەکو لەنجە خان ووتی، هەموو لیژنەکـانی کۆمەڵایەتی، مافی مرۆڤ و لیژنەی ئافرەتان لەگەڵ لیژنەی تەندروستی پـێکەوە پـرۆژە یاسـایەکی بـۆ ئامـادە بکەن، یـان ئەوەیە لەم پـرۆژە یاسـایە یەك حەلـی زۆر ئاسـان هەیە، یـان لایبەن یـان ئەوەتـا ئەو صـیاغەیەی کە جەنابـت کـردت زۆر جـوانە، ئیتـر بەراسـتی نـاکرێ کـاتەکەی هەموومـان پـێەوە کووشتووە و هەمووی دووبارە بوون، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێزان سوپاس بۆ موداخەلەی هەمووتان و دەستی هەمووتان خۆش بێ، هەمووی لە پەرۆشییەوەیە، راستی داخستنی دانیشتنەکە تەنها لەبەر ئەوە بوو خۆمان بپارێزین، بەراستیش مەسەلەیەکی موهیمە لە وولاتێکی وەکو ئەمریکا کە ئینتخاباتی پێ دەدۆڕێنن و ئینتخابـاتی پـێ

ئەبەوە، یـانی مەوزووعێکـی مـوهیمە، بەڕێـزان ئـێمە دەرفەت دەدەیـن بە لیژنەکـان بـۆ ئەوەی قسەی خۆیان لەو بارەیەوە بکەن دواتر ئەگەر نوقتەی نیزامی هەبوو وەریدەگرین، دکتۆر صباح.

**بەڕێز د. صباح محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو مـاددەیەی حەوت بەراسـتی پێشـنیاری مە نەبـوو، پێشـنیازی حکـومەت بـوو کە وەزارەتـی تەندروستی بۆ ئێمەی نارد، ئەو دوو فەقەرە بـوو، ئـێمە لە لیـژنەی تەندروسـتی بە باشـمان زانـی فەقەرەیەکمان لادا، تەنها یەك فەقەرەمان بەجێهێشت بۆ تاوتوێ کـردن لەنـاو پەرلەمـان، چـونکە دەمانزانی ئەو ماددەیە قسەی زۆری دەبا، ئینجا لەبەر ئەوە بەراستی بۆ تەوزیـح کە ئەو شـتە کە ئێمە پێشنیاز یاسامان تەقدیم کردبوو، ئێمە خۆمان لەو مەوزووعە نەدابوو، ئەوە لە حکومەتەوە بۆمان هات، بەس مـن لەگەڵ ئەوەمە ئەو فەقەرەیە لابچێـت بەشـێوەیەکی شەخصـییە، چـونکە من ئێستا ئیستیشارەم بە لیژنە نەکردووە ئەتوانم ئێسـتا بە سـەرۆکی لیـژنە بەنـاوی خـۆم وەکـو ئەندامەکی پەرلەمان بڵێم ئەو فەقەرەیە لابچێـت، ئـێمە پـێکەوە ئەو لیژنـانە لیـژنەی داکـۆکی لە مـافی ئـافرەت و لیـژنەی ئەوقـاف و لیـژنەی کۆمەڵایەتی و تەندروسـتی هەمووومـان پـێکەوە قانوونێکی تایبەتی ئیجهاز دروست بکەین بۆ ئەو ماددەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، سەرۆکی لیژنەی قانوونی فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەڤ قسانە دێتە کرن لسەر لەباربردنێ نەفعلەکا عادیا و نەزاهیرەیا و نەحالەتا ژبلی کـو تاوانەکـا تەکییفا وێ ئەڤ قانوونێـت بەرکـاردا لە هەمـوو هەرێمـی کوردسـتانێ وەکـو قـانوونێ عقوبـاتێ بەرکـارە لە هەرێمـی کوردسـتانێ، ئەڤە نەزاهیـرەیە نەحاڵەتـا و نەهەر شـتەکی دیکـا، گـوتنێ تەکلیفەکـا ئەو ژی تاوانـا، بـاربردن (اجهـاض) تـاوانە، ئەڤ تاوانـا هـاتیە رسـم کـرن بچـارچیڤەی ماددێـت قانوونیـدا زمنـی قـانوونێ عقوباتیـدا، چـونکە ئەڤە (٤١٧) زۆر وازحە چـی، مـادام کـات لبەردەسـتێ مە بخـوێنن و (٤١٨) و دیسـا (٤١٩) هەروەصـا ئەڤزڤـرینەوە بـۆ مـاددا (١٣٢) هەرش قانوونێ عقوبات ئی فکرەیەکا باشتر لدەڤ نایڤێتـا هەمیـا پەیـدا بـوو لسـەر جەریمەیـێ، کەواتە ئەڤە جەریمەیە، رێکخستنا وێ ئالیەتێ وێ تەحدیدا وێ و تەکییفا وێ عقوبا وێ سزاچ سجن بـن چ حبس بن زەرفێ موشەدەد و زەرفێ موخەفەف هەردوو ژی هاتە بەحس کـرن بتێروتەسـەلی، ئەڤە نوکا دڤێرێدا دکتۆر صباح ئیشـارەت پێـدا، ئەمەش حکـومەتی زڤـری دوو برگـا، برگـا دووێ قەناعەتـا مە وەکـو لیژنـا یاسـایا بـوو هەرچەنـدە رەئیـا لیژنـا تەندروسـتی بووـ برگـا دووێ مە قانوونی بوو زاویەکا مە یەکێ صحکرێ ژبەر قانوونیـا کـو دژی مەبادئێـت شـەریعەی ئیسـلامییا ژی بیت، کەواتە دژی دەستووری ژیکا، دژی دەستووریش بی کەواتە واجبـی مەیە نەهێـلین، ئەو ژی لادا، لمـایێ لڤێـرێ و صـەراحەت دبێـژم لە نـاڤێ دێ پێشـنیازێت یاسـایادا هـیچ کێشـەیەکا

قانوونی نینه و نەبوونێ ڤـێ ژ پێشـنیازێ یاسـایێ دیسـا ژ موشـكیلەیێ قـانوونێ نیـنە، ئەمـاش صیاغە وی كێشا قانوونی نینە، بەڵام صیاغە هەیە بـاش و صـیاغە هەیە باشـتر، چـونكە وەختـی ئەگەر بێژن صیاغە ڤێ بێـتە گـۆڕان و تووشـی كێشـە و قـانوونی نەبـین، كەواتە تەبیعیـا هەمـی تووشی خەلەتا بوو بەلێ ئەوە لسەرما تێپەڕی مجبورین ژی دیفاعێ بکەم صیاغە كێشە قانوونی نینە، بەلـێ صـیاغەكا باشـتر گەلەك مەنتیقیە بێـتە گـووتن ئەڤە، موشـەریعا عێراقێـت قـانوونێ عقوباتیـدا ئەڤ ئیجهـازە هینـاكەی جەریـمە و جەریـمە مەسـتەقلدا و بزمنـێ هەنـدێ مـاددێ مەستقلدا رسم كری، باس كری ل موشەرعا عێراقی موراعاتا مەبادیئـا شـەریعا ئیسـلامی كـری و موراعاتا جانبێ ئیجتماعی كری و قیما ئیجتماعی ونیزاما عام و ئاداب و عورف و هەتا دومـاهی، ژبەرهەندێ ئەگەر ئەم لەزم نەكەین ئەڤ كێشەیە یان ئەڤ جەریمەیە ئەڤ حالەتا هەمی تەنزیم كریا بقانوونێ عقوباتێدا نافزە لهەرێمێ، بەس لڤێرێ مەگـووت بەلكـو حكـومەتێ پـێ بـاش بێـت ئەڤ حالەتا یان ئەڤ جریمەیە بەرەفزیدەبوونییا بەلكـی حكـومەتێ وەزارەتـێ تەندروسـتی پـێ باش بێت ئەڤێ لڤێرێ دابنێین و ببتە رادعەك ئەڤە بڵاڤكرنە بیت ئەڤ تاوانە نەیەتە ئەنجامـدان، ئەز ئامادەین وەكی لیژنا یاسـایی صـیاغەی بگـۆڕین و جهـێ وی نەقـل كەیـن زۆر تەبیعیـیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رۆژان خان فەرموو.

**بەڕێز رۆژان احمد رحمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وێڕای دەست خۆشی بۆ بەڕێز سەرۆكی لیـژنەی یاسـایی، مـن پێشـنیارێكم هەیە و ئەو قسـانەی جەنابیشتان كردتتان سەبارەت بە ماددەی شەش و ئافرەتی دووگیان دووپـات كـرایەوە كە ئەمە نەخۆشـی نیـیە، دووگیـانی نەخۆشـی نیـیە و لە پێناسـەی نەخۆشیشـدا هـاتووە، ئەوە چـاودێرە تەندروستییەكە دەگرێتەوە و هەروەها ئەم ماددەیەش دەتوانین صیاغەیەكی یاسایی بۆ بكەین، ئەو نەتـیجەیەی كە لەرووە كۆمەڵایەتییەكەیەوە و لەرووی دینیـیەوە ئەوەی لـێ بەدەر بكەیـن، وەكـو ئەوەی جەنابتـان ووتتـان وای لـێ بكـرێ ئەگەر رێگـای بە لەبـاربردن نەدرێ تەنهـا ئەگەر ئـافرەتێكی دووگیـانی نەخـۆش بە راپـۆرتێكی پزیشـكی لەلایەن لیژنەیەكـی پزیشـكی تایبەتمەنـدەوە سـەلمێندرا كە بەردەوامبـوونی دووگیـانی و لەدایكبـوونی دەبێـتە مـایەی زیـان گەیاندن بە تەندروستی ئافرەتە دووگیانەكە، یانی ئەگەر وای لێ بكرێ ئەوا ئەو شـتانەی لەڕووی دینی و لەڕووی كۆمەڵایەتی و لەهەنـدێ شـتی تـر كە دروسـت دەبـێ لە نەتـیجەی ئەوەدا بەدەر دەكەوێ، ئەكرێ ئەوانە بە یاسایەك بە پێشـنیازە یاسـاییەك پێشـكەش بكرێـت و لە چوارچێـوەی ئەو پێشنیازە یاساییەدا، بەڵام ئەگەر بكرێ بە نەخۆشی ئەتوانین ئێمە لێرە چارەسـەری بكەیـن و سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، دکتۆرە شایان فەرمووو.

**بەڕێز شایان کاکە صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێرە باس لەوە کرا ئەگەر هاتوو بابەتێك کێشە بێ یان هەستیار بێ لەناو کۆمەڵگا یانی باسی نەکەین باشترە، ئەگەر پەرلەمانی کوردستان باسی بابەتی کێشە و هەستیار نەکات ئەی کێ باسی بکا؟ ئەمە دەبی کێشەکانی بابەتە هەستیارەکان بۆ خۆمان حەلی بکەین، پەرلەمانی کوردستان دەبێ حەلی بکات، یەك لە بەڕێزەکان ئیقتراحی کرد ئەگەر هەماهەنگی بکرێت لەگەڵ لیژنەی باڵای فەتوا، باشە ئەگەر هاتوو ئەو لیژنە پزیشکییە پێنج یان حەوت ئەندام بوون گۆتیان پێویستە منداڵەکە لەباربرێ، ئەو کاتە لیژنەی فەتوا رەئیی چ دەبی، یانی لەڕووی پزیشکییەوە ژیانی خانمە دووگیانەکە لە مەترسییدایە، ئەوکاتی لیژنەی باڵای فەتوا وەڵامەکەی چ دەبی؟ موعارز دەبی یان لەگەڵی دەبی؟ بەڵێ من هاوڕام کە خانمی دووگیان نەخۆش نییە، بەڵام ئەمن لێرە لەو ماددەیە باسی خانمەکی دووگیانی نەخۆش دەکەین، ئەوەی کە دکتۆرە رێواز فەرمووی، ئێمە لێرە باسی نەخۆش دەکەین، باسیشکرایە ئەگەر هاتوو بووە هۆی زیان گەیاندن بە تەندروستی لۆخۆی تەندروستی باش نییە و زیانیشی پێ دەگا ئەگەر حەملەکە بەردەوام بوو، ئێمە لێرە لە ماددەی (٧) باسی دیاردە ناکەین، باسی نەخۆشی دەکەین، باسی خانمێك دەکەین کە نەخۆش بی نەك دیاردەی لەباربردنەکە کە دیارە لە قانوونی عقوباتی عێراقی حەل کرایە و بە تاوان ناسێندرایە، ئێمە دەمانەوێ کێشەیەك هەیە لەرووی زانستی پزیشکی و دەمانەوێ چارەسەری بکەین، هەم لۆ نەخۆشەکەی و هەم لۆ پزیشکەکەی کارەکان ئاسانتر بی، ئەوەی کە لە ماددەی حەفت باسمان کردیە تەنها رەهەندە تەندروستییەکەیە باسمان کردیە و نەکۆمەڵایەتییە و نەئاینییەکەیە، وەکو بەڕێزان باسیان کرد ئەوە دەتوانرێ لە چوارچێوەی یاسایەك پەرلەمانی کوردستان یاسایەکی فرە رەهەندی کۆمەڵایەتی و تەندروستی دەربکات، وابزانم کاك ابوبکر هەڵەدەنی بوو باسی کرد و نەجات خانیش باسی ئەوەی کرد کە لە منداڵی ناکام لەباربردن دابنرێ وەك باسمان کرد ئەوە یەکێك بوو لە بڕگەکان، بەڵێ هەندەك منداڵ و هەندەك کۆرپە لەناو زگی دایکی لە سێ مانگی یەکەم هەتا شەش مانگی یەکەم دەزانی سەداسەد ئەو منداڵە یان با بڵێین لە سەداحەفتا یان سەداسەد ئەگەر ببن ناژین، ئەو منداڵە ئەگەر ببی ناژی، دەزانین ئەوە یانی لەبەرچی دایکەکە نۆ مانگ دەبی ئەو منداڵەی لە زگی خۆی هەڵگری وکە دەزانی کە بوو ناژیی، پشتگیری بەڕێز دکتۆر اسماعیل دەکەم بە زیادکردنی ژمارەی ئەندامانی لیژنە و زیادکردنی ووشەی نەخۆش یان خانمی دووگیان کێشەکە چارەسەر بی لەگەڵ لابردنی ماددەکە نیم، بەڵکو کیشەمان لۆ چارەسەر دەکات و دەستان خۆشبێ و سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو رۆژان خان.

**بەڕێز رۆژان ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەڵبەت تەبیعی هەمی پەرلەمانتارا خەمخۆری یاخۆ دەربڕی ویا ماددکا کو بینین زۆر هەستیارە، هەروەصا زۆر ماندی ژی بەس بۆ روونکرنەکی بۆ ناڤا ماددێ زۆر زۆر زەروورییە، چونکی خازێ وەزیری تەندروستی ژی لڤێری بوو دابوا دیاری کربا کو گرنگیا ڤێ ماددێ، چونکی وەك كاك زانا گوتی برسمی ئەڤ شولە دیتە کرنێ و لیژنەیەك پێك بهێنن دبیـژیتن ئەو فەقەرەیە مە لابری کو ئەم بیژین شەرعەن ناچێ بتن تو بچیکەکی بیـژی ژبـاربین وبچیکی نە ئەڤ حالەتـا هەیە، یـانی ئەگەر مەترسی سـەر دایکەکا هەبیـت، بەلکو مەترسی سـەر بچیکی هەبـتن، ئەو مـاددا هـاتیە لـێبردنێ، ئەو ماددەیـا چـونکی نوکـا لیـژنەك پێـك ئینـانێ ئەڤە لیـژنە مـوختەص خـوزگە پەرلەمانتارەکی دی بۆچی گرنگە ئەڤ مـاددا لڤێـرێ بیـتن بـۆچی لانـابەن، کەسێ پرسـیار نەکر عەلاکل نوکا لیژنەیەکا پێك ئینان بیژن ئەڤ بچیکا هەمی مەسەلەن وەکی دکتوری ئاماژە پێکرن و پەرلەمانتارا گوتی شەلەل دماغا بخودێ من پرسـیار کـر لسـەر مسـتوا عـالەمیەن ئەوە دکتـۆرە شایەنیش ئاماژەی پێ کریە سەدی سەد یێ هەی حالەتـا بیـژە بچـیکەن، یـانی تەمـامی نەبـویە و چی نەبویە هەر بەس هەر بیژی شەلەل دەماغە یا کەمئەندامە، ئەوە نییە، چـونکی هەتـا حەفـت هەیڤیا خودی شەش هەیڤیا دیار نینە هەر نزانین نێرە ئان مێـیە، مـع الاسـف براسـتی ئینجـا چ سۆنەرێ بی جیهازی عیلمیا بن لڤێری وسانا، هیچـا هەمـان فکـرەی هـیچ مەجـال تێـدا نیـنە ئەڤ مـاددا لڤێـری بەجیبهێلیـتن، بەس ئەوە مەترسـی سـەر داکـی بێـتن، هەڤالان مـن بیـژم ئافرەتـا دووگیانـا یاسـا بخـوا مـافی نەخۆشـە و ئەرکیـت نیـنە، وەختـێ مەگوتێـت زیـان گەیانـدن بە تەندروستی ئافرەت مەعنایێ کێشەیەکا هەی لتەندروستی ئافرەتدا ویا مەجبوری لڤیا کری، دڤنا وەکـی لیژنـا تەندروسـتی زۆر زەروورـیـیە، چـونکی یاسـا عقوبـات عـام یاسـایێ ژمـارە (١١١) ئەز پشتگیری دکتۆر بژاریش دکەم براستی بەحسکر وەکو ماددیا (٤١٧ -٤١٨) ئەگەر هی پێداچوونەکا تێدا بکەین و ببینن اجهاز بە وازحی بەحس کری، چ شەرعی بـی نەشـەرعی بـی چ رێکا هەبیـتن خا عقوبەش سالەکی تا پازدە سـاڵ سـجن کەسـی ئەوی دکتـوری بیـتن لسـەر ئەو مامـانەی بیـتن لسەر کەسی شوانا رابیتن ژبەر ببت ئان ژنیت بخا ژبەر خۆ ببیت، ئەڤە جەریمەیە هەر زیـاتر ئەز بێژم زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە پەخشەکەمان دەکەینەوە و کـاك دکتـۆر رێبـوار وەردەگـرین وەکـو نـوقتەی نیزامـی، جـارێ پەخش مەکەنەوە تاکو دکتـۆر رێبـوار وەردەگـرم، دوایـی بـۆ کۆتاییهێنـان بە جەلسـە پەخشـەکە بکەنەوە، بەس بۆ کۆتایی هێنان، فەرموو.

**بەڕێز د.رێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردسـتان لەسـەر هەر بـڕگەیەك ئەگەر چەنـد پێشـنیارێکی پاڵپشـت هەبـوو ئەبـێ بەهەنـد وەربگیـرێ و لای لیـژنەی یاسـایی یـاداش بکـرێ، لەبـارەی ئەو

پێشـنیارانەی کە ئەو بـڕگەیە هەڵبگیـرێ و ڕەنــگە دەیــان پاڵپشــت هەبـوو، بـۆیە ئەوە دیـوە پەیڕەوییەکەی کە پێویستە یاداش بکرێ و دوایی بچێتە دەنگدان کە ئایا هەڵبگیـرێ یـان نـا کە مــن بەشــبەحاڵی خــۆم ئێستاشــی لەگەڵــدا بــێ و دوای ئەو هەمــوو موناقەشــە و دوایــی ڕوونکردنەوەکـانی لیـژنەی تەندروسـتی و لیـژنەی یاسـایی لەگەڵ ئەوەم کە هەڵبگیـرێ لعـدە الاسباب........

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە نوقتەی نیزامی نییە کاك دکتۆر، ئەو قسە کردنەوەیە لەسـەری، تەنهـا ئەو بەشـەی نـوقتەی نیزامی بوو کە دەڵێی دەبـێ یاداشـتی بـکەن و دڵنیـام یاداشـتیان کـردووە، پەخـش بـکەنەوە بـۆ ئەوەی کۆبوونەوەکەمان هەڵگرین و خەڵك بزانێ بۆچی هەڵمـانگرتووە، بـۆ ئەوەی وەکـو دوێنـێ لێ نەیێ لەگەرمان هەڵمان گرت، بەڵام دنیایان لەسەر هێنایەنە یەك، هەر پێشـتر قەرارمـان دابـوو کە ئەو بڕگەیەمان خوێندەوە، بۆیە بڕگەی پێنجمان خستە پێش بڕگەی چـوار بـۆ ئەوەی جەلسـە هەڵگـرین، بەڕێـزان ئەنـدامانی پەرلەمـان دوای گفتوگـۆی بەڕێـزان ئەنـدامانی پەرلەمـان لەسـەر ماددەی (٧) لە پێشنیازە یاساکە، ئێمە بـۆ پێـدانی دەرفەتـی زیـاتر بە لیـژنەی تایبەتمەنـد لیـژنەی تەندروستی و لیژنەی یاسایی دانیشتنەکەمان هەڵدەگرین و بۆ ئەو مـاوەیە داوایـان لـێ دەکەیـن کۆبـوونەوەی خۆیـان بـکەن و پـرس و ڕاوێـژ لەگەڵ مامۆسـتایانی ئـایینی و لەگەڵ پسـپۆڕان و سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| **منى نبى قهوچى** | **هێمن هەورامی** | **د. ڕێواز فائق حسێن** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣)ی
سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٠\٩\٨
خولی پێنجەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (٣)
# سێ شەممە رێكەوتی ٢٠٢٠/٩/٨

كاتژمێر (١)ی پاش نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە رێكەوتی (٢٠٢٠/٩/٨) پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی د. رێواز فائق حسن سەرۆكی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز هێمن هەورامی جێگری سەرۆك و، بەڕێز منى نبى قهوچى سكرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (٣)ی ئاسایی خولی پێنجەمی ساڵی (٢٠٢٠) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمی بڕگەی (یەكەم)ی ماددەی (١٦) و ماددەی (٤٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان – عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (٣)ی ئاسایی ساڵی یەكەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان لە كاتژمێر (١)ی پاش نیوەڕۆ رۆژی سێ شەممە رێكەوتی (٢٠٢٠/٩/٨) بەم شێوەیە بێت:

یەكەم: بەردەوام بوون لەسەر خوێندنەوەی دووەم بۆ پێشنیازی یاسای ماف و ئەركی نەخۆش لە هەرێمی كوردستان بە پێی حوكمەكانی ماددەكانی (٨٧ و٨٨ و٨٩) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان.

دووەم: خستنەڕووی دەنگدان لەسەر پێداچوونەوەی چەند ماددە بڕگەیەك یاسای ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٢٠ یاسای بەرەنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەرو كارتێكارە ئەقڵییەكان لە هەرێمی كوردستان بە هەردوو زمان كوردی و عەرەبی كە بە بڕیاری ژمارە (٤) ی ساڵی ٢٠٢٠ سەرۆكایەتی هەرێم گەڕێندراوەتەوە بۆ پەرلەمان بە پێی حوكمی بڕگەی یەكەمی ماددەی (٩٥) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان.

سێیەم: خوێندنەوەی دووەم بۆ پێشنیازی یاسای لە ئەستۆكردنی فەرمانبەران لە هەرێمی كوردستان بە پێی حوكمی ماددەكانی (٨٧ و ٨٨ و ٨٩) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان، بە پێی حوكمی بڕگەی چوارەمی ماددەی (٤٨) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بە زیادكردنی بڕگەیەك و ریزبەندی چوارەم بۆ بەرنامەی كاری ژمارە (٣) ی رۆژی سێشەممە رێكەوتی ٨-٩-٢٠٢٠ بەم شێوەیەی خوارەوە:

چوارەم: سوێندخواردنی پاڵێوراو بەرێز (عمر عبدالله فتاح محمد) لەشوێنی ئەندام پەرلەمان لە شوێنی دەست لە كار كێشاوەی (سۆران عمر سعيد ) بە پێی حوكمی ماددەی (٢٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان پوختەی دانیشتنی ژمارە (٢) ی ئاسایی بە پێی حوكمی بڕگەی دووەم لە ماددەی (٥٢) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.**

بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان فەرموون لە شوێنەكانی خۆتان دانیشن بۆ ئەوەی دەست بە كۆبونەوەكەمان بكەین، نیوەڕۆی هەموولایەكتان باش، بە ناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، بە

نـاوی گەلـی کوردسـتان دانیشـتنی ژمـارە (٣) ی ئاسـایی خـولی پـایزە سـاڵی دووەم لە خـولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە کاتژمێر یەکی پاش نیوەڕۆ دەست پێ دەکەین، ئێستاش داوا لە بەرێـز سـکرتێری پەرلەمـان دەکەیـن کە پـوختەی کۆنووسـی کۆبـوونەوەی پێشـوو لەگەڵ ئامـادەبووان و ئامـادە نەبـووان بە مـۆڵەت و بە بـێ مـۆڵەت لەگەڵ بەرنـامەی کـار بخـوێنێتەوە فەرمoو.

**بەڕێز منی نبی نادر قهوەچی/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەرنامەی کار:**

بە پێی حوکمی ماددەی (٥) بـڕگەی یەکەم و دووەم و سـێیەم لە مـاددەی (١٦) بـڕگەی سـێیەم لە ماددەی (١٨) بڕگەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەم و پێنجەم لە ماددەی (٢٠) ماددەکـانی (٤٧ و ٤٨ و ٥٢ و٥٤ و٥٥ و٥٦ و٥٧) لە پەیــڕەوی نــاوخۆی پەرلەمــانی کوردســتان، دەســتەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشـتنی ژمـارە ( ٣) ی ئاسـایی خـولی پـایزەی سـاڵی دووەم لە خـولی پێنجەمـی هەڵبژاردنـی پەرلەمـان لە کـاتژمێر (١) ی پـاش نیـوەڕۆ ڕۆژی سێشەمە ڕێکەوتی ٨-٩-٢٠٢٠ بەم شێوەیە بێت:

یەکەم: بەردەوام بوون لەسەر خوێندنەوەی دووەم بۆ پێشنیازی یاسای مـاف و ئەرکـی نەخـۆش لە هەرێمـی کوردسـتان بە پێـی حوکمەکـانی ماددەکـانی (٨٧ و٨٨ و٨٩) لە پەیـڕەوی نـاوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

دووەم: خستنەڕووی دەنگدان لەسەر پێداچوونەوەی چەند مـاددە بـڕگەیەك یاسـای ژمـارە (١) ی سـاڵی (٢٠٢٠) یاسـای بەرەنگـاربوونەوەی مـاددە هۆشـبەرو کارتێکـارە ئەقڵییەکـان لە هەرێمـی کوردســتان بە هەردوو زمــان کــوردی و عەرەبــی کە بە بڕیــاری ژمــارە (٤) ی ســاڵی (٢٠٢٠) سەرۆکایەتی هەرێم گەڕێندراوەتەوە بۆ پەرلەمان بە پێی حوکمی بڕگەی یەکەمـی مـاددەی (٩٥) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

سـێیەم: خوێنـدنەوەی دووەم بـۆ پێشـنیازی یاسـای لە ئەسـتۆکردنی فەرمـانبەران لە هەرێمـی کوردســتان بە پێــی حــوکمی ماددەکــانی (٨٧ و ٨٨ و ٨٩) لە پەیــڕەوی نــاوخۆی پەرلەمــانی کوردسـتان، بە پێـی حـوکمی بـڕگەی چـوارەمی مـاددەی (٤٨) لە پەیـڕەوی نـاوخۆی پەرلەمـانی کوردستان، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بە زیادکردنی بڕگەیەك و ڕیزبەندی چوارەم بۆ بەرنامەی کاری ژمارە (٣) ی ڕۆژی سێشەمە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٩/٨) بەم شێوەیەی خوارەوە:

چوارەم: سوێندخواردنی پاڵێوراو بەڕێز (عمر عبدالله فتاح محمد) لەشوێنی ئەندام پەرلەمان لە شوێنی دەست لە کار کێشاوەی (سۆران عمر سعید ) بە پێـی حـوکمی مـاددەی (٢٧) لە پەیـڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان پوختەی دانیشتنی ژمـارە (٢) ی ئاسـایی بە پێـی حـوکمی بـڕگەی دووەم لە ماددەی (٥٢) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان. پوختەی ژماری دانیشتنی (٢) ی ئاسایی خولی پایزەی ساڵی دووەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانـدا کـاتژمێر (١٠) ی پێشنیوەڕۆ ڕۆژی پێنج شەمە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٩/٣) بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

١- دەست پێکردنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

٢- خوێندنەوەی بەرنامەی کار پوختەی دانیشتن ناوی ئەندامانی ئامادەبوو بە مۆڵەت و بێ مۆڵەت لەلایەن بەرێز سکرتێری پەرلەمانی کوردستان.
٣- دەستپێکردنی بڕگەکانی بەرنامەی کار لەلایەن بەرێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانەوە.
٤- خوێندنەوەی دووەم حەوتەم مادده لە کۆی گشتی چوارده مادده لە پێشنیازی یاسای ماف و ئەرکی نەخۆش لە هەرێمی کوردستان کۆتای هاتنی دانیشتن لەلایەن بەرێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان.

بەرێز سەرۆکی پەرلەمان ناوی ئەو ئەندامانەی مۆڵەت پێدراون یان بە بێ مۆڵەت ئامادەنەبوون بۆ دانیشتنی کردنەوەی خولی پایزەی ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٩/٣) بەیانی هەموویان مۆڵەتیان پێدراوە (پێشەوا طاهر مصطفی،جلال محمد عبدالله، جمال حویز مصطفی، خدیجە عمر طە، دابان محمد حوسین، راهی رهبەر ابراهیم، سیپان سالم حوسان، فیصل عباس عوڵا، کاوە عبدالقادر حسن، گوڵستان سعید محمد، محمد سعدالدین انور) ناوی ئەو ئەندامانەی مۆڵەت پێدراون یان بێ مۆڵت لە ڕێکەوتی ٣-٩-٢٠٢٠ ئێوارەکەی هەموویان مۆڵەتیان پێدراوە، بەرێز سەرۆکی پەرلەمان (احسان محمد سلیم، باپیر کاملا، جلال محمد امین، ریڤینگ محمد، سەروان محمد علی، شوان کریم محمد، کازم فاروق نامیق، گۆران عمر علی)، بەرێز سەرۆکی پەرلەمان ناوی ئەو ئەندامانەی کە مۆڵەت پێدراون یان بە بێ مۆڵەت لە کۆبوونەوەی لیژنە هەمیشەییەکان ئامادده نەبوون لێژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا لە (٢٠٢٠/٩/٢) (مسلم عبدالله رصول مۆڵەت، لێژنەی کاروباری تەندروستی کاروباری ژینگە (٢٠٢٠/٩/٧) کاظم فاروق نامیق مۆڵت، شنۆ ئەشقی مۆڵەت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان مامۆستا عبدالستار فەرموو .

**بەرێز عبدالستار مجید قادر:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە پێی بڕگەی یەکەم لە ماددەی (٤٨) داوا لە بەرێزتان دەکەین ئەو بڕگەی چوارەمی بەرنامەی کار بخەنە پێشەوە، چونکە دوو سێ دەقەی دەوێ ئەو برادەرەش لێرە ئامادەیە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سیپان فەرموو.

**بەرێز سیپان سالم حسن:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ل گۆڕی ماددەی (٤٥) بۆ پێکهێنانا لیژنەی تایبەتمەند لە ڕێکەوتی ٨/٢٥ ب یاداشتێکا تایبەت ئاراستەی دەستەی سەرۆکایەتیا پەرلەمانی مە کربوو ژ بۆ پێکئینانا لیژنەیەکا تایبەت ل سەر دەستە سەرکریێن سنورێ پارێزگاها دهۆکێ ب شێوەیەکی گشتی ل زاخۆ ل دهۆك ل شێلادزێ، لێ بەداخە هەتا نوکە نازانین دەر ئەنجامێ ڤێ لیژنێ چ بووە، چونکی ل گۆڕی زانیارییێت مە ئەڤ لیژنە هەتا نوکە نەچۆیە سنورێ پارێزگەها دهوکێ سەرەدانا ئەڤان گرتیا نەکرینە د دەمەکی دا ئەڤان کەسێن دناڤا گرتیگەها دانە توشی ئەشکەنجەدانێ بوینە توشی لێدانێ بوینە

هن ژ وان پشتی دەرچوونێ حالەتی وان یێ تەندروستی یێ تەواو نییە و ژ لایەنێ نەفسی ڤە زۆر هاتنە ئێشاندن بەداخەوە هەتا نوکە ئەڤ لیژنە سەرەدانا ڤان جهان نەکرینە و د نوکە دا ژی بەشەك ژ چالاکڤان و مامۆستا و کەسانێت دیار ییێت پارێزگەها دهۆکێ رۆژانە د ڤان گرتیگەها دانە و د ئاسایشێ دانە بێ کو دەست ب سەر کرنا وان یاسایی بیت دەست ب سەر کرنا سیاسییە، داخازا روونکرنێ ژ جەنابێ وە دەکەین.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پەیامەکەت گەیشت بەسەرچاو کاك مەم فەرموو.

**بەرێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بەر لەوەی خاڵە پەیڕەوییەکە پێشکەش بکەم، داوا لە جەنابتان دەکەم وەکو دەستەی سەرۆکایەتی حاڵەتی دواکەوتنی دانیشتنەکانی پەرلەمان خەریکە دەبێتە دیاردە، یەعنی ئەگەر وابکرێ لە کاتی خۆیدا بێت باشترە، پاڵپشت بە ماددەی (١٨) بڕگەی (٩) یەم کە پەیوەندارە بە دەسەڵاتەکانی جەنابتان بۆ ئاراستەکردنی نووسراو بۆ سەرۆکایەتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، نووسراوێك هەیە فەرمانێك لە وەقایعی کوردستان بڵاوبۆتەوە لە (٢٧) ی کانونی (٢٠١٩) واتا ساڵێك و هەشت مانگ لەمەوبەر لەگەڵ (١٢) رۆژ بڵاوبۆتەوە، لەکاتێکدا ئەم یاسایەی کە بڵاوکراوەتەوە بە ئیمزای سەرۆکی هەرێمی کوردستان نزیکەی هەشت مانگە لە پەرلەمانی کوردستان دەرچووە و لە تەئریخی ئەوەی سەرۆکی هەرێم ئیمزای کردووە لە ١٤-١-٢٠٢٠ دا ئیمزای کردووە، بەڵام لە وەقایعی (٢٧) کانونی دووەمی (٢٠١٩) بڵاوکراوەتەوە، ئەوە جوان نییە بۆ وەقایع کە بڵاوکراوەیەکی رەسمییە بەو شێوە هەڵە زەقانە بێ دۆکۆمێنت دەکرێ ئەوە یەك، دوو: من پرسیار لە جەنابت دەکەم کە نووسراو ئاراستەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کراوەو کە لەو پەرلەمانە بەرێزە پەسەندکراوە، ئایا خۆ لە راستیدا ئێمە یاسای ریکلامی بازرگانیمان پەسەند کرد لە پەرلەمانی کوردستان، نەك یاسای پروپاگەندەی بازرگانی ئەم تێکستانەی کە وەردەگێڕدرێت لە چەندین شوێن بۆ دیعایەی بازرگانی هاتووە، لە کاتێکدا ئیعلانی تیجاریە ئەم هەڵە زەقانە کە تێ پەڕیوە، هیوادارم جەنابت و سەرۆکایەتی هەرێم ئەمە راست بکەنەوە لە وەقاعیعیشدا ئەو هەڵە زەقانە راستبکرێتەوە جارێکی تر تێنەپەرێندرێ و هەر بژین و سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس کاك مەم، سەبارەت بە یەك خاڵ دوو خاڵ جواب دەدەمەوە هەندێکیان رەنگە وەك یەك بن یەك جار جوابتان دەدەینەوە، سەبارەت بەو تەرجەمەیە ئێمەش تێبینیمان هەیە، داوا لە سکرتێری پەرلەمان دەکەم کە سەڵاحییەتی خۆیەتی بە بەیانێك ئەو راستکردنەوەیە ئاراستەی وەقایع بکا بۆ ئەوەی فعلەن ریکلام دیعایەی پێ ناوترێ و سەبارەت بە دانیشتنەکانی پەرلەمان بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان دانیشتنەکان سەعات (١٠) بوو جەنابتان هەر زۆر تەئخیر دەبوون، کردمان بە سەعات (١١) جەنابتان هەر زۆر تەئخیر دەبوون، کردمان بە سەعات (١) هەروا تەئخیر دەبن، لە راستیدا ئێمە نازانین چ میکانیزمێك بەکار بهێنین بۆ ئەوەی کە ئێوە لە کاتی خۆیدا ئامادەبن، دەستەی سەرۆکایەتیش بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان دەستەی

سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان ئەوکاتە دەتوانێ بێ لێرە دابنیشێ کە نیساب تەواو بووبێ، ئەبێ نیسابی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان تەواوبێ لەناو قاعەکە ئەوکاتە ئێمە ببێ بە (٥٣) یەکسەر دێین، لەبەر ئەوە بەخۆمانەوە دەبێتە (٥٦)، بەڵام لەوە کەمتربێ هاتنی ئێمە لە راستیدا نابێتە هۆی دەست پێکردنی دانیشتنەکە، دروستە قسەکەت بە تەواوەتی لەکەڵم ئەبێ، ئێمە عیلاجێکی ئەوە بکەین بۆ ئەوە لەگەڵ سەرۆکی فراکسیۆنەکان قسە دەکەین بۆ ئەوەی کە مۆعیدێك دابنێین بۆ ئەوەی هەمووان بتوانن لە کاتی خۆیدا ئامادەبن و جارێکی تر تەئخیر نەبن لە کۆبوونەوەکانی پەرلەمان، کاك ئومید فەرموو.

**بەڕێز ئومید عبدالرحمن حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی پەیڕەوی من هەر تایبەت بوو بە پشتیوانیکردن لە پێشنیارەکەی مامۆستا عبدالستار بە گۆڕانکاریکردن لە بەرنامەی کار، خاڵی چوارەم ببێتە یەکەم و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك کاروان فەرموو.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، دوو سێ نوقتەی نیزامیم هەیە هەموویان خاڵی پەیڕەوین، هیوادارم پێم نەبڕی تا تەواویان دەکەم.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەقەی خۆت تەواو بکە پێت نابڕم.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشت بەست بە حوکمەکانی ماددەی (٥٩) بڕگەکانی (١) تا (٦) زیاتر لە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سەبارەت بە پرسیار نوقتەی نیزام وەرناگرم، بۆ ئەوەی لەوەختەکە نەڕوا کاك کاروان کە قسە دەکەم تۆ قسەمەکە، سەبارەت بە پرسیار بەوەی کە پرسیار دەکەن لە حکومەت و جوابتان نادەنەوە، جارێکی تر نوقتەی نیزامی لە ناو ئەو قاعەدا وەرناگیرێ بۆ بە دواداچوونی وەڵام نەدانەوەی پرسیارەکان، هەموو دەسەڵاتێکمان داوە بە بەڕێز سکرتێری پەرلەمان لەوێ بەدواداچوونەکانتان بکەن ئەوانی تر بڵێ دوانەکەی تر.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشت بەست بە حوکمەکانی ماددەی (٥٩) لە بڕگەکانی (١) تا (٦) ئێمە زیاتر لە چەند پرسیارێکمان لە ٩-٩-٢٠١٩ لە ٢-١٠-٢٠١٩ لە ٣-١١-٢٠١٩ ئاراستەی وەزارەتی دارایی کردووە لەسەر دواکەوتنی

مووچە پاشەکەوتی مووچە و کێشەکانی هەولێرو بەغدا، وەڵامەکان هەرجارەو نەوعێك بووە لەسەر نەهاتنی بوودجەش بۆ پەرلەمانی کوردستان و پشتبەستن بە ماددەی (٦٩) ڕێژەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان یەك لەسەر شەشی، واتا (٢٣) ئەندامی بەڕێز واژوومان لەسەر پرساندنی بەڕێز وەزیری دارایی کردووە بە گوێرەی ماددەی (٧٠) لە بڕگەی (٢) بەڕێز وەزیری دارایی تەنها بۆی هەیە (١٤) ڕۆژ پرساندنەکە تاخیر بکات، بەڕێزتان (٢٠) چوارده ڕۆژتان بۆ تاخیرکردووە تا مانگی (١٢)ی ساڵی ٢٠١٩بووە، ئێستا مانگی (٩)ی ٢٠٢٠ تا ئێستا پرساندنەکە نەکراوە، بۆیە من داوای ڕوونکردنەوەیەکی تەواو لە جەنابتان دەکەم و داوادەکەم بەگوێرەی ماددەی (٧٠) لە بڕگەی چوارەم پرساندنەکە لە غیابی خۆیەوە بەڕێبچێ داوا دەکەم بۆچی دوای (١٠) مانگ لە پرساندن جەنابتان نایخەنە بەرنامەی کارەوە ئەمە خاڵی یەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

یاداشت پێشکەش بکە، بۆ ئەوەی بە غیابی بیکەی.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کردوومانە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، خاڵی دووەم: پرسیارمان ئاراستەی وەزارەتی کارەبا کردووە بەڕێزتان ئاراستەی وەزارەتی شارەوانیتان کردووە، بەڕێز وەزیری شارەوانی جوابی داوەتەوە کە ئەم پرسیارە ڕەبتی بە وەزارەتەکەی ئەوەوە نییە، ئێ تەبعەن ڕەبتی بە وەزارەتەکەی ئەوەوە نییە ئێ وەزارەتی شارەوانی تەولیدی کارەبای لا نییە چۆن بتوانێ وەڵام بداتەوە و، پرسیارمان ئاراستەی بەڕێز وەزیرێك کردووە لە کابینەی نۆیەم بەڕێزیان فەرموویانە کە لە ڕاگەیاندن وەڵامی ئێمەیان داوەتەوە، دەی ئەم وەزارەتە تەلەفزیۆنی ڕاگەیاندنە لە ڕاگەیاندن وەڵامی ئێمە بداتەوە، پەرلەمانتارانی بەڕێزی کوردستان داوادەکەم دەسەڵاتی خۆتان بەکاربێنن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بابەتی سوکایەتی لە پرۆتۆکۆڵ دەسڕێتەوە بۆ موتابەعەی ئەو بابەتانەی کاك کاروان باسی دەکات مونا خان ڕادەسپێرین بۆ موتابەعەی ئەو هەڵانە بکات، بەڕێز مامۆستا هەورامان فەرموو.

**بەڕێز هەورامان حمە شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندە منیش پشتیوانی لە ڕائیەکەی کاك عبدالستار دەکەم بۆ جێگۆڕکردن بە بڕگەکانی بەرنامەی کار .

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئاماژە بە بڕگەی یەکەم لە ماددەی (٤٨)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە کە بڕگەی چوارەم بکرێتە بڕگەی یەکەم بۆ ئەوەی بەڕێز مامۆستا عمر سوێند بخوا با دەنگ بدا؟ سوپاس بە کۆی دەنگ

بڕگەی یەکەمی بەرنامەی کار ئێستا بریتی دەبێ لە سوێند خواردنی بەرێز مامۆستا عمر، نوقتە نیزامیەکانتان کاك رۆمیۆ جوابی ئەوەمان دەداتەوە بۆچی لیژنەکان دروست نەکراون یان تا ئێستا سەردانی بادینانیان نەکردووە فەرموون.

**بەرێز رومیو حزیران نیسان:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە رۆژی یەك شەممە گەڕاینەوە لە کەلارو هەڵەبجەو رانیە، بۆیە لەبەر ئەمڕۆکە دانیشتنی پەرلەمان ئەگینا ئێمە لە زاخۆ دەبووین، من پێم وایە دەتوانین لە بیست و چوار و(٤٨) سەعاتی داهاتوودا ئێمە سەردانەکەی بکەین بۆ زاخۆ سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئێوە هیوادارم سەردانەکانتان تەواو بکەن راپۆرتێکیش بدەنە سەرۆکایەتی، بۆیە لەسەر ئەو بنەمایە ئێمە بتوانین ئیشەکانی خۆمان بکەین، موژدەخان کاك دکتۆر کازم یەکێکتان وەردەگرم ئێوە چوار کەسن یەکێکتان قسەی کردووە یەکی تریشتان وەردەگرم فەرموو مژدەخان.

**بەرێز مژدە محمود محمد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر یەکەو رەئییەکی جیاوازمان هەیە، داوا لە بەرێزتان دەکەم هەرچی زووە دانیشتنێکی تایبەت بکەین، سەبارەت بە لێبڕینی مووچە حکومەت نوقڵانەی ئەوەی داوە کە مانگەکانی داهاتووش بەهۆی لێبڕینی مووچە بەردەوام دەبێت، پێویستە هەرچی زووە لایەنی پەیوەندیدار بانگێشتی پەرلەمان بکەین داوابکەین هەرچی زووە مادام یەعنی حکومەت و کۆمەڵە کەسانێکی شارەزا لەم حکومەتەدا ئەگەر هەبن دەبێ ئەو مووچەیەی بە یاسایی بە فەرمانبەر دانراوە پێیان بدرێ و ئەو لێبڕینە هیچ پاڵپشتێکی یاسایی نییە، ئێمە وەکو پەرلەمان نابێ ئەوە قبوڵ بکەین، بەرێز سەرۆکی پەرلەمان سوپاست دەکەم ئەگەر بە زووترین کات بەرێزتان دانیشتنێکی تایبەت بکەن و هەڵوێستمان هەبێ، چونکە ئەوە چەندین مانگە ئێمە داوای دانیشتن دەکەین لەسەر ئەو بابەتە و نەکراوە سوپاست دەکەم.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس پێشنیارێکی بەجێیە فەرموو کاك سەرکۆ.

**بەرێز سەرکۆ ازاد حسێن:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە پێی ماددەی (٥٦) لە پەیڕەوی ناوخۆ قسە دەکەین، ئێمە لە بەرنامەی کاری حکومەتی هەرێمی کوردستان باس لە حکومەتێکی بە هێزو حکومەتێکی یەکگرتوو لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان کراوە، هەموو خزمەتگوزارییەکان و بڕیارەکانی بۆ هەموو کوردستان بێ، بەداخەوە لە مانگی رابردوودا یەکێك لە کەناڵەکانی کوردستان کە لە هەموو کوردستاندا پەخش دەکرێ کەناڵی NRT لە دوو شاری هەرێمی کوردستان لە شاری هەولێر و لە شاری دهۆك نوسینگەکانی داخراون و لە شاری سلێمانی نوسینگەکانی کراوەتەوە، ئایا ئەم بڕیارانە ئەگەر بڕیاری وەزارەتی رۆشنبیرییە ئەگەر بڕیاری حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێ لە هەموو شارەکان جێبەجێ

بکرێ، نەك ئەوەی لە شارێکیش ڕێگە بدرێ و لە شارێکی تر ڕێگری لێ بگیرێ لە شارێکیش ئازادی و ڕۆژنامەگەری هەبێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس با بڕگەی سوێند خواردنی مامۆستا عمر جێبەجێ بکەین، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان بڕگەی یەکەم بە پێی حوکمی ماددەی (٩) لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی لە ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو بڕگەی (٤) ماددەی (٤٨)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان - عیراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بە زیادکردنی بڕگەیەك بە ڕیزبەندی چوارەم بۆ بەرنامەی کاری ژمارە (٣)ی ڕۆژی سێشەمە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٩/٨) بەم شێوەی خوارەوە سوێند خواردنی پاڵێوراو بەڕێز (عمر عبدالله فتاح محمد) لە شوێنی ئەندام پەرلەمانی لە شوێنی دەست لە کارکێشاوە (سۆران عمر سعید) بە پێی حوکمی ماددەی (٢٧)ی لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان با بفەرموێ، فەرموون.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان من (عمر عبدالله فتاح محمد) بەخوای گەورە سوێند دەخۆم کە پارێزگاری یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عیراق و بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس پیرۆزت بێ، بەڵێ بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان بۆ بەردەوامیدان لەسەر خوێندنەوەی دووەم بۆ پێشنیازی ماف و ئەرکی نەخۆش لە هەرێمی کوردستان بە پێی حوکمەکانی ماددەی (٨٧ و ٨٨ و ٨٩) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، داوا لە بەڕێزان سەرۆکایەتی هەردوو لیژنەی کاروباری یاسایی و تەندروستی دەکەین بێنە شوێنی خۆیان، با بڕگەیەکی بەرنامەی کار جێ بەجێ بکەین، دوای هەندێکی ترتان وەردەگرین، بەڵێ لە ماددەی هەشتەوە بەڕێزان.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشی سێیەم ئەرکەکانی نەخۆش:

ماددەی ٨: نەخۆش بەم ئەرکانەی خوارەوە پابەند دەبێت.

١- یاساو ڕێنمایی و هۆکارە ناوخۆییەکانی دامەزراوە تەندروستییەکان.

٢- ڕێزگرتن لە پزیشك و کارمەندان و دامەزراوە تەندروستییەکان نابێت هەڵسوکەوتی نەشیاو بە مەبەست ئەنجام بدرێ کە کاریگەری بکاتە سەر ڕەوشی نەخۆشەکانی تری دامەزراوەکەو ڕێکارە تەندروستییەکان.

٣- پێدانی ئەو بڕ پارەیەی کە بەر لە وەرگرتنی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان ڕەزامەندی لەسەر دراوە بە پێی ڕێنمایە داراییەکان نەخۆش دەتوانێ بەر لە ئەنجامدانی هەر چارەسەرێك پاشگەز بێتەوەو، ئەگەر پارەی دابوو وەری بگرێتەوە.

٤- پێدانی زانیاری بە پزیشکی چارەسەرکراو بەتەواوی نەخۆشی و کێشە تەندروستییەکان و هەنگاوەکانی پەیوەست بە نەخۆشییەکەو وەرگرتنی هەر دەرمانێك.
٥- ئەنجام نەدانی هەرکارێك کە بوبێتە مایەی هەرەشە بۆ تەندروستی گشتی.
٦- پاراستنی کەل و پەل ئامێرەکانی دامەزراوە تەندروستییەکان.
٧- بڕیاری دامەزراوەی تەندروستی لە گواستنەوەی بۆ دامەزراوەیەکی دیکە بە گوێرەی ئەوەی کە پزیشکی چارەسەرکراو بڕیاری لێ دەدات.
٨- ڕێزگرتن لە لیستی نەخۆش و پابەندبوون بە شێوازی چاوەڕوانکردن بە ئەنجامدانی هەر خزمەتگوزارییەك لە دامەزراوە تەندروستییەکان جگە لە باری لە ناکاو.
٩- هەڵنەگرتنی چەك لە ناو دامەزراوە تەندروستییەکان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان، هەرکەسێکتان قسەتان هەیە لەسەر ماددەی (٨)ی ئەم پێشنیازە یاسابیە فەرموون، ئیستا ڕوونکردنەوە دەدەین لەسەر ماددەی (٧)، بەڕێزان ناوەکانتان دەخوێنمەوە یەکێکمان نەنوسی بوو پێمان بڵێ (حسیبە خان، دکتۆرە گەلاویژ، خدیجە خان، کاك زانا، کاك شێخ ظاهر، ژیان خان، کاك کاروان، شنۆ خان، دکتۆر اسماعیل، سەرچنارخان، کاك ملا وەیس)، کاك رزگار نوقتەیەکی نیزامی هەیە هەر لەسەر ئەم پێشنیازە بێت.

**بەڕێز رزگار محمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دەمەوێ باسی ماددەی (٧) بکەم، ماددەی (٧) دیارە لە دانیشتنی پێشوترا هەڵگیرا، بڵێین مەجالێك بێ بۆ ئەوەی لایەنێکی دینی و مرۆڤایەتی و تەندروستی هەیە، ئایا ماددەی (٧) حەسم نەکراوە بەرچاو ڕوونییەکمان بدەنێ، بۆ ئەوەی بزانین هەڵگیراوە یان بۆ دواتر قسەی لەسەر بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

سەبارەت بە ماددەی (٧) ئێمە هێشتا لە موناقەشەین، ئەوە دەچێتە دەنگدانی خوێندنەوەی سێیەم، یەعنی خوێندنەوەی دەنگدان ئەو کاتە بڕیار دەدرێ ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان بڕیاری کۆتایی دەدەن، بەڵام ئەگەر لیژنە تایبەتمەندەکان سەبارەت بەو ڕاسپاردەیەی کە رامان سپاردبوو ڕاوێژ بکەن لەگەڵ لایەنە جیاوازەکان، سەبارەت بەو بابەتە ئەگەر قسەیەکیان هەیە ڕوونکردنەوەیەکیان هەیە بۆ بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، کاك دکتۆر صباح فەرموون.

**بەڕێز د.صباح محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر ڕاسپاردەی سەرۆکی پەرلەمان لە جەلسەی پێشتر ئێمە ڕاوێژمان کردووە بە هەموو ئاینەکانی کە لە کوردستان دەژین کە بە تایبەت ئاینی ئیسلام و قەراری لیژنەی فتواو ئیتحاد عولەماو ڕاوێژمان بە برا مەسیحییەکان و ئیزدیەکانیشکراوە ڕائییەکان لای ئێمەیە ئێمە ئەو ماددەیە دارشتومانە ئەگەر ئیجازە هەبێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دكتۆر دەیخەینە خوێندنەوەی دەنگدان، لەوێ بۆی بڕیاربدەین، چونکە لێرە ئیستا ناتوانین دەنگ لەسەر هیچ شتێك بدەین.

**بەڕێز د.صباح محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو لیژنەی تەندروستی بە ئەرکی خۆمان هەستاوین و ناحیەی طوبی ئێمە معالەجەی ئەو تشتەمان کردووە، ئیتر بۆ بەڕێزان خوشك و برایانی ئەندامی پەرلەمان خۆیان قەرار دەدەن چۆن حەز دەکەن بمێنێ یا لابچێ کەیفی خۆیانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئیستا دەست بە موناقەشەکردنی ماددەی (٨) دەکەین فەرموو حسیبە خان.

**بەڕێزان حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بەشی سێیەم ئەرکەکانی نەخۆش ماددەی (٨)، یەعنی کۆمەڵێك ئەرك دیارکراون کە پێویستە نەخۆش پابەندبێتن و لە ماددەکەی، دوای ئەویش لە حوکمە گشتییەکان کە بڵێین ماددەی (٩) هەیە باس لە هاوەڵی نەخۆش دەکاتن کە پابەندی هەمان ماددە دەبێتن، بۆیە پێشنیاری ئەوە دەکەم ماددەی (٨) نەخۆش و هاوەڵی نەخۆش پابەندی ئەو ئەرکانەی خوارەوەبن، لە خاڵی دووەم بڵێین دارشتنەوەیەکی ترم هەیە، ئەگەر لیژنەی یاسایی مەعنی وەری بگرن ڕێزگرتن لە یاساو ڕێنماییەکانی دامەزراوە تەندروستییەکان سەبارەت بە کاتی سەردانیکەرو بینینی نەخۆش و ڕێنماییەکانی پەیوەست بە خواردن و خواردنەوە لەلایەن نەخۆش و سەردانی کەرانەوە، هەروەها خاڵێکی تر کە لە ناو ئەو ماددەیەدا نەهاتووە، ئەگەر زیادبکرێت،ئەگەر کەسێك نەخۆشی گوازراوەی هەبوو یەعنی نەخۆشیەکی گوازراوەی هەبوو پێویستە، ئەگەر کەسێك نەخۆشی گوازراوەی هەبوو بەبێ مۆڵەتی دکتۆرو دامەزراوە تەندروستییەکان تێکەڵی کۆمەڵگا بوو و بووە هۆی ئەوەی کە نەخۆشکەوتنی خەڵکانێك، ئەوا بەرپرسیارەتی دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە پابەندی ئەو یاسایە نەبووەو لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکرێت، لە پاشانیش خاڵێکی تر لەگەڵ ئەم یاسایە کە زیاد بکرێت لێرە هەرکەسێك پێویستە یەعنی جیاوازییەك نەبێتن لە نێوان هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا، بۆیە نابێتن پلەو پایەو پۆستیش ئەوانەی کە خاوەن پلەن لە دامەزراوە تەندروستییەکان پێگەی خۆیان بەکار بێن و وەك هاووڵاتییەکی ئاسایی ڕێز لە بەهاو ڕێنماییەکانی کەرتی تەندروستی بگرن، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لە ڕاستیدا هاوەڵی نەخۆش و نەخۆش بەیەکەوەبوون لە ئەرکەکاندا ئێمە پێویستمان بەوە هەیە سیاغەی ماددەی (٩) بکەینەوە، چونکە هەندێك ئەرك هەن زۆر شەخسی و تایبەتن بە ئەرکی نەخۆش ئەژمار دەکرێن، بەڵام لە ڕاستیدا بە ئەرکی هاوەڵەکەی هەژمار ناکرێ، بۆیە جیابن باشترە، بەڵام لە ماددە (٩) پێویستمان بە ساغەیە، یەعنی بڵێین بەدەر لە

ئەرکە شەخسیەکانی کە پەیوەندی بە نەخۆشەوە هەیە، بۆیە نەتوانراوە تێکەڵ بکرێ، زۆر سوپاس فەرموو دکتۆرە گلاوێژ.

**بەڕێز د.گلاويژ عبيد عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٨) لە بڕگەی چوارەم پێم وایە دەبێ ووشەیەك زیادبکرێ، لێرە پێدانی زانیاری بە پزیشکی چارەسەرکار بە تەواوی و نەخۆشی و کێشە تەندروستییەکانی هەنگاوەکانی پەیوەست بە نەخۆشییەکە وەرگرتنی هەر دەرمانێك و هەستیاری بۆ هەر دەرمانێك، پێویستە ئەو زانیاریانە بداتە پزیشك نەخۆشییەکە کە ئەگەر هەستیاری هەبێت بۆ دەرمانێك و،پێم باشە خاڵێکی تریش زیادبکرێ ئەویش کە زۆر گرنگە، چونکە زۆرجار ئێمە کە لە نەخۆشخانەکان نەخۆشێك بەتەنیا لە هۆڵێك نییە چەندین نەخۆشە، بۆیە ئەو خاڵە زیادبکرێ بە گرنگی دەزانم دەست درێژی نەکردنە سەر مافی نەخۆشانی ترو ئاشکرا نەکردنی ئەو زانیاریانەی کە کار دەکاتە سەر کەرامەتی نەخۆشیانی تر و، خاڵێکی تریش پابەندکردنی نەخۆشانی هاوەڵی بە نەکێشانی جگەرە لە ناو هۆڵەکانی نەخۆشخانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو شنۆ خان.

**بەڕێز شنۆ اشقى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە مافی نەخۆش بەر لە ئەرکەکان، پێم باشە ماددەیەك زیاد بکرێ لەبەر ئەوەی ئێمە لە مافەکانی نەخۆش بە جیاوازی باسمان لە مافی منداڵ و ژنی دووگیان کرد، بەڵام دوو چینی تری کۆمەڵگە هەن کە ئەفزەڵییەتیان بەسەر هەموومانەوە هەیە، بەسەر حکومەتەوە هەیە، ئەوانیش بەساڵاچوان و خاوەن پێداویستی تایبەتن، لەکاتی نەخۆشکەوتنیان مافی خۆیانە بە ئاسانترین شێوە دەستیان بگا بە خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان، بە پێی بەدواداچوونی من لە زۆربەی ووڵاتەکان حکومەت تیمی گەڕەکی داناوە بۆ ئەو کەسانەی کە بە تایبەتی هیچ کەسێکیان نییە چاودێریان بکات، کە مۆزەفیان هەیە یاخود بێ کەسن، تیمی گەڕۆك دابندرێت بە ماددەیەك باسی لێ بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دکتۆر اسماعیل.

**د.اسماعيل على طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەس من ئێك تێبینیا هەی، بڕگا ئێکێ یاسا و ڕێنما و ڕێکارە ناوخۆییەکانی دامەزراوە تەندروستیەکان، ئەمە چۆن پێگیری پێ دەکرێ؟ با بکەمە بادینی دێ چاوا پێگیریێ کەت ئەگەر

بەری هنگی بەری بۆ نەهاتبیە گۆتن؟ ژ بەر هندێ ئەز بینم پێتقییە ئەڤە ل سەر بێتە زێدە کرن پشتی بۆ دهێنە بەر چاڤ کرن، چونکی د حقوقا دا نەهاتییە گوتن، مادام د حقوقێ دا نەهاتبیتە گوتن دڤێت ل ڤێرێ بهێتە گوتن پشتی بۆ تێنە گوتن و بەرچاڤ کرن، سوپاس.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەرێزت، بەڵام ڕێکارە ناوخۆییەکانی دامەزراوە تەندروستییەکانی پاك وخاوێنی بپارێزە، بێدەنگی بپارێزە لە هەموو نەخۆشخانەکاندا خۆی هەڵواسراوە ستانداردێك هەیەو خۆی هەڵواسراوە.

**بەڕێز د.اسماعیل علی طە:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر شتی تریش هەن لەبەر ئەوە زەرووریە پێ بزانیت چی هەنە، سوپاس.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابت کاك ملا وەیس فەرموون.

**بەرێز ویسی سعید ویسی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٨) چەند تێبینیەکم هەیە، یەکەم نەخۆش بەم ئەرکانەی خوارەوە پابەند دەبێ لەبەر ئەوەی ئەرکە پێم باشە ووشەی پێویستە زیاد بکرێ، پێویستە نەخۆش بەم ئەرکانەی خوارەوە پابەندبێت هەروەها لە بڕگەی (٧) بڕیاری دامەزراوەی تەندروستی لە گواستنەوەی نەخۆش هەست دەکەم ئەو ووشەیە لەوێ پێویست دەکات کە ووشەی نەخۆش زیادبکرێت و، هەروەها لە بڕگەی ( ٩) هەڵنەگرتنی چەك و پێشنیار دەکەم ئەوەندەش زیاد بکرێ هەموو ئامێرێکی تری مەترسیدار، چونکە چەك بەتەنها مەترسیدار نییە، هی تریش هەیە لە ناو حەرەمی دامەزراوە تەندروستییەکان، هاوڕاشم لەگەڵ دکتۆرە گلاوێژ کە پێویستە بڕگەیەکی تر زیاد بکرێ ئەویش شاردنەوەی نهێنیەکانی نەخۆشە کە بەداخەوە زۆر جار ئەو زاهیرە لەناو کۆمەڵگای ئێمە هەبووە کە نهێنی نەخۆشەکان لە دوای چارەسەر لە دوای نەشتەرگەری ئەنجامدان باسکراوە، پێم باشە ئەگەر بکرێت ئەو بڕگەیە زیاد بکرێت و، زۆر سوپاس.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەمە ئەرکەکانە، ئەگەر زیادی بکەین نابێ زیادی بکەین، چونکە لە مافەکاندا تیایەتی پاراستنی نهێنی و تایبەتمەندی نەخۆش لەناو مافەکانی نەخۆشدا هەیە ئەمە ئەرکی نەخۆشە، سوپاس بۆ جەنابت خدیجە خان فەرموو.

**بەرێز خدیجە عمر طە:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش تێبینیەکم هەبوو لەسەر بڕگەی سێیەم، کە باس لەوە دەکات کە پێویستە نەخۆش پێش ئەوەی چارەسەری وەربگرێتن بڕە پارەیەك پێشکەشی دامەزراوەی تەندروستی بکات، بەس

لێرەدا پرسیارەك دروست دەبێتن ئەدی ئەگەر ئەو نەخۆشە ژیانی لە مەترسیدابوو، لەوانەیە ئیمکانیاتی دارایی بتوانێ پێش وەختە ئەو پارەیە پێشکەشبکاتن، ئایا لەو حاڵەتەدا دەبێ چاوەڕێبێ پارە بدات لە کاتێکدا ژیانی مەترسییەکی راستەقینە لەسەر بێتن، بۆیە پێشنیاز دەکەم کە لێرەدا ئەو رستەیەك هەیە کە زیادبکرێ بۆ ئەم بڕگەیە بەم شێوەیە:

سێیەم: پێدانی ئەو بڕە پارەیەی کە بەر لەوەرگرتنی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان رەزامەندی لەسەر دراوە بە پێی رێنمایە داراییەکان، بێجگە لەم حاڵەتانەی کە ژیانی نەخۆش مەترسی لەسەر بێت ئەویدیش هەروەکو خۆی تا دوایی و هەروەها پشتگیری لە بەرێز دکتۆرە گلاویژ دەکەم سەبارەت بە بڕگەی چوارەم کە پێویستە لە کۆتاییەکەیدا وەرگرتنی هەر دەرمانێك و هەستیاری بە دەرمان ئەوەش زیادبکرێ باشتر دەبێ، زۆر سوپاس.

**بەرێز د. رێواز فائق /سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان :**

سوپاس، کاك زانا فەرموو.

**بەرێز زانا خالد سمایل:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (٨) نەخۆش بەم ئەرکانەی خوارەوە پابەند دەبێت، ئەمە زۆر قەتعیە، یەعنی لەو نۆ خاڵە زیاتر نەخۆش بە هیچ ئەرکێکی تر پابەند نابێ، لە هەمانکاتدا ئێمە یاسای تەندروستی گشتی عیراقی بەرکار لە هەرێمان هەیە کە کۆمەڵێك واجباتی دیکەی خستیتە سەر نەخۆش، یا ئەو کەسەی خۆی ناپارێزێت تایبەت لە کاتی بڵاو بوونەوەی بەهاکان، ئێمە دەبێت لەوێشدا سیاغەیەك بکەینەوە کە ئەم بڕگانەی دیکە، چونکە بەراستی دوای ئەوە ئەگەر قەتعی بێت بەو شێوەیە بێت کەسێك بۆی هەیە بۆ نموونە لەو زرووفەی ئێستای بڵاوبوونەوەی کۆرۆنادا، کۆرۆناشی هەبێت بچێتەوە ناو موجتەمەع و خەڵکی دیکەش تووش بکات، بۆیە ئەمەیان دەبێ لەبەرچاو بگرین، خاڵی چوارەم لەگەڵ ئەو رایەم من دەبێ نەخۆش شەکوای خۆی بە نەخۆشییەکەی خۆی بە دکتۆرەکە بڵێ و پێی بڵێ چ چارەسەرێکم وەرگرتووە، بەڵام ئەوەش لەبیر نەکەین ئەوەیان تەنها ئەرکی نەخۆش نییە، ئەوەیان ئەرکی پزیشکەکەو ئەرکی حکومەتە کە بزانێ دۆسیەی ئەو کەسە کە هاووڵاتییەکی ئەو وولاتەیە کە دۆسیەکە چی تێدایە، باشە کەسێکی نەخوێندەوار بچێتە لای پزیشکەکەی خۆی بڵێ من حەساسیەم بە چ دەرمانێك هەیە چۆن ناوی دەرمانەکە بزانین، لەو حاڵەتەتدا ئێمە دەیکەین واجبی نەخۆش لە ئەسڵدا ئەگەر تەماشای سیستەمی تەندروستی هەر وولاتێك بکەین دەبێ ئەو نەخۆشە دۆسیەی هەبێ، کە کەسێکی ئاسایی دەبێ دۆسیەی هەبێ، پێش ئەوەی نەخۆش بکەوی کە لە دایك دەبی تاوەکو دەمری دەبێ دۆسیەکەی نەقل ببی، ماڵی لەو گەڕەکە دەچێتە شارێکی دیکە لەو شارە دەچێتە گەڕەکێکی دیکە دەبێ دۆسیەکەی لەگەڵ خۆی نەقڵ بووبێ، لە جەلسەی پێشوشدا ئێمە باسمانکرد ئەمەیەیان تەنها واجبی نەخۆش نییە، واجبی موئەسەساتی حکومەتە ئەوەش بکات، خاڵی نۆیەم باس لە هەڵنەگرتنی چەك دەکەین من پێم وایە تەواو دروست لەگەڵ ئەو رایەم، بەڵام ئێمە لە هەموو دامەزراوەکانی دیکەی حکومەت دەبێ چەك هەڵنەگیرێت تەنها لەناو موئەسەساتی سەحەدا نییە، جا ئەوە بە تەعلیمات دەکرێ بە قانوونێك دەکرێ، بۆ تەنها لە ناو

موئەسەساتی سەحەدا باسی نەخۆش ئەوە نەکات، ئەدی ئەگەر ئەو نەخۆشە چووە کلینێکی پزیشکێك چەکی پێ بوو کێ رێکاری یاسایی بەرامبەر دەگرێتە بەر، بۆیە لەمەشدا پێم وایە کە پێویستمان بە سیاغەیەکی تازە هەیە، زۆر سوپاس.

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، دامەزراوەی تەندروستی زۆر فراوانە ئەوە یەك، دوو دروستە یەعنی دەبێ شتێك دا بنێین باجەکە بنووسین بە پێی توانای نەخۆش، سێ والله کاك زانا تۆ قسەی زۆر زۆر باش لە ناو قاعەدا دەکەی ئەندامی لیژنەی تەندروستیشی بۆ ئەو قسانە لەوێ ناکەیت و راپۆرتەکە دەوڵەمەندتر بکەی کە دێتە ناو قاعە والله حەز دەکەم جواب دەیتەوە.

**بەرێز زانا خالد سمایل:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو پرسیارەی جەنابت زۆر لە جێگای خۆیەتی لە جەلسەکانی پێشووش بەشێك لە خوشك و برایانم پەرلەمانتارەکان پێیان وتم ئەو پرسیارە و ئەگەر برادەرانی دەستەی سەرۆکایەتی لیژنەی تەندروستی ئەو شایەدیەم بۆ بدەن، ئەو قسانەی لێرە دەیکەم زۆر بە ئیزافەوە بە چوار سەعات بە پێنج سەعات لە کۆبوونەوەی لیژنە دادەنیشین ئەو قسانە زۆر بە ئیزافەوە دەکەین، بەڵام دواتر ئەگەر لە سیاغەو داڕشتنەوە ئەوە شتێکی تر بێت ئەوەیان رەنگە گوناهی من نەبێت، بەڵام من ویژدانی خۆم ئاسوودە دەکەم بەرامبەر بەو ئەرکە هەم پیشەییەکان پزیشکیەکەی هەمانە، زۆر سوپاس.

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کاروان فەرمووو نەهاتۆتەوە باشە، فەرمووو سەرچنارخان.

**بەرێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە خاڵی یەکەم یاساو رێنمایی و رێکارە ناوخۆییە دامەزراوە تەندروستییەکان، منیش پشتگیری دەکەم پاش ئاگاداربوونەوە لێیان، یەعنی ئەو رێکارانە مەفروزە نەخۆش لێی ئاگاداربکرێتەوە ئەوکاتە ئەبێ بە ئەرکی پابەند بێ پێوەی، سەبارەت بە بڕگەی سێیەم ئیزافەیەکم هەیە بۆ پێدانی ئەو بڕە پارەی کە بەر لە وەرگرتنی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان رەزامەندی لەسەر دراوە، بە پێی رێنمایە داراییەکان ئەلێرەوە بۆی زیاد بکرێ، ئەگەر نەخۆش توانای نەبوو بە پێی یاسای بەرکارەکان لێی وەربگرێتەوە یان بە پێی یاسای وەرگرتنەوەی قەرزە میدیایەکان ژمارە (٥٦)ی ساڵی (١٩٧٧)مان هەیە بە تایبەتی لەو چارەسەرانەی بە ناچاری نەخۆشخانەی تایبەتمەندەکاندا هەن، چونکە لەوە دەچێت ئەو نەخۆشە پارەی نەبێت بە یەك جار پارەی ئەو چارەسەرانە بدات، چارەسەرەکەش لە نەخۆشخانەی تایبەت بێ بۆ پاراستنی ژیانی نەخۆشەکە بتوانێ بە پێی ئەو یاسایە لێی وەر بگرێت، ئەوکاتە بۆی دەکرێ بە قیستی مانگانە ناکرێ یەعنی قورسایەکەی باری دارایشی نەبێ بە یەك جاربیدات، ئەگەر ئەو ئیزافەی بۆ بکرێ، خاڵی ئەخیریش نۆیەم هەڵگرتنی چەك لەناو

دامەزراوە تەندروستییەکان ئەوە زۆر لەجێی خۆیەتی، بەڵام هەمووشی هەڵگرتنی چەك و هەر ئامرازێکی تری بریندارکەر، چونکە ئێمە پێشتر چەند نموونەیەکمان هەیە پزیشك لەناو عیادەکەی خۆیدا لێی دراوە، تەقەی لێکراوە، بریندارکراوە، عەزیەتی دراوە، لەبەر ئەوە جاری وا هەبووە بە چەقۆش لێی دراوە، جار واش هەبووە بە سیلاح و دەمانچەو بەمانە لێی دراوە، لەبەر ئەوەی هەڵگرتنی چەك و هەر ئامرازێکی تری بریندارکردنی بۆ زیاد بکرێ و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك زاهر فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیاز دەکەم ناونیشانی ئەو ماددەیە بگۆردرێت بکرێتە ئەرکەکانی نەخۆش و هاوەڵەکانیان و ماددەی (٨) و ماددەی (٩) بکرێتە یەك ماددە ماددەی (٩) لاببرێت، لەبەر ئەوەی هەمان ناوەڕۆکی ماددەی (٨)ی هەیە، یان ماددەی (٩) بەشێوەیەك دابڕێژرێتەوە سیاغەیەکی تری بۆ بکرێت و ئەو ئەرکانە زیاد بکرێت بۆ سەر نەخۆش، بەکار نەهێنانی ئەو ئامێرانەی کە دەبنە هۆی بێزارکردنی نەخۆشەکانی تر، خاڵێکی تریان قەدەغەکردنی وێنە گرتنیان لە نەخۆشخانە بەشێوەیەکی قەتعی، یەعنی بە هەموو شێوەیەك قەدەغە بکرێ کە وێنەی نەخۆشەکان بگیرێ لە نەخۆشخانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو ژیان خان.

**بەڕێز ژیان طاهر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشی دووەم لە جەلسەی ڕابردوو پێشنیاری ئەوەم کرد کە پێویستە زانیاری تەواوی ڕابردووی تەندروستی نەخۆش بدرێتە پزیشك، لێرە لەم ماددە لە بەشی چوارەم ئاماژەی بەوە کردووە کە پێدانی زانیاری بە پزیشکی چارەسەرکراو ئەرکی نەخۆشە و، بۆچوونی من ئەوە دەبێت بە نووسراو بێت نەك بە زارەکی بێت، ئەگەر بە نووسراو بێت ئەوە دەبێتە بەڵگەیەك سبەینێ ئەگەر خوا نەخواستەش شتێك قەوما نەخۆش مرد یان وەزعی بەرەو خراپتر چوو، ئەو بەڵگەیە دەتوانێت دیفاع لە پزیشك بکات یان لە نەخۆشەکە بکات، ئەمە بەشێوەی فۆرمێك بێتن زۆر باشتر دەبێتن لە هەموو وڵاتاندا ئەو فۆرمە لەلایەن نەخۆش پێش ئەوەی چارەسەر بکرێت، ئەو فۆرمە پڕ دەکرێتەوە لەو فۆرمەدا هەموو ئەو زانیارییانەی کە زانینیان لەلایەن پزیشکەوە کاریگەری لەسەر شێوازی پێدانی چارەسەر دەکاتن، نووسراوە لەسەر نەخۆش فەرزە کە ئەو فۆرمە پێش ئەوەی چارەسەر وەربگرێ پڕیبکاتەوە، بۆیە پێشنیار دەکەم بڕگەی چوارەم بەم شێوەیەی لێ بکرێتن نەخۆش یان هەواڵی نەخۆش بە پڕکردنی فۆرمی مێژووی تەندروستی و نەخۆش تەواوی زانیارییەکان سەبارەت بە نەخۆش و کێشە تەندروستییەکان بداتە پزیشکی چارەسەر کراو و واژووی بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

دەست خۆش، والله بیهینی بیدەیە لیژنە تایبەتمەندەکان ژیان خان ئەو سیاغەیان بۆ بێنی بە نووسین بێ زەحمەت زۆر سوپاس، کاك کاروان نەهاتەوە ماددەی دوای ئەوە بخوێنەوە ناومان خوێندەوە نەت وت ناومی تێدانییە لە ماددە (٩) قسە بکە.

**بەڕێز د.صباح محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

حوکمە گشتییەکان ماددەی (٩) سەرجەم ئەو ئەرکانەی کە لە ماددەی (٨)ی ئەم یاسایەدا هاتوون هاوەڵی نەخۆشیش پابەند دەکات.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، دەرفەتت دەدەمێ مامۆستا عبدالستار بەڕێزان نوقتەی نیزامیە؟ لەسەر ماددەی (٩) ناوی مامۆستا بنووسە، ئێستا دەینوسێت لەسەر ماددەی (٨) وامزانی نوقتەی نیزامی وەردەگری وتم وەرت دەگرم دوایی قسە بکە مامۆستا.

**بەڕێز عبدالستار مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاك زاناو سەرچنارخانیش باسیانکرد، من پێم وایە ئەو ماددەیە هەر چەك هەڵگرتن و نەگرتن لێرە هەر لاببرێ، چونکە بە پێی یاسا چەك هەڵگرتن بۆ دامەزراوە فەرمییەکان قەدەغەیە، هەر بۆ قەزیەی نەخۆش و تەندروستی و خەستەخانەو ئەوانەی باسیدەکەن تەندروستییەکی خۆشیش نییە، بەڕای من هەر نەمینێ لەوێ، چونکە خۆی لە ئەسڵدا قەدەغەیە ئەوەی تر والله لەماددەی (٧) ئەگەر ئیجازە بدەی یەك پێشنیاری کورت بکەم یەك پێشنیار.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

هەرچیت هەیە مامۆستا عبدالستار لەسەر ماددەی (٧) بە نووسین بینووسە بیدە بە لیژنەکان، هەر چت هەیە لەسەری معالەجەیەکییان پێیە لەگەڵیان تەنسیق بکە، با نەچینەوە سەر ئەو ماددەیە، لیژنەی فەتواوە جەنابت دەتوانی لەگەڵیان ڕاوێژ بکەی.

**بەڕێز عبدالستار مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکو معالەجەیەك ئەگەر گوێیان لێبێ ڕەنگە ئاگاداری هەموو ئەوانەم، بەس من ڕەئیەکم هەیە ڕەئییەکی خۆم هەیە ئەگەر قبوڵی بکەن، ئەویش ئەوەیە بەرای من ئەم قەزییە ئاڵۆزو هەستیاریشە ڕەهەندی کۆمەڵایەتی و ئاینی و ئەوانەی هەیە، بەرای من ئەگەر بکرێ بیکەینە ماددەیەکی سەربەخۆ یا ئەم لیژنەیە، یا هەر فراکسۆنێك ئازادە پرۆژە یاسایەك لەم ڕووەوە تۆزێك تێرو تەسەلتربێ پێشکەش بکا باشتر، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت ماددەی (٩) بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان کێ دەیەوێت لەسەر ماددەی (٩) قسە بکات؟ بەڕێزان دەیخوێنمەوە هەر کەس ناوی نەنووسرابوو با پێمان بڵێ (دکتۆر ڕێبوار،

دکتۆرە گلاویژ، حسیبە خان، کاك باڵانبۆ، شادی خان، روپاك خان، کاك عوسمان، کاك مسلم)، کەس هەیە ناویمان نەنووسیبێ؟ کەس نییە کاك مسلم فەرموو.

**بەڕێز مسلم عبدالله رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکەم لەسەر ماددەی (٩) لە بڕگەی (٣) کە باس لەوە دەکات لیژنە دەتوانێت بۆ خێراکردنی یەکلاکردنەوەی دەرەئەنجامی ئەو کێشانەی کە هەیە لێژنەیەکی لاوەکی ناو لێژنەکە پێك دەهێندرێت.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددە (٩) ئەوە نییە ئەوە ماددە (١٠) یە کاك مسلم سوپاس.

**بەڕێز مسلم عبدالله رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داوای لێبوردن دەکەم.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك باڵانبو فەرموو.

**بەڕێز باڵانبو محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیاز دەکەم ئەم ماددەیە هەر لابرێت سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخر سەبەب؟

**بەڕێز باڵانبو محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبەب دەڵێ سەرجەم ئەرکەکانی کە لە ماددەی (٨)ی ئەم یاساییەدا هاتووە، هاوەڵی نەخۆش پابەند دەکات هەر لەوێش تۆ هاوەڵی نەخۆش پابەندبێت بەم بڕگانەوە.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تیایدانییە کاك باڵانبۆ مەسەلەن جاری وا هەیە نەخۆشەکە لە ژوورەوەیە هیچ موخالەفەیەکی قانوونی نییە، هاوەڵی نەخۆشەکە بۆ نموونە پەلاماری دکتۆرەکە دەدا.

**بەڕێز باڵانبو محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٨) دەڵێ نەخۆش ئەم ئەرکانەی خوارەوە پابەند دەبێ.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەی هاوەڵەکەی مرافقەکەی.

**بەڕێز باڵانبو محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێش ئەوە تۆ ئەرکەکانی هاوەڵی نەخۆشیشت کردووە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە تەواو شادی خان فەرموو.

**بەڕێز شادی نوزاد وهاب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی وەکو پێشتر بەڕێزت ئاماژەت پێدا ئەم ماددەیە پێویستی بە سیاغە کردنەوە هەیە، چونکە ئەگەر بەم شێوەیە بە یەك دێر ئێمە ماددەکە کۆتایی پێ بهێنین، دەتوانین بە زیادکردنی دەستەواژەی هاوەڵی نەخۆش بە ماددەی پێش خۆی ئەم ماددەیە هەر لا بدەین و لەو حاڵەتەیا ئەوە چارەسەر دەبێ، بەڵام ئێمە کۆمەڵێك شتیترمان هەیە کۆمەڵێك حاڵەتی ترمان هەیە لە نەخۆشخانەکاندا بە تایبەت روو دەدەن لە زۆر حاڵەتی دیاریکراودا، بۆ نموونە لەکاتی گیان لە دەستدانی نەخۆشێك لە ناو نەخۆشخانە گشتییەکاندا دکتۆرو پەرستارو هەمووکارمەندەکانی ئەو قاوشەی کە ئەو نەخۆشە کە گیانی تێدا لە دەست دەدات دەکەونە بەر مەترسی ئەوەی کە رەد فعلی هاوەڵەکان چۆن چۆنی دەبێت لەگەڵ ئەندامانی یان کارمەندانی ئەو شوێنەدا، بۆیە پێویستە یەکێك لەو ماددەدا خاڵێك زیادبکرێ، بۆ ئەوەی کە هاوەڵی نەخۆش بەر پرسیارە لە پاراستنی دۆخی ئارامی ناو نەخۆشخانەکان لە هەر حاڵەتێکی نەخوازراودا کە روودەدات لە ناو نەخۆشخانەکاندا و هاوکاری تەواوی ستاف و ناو نەخۆشخانەکان بێت یان دامەزراوە تەندروستییەکان بێت بۆ هەر کارێك کە ئەو ستافە پێ رادەسپێرێ، چونکە زۆر حاڵەتی تریشمان هەیە هاوەڵی نەخۆش هەندێ کات زیاتر بۆ منداڵان راستە بۆ گەورانیش ئەوانەی ئەو نەخۆشانەی نەتوانن ئاگاداری خۆیان بکەن، ئەو نەخۆشەی کە ناتوانێ ئاگاداری خۆی بکات یان ڕێنماییەکانی دکتۆرەکە جێبەجێ بکات، هاوەڵی نەخۆش بەرپرسیاریەتی ئەوەی دەکەوێتە سەر شان کە لە کاتی خۆیداو بە پێی ئەو ڕێنماییانەی کە پێی دەدرێت جێبەجێی بکات، بەڵام هاوەڵی نەخۆش ئەمەش ناکات دواتریش تیمە پزیشکییەکان هەندێك حاڵەت هەن بەو شێوەیەن تیمە پزیشکییەکان رووبەرووی ئەوە دەبنەوە کە خەلەل یاخود گرفتێك لە شێوازی چارەسەریەکە هەبووە، بۆیە پێویستە ئەو ماددەی (٩) بە شێوازێکی زۆر باشتر و بە چەند خاڵێك سیاغە بکرێتەوە، پێشنیازی منیش بە نووسراوێك ئاراستەی لیژنە دەکەم و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دکتۆر ڕێبوار.

**بەڕێز د.ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، دیارە من لەگەڵ ئەوەم کە ماددەی (٩) بە جیا ئاماژەی پێکردووە، لەبەر ئەوەی پەیوەستە بە ئەرکەکانی هاوەڵ، بەڵام دەکرێ بەشێوەیەکی تر ئیعادە سیاغە بکرێ، چونکە ئەگەر بەو شێوەیە بێ بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئەگەر بەو شێوەیە بێ لە ماددەی (٩) هاتووە هەمان ئەو ئەرکانەی کە لە ماددەی (٨) نەخۆش پابەند دەکات، هەمان ئەو ئەرکانەش دەسەپێندرێ بەسەر هاوەڵ بۆ ئیعادە سیاغە، بۆ ئەوەی کە ئەرکەکانی هاوەڵ جیا بکرێتەوە لە ئەرکەکانی نەخۆش من بەو شێوەیەی خوارەوە سیاغەم کردووە:

سەرجەم ئەو ئەرکانەی کە لە مادده (٨)ی ئەم یاسایەدا هاتووە هاوەڵی نەخۆش پابەند دەکات تەنها لەو ئەرکانە نەبێت کە کەسین و پەیوەستن بە خودی نەخۆش، واتا ئەرکەکانی کەسی نەخۆش جیا بکرێتەوە لە ئەرکەکانی هاوەڵ بۆ پابەندبوونیان بە رێنمایە گشتییەکان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو گەلاوێژ خان.

**بەڕێز د.گلاویژ عبد عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێش ئەوەی بێمە سەر ماددەی (٩) ئەگەر رێگام بدەی پێم خۆشە روونکردنەوەیەك بدەم لەسەر ئەو پێشنیارەی دام، وابزانم هەڵە تێگەیشتنێك هەبوو، باسی ماف ناکەم باسی ئەرکی نەخۆشەکە دەکەم نەخۆشێك ئەرکی هەیە پارێزگاری دەست درێژی نەکاتە سەر مافی نەخۆشێکی تر مەبەستم ئەوەبوو مەبەستم ماف نەبوو سوپاس، پێم وایە ماددەی (٩) ئەگەر ئێمە بێین سەرجەم بڕگەکانی ماددەی (٨) بخوێنینەوە دەبینین هەموو بڕگەکان تەتبیق دەبێتن لەسەر هاوەڵی نەخۆش، بۆیە پێم وایە ئەو ماددەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە هەموو ئەرکەکان کە لەسەر نەخۆشەو لەسەر هاوەڵیش دەبێتن، چونکە مەسەلەن بۆ نموونە بێینە سەر پێدانی بڕی ئەو پارەیەی کە دەیداتن زۆر جار نەخۆش ئاگادار نییە، یان بڕی ئەو زانیاریانەی کە نەخۆشەکە هەیەتی نەخۆشێکی تری هەیە یان هاوەڵەکە دەیدات بە پزیشکەکە، بۆیە هەموو ئەرکەکانی کە لەو خاڵانەدا هاتووە لەسەر نەخۆشە پێویستە لەسەر هاوەڵیش بێ و سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، روپاك خان فەرموو.

**بەڕێز روپاك احمد رحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٩) من پێم وایە ببێتە بڕگەیەك لە بڕگەکانی مادده (٨) زیاد بکرێ بە زنجیرەیەك، چونکە لێرە پێم وایە لە حوکمە گشتییەکان ئەو ماددەیە جێی نابێتەوە، بۆیە لە بەشی سێیەمیش دەبێ ناو نیشانەکە بگۆردرێ، ئەرکەکانی نەخۆش و هاوەڵەکەی ئینجا حوکمەکانی بەسەردا جێبەجێ دەبێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

راستە والله دروستە لە حوکمە گشتییەکان نەبێ باشترە کاك عوسمان سیدەری فەرمووە.

**بەڕێز عثمان علی سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پێشنیار دەکەم کە پشتیوانی لەو هەڤالانە دەکەم کەوا پێشنیاری ئەوەیان کردووە کە لا ببرێت، ماددەی (٩) بکرێ بە برگەیەك بەم شێوەیە سەرجەم برگەکانی ماددەی (٨) هاوەڵی نەخۆشیش دەگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، حسیبە خان فەرموو.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەمان تێبینی خاتوو روپاکم هەبوو لەوەی ئەگەر ماددەی (٩) لەگەڵ حوکمە گشتییەکان یەك نەگرێتەوە لە بەشی چوارەم بە ماددەیەکی تایبەت بێت و سیاغەکەی بەو شێویە دابرێژرێتەوە: هاوەڵی نەخۆش پابەند دەبێت بە ڕێزگرتن لە یاساو ڕێنماییەکانی دامەزراوە تەندروستییەکان بەدەر لەو ئەرکانەی تایبەتن و دەکەونە ئەستۆی نەخۆش، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەست خۆش ئەو سیاغەیە بدە بە لیژنەکان بێ زەحمەت دەستان خۆش، ماددەی دوای ئەوە بەڕێزان لیژنەکان بیخوێنەوە ماددەی (١٠).

**بەڕێز د.صباح محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٠):

١- پێکهاتەو ئەرکەکانی لیژنەی لێکۆڵینەوەی هەمیشەیی بە پەیرەوێك ڕێك دەخرێت کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەردەچێ.

٢- لێکۆڵینەوەکانی لیژنە بە ئامادەبوونی نوێنەری داواکاری گشتی و سەندیکا پەیوەندیدارەکانی ئەنجام دەدرێت.

٣- لیژنە دەتوانێت بە خێراکردنی یەکلاییکردنەوەی دەرەئەنجامی لێکۆڵینەوە لیژنەی لاوەکی دروست بکات لە ژێر چاودێری خۆیدا بە مەرجێك ماوەی لێکۆڵینەوەی لە (٦٠) ڕۆژ تێپەڕ نەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەلێ بەڕێزان کێ لەسەر ماددەی (١٠) قسەی هەیە؟ ناوەکان دەخوێنمەوە (کاك بهمن، دکتۆر زانا، دکتۆر ڕێبوار، گلیزار خان) کەسی تر هەیە نەمان نووسیبێ (کاك زکری، ڕۆژان خان، کاك لقمان، کاك ملا ناصر، دکتۆر کازم، دکتۆر محی الدین، موژدە خان، کاك مسلم) کەس هەیە ناومان نەخوێندبێتەوە؟ نییە کاك زکری فەرموو.

**بەرێز زكری احمد سمایل:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (١٠) خاڵی (٣) لیژنە دەتوانێت بۆ خێرایی كردنی یەكلایی كردنەوەی دەرەئەنجامی لێكۆڵینەوەی لیژنە، لیژنەی لاوەكی دروست بكات لە ژێر چاودێری خۆیدا بە مەرجێك ماوەی لێكۆڵینەوە لە (٦٠) رۆژ تێپەر نەكات، بەرێز سەرۆكی پەرلەمان من پێم باشە بەم شێوەیەی لێ بكەن، لیژنە دەتوانێت بۆ خێرایی كردنی یەكلایكردنەوەی دەرەئەنجامی لێكۆڵینەوەی لیژنەی لاوەكی دروست بكات لە ژێر چاودێری خۆیدا بە مەرجێك ماوەی لێكۆڵینەوە لە (٣٠) رۆژ زیاتر تێپەر نەكات، زۆر سوپاس.

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، مەلا ناصر فەرموو.

**بەرێز عبدالناصر احمد على:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو مهرەبان، لە ماددەی (١٠) بڕگەی (٣) لیژنە دەتوانێت بۆ خێراكردنی یەكلایی كردنەوەی دەرەئەنجامی لێكۆڵینەوەی لیژنەی لاوەكی دروست بكرێ لە ژێر چاودێری خۆیدا بە مەرجێك ماوەی لێكۆڵینەوە لە (٦٠) رۆژ تێپەر نەكات، بەراستی من لەگەڵ ئەو (٦٠) رۆژەدا نیم، لەبەر ئەوەی بۆ ماوەی لێكۆڵینەوە (٦٠) رۆژ زۆرە، ئەگەر بكرێت لە (٢١) رۆژ زیاتر نەبێت زۆر باشترە بۆ خێرایی كردنی لیژنەی لێكۆڵینەوە، زۆر سوپاس.

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك بەهمەن فەرموو.

**بەرێز بهمن كاك عبدالله احمد:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە خاڵی یەكەم لە ماددەی (١٠) دەڵێ پێكهاتەو ئەركەكانی لیژنەی لێكۆڵینەوە هەمیشە بە پەیڕەوێك رێك دەخرێت لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانە، من پێم وایە ئەوە تایبەتە بە وەزارەتی تەندروستی، دووش دەڵێ لێكۆڵینەوەی لیژنە بە ئامادەبونی نوێنەری داواكاری گشتی دەبێت، بەڵام لە هەرسێ خاڵەكە نەوتراوە كێ بڕیار دەدات، لە كۆتایدا ئەمە خەلەلێكە بە راستی ئایا لیژنەكە خۆی بڕیار دەدات لیژنەكە كە خۆی بڕیار بدات ئەمە نەقسێكە بۆ یاسا، چونكە ناكرێ لیژنەی تەندروستی خۆی بڕیاربدات لەسەر مەسەلەی كارمەندێكی خۆی، بۆیە دەبێت تەحدید بكرێت كە داواكاری گشتی بڕیار دەدات یا وەكو دادگا، لەسەر ئەوەی لیژنەی لاوەكیەكەش بەراستی (٦٠) رۆژ زۆر زۆرە، من (٣٠) پێ زۆرە، چونكە ئەوە هەتا كۆنتر بێ زیاتر كێشەكە گەورەتر دەبێتەوە، خۆشمان دەزانین ئێمە لە كۆمەڵگایەكدا دەژین لە هەندێك مەناتقی ئێمە عاداتی عەشایری هەیە لەوە دەچێ لەماوەی ئەو موودەتە زەمەنییەی كە تۆ دیاریت بۆ كردووە كابرا لە دەرەوەی مستەشفا هەوڵێك بدا بە رێگای عەشایری شتێكی خراپ بكات، بۆیە مودەتەكە

کەمتر بکرێتەوە و زۆر باشە و دیاریش بکرێ کێ بڕیاری کۆتایی دەدا لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەسەر چاو ڕۆژان خان دوای گلیزار خان مەجالت دەدەم.

**بەڕێز گلیزار رشید حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٠) وەکو ئێمە دەزانین قەراری لیژنە تەوسیەیە ئیلزام نییە، مولزەم نییە، لەبەر ئەوە هەندێجار دەبینین مەسەلەن بڵێین لە کاتی نەشتەرگەری دکتۆرەکە توشی غەڵەتێکی نەشتەرگەری دەبێ، لەبەر ئەوە ئێمە لێرەدا دەبێ وەزیری مەعنی مولزەم بکەین ئەبێ نوقتەیەك ئیزافە بکەین، ئەو نوقتەیە ئەویش (بایحال اوراق تحقیق الی قابل التحقیق اذا تعلق فعل قانون العقوبات و بالعکس) دەبێ تەسبیتی بکا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، دکتۆر کازم فەرموو.

**بەڕێز د.کاظم فاروق نامق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەنها ئیزافەی یەك کەلیمەم هەیە بۆ ئەم بڕگەیە، ماددەکە لە بڕگەی دووەمدا ئەگەر بکرێ لە پاڵ سەندیکا پیشەیەکاندا ووشەی کۆمەڵەش ئیزافە بکرێ، بۆنمونە کۆمەڵەیەك هەیە داکۆکی لە مافی هەندێك نەخۆش دەکات، بۆ نمونە کۆمەڵەی کورتە باڵاکانی کوردستان هەیە، کۆمەڵەی نەخۆشانی شەکرە هەیە ئەوانە یان نازانم تا چەندێك یاسایە ووشەی دەستەش ئیزافە بکرێ، تەنها ئەوەندە ووشەی کۆمەڵە بۆ ئەوەی کۆمەڵەکانیش مافیان هەبێ بەشداربن لەو دەستە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، دکتۆر محی الدین فەرموو.

**بەڕێز د.محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بۆ بڕگەی (٢) لێکۆڵینەوەی لیژنە بە ئامادەبوونی نوێنەری داواکاری گشتی و سەندیکا پەیوەندیدارەکان ئەنجام دەدرێ، من دەپرسم ئایا نوێنەری داواکاری گشتی و سەندیکا پیشەییەکان بە سیفەتی ئەندامییەتی بەشدار دەبن، یاخود بەس بە ئامادەبوونیان، بۆیە من پێشنیاری ئەوە دەکەم سیاغە بکرێتەوە و داواکاری گشتی سەندیکا پەیوەندیدارەکان ئەندامی هەمیشەیی ئەو لیژنەیە بن، خاڵێکی تر ئەوەی پەیوەندی بە بڕگەی سێ هەیە باس لەوە دەکات کە بۆ خێرایی کردنی یەکلاکردنەوەی دەرەئەنجامی لێکۆڵینەوەکان (٦٠) ڕۆژی داناوە، ئەی ئەگەر خۆی لیژنەکە بیکا ڕەنگە شەش مانگی بوێت، بۆیە ئەگەر لەو هەرێمەی ئێمە لەو وولاتەی ئێمە شتێك وەکو دەڵێن دەرخۆنەی بکەین دەیدەینە لیژنە، لۆیە من پێشنیاری ئەوە دەکەم داڕشتنەوە بۆ ئەوە بکرێتەوە و من لەگەڵ ئەوەم لە دوو هەفتە کە مادام بۆ خێراکردنی ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەیە، پێشنیاری ئەوە دەکەم کە لە دوو هەفتە زیاتر نەبێت یا لە (١٥) ڕۆژ زیاتر نەبێت ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەیان لێژنە لاوەکییەکان و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو ڕۆژان خان.

**بەڕێز ڕۆژان محمد کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ ماددەی (١٠) من پێشنیار دەکەم خاڵی یەك ئەو پەیڕەوە بکرێت بە ڕێنمایی لە لایەن وەزارەتەوە دەردەچێ و خاڵی دووەم لێکۆڵینەوەکانی لیژنە هاوڕای کاك بەهمەنم بڕیاری کۆتایی کێ دەیدات، پێویستە دیاری بکرێت و خاڵی سێیەمیش (٦٠) ڕۆژ زۆرە بکرێ بە (٣٠) ڕۆژ تێپەڕ نەکات، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك لقمان فەرموو.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١٠) خاڵی یەك پشتیوانی لە بۆچوونی دکتۆر محی الدین دەکەم کە نوێنەری سەندیکا پەیوەندیدارەکانی هەمیشەیی تێدایە، چونکە لە حاڵەتی ڕوودانی هەر ئەگەرێکدا نوێنەری سەندیکا پیشەییەکان مافی بەرگریکردن یاخود ئاگاداربوون لە ئەندامەکانیان هەیە، سەبارەت بە خاڵی سێ مادام باسی خێرایی لێکۆڵینەوەکان دەکات (٦٠) ڕۆژ مووەدەیەکی زۆر زۆرە، ئەگەر ئەمە بکرێتە نیوە کارێکی باشەو زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، دکتۆر زانا عەفوو ڕۆژان خان قسەیەکی هەیە دوای ئەو ببورە.

**بەڕێز ڕۆژان ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاخفتنا من ل سەر بابەتا (٦٠) ڕۆژییە بەس ئەز بینم کێم کەس پشتگیریا ئێك و دوو دکەن ئەگەر ڕەئیا وان جێگیر بیت و ب مەعنا پشتگیریا ئێك و دوو بکەن و دوایی دبیتە گلە ئو گلەیی ژلیژنا یاسایی دەکەن دبێژن ڕەئیا نەجێگیر دکەن دخاندنا سێیێ دا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز د.زانا خالد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (٩) ئێمە لە ئەسڵی ئەو پێشنیازە یاسایەی کە پێشتر لێرە نووسیبومانەوە بەو شێوەیە نەبوو و لە وەزارەتی تەندروستی ئەو لیژنەیە پێك بێت، ئەمە لە ماددەکانی پێشتریش لە جەلسەی پێشووشدا باسمان لەو تێبینیە کرد، ئەدی خەڵکەك ئەگەر خەڵکێك شەکوای هەبوو نەخۆشێك شەکوای لە وەزارەتی تەندروستی هەبوو کێوە بچێت، لە کوێ شەکوای خۆی تەقدیم بکات، خۆی گلەیی لەوانە یەعنی شەکوای لەوان هەیە، بۆیە ئێمە لە ئەسڵی پێشنیازە یاساکەدا باسی ئەنجومەنێکمان کردووە ئەو ئەنجومەنە نوێنەری داواکاری گشتی و نوێنەری سەندیکا

پەیوەندیدارەکانی تێدادەبی، ئەمن لەو بڕگەیەدا هاوڕای بەڕێز کاك دکتۆر کازمم کە ژمارەی کۆمەڵەشمان هەیە، کۆمەڵەی زانستی پیشەیی پزیشکی و بە یاسا و بە تەعلیماتی وەزارەتی ناوخۆش مۆڵەت پێدراو لەوێ نوێنەریان هەبێت، بەڵام دەبێ ئەوە ئەنجومەنێك بێ لیژنە تاوەکو ئێستا کارەکانی سکاڵای هاووڵاتیان نەخۆشێك کە سکاڵای هەیە تەقدیمی کردووە، لیژنەیەکی بۆ تەشکیل کراوە ئەو لیژنەیە پێشتریش باسمانکرد ڕەنگە نەخۆشەکە سکاڵای لە پەرستارێك هەبێ پەرستارێك بویتەوە ئەندام لە لیژنەکە، هەموو کات خەڵك گلەیمان لەوە لێ دەکات دەڵێ کەس نییە پشتی نەخۆش بگرێ، هەموویان ئەوان پشتی یەك دەگرن، دەبێت ئەنجومەنێك هەبێت ئەم بڕیارانە بدات، بەرای من نابێت ئەوە نە لە وەزارەتی تەندروستی و نە پەیڕەوەکەش وەزارەتی تەندروستی دەری بکات، خاڵی سێیەم بۆ یەکلایی کردنەوەی یا خێرایی کردنەوەی دەرەئەنجامەکان لیژنەی لاوەکی دروست بکرێت یەك فەقەرەی بۆ زیاد بکرێت، لیژنەی لاوەکی لەسەر ئاستی پارێزگاو ئیدارە سەربەخۆکان دروست بکرێت بۆ کەم کردنەوەی رۆتین ئەمە زیاد بکەین، بۆ ئەوەی ئەو خەڵکە کە سکاڵای هەیە هەمووی نەیەتە ناو وەزارەتەوە، ئەو ئەنجومەنەی کە تەشکیل دەکرێ بۆ بابەتی ماوەکە، پشتگیری لە هەموو ئەو بەڕێزانە دەکەم کە ماوەکەیان (٦٠) ڕۆژەکەیان پێ زۆر بوو، منیش پێم وایە (٦٠) ڕۆژ زۆر زۆرە، بۆ یەکلایی کردنەوەی ئەو کێسانە (٣٠) ڕۆژ تێپەر نەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەبوو کاك ڕێبوار قسە بکات، ئینجا جەنابتی فەرموو کاك ڕێبوار.

**بەڕێز د. ريبوار عبدالرحيم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە مادده (١٠) خاڵی دووەم و سێیەم هەست دەکەم جۆرێك لە تەناقوزی تیایە، لەکاتی بوون بە یاسا وەکو تەشریع دەردەچێ، ڕەنگە تەفسیری یاسایی ئەو کاتە جیاواز هەڵگرێ، پەیوەست بە بڕگەی دووەم جارێ لێکۆڵینەوەکردن لەسەر هەر کەیسێك بە ئامادەبوونی نوێنەری سەندیکاکانیان یان داواکاری گشتی بۆ نەزاهەتی لێکۆڵینەوەو دەرەئەنجامی لێکۆڵینەوەکە شتێکی باشە، بەڵام لە خاڵی دووەم دەڵێ بە ئامادەبوونی نوێنەری داواکاری گشتی و سەندیکاکان لە پرۆسەی لێکۆڵینەوەکە بەرێوە دەچێ، بەڵام لە خاڵی سێیەم دەڵێ لە کاتێکدا ئەگەر بۆ ئەوەی کە دەرئەنجامەکان بە خێرایی دەرکەوێ لیژنەی سەرەکی دەتوانێ لیژنەی لاوەکی پێکبهێنێ، ئاماژە بە بوونی ئامادەبوونی یا بوونی نوێنەری داواکاری گشتی و سەندیکاکان ناکا دیارە، ئەمە خۆی لە خۆیدا جیاوازییەکە دەکرێ دوای ئەوە تەفسیری یاسایی جیاواز هەڵگرێ، بۆیە من پێشنیار دەکەم لە خاڵی سێیەمیش بە هەمان شێوەی خاڵی دووەم کە باس لە لیژنەی سەرەکی دەکات بە ئامادەبوونی نوێنەری داواکاری گشتی و سەندیکاکان، لە خاڵی سێیەمیش ئیزافە بکرێ، واتا بوونی نوێنەری سەندیکاکان داواکاری گشتی لە خاڵی سێیەمیش ئیزافە بکرێ بۆ ئەوەی تەفسیری یاسایی جیاواز هەڵنەگرێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

دروستە بەجێیە مژدە خان فەرموو، كاك دكتۆر صباح دیارە ڕوونكردنەوەیەكی هەیە دوای جەنابتی مژدەخان.

**بەڕێز د.صباح محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو لیژنەیەی كە باسمانكردووە بەڕاستی لیژنەی لێكۆڵینەوەی هەمیشەیی كە باسمانكردووە عاید بە وەزارەتی تەندروستی نییە، عایدی بە ئەنجومەنی وەزیران دەردەكەت، نەك وەزارەتی تەندروستی ئەوە یەك،دووەم: بەڕاستی هیچ ئیتارێكمان تەحدید نەكردووە كە بەو شێوە بێت نەبیت لەو پێشنیازە یاسایە، بەس سوپاسی هەر ئەندامەكی دەكەین كە بیروبۆچوونی بۆ دەوڵەمەندكردنی ئەم یاسایە بكات، من خۆمیش بەڕاستی شەخسی لەگەڵ ئەوەمە سەندیكاو كۆمەڵەی پەیوەندیدارەكان لە فەقەرەی دووەم ئەوەش ئیزافە بكرێ، چونكە بەڕاستی زۆر سوپاسی دكتۆر كازم دەكەم كە ئەو ئیقتراحەی كرد، چونكە زۆر كۆمەڵەشمان هەیە وەكی تر سوپاسی هەموو ئەندامانی پەرلەمان دەكەم بۆ دەوڵەمەندكردنی ئەم یاسایە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، مژدە خان فەرموو.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تێبینیم هەبوو لەسەر خاڵی یەكەم كە دەڵێ پێكهاتەی ئەركەكانی لیژنەی لێكۆڵینەوەی هەمیشەیی بە پەیڕەوێك ڕێكدەخرێت لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەردەچێت بابەتەكە ئەركو مافی نەخۆشە، یەعنی بۆچی موختەس نەبێت بە لیژنەی تەندروستی، یاخود وەزارەتی تەندروستی، لە بڕگەی دووەمیش تێبینیم لەسەر پشتیوانی قسەكانی دكتۆر كازم و ئەو بەڕێزانەی دەكەم كە ووشەی كۆمەڵەو ئەوانەی كە داكۆكی لە مافی چینێك دەكەن، كۆمەڵێەك دەكەن ئەوەی بۆ زیادبكرێ و، لە بڕگەی سێیەم داوا لە لیژنەی تەندروستی دەكەم ئەگەر ڕوونكردنەوەیەك بدەن نووسراوە لیژنە دەتوانێت بۆ خێرایی كردنی یەكلایكردنی دەرئەنجامی لێكۆڵینەوە لیژنەی لاوەكی دروست بكات، بۆخۆی لیژنە كۆمەڵێك ڕۆتینیاتی تێدایە، ئەو لیژنەیە لیژنەیەكی تر ڕاسپێرێ و ماوەكەی (٦٠) ڕۆژ بێ ئەوە هەر حساب بكە قەزیەكەت بیر دەچێتەوە، پێشنیاز دەكەم ئەو لیژنەیەی تێدا نەبێ، ئەوەی دووەم ئەو ماوەی (٦٠) ڕۆژە بكرێ بە (٢٠) ڕۆژ سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، دكتۆر صباح فەرموو.

**بەڕێز د.صباح محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕاستی كە ئەو لیژنەی لاوەكییە باسمانكردووە زیادمانكردووە، لەبەر ئەوە بووە خێراكردنی ئیشی لیژنەكە كە زۆرترین وەخت، یەعنی ئەنجامەكە دەست پێ بكات، منیش لەگەڵ ئەوەمە كە لە (٦٠) ڕۆژ كەمتر بكرێت بۆ مانگێك باشترە، ئەوا ڕەئی وەزارەتە نە لیژنەی مەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێزتان، فەرموو کاك عباس.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە پێکهێنانی لیژنەکە خۆی نالّێ لیژنەکە ئەنجومەنی وەزیران پێکی دێنێ، یان وەزارەتی تەندروستی، ڕاستە وەزارەتی تەندروستی پەیوەندیدارە بەم بابەتەوە، بەڵام دەڵێ پێکهاتەو ئەرکەکانی یەعنی لیژنەکە بە پەیڕەوێك لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە ڕێك دەخرێت، ئەوکاتە ئەنجومەنی وەزیران کە ڕێکخرا چۆن چۆنی لیژنەکە پێك دێنێ لە کوێ پێکدێ لەوێ دیاری دەکرێ، ئەمە نییە لیژنەکە پێك بێ پەیڕەوەکە لەوێ دیاری دەکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێزت، کاك زانا نوقتەی نیزامیت هەیە ؟فەرموو.

**بەڕێز د.زانا خالد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ ئەوەی لەو فەقەرەیە تێپەر نەبین، بۆیە باسمانکرد هەر لە ووشەی یەکەمدا لە بڕگەی یەك دەڵێ وەزارەتی تەندروستی، کەواتە ئەوە یەکلایی کردۆتەوە دەبێ ئەو لیژنەیە لە وەزارەت بێ، بۆیە دەبێ ئەمە چاك بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە نەماوە ئێستا بەس ئەوەندەیە پێکهاتەو ئەرکەکانی لیژنەی لێکۆڵینەوەی هەمیشەیی بە پەیڕەوێك ڕێکدەخرێت کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەردەچێت، بەرێزان با بچینە ناو سورەتەکەوە بەرێزان لە ناو لیژنە تایبەتمەندەکانەوە دەسەڵاتی دەرکردنی پەیڕەوێك بۆ دروستکردنی لیژنەکەو ئەرکەکانی داویانە بە ئەنجومەنی وەزیران، ڕەنگە ئەوان لە پەیڕەوەکە بڵێن لیژنەکە لەناو ئەنجومەنی وەزیران نییە لیژنەکە لەناو وەزارەتی تەندروستییە، ئەمان خۆیان یەعنی لیژنە تایبەتمەندەکان سەلاحیەتەکەیان داوە بە ئەنجومەنی وەزیران پەیرەوێك دەربکات، ئەوان لە پەیڕەوەکە بەربەمنای ئەو قانوونە بڕیار دەدەن لیژنەکە لە وەزارەتی تەندروستی بێ یا لە شوێنێکی تر بێ یان هەر لە ناو ئەنجومەنی وەزیران بێ لە ڕاستیا، چونکە هیچ تەفاسیلێکی سەبارەت بەوە تیا نییە ئەوەی ئێستا لەبەر دەستماندایە قابیلە بۆ ئەوەی ئیعادەی سیاغەی بکەنەوە لەبەر ڕۆشنایی ئەو تێبینیانەی کە بەرێزتان داوتانە بەشێوەیەك بێ هەم قەراری لیژنەکە وازح بێ، هەم ڕۆڵی داواکاری گشتی و سەندیکاکان وازح بێ، هەم قابیل بێ بۆ تەعن قەرارەکانی هەمووی قسە دەکەی کاك بژار فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

حەز دکەم ئیشارەت ب دوو تێبیبا بدەم، بۆ چی سەر ب ئەنجومەن وەزیران ڤەیە؟ خۆ عادەتەن ئەگەر سەر ب وەزارەتا تەندروستی ڤە بیت ل ڤی وەختی دروستە ئەگەر ئەندام و پێکهاتە و ئەرکێ ڤێ لیژنێ تەنیا ئەندامێت وێ لیژنێ پزیشك بن یان فەرمانبەر و کارمەند بن ئەوێن ل

سنورا وەزارەتا تەندروستی شۆل دکەن و دەوامێ دکەن، ل ڤێرێ بۆ چی ئەنجومەنێ وەزیران باشترە؟ ژبەرکو نوێنەرێ دەسەڵاتەکا دی ژی بەشدراە د ڤێ لیژنێ دا نابیت نوێنەرێ داواکارێ گشتی ئامادە بیت د لێکۆلینا لیژنێ دا و تەحقیقێ بکەت ئەو پەیڕەو ئەو ئەرك و دەسەڵات ژ لایێ وەزیرێ تەندروستی ڤە بێنە رسم کرن، ژبەر هندێ پێتڤیە ل ئەنجومەنێ وەزیران بیت یان ئەگەر ل ئەنجومەنێ وەزیران نەبیت زۆر عادییە بەلێ ئامادە بوونا داواکارێ گشتی پێتڤیە بێتە لادان، تێبینیا دوویێ بڕگە دوو ئو بڕگە سێ ژڤی ماددەی دوو حوکمێت ژێك جودانە چ تێکەلی و لێکچوون گەل ئێك نینە، ل بڕگا دوویێ بەحسێ لێکۆڵینەوە تەحقیق هاتیە کرن ل بڕگا سێ بەحسێ دروست بوونا لیژنەیەکا فەرعی یا هاتیە کرن، ژ بەر هندێ وەکو ئێك نینە و هیچ کێشەیەکا دارشتن و یاسایی نینە، زۆر سوپاس.

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەرێزت، بەرێزان لە قانوونی سەحەی عیراقی کە ئیستا لە هەرێمی کوردستان بەرکارە ماددە (٩٤) باس لە دروستکردنی لیژنەکان دەکات، چۆنیەتی وەرگرتنی قەراری وەرگرتنی توبیەکان دەکات، ئەوەی کە بە رێنمایەك لەلایەن وەزیری تەندروستییەوە لیژنەکان دروست دەکرێ کێ بۆی هەیە تەعن لە قەرارەکانیان بدا، قەرارەکانیان چۆن دەچێتە حاڵەتی بنبڕ، لەبەر رۆشنایی هەموو تێبینیەکانتان و لەبەر رۆشنایی ئەو ماددەیەش تەنها ماددەکە پێویستی بە ئیعادەی سیاغەیە، کاك مسلم ماوە لەگەڵ کاك نزار فەرموو کاك مسلم.

**بەرێز مسلم عبدالله رسول:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەراستی من تێبینیەکانی من وتران قسەکەم لەسەر بڕگەی دوو بوو کە ئایا لیژنە بە ئامادەبوونی داواکاری گشتی و سەندیکا پەیوەندیدارەکان بە چ سیفەتێك بەشدارن، برای بەرێزمان باسیکرد بەرێز کاك زانا و کاك بهمن، خاڵی سێیەمیش پێم وایە بەراستی مەتاتیە زۆر لیژنەی لیژنە خۆی مەعنیە بۆ چارەسەرکردنی یەکلایی کردنەوەی قەزییەکەی لێژنەیەکی لاوەکی دروست بکاو ماوەشی (٦٠) رۆژ بێت وابێ ماوەکەی کورت بکرێتەوە بۆ (١٥) رۆژ یا (٢٠) رۆژ، زۆر سوپاس.

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك نزار فەرموو.

**بەرێز نزار ملا عبدالغفار:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خودای گەورە، سەبارەت بە ماددەی (١٠) لە خاڵی دوو کە باس لە سەندیکاو کۆمەڵەکان دەکرێ و سەبارەت بە خاڵی سێیەم بۆ ماوەی لێکۆڵینەوە هاوڕای هەڤاڵانم کە (٦٠) رۆژەکە زۆرە، پشتگیری لە هەڤاڵانم دەکەم سەبارەت بەکەم کردنەوەی ئەو ماوەی کە دیاریکراوە، سوپاس.

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەرێزت، لیژنەکان هیچ قسەتان نییە بۆ جوابی بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان بۆ ئەوەی بچینە ماددەیەکی تر فەرمووn.

**بەڕێز د.صباح محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مــاددەی (١١) پێویســـتە لەســـەر ئەنجــومەنی وەزیـــران وەزارەت و لایەنە پەیوەندیـــدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کێ قسەی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە، بەس کاك مەم فەرموو.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ناو ئەو یاسـایە ئەم پێشـنیازە یاسـایە لە مـاددەی یەکەم یـا هـیچ پێناسـەیەك نیـیە بـۆ لایەنە پەیوەندیـدارەکان کێـیەو ئەنجـومەنی وەزیـران و جـگە لەوەی لە مـاددەی (١٢) وەزیـر ڕێنمـایی دەردەکـات کە وەزیـری تەندروسـتییە، پێشـتر بـاس لەوە دەکـات کە پەیڕەوێـك لە ئەنجـومەنی وەزیـران دەری دەکـات، تەواو ئەنجـومەنی وەزیـران پەیـڕەوەکە دەردەکـاو ئیشـەکە تەسـلیمی وەزارەتی تەندروستی دەکرێ، بۆیە من پێشنیاز دەکەم پێویستە لەسەر وەزارەت واتا وەزارەتـی تەندروسـتی حوکمەکـانی ئەم یاسـایە جێبەجـێ بکـات، شـتێکە سـرف ڕەبتـی بە چـیەوە هەیە وەزارەتی تەندروستی لایەنی پەیوەندیداری ناوێ و ئەنجومەنیشی ناوێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵام هەر یاسایەك کە لە پەرلەمانی کوردستان دەردەچێ ئەنجومەنی وەزیران پابەند دەکـات بە دەرچوونی، یەعنی بە جێبەجێکردنی یاساکە و تەعریفی وەزیرو وەزارەتـی ئـیش و دامەزراوەی تەندروستی یـا وەزیـریش و وەزارەتـیش کـراوە، بەڵام ئەنجـومەنی وەزیـران نەکـراوە دروسـتە دەتوانی، یەعنی ئەو پەیڕەوەکە دەردەکات، ئەسڵەن ئلتیزامـی ئەنجـومەنی وەزیـران بە وازحـی هەیە، نەك هەر پەیڕەو لە ماددەکانی تریش بەڵێ، ماددەی دوای ئەوە بەڕێزان بخوێنەوە ماددەی (١٢).

**بەڕێز د.صباح محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مــاددەی (١٢) وەزیــر بــۆی هەیە ڕێنمــایی بــۆ ئاســان جێبەجێکردنــی حوکمەکــانی ئەم یاســایە دەربکات.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کێ قسەی هەیە لەسەر ئەو مادەیە (دکتۆر محـی الـدین، ڕوپـاك خـان، کـاك مەم) دکتـۆر محی الدین فەرموو.

**بەرێز د.محی الدین حسن یوسف:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەزیر بۆی هەیە، یەعنی کەواتە بۆی هەیە دەریکات یا یاخود دەری نەکات، پێم وایە دەبێ بیگۆڕین سیاغەکەی لەسەر وەزیری تەندروستی ڕێنمایی بۆ ئاسانکردنی جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە ڕێنمایی تایبەت دەربکات.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەردووکیان دەبێ دەتوانی سەلاحەتەکە جەوازیبێ دەتوانی وجوبیش بێ.

**بەرێز روپاك احمد رحمان:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله منیش هەمان تێبینیم هەیە، بەس سیاغەکەی بەو جۆرە بێ وەزیری پەیوەندیدار ڕێنمایی بۆ ئاسان جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکات.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخر وەزیری پەیوەندیدارمان نابێ وەزیری تەعریف کردووە لەم ماددەیە وەزیری تەندروستی.

**بەرێز روپاك احمد رحمان:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جوان نییە لەناو ماددەکە بڵێ بۆی هەیە.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ دەتوانێ ووشەی دەتوانێ، ئەگەر بە جەوازی ڕۆی کاك مەم فەرموو.

**بەرێز مەم بورهان محمد قانع:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیاز دەکەم ئەم ماددەیە هەر لابربرێ، لەبەر ئەوەی لە ماددەی (١٠) خاڵی یەك کە پەیڕەوەکە دەردەکرێ، ئۆتۆماتیك ئەو پەیڕەوە وەزارەت جێبەجێی دەکات، ئیتر کارتێك کە یاسایەك دەردەکرێ ئەگەر پەیڕەوێکت دەرکرد ڕێنمایی دەرناکەی، هەندێك یاسا هەیە وەکو یاسای بۆ نموونە ڕۆژنامەگەری ئەوە ڕێنمایی پێویستی بۆ دەردەکرێ مادام پەیڕەوەکە دەرکراوە ڕێنمایەکەی ناوێ، بۆیە پێشنیاز دەکەم ماددەی (١٢) هەڵبگیرێت لە پەیڕەوەکەدا هەیەو وەزارەتیش جێبەجێی دەکات و سوپاس.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پەیڕەوەکە بە تەنها بۆ لیژنەی لێکۆڵینەوەیە بۆ ماددەکانی تری قانوونەکە نییە و هیچ شتێکیش ڕێگر نییە، لەعەینەن کاتیشدا پەیڕەویش دەرچێ و ڕێنمایی دەرچێ بۆ نموونە یاسای چاکسازی پەیڕەویشی پێدەرچوو ڕێنماییشی پێ دەرجوو هەرکەس ئەرکی خۆی جیاوازە، بەڵێ ماددەی (١٣) بخوێنەوە، کاك دکتۆر کەرەم بکە فەرموو کاك عباس.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێکی ناکۆك لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکرێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان کێ قسەی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە کەس نییە، ماددەی (١٤) بخوێننەوە فەرموون.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٤) ئەم یاسایە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقایعی کوردستان جێبەجێ دەکرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کێ قسەی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە، کاك مەم فەرموون.

**بەڕێز مەم بورهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەقائیع نییە وەقایع سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕاستە سوپاس، هۆیەکانی دەرچوواندن بخوێنەوە.

**بەڕێز ڕۆژان ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هۆیەکانی دەرچوواندن لە زۆنگەی بنەماکانی مافی مرۆڤ بۆ پاراستنی مافی نەخۆش و دیارکردنی ئەرکەکانی لە پێناو فەراهەمکردنی پێویستییە تەندروستییەکان جەستەو عەقل و دەروونی تاکو کۆی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان و کاراکردنی ڕۆڵی حکومەت و دامەزراوە تەندروستییەکانی لە چاودێریکردن و گەشە پێدانی گیانی بەرپرسیاریەتی کە بەشێوەیەك لەگەڵ ڕەوتی سەردەم و پێشکەوتنی زانستی پزیشسکی هاوچەرخدا بگونجێت ئەم یاسایە دەرچووێندرا.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان کێ قسەی هەیە لەسەر هۆیەکانی دەرچوواندن، دکتۆر ڕێبوار و حسیبە خان و ڕوپاك خان و بەدریە خان و دکتۆر اسماعیل، بەڵێ کاك دکتۆر ڕێبوار فەرموو.

**بەڕێز د.ریبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە دەسپێکی بڵێین دەقی هۆیەکانی دەرچوواندن هاتووە لە سۆنگەی بنەماکانی مافی مرۆڤ ئەم ڕستەیە لە ڕووی زمانەوانییەوە واتادار نییە، بە عەرەبیەکەی (تمنی تلق حقوق الانسان) ووشەیەکی نوقسانە دەبێ ئیزافەی بکەین ئەویش ئەوەیە بکرێتە لە سۆنگەی ڕێزگرتن لە بنەماکانی مافی مرۆڤ و تەواو بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت حسیبە خان فەرموو .

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانم.**

هۆیەکانی دەرچوواندن ڕەبتی بە کۆکراوەی تەواوی ئەو ماددانەیە کە لە نێو ماف و ئەرکی نەخۆش هاتن لەناو یاساکەدا، بەڵام زۆر لە رووی ئامرازەکانی لێکدراوەوە لە نێو یاساکە هەن، بۆ نمونە لێرە کە باس لەوە کراوە لە پێناو فەراهەم کردنی پێویستییە تەندروستییەکانی جەستە عەقلی و دەروونی، مادەم دەروونی جەستەیی و عەقلی و دەروونی تاکو کۆی دانیشتوان، مادام باسی لە کۆی دانیشتوان کردووە، پێویست بەوە ناکا باس بکەینەوە و کاراکردنی ڕۆڵی حکومەت و دامەزراوە تەندروستییەکان چاودێریکردنی گەشەپێدانی گیانی بەرپرسیاریەتی کە بە شێوەیەك مادام بە شێوەیەك باس دەکەم، پێویستە ئەو کەیە لێرە نەبێ گیانی پرسیاریەتی بە شێوەیەك کە لەگەڵ ڕەوتی سەردەم، بۆیە پێشنیاری ئەوە دەکەم هۆیەکانی دەرچوواندن بەو شێوەیە دابڕێژرێتەوە، لە پێناو چەسپاندنی بنەماکانی مافی مرۆڤ بۆ پاراستنی مافی نەخۆش و دیاریکردنی ئەرکەکانی لە پێناو فەراهەمکردنی پێویستییە تەندروستییەکانی جەستەیی و عەقلی و دەروونی کۆی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان و بەبێ ڕەچاوکردنی هەر جیهەتێکی سیاسی کۆمەڵایەتی ڕەگەزی بۆ کۆی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان و کاراکردنی ڕۆڵی حکومەت و دامەزراوە تەندروستییەکان لەچاودێریکردنی گەشەپێدانی گیانی بەرپرسیاریەتی بەشێوەیەك کەلەگەڵ پێشکەوتنەی زانستی پزیشکی هاوچەرخ بگونجێ ئەم یاسایە دەرچوێندرا، لەبەر چ باسم لەوەی کردووە کە مافی بە بێ جیاوازی کردن لە نێوان پێکهاتە سیاسییەکان، ئەگەر تەماشا بکەین لە ماددەی سێیەم لە بڕگەی دووەم هەقاڵان هەبوون کە باسیان لەوە کرد زۆرجار بە هۆکاری سیاسی جیاکاری لە نێوان نەخۆشەکان دەکرێتن، ئەگەر بێت و ئەو خاڵە تەسبیت بکرێتن پێویستە لە هۆیەکانی دەرچوواندن جێگەی بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، ئەگەر بە نووسراو بیهێنی بۆ لیژنە تایبەتمەندەکان، حسیبە خان دەستت خۆشبێ فەرموو ڕوپاك خان.

**بەڕێز ڕوپاك احمد رحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە سۆنگەی بنەماکانی مافی مرۆڤ لابرێ و سیاغەکەشی پشتگیری لە قسەکانی حسیبە خان دەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەدریە خان فەرموو.

**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، پێشنیار دەکەم هۆیەکانی دەرچوواندن بکرێت بە هۆکارە پێویستییەکان و تیایدا هۆکارە پێویستییەکان بە روونی بنووسرێت کە خزمەتگوزاری تەندروستی مافێکی دەستوورییە و پێویستە لەسەر حکومەت هەستێت بە دابینکردنی بە خۆرایی بە باشترین شێوە بۆ هەموو تەمەنەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، دکتۆر اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز د.اسماعیل علی طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دوو تێبینیم هەبوو، یەك وەکو یەك بن مادام ئەرکەکان جمع هاتییە ناشبێ ببیتە جەمع، دەبیتە بۆ پاراستنی مافەکانی نەخۆش و دیارکردنی ئەرکەکانی دێ، پتر ئەخیرێ تێبینیە پێ تفیە یەعنی هۆکارەکان رەنگدانە ئارمانجێ ڤێ یاسایەت تێدا ئاشکرابن دیاربن خاسەتەن لە هێزتر ئەوەیە کونکردنا پەیوەندیا ناڤبەرا نەخوشی و جارەسەرکەری کادرا ساغلەمیا هەبیتە کیرێ پتی وی پزیشکی هاوجەرخدا بگونجێت و کونکردنا پەیوەندیا دناڤبەرا نەخۆشی و جارەسەرکرێ و هۆکارە ساغلەمیا سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێزتان، ئێستا بڕگەی دووەمی بەرنامەی کار تەواو بوو زۆر سوپاسی لیژنەی تەندروستی دەکەین، بەڕێزان لە سەرۆکایەتی لیژنەی تەندروستی ئەتوانن ئیسراحەتی خۆیان وەربگرن بچنەوە شوێنەکانی خۆیان زۆر سوپاس کاك دکتۆر، بەڵێ لیژنەی قانوونی فەرمووون هەمووتان وەرن بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان دەست بە جێبەجێکردنی بڕگەی سێیەمی بەرنامەی کارەکە دەکەین کە بریتییە لە خستنەڕوو دەنگدان لەسەر پێداچوونەوەو چەند ماددەو بڕگەی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٢٠) یاسای بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر هۆکارە کارتێکارە عەقلییەکان لە هەرێمی کوردستان - عیراق کە بە بڕیاری ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠٢٠) سەرۆکایەتی هەرێم گەڕێندراوەتەوە بۆ پەرلەمان، بە پێی حوکمی بڕگەی یەکەمی ماددەی (٩٥) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان لەبەر ئەوەی بابەتی موناقەشەکردن و دانگدان لەسەر کۆی ئەم یاسایە بە داخراوی بووە یا بە مانایەکی تر پەخش راگیراوە، ئێستا بەر بەبنای ماددەی (٩) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان داواتان لێ دەکەم هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە کە دەنگدان لەسەر ئەم تێبینیانەش بە شێوەی راگرتنی پەخش بێ با دەست بەرز بکاتەوە؟ بەدەنگی (٥٥) ئەندامی پەرلەمان پەخش رادەگرین پەخش رابگرن، راگەیاندن هەموو قسەکانی کاك کاروان لە پرۆتۆکۆڵ ئەسرێتەوە بە

پێی پەیڕەو قسە بکەی ئەو پەیڕەوە بخوێنیتەوە ئەزانی لەکاتی دەنگدان قسە ناکرێ ئێستا فەرموو قسەکەت بکە.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ناکرێ هیچ کەس ئەو پەرلەمانە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بەو شێوەییە بێ ئیعتبار بکەن، لەکاتێکدا کە هەر ماددەیەکی گرنگ هەیە ئێوە پەخش رابگرن هیچ ماددەیەکی گرنگ نەخەنە ناو بەرنامەی کارەوە، ئەوەی جەنابتان دەیکەن بەتەواوەتی غەرقی پەیڕەوە و ئەگەر لێرە رێگە نەدەن لە میدیاکانەوە قسە دەکەین، بۆیە تکات لێ دەکەم باشە.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بڕۆ لە میدیا قسە بکە، ئێمە بابەتی قانوونی موخەدەرات لەو لەحزەیەوە کە پرۆژە یاسا بووە کە موناقەشەمان کردووە کە دەنگمان لەسەر داوە لە هەموو قۆناغەکانیدا لەبەر پاراستنی بەڕێزتان، لەبەر ئەوەی بتوانین قسەی خۆمان بکەین، لەبەر ئەوەی بتان پارێزین لە مافیاکانی کارکردنی بواری موخەدەرات، هەمووومان پەخشمان راگرتووە، ئەمەش تەکمیلەیە عەینەن پرۆسەیە دەستەی سەرۆکایەتی و سەرۆك بە ماددەی (٩) بۆی هەیە پێشنیار بکا بەڕێزتان دەتوانن دەنگ بدەن و دەتوانن دەنگیش نەدەن، من بەڕێوەبەری پۆلیس نیم، بەڵام مەسئولم لە بەرزەفەتکردنی دانیشتنەکانی پەرلەمان، ئەو پەیڕەوە سەلاحیەتی پێداوم دەنگدان لەدی بەڕێزتانە پێشنیارکردنیش لای ئێمەیە، ئەم بابەتە لە بیدایەتەوە پەخشی بۆ داخراوە، هیچ کەسێك لە هیچ قۆناغێکا نەیزانیوە ئەم بابەتە چۆن چۆنی موناقەشە دەکرێ، ئێستا کە هەموومان پێکەوە دەنگ دەدەین لەسەر مەسەلەیەکی تەکمیلی تەواوکاری پرۆسەی تەشریع، حەقی خۆمانە بە هەمان ئالیەت پەخشەکە رابگرین، چونکە خەڵك نازانێ ئێمە پێشتر باسی چیمان کردووە تا بزانێ تەکمیلەکەی چییە، بەڕێز سەرۆکی لیژنەی قانوونی فەرموون.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمە دەقی راپۆرتی لیژنەی یاساییە:

بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان

بابەت راپۆرتی لیژنە لیژنەی کاروباری یاسایی

رۆژی چوارشەمە رێکەوتی (٢٠٢٠/٨/١٩) کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆ کۆبوونەوەی خۆی ئەنجامدا بۆ تاوتوێکردنی راو تێبینییەکانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان لەسەر یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٠ یاسای بەرەنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەرو کارتێکارە عەقلییەکان لە هەرێمی کوردستان —عیراق بەمەبەستی گەڕانەوەی بەشێك لەم یاسایە بۆ پەرلەمانی کوردستان بە پێی حوکمی ماددەی (١٠) برگەی یەکەم خاڵی دوو لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٠٥)ی هەمواركراو کە بە نووسراوی (ژمارە ٢٣٧/١٠) لە رێکەوتی (٢٠٢٠/٣/١) پێشکەشی پەرلەمانی کوردستان کراوە دوای گفتوگۆکردن و تاوتوێکردن لیژنە گەیشتە ئەو ئەنجامانەی خوارەوە:

١- به پێی ماددەی (٩٥) بڕگەی یەکەم لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان یاساکە وەك خۆی دەخرێتە دەنگدان، ئەگەر دەنگی پێویستی بەدەست هێنایەوە ئەوا یاساکە بە پەسەندکراو دادەنرێت و رای پەرلەمان رەت ناکرێتەوە.
٢- ئەگەر پەرلەمان پێداگری لەسەر رای خۆی نەکات و یاساکە وەك خۆی دەنگی پێویستی بەدەست نەهێنا ئەوا داواکارییەکەی سەرۆکی هەرێم بۆ پێداچوونەوە لە یاسای ناوبراو بەم شێوەیەی خوارەوە تاوتوێدەکرێت و خاڵ بە خاڵ دەخرێتە دەنگدان.

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێزان ئاماژە بەو روونکردنەوەی بەرێز سەرۆکی لیژنەی قانوونی ئێمە چەند تێبینیەکمان لە بەرێزان بەرێز سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە بۆ هاتووە سەبارەت بە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٢٠) یاسای بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرو کارتێکارە عەقڵییەکان لە هەرێمی کوردستان - عیراق، ئێمە بە پێی ئەم ماددەیە لەبەردەمی دوو ئەگەرین، ئەگەری یەکەم قبوڵکردنەوەی یاساکە وەك خۆی بە بێ وەرگرتنی هیچ تێبینیەك، ئەکەری دووەم وەرگرتنی تێبینیەکانە بەو تێبینیانەی کە لیژنەی یاسایی دەیخەنەڕوو بۆ بەرێزتان، ئێستا یەکەمیان دەخەینە دەنگدان ئایا چەند ئەندامی بەرێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە یاساکە وەك ئەوەی لە پەرلەمانی کوردستان دەرچووە بە بێ وەرگرتنی هیچ تێبینییەك قبوڵبکرێتەوە؟ بەڵێ (٨) ئەندامی بەرێزی پەرلەمانی لەگەڵە، ئێستا لەبەردەم حاڵەتی دووەمین بەڵێ بەرێزان لەبەردەمی حاڵەتی دووەمین چەند ئەندامی بەرێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە ئەو تێبینیانەی کە هاتوون بۆ پەرلەمانی کوردستان بە نەزەری ئیعتبار وەربگیرێن یەك یەك بخرێنەوە دەنگدان؟ بەڵێ بەرێزان بە دەنگی (٦٧) ئەندامی پەرلەمان پێداچوونەوەکە دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە، ئێستا رێگا بە بەرێزان لە لیژنەی یاسایی دەدەین بۆ ئەوەی بۆمان بخوێنەوە، ئێستا دەرفەتت دەدەمێ کاك دکتۆر رێبوار بۆ ئەوەش لەبەردەمی دوو ئەگەرین یەکێکیان ئەوەی کە لە سەرۆکایەتی هەرێمەوە هاتووە وەك خۆی وەربیگرین، ئەگەر هیچ تێبینیەکی لیژنەی یاسایی لەسەر نییە ئەویتریشیان لیژنەی یاسایی لە هەندێ حاڵەتا، پێی وایە ئەوەی پەرلەمانی کوردستان دروستە و بەرێزتان ئازادن ئەوکاتە دەنگ بە کامیان دەدەن، بەلێ فەرموو کاك دکتۆر رێبوار وەردەگرین وەکو نوقتەی نیزامی.

**بەرێز د.ریبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس بۆ ئەو دەرفەتە، من تێبینیەکەم لەسەر ئەوەیە کە هیچ کاتێك لەلایەن سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانەوە تێبینی و سەرنج و پێشنیار هەبوو لەسەر ئەو پێشنیازە یاسایانەی کە خوێندنەوەی دووەمی بۆ کراوەو دەنگدانی لەسەر کراوەو خوێندنەوەی سێیەم، حەقە پێش ئەوە دانیشتن بکرێ بۆ قسەکردن لەسەر یا دەنگدان لەسەر پێشنیارو تێبینیەکانی سەرۆکایەتی هەرێم، ئێمە ئەو تێبینی و پێشنیارانەمان لەبەر دەست بێ، بۆ ئەوەی ئیختراعێکی بکەین لەسەری، بۆ ئەوەی لەسەر چ بڕگەیەك و چۆن چۆنی سەرنجیان هەبووە لەسەر بابەتەکە، ئێستا هیچمان لەبەر دەست نییە، یا راستە ئێمە دەنگمان لەسەر ئەوە بووە کە گفتوگۆ بکەین لەسەر

تێبینیەکانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، بەڵام ناکرێ بە شەفەیی بەزارەکی لەلایەن سەرۆکی لیژنەی یاسایەوە کاتێك بخوێندرێتەوە ئێمە ئیستیعابی بکەین، رەنگە ئیحتمالی هەیە ئیستیعابی نەکەین ئەگەر لەبەر دەست بێ باشتر ئیستیعابی دەکەین باشتر گفتوگۆی لەسەر دەکەین.

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەلێ دروستە و لەمەو دوا حاڵەتێکی وا هاتە پێشەوە ئەتوانین نوسخە بدەین بە ئێوەش و دراوە بە سەرۆك فراکسۆنەکان بەس بە درەنگەوە وابزانم ئەمرۆ پێیان دراوە حەقی خۆتانە لەمەولا دەتاندرێتێ بەردەوام بە بەرێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی بەرێزان ببورن ئێمە لە دەنگدانداین تەرکیز بکەن بۆ ئەوەی کە ئەم یاسایە یاسایەکی گرنگە ئەمرۆ تەواوی بکەین بۆ ئەوەی بتوانین بینێرین بۆ وەقایع فەرموو.

**بەرێز بژار خالد عبدالله:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی یەکەم: لە بڕگەکانی (١٨و ١٩)دا لە ماددەی (١)ی یاساکە دەستەواژەی لە زانکۆیەکی عیراقیدا یان هاوتاکەی بگۆڕدرێت بۆ لە زانکۆیەك لە زانکۆکانی هەرێم یان هاوتاکەی.

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێزان ئێمە نووسیومانە لە زانکۆیەك لە زانکۆکانی عیراق یان هاوتاکەی، بەرێزیان پشنیاریان کردووە لە زانکۆیەك لە زانکۆکانی هەرێم یان هاوتاکەی، هەر ئەندامێکی بەرێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریەیە با بفەرموێ دەنگ بدات؟ بەڵێ سوپاس بە دەنگی (٦٤) ئەندامی پەرلەمان پەسەندکرا.

**بەرێز بژار خالد عبدالله:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی دووەم: بڕگەی (٢٠) لە ماددەیی یەك لابرێت.

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بڕگەی (٢٠) لە ماددەی یەك لابرێت، بیخوێنەوە.

**بەرێز بژار خالد عبدالله:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی (٢٠) لە ماددەی یەك لە یاساکە پێناسەیەکە بەم شێوەیەیە رادەستکردنی چاودێری کراو رێگە دانە بە تێپەربوونی گومان لێکراو لە ماددە هۆشبەر یان کار تێکارە عقلی و یان پێشینە کیمیاییەکان لە هەرێمەوە بەرەو دەوڵەتێکی دیکە بە ئاگاداری دەسەڵاتە تایبەتمەندەکان و لە ژێر چاودێریاندا بە مەبەستی زانینی کۆتا شوێنی مەبەستی بارەکەو بەدواگەران لە تاوانەکەو ئاشکراکردنی ناسنامەی ئەنجامدەرانی و ئەو کەسانەی دەستیان لەو کارەدا هەیە دەستگیرکردنیان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان با زیاتر بۆتان ڕوونبکەمەوە، ئێمە ماددەیەك لە ناو یاساکەدا هەبوو باسی لەوە دەکرد کە ڕادەستکردنی چاودێریکراو، واتا هێزە ئەمنییەکان دەسەڵاتی بابڵێین هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ حەقی ئەوەیان پێ بدرێ خۆیان یەکێك وا لێبکەن، بۆ ئەوەی کە بە ماددەکەوە بگیرێ، بەڕێزتان بە دەنگدان ئەو ماددەیەتان بە دەنگدان هەڵگرت، بەڵام تەعریفی ڕادەستکردنی چاودێریکراو کە لە هیچ شوێنێکی قانونەکەیا نەماوە لە ناو تەعریفەکاندا لا نەدرابوو، ئەوان پێیان وایە ئێستا ئەو تەعریفە مادام لە ناو قانوونەکە لادراوە باسەکەو حکومەکە، کەواتە دەبێ تەعریفەکەشی لابدرێ شتێك کە لەناو قانووندا نەبێ نابێ لە ناو تەعریفەکەشدا هەبێ، بەڵێ چەند ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ لابردنییەتی لابدرێت؟ سوپاس بە دەنگی (٦٤) ئەندامی پەرلەمان بڕگەی (٢٠) لە ماددەی یەك لا دەبرێ، بەلێ فەرموون.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی سێیەم: بڕگەی (٢٢) لە ماددەی یەك لا ببرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان بڕگەی (٢٢) لە ماددەی یەك پەیوەندی بە گەڕانەوەو بۆ تاوان هەیە، ئەم ڕاپۆرتەی لەبەر دەستی من دا هەیە لیژنەی یاسایی پێیان وایە ئەو بڕگەیە ئەبێ بمێنێتەوە، چونکە ئەو کەسەی دەگەڕێتەوە بۆ تاوان دەبێ سزاکەی زیاتر بێ لە کەسێك کە یەکەم جارییەتی، تاوانەکە ئێمە ئێستا هەردووکی دەخەینە دەنگدان لابرێت دەخەینە دەنگدان و ڕایەکەی لیژنەی یاسایش دەخەینە دەنگدان، ئایا ئەو بڕگەیە لابرێت چەند ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە ئەو بڕگەیە لابرێت؟ کەی لەگەڵ نییە، چەند ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ڕایەکەی لیژنەی یاسایە؟ زۆر سوپاس، بە دەنگی (٦٨) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان ئەو بڕگەیە وەك خۆی دەمێنێتەوە، واتا بڕگەی (٢٢) لە ماددەی یەك وەك خۆی دەمێنێتەوە، بەڵێ چوارەم بخوێنەوە.

**بەڕێز ڕۆژان محمد کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی چوارەم: بڕگەی (٧) لە ماددەی (٦) بەم شێوەیەی لێ بکرێ ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان لە عیراق و وڵاتانی دراوسێ لەلایەنی نێو دەوڵەتی پەیوەندیدار بە ماددە هۆشبەرەکان بۆ بەدەست هێنانی زانیاری سەبارەت بە تۆڕەکانی بازرگانی کردن بە ماددە هۆشبەرو کارتێکارە عەقلییەکان بە پێی چوارچێوەو ڕێکارە یاساییەکان لە ڕێگەی دەسەڵاتە کارگێری و دیبلۆماسیەکان و تایبەتمەند لە هەرێم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان چ ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە دەقەکە بەو شێوەیەی لێ بکرێ، ئەمەی بۆ زیادکراوە کە دەڵێ بە پێی چوارچێوەو ڕێکارە یاساییەکان لە ڕێگەی دەسەڵاتە کارگێری و دیبلۆماسییەکانی تایبەتمەند لە هەرێم، خۆی ئەوەی لەگەڵ نییە نەنووسراوە لە ڕێگەی ڕێکارەکانەوە، ئێستا دەیخەینە دەنگدان، بەڕێزان هەر بەڕێزێك لە

ئەندامانی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە بڕگەی (٧) لە ماددەی (٦) ئەم دەستەواژەی بۆ زیادبکرێ، بە پێی ڕێکارە یاساییەکان و لە ڕێگەی دەسەڵاتی کارگێری و دیبلۆماسییەکانی تایبەتمەند لە هەرێم با دەنگبدات؟ سوپاس بە دەنگی (٦٠) ئەندام پەرلەمان وەرگیرا، دوای ئەوە خاڵی پێنجەم بخوێنەوە.

**بەڕێز ڕۆژان محمد کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی پێنجەم: دەستەواژەی حوکمە دادوەرییەکان لابرێ، ڕای لیژنەی یاسایی سەبارەت بە خاڵی پێنج پێمان باشە ئەم دەستەواژەیە لەم بڕگەیەدا وەکو خۆی بمێنێ لە ناو یاساییەکەدا.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە هەردووکی دەخەینە دەنگدان، بەڕێزیان پێیان وایە دەستەواژەی حوکمە دادوەرییەکان لابرێ، لیژنەی یاسایی پێیان وایە وەك خۆی بمێنێتەوە، ئەمە لە بڕگەی هەشتەم لە ماددەی (٦) هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە حوکمە دادوەرییەکان لابرێ؟ بەڕێزان دەبوو خۆتان یاسای موخەدەراتان پێبوایە بەڵێ فەرموون، چونکە ئەوە سێ ڕۆژە خراوەتە بەرنامەی کار هەر بەڕێزێك لەگەڵ ئەوەیە دەستەواژەی حوکمە دادوەرییەکان لابرێ با دەنگ بدا؟ یەك دەنگ، هەر بەڕێزێك لەگەڵ ڕایەکەی لیژنەی قانوونییە؟ (٦٢) دەنگ پەسەندکرا وەك خۆی دەمێنێتەوە، بەڵێ بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی بەڵێ ڕۆژان خان.

**بەڕێز ڕۆژان ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی شەشەم: لە بڕگەی نۆیەم دا لە ماددەی (٦) زیادکردنی دەقێك بۆکۆتایی بڕگەکەو بەم شێوەیەی خوارەوەی لێ بکرێ:

(جێبەجێکردنی ڕێکەوتەکانی هاوکاری یاسایی و دادوەری ئەمنی سەبارەت بە تۆمەتباران حوکمدراوانی نا عیراقی کە لە هەرێمدا لەسەر پرسەکانی بازرگانی کردن بە ماددە هۆشبەرو کارتێکارە عەقڵییەکانیان خراپ بەکارهێنانیان دەستگیر کراون، ڕادەستکردنی تاوانباران لە نێوان عیراق و وڵاتانی دیکەدا بە پێی ئەو ڕێسایانەی لەم بارەیەوە پەیرەو دەکرێن بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنی فیدراڵییەت پەیوەندیدارەکان لە ڕێگەی لایەنە باڵاکانی تایبەتمەند لە هەرێم).

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بژار ئەوە لە نەصەکەش لای خۆشمان هەر نووسیومانە نا عیراقی، قانوونەکە دەرچووە بەڕێزتان بۆمان بخوێنەوە بڕگەی نۆیەم لە ماددەی (٦).

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نۆیەم جێبەجێکردنی ڕێکەوتنامەکانی هاوکاری یاسایی و دادوەری و ئەمنی سەبارەت بە تۆمەتباران و حوکمدراوانی نا عیراقی کە لە هەرێمدا لەسەر پرسەکانی بازرگانی کردن بە ماددە

هۆشـبەرو کارتێکـارە عەقڵییەکـان و خـراپ بەکارهێنانیـان دەسـتگیرکراون و رادەسـتکردنی تاوانباران لە نێوان عیراق و وڵاتانی دیکە دا بە پێی ئەو ڕێسایانەی لەم بارەیەوە پەیڕەو دەکرێن بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە فیدراڵییەت و پەیوەندیدارەکان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان دەیخەینە دەنگدان، بەڵام ئەو نا عیراقییە بگۆڕین بە بیانی، ئێمەش باشمان نەنووسیوە ئەوانیش باشیان نە نووسیوە، دەخـرێتە دەنگدان بەو شـێوەیە ئەو دەسـتەواژەی بـۆ زیـادکراوە هەر ماددەکە خۆیەتی لە ڕێگەی لایەنە باڵایانەکـانی تایبەتمەنـد لە هەرێـم ئەو موئەسەسـاتانەی بۆیان هەیە پەیوەندیان هەبێ لەگەڵ حکومەتی فیـدراڵیا، لە ڕاسـتی ئـێمەش تێبینیمـان هەبـوو، بەڵام تێبینیەکانیـان یەعنـی زۆربەی زۆری هـی ئەوە نەبـوو پێـی وەربگیـرێ، لە ڕاسـتیدا نـازانم لیـژنەی قـانوونی ئەوەیـان بـۆ ئەخـر ڕەئـی خـۆتە بمێنێـت لیـژنەی قـانوونی لەگەڵ ئەوەن بەو شـێوەیەی لێبکـرێ؟ بەڕێـزان چ ئەنـدامێکی بەڕێـز پەرلەمـان لەگەڵ ئەوەیە بەو شـێوەیە بـێ کە خوێندیانەوە کە ڕۆژان خان خوێندیەوە؟ بەڵێ بیانییەکە نا عیراقـی دەکـرێ بە بیـانی بە دەنگـی (٥٩) ئەندامی پەرلەمان بڕگەکە دەگۆڕێ بەو شێوەیە، بەڵێ فەرموون بیخوێنەوە.

**بەڕێز ڕۆژان ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی حەوتەم: بڕگەیەك بە زنجیرەی شەشەم ماددەی (٧) زیاد بکرێ بەم شێوەیە: شەشەم کـۆرو ئەرکەکـانی سـەنتەرەکانی شـیان بـوونەوەی ئـاڵودەبوون بە پەیڕەوێـك ڕێـك دەخرێـت، لیـژنەی یاسایی پێی باشە ئەو ماددەیە وەك خۆی بمێنێت، لەناو یاساکەو پێویست بە زیادکردنی بـڕگەکە ناکات.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەردووکی دەخەینە دەنگدان، بەڕێـزان سـەبارەت بەو بـڕگەی بەڕێـزان لە سـەرۆکایەتی هەرێـم زیادیـان کـردووە کـارو ئەرکەکـانی سـەنتەرەکانی شـیاندنەوەو ئـاڵودەبوون بە پەیڕەوێـك ڕێـك دەخرێ، لیـژنەی یاسـایی لەگەڵ ئەوەن کە ئەم پەیـڕەوە پێویسـت ناکـا بەم شـێوەیە بنووسـرێت پێویست ناکا ئەم بڕگەیە زیاد بکرێ، چونکە ئەوان مەبەستیان لە پەیڕەوی نـاوخۆیە، لەبەر ئەوە کاك بژار ئەگەر بە پەیڕەوێکی ناوخۆ ناوخۆیی ڕێك دەخرێ، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئەوەی لیــژنەی یاســایی وەردەگــرین کە بەم شــێوەیە کــارو ئەرکەکــانی ســەنتەرەکانی شــیاندنەوەی ئاڵودەبووان بە پەیڕەوێکی ناوخۆیی ڕێك دەخرێ، چونکە پەیڕەو لە دەسەڵاتی سەنتەرەکە نییـە هەر ئەنـدامێکی بەڕێـزی پەرلەمـان لەگەڵ ئەوەیە دەقەکەی سـەرۆکایەتی هەرێـم وەربگیـرێ کە باسی ناوخۆیی ناکا با دەنگ بدا، هەر ئەنـدامێکی بەڕێـزی پەرلەمـان لەگەڵ ئەوەیە کە دەقەکەی لیژنەی یاسایی وەربگیرێ بە زیادکردنی وشەی ناوخۆیی بـا دەنـگ بـدات؟ بەڵـێ بە دەنگـی (٦٣) ئەندامی پەرلەمان ئەوەی لیژنەی یاسایی دەمێنێتەوە وەك خۆی بڕگەی دوای ئەوە.

**بەڕێز ڕۆژان محمد کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

له ماددەی (١٤)دا زیاد کردنی دەستەواژەی یان پێشینە کیمیاییەکەی لە دوای ماددەی هۆشبەر یان کارتێکارە عەقلییەکان، سوپاس.

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەستەواژەکە تەواوە بەرێزان ئێمە ئەو یاسایە یاسای ماددە هۆشبەرەکان و کارتێکارە عەقڵییەکان و پێشینە کیمیاییەکانە لە دوو مادەدا دەستەواژەکەمان لە بیر چووە، ئەوان دەڵێن ئیزافەی بکەنەوە، هەر ئەندامێکی بەرێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە دەستەواژەکەی ئیزافە بکرێتەوە پێشینەی کیمیایی با دەنگبدا؟ سوپاس بەدەنگی (٥٩) ئەندامی پەرلەمان پەسەندکرا، نۆیەم.

**بەرێز رۆژان محمد کریم:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بڕگەی یەکەمدا لە ماددەی (٢٠) گۆڕینی ئەو دەقە ئەو مۆڵەتەی کە لە ماددەی (٨)ی ئەم یاسایەدا دەقنووسکراوە بۆ ئەم دەقەی خوارەوە، ئەو مۆڵەتەی بە هەمان هۆکار هاتوو لە ماددەی (٨)ی ئەم یاسایەدا دەقنوسکراوە، سوپاس.

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێزان هەر ئەندامێکی بەرێزی پەرلەمان لەگەڵ گۆڕینی ئەو سیاغەیە بەو شێوەیە با دەنگبدات؟ سوپاس بە دەنگی (٦٠) ئەندامی پەرلەمان پەسەندکرا، دە بخوێنەوە با ئەو نوقتە نیزامیە وەربگرم رۆبینا خان.

**بەرێز شادی نوزاد وهاب:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەراستی نوقتەی نیزامی نیە بەرێز سەرۆکی پەرلەمان بەتەنیا داواکارییەکە، ئەگەر کە بەرێزانی لیژنە ماددەکە دەخوێننەوە لە راپۆرتەکە دواتریش لە یاساکە هەندێك چەند چرکەیەك کاتمان بدەیتێ تا لە ناو یاساکەدا دەیدۆزینەوەو دەیخوێنینەوەو، ئینجا بتوانین دەنگ بدەین، بۆ ئەوەی باشتر تێی بگەین باشتریش دەنگ بدەین، سوپاس.

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو رۆبینە خان.

**بەرێز رۆبینە اویملك عزیز:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دە: لە بڕگەی دووەمدا لە ماددەی (٢٧) زیادکردنی دەستەواژەی پێشینەی کیمیاییەکان لە دوای ماددە هۆشبەرەکان و کارتێکارە عەقلییەکان.

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان بە هەمان شێوە بە زیادکردنی دەستەواژەی پێشینە کیمیاییەکانە، ئێمە نەمان نووسیوە هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵییەتی با دەست بەرز بکاتەوە؟ بە دەنگی (٦٢) ئەندامی پەرلەمان پەسەندکرا، یانزە بخوێننەوە.

**بەڕێز ڕۆبینە اویملك عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یازدە: لە بڕگەی پێنجەم لە ماددەی (٢٧) زیادکردنی ئەم دەقە یان بە ساڵاچووان یان ماڵەکانی توندوتیژی خێزانی بەم شێوەیەی خوارەوە:

پێنجەم: ئەگەر تاوانەکە لە شوێنی خۆپاراستندا دامەزراوەیەکی سەربازی یان مەدەنی زیندانی یان گرتووخانە یان شوێنی ڕاگرتن چاکسازییەکی ناوجەوانان یان پەناگەیەکی لەخۆگرتنی کەسەکی بێ لایەن و بێ سەروبەرە بێ یان شوێنی چاودێریکردنی بێ باوك و دایکان یان بەساڵاچووان یان ماڵەکانی توندوتیژی خێزانی یان قوتابخانە یان فەرمانگە دامودەزگاییەکانی حکومەت یان یانەیەکی وەرزشی یان دامەزراوەیەکی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەنجامدرابێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەمە بۆ توندکردنی باری ئەو کەسەیە کە تاوان ئەنجام دەدا لە هەندێ لەو شوێنانەی کە ئێمە لە قانوونەکەیا باسمانکردبوون، بەڕێزیان پێیبان وایە دوو شوێنی تریش گرنگە ئیزافە بکرێ ئەگەر یەکێك لەو شوێنانە ئیشی موخەدەراتی کرد عقوبەکەی توندبێ، ئەوانیش پەناگەکانی بە ساڵاچووان و ماڵەکانی توندوتیژی خێزانی، شوێنی پاراستنی بەساڵاچووان، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە زیاد بکرێ با بفەرمێ دەنگ بدات؟ سوپاس بە دەنگی (٦١) دەنگی ئەندامی پەرلەمان پەسەندکرا، نوقتەی نیزامی؟ فەرموو.

**بەڕێز دیاری انور حمە رحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم بابەتە بابەتێکی گرنگ و هەستیارە، بۆخۆت دەزانی لەگەڵ ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنەکانی دیکەدا چەند کاتژمێرێکی دووردرێژ مناقەشەی ئەو بابەتەمان کرد، پرسەکە پرسێکی هەستیارە لە ئێستادا بۆ ئەم گۆڕانکاریانەی کە هاتۆتەوە بۆ ناو پەرلەمانی کوردستان، نە ئەو گۆڕانکاریانە و لە ئێستادا نە نوسخە کۆنەکەی کە پەرلەمانی کوردستان ناردبووی بۆ سەرۆکایەتی هەرێم هیچیان ڕەنگە ئەو پەرلەمانتارانەی کە ئێستا ئامادەن بە خۆشمەوە ڕەنگە زۆربەی زۆرمان لامان نەبێت (٩٠%) ئەم پرسەش پرسێکی هەستیارە، بۆیە من پێشنیاز دەکەم قەیچی ئەکات ئەگەر ئەمڕۆ نەبێت چەند مانگێکی بەسەرداڕۆشتوە با سبەینێ بێت با دوو سبەی بێت، بەڵام ئێستا شەرحکەیت و بەراستیمە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئێمە بەرێزتان هەمووتان قانوونەکەتـان هەیە، ئەبـوو خۆتـان قانوونەکەتـان ئێسـتا لەبەر دەست بوایە، ئـێمە گۆڕانکارییەکـان جـوان جـوان شـەرح دەکەیـن رەنـگە مـۆفەق نەبـوین لەوەی ئەبوو کە نوسخەی گۆڕانکاریەکەتان لە لابێ ئەم بابەتە هەستیارو زۆر گرنگە، بەڵام دەبوو داواتـان بکـردایە ئێسـتا ئـێمە لە دەنگـدانین بەردەوام بـن بەرێـزان هەرکەس داوای کردبێـت وەریگرتووە بەردەوام بن بەرێزان با ساراخان بۆمان بخوێنێتەوە.

**بەرێز سارا دلشاد بكر:**

**بەرێز سەرکی پەرلەمان.**

دوانــزە: لە بـڕگەی دووەم لە مــاددەی (٣١) لادبردنی ئەم دەقە لە کۆتــایی بـڕگەکە بە مەرجــی رەچــاوکردنی حوکمەکــانی یاســای ســزادان، دەربــارەی بەشــداریکردن و هەوڵ نەدان لەســەر تاوانەکان، بەڵام لیژنەی یاسایی پێی باشە بە گرنگی دەزانێت ئەم بڕگەیە وەك خـۆی بمێنێـتەوە لە ناو یاساکە.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێزان ئـێمە ماددەیەکمـان دانـاوە لەنـاو قـانوونەکە دەڵێـین، ئەگەر ژنێـك ئەگەر کورێـك ئەگەر کچێك نەیزانی باوکی ئیشی موخەدەرات دەکات حوکم نادرێ، بەڵام ئەگەر زانـی بـۆ نمـونە مـن دەزانم هاوسەرەکەم گریمان ئەو ئیشـە دەکـات، بەڵام هەواڵ نـادەم ئەوکـاتە مەعفـو نـیم عەفـو نـاکرێم لە عقـوبە، بەڵام ئەگەر نەزان لە نـاو هەمـان ماڵیشـدا بـژی عقـوبە وەرنـاگرم، چـونکە لە راستیدا نایزانم بەرێزان لە سەرۆکایەتی هەرێم داوا دەکەن ئەوە لابرێ بەمەرجی رەچـاوکردنی حوکمەکانی یاسای سزادان، واتـا ئەگەر هاوسـەرێك زانیبوشـی هاوسـەرەکەی ئەو ئیشـە دەکـات قسەی نەکردبوو هەر بەر عەفوو بکەوێ لیـژنەی قـانوونی لەگەڵ ئەوەن نـا ئەمە ئەوکەسـەی کە دەزانـێ هاوسـەرەکەی ئیشـی مـاددەی هۆشـبەرەکان دەکـاو هەواڵ نـادا دەبـێ سـزا وەربگـرێ، هەردووکی دەخەینە دەنگدان یەکەم ئەوەی سەرۆکایەتی هەرێـم بەرێزیـان داوایـانکردوە ئەڵـێ ئەگەر زانیشی هەواڵی نەدا ئەگەر مناڵێك کورێك زانی باوکی ئیشی مادده هۆشـبەرەکان دەکـا لە هەمان ماڵدا دەژین هەواڵ نـادا، رەئـی ئەوان وایە عقـوبە نەدرێ، بەڵـێ (٨) دەنـگ زۆر سـوپاس، چەند کەس لەگەڵ رەئییەکەی لیژنەی قانوونییە بـا دەسـت بەرز بکـاتەوە؟ بەڵـێ بە دەنگـی (٥٨) دەنگی ئەندام پەرلەمان پەسەندکرا، کاك یاسین لەسەر ئەم بابەتە.

**بەرێز یاسین خضر طه:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەدان کەس بێتاوانە گیراوە ئەو ماددەیە جەریمەیە، کابرا دەسەڵاتی بـابی نیـیە، ژنەکە نـاوێرێ قسە بکات گوناحە تاوانی لە کوێبوو بۆ بگیرێت؟ کاکە رۆژانە سەدان کەس ئاوا دەگیرێت.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك یاسین تەواو دەنگماندا ئەم بابەتە لە کۆبوونەوەی پەرلەمان موناقەشەیەکی زۆری لەسەر کرا، تەواو ماددەکە دەنگی لەسەر دراوە قابیل نییە بۆ موناقەشە، جارێکی تر بڕگەی (١٣) بخوێنەوە فەرموون بەردەوام بە.

**بەڕێز سارا دلشاد بکر:**

**بەڕێز سەرکی پەرلەمان.**

سیانزە: بڕگەی دووەم لە ماددەی (٣٣) گۆڕینی دەقەکەی بۆ گشت ئەو ماددەو هۆشبەرە کارتێکارە ئەقڵییەکان، پێشینەی کیمیاییەکان راستەوخۆ بە لیژنەی پێکهات و بە پێی ماددەی (٤٠) ئەم یاسایە دەمێنێت، بەڵام لیژنەی یاسایی پێی باشە ئەم بڕگەیە وەك خۆی بمێنێت لەناو یاساکە.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێمە کاك یاسین خۆ ئێمە تازە موناقەشەی ئەو ماددەیە ناکەین، ئەم ماددەیە موناقەشەمان کردووە تەواو، لە دەرەوە قسە بکە کاك یاسین دەبێ رێزی رەفیقەکانت بگری، بەڵێ بەردەوام بن ئەمڕۆ هیچ ماددەیەك نەبووە بێ موئتەمەری سەحەفی، پێدەچێ زەرووربێ موئتەمەری سەحەفی بکرێ، دەرفەتی کەس نادەم بەلێ ناچێتە پڕۆتۆکۆڵەوە، ئەسڵەن خۆی بەرێزان ئێمە دەنگماندا، بەلێ فەرموون ئێمە دەنگماندا کاك هاورێ، کاك بژار بەردەوام بە رجائەن بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان سیانزەیەم دوانزەیەمان تەواوکرد، سیانزەیەم گشت ئەو ماددە هۆشبەرو کارتێکارە ئەقلییانەو پێشینە کیمیاییانەی گیراون راستەوخۆ بۆ لیژنەی پێکهاتوو بەبێ ماددەی (٤٠)ی ئەم یاسایە دەنێردرێت، بەڵام ئەمە رەئی سەرۆکایەتی هەرێمە دەڵێ دەقەکە بەو شکڵەی لێبکرێ، هەرچی لیژنەی یاسایە دەڵێ وەکو خۆی بمێنێتەوە، خۆیمان بۆ بخوێنەوە کاك بژار بڕگەی دووەم لە ماددەی (٣٣) ئەسل بڕگەی (٢) لە ماددەی (٣٣).

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی دووەم لە ماددەی (٣٣) گشت ئەو ماددە هۆشبەرو کارتێکارە عەقلی و پێشینە کیمیاییانەی گیراون راستەوخۆ بۆ ئەو لایەنانەی تایبەتمەندن بە پاراستنیان دەنێردرێت و لەناو دەبرێت.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

وشەی لەناو دەبرێت لیژنەی یاسایی پێی وایە دەبێت لە ناوبرێ، لە رەئی سەرۆکایەتی هەرێم پێیان وایە دەڵێ ئاراستەی لیژنە دەکرێ، هەر ئەندامێکی بەرێز لەگەڵ رەئی سەرۆکایەتی هەرێمە با دەنگ بدات فەرموون؟ دوو دەنگ، هەر ئەندامێکی بەرێزی پەرلەمان لەگەڵ رەئییەکەی لیژنەی قانونییە با بفەرمووێت دەنگ بدات؟ بەڵێ بە دەنگی (٦٢) ئەندامی پەرلەمان رەئییەکەی لیژنەی قانوونی وەك خۆی دەمێنێتەوە، چواردە بخوێنەوە کاك بژار.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

چواردە: بڕگەی سێیەم لە ماددەی (٣٧) دەقەكە بەم شێوەیە لێ بكرێت: ئەگەر كەسی حوكم دراو ئەو چارەسەریەی لەو ماددەیەدا بۆی بڕیاردراوە ڕەت بكاتەوە دادگا لەسەریەتی حوكمی بەسەردا بدات بەو سزایەی لە ماددەی (٣٠)ی ئەم یاسایە دەقنوسكراوە، بەڵام لیژنەی یاسایی پێی باشە ئەم بڕگەیە وەك خۆی بمێنێت لە ناو یاساكەو دادوەر دەسەڵاتی تەقدیری هەبێت و لەسەر هەڵومەرجی ناوچەكە بڕیار بدات.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێمە لە ناو یاساكە مەجموعە ئیجرائاتی تەندروستیمان داناوە بۆ ئیسلاح بۆ چاككردنەوەو بۆ تەهیل، ماددەیەك هەیە دەڵێ ئەگەر ئێمە دامان ناوە دەڵێین ئەگەر یەكێك ئەوانەی قەبوڵ نەبوو دادوەر بۆی هەیە عقوبەی بەسەردا بدات، تەبعەن ئەوە سوڵتەی تەقدیریەو لە مبادی عامەیە، قازی خۆی دەسەڵاتی هەیە حوكم بدا یان حوكمی نەدا، بەڕێزان لە سەرۆكایەتی هەرێم دەڵێن ئەبێ نەصەكەی بەم شێوەیەی لێ بكرێ: كە پێویستە حوكمی بدات ئەمە لەمەیا هیچ دەسەڵاتێكی تەقدیری لای حاكم نامێنێتەوە، لەبەر ئەوە لیژنەی یاسایی پێیان وایە وەك خۆی بمێنێتەوە، یەكەم جار ئەوەی بەڕێز سەرۆكایەتی هەرێم دەخەینە دەنگدان چەند ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە كە پێویستە حوكمی بدا؟ دوو دەنگ، چەند ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە كە دەسەڵاتەكە بۆ قازی بەجێ بهێڵدرێ؟ سوپاس بەدەنگی (٦٧) ئەندامی پەرلەمان پەسەندكرا، وەرتان ناگرم كاك هاورێ هیچ كەسێك وەرناگرم بەردەوام بن كاك بژار.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پانزە: لە بڕگەی یەكەمدا لە ماددەی (٣٨) گۆڕینی دەستەواژەی سكاڵای تاوانكاری لەسەر ناكرێت بۆ سكالای سزای لەسەر ناجولێندرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

هەر ئەندامێكی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە ئەو تێبینیە وەرگیرێ با دەست بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس بە دەنگی (٦٥) ئەندامی پەرلەمان وەرگیرا دوای ئەوە.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

شانزە: بڕگەی سێیەم لە ماددەی (٤٠) گۆڕینی دەقەكە بەم شێوەیەی خوارەوە كاری ئەو لیژنەیەی لە بڕگەی یەكەمی ئەم ماددەیە دەقنوسكراوە بە پەیڕەوێك ڕێك دەخرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان ئەوەی كە بەڕێز سەرۆكی لیژنەی یاسایی خوێندیەوە تێبینیەكەی سەرۆكایەتی هەرێم وەك خۆی وەربگیرێت، هەر ئەندامێكی بەڕێزی پەرلەمانی لەگەڵە با دەست بەرز بكاتەوە؟ بە دەنگی (٦٥) ئەندامی بەڕێز پەسەندكرا.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

حەڤــدە: بــڕگەی دووەم لە مــاددەی (٤١) گــۆڕینی دەســتەواژەی یاســای بنمــا دادوەریــیە تاوانکارییەکـان یاسـای ڕێ و شـوێنی دادوەریـیە سـزاییەکان، ڕای لیـژنەی یاسـایی سـەبارەت بە خاڵی حەڤدە پێمان باشە ئەو دەستەواژە بگۆڕدرێت بە یاسای بنەمای دادوەرە سـزایەکان، بەڕێـز سەرۆکی پەرلەمان ئەگەر دەرفەت بدەی جەنابێ تەو هەمی ئەنـدام پەرلەمـانێ دەزانـن نـاحیەی تەشـریعیدا هەنـدی تەوحیـدا موسـتەلەح و مـافی قـانوونی بێـتە کـرن، باشـترە فەنـی سـیاغەو دارشتن بێتە کرن، پێشتر هێندی پەرلەمانی بەڕێز دوو یاسای دەرکەتین هەر وەکـو تەرجەمە بـۆ قـانوونی ئـصـول محاکەمـاتی جەزائـی عیراقـی یاسـایەکی نـافەکی دەرکەتـی دوو یاسـای دی بناغەکی جیاواز دەرکەتی ئەڤرۆ نامی بیتن لەگەڵ یەك و دوو ژبەر هەندێ وەکو لیژنەی یاسـایی مە پباشە ڤی شێوەی یاسای بنەمای دادگـایە سـزایەکان بـیخەیە دەنگـدانێ و تەسـبیت بـێ تـاکو لەکەڵ هەرددو یاسـای ژمـارە (١٣) سـاڵی (٢٠١١) و هەروەهـا یاسـای ژمـارە (١٧) سـاڵی (٢٠١١) بگونجێ و ببتە یەك تەرجومە یەك ناوی یاسایی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان چ ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە کە بەو شێوەیەی کە لە سەرۆکایەتی هەرێم هـاتووە دابنـدرێتەوە یاسـای بنەمـادادوەرییە تاوانکارییەکـان بگـۆڕێ بـۆ یاسای ڕێـو شـوێنە دادگـایکردنە سـزاییەکان لە دەنگـدانایین؟ کەس لەگەڵ نیـیە، چەنـد ئەنـدامی بەڕێـزی پەرلەمـان لەگەڵ تێبینیـیەکەی لیـژنەی یاسـاییە کە بەڕێـز سـەرۆکی لیـژنەی یاسـایی خوێندیەوە؟ بەدەنگی (٦٣) ئەندامی پەرلەمان پەسەندکرا، هەژدە بخوێنەوە.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەژدەم: خـاڵی (٢) بـڕگەی سـێیەم مـاددەی (٤١) گـۆڕینی دەقـی کۆتـایی خـاڵەکە بەم شـێوەیەی خوارەوە:

دوو: هەڵکەنـدنی چێنـدراوە قەدەغەکراوەکـان بە هەمـاهەنگی دەبێـت لەگەڵ بەڕێـوەبەرایەتی گشـتی نەهێشـتنی مـاددە هۆشـبەرو کۆنووسـەکانی پشـکنین و لێکـۆڵینەوە ئاراسـتەی لیـژنەی پێکهێندراو بە پێی ماددەی (٤٠)ی ئەم یاسایە دەکرێـت و عەمبـارکردنەکەش لە ژووری کـۆنترۆڵ دەبێت کە بۆ ئەم مەبەستە ئامادەکراوە تا ئەو کاتەی لەلایەن لیـژنەی نـاوبراوە لە نـاو ببردرێـت، بەڵام لیژنەی یاسایی پێی باشە دەقی ئەم خـاڵە وەکـو خـۆی بمێنێـتەوە کە چـۆن هـاتووە لە نـاو یاساکە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەمە لەبەر ئەوەی چێندراوەکانن ئەوانەن کە با بڵێین کە حەشـیش و جۆرەکـانی مـاددە هۆشبەرەکان ئەڕوێنێ، ئێمە لە یاساکەدا دەسەڵاتی لەناو بردنمان دابوو بە وەزارەتـی کشـتوکاڵ، بەڕێـزان لە سـەرۆکایەتی هەرێـم دەسـەڵاتی لابردنەکەیـان داوە بە لیـژنەکە، هەر ئەنـدامێکی

بەڕێـزی پەرلەمـان لەگەڵ ئەوەیە کە دەسـەڵاتەکە لای لیـژنەکە بـێ وەکـو ئەوەی سـەرۆکایەتی هەرێم داوا دەکات با دەنگبدات؟ (١٠) ئەندامی بەڕێـز، هەر ئەنـدامێکی بەڕێـزی پەرلەمـان لەگەڵ ئەوەیە دەقەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە وەکو ئەوەی لیژنەی یاسـایی داوایـانکروە؟ بەدەنگـی (٥٢) ئەندامی پەرلەمان ئەوەی لیژنەی یاسایی پەسەندکرا، نۆزدەهەم بخوێنەوە.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نۆزدەهەم: لە بـڕگەی سـێیەمدا لە مـاددەی (٤٢) (أ) گـۆڕینی دەسـتەواژەی لە بڕگەکـانی یەکەم و دووەم بـۆ لە هەردوو بـڕگەی یەکەم و دووەم (ب) دەسـتەواژەی وەزیـری دارایـی بکرێـت بە وەزیری دارایی و ئابووری.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەم گۆڕانکاریەیە با دەستی خـۆی بەرز بکـاتەوە؟ (أ) بە جیـا یەکەم جـار دەنـگ بە (أ) دەدەیـن کە گـۆڕینی بڕگەکـانە بـۆ هەردوو بـڕگە بە دەنگـی (٣٨) ئەندامی پەرلەمان،کێ دژە؟ کەس نیـیە وەك خـۆی، بـڕگەی (ب) گـۆڕینی دەسـتەواژەی وەزیـری دارایی بۆ وەزیری دارایی و ئـابووری، لەبەر ئەوەی لە نـاو قـانوونەکە بەو شـێوەیە هـاتووە، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمانی لەگەڵە با دەست بەرز بکاتەوە؟ بە دەنگی (٥٣) ئەندامی پەرلەمـان وەرگیرا.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بیست: ماددەی (٤٥) لە یاساکە لابرێت، بەڵام لیژنەی یاسایی بە گرنگی دەزانێت کە ئەم ماددەیە وەك خۆی بمێنێتەوە لە ناو یاسایەکە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (٤٥) دەخوێنێتەوە؟

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مادده (٤٥) بڕگەی یەکەم: سندوقێك دادەمەزرێت دوای ئەوەی ئەو بـڕە پـارانەی لەو ژماردنـانەی لەم یاسایەدا دەق نووسکراوە و ئەوەی لە فرۆشتنی ئەو مایـانەی بە پێـی ئەم یاسـایە دەسـتیان بەسەردا دەگیرێت تیایدا سپاردە بکرێ.

دووەم: ئەو سندووقەی لە بڕگەی یەکەمی ئەم مـاددەیە دەقنووسـکراوە بـۆ پـارە دەرکردنـی ئەو دامەزراوە تەندروستیانەی لە ماددەی (٣٨)ی ئەم یاسایەدا هاتون تەرخان دەکرێت.

سێیەم: لێژنەی باڵا بەڕێوەبردنی سندووق لە ئەستۆ دەگرێت.

چـوارەم: وەزیـر بە هاوبەشـی لەگەڵ وەزیـری دارایـی ڕێنمـایی تـایبەت بە بەڕێـوەبردنی ئەم سندووقە دەردەکات.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، هەر ئەندامێکی بەرێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە ئەم ماددەیە کە تایبەتە بە دامەزراندنی سندووقێك لابرێت با دەنگبدات؟ کەس لەگەڵ نییە، هەر ئەندامێکی بەرێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە با دەنگ بدات؟ سوپاس بە دەنگی (٥٦) ئەندامی پەرلەمان وەرگیرا.

**بەرێز عباس فتاح صالح:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بیست و یەك: ماددەی (٥٠) گۆڕینی دەستەواژەی پێش پەسەندکردنی ئەم یاسایە بۆ پێش ئەوەی ئەم یاسایە بچێتە بواری جێبەجێکردن، هەروەها گۆڕینی دەستەواژەی ئەگەر لە بەرژەوەندیان دابێت بۆ ئەگەر باشتر بوو بۆیان.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان هەر کەس لەگەڵ گۆڕینی ئەم دەستەواژانەیە بەم شێوەیەی سەرۆکایەتی هەرێم داوا دەکەن با بفەرموێ دەنگبدات؟ بە دەنگی (٥٥) ئەندامی پەرلەمان وەرگیرا ئاخیر بڕگە.

**بەرێز عباس فتاح صالح:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بیست و دوو: لە خشتەی ژمارە (١١) دا زیادکردنی خاڵی شەش بۆ لیستەکە بەم شێوەیە ڕەسمی وەرگیراو بەرامبەر پێدانی مۆڵەت بە دروستکردنی ئەو گیراوانەی مادده هۆشبەرو کارتێکارە عەقڵی و پێشینە کیمیاییەکانیان تێدایە (٥٠٠) هەزار دینارە.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ هەر ئەندامێکی بەرێزی پەرلەمان لەگەڵ زیادکردنی ئەو بڕگەیەیە بۆ پێدانی مۆڵەتی دروستکردنی ئەو گیراوانەی ماددەی هۆشبەرو کار تێکارە عەقلییەکان و پێشینە کیمیاییەکانیان تیدایە (٥٠٠) هەزار دینار وەربگیرێت با دەنگبدات؟ سوپاس بە دەنگی (٥١) ئەندامی بەرێزی پەرلەمان پەسەندکرا، بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان ئێمە لێرە کە پەخش ڕادەگرین لە حاڵەتێکی وا دەزانین ناوەڕۆکەکەی چییە۔ ئێمە لە دەرەوە خەڵك ڕەحممان پێناکات با خۆمان ڕەحم بە خۆمان بکەین، ئا ئەوە لە پەخشابوایە تا یەك هەفتەی تر ئێمە قسەمان لەسەر دەکرا، ووشەی ئابووریان بۆ وەزیر زیادکردووە، فڵان کەلیمەیان کرد بە فڵان کەلیمە، بۆیە ئەو قانوونەش ببێ بە قانوون شەش مانگە ئەو جوابانە هاتۆتەوە بۆ ئێمە، ئێمە نامانەوێ قانونێك بمرێ لەبەر جەلسەیەکی ئاوا کە (٢٠) دەقەی دەوێ قانوونێکی گرنگە کە ئێوە خۆتان بینیتان زۆربەی تێبینیەکان تێبینی نین ووشەن کە خەتای ئێمە نییە، خەتای ئێمە نییە زمانی کوردی دەستەواژەی قانوونی تا ئێستا بە تەواوەتی دا نەڕێژراوە، خەتای ئێمە نییە موستەلەحات و دەستەواژە قانوونیە بەکار هاتووەکان تا ئێستا مۆحەدو یەکگرتوونین، بەڵام ئێمە دەمانەوێ ئەگەر خەڵك لەدەرەوە ڕەحمان پێ ناکات با خۆمان ڕەحم بە خۆمان بکەین، کاتێك قسە بە پەرلەمانم ئەوترێ یەکەم جار بە ئێمەیە، بەڵام بۆ هەمووشتانە بۆ هەموو ئەوانەی کە لە دەسەڵاتن ئەوانەشی کە لە موعارەزەن بۆ هەموومانە بۆ تەنانەت بۆ فەرمانبەرەکانیشمانە، لەبەر

ئەوە ئـێمە هـیچ بەرژەوەنـدییەکمان نیـیە، لەوەی کە پەخـش دابخـرێ لە حـاڵەتێکی ئـاوا بەرژەوەنـدیمان نیـیە، جـگە لە بەرژەوەنـدی پاراسـتنی پەرلەمـان و بەرژەوەنـدی پاراسـتنی پەرلەمانتـار کە ئـێمە پێمـان وایە ئەم موئەسەسـەیە بەشـێکە لەو موئەسەسـاتانەی تـر کە لە نـاو عەینەن فەزائی کە حکومەتی هەرێمی کوردستانی ئیشی تیا دەکات، عەینەن فەزائی سیاسی کە دەسەڵاتی دادوەری ئیشی تیادەکات، عەینەن فەزائی کە رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنـی ئیشـی تیـا دەکـات، عەیـنەن فەزائـی کە حـزبە سیاسـیەکان ئیشـی تیـا دەکەن، ئەی بە دیلـی حـزبە سیاسییەکان چییە؟ بۆ ئەم دۆخەی کە هەیە هەمووومان لە عەینەن فەزائین، بەڵام موڵاحەزەتـان کردبێ هەموو ئەو قسانەی ئەوترێ زۆرتر بە پەرلەمان ئەوترێ و بینیشـتان بەشـێکی هەرە زۆری تێبینیەکان جگە لە سێ چوار تێبینی دروسـتی قـانوونی تێبینـی شـکڵی بـوون، ئـێمە نامانەوێـت وەکو جارەکەی تر زێدەرۆو زیادەکاری تیابێت هەموو سەرو دەمو چاوی من لەسەرهەموو پەیـج و فەیسبووك و سایتەکان بوو، پەرلەمانی کوردستان زێـدەڕۆی کـرد بە زێـدەکار مەعەل عـیلم بە دەنگدانی ئێوەکراوە خۆ من نەمکردووە، لەبەر ئەوە بۆ پاراسـتنتانە کـاك پێشـەوا ئەگەر نـوقتەی نیزامیت هەیە فەرمووو، دوای ئەوە بەرێز جێگـری سـەرۆکی پەرلەمـان دەیەوێـت هەنـدێك قسـە بکات؟

**پێشەوا طاهر مصطفى:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر پەخش نەبێت منیش یەك قسە دەکەم ئەگەر ئیزنم بـدەی قسـەیەکی زۆر کـورت، بەرێـزت وتت خەمی ئێوەمە خەمی پەرلەمانتارانمە، کەمێك پێش ئیستا قسـەیەکت کـرد ئەوەی کە وتـت پەرلەمانتار ئێمە دەزانین مەوزوع نانخواردن بوو کە وتوتانە ئیمکانیەتمان نییە دواخـراوە، دوای ئەم بـابەتە زۆر زۆر بەسـیتە لەگەڵ سـەرۆکی فراکسـۆنەکان یەکلایی بـکەنەوە، ئێسـتا بە قسـەییەکی جەنابـت ئەو فەیسـبوکەی کە باسـی دەکەی هەمووومـان بـوینەتە فلیمـی ئەو فەیسبووکە هەر بۆ زانیاریت.

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا کە پەخشمانکردەوە من عیلاجی دەکەم، تەواو کە پەخشمان کردەوە عیلاجی دەکەم.

**بەرێز دیاری انور حمە رحیم:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پەخش نییەو موزایەدە نیـیەو بەس هەنـدێك یەعنـی حیـواری بە پێـی ئەو پەیـڕەوەش قسـەت لەگەڵ دەکەم ئیستا بڕگە بە بڕگە پێت دەڵێم، بەس من یەعنی بۆ نمونە من هەندێك شت دەبینم، یەعنی لە نزیکەی ئەو دووساڵەی کە لە پەرلەمانی کوردستانین بەرێزتـان سـەرۆکی پەرلەمـانی کوردسـتانن، بەڵام بە گـوێرەی ئەو پەیـرەوی نـاوخۆی پەرلەمـانی کوردسـتان دەسـەڵات و سەڵاحەتیەکانتان دیاریکراوە هەندێ جار کاتێ کە پەرلەمانتار دەیەوێ قسە بکات یان دەیەوێـت نوقتەیەکی نیزامی بگرێت بە پێی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان تۆ ناهێڵیـت و، بەرێـز سـەرۆکی پەرلەمـان هەر بە پێـی ئەو پەیـرەوی نـاوخۆی پەرلەمـانی کوردسـتانەی یەکێـك لە ئەرکەکـانی سـەرۆکی پەرلەمـانی کوردسـتان جێبەجێکردنـی ئەم پەیـرەوی نـاوخۆی پەرلەمـانی

کوردستانەیە، زۆر جار کە ئەم پەیرەوە پێشێڵ دەکرێت من نوقتەی نیزامی دەگرم تۆ نەك پارێزگاری لەوە بکەی کە پەیڕەوەکە پێشێڵکراوە نا ناهێڵی ئێمە قسە بکەین، ئەمە خاڵی یەکەم، خاڵێکی دیکە هەندێ جار تووڕە دەبی، یەعنی دەمەوێ بزانم بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان لە کوێ بۆ،نمونە سەڵاحییەتەکانی سەرۆکی پەرلەمان لەم پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستانە بۆ نمونە ئەگەر ماددەی (٥٧) و ماددەی (٥٥) بڕگەیەکی لە کوێ ڕێگەی بە سەرۆکی پەرلەمانداوە تورە بێت، یەعنی ناهێڵی قسە بکەین تورە دەبی لەو تورە دەبی لەو تورە دەبی ئەمە سەیرە و پێم وایە بەم جۆرە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تەواو گەیشت ئەو بەشەی کە منیش تورە دەبم منیش ئینسانم وەکو ئێوە نا زۆر تورە نابم بیست جار پێشێڵ دەکرێن، ئینجا راتان دەگرم لە بەرامبەر ئەو هەمووە پێشێڵکارییەی ئێوە ئەیکەن ئەم فراکسیۆنەو ئەو فراکسیۆنەو ئەو فراکسیۆنە کە زۆر زۆر زیاترن لە ئێوە دێن بۆ لام دەڵێن ئەوانە هەمووی پێشێڵکاری پەیرەویە کە تۆ ڕێگە دەدەی بەو شێوەیە قسە بکرێ، کەواتە تەفسیرمان بۆ پێشێڵکاری پەیڕەوی جیاوازە هەر لەو فراکسیۆنی یەکێتیە کە لەبەر دەمتاتاندایە و لەم فراکسیۆنی پارتی و فراکسیۆنەکانی تریش چەند جار پێیان وتوم کە تۆ زیاد لە پێویست ڕێگە دەدەی و ڕێگە دانەکانیش هەمووی لە دەرەوەی پەیڕەون، سەیری مادده پەیڕەویەکە بکە کە دەڵێ نوقتەی نیزامی دەڵێی یەك دەقە وانییە بۆ لادان لە دەستور قانوون پەیڕەوی ناوخۆ باشە، ئێ من مەجالت دەدەم خالە پەیڕەویەکە دەڵێی، بەڵام ئێستا پەخش نییە و هەست دەکەم وردە وردە شکور خەڵك ئیستا وەری ناگرێ، سەرۆکی پەرلەمان ناهێڵێ خەڵك قسە بکات، من دەهێڵم قسە بکات بەس بڕۆن سەیری سەرۆك پەرلەمانەکانی خولەکانی پێشوتر بکەن بزانن بەم جۆرە قسەکردنە دەرچوونە لە پەیڕەو لە هیچ زەمەن و زروفێکدا هەبووە، ئێوە تەقدیرتان هەیە ڕێزتان هەیە جەماوەری خۆتانتان هەیە دەنگدەری خۆتانتان هەیە، بەڵام ئیعلام هەیە موئتەمەری سحوفی هەیە ئەندامەکانی تریشی کە لە فراکسیۆنەکانی ترن، ئێ حەقی خۆیانە وەختێك دادەنیشن کوێ دەگرن لە شتێك کە پێیان وایە نوقتەی نیزامی نییە تەفسیریان بۆ ئەوەی کە جەنابتان بۆ نمونە دەڵێ نوقتەی نیزامی نییە، مەسەلەی بەرنامەی کار هیچ جەلسەیەك نییە ئاخر زۆرترین لەبەر ئێوە دەیشکێنم هیچ جەلسەیەکی پەرلەمان نییە لەسەر بەرنامەی کار بە ناوی نوقتەی نیزامی (٢٠) دەقە بۆ (٢٥) دەقە قسە دەکرێ، ئێ بەرنامەی کار سەڵاحیەتی ئێمەیە دامان ناوە، ئەوەی لەبەر دەستماندایە چیمان لە بەر دەست بێ ئێمە ئەوە دادەنێین، ناتوانین شتێك دابنێین کە لەبەر دەستماندا نەبێت ئیزافەیەك دابنێین کە لە بەردەستماندا نەبێت نەخۆش مهیمە بە هەدەردانی ماڵی گشتی کە سبەینێ کە خوێندنەوەی بۆ دەکەین بە لای ئێمەوە موهیمە موخەدەراتیش موهیمە یاسای چاکسازیش موهیمە، مووچەش زۆر موهیمە، بەڵام ئێمە ئەوەمان لەبەر دەستە کە بیخەینە بەرنامەی کار بابەتی مووچە، بۆ ئەوەی بیخەینە بەرنامەی کار ئەبێ ئەو کەسەی مووچەی لەبەردەستبێ لە پەرلەمانبێ، ئێمە ڕەفیقین زەمینین ئەمە هیچی بۆ پەخش نییە، بۆیە ئەو قسانە دەکەین ئێمە زەمینین چۆن پاراستنی ئێوە لەسەر من واجبەو ئێستا چاکی دەکەمەوە، پاراستنی ئێمەش لە دەستەی سەرۆکایەتی لەسەر ئێوەیە لە مەرحەلەیەکدا وای لێهاتووە ئێوە وازتان لە حکومەت هێناوە

بەس قسە لەسەر سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکایەتی دەکەن، یەعنی بڕۆن سەیری ئەوانەی کە نوسیوتانە کە وتوتانە بیکەن، مامۆستا عبدالستار خۆزگە خۆی لێرە بوایە دەڵێ سەرۆکی پەرلەمان داوام لێ دەکا بەڵگەی لە ٢١% بۆ بێنمەوە من داوای لێ دەکەم یان ماددەیەك لە ناو پەیڕەوی ناوخۆدا هەیە دەڵێ ئەبێ بەڵگەی لێ بێ و نەشم وتوە دەبێ وتومە ئەگەر هەتان هاوپێچی بکەن، بەڵگەکەش مەرج نییە لە ٢١% بێت لە ٢١% بڵاو بۆتەوە لە وەقایع، رەنگە تۆ بڵێی ئەم داهاتانە هەیە مەفروزبوو مادەم ئەو داهاتانە هەیە حەقتان نییە بەو شێویە بکەن هەزاران کەس جنێو بە من دەدات بە دایکم دەدا بە خوشکم دەدا بە هاوسەرم دەدا بە کورەکانم دەدا، منیش وەك ئێوە ئینسان نیم ئەو کاك دکتۆر شێرکۆیە زەمانەتە، بۆیە قسە دەکەم بۆ پەخش نییە بۆ پرۆتۆکۆڵیش نییە. کاك هێمن دەیەوێت قسە بکات لەسەر لیژنەکان، لەبەر ئەوەی پەخش نییە دواتر جەلسەکە هەڵدەگرین بۆ سەعات دوو.

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان بیدایەت کە بڕیارماندا ئەو بڕگەیەی پەخش رابگرین، بەراستی یەك دوو ملاحەزەی گشتی هەیە لەسەر لیژنەکان ئەمڕۆش نوسراومان بە رەسمی بەناوی دەستەی سەرۆکایەتی بۆ سەرجەم لیژنەکان ناردووە، بەڵام بە دەرفەتمان زانی یەك لەبەر ئەوەی پەخش نییە، دووش لەبەر ئەوەی زۆرینەی ئەندامانی بەڕێز لێرەن تکاتان لێ دەکەین لەمەو دوا رەچاوی ئەو خاڵانە بکەن کە بە نووسراو بۆتان دێ، یەکێك لە خاڵەکان ئەوەیە زۆر بە داخەوە ئەو قسەیە دەکەم نووسراو لەلای لیژنەکان بۆ دەستەی سەرۆکایەتی دێ، ئیمزای سەرۆکی لیژنەی لەسەرە، کۆبوونەوەی لەسەر کراوە لەسەرەوەی هەتا خوارەوەی یەك لاپەڕە هەمووی رێنووسەکانی پڕە لە غەڵەتی ئیملایی بەداخەوە ئەو قسەیە دەکەم، پڕە لە هەڵەی ئیملایی کە ئینسان نازانێ چۆن تەعامولی لەگەڵ بکات، لەسەرەوە تا خوارەوە یەك نوقتەی تیا نییە، یەك تۆپەڵ رستەیە بە بێ ئەوەی رەچاوی رێنووسەکان بکرێ، بەڕێزان ئەوانە دەچنە ئەرشیفی کاری پەرلەمانی لە ئەرشیفی سالاچەکاندا هەڵدەگیرێ، بۆیە تکاتان لێ دەکەین سەرۆك لیژنە بەرێزەکان لەگەڵ بەرێوەبەرایەتی کاروبارو دیوانیش دوێنێ دانیشتوین کە ئەبێ سکرتێری لیژنەکان خۆتان سەرۆکی لیژنەکان نووسراوێك ئیمزا مەکەن پڕبێ لەو هەمووە هەڵەو کەمو کوڕیانەی کە هەیە، حاڵەتێکی تر کە دیسان تێبینیمانکردووە وەکو دەستەی سەرۆکایەتی ئێوە زۆر جار گلەیی دەکەن واللە پرسیار دەنێرین بۆ حکومەت درەنگ جوابمان دەداتەوە، مانگی (٣) لیژنە هەبووە چالاکی کردووە دوێنێ (٩/٧) ئینجا نووسراوەکە بۆ ئێمە هاتووە بە ئیمزای سەرۆکی لیژنەکەش، ئێ خۆتان چالاکی خۆتان شەش مانگ دوا دەخەن، دوایی بۆ گلەیی لە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان دەکەن، بۆیە تکاتان لێ دەکەین کە چالاکیك دەکەن چالاکیتان کردووە کۆبوونەوەتان کردووە (٨/١٨) دوێنێ (٩/٧) نووسراوەکەتان ئیمزاکردووە، بۆ ئێمە هاتووە یەك رۆژ نووسراو لای ئێمە تەئخیر نەبووە ئەوە کاروباری پەرلەمان و دیوان لێرە هەن، خاڵێکی تر بەرێزان کە دیسان ئەوە پەیوەندی بە شکۆی پەرلەمان و بە کارو ئەتەکێتی پەرلەمانتارییەوە هەیە، ئێستا بە هۆی پەتای کۆرۆناوە زۆرێك لە کۆبوونەوەکانتان کردۆتە ڤیدۆ

وكۆنفراس، زۆریش ئیلحاح دەكەین لە بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندنی پەرلەمان ڕەسمی ڤیدۆو كۆنفراسەكانتان بڵاو بكەنەوە كە ڕەسمی لیژنەكانتان دێ، دوو ئەندام پەرلەمان ملی دیار نییە، ئەندام پەرلەمانێك دانیشتووە بە تیشێرتێكەوە یەكێك لە ناو سەیارەدایەو مۆبایلی كردۆتەوەو لە ناو كۆبوونەوە بەشداری كردووە ئیلحاحیش دەكەن لە ناو سایتی ڕەسمی پەرلەمانیش بڵاو بێتەوە، دەیان تەعلیق بۆ ئێمە هاتووە، بۆیە تكاتان لێ دەكەین لەمەودوا دەسەڵاتمان داوەتە بەڕێوەبەرایەتی كاروباری پەرلەمان و ڕاگەیاندن ڕەسمی كۆبوونەوەیەك شیاو نەبێت بڵاو نابێتەوە لەسەر سایتی پەرلەمانی كوردستان، نووسراوی هەڵەتان لێ وەرناگیرێ و بۆتان دەنێردرێتەوە نووسراوی چالاكییەك كە درەنگ دەینێرن بۆ سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان لێتان وەرناگیرێ و بۆتان حساب ناكرێ و، بۆیە تكادەكەم لە سەرۆك لیژنەكان رووی دەمم لەوانە یەكەم جار ئینجا لە جێگری سەرۆك لیژنەكان، ئینجا لە بڕیاردەرەكان ئەو خاڵانەی لەو نووسراوانەی بۆتان دێ تكاتان لێ دەكەین ڕەچاویان بكەن و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك ئومێد.

**بەڕێز ئومید عبدالرحمان حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە پێی حوكمی ماددەی (٥٦) دووەم، خاڵی دووەم تەواوی ئەو گفتوگۆیانەی دوای دەنگدانەكە كران ئەوانە تەواوی نا پەیڕەوی بوون، بەڵام لەبەر ئەوەی پەخش داخراوە لەچوارچێوەی ئەو پێشێلكارییەی كرا من پێشنیارێك دەكەم ئاسانكارییەكەو هاوكارییەكە بۆ دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان كەناڵێكی گفتوگۆی نێوان ئەندامان و سەرۆكایەتی پەرلەمان كە دەڵێم كەناڵی گفتوگۆ، بە مانای ئەوە نییە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان لەگەڵ سەرۆكایەتی لە گفتوگۆدانەبن، كەناڵێكی گفتوگۆ ببیندرێتەوە تەنها جەلسەی پەرلەمان نەبێت بە جۆرێكی دیكە بەڕێزانیش ئەندامانی پەرلەمانی كوردستان سەرنج و تێبینیان هەیە لەوێ بتوانرێ ئەو سەرنج و تێبینیانە بخرێتە ڕوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس دەتوانین كۆبوونەوەی سەرۆك فراكسیۆنەكان بكەین، بەس بەوە عیلاج نابێ تاقیمانكردەوە، سلمە خان ئەگەر لەسەر عەینەن بابەتە سلمە خان وەردەگرم لێرەش یەك كەس لێرە یەك كەس ئیتر بەسە، بۆ ئەوەی پەخش بكەینەوە پەخش دەكەینەوە ئەوكاتە.

**بەڕێز سلمە فاتیح تۆفیق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من تا ئەو ڕایەی پێچەوانەی ڕای هەندێك لە هاوڕێیانم، جەنابت زۆر زۆر نەرمی زۆر هادئی زۆر مراعاتی كۆمەڵێك دەكەیت و مراعاتی كۆمەڵێكی تر ناكەی، بەڕاستی دانیشتنی جەلسەكانی پەرلەمان و گفتوگۆكردن لەگەڵ بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان و لەگەڵ بەڕێز جێگری سەرۆكی پەرلەمان و سكرتێری پەرلەمان و دەستەی سەرۆكایەتی ئەتەكێت و ئوسولێكی تایبەت بە خۆی هەیە، لەبەر ئەوە زۆر جار پێشێل دەكرێ و جەنابت ڕێگە دەدەی نیگەرانییەكی زۆری لای

هەموومان دروستکردووە و ماددەی (٥٧) زۆر جار جەنابت لەبەر خاتری یەکێك کە کۆبوونەوەکە دەشێوێنێ یەکسەر دەیکەیتە هەڵگرتنی جەلسەکەو و ئێمە بێ بەش دەکەی لە بەردەوام بوون لە جەلسەکە، لەبەر ئەوە من بە پێچەوانەی رای هەندێکیان هیوادارم زۆر توند بی، لەبەر ئەوەی یەعنی قسەکردن یەعنی سڕکردن دەڵێ تێبینی ئاگاداری دەکاتەوە بێ بەشی دەکات بە پێکەنین ناوتری بەراستی، یەعنی ئەوانە لە حاڵەتی ئۆتۆماتیکیەن ئەو بڕگانە بڕگەی تورەبوونن من رەخنەیەکە دەیگرم رێگە بە هەندێك کەس دەدەی کە زۆر زۆر هێرش بکاتە سەر سەرۆکایەتی پەرلەمان، کە ئەم سەرۆکایەتی پەرلەمانە سەرۆکایەتی پەرلەمانی هەر هەموومان و شکۆی ئێوە پێش ئەوەی شکۆی خۆتان بێ شکۆی ئێمەشە، لەبەر ئەوەی من داوا لە بەرێز سەرۆك فراکسیۆنەکان دەکەم کە حەلێکی ئەوە بکەن و ئەو حاڵەتەی کەمێك پێش ئێستا روویدا لە ناو پەرلەمانی کوردستاندا، بەراستی هەموومان دەخاتە بارێکی ناخۆش و قسەکردنێکی زۆر بە ئەندامانی پەرلەمان، بەراستی من رەخنەم لە جەنابت هەیە ئەو شتانە قەبوڵ دەکەی ئەگەر دوو سێ جار ئەم راگرتنانە هەبێ، ئەوا بێ گومان من بە پێی ئەو پەیڕەوە دەڵێم کە جەنابت دەسەڵاتت هەیە و رێگەت پێدراوە ئەندام لە کاتی حاڵەتێکی وا بێ بەش بکەی، نەك هەموومان بێ بەش بکەی جەلسەکە هەڵبگری، یەعنی هەڵگرتنی جەلسە دواین قۆناغە.

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

تا ئێستا من یەك جار جەلسەم هەڵگرتوە، بەراستی ئەویش لەبەر ئەوە نەبوو دواکەوتەوە کە لەبەر ئەوەیە واکەوتەوە ئەگەرنا لەبەر ئەوە هەڵم نەگرتووە، من محاوەلە دەکەم کەمترین بەر یەکەوتنمان هەبێ بەیەکەوە، بەڵام هەندێك جار لە هەموو شتێك دەچێتە دەرەوە، یەعنی ئێستا ئەوەی کاك کاروان، ئەوەی کاك یاسین، کاك دکتۆر کازم زۆرترینی مراعاتەکان مراعاتی جەنابت دەکرێ، ئێمە لەمەولا پەیڕەوەکە وەکو خۆی جێبەجێ دەکەین تەواو دەرفەتی کەس نادەم لەسەر ئەو مەوزوعە قسە بکات، بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان پەخشەکە دەکەینەوە بۆ ئەوەی عیلاجی ئەو حاڵەتە بکەین، سامان پەخشەکە بکەوە، بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان ئێمە کۆتایمان بە ئەو بڕگەی بەرنامەی کار هێنا، بەیانی سەعات (٢) دانیشتنەکەمان دەست پێ دەکەینەوە، لەبەر ئەوەی دوای ئەوەی کە ئێمە بە بەرێزان ئەندام پەرلەمانمان وت کە ئێوە هەندێك درەنگ هاتوونەتە ناو کۆبوونەکەوە بەرێزان سەرۆك فراکسیۆنەکان پێیان راگەیاندین کە ئەوان پێش هەموو کۆبوونەوەیەکی پەرلەمان کۆبوونەوەی فراکسیۆنەکانیان دەکەن و ئامادە نەبوونی ئەندام پەرلەمان پەیوەندی بەوەوە هەیە کە سەعاتێك پێش کۆبوونەوەی پەرلەمان هەموو فراکسیۆنەکان مافی ئەوەیان هەیە کۆبیونەوەی فراکسیۆنەکانیان بکەن، بۆ ئەوەی بزانن لە ناو هۆڵەکە دەنگ بە چی دەدەن، لەبەر ئەوەی ئێمە کۆبوونەوەی بەیانیمان ئەخەینە سەعات (٢) بۆ تەواوکردنی بڕگەکەی تری بەرنامەی کار.

| | | |
|---|---|---|
| **منی نبی قهوچی** | **هێمن هەورامی** | **د. رێواز فائق حسێن** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤)ی
چوارشەممە رێکەوتی ٩\٩\٢٠٢٠
خولی پێنجەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (٤)
# چوارشەممە رێكەوتی ٢٠٢٠/٩/٩

كاتژمێر (٢)ی پاش نیوەڕۆی رۆژی چوار شەممە رێكەوتی (٢٠٢٠/٩/٩) پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی د. رێواز فائق حسن سەرۆكی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز هێمن هەورامی جێگری سەرۆك و، بەڕێز منى نبى قهوچى سكرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (٤)ی ئاسایی خولی پێنجەمی ساڵی (٢٠٢٠) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمی بڕگەی (یەكەم)ی ماددەی (١٦) و ماددەی (٤٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان – عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (٤)ی ئاسایی ساڵی یەكەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان لە كاتژمێر (٢)ی پاش نیوەڕۆ رۆژی چوارشەممە رێكەوتی (٢٠٢٠/٩/٩) بەم شێوەیە بێت:

١-خوێندنەوەی دووەم بۆ پرۆژە یاسای لە ئەستۆ كردنی فەرمانبەران لە هەرێمی كوردستان بەپێی حوكمی ماددەكانی (٨٧)، (٨٨)، (٨٩) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.**

بە ناوی گەلی كوردستان، دانیشتنی ژمارە (٤)ی ئاسایی خولی پاییزە ساڵی دووەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان دەست پێ دەكەین، سەرەتا بە خوێندنەوەی بەرنامەی كار و پوختەی كۆنووسی كۆبوونەوەی پێشوو و ناوی ئامادەنەبووان بە مۆڵەت و بە بێ مۆڵەت داوا لە سكرتێری پەرلەمان دەكەین بیخوێنیتەوە.

**بەڕێز منى نبى نادر قەهوەچی/ سكرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەرنامەی كار**

بە پێی حوكمی ماددەی (٥) و بڕگەكانی یەكەم و دووەم و سێیەم لە ماددەی (١٦) و بڕگەی سێیەم لە ماددەی (١٨) بڕگەكانی (یەكەم و دووەم و سێیەم و چوارەم و پێنجەم) لە ماددەی (٢٠) ماددەكانی (٤٧)، (٤٨)، (٥٢)، (٥٤)، (٥٥)، (٥٦)، (٥٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری دا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (٤)ی ئاسایی خولی پاییزەی ساڵی دووەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە كاتژمێر (٢)ی پاش نیوەڕۆ رۆژی چوارشەممە رێككەوتی (٢٠٢٠/٩/٩) بەم شێوەیە بێت:

١-خوێندنەوەی دووەم بۆ پرۆژە یاسای لە ئەستۆ كردنی فەرمانبەران لە هەرێمی كوردستان بەپێی حوكمی ماددەكانی (٨٧)، (٨٨)، (٨٩) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان.

پوختەی دانیشتنی ژمارە (٣)ی ئاسایی:

به پێی حوکمی بڕگەی دووەمی ماددەی (٢٠) و (٥٢) لە پەیڕەوی نـاوخۆی پەرلەمـانی کوردسـتان پـوختەی دانیشـتنی ژمـارە (٣)ی ئاسـایی خـولی پـاییزەی سـاڵی دووەم لە خـولی پێنجەمـی هەڵبژاردنی پەرلەمـان لە کـاتژمێر (١)ی پـاش نیـوەڕۆ ڕۆژی سێشـەممە ڕێکەوتـی (٢٠٢٠/٩/٨) بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

١-دەست پێکردنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

٢-خوێندنەوەی بەرنامەی کار و پوختەی دانیشتن و ناوی ئەندامانی ئامادەبوو و ئامـادەنەبووان لەلایەن بەڕێز سکرتێری پەرلەمان.

٣-دەست پێکردنی بڕگەکانی بەرنامەی کار لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

٤-ئاڵوگۆڕکردنی بڕگەی یەکەم و چوارەمی بەرنامەی کار بە کۆی دەنگی ئامادەبووانی ئەنـدامانی پەرلەمان.

٥-سوێند خواردنی پاڵێوراو بەڕێز (عمر عبدالله فتاح محمد) لە شوێنی ئەندام پەرلەمانی دەست لە کارکێشاو بەڕێز (سۆران عمر سعید).

٦-خوێندنەوەی دووەمی پێشنیازی یاسای ماف و ئەرکی نەخۆش لە هەرێمی کوردستان.

٧-خستنەڕووی دەنگدان لەسـەر پێـداچوونەوەی چەنـد مـاددە و بـڕگەیەك لە یاسـای ژمـارە (١)ی سـاڵی ٢٠٢٠ یاسـای بەرەنگـاربوونەوەی مـاددەی هۆشـبەر و کارتێکـارە عەقلییەکـان لە هەرێمـی کوردستان کە لەلایەن سەرۆکایەتی هەرێم گەیەندرابوو بۆ پەرلەمان.

٨-دواخستنی خوێندنەوەی دووەمی پێشنیازە یاسای لە ئەسـتۆکردنی فەرمـانبەران لە هەرێمـی کوردستان بۆ دانیشتنی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٩/٩).

٩-کۆتایی هاتنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ناوی ئەو ئەندامانەی مۆڵەت پێ دراون یا بە بێ مـۆڵەت ئامـادەنەبوون بۆ دانیشتنی ژمارە (٣)ی پاییزەی لە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٩/٨) هەموویان مۆڵەتیان پێ دراوە:

بەڕێز

- پێشەوا طاهر مصطفى
- جلال محمد عبدالله
- جلال محمد أمين
- جهاد حسن إبراهيم
- دابان محمد حسێن
- شايان كاكە صالح
- شيرين أمين عبدالعزيز
- علی حەمە صالح
- فريد يعقوب ايليا
- كاوە عبدالقادر حسن
- گولستان سعيد محمد
- گۆران عمر علی

پێشەوا طاهر لێرە بووە بەس واژووی نەکردبوو دیارە بە مۆڵەت حیساب کراوە دوایی چاکی دەکەمەوە لە کاروباری پەرلەمان.
ناوی ئەو ئەندامانەی کە بە مۆڵەت یان بە بێ مۆڵەت لە کۆبوونەوەی لیژنە هەمیشەییەکان ئامادەنەبوون، ناوی لیژنە:

١-لیژنەی ڕۆشنبیری و کۆمەڵگای مەدەنی و وەرزش و لاوان:
- جلال محمد عبدالله مۆڵەت

٢-لیژنەی پەیوەندییەکان و ڕەوەندی کوردستانی (٢٠٢٠/٩/٩):
-زیاد جبار محمد مۆڵەت
-بەڵێن إسماعیل حاجی مۆڵەت
-محمد سعدالدین أنور ئامادەنەبوو

٣-لیژنەی کاروباری پەرلەمان و سکاڵا لە (٢٠٢٠/٩/٩):
-سەروان محمد علی ئامادەنەبوو
-فرید یعقوب ایلیا ئامادەنەبوو

٤-لیژنەی ناوخۆ و ئەنجومەنە خۆجێییەکان لە (٢٠٢٠/٩/٩):
-أرشد حسێن محمد مۆڵەت
-رزگار عیسی سوار مۆڵەت
-کاوە عبدالقادر حسن مۆڵەت
-هاوڕێ بناء محمد مۆڵەت

٥-لیژنەی شارەوانی و گواستنەوەی و گەیاندن و گەشت و گوزار لە (٢٠٢٠/٩/٩):
-محی الدین حسن یوسف مۆڵەت
-کلارا عودیشا یعقوب مۆڵەت
-سیپان سالم حسن مۆڵەت

زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، بەڕێزان دەست بە جێبەجێ کردنی بەرنامەی کار دەکەین کە خوێندنەوەی دووەمە بۆ پرۆژە یاسای لە ئەستۆکردنی فەرمانبەران لە هەرێمی کوردستان-عیراق بە پێی حوکمی ماددەکانی (٨٧)، (٨٨)، (٨٩) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، داوا لە بەڕێزان سەرۆکایەتی و ئەندامانی لیژنەی یاسایی دەکەین فەرموون بۆ شوێنی خۆتان، بە گەرمی بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان دەکەین، پێش ئەوەی نوقتەی نیزامی دەست پێ بکەین بەڕێزان ماددەی (٥٦) دەخوێنمەوە:
یەکەم/ ئەندام دەتوانێ پشت بەستن بە یەکێك لە بڕگە و ماددەکانی دەستوور و یاسا بەرکارەکان یان یەکێك لە ماددە و بڕگەکانی ئەم پەیڕەوە لە هەر کاتێکی دانیشتنی پەرلەمان دا لە ڕێی خاڵی پەیڕەوییەوە داوای وەرگرتنی مۆڵەت لە سەرۆك بۆ ماوەیەك کە لە یەك خولەك زیاتر نەبێ بە بێ ڕەچاوکردنی تۆمارکردن و ڕیزبەندی ئاخاوتن بکات.

دووەم/ تەنیا ئەم بارانە بە خاڵی پەیڕەوی دادەنرێ:
١-پێشێل کردنی یەکێك لە مادده و بڕگەکانی دەستوور و یاسا بەرکارەکان یان یەکێك لە مادده و بڕگەکانی ئەم پەیڕەوە.
٢-ئەگەر گفتوگۆکان لە بابەتی دانیشتنەکە دەرچوون.
٣-داواکردن بۆ دواخستنی گفتوگۆ لەسەر بابەتێك و بڕیاردان لەسەر گفتوگۆکردن لە بابەتێکی تر یان ئاڵوگۆڕ لە بەرنامەی کار.
سێهەم/ ئەگەر ئەندام بە خاڵی پەیڕەوی داوای ئاخاوتنی کرد، بەڵام ئاخاوتنەکەی خاڵی پەیڕەوی نەبوو سەرۆك دەتوانێ ئاخاوتنی پێ ببڕێت و لە کاتی دووبارە بوونەوەی لەو دانیشتنەدا هەلێکی تری بۆ ئاخاوتن بە خاڵی پەیڕەو پێ نادا.
کاك د.کاظم لەبەر ڕۆشنایی ئەو ماددەیە، فەرموو.

**بەڕێز د.کاظم فاروق نامق:**

**بسم الله الرحمن الرحیم**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە پێی ماددەی (٢٤) بڕگەی دووەم دەڵێت (ئەندام پەرلەمان ئازادی ئاخاوتن و ڕادەربڕینی تەواوی هەیە لە کاتی پەرلەمانی دا ...هەتا کۆتایی بڕگەکە) ئەم پەرلەمانە بەم پەیڕەوە دەڕوات بەڕێوە، ئێمە فراکسیۆنێکی ئۆپۆزسیۆنین سەر بە هێزێکی مەدەنین، کۆمەڵێك پێشێلکاری گەورە بەرامبەرمان کراوە، بەڵام ئەوەی کە ئێستا زۆر جێی سەرنجە ئەوەیە بەداخەوە دوو ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی پارتی، فراکسیۆنی زەرد کە ئێستا لە قاعەکەدا حزووریان هەیە و ئەندامێکی پەرلەمان لە فراکسیۆنی سەوز فراکسیۆنی یەکێتی ئەوە ناوەکانیانە بۆ جەنابتانم نووسیوە بۆتان دەنێرم هەڕەشەی حیزبەکانیان بۆ ئێمە هێناوە و هەڕەشەی کوشتنمان لێ دەکەن و بە نەص بە خۆمیان وتووە دکتۆر بەداخەوە پێمان ناخۆشە تۆ و منداڵەکانت بێ ناز دەبن، جا من لێرەدا دەپرسم ئایا بەڕاستی تێر نەبووین لە شەڕی ناوخۆ و شەڕی براکوژی و کورد کوژی؟ ئایا ئەوە دیموکراسییەکەیە؟ تەنها بە یەك دێڕیش دەڵێم ئێمە فراکسیۆنێکی مەدەنین و دیفاع لە مافی خەڵك دەکەین و هەموو قسەکانمان تەنها قسەمان هەیە، چەکمان نییە و هێزی چەکداریشمان نییە، تەنها بە قسە دیفاع لە مافی خەڵك دەکەین، هەر شتێکمان بەرامبەر بکرێت لەسەر مافی خەڵك بەلامانەوە ئاساییە، ئەو کەسانەش کە هەڕەشەمان لێ دەکەن چییان لە دەست دێت با بیکەن و منەتمان نییە......

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سیپان فەرموو، با کاك سیپان تەواوی بکا، ناوەکان بنێرە، گوتمان لە چوارچێوەی ماددەی (٥٦)، کاك سیپان، فەرموو، قسە دەکەی یان بیدەمە یەکێکی تر؟ فەرموو کاك سیپان.

**بەڕێز سیپان سالم حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ل گۆڕی ماددەی (٤٧، ٤٨) دەربارەی کارناما رونشتنا پەرلەمانێ کوردستانێ، ل گۆری کارناما ئەڤرۆکە پرۆژە یاسای کو خاندنا دوویێ بۆ تێتە کرن ئەستۆ کردنا فەرمانبەرا ل هەرێما

کوردستان داش عێـراق ئەڤـرۆکە ل سـەر بـابەتەکێ ت ئـاخڤین کـو ئەرکێـت حکـومەتێ ل سـەر فەرمانبەرا ئەرێ بۆ چی ئەرکێـت فەرمـانبەرا ل سـەر حکـومەتێ نـاکەڤیتە بەرنـامێ کـاری؟ ئایـا حکومەت پڕۆژە ل پەرلەمانا دێهێتە خاندن بـۆ هێـتە کـرن و رۆژێـت بهێـت پەسـەندکرن کە ئایـا حکومەتێ چ مولتەزمـات ل سـەر فەرمـانبەری هەنە ئەرێ مـا فەرمـانبەری ژی مولتەزمـات سـەر حکومەتێ نینە مووچەی وی ژ بۆ وی دابین بکەت؟ کو ب یادداشتێت فەرمی ئاراستەی جەنـابێ وە کرینە هەم لێ بڕینا (٢١%) هەم سەر پاشکەفتێ وان هەم سەر دەواما فەرمانبەران هەم سـەر مـاف و ئیمتیـازات و پـلە بەرز کرنـا وان لـێ بەداخەوە هەتـا نـوکە ل بەرنـامێ کـارێ پەرلەمـانێ کوردستانێ تێدا نیـنە بەلکـو ب تنـێ ئەو بەرنـامێ کـار تێـدا ئەوێ کـو ئەڤـرۆکە ئەو مولتەزمـاتن ئەوێت کو حکومەتێ ل سەر فەرمانبەرا بەلکو فەرمانبەرا ل سەر حکومەتێ بە داخەوە ناکەڤیتە بەرنامێ کاری داخـازا روونکرنـێ ژ جەنـابێ تە دکەم چـونکی فەرمـانبەر چاڤەڕێ ڤـێ چەنـدێنە مافێت وان بهێنە دان نەك بتنێ زخوتات ل سەر وانا بهێنە کرن بـێ کـو مافێـت وان بهێـنە دابـین کرن

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەدریە خان، فەرموون.

**بەڕێز بدريه إسماعيل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەندە وەکو بڕیاردەری لیژنەی مافی مرۆڤ پێشنیار دەکەم کە ئێمە دوێنـی (٨)ی مانـگ دووبـارە یاداشـتێکمان ئاراسـتەی جەنابتـان کـردەوە بـۆ ئەنجامـدانی کۆبـوونەوەیەك تـایبەت لەسـەر بـارودۆخی چاکسـازییەکان، پێشـنیاردەکەم بە زووتـرین کـات کۆبـوونەوەیەك ئەنجـام بـدرێت تایبەت لەسەر هەر سێ چاکسازییەکە کە بەڕاستی بارودۆخی چاکسازییەکان زۆر ناجێگیرە هەم لە ڕووی تەندروسـتییەوە و هەم لە ڕووی پاڵەپەسـتۆ (**تضخم**)ەوە لە هەر سـێ چاکسـازییەکە، پێشـنیار دەکەم کە جەنابـت داکـۆکی بـکەی کۆبـوونەوەی ئەنجـارە تـایبەت بـێ بە کۆبـوونەوەی چاکسـازییەکان لە هەرێمـی کوردسـتان، تێبینیـیەکم هەیە بەڕێـز سـەرۆکی پەرلەمـان لەسـەر بەرنامەی کاری کۆبوونەوەکە، جەنابی سەرۆك ئێمە تەبعەن دوێنێش هەر پێشنیارمان کرد لەسەر ئەوەی دیاریکردنی کاتی کۆبوونەوەکە بەڕاسـتی کـاتێکە زۆر درەنـگە، ڕۆژی یەکەم ئاسـایی بـوو ئەگەر کاتی بۆ نموونە درەنگترت دابنایە یـان (١٠) بـۆ (١١) هەمـوو پێـدەچێ کۆدەنـگ بـن، هەمـوو ئەندامانیبەڕێزی پەرلەمان لەسەر کاتژمێر (١٠) بۆ (١١) کۆدەنگ بن، بەڵام ئەمڕۆ کە ڕۆژی دووەمە هەمـوو ئەنـدامانی بەڕێـزی پەرلەمـان لە هەولێـر مەوجـودن دەبـوو زووتـر ئەو کۆبـوونەوەیە دابنرایە، تکایە پێم مەبڕە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەقەکەت تەواو بوو، فەرموو، یەك دەقە، چـی دەڵێـی لە یەك دەقە دەتـوانی، بەڵـێ کـاك هـاوڕێ، فەرموو.

**بەڕێز هاوڕێ بناء محمد:**

**بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستی پێموابێ ئەوە سێ بۆ چوارەم جەلسەیە ئەو نوقتە نیزامییە هەر ویستوومە نوقتە بگرم، بۆیە هیوادارم ئەگەر هەندێك درێژی کێشا...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نا درێژ نییە، یەك دەقە.

**بەڕێز هاوڕێ بناء محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو پەرلەمانتاران زۆر جار تێبینی و ڕەخنەمان هەبووە لەسەر ئەدائی کاری ئەم حکومەتە و حوکمڕانییە، هەندێ جار لە ئێوەی بەڕێز لە سەرۆکایەتی پەرلەمان، بۆیە هەندێ جار ڕەخنە و گلەییمان لەسەر ئێوەش هەبووە لە سەرۆکایەتی پەرلەمان بە پێی ماددەکانی پەیڕەو کە هەندێك جار ڕەنگە داواکارییەك یان داخوازییەك لەلایەن لیژنە تایبەتمەندەکانەوە ئاراستەی بەڕێزتان کرابێ وەکو پێویست نەبووبێت، بە نمونە میوانداری کردنی وەزیرەکان، یەعنی من ڕاستی ئەوە نییە بڵێم لە خۆشەویستی و لە چالاکبوونی وەزیرەکان لە تیمی حکومەت میوانداری وەزیرێکمان کردووە، خۆزگە ئەوەندە چالاك بووان ئێمە خۆشحاڵ بباین بە دیداریان، بەڵام بە حوکمی ئەوەی داواکاری و ئەوەی خەڵك زۆر ئاراستەی ئێمە کراوە، بۆیە هەندێ جار ویستوومانە میوانداریان بکەین بۆ ئەوەی ڕوونکردنەوەیان لێ وەربگرین، پێم خۆشە من بۆ خۆم قسە لەسەر خۆم ڕەنگە بەشێك لە برادەرەکان لە پەرلەمانیش بگرێتەوە، ئێمە هەر ڕەخنە لەوان دەگرین یەعنی لەسەر خۆشمان قسەمان هەبێ، یەعنی بەداخەوە لە پەرلەمانی کوردستان هەندێك جار کە پەخش ڕادەگیرێ بە دەنگدان پەرلەمانتارمان هەبووە لە پرۆژە یاسایەکی زۆر هەستیار و گرنگ کە داخوازی خەڵك بووە تەنها لەبەر ئەوەی پەخش ڕاگیراوە هیچ کۆمێنتێکی لەسەر پرۆژە یاساکە نەبووە، هەندێ جار ڕەنگە پسپۆڕی خۆشی بووبێت کە پەیوەندی بە ژیانی خەڵکەوە بووبێ..

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، سەلما خان، فەرموو.

**بەڕێز سلمە فاتح توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێدوانی بەڕێز سەرۆکی فراکسیۆنی نەوەی نوێ تەشهیر کردنێکی تێدابوو بۆ فراکسیۆنی ئێمە، بۆیە من داوای لیژنەی لێکۆڵینەوە دەکەم لەسەر ئەو بابەتە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك لقمانمان ڕاسپاردووە، دەبێ ڕوونکردنەوە بدەن، کاك ئومێد و کاك لقمان لەسەر ئەو قسەیەی بەڕێز کاك د.کاظم، کاك ئومێد جەنابت سەرەتا، فەرموو.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن حسن خۆشناو:**

**بە ناوی خوای گەورە.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان.**

بەر لە ڕوونکردنەوەکە بە پێی حوکمی ماددەی (٥٥) بڕگەی دووەم داواکارم تێکڕای قسەکانی برای بەڕێزمان کاك د.کاظم لە پرۆتۆکۆڵ بسڕێتەوە، چونکە هیچ بنەمایەك و هیچ ڕاستییەکی نییە، ئێمە لەو بارەیەوە وەکو فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕایدەگەیەنین تەواوی ئەو قسانە بە هیچ جۆرێك گوزارشت نییە لە فراکسیۆنی پارتی، هیچ ئەساسێکی نییە، لە ڕابردووش ئەوەمان سەلماندووە وەکو گەورەترین فراکسیۆن هەمیشە ڕێز و ئیحتیراممان بۆ ئۆپۆزسیۆن هەبووە بۆ هەموو ئەو بابەتانەی کە لە نێوانمان دا گفتوگۆیەك هەبێت ئێمە دەست پێشخەر بووینە، بەڵام بۆ ئەم بابەتە بە هیچ جۆرێك ئامادە نین لەگەڵ فراکسیۆنی نەوەی نوێ گفتوگۆ بکەین، چونکە ئەساسی نییە، بۆیە داواکارین بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، بە پێی دەسەڵاتەکانی خۆتان لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە بۆ دەرخستنی ڕاستییەکان دروست بکرێت، ئەو کاتی ئەنجامی ئەو لیژنەیە هەم وەڵامە بۆ ڕای گشتی، هەمیش وەڵامە بۆ ئەو بابەتانەی کە ئەساسی نەبوو و لێرە خرایە ڕوو، دووبارە داواکارم کە قسەکانی لە پرۆتۆکۆڵ بسڕێتەوە، ئێمە بێ بەری خۆمان لەو جۆرە هەڵسوکەوتانەی ئەو باسی کرد دەردەبڕین، ئەساسی نییە و بە هیچ جۆرێك تەعبیر و گوزارشت لە سیاسەتی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان ناکا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، کاك لقمان، فەرموو.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە فراکسیۆنی سەوزی یەکێتی نیشتمانی کوردستان وێڕای ئەوەی کە بڕوای تەواومان بە خەباتی مەدەنی، ئازادی دەربڕین و خەباتی پەرلەمانی لە فراکسیۆنەکانی هێزە ئۆپۆزسیۆنە بەڕێزەکان هەیە، لە ڕابردووشدا بە کردار ئەوەمان سەلماندووە کە ئەو پەڕی ڕێز و حورمەتمان بۆ فراکسیۆنە ئۆپۆزسیۆنەکان هەبووە، زۆر جار پرۆژە یاسا و کاری هاوبەشیشمان پێکەوە کردووە، بۆیە ئێمە لە فراکسیۆنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان هەرگیز سیاسەتی ئێمە بەو شێوەیە نییە هەڕەشە لە هیچ ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان بکەین، بەڵکو بەو پەڕی ڕێزەوە تەماشایان دەکەین، بۆیە تەواوی قسەکان و بوختانەکانی کاك د.کاظم ڕەت دەکەینەوە، داوا دەکەین بە پێی ماددەی (٥٥) بڕگەی دووەم قسەکانی کاك د.کاظم لە پرۆتۆکۆڵ بسڕێتەوە و داوا دەکەین لە سەرۆکایەتی پەرلەمان لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەی ورد پێك بێنێ، چونکە بە هەموو شێوەیەك ئەم قسانە دوورن لە ڕاستی، ئێمە بە تەواوەتی ڕێز لە کاری پەرلەمانی و کاری هاوبەش و پێکەوە دەگرین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێمە قسەكان لە پرۆتۆكۆڵ ناسڕینەوە تاوەكو لیژنەیەك دروست نەكەین، ئەگەر كاك د.كاظم توانی بیسەلمێنێ كە ئەوەی بەرامبەر كراوە قسەكانی لە پرۆتۆكۆڵ دەمێننەوە، ئەگەر نەیتوانی بیسەلمێنێ كە هەڕەشەی لێكراوە ئەو كاتە پرۆتۆكۆڵ لەبەر دەستی خۆماندایە قسەكانی لە پرۆتۆكۆل دەسڕینەوە، دەست بە جێبەجێ كردنی بەرنامەی كار دەكەین، فەرموون، بەڵێ كاك دكتۆر.

**بەڕێز د.ڕێبوار عبدالرحيم عبدالله:**

بەپێی ماددەی (٥٦) قسە دەكەم، ئەو تۆمەتانەی كە بەڕێز سەرۆكی فراكسیۆنی نەوەی نوێ..

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سەرۆكی فراكسیۆنت قسەی كرد، پێویست ناكات.

**بەڕێز د.ڕێبوار عبدالرحيم عبدالله:**

منیش قسە دەكەم، منیش مافم هەیە، ئەندامی فراكسیۆنی زەردم، لەبەر ئەوەی تۆمەتێكی گەورەی خستە پاڵ فراكسیۆنەكەم، مافی خۆمە قسە بكەم بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، ئەگەر دەرچوو لە لێكۆڵینەوەكان هیچ بنەمای بۆ نییە دەبێ سزا بدرێ بەڕاستی، بە هیچ شێوەیەك قابیلی قبوڵ نییە ئەنجامەكەی ئەوە بێ تەنها قسەكانی لە پرۆتۆكۆڵ بسڕێتەوە، داوا لە بەڕێزتان دەكەم بۆ نەزاهەتی لێكۆڵینەوە هەرچی بكرێ پێویست بێ بۆ ئەوەی ئەگەر ئەنجامەكان بە شێوەیەك بوو قسەكانی و بوختانەكانی بێ بنەما بوون دەبێ سزا بدرێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێمە ڕاوێژ دەكەین لە نێوان دەستەی سەرۆكایەتییە، چی پێویست بێ لە ڕووی ئیجرائی و ئصولییەوە دەیكەین، لەبەر ئەوەی بەڕێزیان سەرۆكی فراكسیۆنێكە لە فراكسیۆنەكانی پەرلەمانی كوردستان، ئەم بەڕێزانەشی كە وەڵامیان داوەتەوە بە ناوی فراكسیۆنەكانی پەرلەمانی كوردستان وەڵامیان داوەتەوە، ئێمە تەحقیق دەكەین ئەگەر دەركەوت قسەكانی كاك د.كاظم وەكو باس دەكات هەڕەشەی لێ كراوە ئەوە ڕێ و شوێنی تر هەیە، ئەگەر دەركەوت هەڕەشەی لێ نەكراوە و ئەوەی بەڕێزیان دەیڵێ ڕێ و شوێنی تر هەیە، ئێمە با پێش حەدەس نەكەوین، دەست بە جێبەجێ كردنی بەرنامەی كار دەكەین، سەبارەت بە پرۆژە یاسای لە ئەستۆكردن دەمەوێ قسەیەك بكەم كە پرۆژە یاسای لە ئەستۆكردن تەكمیلە كردن و تەواوكاری یاسای چاكسازی ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠٢٠)ە كە زۆر زۆر گرنگە، ئێمە ڕۆژانە هەر هەموومان باس لەوە دەكەین كە ماڵ و موڵكی دەوڵەت بە هەدەر دەدرێ بە هۆی پێشێل كردنی یاساكان، بە هۆی پێشێل كردنی بڕیارەكان، بە هۆی پێشێل كردنی ڕێنماییەكان، بە هۆی لادان لە پابەندییە یاسایی و پابەندییەكانی فەرمانبەران، ئەگەر زەرەر بە ماڵ و موڵكی گشتی بگات هەموومان دەبێ

داكۆكی لە ماڵ و موڵكی گشتی بكەین بۆ گەڕاندنەوەی حەقی خەڵك، كاك د.بژار فەرموون دەست بە جێبەجێ كردنی بەرنامەی كار دەكەین، ئیشی خۆتان بكەن.

**بەڕێز د.بژار خالد عبدالله:**

**بە ناڤێ خودای مەزن و دلۆڤان.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوە دەقی ڕاپۆرتی لیژنەی یاساییە:

بۆ / سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان

بابەت/ ڕاپۆرتی لیژنە

لیژنەی كاروباری یاسایی ڕۆژی چوارشەممە ڕێكەوتی (٢٠٢٠/٨/١٩) كاتژمێر (١١:٣٠) كۆبوونەوەی خۆی ئەنجام دا بە مەبەستی پێداچوونەوە و داڕشتنی یاسایی و دڵنیابوون لە دژ نەبوونی دەقەكان لەگەڵ دەستوور و یاسا كارپێكراوەكان و ئامادەكردنی ڕاپۆرت سەبارەت بە خوێندنەوەی دووەم بۆ پرۆژە یاسای لە ئەستۆكردن لە هەرێمی كوردستان - عیراق كە لەلایەن سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی كوردستانەوە پێشكەش كراوە، لە دانیشتنی ژمارە (٦)ی ئاسایی ڕۆژی دووشەممە ڕێكەوتی (٢٠٢٠/٧/٢٧) خوێندنەوەی یەكەمی بۆ كراوە، دەرەنجام لیژنەی یاسایی ئەم داڕشتنەوەی خوارەوەی پێ پەسەندە:

ناونیشان: پرۆژە یاسای لە ئەستۆكردن لە هەرێمی كوردستان-عیراق.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێمە لە خوێندنەوەی دووەمداین، سەرەتا دەبێ پرۆژەكە بخوێننەوە دواتر ڕاپۆرتەكە بخوێننەوە بۆ ئەوەی بڕیار بدەین كامیان بكەین بە بنەمای گفتوگۆ، فەرموون سەرەتا پرۆژەكەی حكومەت بخوێننەوە.

**بەڕێز د.بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكا پەرلەمانی.**

كاك عباس جێگری سەرۆكی لیژنەی یاسایی دەیخوێنێتەوە.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**پرۆژە یاسای لە ئەستۆكردنی فەرمانبەران لە هەرێمی كوردستان-عیراق**

**ماددەی (١):**

فەرمانبەر یان ڕاسپێردراو بە ڕاژەی گشتی بەهای ئەو زیانانەی لە ئەستۆ دەگرێت كە بەر گەنجینەی گشتی كەوتووە بە هۆی پشت گوێ خشتنی یان كەمتەرخەمی یان هەڵەی یان سەرپێچی كردنی بۆ یاسا و بڕیار و پەیڕەو و ڕێنماییە بەركارەكان لە هەرێمی كوردستان.

**ماددەی (٢):**

یەکەم/ پێویستە وەزیری تایبەتمەند یان سەرکی لایەنی نەبەستراو بە وەزارەت یان پارێزگار یان ئەوەی هەر کامیان بێت ڕایدەسپێرێت، لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە پێکبهێنەدرێت لە سەرۆکێك و دوو ئەندام لەو فەرمانبەرانەی خاوەن شارەزایی و پسپۆریین لەوانەی پلەیان لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێت بەو مەرجەی یەکێکیان هەڵگری بڕوانامەی زانکۆی بەرایی بێت لە یاسا.

دووەم/ نابێت لیژنەی لێکۆڵینەوە کەسێك یان زیاتر ببێتە ئەندامی لەوانەی هەر پەیوەندییەکی خزمایەتی تا پلەی چوار یان پەیوەندی زاوایەتی هەیە لەگەڵ ئەو فەرمانبەرەی بە لەئەستۆکردن داوا کراوە.

سێیەم/ دەکرێت زیاتر لە یەك لیژنە پێك بهێندرێت لە ناوەندی وەزارەت یان لایەنی نەبەستراو بە وەزارەت بۆ تێڕوانین لە پرۆسەکانی لە ئەستۆکردن ئەگەر پێویستی هەبێت لەبەر بوونی ژمارەیەك پرس کە پێویست بکەن خێرایی بکرێت لە تەواوکردنی لێکۆڵینەوە لەسەریان.

ماددەی (٣):

ئەو فەرمانگە پەیوەندارەی زیانگەیاندن بە مایەی گشتی تیایدا ڕوویداوە هەڵدەستێت بە پێ ڕاگەیاندنی وەزارەت یان لایەنی نەبەستراو بە وەزارەت کە بۆی دەگەڕێتەوە بە ڕوودانی زیانەکە لە ماوەیەك تێپەڕ نەکات لە حەوت ڕۆژ لە ڕێکەوتی ئاشکرابوونی ڕوودانەکەی.

ماددەی (٤):

یەکەم/ لیژنەی لێکۆڵینەوە هەڵدەستێت بە پێ ڕاگەیاندنی فەرمانبەر یان ڕاسپێردراو بە ڕاژەی گشتی ئەوەی داوا کراوە بە لە ئەستۆکردن یان لە ڕێگەی فەرمانگەکەی بە شێوەی نووسراو بۆ ئەوەی لەبەردەمی ئامادەبێت و وتەکانی بنووسێت و دەربارەی ئەوەی خراوەتە پاڵی و گوێبیستی وتەی گەواهیدەرەکان و چەسپاندنی ئەو پەڕا و بەڵگانە و داتایانەی تێڕوانینیان بۆ کراوە لەگەڵ بەڵگەکانیان.

دووەم/ لە حاڵەتی پێڕانەگەیاندنی ئەو کەسەی داواکراوە بە لە ئەستۆکردن لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێبوونی بە هۆی بچڕانی پەیوەندییەکەی بەو وەزیفەی هەیبووە، ئەوا پێڕاگەیاندنی بۆ دەکرێت لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی بۆ یەك جار لە دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانە یەکێکیان لە هەولێر دەربچێت ئەوەی دیکە لەو پارێزگایەی کە لە یەکێك لە فەرمانگەکانی کاری تێدا دەکرد.

سێیەم/ پێویستە لەسەر لیژنەی لێکۆڵینەوە ڕێکارەکانی خۆی بگرێتەبەر و وێڕای ئامادەنەبوونی ئەو کەسەی داواکراوە بە لە ئەستۆکردنی داوای پێڕاگەیاندنی دانانی بەوەی پێڕاگەیاندنی بۆ کراوە.

ماددەی (٥):

لیژنەی لێکۆڵینەوە بۆی هەیە پشت ببەستێت بە کەسانی خاوەن شارەزایی و پسپۆری بۆ دیاری کردنی بەرپرسێتی ئەو کەسەی داواکراوە بە لەئەستۆکردن و مەزندەکردنی بەهای زیانەکە لە کاتی ڕوودانی و مافی دەنگدانیان نابێت. لەو حاڵەتەی لیژنەی لێکۆڵینەوە بۆچوونی شارەزایان

وەرناگرێــت پێویســتە هۆکــارەکەی بنووســێت، و بــۆی هەیە شــارەزای دیــکە جــگە لەوانەی دەستنیشان بکات یان شارەزای دیکەیان بۆ زیاد بکات.
ماددەی (٦):
پێویستە لیژنەی لێکۆڵینەوە بگات بەمانەی خوارەوە:
یەکەم/ دیاریکردنی ئەو زیانەی بەرمایەی گشتی کەوتووە و شێوەیەکی ورد و دوور لە نادیاری.
دووەم/ دیارکردنی بەهای زیانەکە بەو نرخەی باوە لە کاتی ڕوودانی.
سێیەم/ دیاریکردنی ئەو هەڵەی ئەنجامدراوە یان پشت گوێخستنەکە یان کەمتەرخەمییەکە یان سەرپێچییەکە و ئایـا بە ئەنقەسـت بـووە یـان بـێ ئەنقەسـت و پەیوەنـداری هۆکـاری نێـوان ئەو هەڵەی ڕوویداوە و ئەو زیانەی بۆتە دەرەنجامی.
چـوارەم/ دیـاریکردنی ڕێـژەی بەرپرسـیارێتی ئەوانەی بەشـداربوون لە ئەنجامـدانی زیـانەکە چ دەرەنجامی هەڵەیەکی مرۆیی زیاتر لە یەك کەس یان لایەن بێت یان هۆیەکی ویستراو بێت یان نەویستراو.
ماددەی (٧):
تەنها وەزیـری تایبەتمەنـد یـان سـەرۆکی لایەنی نەبسـتراوە بە وەزارەت یـان پارێزگـار بڕیارێـك دەردەکـات لەسـەر ڕاسـپاردەی لیـژنەی لێکـۆڵینەوەی پێکهێنـراو بە پێـی ئەو یاسـایە لە مـاوەی حەوت ڕۆژ لە ڕێکەوتی وەرگرتنی ڕاسپاردەکانی لیژنەی لێکۆڵینەوە.
ماددەی (٨):
بـڕە پـارەی لە ئەسـتۆکراو بە یەکجـار دەدرێـت و وەزیـری تایبەتمەنـد یـان سـەرۆکی لایەنی نەبەسـتراو بە وەزارەت بـۆی هەیە بیکـاتە قیسـت بـۆ مـاوەیەك لە پێـنج سـاڵ زیـاتر نەبێـت و بەرامـبەر بە کەفـالتێکی کەسـێتی گەرەنتیکـار یـان خـانووبەرەیی و لەم حـاڵەتەش نیشـانەی گلـدانەوە بە حـوکمی ڕەهـن لەسـەر خـانووبەرەکە دادەنرێـت لە بەڕێـوەبەرایەتی تۆمـارکردنی خانووبەرەی تایبەتمەند.
ماددەی (٩):
حوکمەکانی یاسای وەرگرتنی قەرزە حکومییەکانی بەرکار لە هەرێمی کوردستان لەسـەر کەسـی لە ئەستۆکراو پیادە دەکرێت لە حاڵەتی پابەندنەبوونی بە دانەوەی بڕە پارەی لە ئەسـتۆکراو یـان نەدانـی قیسـتەکان لە مـاوەی (٣٠) ڕۆژ لە ڕێکەوتـی شایسـتەبوونی بە قیسـت کـردنەکەش بە هەڵوەشاوە دادەنرێ و ئەو قیستانەی ماونەتەوە لە ئەستۆی بەیەکجاری لێـی وەردەگیـرێتەوە و ئەگەر نەکـرا بـڕە پـارەی لە ئەسـتۆکراو بە پێــی یاســای وەرگــرتنەوەی قەرزە حکومییەکــان وەربگیرێت ئەوا مووچەی کەسی لە ئەستۆکراو گلـدەدرێت (حجـز) بە پێـی حوکمەکـانی یاسـای حجــز کردنــی بەرکــار و ئەوەش ڕێگــر نابێــت لە جێبەجــێ کــردن لەســەر هەر مــایەیەك کە لە داهاتوودا بۆی پەیدا دەبێت.
ماددەی (١٠):
یەکەم/ کۆتایی هاتنی ڕاژەی فەرمانبەر یان ئەرکی کەسی ڕاسپێردراو بە ڕاژەی گشتی لەبەر هەر هۆکارێك بێت یـان بە هەر شـێوەیەك بێـت یـان گواسـتنەوەی بـۆ هەر وەزیفەیەکـی دیـکە ڕێگـر نابێت وەرگرتنەوەی بڕە پارەی لە ئەستۆکراو بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

دووەم/ لە حاڵەتی مردنی کەسی لە ئەستۆکراو بڕە پارەی لە ئەستۆکراوەکە دەچێتە ناو میراتەکەی.
ماددەی (١١):
فەرمانبەر یان ڕاسپێردراو بە ڕاژەی گشتی ئەوەی لە ئەستۆی کراوە ڕاستەوخۆ مافی دادخوازی (تظلم) هەیە لەسەر بڕیاری لە ئەستۆکردنی دەرکراو لەلایەن وەزیری تایبەتمەند یان لایەنی نەبەستراوە بە وەزارەت لە ماوەی (١٥) ڕۆژ لە ڕێکەوتی پێڕاگەیاندنی یان دانانی بەوەی پێڕاگەیاندنی بۆ کراوە و بۆی هەیە دادخوازییەکەی ڕاستەوخۆ بۆ لایەنی بڕیارەکە یان بە هۆی فەرمانگەکەی یان ئەو لایەنەی لەلای کاردەکات پێشکەش بکات.
ماددەی (١٢):
یەکەم/ پێویستە لەسەر وەزیر یان سەرۆکی لایەنی نەبەستراوە بە وەزارەت بڕوانێتە دادخوازییەکە لە ماوەی (١٥) ڕۆژ لە ڕێکەوتی وەرگرتنی وەزارەت یان سەرۆکایەتی لایەنی پەیوەندیدار بۆی. لە حاڵەتی بەسەرچوونی ماوەی باسکراو بە بێ تێڕوانین تیایدا ئەوا دادەندرێت دادخوازییەکە ڕەزامەندی لەسەر دراوە.
دووەم/ کەسی دادخواز بۆی هەیە تانە بدات لە بڕیاری دەرکراو لەلایەن وەزیر یان سەرۆکی لایەنی نەبەستراوە بە وەزارەت دەربارەی دادخوازییەکە لەبەردەم دادگای کارگێری لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ لە ڕێکەوتی پێڕاگەیاندنی بە ڕەتکردنەوەی دادخوازییەکەی یان دانانی بەوەی پێڕاگەیاندنی بۆ کراوە.
ماددەی (١٣):
یەکەم/ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران وەك وەزیری تایبەتمەند دادەنرێت بۆ پیادەکردنی دەسەڵاتەکانی بە پێی ئەم یاسایە ئەگەر ئەو کەسەی داواکراوە بە لەئەستۆکردن وەزیر بێت یان سەرۆکی لایەنێکی نەبەستراو بێت بە وەزارەت.
دووەم/ ئەو لیژنەیەی بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە پێکهێنراون نابنە جێگرەوە بۆ ئەو لیژنانەی حوکمەکانی یاسای بەرزەفتەکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی بەرکار لە هەرێم دەیانگرێتەوە.
سێیەم/ لە ئەستۆکردنی فەرمانبەر یان راسپێردراو بە راژەی گشتی یان دانەوەی بڕە پارەی لە ئەستۆکراو نابێتە رێگر فلە گرتنەبەری رێکاری یاسایی دەرهەق بەپێی یاسای ناوبراو یان رەوانەکردنی بۆ دادگای تایبەتمەند سزاکاری، ئەگەر ئەو کردەوەی ئەنجامی داوە بەپێی بەپێی یاسا سزاکاری بەرکار یان هەر یاسایەکی دیکەی تاوان بێ،
ماددەی چواردەم:
ئەم یاسایە پێادە دەکرێ لەسەر ئەم پرسانەی بڕیاری لە ئەستۆکردنیان بۆ دەرنەچووە.
ماددەی پازدەم:
وەزیری دارایی بۆی هەیە رێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکات.
ماددەی شازدەم:
پێویستە لەسەر لایەنی پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

ماددەی حەڤدەم:
کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێکی ناکۆك لە گەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکرێت.
ماددەی هەژدەم:
ئەم یاسایە لە رێکەوتی بڵاوکردنەوەی رۆژنامەی فەرمی وەقایعی کوردستان جێبەجێ دەکرێت.
هۆیەکانی دەرچوواندن
لە پێناو پارێزگاری کردن لە مایەی گشتی و زیاتر بایەخ پێدانی فەرمانبەران راسپێردراون بە راژەی گشتی پێیەوە لە رێگەی بێ باکی و نەکردن لەگەڵ حاڵەتەکانی پشتگوێ خستن و کەم تەرخەمی یان بە ئەنقەست زیان گەیاندن بە مایەی گشتی و سەرپێچی کردنی یاسا و بڕیار و پێڕە و رێنماییە بەرکارەکان ئەم یاسایە دەرچوێندرا، سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سەرۆکی لیژنەی یاسایی راپۆرتەکە بخوێننەوە،

**بژارخالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

## بابەت/ ڕاپۆرتی لێژنە

لیژنەی ( **کاروباری یاسایی** ) ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٨/١٩) کاتژمێر (**١١:٣٠**) کۆبوونەوەی خۆی ئەنجامدا بە مەبەستی پێداچوونەوە و داڕشتنی یاسایی و دڵنیابوون لە دژنەبوونی دەقەکان لەگەڵ دەستوور و یاسا کارپێکراوەکان، و ئامادەکردنی ڕاپۆرت سەبارەت بە خوێندنەوەی دووەم بۆ ( پڕۆژە یاسای لە ئەستۆکردنی فەرمانبەران لە هەرێمی کوردستان - عێراق) کە لەلایەن (سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان)ەوە پێشکەش کراوە، و لە دانشتنی ژمارە (٦)ی ئاسایی رۆژی دووشەممە رێکەوتی ٢٠٢٠/٧/٢٧ خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە، دەرئەنجام لیژنەی یاسایی ئەم داڕشتنەوەی خوارەوەی پێ پەسەندە:
ناو نیشان/ پڕۆژە یاسای لە ئەستۆکردن لەهەرێمی کوردستان - عێراق
ماددەی (١):
ئەم زاراوانەی خوارەوە بۆ مەبەستی حوکمەکانی ئەم یاسایە ماناکانی بەرامبەریان دەگەیەنن:-
یەکەم/ هەرێم: هەرێمی کوردستان - عێراق.
دووەم/ وەزیری تایبەتمەند: وەزیری ئەو وەزارەتەیە کە کەسی لەئەستۆکراو تیایدا زیانی بە موڵك و ماڵی دەوڵەت گەیاندووە.
سێیەم/ سەرۆکی لایەنی نەبەستراو بەوەزارەت: سەرۆکی ئەو لایەنی نەبەستراوەیە بە وەزارەت کە کەسی لەئەستۆکراو تیایدا زیانی بە موڵك و ماڵی دەوڵەت گەیاندوە.
چوارەم / پاریزگاری تایبەتمەند: پارێزگاری ئەو پارێزگایەیە کە کەسی لەئەستۆکراو تیایدا لە سنووری دیوانی پارێزگا و یەکە کارگێڕیەکانیدا زیانی بە موڵك و ماڵی دەوڵەت گەیاندووە .
پێنجەم/ دەسەڵاتی تایبەتمەند: وەزیری تایبەتمەند، سەرۆکی لایەنی نەبەستراو بە وەزارەت، پارێزگار دەگرێتەوە.

شەشەم/ موڵك و ماڵی دەوڵەت: سەرجەم موڵك و ماڵی گشتی و تایبەتی، گوازراوە و نەگوازراوە دەگرێتەوە، کە خاوەنداریێتی دەگەڕێتەوە بۆ دەوڵەت یان کەسە مەعنەوییە گشتییەکان، کە تەرخانکرا بێت بەشێوەیەکی راستەوخۆ بۆ سوودی گشتی یان بۆ دام و دەزگایەکی گشتی بەشێوەی کرداری یان بەپێی یاسا.
حەوتەم/ فەرمانبەر: هەر کەسێك کە وەزیفەیەکی لەسەر میلاکی دامەزراوە دەستوورییەکانی هەرێم پێ سپێردرابێت، بە شێوەی هەمیشەیی یان گرێبەست.
هەشتەم / راسپێردراو بە راژەی گشتی: هەر کەسێك ئەرکێکی لە خزمەتی دامەزراوە دەستوورییەکانی هەرێم پێ سپێردرابێت بۆ ماوەیەکی دیاریکراو.
نۆیەم / لیژنەی لێکۆڵینەوە: ئەو لیژنانەن کە بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە بۆ مەبەستی لێکۆڵینەوە لەو زیانانەی بە موڵك و ماڵی دەوڵەت دەکەوێت، پێکدێن.
دەیەم / لە ئەستۆکردن: قەرەبوکردنەوەی ئەو زیانانەیە کە لە لایەن فەرمانبەر یان کەسانی راسپێردراو بە راژەی گشتی بەر موڵك و ماڵی دەوڵەت دەکەوێت.
ماددەی (٢):
فەرمانبەر یان راسپێردراو بەڕاژەی گشتی بەهای ئەو زیانانە لە ئەستۆدەگرێت کە بەموڵك و ماڵی دەوڵەت کەوتوون بە ئەنقەست بێت، یان بەهۆی پشتگوێخستن یان کەمتەرخەمی، یان سەرپێچیکردنی یاسا و بڕیار و پێڕەو و ڕێنماییە بەرکارەکان.
ماددەی (٣):
یەکەم: پێویستە دەسەڵاتی تایبەتمەند یان ئەوەی هەر کامیان رایدەسپێرێت، لیژنەی لێکۆڵینەوە پێکبهێنێت، لە سەرۆکێك کە پلەی لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێت و دوو ئەندام لەفەرمانبەرانی خاوەن شارەزایی و پسپۆڕیی، بەو مەرجەی یەکێکیان خاوەن بڕوانامەی بەرایی زانکۆیی بێت لە یاسادا.
دووەم: نابێت لە لیژنەی لێکۆڵینەوەدا کەسێك ببێتە ئەندام کە پەیوەندی هاوسەرگیریی یان خزمایەتی یان ژن و ژنخوازی تا پلەی چواری لەگەڵ ئەو فەرمانبەرە هەبێت کە بە لەئەستۆکردن داواکراوە.
سێیەم: ئەگەر پێویستی کرد، دەسەڵاتی تایبەتمەند بۆی هەیە زیاتر لە یەك لیژنەی لێکۆڵینەوە لە دۆسیەکانی لە ئەستۆکردن، پێکبهێنێت.
ماددەی (٤):
فەرمانگەی پەیوەندیدار کە زیان گەیاندن بە موڵك و ماڵی دەوڵەت تیایدا روویداوە لە ماوەیەك کە لە (٧) حەوت رۆژ لە رێکەوتی زانینی رووداوەکە تێپەڕنەکات، دەسەلاتی تایبەتمەند ئاگادار دەکاتەوە.
ماددەی (٥):
یەکەم: لیژنەی لێکولێنەوە ئەم ئەرکانەی خوارەوە دەگرێتە ئەستۆ:
١- پێڕاگەیاندنی ئەو کەسەی داواکراوە بە لە ئەستۆکردن لە رێگەی فەرمانگەکەیەوە بە شێوەی نووسراو، بۆ ئەوەی لە کات و شوێنی دیاریکراودا ئامادەبێت.

٢- لێکۆڵینەوە بە شێوەی نووسراو دەبێت، و هەموو وتەکانی کەسی داواکراو بە لەئەستۆکردن و گەواهیـدەرکان تۆمـار دەکرێـت، و لیـژنە بـۆی هەیە گشـت ئەو پەڕاو و بەڵگەنـامە و زانیاریـانە ببینێت کە بۆ لێکوڵینەوە بە پێویستیان دەزانێت.
٣- لەڕێگەی کۆنووسـەوە دیـاریکردنی لە ئەسـتۆکار و بەشـداربووان لەگەڵیـدا، ئەو زیانـانەی بەر موڵك و ماڵی دەوڵەت کەوتووە، بەهای زیانەکە بەو نرخەی کە لە کاتی ئاڕاستەکردنی ڕاسپاردەی لێژنە باوە، و بڕی پارەی لە ئەستۆکردن.
دووەم: ئامادەنەبوونی کەسی داواکراو بە لەئەسـتۆکردن، سـەرەڕای پێڕاگەیانـدنی، ڕێگـر نابێـت لەبەردەم ڕێکارەکانی لێژنەی لێکوڵینەوە.
سـێیەم: لێـژنەی لێکـوڵینەوە بـۆی هەیە پشـت بە کەسـانی شـارەزا و تایبەتمەنـد ببەسـتێت بـۆ دیاریکردنی بەرپرسیارێتی ئەو کەسەی داواکراوە بە لەئەستۆکردن و مەزەندەکردنی بەهـای ئەو زیانەی بەر موڵك و ماڵی دەوڵەت کەوتووە.
ماددەی (٦):
دەسەڵاتی تایبەتمەند لەسەر بنەمای ڕاسپاردەکانی لیژنەی لێکۆڵینەوە بڕیاری لەئەستۆکردن یـان لەئەستۆنەکردن دەدات، لەماوەی (٧) حەوت ڕۆژ لەڕێکەوتی وەرگرتنی ڕاسپاردەکان.
ماددەی (٧):
بـڕی پـارەی لەئەسـتۆکراو بە یەکجـار وەردەگیرێـت، و دەسـەڵاتی تایبەتمەنـد دەتوانێـت بیکـاتە قیست بۆ ماوەیەك لە (٥) ساڵ زیاتر نەبێت، بەرامبەر بە دەسـتەبەرێکی کەسـی گەرەنتیکـار یـان خانووبەرەیی لەم بارەشدا نیشانەی گلدانەوە بەحوکمی ڕەهن لەسەر خانووبەرەکە لەفەرمانگەی تۆمارکردنی خانووبەرەی تایبەتمەند دادەنرێت.
ماددەی (٨):
یەکەم: لەحـاڵەتی پابەنـدنەبوونی بەدانەوەی بـڕی پـارەی لەئەسـتۆکراو یـان نەدانـی قیسـتەکان لەمــاوەی (٣٠) ڕۆژ لەڕێکەوتــی شایســتەبوونی، حوکمەکــانی یاســای وەرگــرتنەوەی قەرزە حکومییەکــانی بەرکــار لەهەرێــم لەســەر کەســی لەئەســتۆکراو پیــادە دەکرێــت، و بڕیــاری بەقیستکردنەکەش بەهەڵوەشاوە دادەنرێـت و ئەو قیسـتانەی لەئەسـتۆی مـاونەتەوە بە یەکجـار لێی وەردەگیرێتەوە.
دووەم: ئەگەر نەکرا بڕی پارەی لە ئەستۆکراو بەپێـی یاسـای وەرگرتنەوەی قەرزە حکومییەکـان وەربگیرێت، ئەوا مووچەی کەسی لە ئەستۆکراو بەپێی ئەو ڕێژانەی کە لە یاسای جێبەجێکردنی کـارپێکراو لە هەرێـم ڕێـگەی پێـدراوە، گلـدەدرێتەوە، و ئەمەش ڕێگـر نابێـت لە گـرتنەبەری ڕێکارەکانی هاتوو لە یاسای وەرگرتنەوەی قەرزە حکومییەکانی کارپێکراو لە هەرێم لەسـەر هەر موڵك و ماڵێکی لەئەستۆکراو کە لە داهاتوودا دەبێتە خاوەنی.
ماددەی (٩):
یەکەم: کۆتایی هاتن یان گواستنەوەی ڕاژەی فەرمانبەر یان ئەرکی کەسـی ڕاسـپێردراو بەڕاژەی گشتی بە هەر هۆکارێك، ڕێگر نابێت لەگرتنەبەری ڕێوشوێنی لەئەسـتۆکردن بەپێـی حوکمەکـانی ئەم یاسایە.
دووەم: لە حالەتی مردنی لە ئەستۆکراو، بڕی پارەی لە ئەستۆکردن دەگوازرێتەوە بۆ میراتەکەی.
ماددەی (١٠):

یەکەم: فەرمانبەر یان راسپێردراو بەڕاژەی گشتی کە بڕیاری لە ئەستۆکردنی لەسەر دراوە، مافی تانەدانی لە بڕیاری لێژنەی لێکۆڵینەوە لەبەردەم دادگای کارگێڕی بەپێی حوکمەکانی یاسای ئەنجوومەنی شورا لە هەرێمی کوردستان ژمارە (١٤) ی ساڵی (٢٠٠٨)، هەیە.
دووەم: مەرجە پێش تانەدان لە بڕیاری لەئەستۆکردن، کەسی لەئەستۆکراو دادخوازی لە بڕیارەکە لە بەردەم ئەو لایەنە پێشکەش بکات کە بڕیارەکەی دەرکردووە لە ماوەی (١٥) ڕۆژ لە ڕێکەوتی پێراگەیاندنی یان هەژمارکردنی بە پێڕاگەیەندراو.
ماددەی (١١):
سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بە وەزیری تایبەتمەند دادەندرێت ئەگەر کەسی لەئەستۆکراو وەزیر یان ئەوانەی پلەی وەزیریان هەیە، سەرۆکی ئەو لایەنە نەبەستراوانە بەوەزارەت بێت کە بە ئەنجوومەنی وەزیران پەیوەستن.
ماددەی (١٢):
یەکەم: ئەو لیژنانەی بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە پێك دەهێنرێن نابنە جێگرەوە بۆ ئەو لێژنانەی حوکمەکانی یاسای بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (١٤) ی ساڵی (١٩٩١) ی بەرکار لە هەرێم دەیانگرێتەوە.
دووەم: لە ئەستۆکردنی فەرمانبەر یان راسپێردراو بە راژەی گشتی بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە، دەسەڵاتی تایبەتمەند پابەند دەکات بە گرتنەبەری ڕێکاری یاسایی و ڕەوانەکردنی دۆسیەکەی بۆ دادگا ئەگەر ئەو کردەوەیەی ئەنجامی داوە بەپێی یاسای سزادانی بەرکار یان هەر یاسایەکی تر کە ڕەگەزیی تاوانکاری تێدابوو.
ماددەی (١٣):
ئەم یاسایە لەسەر گشت ئەو دۆسیانەی کە بەپێی یاسا بەرکارەکان لەژێر لێکۆڵینەوەدان و بڕیاری لە ئەستۆکردنیان بۆ دەرنەچووە، ئەوانەی بڕیاریان بۆ دەرچووە بڕ و قیستەکانیان بە تەواوەتی وەرنەگیراوەتەوە، و ئەوانەشی کە تا ئێستا دۆسیەی لێکۆڵینەوەیان بۆ نەکراوەتەوە و پیادە دەکرێت.
ماددەی (١٤):
وەزیری دارایی و ئابووری ڕێنمایی پێویست بۆ جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەردەکات.
ماددەی (١٥):
کار بەهیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بێت.
ماددەی (١٦):
لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکان پێویستە حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.
ماددەی (١٧):
ئەم یاسایە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.
هۆیەکانی دەرچوواندن
لە پێناو پارێزگاریکردن لە موڵك و ماڵی گشتی دەوڵەت لەلایەن فەرمانبەران و راسپیردراوان بە راژەی گشتی، لە ڕێگەی چاوپۆشینەکردن لەگەڵ حاڵەتەکانی پشتگوێ خستن و کەمتەرخەمی

یان بە ئەنقەست زیـان گەیانـدن بە موڵـك و مـاڵی دەوڵەت یـان سـەرپێچیکردنی یاسـا و بڕیـار و پێڕەو و ڕێنماییە بەرکارەکان، ئەم یاسایە دەرچوێنرا.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان بەرمەبنای بـڕگەی دووەم لە مـاددەی (٨٧) هەر ئەنـدامێکی بەڕێـزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە کە راپۆرتی لسیژنەی یاسایی بکرێت بە بنەما بۆ گفتوگۆکردن با دەسـت بەرزکاتەوە، زۆر سوپاس بە دەنگی (٧٩) ئەندامی پەرلەمان راپۆرتەکەی لیژنەی یاسایی دەکەینە بنەما بۆ گفتوگۆ، فەرموون لە ناونیشانەوە دەست پێبکەن.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ناونیشان بەم شێوەیە: پرۆژە یاسای لە ئەستۆکردن لەهەرێمی کوردستان - عێراق

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر ئەنـدامێکی پەرلەمـان دەیەوێ قسـە بکـا بەڕێـزان ناوەکـان دەخـوێنینەوە ئەگەر کەسـمان نەنووسیبوو (د. محی الدين، کاك مەم، د. **عثمان**، د. هەورامـان، ڕوپـاك خـان، د. ڕێبـوار، د. زانـا، د. زیـدان، کـاك شـوان، کـاك مەلا وەیـس، گولسـتان خـان، بـدریە خـان، هـدیە خـان) کێـی ترمـان نەنووسـیووە بەڕێـزان ئەو نـاوانەی خوێنـدمانەوە، بەڕێـزان ئەنـدامانی پەرلەمـان پـێش ئەوەی دەست بە موناقەشە بکەین لە سەرناونیشـانەکە لە سـەر بنەمـای ئەو داواکـارییەی بەڕێـز کـاك د. کـاظم و داواکـاری فڕاکسـیۆنی زەرد و جێگـری سـەرۆکی فڕاکسـیۆنی سـەوز لە پەرلەمـانی کوردستان ئێمە دوای راوێژ لە دەستەی سـەرۆکایەتی و دوای راوێـژ لە فڕاکسـیۆنەکان بڕیارمـان داوە لیژنەیەك دروست بکەین بۆ لێکۆڵینەوە لەو بابەتە کە لە راستیدا حەوت ئەنـدامان دانـابوو د. اسـماعیل و د. محـی الـدين یشـی تیـا بـوو، بەڵام دیـارە بە ئیـرادەی خۆیـان بەشـدار نـابن، ناوەکانتان بۆ دەخوێنینەوە بە گـوێرەی مـاددەی (٤٣) دەیخەیـنە دەنگدان، (کـاك بـژار سـەرۆکی لیژنەی یاسایی، کاك لقمان، کاك ڕۆمیۆ هەکاری، کاك رزگار رووپاك خان) فەرموو.

بەڕێز **روپاك احمد رحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرس بە من نەکراوە ناوی منی تێدایە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، کاك ابوبکر فەرموو.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله (هەڵەدنی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرچنارخانیش لە فڕاکسیۆنی ئێمە دانێ زەحمەت نەبێ؟

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د. کاظم ئەمە بە دەنگدانە؟ سـەرباری ئەوەی بە دەنگـدانە، ڕێزێکـی زۆر زۆر تایبەتیمـان لـێ نـاوی ئیعتیبارمـان بـۆ قسـەکەت دانـاوە، ئەزانـی چـۆنە ئـێمە بە تەقـدیرێکی زۆرەوە ڕێزمـان بـۆ داناوی لای ئێمە مەحاوەلەمان کرد لە هەموو فڕاکسیۆنەکانی تێدابێ کاك د. اسماعیل بە ئیرادەی

خۆی وتـی نـایكەم ئەو جەنابیـان سـەرۆكی لیـژنەی كاروبـاری پەرلەمـانە لە راسـتیدا واجبیەتـی تێدابێ، ئێمە داوامان لێ كردووە ئێستاش داوای لـێ ئەكەیـن دەبـێ ئەوی تێـدابێ ئەو مەسـئولە لەوەی ئەگەر پەرلەمانتارێـك لە نـاو پەرلەمـان هەڵەی بەرامـبەر كـرا مەسـئولیەتی جەنـابیەتی بەراستی و رووپاك خان كەسێكی قـانوونییە لەبەرئەوە ئـێمە ئەوانمـان دانـاوە و ئەگەر سـەیری ئەمە بكەی فڕاكسیۆنی یەكێتی و پـارتی كەمینـەن لە نـاو ئەم لیـژنەیە ئەسڵەن لە لیـژنە حەوت كەسیەكە یەك یەكێتی و یەك پارتی تێدایە پێنجەكەی تر لە دەرەوەی یەكێتی و پارتین ئێستاش تەقـدیرت هەیە جەنابـت ئـێمە دەتـوانین بە لیـژنەكەدا بچیـنەوە و دوایـی دەیخەیـنە دەنگـدان، فەرموو كاك ئومێد.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

والله وەكو ئەوەی د. كاظم یە نوقتەی نیزامی نییە، ئێمەش داواكـارین هەردوو بەڕێـزان هەمـوو سەرۆك فڕاكسـیۆنەكانی ئۆپۆزسـیۆن لە لیـژنەكە وجودیـان هەبـێ ئەگەر كـاك بژاریشـتان وەكـو نوێنەری فڕاكسیۆنی پارتی داناوە ئەوەشمان ناوێ با كەسی پارتی تێدا نەبێ ئەگەر وەكو لیژنەی یاسـایی تێـدایە ئـێمە ئەوەنـدە پشـت راسـتین ئەو بـابەتە بنەمـایی نیـیە، بـۆیە داواكـارین هـیچ ئەندامێكی پارتی تێدانەبێ هەموو سەرۆك فڕاكسیۆنەكانی ئۆپۆزسیۆنی تێدا بێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك لقمان.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئـێمە لە فڕاكسـیۆنی یەكێتـی نیشـتیمانی كوردسـتان لەوە تـێ ئەگەیـن كە ئەوەی ئەمـڕۆ كـاك د. كاظم خستیە روو رەنگە ئامانجێكی تایبەتی لە پشت بێ، بـریتیە لەو هەڵـمەتەی كە تایبەتمەنـدە بە كۆكردنەوەی تۆڕی كۆمەڵایەتی فەیسبووك.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

تۆ واز لەوە بێنە كاك لقمان بڕۆ ناو بابەتەكە، فەرموو كاك لقمان.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بـۆیە ئـێمە لە فڕاكسـیۆنی یەكێتـی نیشـتیمانی كوردسـتان لەگەڵ ئەوەیـن بە خواسـتی خۆیـان لیژنەیەكـی لێكـۆڵینەوە لە فڕاكسـیۆنەكانی ئۆپۆزسـیۆن پێـك بێـنن تەنـانەت ئەگەر ئەنـدامی ئێمەشـی تێـدا نەبـێ، چـونكە ئـێمە واسـقین لەوەی كە هـیچ ئەنـدامێكی یەكێتـی نیشـتیمانی كوردستان هەڕەشە لە كەس ناكات بەتایبەت لە پەرلەمانتاران، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ناوەكان دەخـوێنینەوە یەكسـەر كـاك د. اسـماعیل تەكلـیفە دەبـێ بیكـات، لەبەر ئەوەی سـەرۆكی لیژنەی كاروباری پەرلەمانە یەعنی واجبە، د. اسماعیل سەرۆكی لیژنە دەبێ كاك بژار، كاك لقمـان، كاك رۆمیۆ، كاك رزگار، مامۆسـتا عبدالسـتار، كـاك هیمـداد، هەر ئەنـدامێكی بەڕیـزی پەرلەمـان لە

جیاتی ماموستا عبدالستار، رووپاك خان، هەر بەڕێزێك لەگەڵ ئەوەیە ئەو حەوت پەرلەمانتارە بن بە لیژنەی لێکۆڵینەوە با بفەرمووێ دەنگ بدە؟ بەڕێزان بەدەنگی (٧٩) پەرلەمانتاری بەڕێز ئەم بەڕێزانە دەبنە لیژنە د. اسماعیل سەرۆکی لیژنە دەبێ کاك بژار، کاك لقمان، کاك رۆمیۆ، کاك رزگار، رووپاك خان، کاك هیمداد، داوا لە بەڕێز سەرۆکی فراکسیۆنی نەوەی نوێ دەکەین کە کات و شوێن و چۆنیەتی رووداوەکە بە نووسراو ئاراستەی بەڕێز سەرۆکی لیژنەکە بکات، بەڵێ، ئێستا دەچینە بەرنامەی کارەکە کاك بهمن نوقتەی نیزامی هەیە؟

**بهمن کاك عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خودا، راستی من هەر پەیوەند بەو بابەتە نییە لە سەر کۆمێنتێکی جەنابت کە دوێنێ وتووتە ئەندامی پەرلەمان لەو سەعاتانە حازر نابێ، ئەمشەو ئەوەی نەشێێ لە فەیسبوك پێمانکرا، نەك بە من بە هەموو پەرلەمانتار کرا، بەڵام بەپێ ئەوەی ئەیرەوەی کە لەبەر دەستی جەنابتە بەپێی ماددەی (٢٢) زۆر بە جوانی ئەرکەکانی ئەندام دیاری کراوە، تکایە با ئیتر ئەم لێدوانانە نەبێتە هۆی سووکایەتی بە پەرلەمان، جەرەس لێ درا ئێوە غیابات بدەن و لەوێش لە ماددەی (٢٢) بڕگەی یەکەم عقوبەکانی ئەوانە دیاری کراوە کە نایەنە جەلسەی پەرلەمان، یا ئەمە جێبەجێ بکەن؟ یا ئەوەیە کە جەرەس لێدرا پەخشی راستەوخۆ بکەنەوە بزانن کێ نایەتە جەلسەی پەرلەمان با هەموومان بەیەکەوە خراپ نەبین ئەمە یەك، دوو هەر ئێستا جەنابت وتت د. اسماعیل کە ئەرکی ئەوەیە ئەو ئیشە بکات دەڵێ بەرەغبەتی خۆم نایکەم ئەوە دەسەڵاتی تۆیە بەپێی پەیڕەو تەعامول بکەی دەیبێ بیکا، نایکەم نییە، یەعنی ئەرکی ئەندامی پەرلەمانە ئەمە بکا، سێ کاك ابوبکر ئەوە پەیوەند نییە بە ئێوە پەیوەندە بە هەموومانەوە.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس پەیامەکە گەیشت، بەڕێزان ئەندامێتی لە لیژنەی لێکۆڵینەوە دەبێ ئیختیاری کەسەکەی تێدا بێ، بەڵام ئێمە وتمان جەنابیان سەرۆکی لیژنەی کاروباری پەرلەمانە کە ئەرکی پاراستنی ئەندامانی پەرلەمانە بەشێوەیەکی گشتی بەتایبەتی لەوەی لەناو پەرلەماندا روودەدات، ئێستا سەبارەت بە ناونیشانەکە ئێمە چەند ناوێکمان وەرگرتووە دەرفەت دەدەین بە د. محی الدین یەکەم کەس قسە بکا فەرموو، بەڕێزان ئەندامێتی لیژنەی لێکۆڵینەوە هەم بۆ ئەندامی پەرلەمان هەم بۆ فراکسیۆنەکەی مەسەلەیەکی ئیختیاری ئارەزوومەندانەیە، بەڵام ئێمە پێمان وایە سەرۆکی لیژنەی کاروباری پەرلەمان تەکلیفمان لێ کردووە، کردوومانە بە سەرۆکی ئەم لیژنە تەحقیقیە با کۆتایی بێ و دەست بە ئیشەکەمان بکەین د. محی الدین کەرەمکا قسە بکەن فەرموو.

**بەڕێز د. محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو پرۆژە یاسایە ناونیشانەکەی من لەگەڵ پاراستنی پارێزگاری داکۆکی کردن لە موڵك و ماڵی گشتی بەتایبەتی ئەوانەی کە بۆ بەرژەوەندی و بۆ سوودی گشتی بەکار هاتووە، بەڵام ئەو یاسایە ئەرکێکی قورستر دەخاتە سەر فەرمانبەران و مووچەخۆرانی هەرێمی

کوردستان و ئەوەی کە دەگوزەرێ لە کوردستان لە گەندەڵی و لە بەهەدەردانی ئەموالی دەولە فەرمانبەرانی ئاسایی نین، جگە لەوەی کە بارگرانی دەخاتە سەر فەرمانبەران سەرباری پاشەکەوتی ئیجباری و لێ برینی نا یاسایی کە دەبڕدرێ لە فەرمانبەران دەڵێ لە بەرامبەردا مافی پلە بەرزکردنەوەی فەرمانبەرانی تێدا نییە و لە بەرامبەرئەوەشدا کۆمەڵێك یاسامان هەیە بەتایبەتی یاسای سزادانی عێراقی و یاسای بەرزەفتکردنی فەرمانبەران جێگرەوەی ئەم یاسایە بێنن لەگەڵ ئەوەی یاسایانە پێویستە ئەم یاسایە رەت بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەمە تەنها بۆ فەرمانبەرانی ئاسایی نییە، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان بۆ هەموو فەرمانبەرانە بۆ راسپێردراوانە بە خزمەتی گشتی تەنانەت وەزیر بەڕێزەکانیش دەگرێتەوە و ئەگەر تەعریفی راسپێردراوان بە خزمەتی گشتی بە مانا فراوانەکەی وەرگریت تەنانەت ئەندامانی پەرلەمان و ئەندامانی ئەنجومەنە خۆجێیەکان و ئەنجومەنی پارێزگاکانیش دەگرێتەوە، فەرموو د. رێبوار.

**بەڕێز د. رێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە هەموو ناونیشانەك پێویستە بگۆڕێکی تیا بێت، بۆ ئەوەی کە ناونیشانەکە بە نیوەچڵی نەبێ، ئەم ناونیشانە هەست دەکەم بە نیوە چڵی هاتووە ماناکەی بە تەواوی نابەخشێ بۆ ئەوەی کە بۆ ئەوەی کە مانایەکی تەواوی بدا من بگۆڕێکی تری بۆ ئیزافە دەکەم، ئەویش ئەوەیە پڕۆژە یاسای لە ئەستۆکردنی لەلایەن فەرمانبەران و راسپیردراوان بە راژەی گشتی لە هەرێمی کوردستان – عێراق، سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز زانا خالد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە رایەکەی برای بەڕێز کاك د. رێبوار دەکەم کە ناونیشانەکە متەکامل نییە، چونکە لە دەقی راپۆرتەکەی لیژنەی یاسایی ناونیشانێك نووسرایە، بەڵام لە ناوەڕۆکەکەدا لە ناونیشان بابەتێکی ترە پڕۆژە یاسای لە ئەستۆکردن لە هەرێمی کوردستان– عێراق نووسراوە، بەڵام لە نووسراوەکە پڕۆژە یاسای لە ئەستۆکردنی فەرمانبەران لە هەرێمی کوردستان – عێراق، رەنگە ئەمە هەڵەی چاپ بێ شتێکی لەو بابەتە بێت، بەڵام لە هەمان کاتیشدا پێویستی بە تەوزیحی زیاتر هەیە کە راسپێردراوان بە ئەرکی گشتی بێت پشتگیری لە رایەکەی برای بەڕێز کاك د. رێبوار، سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك مەلا وەیسی فەرموو.

**بەڕێز وەیسی سعید ویسی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پـڕۆژە یاسـای لە ئەسـتۆکردن لە هەرێمـی کوردسـتان– عێـراق مانـاکەی زۆر وازح نیـیە، منـیش هـاوڕامە لەگەڵ هەردوو بـرای بەڕێـزم د. ڕێبـوار د. زانـا کە زیـادکردنی بـۆ بکرێـت بـۆ ئەوەی بە شێوەیەکی گشتی ماناکەی دیار بێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك مەم فەرموو.

**بەڕێز مەم برهان محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی ناونیشانەکە مـن تێبینییەکـی زمـانەوانیم هەیە خـۆی لە ئەسـتۆکردن، (کـردن) غەڵەتە ئەگەر لە ئەستۆ کردن بێ لە ئەستۆ گـرتنە ئەوە یەك، بەڵام مـن پێشـنیازێکم هەیە لە مـوعجەبی عەرەبی عەرەبیدا وشەی تەزمیم و هەروەها لە فەرهەنگی بەراقیشدا من سەیرم کردووە وشەی تەزمیم بە مەعنـای لەخـۆگرتن دێـت، لە ئەسـتۆگرتن توحەمـوولە دەڵـێ فلان دەبـێ لە ئەسـتۆی بگـری، واتە تەحەمـولی مەسـئولیەتی ئەوە بـکەی لە خـۆگرتن، پـێم وایە نـزیکەی (٣٠) جـار ئەم وشەیە هاتۆتەوە، ئەگەر لە ئێستادا پێتان پەسەند بێ چـاك بکـرێ هەمـووی بکـرێ بە لە خـۆگرتن پڕۆژە یاسای لە خۆگرتن لە هەرێمی کوردستان بە شیاو تری دەزانم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، دکتۆر هەورامان فەرموو.

**بەڕێز د. هەورامان حمە شریف (گەچینەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خودای بەخشندەی مهرەبان، منیش پشتیوانی لە رایەکەی د. ڕێبوار دەکەم، چونکە دەبـێ ناو و نـاوەڕۆك ئینسـیجامیان هەبـێ پـێکەوە، نـاوەکەی بەراسـتی بە مـوتلەقی هـاتووە بکـرێ بە فەرمانبەرانەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، (د.زیدان)، فەرموو.

**بەڕێز زیدان رشید خان اودل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری لە راکەی بەرێز (د.ڕێبوار)، دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێزت، (هدیە) خان، فەرموو.

**بەڕێز هدیە مراد حیدر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ژی هەمان ئەو پێشنیار هەبوو، بەرێز (د.رێبوار)، پرۆژە یاسای لە ئەسـۆگرتنی فەرمـانبەران و راسـپێردراو بە راژەی گشـتی لە هەرێمـی کوردسـتانی عیـراق، پشـتگیری لە (د.رێبـوار) دکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، (ڕوپاك) خان، فەرموو.

**بەڕێز ڕوپاك احمد رحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێم باشە بکرێتە پرۆژە یاسای لە ئەستۆگرتنی فەرمانبەران لە هەرێمی کوردستان-عیراق، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لەئەستۆگرتن؟

**بەڕێز ڕوپاك احمد رحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ، لەئەستۆگرتن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، (**د.عثمان**)، فەرموو.

**بەڕێز عثمان علی سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای پشتگیریم بۆ برای بەڕێزمان (د.ڕێبوار)، ناونیشانەکە بگۆڕدرێت، هەروەها فەقەرەیێکی بۆ زیاد بکرێ، لەبەر ئەوەی بەراستی ئەو بارودۆخە نەخوازراوەی کە لە کوردستان خولقاوە کەس حەزی پێی نەکردووە، ئەگەر ئەو فەقەرەی بۆ زیاد بکرێ، لەئەستۆگرتنی مافی فەرمانبەران، نەك هەر لەئەستۆگرتنی فەرمانبەران، بەو واتایەی کاتێك کەوا برایانی زیندانیانی سیاسی لە مانگی (٧) خۆپیشاندانێکیان کرد، کە موچەکەیان دوای تەواوبوونی کە دەسەڵاتەکەیان کۆتایی پێهات، بەڵام بە هەمان کات لە مانگی (٨)ی ساڵی رابردوو مووچەیان وەردەگرت، واتا کە کاتێك ساڵکە تواوا بوو رێك مووچەیان برِا، کەواتە ئەگەر ئەوە وابێش شامل تر دەبێت، لەئەستۆگرتنی فەرمانبەران، مافی فەرمانبەرانیشی بۆ زیاد بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێزت، کاك (شوان)، فەرموو.

**بەڕێز شوان کریم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی منیش کرا، پاڵپشتی لە بەڕێز (د.ڕێبوار)، (د.هەورامان)، دەکەن، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، (بدریە)، خان، فەرموو.

**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسەكانی منیش كرا، پشتگیری لە قسەكانی (روپاك) خان، مامۆستا (هەورامان)، كاك (د.ڕێبوار) ئەكەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، مامۆستا (ابوبكر)، فەرموو.

**بەڕێز ابوبكر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتگیری لە قسەكانی كاك (د.ڕێبوار)، ئەكەم، بەڵام لەسەر ئەو شتەی وشەی (لە ئەستۆ گرتن) و (لەئەستۆكردن)، لەئەستۆكردن هەبەێ، لە پڕۆژەكە هاتووە تەواوی كردووە، چونكە (لەئەستۆگرتن) ئیختیارییە، بەڵام ئەمە لەلایەن لیژنەیێكەوە، ئەو فەرمانبەرە ئیلزام ئەكرێ كە ئەوە لە ئەستۆی بكرێت، دەستەواژەكە بەرای من تەواوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، لەئەستۆگرتن یەعنی خۆی تەحەمولی ئەكا، خۆی ئەڵێ من لە ئەستۆی دەگرم، بەڵام لەئەستۆكردن دەخرێتە زیمەتی، لەبەر ئەوەی ئەوەی مامۆستا (ابوبكر) نزیكترە، دروستترە، ماددەی یەكەم، بەڕێز سەرۆكی لیژنەی یاسایی، ببورە، كاك (**عثمان**)، فەرموو.

**بەڕێز عثمان كریم سوارە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە من پێم وایە كە ئەمە حەقێكی فەرمانبەریشی تیا خوراوە كە وەكو پێویست داكۆكی لە مافەكەی ناكرێت، بۆیە من پێشنیار دەكەم بكرێت بە پڕۆژە یاسای مافی فەرمانبەر و لەئەستۆگرتنی موڵك وماڵی دەوڵەت لە هەرێمی كوردستان-عیراق، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ماددەی یەكەم، فەرموو.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (١):

ئەم زاراوانەی خوارەوە بۆ مەبەستی حوكمەكانی ئەم یاسایە ماناكانی بەرامبەریان دەگەینن:

یەكەم: هەرێم: هەرێمی كوردستان-عیراق.

دووەم: وەزیری تایبەتمەند: وەزیر ئەو وەزارەتەیە كە كەسی لە ئەستۆكراو تیایدا زیانی بە موڵك و ماڵی دەوڵەت گەیاندووە.

سێیەم: سەرۆكی لایەنی نەبەسراو بە وەزارەت: سەرۆكی ئەو بەیانی نەبەستراوەیە بە وەزارەت كە كەسی لەئەستۆكراو تیایدا زیانی بە موڵك و ماڵی دەوڵەت گەیاندووە.

چـوارەم: پارێزگـاری تایبەتمەنـد: پارێزگـار ئەو پارێزگـایەیە کە کەسـی لەئەسـتۆکراو تیایـدا لە سنووری دیوانی پارێزگاو یەکە کارگێریەکانیدا زیانی بە موڵك و ماڵی دەوڵەت گەیاندووە.

پێـنجەم: دەسـەڵاتی تایبەتمەنـد: وەزیـری تایبەتمەنـد سـەرۆکی لایەنی نەبەسـتراو بە وەزارەت پارێزگار دەگرێتەوە.

شەشەم: موڵك و ماڵی دەوڵەت: سەرجەم موڵك و ماڵی گشتی و تایبەتی، گوازراوە و نەگـوازراوە دەگـرێتەوە، کە خاوەنـداریەتی دەگەرێـتەوە بـۆ دەوڵەت یـان کەسـە مەعـنەویە گشـتیەکان کە تەرخانکراو بێت بەشـێوەیێکی راسـتەوخۆ بـۆ سـوودی گشـتی یـان بـۆ دام و دەزگـایەکی گشـتی بەشێوەی کرداری یان بەپێی یاسا.

حەفتەم: فەرمـانبەر: هەر کەسـێك کە وەزیفەیێکـی لەسـەر میلاکی دامەزراوە دەسـتوورییەکانی هەرێم پێی سپێردرابێت بەشێوەی هەمیشەیی یان گرێبەست.

هەشـــتەم: راســـپێردراو بە راژەی گشـــتی: هەر کەســـێك ئەرکێکـــی لە خزمەتـــی دامەزراوە دەستوورییەکانی هەرێم پێ سپێردرابێت بۆ ماوەیێکی دیاریکراو.

نـۆیەم: لیـژنەی لێکـۆڵینەوە: ئەو لیژنـانەن کە بەپێـی حوکمەکـانی ئەم یاسـایە بـۆ مەبەسـتی لێکۆڵینەوە لەو زیانانەی بە موڵك و ماڵی دەوڵەت دەکەوێت پێك دێن.

دەیەم: لەئەسـتۆکردن: قەرەبـووکردنەوەی ئەو زیانـانەیە کە لەلایەن فەرمـانبەر یـان کەسـانی راسپێردراو بە راژەی گشتی بەر موڵك و ماڵی دەوڵەت دەکەوێت.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان، سـەبارەت بە مـاددەی یەکەم، مـاددەی پێناسـەکردنی زاراوەکان، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان دەیەوێ قسە بکا، ناوەکان ئەخوێنینەوە. (د.زیدان)، (د.رێبوار)، (نجات) خان، کاك (بەڵێن)، (شایان) خان، (د.اسماعیل)، کاك (سیروان)، (روپاك) خـان، (سەرچنار) خان، کاك (مم)، کاك (بەڵێن)، فەرموو.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی یەك، ئەوەی کە من تێبینـیم کـرد بە تـایبەتن لە بـڕگەی حەوتەم و هەشـتەم، باسـی فەرمـانبەران ئەکـا لەسـەر میلـاکی دامەزراوە دەسـتووریەکانی هەرێـم ئەوانەی کە راسپێردراون بە راژەی گشتی، بەڵام پێناسە و تەعریفـی سـەرۆکی دامەزاروە دەسـتوورییەکانی تیا نییە، وە هەموو وەزارەت و هینەکان تیایەتی، بەڵام بۆ دامەزراوە دەستوورییەکان، سـەرۆکی دامەزاروە دەسـتوورییەکان مـن پێشـنیاز ئەکەم بڕگەیێکـی بـۆ زیـاد بکـرێ، بـۆ تەعریـف کردنـی سەرۆکی دامەزراوە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، (د.اسماعیل)، فەرموو.

**بەڕێز د. اسماعیل علی طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من چەند تێبینیەك هەبوون، ل سەر ڤی ماددەی، ئێك ئەز بێژم پێناسا خالا دووێ ئـو خـالا سـێێ ئو خالا چارێ، پێویست ناکا پێتڤی نینە، پێتڤیێ ئەم بەر هەندێ ڤە بچین یاسا بێتە کـورت کـرن،

پوخت بی، حەوجە ناکەت درێژ بیتن، تایبەت ئەگەر مە گوتی خالا پێنجێ مە ئینا مە گووتی دەسەڵاتی تایبەت، وەزیرێ تایبەت و سەرۆکی تایبەت، ئەڤە هەمی دێبیتە ئیختساسێ مەوزوعی، شەخسی وجوگرافی و زەمەنی، ئەڤە هەمی دێ خۆ گریت، حەوجە نینە یەعنی ناڤێ وانا جودا تەعریفا وانە بێتە کرن، ئەڤە مولاحەزەك، مولاحەزا دوویێ تەبعەن دەبیتە عورفەکێ نەیێ مەوجود د قانوونێ دا موحافز بێتە تەعریف کرن و سەرۆکێ دەستەیا نەگرێدای ب وەزارەتێ بێتە تەعریف کرن، ئەز نابینم کە دێبیتە عورفەکی یێ موخالفێ ئیعرافێت مەوجود، خالا دوێ پێناسا فەرمانبەری ئو یێ راسپاردەکری ب کارەکێ گشتی، ئەڤە یێت یاسایا سزادانێدا هاتی مەفروزە هەر ئەو ئینابان، مەفروزە کا چ د یاسایا سزادانێ هاتییە ل سەر تەعریفا فەرمانبەری و ل سەر تەعریفا یا راسپێردای یا موکەلەفی ب کارەکێ گشتی دا تەزاروب چێ نەبا، گەلەك جارا قەوانینێت مەدا هەر قانوونەکێ تەعریفەکا هینای تەزاروبێ چێ بیتن ئیشکالەتێت فقهێ قانوونی دێ روودەن، مولاحەزا من یا سێیێ ئەڤەیە پێنجەم دەسەڵاتا تایبەت ئەگەر دەستەی دەسپاکی ژی بۆ بێتە زیادکردن دەستەی دەسپاکی چونکی ئەز دبینم دەستەی دەسپاکی زەرووریە، نوێنەرێ وانا د لیژنەێدا هەبووی وەکو ئەندامەکی رەئیسی، خالا من یا چارێ، شەشەم دبێژیتن موڵك و مالێ دەولەت ئەو هەردوو رێزێت ئەخیرێ ئەزبێژم زێدەنە ئەصلەن، سەرجەم مولك و مالێ گشتی و تایبەتی و گوازراوە و نەگوازراوە و دەگرێتەوە کە خاوەنداریەتی دەگرێتەوە بۆ دەولەت یان کەسە مەعنەویە گشتیەکان ئو نوقتە، ئەگەر تە گوتی کە تەرخانکرابێت بەشێوەێکی راستەوخۆ بۆ سوودی گشتی یەعنی مەفهومی مخالف بزەبەت ئەگەر تەرخان نەکرابیت مەسئولیەت تێدا نییە، جا دەبێ ئەوە نەمینێت ئەو مەفهومی مخالف، ئەوە نەگەهینیتن، نوقتەی دەیەم لەئەستۆگرتن گوتی قەرەبووکردنەوەیە، نەقەرەبووکردنەوە، قەرەبوونەکردن بەری وێ گەرانەوەیە، مە دوو تشتی هەیی تشتێ تێ زەرە کردیە، زەرەر قەرەبووکردنە، ئو شتێك هەیە کە بردیە، لەبردن دەگرێنتەوە زایدەن چ زەرە لەو مولکەی کردیە ئەوە قەرەبووکردنە، لەبەر ئەو ئەز بێژیتن دڤێت بێژیتن گەرانەوەی مالی گشتی ئو قەرەبوونەوەکەی تا ل زڤراندنا گشتی ببیت، ئو زیان کرنا گەهیشتە ڤی تشتی ئو هەردوو لێ ببیت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، وەڵا هەر لەسەر ئەوەی ئەخیر ئەمەوێ قسەێك بکەم، بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان، بردن ئەچێتە ناو قانوونی عقوباتەوە ئەحکامی خۆی هەیە عونصری جەزائی تیایە، تەزمی جۆرێکە لە مەسئولیەی تەقصیری، فەرقەکەی ئەوەیە کە لە جیاتی ئەوەی لەژێر ویلایەتی محاکم و قەزایا بێ، وەکو ئەوەی ئەگەر خەڵکی تر یان ماڵەکە ماڵی گشتی نەبێ ئەچێتە ژێر ویلایەتی قەزائەوە، بەڵام ئەمە دەدرێتە لیژنەێکی تایبەتمەند، بۆ پاراستنی موڵکی گشتی، بۆ تەسریع کردنی بەپەلەکردنی پرۆسەکە، لەبەر ئەوە قەرەبووکردنەوەی زەرەرە، جەبری زەرەرە، بە هیچ شێوەیەك عیلاقەی بەوەوە نییە یەکێك پارە ببا، ئەوەی پار ئەبا عونصری جەزائی تیایە، کە عونصری جەزائی تیا بوو، ئەچێتە ناو قانوونی عقوباتەوە، بۆیە ئەم قانوونە

زیـاتر مانـایەکی مەدەنـی هەیە، وەك لە مانـایەکی تـر، قەرەبـووکرنەوە لەوێـدا دروسـتە، کـاك (سیروان)، فەرموو.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن پـێم خۆشـە مـوداخەلەکەم بـخەمە ماددەی دووەم، چـونکە جـوانتر ئەیپێکـێ، هەنـدێك لە قسەکانیشم مامۆستا (اسماعیل)، کردی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، (د.شایان)، فەرموو.

**بەڕێز د. شایان کاکە صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنـاوی خـوای گەورە، زۆر ئاسـاییە ئەگەر بە (شـایان) خـانیش بـانگم بـکەن، شـەرت نیـیە ئیلا دکتۆرە بی، قسەکانی من کران لەلایەن بەڕێز (د.اسماعیل)ەوە، سوپاسی دەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێزت، (نجات) خان، فەرموو.

**بەڕێز نجات شعبان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وشەی (پارێزگار) لە بڕگەی پێنجەم، ل ڤی ماددەی تڤیا ببیـتە (پارێزگـاری تایبەتمەنـد)، چـونکی بەری هەنگـی پارێزگـار نەهـاتیە پێناسـە کـرن، یـێ هـاتیە پێناسـە کـرن پارێزگـاری تایبەتمەنـد، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، (د.ڕێبوار)، فەرموو.

**بەڕێز د. ریبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەسەر خاڵی پێنجەم کە باس لە دەسەڵاتی تایبەتمەنـد دەکـا، هەمـوو دەسـەڵاتێك کە بـۆ هەر کەسێك کە ڕاسپێردراوە بۆ خزمەتی گشتی دیاری دەکرێ، دیارە بەپێـی یاسـا دیاریـدەکرێ، لێـرە بۆ ئەوەی کە دەسەڵاتی تایبەتمەند پێناسەیێکی یاسایی وەرگرێ، بەو شێوەی خوارەوەی لێئەکەم، دەسـەڵاتی تایبەتمەنـد بریتـی یە لەو دەسـەڵاتانەی کە بەپێـی یاسـا دیـاریکراوە، بـۆ وەزیـری تایبەتمەند، سەرۆکی لایەنی نەبەسـتراوەکان بە وەزارەت، پارێزگـار، لێـرە ئەگەر دیـقەت بـدەبن، نوسراوە دەسـەڵاتی تایبەتمەنـد، بەڵام نووسـراوە وەزیـری تایبەتمەنـد، پێناسـەی دەسـەڵاتەکەی نەکردەوە، لە کاتێکـدا چەمکەکە بـاس لە پێناسـەی دەسـەڵات دەکـا، بەڵام لە پێناسـەکە بـاس لە

وەزیر یان باس لە پۆستەکان ئەکا، بۆیە من پێم باشە بکرێتە، بریتی یە لەو دەسەڵاتانەی کە بەپێی یاسا دیاریکراوە بۆ وەزیر، پارێزگار، هتد، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، خۆی دانانی ئەو موصتەلەحە بەتەنها بۆ ئەوەیە لە هەموو ماددەکانا نەوترێ وەزیر یان سەرۆکی لایەنی نەبەستراوە بە وەزارەت یان پارێزگار یان هەر یەکێك لە ئەوان رای دەسپێرێت، ئەو موصتەلەحە بۆ مەبەستی ئەو قانوونە تەنها بۆ ئەوەیە، ئەوەندە جارە دووبارە نەبێتەوە، نەك مەبەستمان ئەوە بە دەسەڵاتێکی موعەیەن پیناسە بکەین، مەبەستمان ئامـاژەدانە، هەر جارێك لەناو ئەم قانوونە دەستەواژەی دەسەڵاتی تایبەتمەند هات، مەبەستمان هەر یەکێك لەمانەیە، بۆ ئەوەی زۆر دووبارەی نەکرێتەوە، لەناو ماددەکاندا، سوپاس بۆ بەڕێزت، (رووپاك) خان، لێرە نییە، (سەرچنار) خان، فەرموو.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە وتەکانی بەڕێز د. سگیری ئەکەم، بەڵام بە ئیزافەی ئەم خاڵانەی تر، بەرای من لە ماددەی یەکا بڕگەی یەکەم زیادەیە، هەرێم هەموو جارێ هەر لە هەموو یاساکاندا پێناسەی ئەکەین، هەرێم، هەرێمی کوردستان، ئەمە زیادەیە، دووەم وەزیری تایبەتمەند سەرۆکی لایەنی نەبەستراوە بە وەزارەت، ئەمیانیش هەر زیادەیە، پارێزگار، پارێزگار لە یاسای محافەزاتا لە یاسای پارێزگاکانا پێناسە کراوە، جا وشەی (تایبەتمەند) وشەیێکی زیادەیە، چونکە راستەوخۆ کە فەرمانبەرێك لە دائیرەیەکدا هەرچی ئەگەررێتەوە بۆ فەرمانگەکەی خۆی یان وەزارەتەکەی خۆی، خاڵی پێنجەم، بەلاوە زەرورە، ئەو دەسەڵاتە، یەعنی وەزیری تایبەتمەندەکەی تیا نەبێت، بەڵام بەو شێوەی کە پێناسە کراوە، لە خاڵی شەشەمدا کاتێ کە باسی (موڵك و ماڵی دەوڵەت) ئەکا، موڵك و ماڵی دەوڵەتیش ئەمیش دیسانەوە لە یاسای شارستانی لە قانوونی مەدەنیا پێناسەی کردووە، بەڵام لێرە کەم و کورتییەك لە پێناسەکەدا هەیە، ئەگەر ئەمە هەر پێویست ناکات هەبێت، لەبەر ئەوە موڵك و ماڵەکە وەك وتم لە یاسای قانوونی مەدەنیا پێناسەی کراوە، بەڵام ئەگەر مایەوە بەم شێوەیە، من ئەو ئیزافەیەم بۆ هەیە، لە دێری سێیەمدا دەڵێ (بۆ سوودی گشتی)، یان بۆ (دام و دەزگایەکی گشتی)، من ئەم پرسیارە ئەکەم، ئەگەر ئێمە ئەم پێناسەیەمان چەسپاند، ئەگەر ئەو موڵك و ماڵەی دەوڵەتە بۆ سوودی گشتی بەکار نەهات؟ تەعەدا کراوەتە سەر موڵك و ماڵێکی دەوڵەت، بەڵام بۆ سوودی گشتی بەکارنایێت، هەر ئەو کاتە فەرمانبەرەکەیان راسپێردراوە، بەرێژەی گشتی هیچ بەرپرسیاریەتیەکی ناکاتە سەر، لەبەر ئەوەی بۆ سوودی گشتی دانەنراوە، سەبارەت بە بڕگەی حەوتەم، بڕگەی حەوتەم ئەوە لە قانوونی خدمەی مەدەنیا پێناسەی فەرمانبەری بە جوانتر کردووە، پێویست ناکا لێرە بێتەوە، لە بڕگەی هەشتەما راسپێردراو بە راژەی گشتی، ئێمە یاسای سزاکانی عیراقیمان هەیە (المکلف بخدمة عامة)، زۆر بەشێوەیێکی جوانتر و وردترلەم پێناسەیە کە کەم و کورتی تێدایە پێناسەی کردووە، یەعنی ئەوانەی کە لە یاسا، یاسای دایك، کە لە یاساکانی تردا لە مەدەنیا، لە عقوباتا پێناسە کراوە پێویست ناکا، چونکە لە کاتی تطبیقا ئیشکالیاتی فقهی دروست دەبێ، هەر وەکو چۆن لە پێناسەی فەرمانبەرا، لە قانون انضباط موظفي الدولة، لە قانوونی عقوباتا، لەمانە

دیسانەوە پێناسەکەی دێتەوە لەکاتی جێبەجێکردنا تۆ ئەکەویتە ناو چەند ئیشکالیاتێکەوە دوایی بە نارحەتییەوە لێی دەردەچی، لە خاڵی دەیەما ئەو لە ئەستۆکرنە، کە ئەڵێ قەرەبووکردنەوە، ئەمە دوو حاڵەتمان هەیە، قەرەبووکردنەوە یەعنی تەعویزێکە، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەو ماڵێکیشی بردووە، راستە ئەمە عونصری جەزائی تیایە، بەڵام بۆ ئەوەی ئەم یاسایە هەدەفی ئەم یاسایە بۆ ئەوەیە کە خێرایی لە رایەکان بکات، جا ئەگەر ئێمە ئەوەی گەرانەوەی، من پێم باشە ئەوەی بۆ زیاد بکرێ، پێش قەرەبووکردنەوە، بڵێن گەرانەوەی موڵك و ماڵی دەوڵەت و قەرەبووکردنەوە، چونکە ئەگەر ئەوەمان بۆ زیاد نەکرد بۆ گەرانەوەکە، ئەبێ دیسانەوە بگەرێینەوە بۆ یاساکانی ترو و لە دادگاکانا ئەوە چارەسەر بکەین، وەکو وایا هیچمان نەکردبێ، بەڵام ئەگەر ئەمەمان جێگیر کرد ئەو کاتە بەبێ گەرانەوە بۆ دادگاکان ئێمە دەتوانین ئەو ئیجرائاتەیە بکەین، سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سەبارەت بە تەعریفی (موڵك و ماڵی دەوڵەت)، بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان لە ماددەی (٧١)ی قانوونی مەدەنیا بە صەریحی تەعریفی کردووە، بەڵام ئێمە ئیشکالێکمان بۆ دروست دەبێت، ئێمە مادەم مەبەستمان لەم قانوونە، هەدەفی ئەم قانوونە، حیمایەکردنی ماڵ و موڵکی گشتی یە بەشێوێکی گشتی، بەرێزتان ئەزانن دەوڵەت دوو جۆر ماڵ و موڵکی هەیە، تایبەتی هەیە لەگەڵ گشتی هەیە، ئەگەر سەیری تەعریفەکەی بکەی، سەرجەم ماڵ و موڵکی گشتی و تایبەتی، ئێمە معیار لە قانوونی عیراقیا بۆ تەعریفکردنی ماڵی گشتی چییە، ئەوەیە کە تەرخان کرابێ بۆ سوودی گشتی، سوودی گشتیش یان راستەوخۆ بەکاری ئەهێنی بۆنمونە وەکو جادەێك راستەوخۆ بەکاری ئەهێنی یان لە رێگەی نیرفەقێکی عامەوە، دام و دەزگایەکی گشتی بەکاری ئەهێنی بۆ نمونی نەخۆشخانەێکە کە لەلای موئەسەسەێکی موعەیەنە، تۆ ئەچی سوودی لێ وەر ئەگری، بەڵام ئێمە جۆرێکی تر لە ماڵ و موڵکی گشتیمان هەیە موخصص نییە دیاری نەکراوە بۆ مەنفەعەتی گشتی، ئایا ئێمە نابێ بەم قانوونە بیپارێزین، بۆنمونە زەوی ئەمیری، بۆ نمونە ئەو عەقاراتانەی کە لە رێگەی کەسەکە میراتگری نییە، یەکسەر تەئویل ئەبن یان خاوەنداریەتیان ئەگەرێتەوە بۆ دەوڵەت، لەبەر ئەوە ئەم یاسایە، یاسایێکە بۆ حیمایەکردنی ماڵ و موڵکی دەوڵەتە، کەواتە ئەبێ ماڵە گشتیەکانی دەوڵەت بگرێتەوە، ماڵە تایبەتیەکانی دەوڵەت بگرێتەوە، ئەوانەی کە مخصصن بۆ خزمەتی سوودی گشتی بیگرێتەوە، لەناو سوودی گشتیا ئەوەی بۆ بەکارهێنانی راستەوخۆیە بیگرێتەوە، ئەوەشی لەلایەن دام و دەزگاکانەوە بەکارئەهێنرێ بیگرێتەوە، لەبەر ئەوە ئەم تەعریفە فراوانترین تەعریفێکە کە هیچ مەجالێکی تێدا نییە، ئەوەی لە ماددەی (٧١) دا هەیە بەم شێوەیە فراوان نییە، بۆیە ئێمە وامان کردووە کە فراوانتر بێ، سەبارەت بەرێزان بە تەعریفی (فەرمانبەر) ئێمە لە چەند قانۆنێکا تەعریفی فەرمانبەرمان هەیە، لەچەند قانوونێکیشا تەعریفی راسپێردراوان بە خزمەتی گشتیمان هەیە، ئەوەی لە قانوونی مەدەنی عیراقیا هاتووە بە وازحی ئەڵێ ( کل شخص عهدت إليه وظيفة دائمة داخيله في ملاك خاص بالموظفين) ئەی فەرمانبەرانی گرێبەست، ئەی ئەوان، بۆ؟ ئەی ئایە ئەگەر فەرمانبەرانی گرێبەست غەڵەتێك بکا مەشمول نییە؟ ئەمە تەعریفی قانوونی خدمەی مەدەنی نەك قانوونی مەدەنی، هی ژمارە (٢٤)ی ساڵی شەستە، تەعریفێکی ترمان هەیە لە ساڵی (١٩٩١)دا کراوە کە دەڵێ ( كل شخص عهدت إليه وظيفة داخل ملاك الوزارة أو الجهة الغير المرتبطة بالوزارة)

ئەمانە هەموویان عەصر کراون بە صولتەی تەنفیزی، ئەی ئەگەر موەزەفێك لەناو پەرلەمان مەخالەفەی کرد تەزمینی ناکەین؟ ئەی ئەگەر موحەقیقێك ئەگەر موەزەفێك لە ئەنجومەنی دادوەری کردی طزمینی ناکەی؟ لەبەر ئەوە ئێمە بۆ مەبەستی ئەم قانوونە دەبێت فراوانترین تەعریف بۆ موەزەف وەرگرین، فراوانترین تەعریف بۆ راسپێردراوان بۆ خزمەتی گشتی وەرگرین، فراوانترین تەعریفیش بۆ موڵکی گشی وەرگرین، چونکە ئامانج لەو تەعریفە ئەوەیە کە زۆرترین خەڵك لە هەڵەکانی لێی بپێچرێتەوە، بۆیە بۆ ئەم مەبەستە ئێمە تەریفەکانمان بەم شێوەیە دارشتووە کە بۆ ئامانجی ئەم یاسایە گونجاوە، کاك (مم)، فەرمووو.

**بەرێز مم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی ماددەی یەکەم من ئەم پێشنیازانەم هەیە، هەڵبەتە وەکو چۆن لە ناونیشانەکە تەئکیدم لێکردەوە لەگەڵ لە ئەستۆ کردن، لە ئەستۆ کراوە، ئەوە هیوادارم دە جاریکەش ئەیڵێمەوە ئەگەر دەنگی هێنابێ ئەم پێشنیازە بخرێتەوە دەنگدان لەخۆگرتن تەواو ترە، منیش پێشنیاز لەگەڵ پشتیوانی لە بۆچوونەکەی خوشکی بەرێزم (سەرچنار) خان ئەکەم، کە بڕگەی دووەم، سێیەم، چوارەم، کە لابرێت بەو شێوەی کە پێشتر پێناسە کراوە، من هەر پێشنیازەکم لابرێت، بەڵام پێنجەم بڕگە دارشتنەوەی بەم شێوەیەی لێبکرێت (دەسەڵاتی تایبەتمەند هەر یەکە لە وەزیری تایبەتمەند سەرۆکی لایەنی نەبەستراو بە وەزارەت پارێزگار دەکرێتەوە، کە کەسی لەخۆگر لە چوارچێوەی دەسەڵاتەکانیان) زیانی بە موڵك و ماڵی دەوڵەت گەیاندووە، لێرە جێگیر دەکرێتەوە بە دێر و نیوێك بەم شێوەیە، بۆ بڕگەی دووەمیشیان کە پێشنیازم کرد لابرێ، ئەگەر هێڵرایەوە پێشنیاز ئەکەم کە نووسراوە (کەس) کەسی سروشتی و مەعنەویش ئیزافە بکرێ، دواتر دێمەوە چی ئیزافە بکرێ، بۆچی دەڵێین کەسی مەعنەوی لەم مەسەلەیە، هەڵبەتە کاتێك فەرمانبەرێك کاتێك زیان بە موڵکێکی دەوڵەت ئەگەێنێ، کورسێکی دائیرەکەی بشکێنێ، پەنجەرەیێك بشکێ، گلۆپێك بشکێ، بەپێی ئەم یاسایە ئەبێ تەحەمول کا زیانەکەی پێببژێردرێ، لە کاتێکدا کەسی مەعنەوی کە حزبی سیاسییە بە سەدان بینای دەوڵەتی داگیر کردووە، ئەمانە موڵکی گشتین، ئەبێ ئەمانە بگەرێنرێتەوە، بۆیە کەسە مەعنیەکە من داوائەکەم پێنیاز ئەکەم، ئەمانەش لێرە جێی بکرێتەوە بۆ گەرانەوەی موڵك و ماڵی گشتی کە بۆ خێری گشتی ئەشکێتەوە، واتا حەوتەم بڕگە یەك بڕگەیێکی دیکە بۆ زیاد بکرێ پێناسەیێك بێت بۆ حزب جوڵانەوەیێك هێزێکی سیاسی فڵانە و بەم شێوەیە لە قانوونی ئەحزابا هاتووە، بە نسبەت بڕگەی هەشتەمەوە پێشنیاز ئەکەم داراشتنەوەکەی بەم شێوەیەی لێبکرێ،کەسێك کە بۆ ماوەێکی دیاریکراو ئەرکێکی لە خزمەتی دامەزراوە دەستوورییەکانی هەرێمدا پێ سپێردرابێت، دەیەم لە ئەستۆگرتن دیسان ئەڵێم لەخۆگۆتن ئەگەر پێناسەکە بەم شێوەیەی لێبکرێ، قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانانەی نییە ئەوەی کە گەیاندووە فەرمانبەر یان کەسی گرێبەست کە زیانەکەی گەیاندووە گەرانەوەی تێچوونی زیانەکەیە، لە ئەستۆگراو کەسێك تێچوونی زیانەکە، شتێك شکاوە، کورسییەك شکاوە بای پەنجا دۆلارە ئەبێ چی بکا، گەرانەوەی تێچونەکەی بگەرێنێتەوە، یەعنی مەفهومەکە وایە، گەرانەوەی تێچوو ئەو زیانەیە کە لەلایەن فەرمانبەر یان کەسی ئەوە کراوە، پێشنیاز ئەکەم بڕگەێکی دیکە ئیزافە بکرێ زیاد بکرێ، لێرەدا فەرمانگەی پەیوەندار کە زۆر لەناو یاساکەیا هاتووە، من ئەم

پێناسـەیە ئەخەکە روو، (ئەو فەرمـانگە فەرمیـیەی دەوڵەتە کە تێیـدا کەسـێکی سروشـتی یـان مەعنەوی بەرپرسیاریەتی لەخۆگرتن یان رووبەروو دەگرێتەوە)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەرێزت، بەرێز لیـژنەی یاسایی، دوای کـاك (بـژار)، (خـدیجە) خـان وەردەگـرین، کـاك (بژار)، فەرموو.

**بەرێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەست خۆشییێ ل ئەنـدام پەرلەمـانی دکەم بـۆ ئەو تێبیتیێـت ئاراسـتە کـرین، جەنـابێ تە گەلەك بەرسڤ دان مە نەڤێت ئاخفتن هەر تیکرار بن، ب تنێ من دڤێت تەئکیدێ ل هنـێ بـکەم کـو ئەڤ پێناسـێ د ڤـی مـاددەی دا هـاتین مەرەم ئەو نیـنە ئەگەر تەعریفـا وەزیـرێ تایبەتمەنـد ل ڤێـرێ هاتبیت کو ئەڤە بۆ پێناسەیەکا سابت بۆ هەمی جارەکێ، ئەم دێ لێ زڤـڕین پێناسـە وزەزیـری ل ڤێـرێ ئیسـتیفادەی ژێ کەم ودەرئێخـین ئەڤە دیـارە ل شـەعنێ مـاددەی دیـارە ئەم زاراوانەی خوارەوە بۆ مەبەستی حوکمەکانی ئەم یاسایە، یەعنی ل ڤێرێ ب ڤی شێوەی هاتینە مەرەم ئەو نینە پارێزگار هاتبیتە تەعریف کرن، پارێزگار د قانوونەکا تایبەت دا هـاتیە تەعریـف کـرن هەر بـۆ هندێیە وەزیری تایبەتمەند جارەکا دی تەئکیدێ دکەم نەهاتیە تەعریف کرن وەکو پۆستێ وەزیـر بەڵکو ل ڤێری وەزیرێ تایبەتمەندە بەحسێ سنوورێ وەزیـفەی دکەت د سـنوورێ وێ وەزارەتـێ دکەت ئەو وەزارەتا چەندین مدیریاتێت عام و چەندین دائیـرێن دی سـەر ب ڤـێ وەزارەتێـنە وە ئەو شەخسێ ئێکێ یێ ئیدارییە ل سنوورێ وێ وەزارەتێ ژ بەر هندێ وەزیرێ تایبەتمەنـدە ئەڤ پێناسە ئەم گەڵ هندێنە کـو وەکـی خـۆ بمیـنن، سـەبارەت بە تەعریفـا موڵـك و مـاڵی دەولەت یـا فەرمانبەر هەر وەکی جەنابێ سەرۆکا پەرلەمانی ئاماژە پێدایی، یەعنی ئێـك ژ ئیشـکالێت ل بەر دەستێ یان ل بەرامـبەر هەر قـانوونەکێ ئەوە کـو گەلەك موسـتەڵەحێت هەی وەکـی فەرمـانبەر وەکی موکەلەف بیت ل خدمە عامە یان ئەموالێت عامە و ئەموالێـت دەولە زێـدەتر ژ یاسـایەکێ هاتینە تەعریف کرن وە ئەگەر تو موقارەنە ژێ بکەی جیاوازییا هەی جیاوازیا وێ تەعریفـێ گەڵ تەعریفا دی گەلەك قانوونێت هەین ژ بەر نەبوونا دەمی ئەگەر ل دەڤ من نڤیسـینە کـیش مـاددە ل کیش قانوونێ ب چ شـێوە هـاتییە ناڤەڕۆکـا وێ هەتـا دومـاهیکێ، تەمـام ئەڤ ئاخفتنێـت دی هەمی یێت هاتینە کرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، (خدیجە) خان، فەرموو.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵا ئەمنیش هەر مەبەستم ئەوە بـوو کە پێناسـەیەك ئەکـرێتن لە یاسـایەکدا بـۆ مەبەسـتی ئەو وەسـایەیە، بـۆ نمـونە لێـرە لە مـاددەی یەك لە دیباجەیەکـدا بـاس دەکـا دەڵێـتن ئەو زاراوانە بـۆ مەبەستی حوکمەکانی ئەم یاسایەیە، یەعنی لێرەدا مەبەستمان نییە کە شـتێك پێناسـە دەکەیـن پێناسـەیێکی یەکگرتـوو بکەیـن کە بگـونجێ لەگەڵ یاسـاکانی تـریش، بـۆ نمـونە یاسـای رێکـاری

فەرمــانبەران، یاســای رێــژەی شارســتانی، پێناســەی فەرمــانبەراکراوە، لەهەروو یاســاش پێناسـەکەیان جیـاوازە، بەڵام ئەم پێناسـەیەی کە لێـرەدا هـاتووە پێناسـەیێکی زۆر باشـە وە فەرمـانبەر هەم ئەوانەی کە بە شـێوەێکی هەمیشـەینە، ئەوانەی کە بەشـێوەێکی کـاتیش لەنـاو وەزیـفەدان هەمـوو یـان دەگریتەوە، بـۆیە ئەو هەردوو پێناسـە چ بـۆ فەرمـانبەر هـاتووە، چ بـۆ ئەوەی کە راسـپێردراو بە رێـژەی گشـتی هـاتووە، پێناسـەکەیان زۆر گونجـاون بـۆ ئەم یاسـایە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، فەرموون ماددەی دواتر.

**بەڕێز خدیجه عمر طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٢):

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

یەك دەقە (خدیجە) خان، بەڕێز وەزیری هەرێم، ئەگەر رەئیەکی حکومەتتان پێیە بەڕێز وەزیـری هەرێم، فەرموون.

**بەڕێز د. ڤاڵا فرید ابراهیم/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

حەتمەن ئەوەی ئـێمە دەیلێـین رەئـی حکومەتە، لەبەر ئەوەی پـرۆژەکە لە حکـومەت ڕا هـاتووە، پرۆژە یاسای لە ئەستۆگرتن کە لە حکومەتەوە هاتووە خـۆی لە مـاددەی (تعـارف) پاراسـتووە وە هیچ تەعریفێکی بۆ هیچ موستەلەحێك دانەناوە، لەبەر ئەوەی پێی وا بووە ئەو موسـتەڵەحانەی کە لەناو یاساکەدا بەکار هاتوون هەر هەمووی موعەرەفن لەناو یاسا گشتییەکاندا، دوو تەعریـف کردنی ئەو موستەڵەحانە لەناو یاساکە بەو شێوەیە ئەوەنـدەی کێشـە بـۆ تطبیـق کردنـی یاسـاکە دروست دەکا ئەوەندە خزمەت بە پرۆژە یاسـاکە ناکـات، بۆنمـونە هەرێـم (هەرێمـی کوردسـتانی عێـراق)ە کێشـەمان نیـیە، ئەگەر سـەرۆکی ئەنجـومەنی وەزیـران تەعریـف بـکەن کە وازح بـێ (سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانـی هەرێمـی کوردسـتانی عێـراق)ە، بەڵام وەزیـری تایبەتمەنـد کە تعریفی هاتووە سەرۆکی لایەنی نەبەستراو بە وەزارەت، دوایێ پارێزگاری تایبەتمەنـد تەعریفـی هـاتووە، ئینجـا لە خـاڵی پێـنجەم هـاتوون تەعریفـی (مـاهو المعـرف مـن قبـل)، دەسـەڵاتی تایبەتمەنـدتان دانـاوە، دەڵـێن دەسـەڵاتی تایبەتمەنـد بریتـی یە لە پارێزگـار، لە سـەرۆکی لایەنی نەبەستراوە لە سەرۆکی تایبەتمەند، کە هەر لەنـاو هەمـان مـاددەدا تەعریفتـان کـردووە، یەعنـی ئیما دەبێ خاڵی دووم، سێیەم، چوارەم، هەڵبگیرێتن وەکو بەرێزێك ئیشارەتی پێدا لە دەسـەڵاتی تایبەتمەند بگوترێ کە وەزیری تایبەتمەندە، سەرۆکی لایەنی نەبەستراوە بە وەزارەت و پارێزگـار دەگـرێتەوە، کە هەر یەك لەو موصـتەڵەحانە لەنـاو قەوانینـی خۆیـان تەعریـف کـراون، پارێزگـار کێیە، وەزیر کێیە، شەشەم لەسەر موڵك و ماڵی دەوڵەت بەرێز سەرۆکی پەرلەمـان (امـوال دولە)

ئێمه بەکارمان هێناوە، (اموال دولە) لە کوردییەکە پێی دەڵێن (مایەکانی دەوڵەت) پێی ناڵێن (موڵك و مال)، چونکە موڵك و ماڵ کە زۆر شی بکەینەوە بە عقارات و بەوانە ناوی دێتن، بۆیە ئەگەر بڕیارە بمێنێ هەرچەندە زەروور نییە مانەوەی بەڵام ئەگەر بڕیارە ماددەی تعاریف بمێنێ ببێتە مایەیەکانی دەوڵەت، مایەکانی دەوڵەت بگوترێت سەرجەم مایەکانی کەرتی گشتی (القطاع العام)بە گوێزراوە و نەگوێزراوە (المنقولة والغير المنقولة) دەگرێتەوە، تەنها بە یەك خەت تەعریف بکرێت راست ترە، فەرمانبەر (المكلف بالخدمة العامة) هەردووکیان لە ناوی یاسای قانونی خدمەی مەدەنی و لە ناو یاسای قانونی تەقاعودی موەحەد کە لە ساڵی (٢٠٠٦) دەرچووە تەعریفیان کراوە دووبارە کە ئەوانە زیاتر قانونی موختەسن بە تەحدیدکردنی کێ فەرمانبەرە، لێرانە هەڵبگیرێت باشترە نەبێت، لیژنەی لێکۆڵینەوە لە ناو ماددەکان باس کراوە لیژنەی لێکۆڵینەوە کێیە و لە کێ پێك دێت و کارەکەی چیە و پێویستیەکەی چی بکات، بۆیە بە رای من لێرانەش پێویست بە تەعریف ناکات، بابەتی لە ئەستۆگرتن بە هەمان شێوە کێشە دروست دەکات تەعریف کردنی بە قەرەبوو ناوی ببەی، بەڕێزێك ئیشارەتی پێدا لەبەر ئەوەی لە ئەستۆگرتن (جبر الاضرار) دەگرێتەوە، (جبر لاضرار الرد والتعويض و التفضية) دەگرێتەوە، سێ حاڵەت دەگرێت خۆی، بۆیە ئێمە پێمان باشە وەکو پڕۆژەکەی حکومەت ماددەی تەعاریف هەڵبگیرێت بە زیادی دەزانین، ئەگەر نا ئەو را بۆچوونانە بە نەزەری ئیعتیبار وەرگرن بۆ دەوڵەمەندکردنی پڕۆژە یاساکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پڕۆژەکەی حکومەت لەبەر ئەوەی کۆپی پێستی یاسای ژمارە (٣١)ی ساڵی (٢٠١٥)بوو، نەچۆتە ناو تەعاریفەوە، بەڵام مادام لیژنەی یاسایی لە پەرلەمان کوردستان تەعاریفی زیادکردووە ئێمە بۆیە چووینەتە ناو موناقەشەوە، دەرفەت دەدەین بە بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی بۆ ئەوەی قسە بکات لەبارەی ئەو موڵاحەزاتانە، فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

راستە لە پڕۆژە حکومەتدا کە ئەو کاتەی هات لە ماددەی یەك تەعریف تێدا نەبووە، بەڵام بە تەنسیق و هەماهەنگی کە ئێمە هەمانە لە لیژنەی یاسایی لەگەڵ بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان، مە تەئکید کریە کو ئەو نوسخە کە مولاحەزەتا یان سیغەیەکی داڕشتنا نوێ لەلایەن مەجلیسی شورا هاتیە، ل ئەساسدا پێتقی بوو مەجلیسی شورا و حکومەت ل یەك پاکێجا پڕۆژە یاسا تەقدیم بکەن، بەڵام لە دوو شێوەی جیواز هاتووە بۆ پەرلەمان، سەڕەرای هەندێ ژی مە هەماهنگی و تەنسیقێ دگەل وەزیرێ کریە، مە ئاماژە پێدایە کو گۆڕانکاری تێدا کرینە مەجلیسی شورا رەزامەندی دەربڕیووە، سەبارەت خەڵەکا دی نە مەرم پێ بەرسڤ بۆ بەڕێز وەزیرێیە، بە شکلەکێ عام ئەگەر ل ڤێرێ هەر خاڵەك و هەر بڕگەیەك بگەهینێ ئەم بێژین

فلان قانونێدا هەی، راستی بە معیاری وەربگرین هیچ فەراغەکان قانونی بۆ ڤی پرۆژە یاسای نینە، قانونا عقوبات مە یا هەی، قانونا خزمەتی مەدەنی مە یا هەی، قانونا ئینزیبات موەزەفی دەوڵەت مە یا هەی، گەلەك قانونا دی مە یا هەی، قانونا دەستەیا نەزاهە مە یا هەی، قانونا رەقابەی مەلیە مە یا هەی، ئەڤە هەمی قانونە، هەر یەکێك لە چەند ماددەیەکا دا چەند ماددەیەکا پرۆژەکە ل بەر دەستێ مەدا یێ تەنزیم کری یێ بەحس کری، ئەگەر هەر تشەکی ل ڤێرێدا بێتە مەسح کرن کو ل قانونەکا دی یا هەی، هەمی ژی بە دلیل و بەڵگە ئەگەر وە دڤێت بۆ ئێوە ڤێ گاڤێ پێنج دەقیقە تەحلیلەکا دکەم، هەر ماددەیەك و هەر نڤیسین و بڕگەیەك ل ڤێرێدا هاتبیت نەسێ تەکیف و ئیستینادا قانونی داڕێژم ل پێنج دەقیقەدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی دواتر فەرموو.

**بەڕێز رۆبینە اویملك عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٢):

فەرمانبەر یان راسپێرادرو بە راژەی گشتی بەهای ئەو زیانانەی لە ئەستۆ دەگرێت کە موڵك و ماڵی دەوڵەت کەوتوون، بە ئەنقەست بێت یان بە هۆی پشت گوێ خستن یان کەم تەرخەمی یان سەرپێچی کردنی یاسا و بڕیار و پەیڕەو و ڕێنمارییە بەرکارەکان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان دەیەوێت لەسەر ئەو ماددەیە قسە بکات دەتوانێت ناوی خۆی تۆمار بکات، ناوەکان دەخوێنمەوە ( د.شایان، د. عثمان، د.ڕێبوار، سوسن خان، کاك نزار، لیلی خان، حەسیبە خان، د.ساماعیل، د.محی الدین)، کاك نزار فەرموو.

**بەڕێز نزار ملا عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی دوو فەرمانبەر یان راسپێردراو، لێرە ئاماژە تەنها بە فەرمانبەر و راسپێردراو کراوە، باشە پرسیار ئەوەیە ئەدی ئەوانەی کە ڕۆڵی فەرمانبەر دەبینن وەك گرێبەستەکان یاخود ئەوانەی کە بە هەمیشەیی لە ناو دام ودەزگاکانی دەوڵەت کار دەکەن ئایا ئەم یاسایە تا چەند ئەمانە دەگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسای وەڵامی کاك نزار بدەنەوە، فەرموو کاك بژار.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرسف بۆ كاك نزاری ل تەعریفادا هاتیە تەعریف كرن، بەحسكەر یان بە شێوەی بەردەوام یان هەمیشەیی یان كاتی، كاتی گرێبەستیش دەگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوسن خان فەرموو.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی دووەم لە رووی ڕێزمانیەوە هەندێك تێبینیم هەیە، چونكە لە ماددەیەكی دوو دێر و نیویدا چوارجار (یان) دووبارە بۆتەوە، بۆیە من پێم باشە بەو شێوازەی لێ بكرێت (فەرمانبەر یان راسپێردراو بە راژەی گشتی بەهای ئەو زیانانە لە ئەستۆ دەگرێت كە بەر موڵك و ماڵی دەوڵەت كەوتوون)، نەك (بە)، وە بە ئەنقەست ئەو (بێت) بێتە كۆتایی باشترە، یان بە هۆی پشت گوێ خستن یا كەم تەرخەمی یاخود سەرپێچی كردنی یاسا، لە جیاتی (یان)، دواتر بڕیار و دیسان فاریزە پەیڕەو ڕێنماییە بەركارەكان بێت، بەو شێوازە بێت لە رووی ڕێزمانیەوە داڕشتنەكە جوانتر دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك شێخ ظاهر فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (٢): فەرمانبەر یان راسپێرادرو بە رێژەی گشتی بەهای ئەو زیانانەی لە ئەستۆ دەگرێت كە بە موڵك و ماڵی دەوڵەت كەوتوون، بە ئەنقەست بێت یان بە هۆی پشت گوێ خستن یان كەم تەرخەمی یان سەرپێچی كردنی یاسا و بڕیار و پەیڕەو و رێنمارییە بەركارەكان، لێرە لەو ماددەیە جیاوازی نەكراوە لەلایەن بەهای ئەو زیانانەی كە لە ئەنجامی كە گەیندراون بە موڵك ماڵی گشتی كە بە عەمدی زیانەكان گەیندراون یاخود لە نەتیجەی گەیندراون، ئایا چۆن دەبێت وەك یەك بن كەسێك زیان بە عەمدی بە موڵك ماڵی دەوڵەت بگەیەنێت و كەسێكیش لە نەتیجەی نەزانین یان هەڵە زیان بگەیەنێت، بۆیە من داوا دەكەم جیاوازی بكرێت لە نێوان ئەو دوو حاڵەت، كاتێك كە عەمدی بێت و كاتێكیش كە نا عەمدی بێت، وە بڕی بەهای زیان گەیاندنەكان جیا بكرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، لە راستیدا لە یاسای لە ئەستۆگرتنی عێراقی ساڵی (٢٠٠٦) كە ژمارەكەی (١٢)یە، هەڵەی بە ئەنقەست و هەڵەی بێ ئەنقەستی جیا كراوەتەوە، بەڵام لە یاسای تازە كە دەرچووە ژمارەكەی (٣١)ی ساڵی (٢٠١٥) دەرچووە ئەوە جارێكی تر گەڕاونەتەوە بۆ مەفهومە عامەكە، چونكە ئامانج لەم یاسایە بژاردنی زەرەرەكەیە، یەعنی گەڕاندنەوەیە، قەرەبووكردنەوەی ئەو زیانانەیە كە بە ماڵ و موڵكی دەوڵەت كەوتووە، مەسەلەی هەڵە، ئەگەر بە ئەنقەست ئەوەی كردبێت لە ماددەكانی دواوە بە وازیحی هەیە دەڵێ ئەگەر ئەوەی تێدا بوو عنصری جەزائی تێدابوو، رەگەزی جەزائی تێدابوو، یەعنی تەعەمودی تێدابوو بە ئەنقەست

کردبووی موئەسەساتی دەوڵەتی ئیجبار کردووە بەوە دەبێت ئیحالەی مەحکەمەی بکات، د. شایان فەرموو.

**بەڕێز شایان کاکە صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان، جگە لە فەرمانبەر کە فەمانبەری فەرمی و گرێبەست دەگرێتەوە و راسپێردراوان بە راژەی گشتی، ئێمە توێژێکی دیکەشمان هەیە کە خزمەتی گشتی دەکەن ئەوانیش خۆبەخشانن لە دامەزراوە تەندروستیەکان، بە تایبەتی لە نەخۆشخانە حکومیەکان، ئایا ئەو یاسایە چۆن مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات، لە راستیدا خۆم لەگەڵ ئەوەدانیمە کە هیچ شتێکیان گرێتە ئەستۆ، بە خۆیان خۆبەخشن، بەڵام ئەگەر واقیعەکە باس بکەین ژۆن مامەڵە لەگەڵ خۆبەخشەکان دەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك بژار فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نەخێر، خۆبەخش ناگرێتەوە، سەبارەت بە ئاخافتنێت برای بەڕێز شیخ زاهر راستە ئەز خۆ ژی بە دیتنا مە ئەوە کو هەمی تشتێت لێرەدا بێتە بەحس کرن ئیعتیمادی ل سەر قانونا عقوبات و قانونا دی نەکەین، ژبەر کو ل ڤێرێ نەهاتیە مەسەلەیا جریمەیا ئەگەر عەمدی بیت یان غەیر عەمدی بیت، ل قانونا عقوبات ل چەندین ماددەیادا هاتیە بەحس کرن هەتا ئەگەر عەمدی بیت عقوبەتا جینایەتانا وە ئەگەر نە عەمدی بیت حەپسە ل ماددەکانی قانونا عقوبات، ئەگەر لێرە بهاتبا بەحس کرن گەلەك درێژ دبت ئەڤ یاسایە، ژبەر هەندێ وەکو لایەنێ سزایێ ئسولیاتا جینائی نەهاتیە بەحس کرن، هۆسا تێگەیشتم لە پرسیارا تە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لە قانونەکەی تر کە ئەوەی کە لە ساڵی (٢٠٠٦) هەبووە بەهاکەی موزاعەف بووە، دوو ئەوەندەبووە، بەڵام ئەوە رەخنەی زۆری لێگیراوە، چونکە ئامانج لەم یاسایە عقوبە نیە، ئامانج لەم یاسایە گێڕانەوەی ماڵ و موڵکی دەوڵەت و بژاردنی زەرەرەکەیە، موزاعەفەکردنی عقوبەش موزاعەفەکردنی پێ بژاردنیش وەکو جۆرێك لە عقوبە سەیر دەکرێت، بۆیە لادراوە، ئەگەر نا بەڵێ پێشتر بەو شێوەیەبووە، بەڵام رەخنەی زۆری رووبەرووکراوەتەوە، چونکە دەڵێ ئەم یاسایە بوعدێکی مەدەنی هەیە، پێ بژاردنی ئەو زیانانەیە کە فەرمانبەر بە ئەنقەست بێت یان بە هەڵە بە سەرپێچی کردن لە ماڵ و موڵکی دەوڵەتی دەدات، پێی دەبژێری، عنصرە جەزائیەکەی ئەوەی کە مانای غەرامەی هەیە، مانای عقوبەی هەیە دەچێتە قانونێکی تر، لەبەر ئەوە لادراوە، ئەگەر نا پێشتر وابووە، پێشتر لە عێراق لەو قانونەی کە لە ساڵی (٢٠٠٦) دەرچووە دەڵێ ئەوەی بە عەمدی دەیکات دوو ئەوەندەی لێ وەردەگیرێتەوە، بەڵام ئامانج لەم یاسایە عقوبەدان نیە، ئامانج لەم یاسایە گێڕانەوەی ماڵی دەوڵەتە، لەبەر ئەوە مەبدەئە لادراوە، د. عثمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان علی سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم باشە ئەم پەرلەمانە بەڕێزە سەرچاوەی تەشریعی یاسادانانە کە خۆی لە خۆی ڕێز لە یاسا بگرێت، بەڕاستی ئەم فەقەرەیە کە دەڵێت بە ئەنقەست بێت یان بە هۆی پشتگوێخستن بێت یان کەم تەرخەمی یان سەرپێچیکردنی یاسا، وا باشە سەرپێچیکردنی یاساکە لەسەرەتاوە بێت ئەوە یەك، پاشان کە جیهەی تەنفیزی کێ دەبێت، بۆ نەڵێین لە ڕێگای لیژنەیەکی تایبەتمەند یان لیژنەیەکی کاتی کە لەو وەزارەتە یان لەو پارێزگایە یان لەو بنکەیە کە دروست کرابێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کلارە خان فەرموو.

**بەڕێز کلارە عودیشو یعقوب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەیا دوو هەر وەکی جەنابێ تە گوتی هەدەفێ ڤی قانونی پاراستنا ماڵ و موڵکی دەوڵەتێیە، هەروەسا تەمامکاری یاسایێ چاکسازییێە، یەعنی دەمێ دەوڵەتەك چاکسازی بکەتن دڤێتن ل هەمی لایەنەکدا بکەتن، ژبەر هەندێ ئەز نزانم بۆچی بەس فەرمانبەر یان راسپێردراوە بە راژەی گشتی، بۆچی مە کۆمپانیا هەنە، کۆمپانیا گشتی، کۆمپانیایێ تایبەت، هەروەسا بەڵێندەر، ژبەر هەندێ کو ماڵ و موڵکی دەوڵەتێ پتر ژ فەرمانبەرەکی کو یێ کەم درامەت بێتن ئەڤ فەسادە کربیتن، ل دنیا ژی بەهەردانا ماڵ و موڵکی خەڵکی، ژبەر هەندێ ئەز نزانم ئەگەر پرسیارا من بێتە جواب دانێ چ لەلایێ بەرپرسیار بەڕێزان ل لیژنەیا یاسایی یان ژی ئەگەر ئەوها لێبێت فەرمانبەر یان راسپێردراو بە راژەی گشتی یان کومپانیای تایبەت بیت یان ژی یا گشتی بیتن یان ژی بەڵێندەر بیتن بەهای ئەو زیانانە لە ئەستۆ دەگرێت کە بە موڵك و ماڵی دەوڵەت کەوتوون بە ئەنقەست بیت یان بە بێ ئەنقەست، چونکە ئەگەر بە ئەنقەست بیتن تەعویزا وی دڤێتن مەسەلەن دووبارە ئەو تەعویز بدەتن یان ژی ئەگەر بێ ئەنقەست بیت کەمتر بیتن یان بەهۆی پشتگوێخستن یان کەم تەرخەمی یان سەرپێچیکردن یاسا و بڕیار و پەیڕەو و ڕێنماییە بەرکارەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هیچ شتێك ڕێگر نیە لەوەی ئەوانەی تێدابێت، ئەسڵەن لە قانونەکەی ساڵی (٢٠٠٦)یش تێدابووە، بەڵام بۆ ئەم مەبەستە لە بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان دەپرسین بۆ کۆمپانیاکان و بەڵێندەرانی تێدانیە، فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوای ئەوەی قانوونی ساڵی (٢٠٠٦) لە بەغدا ئیلغابۆتەوە بە قانوونی ساڵی (٢٠١٢)، لە قانوونی بەغداشدانیە ئێمە لە هەرێمی کوردستان تەنها گونجادوومانە لەگەڵ هەرێمی کوردستان، ئەگەر نا وەکو بەڕێزتان ئیشارەتان پێدا کە کۆپی پەیستی یاساکە لە جیاتی ئینفازکردن کردوومانە بە

یاسای هەرێمی کوردستان، بۆیە ئێمەش لێرە دامانەناوە، لەبەر ئەوەی لە قانوونە مەلغیەکە دانرابوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیلی خان فەرمووو.

**بەڕێز لیلی عبدالجبار حدو:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاخافتنا من هاتە گوتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.ڕێبوار فەرمووو.

**بەڕێز د.ڕێبوار عبدالرحيم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دوو دیارە باس لە بژاردن دەکات ئەو زیانانەی کە ئەو کەسەی کە زیانی گەیاندووە بە موڵك و ماڵی دەوڵەت (منقولە و غیر منقولە)، بەڵام ئاماژەکردن بە ووشەی بە ئەنقەست ئەم ماددەیە تەنها موعالەجەی حاڵەتی بە ئەنقەستی کردووە، موعالەجەی حاڵەتی بێ ئەنقەستی نەکردووە، بە تایبەتی لە ئەموالی منقولە، بۆ نموونە من فەرمانبەرێکی دەوڵەتم بەبێ ئەنقەست تەلەفزیۆنێکم شکاندووە وەکو ئەموال منقولە، یەعنی دەستم پێ کەوتووە و بەربۆتەوە و شکا، ئەوە ئەموال منقولەی دەوڵەتە ئەو تەلەفزیۆنە یان هەر شتێکی تر، هەر کەرەستەیەکی تر، لەو حاڵەتەدا ئەی ئەگەر بێ ئەنقەست بوو زیانی گەیاند بە موڵك و ماڵی دەوڵەت چۆن موعالەجەی بکەین ئەوە بە رای من پرسیارێکی جەوهەریە، بۆیە پێشنیار دەکەم ئەوەی بۆ ئیزافە بکرێ لە کاتێکدا ئەگەر بۆ لیژنەی لێکۆڵینەوە ساغ بوویەوە کە ئەو زیان گەیاندنە بێ ئەنقەستە ئەو کەسەی کە ئەو کردارەی کردووە هیچ زیانێك نەبژێرێ، واتە ئەوەی کە بە بێ ئەنقەست کردوویەتی لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەی لیژنەکە هیچ پارەیەك نەبژێرێ یان هیچ قەرەبوویەکی دەوڵەت نەکات، لەبەر ئەوەی بێ ئەنقەست بووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەس حاڵەتەکانی کەم تەرخەمی بوون بۆ نموونە، پشتگوێخستن خۆ قەستی تێدانیە، وازحە بە ئەنقەست جیاکراوەتەوە فاریزە دانراوە، ئینجا دەڵێ یان بە هۆی پشتگوێخستن یان کەم تەرخەمی یاخود سەرپێچی، تۆ بە حادیسە بە شتێك دەکەوی نەخێر بژاردنی تێدانیە، چونکە نە سەرپێچی قانوونە، نە قەرارە، نە پەیڕەویشە، هیچ شتێکی ئەنقەستیشی تێدانیە، هەر قەرەبوو نایگرێتەوە، حسیبە خان فەرمووو.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی دوو لەو بڕگەیەی کە باس دەکات فەرمانبەر یان راسپێردراو بە راژەی گشتی بەهای ئەو زیانانە لە ئەستۆ دەگرێت کە موڵك و ماڵی دەوڵەت کەوتوون، لێرەدا

فەرمانبەر تاكە، بەڵام ئەو زیانانە جەمع كراون، كەواتە لێرەدا پێویستە بە شێوەیەكی دیكە ئەو ماددەیە دابڕێژینەوە، كەم من بەم شێوەیەم لێكردووە (فەرمانبەر یان كەسێكی راسپێردراو بە راژەی گشتی بەهای تەواوی ئەو زیانانە دەكەوێتە ئەستۆ كە بە هۆی كەم تەرخەمی یان سەرپێچی یاسا و بڕیار و رێنماییەكان بە موڵك و ماڵی دەوڵەتی گەیاندووە)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

د.اسماعیل فەرمووو.

**بەڕێز د. اسماعیل على طه:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من دوو تێبینی یا هەی، یەكەمیان: هەرچەندە من خەبیری زمانی نیمە بە تایبەتی شێوەزاری سۆرانی، بەس ئەز دبینم ئەڤە خەلەتیەكا وێرێدا هەی، فەرمانبەر یان راسپێردراو بە راژەی گشتی بەهای ئەو زیانانە لە ئەستۆ دەگرێت، ئەگەر تەرجومەی عەرەبی بكەین، ئەگەر بێژین (یضمن أو مضمن)، لێرە یچمن مەعنای یچمن نادات، ئەوە هەڵەیە، یەعنی ئەز دبێژم ئەوە چاك بكرێتەوە كە چۆن ئەوەی زمانزانی بكەن، لە ئەستۆ دەگرێتەوە جوانترە بنووسرێت لە ئەستۆ دەگرێت، یەعنی فاعل (هو)یە، لێرەدا فاعل نە (هو)یە، لیژنەیە دەی سەپێنێت، تێبینی دووەم: لە كۆتاییدا دەڵێ سەرپێچیكردنی یاسا و بڕیار و پەیڕەو و رێنماییە بەركارەكان، رێنماییە بەركارەكان بۆ قانونێ دبێژن نەك بۆ رێنماییە، یەعنی ئەز دبێژم كافیە بێژی بڕیار و پەیڕەو و رێنماییەكان، ئەوەی تر بەركارەكان زیادە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

دەتوانین بیكەنە بەهای ئەو زیانانەی دەخرێتە ئەستۆ، كاك سیروان فەرمووو.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی دوو دەڵێ فەرمانبەر یان راسپێردراو بە راژەی گشتی بەهای ئەو زیانانە لە ئەستۆ دەگرێت كە بە موڵك و ماڵی دەوڵەت دەكەوێت كە بە ئەنقەست بێ یان بە هۆی پشتگوێخستن یان پشتگوێ نەخستن بێت، شتێك هەیە لە دەرەوەی توانای مرۆڤە ئەویش زەرەر گەیاندنە بە بەرامبەر، ئایا ئەگەر تەلەفزیۆنێكی شكاند دەتوانێ بە (١٠٠)دۆلار قەرەبووی بكاتەوە، ئەی ئەگەر شتێك بوو لە توانی ئەودا نەبوو، یەعنی ئاگرێك كەوتەوە و بینایەكی سووتاند بەهای دوو ملیۆن دۆلار بوو، لێرە موعالەجە نەكرابێت، لە شوێنی تر موعالەجەكراوە بە كۆمپانیای بیمە، كۆمپانیای تەئمین، ئێمە شەریكاتی تەئمینمان رێك نەخراوە، هەرچەندە من بۆ خۆم پرۆژە یاسایەكم هەیە لە داهاتوودا تەقدیمی دەكەم، كۆمپانیای تەئمین لە هەموو جیهان بۆ نموونە لە وڵاتانی (یەمەن، ئوردن، ئەلمانیا، دانیمارك...هتد)، فەرمانبەرێك ئەگەر لە مەحكەمەوە لە لیژنەیەكەوە دای بنێن یەكمجار پێ دەڵێن لە كۆمپانیای تەئمین زەرەر گەیاندن ناوت هەیە، دەڵێ بەڵێ، دەڵێن چەند مانگە دەڵێ سێ مانگ كەمتر نەبێت، ئەم كۆمپانیایە دەبێ بكرێت بە شەرت، ئەو كۆمپانیایە زەمانی ئەوە دەكات ئەگەر من عەقڵم تەواوە، باری تەندروستیم تەواوە، ئەگەر زەرەرم لە كەسێك دا ئەوان بۆم دەژمێرەن، ساڵانەی هەیە، ئینجا ئەوەش موعالەجەكراوە، فەرمانبەر مادام

موچەی هەیە ساڵانەی کۆمپانیاکە دەکەوێتە سەر هەردوولا، فەرمانبەر و دائیرەکە، من پێمـوایە غەدرێك دەکەین لە فەرمانبەر ئەگەر بە نا ئەنقەست کارێکی کرد لە دەستی دانەبـوو، بـۆ نمـوونە نەوتی رشت باغەکە تێکچوو، کەواتە بکرێتە بە مەرج، جارێ یاسایەکمان هەبێت کۆمپانیا بێنـین بۆ دەعمی سەیارە و بۆ زەرەر گەیاندن بە خەڵك، فەرمـانبەر دەبـێ ئەو بـیمەیەی هەبێـت ئینجـا لەوە پێویستمان پێیەتی، لەبەر ئەوە من پێموایە یەك بـڕگەی بـۆ زیـاد بـکەن لە کـات بـوونی ئەو یاسایە فەرمانبەرێك کە لە لیژنەیەکدا بێت یان لە شوێنێکدا بێـت بەهـاکەی لەوەنـدە زیـاتر بێـت دەبێت ئەو بیمەیەی هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

رۆژان خان فەرموو.

**بەڕێز رۆژان ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

گەلەك پەرلەمانتارێـت هێـژا رائیـا خـۆ ل سـەر ئەنقەسـت و بـێ ئەنقەسـت دا، پێویسـتی بە روونکردنەوەیەکی هەیە، ئەڤە ل ڤێرێ دبێژیـت بەهـای زیـانەکە بـۆ بگەڕێنێـتەوە، ئەگەر هـاتوو هاتە دیارکرن کو یێ کەتی ل ئەستۆیێ وی دا، ئەگەر بـێ قەسـت بیـتن چ کەس تۆمەتبـار نـایەتە کرنی کو زەرەرێ کری، بۆچی وی ماڵ و موڵکی دزڤرینیتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان فەرمووو

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە پڕۆژە یاساکەی حکومەت موستەڵەحی بە ئەنقەسـت لە نـاو بـڕگەی دووەم بەکـار نەهـاتووە، لەبەر ئەوەی لێـرەدا دانـراوە بە ئەنقەسـت یـان بەهـۆی پشتگوێخسـتن یـان کەم تەرخەمـی یـان سەرپێچیکردن، پشتگوێخستن ئیهمال و تەقصیر و موخالەفەمـان هەیە، ئیهمـال و تەقصـیر و لە نەتیجەی هەڵە دروست دەبن، هەڵەکە دەکرێت عەمدی بێت و دەکرێت غەیر عەمـدی بێـت، لێـرە ئەو (یان)ە وامان پێشاندەدات کە پشتگوێخستنەکە لەگەڵ ئیهمال و تەقصیرەکە غەیر عەمـدیە، یەعنی لێرەدا ئەو بە ئەنقەستە دەبێت هەڵ بگیرێت ئەگەر بەڕێزت لەگەڵم بیت سـەیری مـاددەی شەش بکەن بڕگەی سێیەم چۆن دیاریکردووە، مـاددەی شـەش بـڕگەی سـێ دەڵێـت دیـاریکردنی گەورەیــی ئەو هەڵەیەی ئەنجامــدراوە یــان پشتگوێخســتنەکە یــان کەم تەرخەمــیەکە یــان سەرپێچیەکە، ئایا بە ئەنقەست بووە یان بێ بە ئەنقەست بووە، یەعنـی لێـرەدا عەمـدی و غەیـر عەمدی بۆ هەرسێ فـیعلەکەی سـەرەوە بەکارهـاتووە، بـۆ هەڵەکە بە شـێوەیەکی عـام، لە یاسـای عێراقی ساڵی (٢٠١٥) و لە پڕۆژە یاساکەی حکومەتیش کە ناردوومانە وشەی بە ئەنقەست لێـرەدا دامانەنـاوە، لێـرە زیـادکراوە، بـۆیە داوا لە بەڕێزتـان دەکەم لە رووی یاسـاییەوە کێشـە دروسـت دەکات ئەو موستەڵەحەی بە ئەنقەست، وە لە ماددەی شەش جێگای بۆ کراوەتەوە، ئەگەر لێـرەدا هەڵبگیرێـت، چـونکە هەم ئیهمـال و هەم تەقصـیر و هەم موخـالەفە کە هەڵەن، هەڵەکە دەکرێـت عەمدی و غەیر عەمدی بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تێبینیەکە بە جێیە، کاك ئومێد فەرموو.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە سوود وەرگرتن لە ماددەی (٥٦)، بۆتە عورفێك لەو پەرلەمانە بەڕێزە هەموو دانیشتنەکانی پەرلەمان سەعاتێك تا دوو ساعات بە فیڕۆ دەڕوات بە بابەتی سیاسی و بە خیتابات بە ڕێ دەکرێت، بە داخەوە تا ئێستا لەلایەن بەڕێزتان ماددەی (٥٧)ی پەیڕەو کاری پێ نەکراوە ڕێگری لەو کارانە بکات، هەموو ڕۆژانی کۆبوونەوەی پەرلەمان دەکرێت فەرموو سەرەنج بدەن لێرە ئەوانەی کە بارەکە دەشێوێنن و بە ئامانجی سیاسی خیتابات دەست پێ دەکات کە دەکەوینە ناو گفتوگۆ جدییەکانی ئەو بابەتەی کە لە سەری کۆبووینەتەوە هۆلی پەرلەمان جێدێڵن، ڕاستە مۆڵەت هەیە ئەندامی پەرلەمان دەتوانی کۆبوونەوەی جێ بێڵێت، بەڵام بەو جۆرەش نا، هیوادارم دەسەڵاتی پەیڕەوی خۆتان بەکاربێنن، لە سەرەتای دەست پێکردنی کۆبوونەوەکانی پەرلەمان کە خیتاباتی سیاسیە لە ناوەڕاستەکەش یا ئەو جدیەتە لەو بەڕێزانە دیاربێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕاستی وایە، تێبینیەکی بە جێیە، ئێمە کە دەکەوینە ناو موناقەشەکردنی قانونەکان ژمارەیەکی زۆر کەم لە ئەندامانی پەرلەمان دەمێننەوە، لەبەر ئەوە لە دەستەی سەرۆکایەتی بیر لە میکانیزمێك دەکەینەوە بۆ ئەوەی کە سەرەتای دەست پێکردنی کۆبوونەوەکانی پەرلەمان چۆن بن و چەندێك بن و کەی نوقتەی نیزامیەکان وەردەگرین، تێبینیەکی دروستە، ئەگەر ئێستا هۆلەکە پێشان بدەی دیارە ژمارەی ئەو بەڕێزانەی کە لێرەن چەندە، دەچینە سەر ماددەی سێ، فەرموون بیخوێننەوە.

**بەڕێز ڕۆبینە اویملك عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٣):

یەکەم: پێویستە دەسەڵاتی تایبەتمەند یان ئەوەی هەر کامیان رادەسپێرێت لیژنەی لێکۆڵینەوە پێك بهێنێت لە سەرۆکێك کە پلەی لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێت، وە دوو ئەندام لە فەرمانبەرانی خاوان شارازایی و پسپۆری بەو مەرجەی یەکێکیان خاوەن بڕوانامەی بەرایی زانکۆیی بێت لە یاسادا.

دووەم: نابێت لە لیژنەی لێکۆڵینەوەدا کەسێك ببێتە ئەندام کە پەیوەندی هاوسەرگیری یان خزمایەتی یان ژن و ژنخوازی تا پلەی چواری لەگەڵ ئەو فەرمانبەرە هەبێت کە لە ئەستۆگرتن داواکراوە.

سێیەم: ئەگەر پێویستیکرد دەسەڵاتی تایبەتمەند بۆی هەیە زیاتر لە یەك لیژنەی لێکۆڵینەوە لە دۆسیەکانی لە ئەستۆگرتن پێك بهێنێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان دەرگای گفتوگۆ دەکەینەوە لەسەر ئەم ماددەیە، کێ دەیەوێت لەسەر ئەم ماددەیە قسە بکات؟ ئەو بەڕێزانەی دەیانەوێت قسە بکەن (د.ڕێبوار، کاك بهمن، حسیبە خان، کاك لقمان، کاك زکری، کاك **عثمان**، کاك شاخەوان، د.اسماعیل، سەرچنار خان، کاك مەم، کاك سیروان، مەم اسنکدر، کلارە خان، نجات خان)، فەرمووو نجات خان.

**بەڕێز نجات شعبان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی سێیەم، بڕگەی دووەم، ئەگەر بهێین بریکارێ گشتیێ یا فەرمانبەرێ کو بە ئەستۆگرتن داخاز کریە زێدەکەین کو نابیتن لە لیژنەیا لێکۆڵینەوەدا هەبیتن، برێکارێ گشتیێ فەرمانبەری ئەگەر زێدەکەین، بێژین برێکارێ گشتی نابیت ئەندام بیت لە لیژنەیا لێکۆڵینێ ل ڤی فەرمانبەری کو لە ئەستۆگرتن داخازکری، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بهمن فەرموو.

**بەڕێز بهمن کاك عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی سێ، بڕگەی یەکەم هاتووە دەڵێ پێویستە دەسەڵاتی تایبەتمەند یان ئەوەی هەر کامیان رای دەسپێرن، مەبەستی کێیە ئەوەی هەر کامیان رای دەسپێرن کە دەسەڵاتی تایبەتمەند هاتووە ئەوەکەی تریان کێیە، لە بڕگەی دووەمیش دەڵێ لیژنەی لێکۆڵینەوەدا کەسێك ببێتە ئەندام کە پەیوەندی هاوسەرگیری یان هەر خزمایەتیەکی لەگەڵ بێت، من پێموایە ئەوەش ئیزافە بکرێت کە مەرج نییە ئەو زیانگەیاندنە ماڵ و دەوڵەت هەر تەنها شکاندن بێت، ئیحتیمال هەیە دزیش بگرێتەوە، بۆیە کەسێك کە گومانی لێ بکرێت، هەر کەسێکیش کە گومانی لێ بکرێت هاوکاربووە لەو مەسەلەیە نابێت لەو لیژنەی لێکۆڵینەوە هەبێت، ئەوە جێگای بکرێتەوە زۆر باش دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مەبەستی لەوەی کە رادەسپێرێت رێی پێ دەدرێت، یەعنی ئەو کەسەی کە تەخویلی دەکات تەسەور دەکەم هەر کەسێك کە رێپێدراویەتی باشترە لە راسپاردن، چونکە راسپاردن تەکلیفە، بۆ نموونە جاری وایە وەزیر رەنگە وەکیلەکەی تەکلیف بکات بۆ ئەوەی ئەو کارە بکات، کاك لقمان لێرە نییە، فەرموو.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٣) بڕگەی یەکەم پێویستە دەسەڵاتی تایبەتمەند یان ئەوەی هەر کامیان رایدەسپێرێت لیژنەی لێکۆڵینەوە پێك بێت لە سەرۆکێك کە پلەی لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێت، بەڕێوەبەری گشتی لە ناحیەکان ئەگەر مۆزەفێك یا فەرمانبەرێکی کەرتی گشتی زیانێکی گەیاند بە موڵك و ماڵی دەوڵەت، لە ناحیەکان بەڕێوەبەری گشتی نییە پێویستە بڵێین سەرۆکی فەرمانگە، چونکە ئەگەر بەهای ئەو زیانە گریمان یەك ملیۆن دینار بوو ئەو لیژنەیەی بەڕێوەبەری

گشـتی دێـت دەسـت بە لێکـۆڵینەوە بکـات خەرجییەکـان لەوە زیـاتر بێـت بـۆیە بە رای مـن بەڕێوەبەری گشتی لابرێت بە لایەنی کەم بکرێت لە سەرۆکی فەرمانگە کەمتر نەبێت، لە خـاڵی دووەەم ئەوەی دەڵێـت نابێـت لە لیـژنەی لێکـۆڵینەوە کەسـێك ببێـتە ئەنـدام کە پەیوەنـدی خزمایەتی یا هاوسەرگیری یـا ژن و ژیـان خـوازی یـا بەرژەوەنـدی تـایبەتی لە گەڵ هەبێت، جـار هەیە دوو کەس رەنگە بەرژەوەندییەکی ماددی تیجارەتێکیان لە نێوان دا هەبێـت کە رەنـگە زۆر کاریگەری لە بەرژەوەندی خزمایەتی زیاتر بێت، خاڵی سێیەمیش بۆ ئەو دەسـەڵاتە دەدەن ئەگەر پێویستی کرد لیـژنەی دووەمـی لێکۆڵینەوە پێـك بهێـنن عـادەتەن لیـژنەی دووەمـی لێکـۆڵینەوە رەنگە رۆتینات لە کارەکەی زیاتر بکات بە رای من لیژنەیەك کافییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

بەڵێ سوپاس، کاك شاخەوان فەرمووو.

**بەڕێز شاخەوان رؤوف مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (٣) بڕگەی یەکەم ئەوەی دەڵێت مەرج نییە بۆ هەموو لیژنەیەك سەرۆکی لیژنەکە ئیلا دەبێت بەڕێوەبەری گشتی بێت، مـن پشـتگیری بۆچـوونەکەی کـاك لقمـان دەکەم لە سـەر ئاسـتی قەزا و ناحیەکان، یەعنی هیچ بەڕێوەبەرێکی گشتی تێدا نییە، وەکو جەنابیشتان دەزانن مـدیری ناحییەکان بە پێی قانوون کە بەڕێوەبەری گشتی نییە وە من لە گەڵ بۆچوونەکەی کاك لقمانم لە بڕگەی یەك لە ماددەی (٣)، بڕگەی دووەم بە نسبەت لیژنەی لێکۆڵینەوە نەك تا پلە چـوار و ئەوانە بڕیارەکە وا بێت هـیچ خزمـایەتییەك نەبێـت، چـونکە عـادەتەن بـۆ لیـژنەی لێکـۆڵینەوە و ئەوانە لایەنی کەم قەرارەکە وا بێـت هـیچ خزمـایەتێکی نەبێـت بـۆ مەسـەلەی لیـژنەی لێکـۆڵینەوە خزمایەتی و کەسایەتی و ئەوانە تا پلە چوار و ئەوانە پلەبەندیەکەشی لـێ لابەیـت خزمـایەتی و کەسایەتی تەئسیراتی دەبێت، لە بەر ئەوە من پێم باشە ئەوەش ئیزافە بکرێـت کە خزمایەتیشـی نەبێت بە هیچ جۆرێك، سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس بۆ بەڕێزت، سەرچنار خان فەرمووو.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سـەبارەت بە مـاددەی (٣) منـیش تێبینـی ئەوەم هەبـوو کە پـلەی لە بەڕێـوەبەری گشـتی کەمتـر نەبێت، ئەو بەڕێوەبەری گشـتییە مەرج نـیـە هەمـوو بەڕێـوەبەرێکی گشـتی شـارەزایی هەبێـت، یەعنی لە بەر ئەوەی بەڕێوەبەری گشتی پلەی بەرزتـرە لە گەڵ ئەنـدامەکانی تـر هەژمـونی خـۆی زاڵ دەکات بە سەریان دا وە لەوە دەچێت گفتوگۆی لیژنەکە کە رای لیژنە بە ئاقارێکی تـر بـڕوات کە نەگاتە ئەنجام، بۆ نمونە ئەو ئەندامانی تر لە پلە سـێ بـن یـا لە پـلە چـواری وەزیفـی دابـن وە جیاوازیەکی زۆر هەیە لە ئاستی پلەیـان دا ئەو بەڕێـوەبەری گشـتی یە و ئەمـانە پـلە سـێ و پـلە چوارن ئەوان شارەزاییان هەیە، ئەمە لە بەر ئەوەی بەڕێوەبەری گشتی یە قسـەکەی زاڵ دەبێـت و لیژنەکە وەکو پێویست هەدەفەکەی خۆی ناپێکێت، لە بەر ئەوە بە رای من بەڕێوەبەری گشـتی

لەوە دەچێت زیاد بێت و هەر نەبێت، لە خاڵی سێیەمیش دا ئەگەر پێویستی کرد دەسەڵاتی تایبەتمەند بۆی هەیە لە یەك لیژنەی لێکۆڵینەوە لە دۆسیەکاندا ئەمە دەبێت بە دوو لیژنە کە ئێمە لیژنەیەکمان موختەس کرد ئەو کاروبارەکانی خۆی دەکات چ پێویست دەکات تۆ لیژنەیەکی لادوەکی دروست بکەیت لەوە دەچێت لە کۆتایی دا بڕیارەکانیان جیاوازی هەبێت یا ئەم چاوەڕێی ئەو بکات و ئەو چاوەڕێی ئەم بکات نەتوانێت بگاتە نەتیجەیەکی دروست، مادام لیژنەیەکی موختەس هەیە با هەرئەو بێت بۆ لیژنەیەکی وەکو کاك لقمان فەرمووی ئەمە هەر رۆتینیات زیاد دەکات، عەفو ئەوەی لە پێشوو دا باسی ئەوەی کرد لە بڕگەی یەك بڕوانامەی بەرایی کردبوو من تێنەگەیشتم ئەو بەراییە یەعنی چی یەعنی بڕوانامەیەکی لە بواری یاسا...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەکالۆریۆس.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

بەراییەکە زیادە و لابرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، راستی ئەگەر ئەگەر بگەڕێنەوە بۆ ئەسلی ماددەکانی پێشوو وەزیر یان سەرۆکی لایەنی نەبستراو بە وەزارەت یان پارێزگار یان کەسێك کە ئەوان رادەسپێرن لە هیچ شوێنێك ناڵێت ناحیە لیژنەی تەحقیق دروست دەکرێت تاوەکو با بڵێین لە ناحیە بەڕێوەبەری گشتی لێ نییە وە لە بەر گرنگی ئەم بابەتە ولە بەر ئەوەی ئەو لیژنەیە تەقریبەن شوێنی ویلایەی قەزا دەگرێتەوە لە سزادانی کەسێك با بڵێین لە ناچارکردنی کەسێك، بۆ ئەوەی قەرەبوو بکاتەوە و زیانەکان بگەڕێنرێتەوە لەو ئیعتیبارەوە گرنگە کەسێك بێت کە پلەکەی پلە یەك بێت کە بەڕێوەبەری گشتی بێت، دروست کردنی لیژنەکانیش مەبەست ئەوە نییە بۆ یەك دۆسیە چەند لیژنەیەك هەبێت مەبەست ئەوەیە دەکرێت لە یەك کاتدا چەند حاڵەتێك هەبێت وە چەند لیژنەیەك هەبێت هەمووی نەدرێتە یەك لیژنە نەك بۆ یەك حاڵەت چەند لیژنەیەك دروست بکرێت، کاك مم اسکندر فەرمووو.

**بەڕێز مم اسکندر مم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ب ناڤێ یەزدان، جەنابێ وە دزانیت کو پەرلەمانتارێت بەڕێز کو ل ڤێرێ حازرن ئەنجامێ توند و تۆڵا کۆمەڵایەتی کو شیاینە باوەریا خەڵکی ب دەست خۆ ڤە بینن ژبەر هندێ من تێبینی هەیە ل سەر ماددا (٣) فەقەرا دوو ئاماژە ب وێ ئێکێ دکەت کو حەتا پلە چار ناچێبیت کەس و کارێت وی د لیژنا لێکۆلینێ دا بن، پێشنیار دکەم ئەڤ فەقەرە ب ڤی رەنگی بهێت دانان، نابێت لە لیژنەی لێکۆڵینەوەدا کەسێك ببێتە ئەندام کە پەیوەندی کۆمەڵایەتی لە گەڵ ئەو فەرمانبەرە هەبێت کە لە ئەستۆ کردن داوا کراوە، ئێمە دەزانین لە ژێر کاریگەری ئەو پەیوەندیە توند و تۆڵە داین کە لە هەرێمی کوردستان لە ناو ئەو کۆمەڵگای ئێمە دایە کە کۆمەڵگایەکی عەشایەرین زۆر گرێدراوین بەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە، دەرەجە چوار زۆر نزیکە یەعنی هەندێك جار لە سەر

ئاستی عەشیرەت و ناوچەش رەنگە زۆر نزیك بێت، بۆیە ئەگەر بەم شێوەیە بکرێت کە هیچ پەیوەندیەکی کۆمەڵایەتی پێکەوە نەبێت باشتر دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، حسیبە خان فەرمود.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ ماددەی سێیەم هەم لە رووی داڕشتنەوە هەم لە رووی ئامرازەکان چەند تێبینیەکم هەیە، بۆیە بەم شێوەیە خاڵی یەکەم ئەوەی کە دەڵێت پێویستە دەسەڵاتی تایبەتمەند یان ئەوەی هەر کامیان رایدەسپێرێت لیژنەی لێکۆڵینەوە پێك بهێنێت لە سەرۆکێك کە پلەی لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێت و دوو ئەندام لە فەرمانبەری خاوەن شارەزایی وپسپۆڕی بەو مەرجەی یەکێکیان خاوەنی بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بێت لە یاسا، من بەو شێوەیە دایدەڕێژمەوە وەزیری پەیوەندیدار یا لایەنی بەستراو بە وەزارەت یان پارێزگار و ئەوانەی کە دەسەڵاتیان پێدراوە لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە پێك بهێنن لە سەرۆکێك و دوو ئەندامی بە ئەزموون لە بواری کارگێڕی و ئابووری دا بە مەرجێك سەرۆکی لیژنە خاوەنی بڕوانامەی یاسا بێت، لە خاڵی دووەم نابێت لیژنەی لێکۆڵینەوە کەسێك بێتە ئەندام کە پەیوەندی هاوسەرگیری ئەگەر تەماشا بکەین لە ریزی سێیەم سێ ئامرازی پەیوەندی بە دوای یەکەوە هاتوون (کە، بە، لە) یەعنی سێ ئامراز لە نێوان دوو وشە زۆر زیادە، هەروها نووسینەوەی ژن و ژن خوازیش پێم جوان نییە لە ناو دا هەبێت بۆیە پێشنیار دەکەم بەو شێوەیە دابڕێژرێتەوە، نابێت لە لیژنەی لێکۆڵینەوە کەسێك بێتە ئەندام کە پەیوەندی هاوسەرگیری یا خزمایەتی تا پلە چوار لە گەڵ ئەو فەرمانبەرە هەبێت کە بۆ مەبەستی لە ئەستۆ گرتن داواکراوە، خاڵی سێیەمیش ئەگەر پێویستی کرد دەسەڵاتی تایبەتمەند بۆی هەیە زیاتر لە یەك لیژنەی لێکۆڵینەوە لە دۆسیەکانی فەرمانبەری لە ئەستۆ کراو پێك بهێنێت، لێرە کەسەکە دیار نییە بۆ کێ دەبێت پێویستە ئاماژە بە کەسەکە بکرێت یان خاوەن راژە بێت، سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك عثمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان کریم سوارە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ماددەی (٣) بڕگەی یەکەم بەم شێوەیەی لێ بکرێت و پشتیوانی لە قسەکانی کاك لقمان دەکەم و هەمیش دەبێت بەم شێوەیە بێت، پێویستە دەسەڵاتی تایبەتمەند یان ئەوەی هەر کامیان رادەسپێرێت لیژنەی لێکۆڵینەوە پێك بهێنێت لە سەرۆکێك کە پلەی لە بەڕێوەبەری گشتی یان بەڕێوەبەر کەمتر نەبێت و دوو ئەندام لە فەرمانبەرانی خاوەن شارەزایی و پسپۆڕی بەو مەرجەی یەکێکیان یاسایی بێت، لێرە نووسراوە یەکێکیان خاوەن بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بێت لە یاسا دا ئەو دور و درێژیەی بۆ چیە بە بۆچوونی من وای لێ بکرێت باشترە زۆر سوپاس وە هەروەها تێبینیەکی تریشم هەبوو لە سەرمەسەلەی ناوی خۆم و کاك مەلا **عثمان** زۆر جار

تێکەڵ دەبێت کە دەگوترێت کاك **عثمان**، بۆیە ئەویش قسە بکات بە راستی منیش قسە بکەم جا بە رای من با کاك **عثمان** لە بەینی دکتۆر **عثمان** و مەلا **عثمان** خۆی یەکلایە بکاتەوە ئەوە منیش وازحە کە **عثمان** سیدەریم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، دکتۆرە شایان فەرموو.

**بەڕێز د. شایان کاکە صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیار دەکەم ماددەی (٣) بڕگەی یەکەم بەو شێوەیە لێ بکرێت، پێویستە دەسەڵاتی تایبەتمەند یان ئەوەی هەر کامیان رادەسپێریت لیژنەی لێکۆڵینەوە پێك بهێنێت لە سەرۆکێك پێك بێت کە ئەندامی داواکاری گشتی بێت، لە بەر ئەوەی ئەو بابەتە پەیوەستە بە مافی گشتی، لە بڕگەی سێیەم ئەگەر نووسراوە ئەگەر پێویستی کرد ئەوە بە مەتاتی دەبینم، بکرێتە ئەگەر لیژنەی یەکەم نەیتوانی دادپەروەری بەدی بهێنێت ئەوە دەسەڵاتی تایبەتمەند بۆی هەیە تا کۆتایی بڕگەکە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەمە پەیوەندی بە لیژنەکەی ترەوە نییە ئێمە باسی تەعەدودی لیژنەکە دەکات لە ناو یەك موئەسەسە دا یەعنی ئەوە وا نییە کە لیژنەکەی تر گومانی لە سەرە، بۆیە لیژنەیەکی تر دروست دەکرێت دکتۆرە گیان، بەڵێ سوپاس، کاك مەم فەرموو.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی ماددەی (٣) پشتیوانی لە بۆچوونەکەی سەرچنار خان دەکەم کە فعلەن وشەی بەرایی لابرێت وە شارەزایی و پسپۆڕی و پسپۆڕی و شارەزایی یەك شتن بۆیە پێویست ناکات و پسپۆڕی لابرێت، بۆ بڕگەی دووەمیان ژن و ژن خوازی پێموایە زیادە پێویست دەکات هاوسەرگیری یا خزمایەتی تا پلەی چوار ژن و ژن خوازیش پلەیەکە دەچێتە پلە چوار یا پلە سێ، لە ژن و ژن خوازی یەکێك شووی کردووە بە براکەی مەسەلەن بۆ نمونە یەعنی دەچێتە پلە چوار، من پێم وایە لابرێت پێویست ناکات تا پلە چوار کافیە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، کلارە خان، فەرموو.

**بەڕێز کلارە عودیشو یعقوب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت ماددەی (٣) من دوو تێبینی هەبوون، تێبینیا ئێکێ دووەم کاك مم اسکندر بەحس کر کو ئەو ژی ب رەئیا من نابیت چ پەیوەندییت کۆمەڵایەتی د گەڵ ئێك و دو هەبن چونکە ئەم زانین موجتەمەعێ مە پەیوەندییت کۆمەڵایەتی تەئسیرێ خۆیا هەی، لێ هەرچەندە دڤێت ئەو کەسێن د ڤێ لیژنێ دا بن مەرجێ وان یێ رەئیسی ئەو بیت کو نیشتیمانپەروەر بن یەعنی خودان مەسئولیەت بن بۆ هندێ کو حەریس بن ل سەر ماڵ و موڵکێ خەلکی، تێبینیا دووێ ژی

سێیەم ب ڕەئیا من یا زێدەیە لیژنا دی بهێتە چێکرن چونکو ب هەدەر دانا وەختی یە و هەر وەکی د بێژن وەخت تاقا بەشەریە، ئو ئەکید ئەڤ لیژنە پێویستی ب پارەی هەیە بۆ هنێ کو هاتن و چوونێ بکەن یان ژی هەر مەسروفاتەکێ دی ب ڕەئیا من ماددا (٣) سێیەم بهێتە لادان باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، دکتۆر ڕێبوار فەرموو.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٣) بڕگەی یەك حەقی بەرپرسیاریەتی یا سەرۆکایەتی کردنی لیژنەی لێکۆڵینەوە کردن بۆ دیاری کردنی ئەو زیانانەی کە بەر کەسی ئەستۆکراو کراوە حەسرەن دراوە بە بەڕێوەبەری گشتی، پرسیار ئەوەیە ئەی ئەگەر بەڕێوەبەری گشتی ئەو کەسە بێت کە لە ئەستۆ کراوە واتا ئەو کەسە بێت کە زیانی گەیاندووە کێ لێرە ببێت بە سەرۆکی لیژنەکە؟ لە ماددەی (١١)ی هەمان ئەم پڕۆژە یاسایە باس لەوە دەکات موعالەجەی ئەوەی کردووە ئەگەر وەزیر یا دەسەڵاتی تایبەتمەند یا ئەوانەی پلەی وەزیریان هەیە لە ئەستۆ کرا بن ئەوە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دەبێتە وەزیری تایبەتمەند یا دەسەڵاتی تایبەتمەند، ئەی ئەگەر بەڕێوەبەری گشتی زیانی گەیاند کێ ببێت بە سەرۆکی لیژنەکە؟

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ كاك بژار ئەوانە بنووسن بۆ جواب دانەوە، بەڵێ زۆر سوپاس كاك دكتۆر، كاك ذكری فەرموو.

**بەڕێز زكری احمد اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بناڤێ خودێ مەزن و دلۆڤان، ماددا (٣) خاڵا دوویێ نابێت لە لیژنەی لێکۆڵینەوە کەسێك ببێتە ئەندام کە پەیوەندی هاوسەرگیری یان خزمایەتی یان ژن و ژن خوازی تا پلەی چوارەم کە لە گەڵ ئەو فەرمانبەرە هەبێت کە بە لە ئەستۆ گرتنی داواکراو، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان من پێم باشە بەو شێویەی لێ بکرێت، نابێت لە لیژنەی لێکۆڵینەوە کەسێك ببێت بە ئەندام لە لیژنەکە کە خزمی خۆی بیت یا خزمی نزیکی هاوسەری خۆی بیت کە لە گەڵ ئەوەی فەرمانبەرە کە داواکراو لە ئەستۆ گرتبیت، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان من پێم باشە خاڵەك لەوپڕۆژەیە ئیزافە بکەن کە هەر سێ سەرۆکێت دامەزراوێت هەرێمێ تێدا بن وەکو سەرۆکێ هەرێم سەرۆکی حکومەت و سەرۆکێ پەرلەمان، چونکی هەموو خەڵك دزانیت زۆربەیا ئەو موڵك ماڵێت دەوڵەتێ ئەوێت هاتینە داگیرکرن ژ لایێ کەسێت یەکەم و دووەم و سێیەم یێت هەرێما کوردستانێ ل بەر هندێ من پێ باشە ئەڤ خاڵە ل ڤی پڕۆژەی دا ئیزافە بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، دكتۆر اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل علی طه:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بسم الله الرحمن الرحیم، تێبینیا من یا ئێكێ ئەگەر مە گوتێ سەرۆكی لیژنە پلەی بەڕێوەبەری گشتی كەمتر نەبیت، ئەز بێژم ژ بەر دوو ئەگەرا ئەڤە یا خرابە ئەم بكەین ئێك زۆربەی قەزا و ناحیا مدیر عام تێدا نینە خاسەتەن مدیریە مە یێت هەین سەر ئاستێ كوردستانێنە پارێزگە وەكو ژینگە بۆ میسال ژینگە ل دهۆك ل سلێمانیێ لە هەولێر مودیریەیە مودیر عامە تێدا نیە مەعنا ئەوە دبیت مدیریە عامە ل دائیرەكا بینن، وەكی ئەز بینم ئەم هۆ لێ بكەین یان كە پلەی لە بەڕێوەبەری گشتی یان بەڕێوەبەر مودیر كەمتر نەبیت هەتا مرونەت زیاتر هەبیت، دووەم پشتگیریا خوشكە سەرچنارێ دكەم فعلەن مدیر عام هەیبەتا خۆ و قووەتا خۆ فەرز دكەت ل سەر ئەندامێت لیژنێ وەكی ئەوی دڤێت چۆن دەیەوێت ئەوها دەكات یەعنی وی چەوا دڤێت دێ وەسا كەت ژ بەر هندێ ئەز بینم ئەم ئیلا قەید كەین ئەگەر بەڕێوەبەرێ گشتی بیت دێ زەرەر هەبیت مفا نابیت، تێبینیا من یا دوویێ ئەز نزانم چەند یا موعتەبەرە بەس ئەز دێ بێژم راستی، هند تەئسیر نینە ئەندامێت لیژنێ خزم بیت یان خزم نەبیت هندی حزبایەتی ل ڤێرێ دا تەئسیر هەیە ئەڤە مومكینە حەتا وی مەسئولێ حزبێ تەلەفۆنەكێ بۆ بكەت ئاقارێ یێ دیڤ چوون و تەحقیقێ بەو ئاقارە ڤی رەنگی ببەت، جا ئەز نزانم چەند یا مەعقولە ئەم بێژین نەفسی حزبا وی نەبیت یێ موستەقل بیت چونكی ئەگەر مە بڤێت عەدالەتەكا حەقیقی بكەین بلا سەد كیلۆمەترا دوو عەشیرەتا پێنج عەشیرا لێ دوور بیت مادام پارتا وییە حزبا وییە دێ تەئسیرێ ل سەر تەحقیقێ كەت، عەفو خالا ئەخیرێ سێیەم ئەگەر پێویستی كرد دەسەڵاتی تایبەتمەند بە هۆی زیاتر لە یەك لیژنەی لێكۆڵینەوە لە دۆسیەكانی یەك لیژنە بە مەرجێك لە یەك دۆسیە دا نەبێت یەعنی لە یەك مەلەف نەبیت ئەگەر یەك مەلەف بوو دوو لیژنە هەبوون دێبیتە تەزارب ئو هەرچەندە تە دوو جارا تەوزیح دا تەگوت مەرج نییە، بەلێ لێرە نەهاتیە مەرج نییە مومكینە دەسەڵاتێ تایبەتمەند بێژیت من مافێ هەی دێ دوو لیژنا دروست كەم بێژیتن تو بەشێ هندە تەحقیقێ بۆ بكە تو بەشێ هندە دەبێت ئەمە چارەسەر بكرێت یان سێیەم نەبیت یان بڵێین لە یەك دۆسیە دا نەبێت یەك مەلف یەعنی مەلەفی جیاجیا بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس بۆ بەڕێزت، كاك سیروان فەرموو.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (٣) دووەم هاتووە دەڵێت نابێت لە لیژنەی لێكۆڵینەوە كەسێك ببێتە ئەندام كە پەیوەندی هاوسەرگیری یا خزمایەتی یا ژن و ژن خوازی تا پلە چواری لە گەڵ فەرمانبەر هەبێت و تا دوایی، من دەپرسم بۆ لە هیچ لیژنەیەك دا هەیە لە كوردستان دا ژن و مێرد یەكێك داواكراوبێت و ژنەكە سەرۆكی لیژنە بێت یان خزمێكی سەرۆكی لیژنە بێت؟ ئەگەر شتێكی وا

هەبێت واتا خەوشێکی گەورە لە یاسا دا ئێمە دەزانین لە قانونی ئینزباتی (١٤)ی ساڵی (١٩٩١) مان هەیە ئەگەر تێیدا هاتبێت ئەوە ئیتر پێویست ناکرێت لێرە بوترێت وە ئەگەر تێیدا نەهاتبێت کەواتا خەوشێکە هەموو لیژنەیەك دەتوانێت مودیری دائیرەی خۆی بکات بە سەرۆکی لیژنەیەك کە خێزانەکەی پەنجەرەیەکی شکاندبێت، یان ئەوە زیادە ئەگەر زیاد نەبێت کەواتا لە قانونی ئینزباتی (١٩٩١) بە سەری دا تێپەڕیوە بە داخەوە خەوشێکی گەورەیە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، بەڕێزان مەشروعەکەی حکومەت هەندێك روونترە رەنگە پێویست بکات تەوزیح بدەین لە بڕگە سێیەکە دەڵێت بۆ تێڕوانین لە پرسەکانی لە ئەستۆ کردن ئەگەر پێویستی هەبێت لە بەر بوونی ژمارەیەك پرس کە پێویست بکەن خێرایی بکرێت لە تەواو کردنی لێکۆلینەوە، دەتوانین لە بڕگەی سێ هەندێك تەوزیحی زیاتری بدەینێ یا سیاغەکەی بە جۆرێك بێت کە هەموو شتێك بگرێتەوە، بەڕێز لیژنەی قانوونی قسەتان هەیە؟

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەوزیحەك ل سەر ڤێ پرسیارێ ئەگەر مودیر عام ببیتە سەرۆکێ ڤێ لیژنێ ئایا دێ چەوا بەرپرسیار بیت ل بەرامبەر یان کێ یان کی دێ لیژنا لێکۆلینێ سەر وی کەت، دڤێ بڕگێ دا بڕگە ئێك ل ماددا (٣) نەهاتیە کو ئەڤ لیژنا تێتە پێك ئینان ب شێوەیەکێ موتلەق کو مودیر عام سەرۆکێ ڤێ لیژنێیە ئەڤە ژ دەسەڵاتا پەیوەندیدار یان یا تایبەتمەند کو بەری نوکە ل ماددا (١) تەعریفا دا هاتیە پێناسە کرن وەزیرە ئو سەرۆکی لایەنی نەبەستراو وە زائیدەن پارێزگار، ئەڤ لیژنەیە دەسەڵاتا تایبەتمەند یان پەیوەندیدار دەمێ لیژنێ پێك تینیت مەعنا ئەو نینە کو ئیلا مودیر عامەك ب شێوەیەکی موتلەق ئیلا ئەو دێبیتە سەرۆکێ ڤێ لیژنێ بەلکو دبێژیت پلا وی یا ئیداری ژ بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێت ئو ئەگەر مودیر عام بخۆ ئەو کەس بیت ئەوێ داواکری ئەڤ توهمەتە یان مەسئەلا گەندەلی ل سەر بیت حەتمەن دیارە لایەنێ سەر وی دا وەزیرە ئو وەزیر دێبیتە سەرۆکێ وێ لیژنێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان، بە دیاریکراوی پرسیارێك حیکمەت چییە دەتانەوێت سەرۆکی لیژنە کە بەڕێوەبەری گشتی بێت؟

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنها بۆ بە قووەتی لیژنەکەیە هیچ مانعێك نییە کە بەڕێوەبەر گشتی هەڵبگیرێت، ئەگەر دەزانن ئەڵقەلە دروست دەکات، بەڵام بە هیچ شێوەیەك نابێتە ئەڵقەلە هەتا ئەگەر بەڕێوەبەری گشتی بە خۆی کارەکەی ئەنجام دابێت لە هەر وەزارەتێك زیاتر لە سێ چوار بەڕێوەبەری گشتی هەیە دەتوانێت بەڕێوەبەرێکی تر گشتی رابسپێریت بۆ ئەو کارە تەحدید نەکراوە کام بەڕێوەبەری گشتییە ئایا هی دیوانە؟ ئایا هی تەختیتە تەحدید نەکراوە؟ تەنها بۆ هەیبەت دان بە لیژنەکە بەڕێوەبەری گشتی سەرۆکایەتی لیژنەکە بکات ئەوە خاڵی یەکەم، خاڵی دووەم ئێمە تەرکیز لە

سەر ماددەی (٢) لە پڕۆژە یاساکەی خۆمان دەکەینەوە پێم وایە ماددەی (٢) دەقیقتـر داڕێـژراوە لەوەی کە لە ماددەی (٣) لیژنە دا هاتووە وە هیچ هەڵەیەکی زمانەوانی تێدا نییە، لەویێ لە بڕگەی یەکەم باسمان کردووە کە هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی بەرایـی بێـت لە یاسا واتا بەکالۆریۆسـی هەبێت لە یاسـا، لە بـڕگەی دووەم باسـمان کـردووە کە پەیوەنـدی خزمـایەتی تـا پـلەی چـوار یـان پەیوەندی زاوایەتی هەبێت کە مەبەستمان (صیله القرابه لحد الدرجة رابعة او صلة مصاهرة) واتـا هەر دووکمـان لێـك جیـا کـردۆتەوە لێـرە لە بـڕگەی دووەم تـێکەڵ کـراوە نووسـراوە هاوسەرگیری یان خزمایەتی یان ژن وژن خـوازی تـا پـلەی چـوار، لە نـاو یاسـا دا شـتێك نیـیە بە ناوی ژن و ژن خوازی بێـت تـا پـلەی چـوار هەمـانە (صلة مصاهرة) هەمـانە (صـلة القرابـة لحـد الدرجـة الرابعـة) بـۆیە تەئکیـد دەکەیـنەوە کە مـاددەی (٢) دەقیقتـرە، زۆر سـوپاس سـەرۆکی پەرلەمان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، بەڵام زاوایەتی لا دەبەیـن چـونکە زۆر شـایەع نیـیە دەیکەیـنە هاوسـەرگیری یـان خزمـایەتی تـا پـلەی چـوار، وە ئەوەی حکـومەتیش لە بـڕگە سـێیەمەکەی تۆزێـك تەوزیـح لای خۆشمان دەبێت هەندێك چاکتر بکرێت بۆ ئەوەی وا دەرنەکەوێت کە ئەمە تەعەدودە بۆ هەمـان دۆسیە تۆزێك تەوزیحتر ئیشالا ئیعادەی سیاغەی بۆ بکرێتەوە، ماددەی (٤).

**بەڕێز سلام عبدالله حسن:**

ماددەی (٤):

فەرمانگەی پەیوەندیدار کە زیان گەیاندن بە موڵك و ماڵی دەوڵەت تێیدا رووی داوە لە مـاوەیەك کە لە حەوت رۆژ لە رێکەوتـی زانینـی رووداوەکە تێـپەڕ نەکـات دەسـەڵاتی تایبەتمەنـد ئاگـادار دەکاتەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان هەر بەڕێزێك دەیەوێت قسە بکات، بەڵێ بەڕێزان ناوەکان دەخوێنمەوە (سەرچنار خـان، دکتۆر اسماعیل، کاك مم، کاك بەڵێن، کاك جمال، کاك مەلا ناصر، دکتۆر ڕێبـوار، کـاك چیـا، حسیبە خان، کاك مەلا ویسی، لیلی خان، شێخ ظاهر)، کاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال حویز مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـاددەی (٤) ئەوەی تێـدایە کە فەرمـانگەی پەیوەندیـدار کە زیـان گەیانـدن بە موڵـك و مـاڵی دەوڵەتـی تێـدا روویـداوە لە مـاوەیەك کە لە حەوت رۆژ لە رێکەوتـی زانینـی رووداوەکە تێـپەڕ نەکات کە دەسەڵاتی تایبەتمەند ئاگادار بکاتەوە، پێم باشـە حەوت رۆژەکە هەڵ بگیرێـت مـاوەکە زۆرە راسـتی چـونکە زیـان هەیە پێویسـت دەکـات زووتـر ئەو پەیـامە بگـاتە سـەرووی ئەو فەرمانگەیە، پێم باشە ماوەکە هەڵ بگیرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك شێخ ظاهر فەرمووو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ناوی خودای گەورە ماددەی (٤) فەرمانگەی پەیوەندیدار کە زیان گەیاندن بە موڵك و ماڵی دەوڵەت تێیدا رووی داوە لە ماوەیەك کە لە حەوت رۆژ لە ڕێکەوتی زانینی ڕووداوەکە تێپەڕ نەکات دەسەڵاتی تایبەتمەند ئاگادار دەکاتەوە، من پێشنیاز دەکەم هەندێك گۆڕانکاری تێدا بکرێت لەو ماددەیە ئەویش ئەو فەرمانگەیەی کە زیان گەیاندن بە موڵك و ماڵی میری تێدا رووی داوە پێویستە لە ماوەی پێنج ڕۆژ لە زانینی زیان گەیاندنەکە دەسەڵاتی تایبەتمەند ئاگادار بکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك مەلا ویسی فەرمووو.

**بەڕێز ویسی سعید ویسی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٤) منیش هاوڕام لەگەڵ برای بەڕێزم شێخ ظاهر، بەڵام پێشنیار دەکەم حەوت رۆژەکە بکرێت بە سێ ڕۆژ، چونکە هەندێك ڕووداو و هەندێك زیان هەنە زۆر پێویستە بە زووترین کات لایەنە پەیوەندیدار ئاگادار بکرێنەوە، بۆ ئەوەی ڕێکاری یاسایی لە بەرامبەر بگرنە بەر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس بۆ بەڕێزت، کاك چیا فەرمووو.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئێك نوقتە نیزامی و ئێك تێبینی هەبوو ئەگەر روخسەتێ بدەی، ئاخفتنێت کاك ذکری کە هەر سێ سەرۆکایەتی تۆمەتبار کر ب گەندەلی هیڤیدارم ژ پرۆتۆکۆلێ بهێتە لادان چونکی یەکەم سەرۆکا پەرلەمانی ل ڤێرێ ئەگەر گەندەلیەکا سەرۆکا پەرلەمانی هەیە پێتڤیە ژ دەستپێکێ ئەم ژ خۆ دەست پێبکەین ئو بێرێزیە بەرامبەر هەر سێ سەرۆکایەتی و دام و دەزگەهێت حکومەتێ زۆر سوپاس، تێبینیا دی ژی هەڤالا بەحس کر حەفت رۆژ رەئیا من ئەوە هەر حەفت رۆژ بێتە لادان دێ زووترین دەم دا لە ڕێکەوتی زانینی ڕووداوەکە بێتە نڤیسین چونکی حەفت رۆژ تە دەستنیشان کر ئەگەر هاتوو حەفت درێژتر بوو ئیحتمالە ژ لایێ یاسایی ڤە موشکیلە چێ بن یا ئەگەر سێ رۆژ بیت یا کێمتر ئەم بێژین ب زووترین کات دا یا ب زووترین دەم دا، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس بۆ بەڕێزت، سەرچنار خان فەرمووو.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٤) من تێبینی ئەوەم کرد لە لیژنەی لێکۆڵینەوەشدا کە هاتبوو کە باسی دەستەی دەسپاکی تێدا نییە کە ئەم جەریمەیە بە پێی یاسا دەستەی دەسپاکی ماددەی (١) بڕگەی حەوت ئەمانە هەمووی تاوانی گەندەڵین، هیچ ڕۆڵێك هیچ دەورێکی دەستەی دەسپاکیم نەبینیوە لەم یاسایە لە بەر ئەوە دەمەوێت ئەو ئیزایەی بۆ بکرێت ئەگەر لە لیژنەکەش بکرێت باشترە، فەرمانگەی پەیوەندیدار کە زیان گەیاندن بە موڵك و ماڵی دەوڵەتی تێدا ڕوویداوە لە ماوەیەك کە لە حەوت ڕۆژ لە ڕێکەوتی زانینی ڕووداوەکە تێپەڕ نەکات کە دەسەڵاتی تایبەتمەند ودەستەی دەسپاکی ئاگادار بکاتەوە، یەعنی ئەوانیش ئاگادار بن لە بابەتەکە، چونکە کرۆکی ئیشی خۆیانە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، لیلی خان فەرموو.

**بەڕێز لیلی عبدالجبار حدو:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددا (٤) ئەگەر فەرمانگا پەیوەندیدار لە ماوەی حەوت ڕۆژ دەسەڵاتی تایبەتمەندی ئاگادار نەکردەوە کێ بەر پرسە؟ ئایا فەرمانبەر یا بەڕێوەبەری فەرمانگەکە، بۆیە پێویستە ئەڤ ماددەیە بێتە ڕوونکرن، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، حسیبە خان فەرموو.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٤) ڕاستەوخۆ هاتۆتە سەر فەرمانگەی پەیوەندیدار کە زیان گەیاندن بە موڵك و ماڵی دەوڵەتی تێدا ڕوودەدات یەعنی کەسەکە نازانین کێیە؟ فەرمانگەکە تەعریفێکی جوانی دیار نییە بۆیە پێشنیاری ئەوە دەکەم بەو شێوەیە ئەو ماددەیە دابڕێژرێتەوە، کەسی یەکەم لە فەرمانگەی پەیوەندیدار کە تێیدا زیان گەیەندراوە بە موڵك و ماڵی دەوڵەت، پێویستە لە ماوەی حەوت ڕۆژ دا دەسەڵاتی تایبەتمەند ئاگادار بکاتەوە، لێرە باس لەوە کرا بوو حەوت ڕۆژ لە کاتی زانینی ڕووداوەکە بەڵێ حەوت ڕۆژ لە کاتی زانین لەوانەیە چەندین مانگ بە سەردا تێپەڕ بێت وبڵێن ئێمە ئاگادار نەبووین، بەڵام ئەگەر ڕۆژەکە بە دروستی تەحدید بکرێت، یەعنی کەسی یەکەم پێویستە لەو ماوەیە دەسەڵاتی تایبەتمەند ئاگادار بکاتەوە، زۆرسوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك بەڵێن فەرموو.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی لە قسەکانی لیلی خان و حسیبە خان دەکەم لەوەی کە لە ماددەی (٤) کاتێك باسی فەرمانگەی پەیوەندیدار دەکات شەخسەکە دیار نییە کێ مەسئولە لە ئاگادار کردنەوە، لە بەر ئەوە

پێشـنیاز دەکەم سـەرۆکی فەرمـانگەی پەیوەندیـدار کە زیـان گەیانـدن بە موڵـك و مـاڵی دەوڵەت تێـدا رووبیـداوە لە مـاوەی کە لە حەوت رۆژەکەش پێمـوایە زۆرە مـاوەکە لە سـێ رۆژ لە رێکەوتـی زانینـی رووداوەکە تێپەڕ نەکات دەسەڵاتی تایبەتمەنـد ئاگـادار بکـاتەوە، پشـتیوانی لە پێشـنیازەکەی سـەرچنار خانیش دەکەم کە دەستەی نەزاهە تێکەڵ بە ئاگادارکرنەوەکە بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك مەلا ناصر فەرموو.

**بەڕێز عبدالناصر احمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ناوی خودای گەورە و میهرەبان، سـەبارەت بە مـاددەی (٤) فەرمـانگەی پەیوەندیـدار کە زیـان گەیانـدن بە موڵـك و مـاڵی دەوڵەت تێـدا رووی داوە لە مـاوەیەك کە لە حەوت رۆژ لە رێکەوتـی زانینــی رووداوەکە تێــپەڕ نەکــات دەســەڵاتی تایبەتمەنــد ئاگــادار دەکــاتەوە، یەك فەرمــانگەی پەیوەدیدار دەبێت سەرۆکی فەرمانگەی پەیوەدیدار بێت، دوو بە رای من ئەو حەوت رۆژە زۆرە لە بیست و چوار سەعات زیاتر نەبێت ئاگاداری لایەنی پەیوەندیدار بکاتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك مەم فەرموو.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربـارەی مـاددەی (٤) مـن پشـتیوانی لەوە دەکەم کە ئەو حەوت رۆژە وەکـو خـۆی بمێنێـتەوە، پرسـیارێکم لە بەڕێـزان لیـژنەی یاسـایی و لیـژنەی پەیوەندیـدار هەیە، بە پێـی ئەو مـاددەیە کە دەڵێـت فەرمـانگەی پەیوەندیـدار دەسـەڵاتی تایبەتمەنـد ئاگـادار دەکـاتەوە، بـۆ چـی ئاگـاداری دەکــاتەوە؟ حــیکمەت چیــیە؟ بــۆیە مــن پێشــنیاز دەکەم بــۆ پێکهێنــانی لیــژنەی لێکــۆڵینەوە پەنـجەرەیەك دەشـکێت لە شـتێکی بچکـۆلە تـا شـتێکی گەورە دەکەوێـتە ئەسـتۆی یەکێـك لە فەرمانبەرەکانی میری ئەو کاتە بۆ مەبەستی لێکۆڵینەوە بەڕێوەبەرایەتیەکەی یا بەڕێوەبەرایەتی گشـتی وەزارەتەکەی لیـژنەی تایبەتمەنـد ئاگـادار دەکـاتەوە بـۆ ئەنجامـدانی لێکـۆڵینەوە وە ئەمە ناچێتە چوارچێوەی گەندەڵییەوە، رەنگە هەندێك زیانی پێ گەیانـدبێت بە رێـکەوت بووبێـت بە ئەنقەسـت نەبووبێـت دوایـی کە لیـژنەی لێکـۆڵینەوە پـێ ببژێـرن، بەڵام نـاچێتە چوارچێـوەی گەندەڵییەوە بەڵام بۆ مەبەستی پێك هێنانی لیژنەی لێکۆڵینەوە ئاگادار بکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

بەڵێ سوپاس بۆ بەڕێزت، دکتۆر رێبوار فەرموو.

**بەڕێز د. رێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینیەکی بەسیتم هەبوو لە سەرۆکی فەرمانگە لە پێناسەکاندا لە مـاددەی (١) بـڕگەی (٩) بە دامەزراوە هـاتووە کە چـی لێـرە بە فەرمـانگە هـاتووە، دەبێـت یـا فەرمـانگە بێـت یـا دامەزراوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، دکتۆر اسماعیل فەرمووو.

**بەڕێز اسماعیل علی طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیا من یان وشا پێویست یان ئەرك دەسپێکا ڤێ جوملێ بیت، ئەرکە ل سەر فەرمانگەی یان پێویستە دا پتر ئیلزام تێدا هەبیت، تێبینیا دوویێ پشتگیریا خوشکا سەرچنار دکەم کو ئاگاداری دەسەڵاتێ تایبەتمەند بکەن د گەڵ دەستەیا دەسپاکیێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس بۆ بەڕێزت، بەڕێزان لە لیژنەی یاسایی قسەیەکتان هەیە؟

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت دوو پرسیارا کو ئاراستەی لیژنا یاسایی کرن، ئێك ژ وان ئەگەر ئەڤێ لیژنێ د ماوێ حەفت رۆژا ل جهێ بلندتر ل سەر خۆ ئاگەهدار نەکەت ب ڤێ چەندێ، ل ڤێرێ سەرۆکێ وێ فەرمانگەهێ بخۆ ژی ئەو فەرمانبەر بخۆ دەمێ بقی مەوقفی رادبیت یان ژی جهەتێت سەر خۆ دا ئاگەهدار نەکەت دێ هەژی هندێ بیت کو ئەڤ لیژنا لێکۆڵینێ ل سەر وی ژی بهێتە درست کرن، چونکی سنورێ ڤەکۆڵینێ ئو چەسپاندن و دیار کرن و تەحقیقا ئەفعالێت مۆزەفێ کو ب سەبەبێ وی تەسەروفا مووزەفی زەرەر کریە ئەو ژی دێ شاملی وی ژی بیت، چونکی مە تەسەروفا هەی تەعریفا سلوکی د قانون عقوباتێ دا یا هاتی دبێژیت هەر تەسەروفەکا قانونی کو هاتبیتە تەجریم کرن ب تەسەروفەکا ئیجابی بیت یا سلبی بیت دەمێ ئەو مۆزەف نەرابیت جهەتێت سەرخۆ ئاگەهدار نەکەت کەوتا تەسەرۆفەکا سلبی کر ب سەبەبێ وێ ئیمتناعێ کو جهەتێت سەر خۆئاگەهدار نەکری، ئەو ژی دێ هەژیێ هندێ بیت کو لیژنا لێکۆلینێ سەر بهێتە کرن ئو ئەو زەرەرێ بوویە سەبەبێ ئیمتناعا وی بێتە فەرز کرن ل سەر و بێتە سزادان، موددە موهیمە د بڕگێ دا هەبیت سەبارەت ئیجرائاتا دائیمەن، ئەگەر ئیجرائات و رێکار د یاسایادا بهێنە بەحس کرن، بێتقییە موددەیەکێ تەحدید کری هەبیت ئەگەر نە پێچەوانەی وێ دێ ئاراستێ وێ بەرەڤ ئاژاوێ و فەوزایێ چیت و کەس نینە کو ڤا رێکارا جێبەجێ بکەت، ژ بەر هندێ مادەم ئیجرائات پێویستە موددە یێ تەحدید کری بیت، ئەو مووده یا ئەو ماوە حەفت رۆژ بیت یا پێنج بیت کێشە نینە، بەلێ دیار کرن و تەحدید کرنا موددەی شەرتە و پێتقیە هەبیت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان، سەبارەت بە کەم کردنەوەی ماوەکە وە سەبارەت بەوەی کە سەرۆك ئەرکێتی کە دەسەڵاتی تایبەتمەند ئاگادار بکاتەوە؟

**بەڕێز د. ڤاڵا فرید ابراهیم/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـاوەی حەوت ڕۆژ، ئەوە وازحە دەڵێـت لە حەوت ڕۆژ تێـپەڕ نەکـات، یەعنـی ئیلـزامە لە سـەری دەتوانێت لە یەکەم ڕۆژ ئاگاداری سـەرەوەی خـۆی بکـاتەوە، هـیچ کێشـەش لە سـە رفەرمـانگەی پەیوەندیـدار نـابینم، دەسـەڵاتی تایبەتمەنـدیش لێـرە تەعریفتـان کـردووە، بەڵام لە دەسـەڵاتی تایبەتمەنـد دیـارە نـاوی پارێزگـار و وەزارەت و لایەنی نەبەسـتراو بە وەزارەتمـان هێنـاوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێزد. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

بەڵێ زۆرسوپاس، ئێمە مادده (٤) مان تەواو کرد، بەڕێـزان ئەنـدامانی پەرلەمـان دانیشـتنەکەمان هەڵدەگرین.

| | | |
|---|---|---|
| **منی نبی قهوچی** | **هێمن هەورامی** | **د. ڕێواز فائق حسێن** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٥)ی
سێ شەممە رێکەوتی ١٥\٩\٢٠٢٠
خولی پێنجەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٥)
# سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٩/١٥

کاتژمێر (٢)ی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شـەممە ڕێکەوتـی (٢٠٢٠/٩/١٥) پەرلەمـانی کوردسـتان - عێراق بە سەرۆکایەتی د. ڕێواز فائق حسن سـەرۆکی پەرلەمـان و، بە ئامـادەبوونی بەڕێـز هێمن هەورامی جێگری سەرۆك و، بەڕێز منی نبی قهوچی سکرتێری پەرلەمـان، دانیشـتنی ژمـارە (٥)ی ئاسایی خولی پێنجەمی ساڵی (٢٠٢٠) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمی بـڕگەی (یەکەم)ی مـاددەی (١٦) و مـاددەی (٤٧) لە پەیـڕەوی نـاوخۆی پەرلەمـانی کوردستان – عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنـامەی کـاری دانیشـتنی ژمـارە (٥)ی ئاسایی ساڵی یەکەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە کـاتژمێر (٢)ی پاش نیوەڕۆ ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٩/١٥) بەم شێوەیە بێت:

١-بەردەوامبوون لەسەر خوێندنەوەی دووەم بـۆ پـڕۆژە یاسـای لە ئەسـتۆکردنی فەرمـانبەران لە هەرێمـی کوردسـتان-عیـراق بە پێـی حـوکمی ماددەکـانی (٨٧)، (٨٨)، (٨٩) لە پەیـڕەوی نـاوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

٢-دەنگدان لەسەر پێشنیازە یاسای ماف و ئەرکی نەخۆش لە هەرێمی کوردستان بە پێی حوکمی ماددەکانی (٩٠)، (٩١)، (٩٣)، (٩٦)، (٩٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.**

بە ناوی گەلی کوردسـتان، دانیشـتنی ژمـارە (٥)ی ئاسـایی خـولی پـاییزە سـاڵی دووەم لە خـولی پێنجەمـی هەڵبژاردنـی پەرلەمـانی کوردسـتان دەسـت پـێ دەکەیـن، ئێسـتاش داوا لە بەڕێـز سکرتێری پەرلەمان دەکەم کە بەرنامەی کار و پوختەی کۆنووسـی کۆبـوونەوەی پێشـوو و نـاوی ئامادەنەبووان بە مۆڵەت و بە بێ مۆڵەت بیخوێنێتەوە، فەرموو.

**بەڕێز منی نبی نادر قەهوەچی/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەرنامەی کار**

بە پێـی حـوکمی مـاددەی (٥) و بڕگەکـانی یەکەم و دووەم و سـێیەم لە مـاددەی (١٦) و بـڕگەی سێیەم لە ماددەی (١٨) و بڕگەکانی (یەکەم و دووەم و سـێیەم و چـوارەم و پێـنجەم) لە مـاددەی (٢٠) و ماددەکـــانی (٤٧)، (٤٨)، (٥٢)، (٥٤)، (٥٥)، (٥٦)، (٥٧) لە پەیـــڕەوی نـــاوخۆی پەرلەمـــانی کوردسـتان دەسـتەی سـەرۆکایەتی پەرلەمـان بڕیـاری دا بەرنـامەی کـاری دانیشـتنی ژمـارە (٥)ی ئاسایی خولی پاییزەی ساڵی دووەم لە خولی پێنجەمـی هەڵبژاردنـی پەرلەمـان لە کـاتژمێر (٢)ی پاش نیوەڕۆ ڕۆژی سێ شەممە ڕێککەوتی (٢٠٢٠/٩/١٥) بەم شێوەیە بێت:

١-بەردەوامبوون لەسەر خوێندنەوەی دووەم بۆ پرۆژە یاسای لە ئەستۆکردنی فەرمانبەران لە هەرێمی کوردستان-عیراق بە پێی حوکمی ماددەکانی (٨٧)، (٨٨)، (٨٩) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.
٢-دەنگدان لەسەر پێشنیازە یاسای ماف و ئەرکی نەخۆش لە هەرێمی کوردستان بە پێی حوکمی ماددەکانی (٩٠)، (٩١)، (٩٣)، (٩٦)، (٩٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.
پوختەی دانیشتنی ژمارە (٤)ی ئاسایی:
بە پێی حوکمی بڕگەی دووەمی ماددەی (٢٠) و (٥٢) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان پوختەی دانیشتنی ژمارە (٤)ی ئاسایی خولی پاییزەی ساڵی دووەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە کاتژمێر (٢)ی پاش نیوەڕۆ ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٩/٩) بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:
١-دەست پێکردنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان.
٢-خوێندنەوەی بەرنامەی کار و پوختەی دانیشتن و ناوی ئەندامانی ئامادەنەبوو بە مۆڵەت و بێ مۆڵەت لەلایەن بەڕێز سکرتێری پەرلەمان.
٣-دەست پێکردنی بڕگەکانی بەرنامەی کار لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
٤-دەنگدان لەسەر ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی سەبارەت بە پرۆژە یاسای لە ئەستۆکردنی فەرمانبەران لە هەرێمی کوردستان وەك بنەما بۆ گفتوگۆکردن بە کۆی دەنگی (٧٩) ئەندام پەرلەمان.
٥-پێکهێنانی لیژنەیەکی کاتی بۆ بەدواداچوون لە وتەکانی سەرۆکی فراکسیۆنی جوڵانەوەی نەوەی نوێ بەڕێز کاظم فاروق نامق بە کۆی دەنگی (٧٩) ئەندام پەرلەمان.
٦-خوێندنەوەی دووەم بۆ چوار ماددە لە کۆی گشتی (١٧) ماددە لە پرۆژە یاسای لە ئەستۆکردنی فەرمانبەران لە هەرێمی کوردستان.
٧-کۆتایی هاتنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان.
ناوی ئەو ئەندامانەی مۆڵەت پێ دراون یا بە بێ مۆڵەت ئامادەنەبوون بۆ دانیشتنی ژمارە (٤)ی پاییزەی لە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٩/٩) بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، هەموویان مۆڵەتیان پێدراوە:
- ئاشنا عبدالله عبدالقادر
- أرشد حسێن محمد
- بهجت علی إبراهيم
- جلال محمد عبدالله
- جلال محمد أمين
- جيهاد حسن إبراهيم
- دابان محمد حسێن
- زیاد جبار محمد
- سارا دلشاد بكر
- سەروان محمد علی
- سەرکۆ ئازاد حسێن

- شيرين أمين عبدالعزيز
- علی حەمە صالح
- عمر عبدالله فتاح
- فريد يعقوب إيليا
- كاروان عبدالرحمن عبدالله
- كاوە عبدالقادر حسن
- گولیزار رشید حاجی
- گولستان سعید محمد
- گۆران عمر علی
- محمد سعدالدين أنور
- هێڤیدار أحمد سلمان

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ناوی ئەو ئەندامانەی کە بە مۆڵەت یان بە بێ مـۆڵەت لە کۆبـوونەوەی لیژنە هەمیشەییەکان ئامادەنەبوون:

-لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگە و مافی بەکاربەر لە (٢٠٢٠/٩/١٣):

- بەختیار شوکری سلیمان مۆڵەت
- شنۆ أشقی عبدالله مۆڵەت
-جلال محمد أمين أحمد مۆڵەت
-لقمان حمد حاجی مۆڵەت

-لیژنەی کاروباری یاسایی لە (٢٠٢٠/٩/١٣):

- کاوە عبدالقادر حسن مۆڵەت

-لیژنەی داکۆکی کردن لە مافی ئافرەت لە (٢٠٢٠/٩/١٤):

- جلال محمد عبدالله مۆڵەت

-لیژنەی ئاوەدانکردنەوە و وەبەرهێنان لە (٢٠٢٠/٩/١٥):

- دابان محمد صالح مۆڵەت

-لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە (٢٠٢٠/٩/١٥):

-ئاشنا عبدالله قادر مۆڵەت
-گولستان باقی سلیمان مۆڵەت

-لیژنەی کاروباری پێشمەرگە لە (٢٠٢٠/٩/١٥):

- بژار خالد عبدالله مۆڵەت
- سەروان محمد علی مۆڵەت

-لیژنەی کاروباری شەهیدان و جینۆساید و زیندانیانی سیاسی لە (٢٠٢٠/٩/١٥):

- ڕۆژان محمد کریم مۆڵەت

-لیژنەی دەستپاکی لە (٢٠٢٠/٩/١٥):

- دابان محمد حسێن مۆڵەت

زۆر سوپاس بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان دەست بە جێبەجێ کردنی بڕگەی یەکەمی بەرنامەی کارەکەمان دەکەین، ئێستاش داوا لە بەڕێزان لیژنەی یاسایی دەکەین بفەرموون بۆ شوێنی خۆیان، کاك د.صباح نوقتەی نیزامی، فەرموو.

**بەڕێز د.صباح محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێمان باشە وەکو لیژنەی تەندروستی بەڕاستی بڕگەی دووەم ببێتە بڕگەی یەکەم، بۆ دەنگدان لەسەر خوێندنەوەی سێی ماف و ئەرکی نەخۆش، داوا دەکەم کە ببێتە بڕگەی یەکەم، حەز دەکەین بە دەنگدان ئەگەر ئەندام پەرلەمانەکان ڕازی بن پێمان باشە بڕگەی دووەم ببێتە یەکەم، زۆر سوپاستان دەکەین.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، دەبێ سێ کەس پشتگیریت بکات کاك د.صباح، کاك ڕۆمیۆ، فەرموو.

**بەڕێز ڕۆمیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و داکۆکی کردن لە مافی مرۆڤ زیاتر لە مانگێکە داوامان کردبوو بۆ ئەوەی دانیشتنێکی تایبەتی پەرلەمان بکرێت لەسەر ڕەوشی چاکسازییەکان و زیندانییەکان، بەڵام دواتر تاخیر کرا، دوا بڕیاریش وابوو کە بۆ ئەمڕۆ بێت، داوای ڕوونکردنەوەیەك دەکەین.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سبەینێ کۆبوونەوەکەمان دەکەین لەبەر ئەوەی حکومەت جەوابی داوەتەوە سبەینێ وەزیر دێت، ئینشاڵڵا سبەینێ کۆبوونەوە دەکەین، کاك لقمان، فەرموو.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە داواکارییەکەی کاك د.صباح دەکەین سەبارەت بە ئاڵوگۆڕکردنی بڕگەکانی دانیشتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، زۆر سوپاس، مامۆستا أبوبکر، فەرموو.

**بەڕێز أبوبکر عمر عبدالله (هەڵەدنی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاماژە بە ماددەی (١٩) لە دەستووری هەمیشەیی عیراق بڕگەی یەکەم کە دەڵێ (القضاء مستقل لا سلطان علیه لغیر القانون) و ماددەی (٨٧) لە هەمان دەستوور کە دەڵێ (السلطة القضائية مستقلة)، ئاماژە بە یاسای دەسەڵاتی دادوەریش ژمارە (٢٣)ی ساڵی (٢٠٠٧) کە لەم پەرلەمانە دەرچووە ماددەکانی (٢) و (٤) و ماددەی (٣٩) کە دەسەڵاتی دادوەری جگە لە یاسا هیچ

دەسەڵاتێکی تری بەسەردا نییە، ئەگەر دەسەڵاتی دادوەری بودجەیەکی تایبەت بە خـۆی هەبێـت و مووچە و دەرماڵەی دادوەرانی دادگای پێداچوونەوە و دادوەرەکانی تر بە یاسا ڕێـك دەخـرێ، لەسـەر چ بنەمـایەك حکـومەت مـووچەی دادوەرانـی کـردووە بە نیـوە؟ لە کاتێـك دا ئەوان کە دەسەڵاتێکی سەربەخۆن، لە هەمـوو دونیـادا دادوەر شـوێن و مەکـانەتی تـایبەت بە خـۆی هەیە، هەتا قەزا لە ڕووی مـاددییەوە موسـتەقیل نەبـێ نـاتوانێ لە ڕووی بڕیـاردانەوە موسـتەقیل بـێ، دادوەرانی بەڕێز کە ئەوانە تەبیقی ئەو یاسایانە دەکەن کە لەم پەرلەمانە دەردەچێ لە دۆخێکـی زۆر دژوار دان، دادوەر ئەگەر لە ڕووی نەفسییەوە (مهیأ) نەبێ تەئسیر دەکاتە سەر بڕیـاردانیش، بـۆیە یەعنـی ئەوە پێشـێلێکی گەورەی ئەم یاسـا و ئەم دەسـتوورەیە کە مـاددە و بڕگەکـانیم بـۆ جەنابتان خوێندەوە، بۆیە دەبێ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردسـتان تەدەخـول لەم مەسـەلەیەدا بکات، جگە لە سەرۆکی دادگـای پێـداچوونەوە هیچـی پـلە تـایبەت نـین ئەوان بە پـلە تـایبەت لە قەلەم دراون و نیوەی مووچەکانیان ئێستا دەبڕدرێ، یەعنی حـاکم هەیە ملیۆنێـك و چـوار سـەد هەزاری وەرگرتووە ئەم دوو مانگەی ڕابـردوو، بە ملیۆنێـك و چـوار سـەد هەزارەوە چـۆن ژیـانی بەڕێـوە دەچـێ؟ حـاکم هەیە لەم شـارەدا کرێچـی ئەفسـەرێکە کە دوو شـووقەی هەیە، حـاکم یەعنی، لەم حاڵەتەدا ئەوە تەئسیر دەکاتە سەر نەزاهەتی قەزا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دروستە، کاك سەرکۆ، فەرموو.

**بەڕێز سەرکۆ ئازاد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلاهی من تەنها بۆ ڕوونکردنەوەیەك بەڕێز سکرتێری پەرلەمان ناوی ئێمە و لیـژنەی دارایـی بە غیـاب خوێنـدەوە، بەڵام ئـێمە وەکـو ئەرکـی لیـژنەی دارایـی سـەردانی خـاڵە سـنوورییەکانمان کردووە لە دوو حەفتەی ڕابردوودا و مۆڵەتیشمان لە جەنابتان وەرگرتووە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ دروستە، ڕێکی دەخەین، مامۆستا عبدالستار، فەرموو.

**بەڕێز عبدالستار مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەسـەر بنەمـای مـاددەی (٦٠)ی پەیـڕەوی نـاوخۆ قسـە دەکەم، لەسـەر ئەو بـابەتەی کە بەڕێـز سکرتێری پەرلەمان بابەتێکی گشتاندووە بـۆ پەرلەمانتـارانی هەرێمـی کوردسـتان سـەبارەت بەو پرسـیار و بەدواداچوونـانەی کە نـابێ لە میـدیاکانەوە بڵاوبکرێنەوە بەر لەوەی کە سـەرۆکایەتی پەرلەمان ڕەوانەی بکات، من تەماشام کـردووە بەڕاسـتی ماددەکـانی کە ئەو ئامـاژەی پێکـردووە (٥٨) و (٥٩) و (٦٠) ئەو ماددانە باسی ئەوە دەکەن کە مەرجەکـانی پرسـیاری تێـدایە، هەر کاتێـك پرسـیار ئاراسـتەی حکـومەت یـان دامەزراوەیەکـی فەرمـی ئەم هەرێمـی کوردسـتانە کـرا ئەگەر مەرجەکانی تێدابوو بەڕاستی سەرۆکایەتی پەرلەمان بـۆی نیـیە بڵـێ مـن ڕەتـی دەکەمەوە لەبەر

هەر هۆكارێكی تر، چونكە لە ماددەی (٦٠) دەڵێ خاڵی یەكەم (دەستەی سەرۆكایەتی دەتوانێت ئەو پرسیارانە ڕەت بكاتەوە كە یەك لەو مەرجانەی تێدا نەبێت كە لە ماددەی (٥٩)دا ئاماژەیان پێكراوە)، من نازانم بەڕاستی لەسەر ئەساسی چ ماددەیەك؟ بە چ یاسایەك ئەوە دەكرێت؟ لە كاتێكدا...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس مامۆستا گیان، بۆ ئەوەی جوابی نوقتە نیزامییەكەت بدەمەوە، چونكە یەك دەقەیە و یەك دەقەكەت تەواو بوو، سەرۆكایەتی پەرلەمان ناتوانێ پرسیاری هیچ ئەندامێكی بەڕێزی پەرلەمان ڕەت بكاتەوە، بەڵام سەرۆكایەتی پەرلەمان، بەتایبەتی ئەو دەسەڵاتەمان داوە بە بەڕێز سكرتێری پەرلەمان دەبێ سەیری هەموو پرسیارەكان بكات بۆ ئەوەی بزانێ مەرجەكانی پرسیاری هاتوو لە ناو پەیڕەودا لە ناو ئەو پرسیارەدا هەیە؟ مەبەستی بەڕێز سكرتێری پەرلەمان لەو گشتاندنە ئەوەیە كە پێش ئەوەی كە سكرتێری پەرلەمان كە دەسەڵاتەكەی وەرگرتووە بەراوردی پرسیارەكە بكات لەگەڵ مەرجەكانی ناو پەیڕەوەكە لە فەیسبوك و سۆشیال میدیا بڵاونەكرێتەوە، تەنها ئەو مەبەستەی هەیە، بەڵێ كاك زانا، فەرموو.

**بەڕێز زانا خالد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە پێی بڕگەی (یەكەم) لە ماددەی (٤٨)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان پشتگیری لە پێشنیارەكەی بەڕێز د.صباح دەكەم بۆ ئاڵوگۆڕكردنی بڕگەكانی بەرنامەی كار، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئەو پێشنیارە سێ پشتیوانی هەیە، هەر ئەندامێكی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە كە ئاڵوگۆڕی بەرنامەی كار بكەین، سەرەتا دەنگدان لەسەر پێشنیازە یاسای ماف و ئەركی نەخۆش لە هەرێمی كوردستان بە پێی حوكمەكانی ماددەی (٩٠) و (٩١) و (٩٣) و (٩٦) و (٩٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان بێ بە بڕگەی یەكەم با دەنگ بدات، بەڵێ سوپاس، بە دەنگی (٨٦) ئەندامی پەرلەمان ئاڵوگۆڕ لە بەرنامەی كار دەكرێ، بۆیە داوا لە سەرۆكایەتی لیژنەی تەندروستی و سەرۆكایەتی لیژنەی یاسایی دەكەین بفەرموون بێن بۆ شوێنی خۆیان، گوڵستان خان، فەرموو.

**بەڕێز گوڵستان سعید حمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من دەمەوێ لەسەر دوو خاڵ قسە بكەم كە ئێستا سەروبەندی ئەوەی بەڕاستی بە تەنگ ئەوە بێین، یەكەمیان لەسەر مافی خوێندن بۆ خاوەن پێداویستییە تایبەتەكان كە لە ئێستادا سەرەتای ساڵی خوێندنە و ئەگەر كار ئاسانییەك بكرێ بۆ ئەوەی هاندانییان بۆ بكرێت بۆ مەسەلەی وەرگرتنیان لە زانكۆكان بە بێ بەرامبەر، خاڵی دووەمیشم لەسەر ئەوەی كە بەڕاستی سروشتی سلێمانی لە دوو حەفتەی ڕابردوودا بەر زەرەر و زیانێكی زۆر گەورە كەوت، لە پاڵ ئەوەش دا ئەو دارو درەختانەی كەر سەرەڕێی مەدخەلی سلێمانی دەڕازێننەوە و ئەوەی كە بۆتە دیاردەیەكی جوانی ئەو شارە وردە وردە هەست بەوە دەكرێت دارەكان تەنك دەكرێت، بۆیە

داوا له بەڕێزتان دەكەم نامەیەك ئاراستەی وەزارەتی شارەوانی بكرێ كە تەلبەندی ئەو دارانە بكرێ بۆ ئەوەی لە وشكبوون بپارێزرێن، بەتایبەتی كە ئێستا لە پشتی دارەكانەوە نییەتی دروست كردنی گەراج و تەرمینال هەیە كە ئەوە زەرەر و زیانی زۆر گەورە بەو سروشتە دەگەیەنێت، جوانی شارەكەش بەڕاستی ئەو مەدخەلە بەو دارە سنۆبەرانەوەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، یاداشتێك پێشكەشی سەرۆكایەتی بكە بۆ ئەوەی یاداشتەكە بنێرین بۆ وەزارەتی شارەوانی، كاك بەهمەن، فەرموو.

**بەڕێز بەهمەن كاك عبدالله أحمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە دانیشتنی پێشووی پەرلەمانی كوردستان بەڕێز سەرۆكی فراكسیۆنی نەوەی نوێ ڕایگەیاندكە لەلایەن سێ ئەندامی پەرلەمانەوە تەهدید كراوە، هەر لەو دانیشتنە جەنابتان بە دەنگدان لیژنەیەكی لێكۆڵینەوە دروست كرا، داواكارین ئەنجامی ئەو لیژنەیە ئاشكرا بكرێ بۆ ڕای گشتی و بزانین گەیشتوونەتە چ ئەنجامێك، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، ئەو لیژنەیە بە بڕیاری بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان دروست كراوە، ئێمە مولزەمین بۆ ئەوەی بینێرین بۆ وەقائیع، ئیمزامان كردووە ناردوومانە بۆ وەقائیع، ئەمڕۆش لیژنەكە خۆی یەكەم كۆبوونەوەی ئەنجام داوە، ئێمە وەكو سەرۆكایەتی دڵنیابن لەوەی موتابەعەی چۆنیەتی بەڕێوەچوونی كاروبارەكانی لیژنەی بەدواداچوونەكە دەكەین، قسەكان لەگەڵ كردوون بۆ ئەوەی هەر كاتێك نەتیجەی تەواو بوو، ڕاپۆرتمان بۆ هات بەڕێزیان كۆنووسیان بۆ هێناین ئێمە نەتیجەكە ڕادەگەیەنین، سەرچنار خان، فەرموو.

**بەڕێز سەرچنار أحمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە وەكو پەرلەمان لە ساڵی (٢٠٢٠)دا یاسای چاكسازیمان دەركرد بە ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠٢٠) كە ماددەیەكی باس لەوە دەكات كە فرە مووچە و بندیوار نەمێنێ، مووچەخۆران كە فرە مووچەی هەیە، بەڵام نوێنەری حكومەتی هەرێمی كوردستان ئیعلانی كردووە كە زیاد لە شەست و حەوت هەزار مووچەخۆر هەیە كە زیاد لە مووچەیەكی هەیە، دوو مووچەی هەیە، ئەوە تا ئێستا لە مانگی حەوتەوە یاساكە كەوتۆتە بواری جێبەجێ كردنەوە، بەڵام ئەو لێدوانەی كە ئێستا دەیدا شەست و حەوت هەزار، لە هەفتەی پێشوودا مامۆستایانی وانەبێژ هەموو لە سەرتاسەری كوردستان دا ئەوان خۆپیشاندانیان كرد كە (١٧٠٠٠) مامۆستای وانەبێژن، سێ یەكەمەكان (١١٠٠) كە بە هەردووكییەوە ناكاتە بیست هەزار، ئەوانە لەگەڵ ئەوەی كە وانە دەڵێنەوە وەكو مامۆستایەكی فیعلی، بەڵام تا ئێستا حكومەت پلانی نییە بۆ دامەزراندنیان، ئەگەر ئەم شەست و حەفت هەزارە دوو مووچەیە ببن بە یەك مووچە، ئەوا ئەوان زۆر بە ئاسانی دادەمەزرێن، وەزیری پەروەردە خۆی لێرە دەڵێ قوتابخانەی وا هەیە مامۆستای وانەبێژ بەڕێوەی دەبا بۆ دانامەزرێنن؟ بۆ پلانێك دانانێن بۆی؟.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، پەیامەکە گەیشت، ئیلتیزام بە یەك دەقەکە بکەن، بەڵێ سوپاس، یەکێك لە کێشەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لێدوانی بەرپرسەکانییەتی، کە زۆر جار ئەزمە بۆ خەڵك و بۆ خۆشیان دروست دەکەن، ئێمە ئەو کاتەی کە یاسای چاکسازی هات لەو حاڵەتانەی کە ڕاوێژمان لەگەڵ حکومەت کرد بۆمان دەرکەوت بەشێکی زۆری ئەو دوو مووچانە بە یاسا کراون، بە نمونە/ خێزانی شەهیدێك مامۆستایە لە هەمان کات دا خێزانی شەهیدەکەشە، ئەوە چەند فیئەیەکمان هەیە، چەند چین و توێژێکمان هەیە کە بەدەر کراون لەوەی ئەگەر دوو مووچەیان هەبوو ببڕێ، ئیلالا ئەگەر قانونەکە تەعدیل بکرێ، ئەگەر ئەم شەست و حەوت هەزارەی کە بەڕێزیان ئیعلانی کردووە ئەوانەن کە بە یاسا دوو مووچە وەردەگرن وەکو ئەو نمونەیەی باسم کرد، ئەوە دەبێ لە پەرلەمان ئێمە بە یاسا قسەی لە بارەوە بکەین، ئەگەر بە پێچەوانەوە ئەو شەست و حەوت هەزارەی کە باس دەکرێ بەدەرە لەوانەی کە بە یاسا دوو مووچە وەردەگرن، لە ڕاستی دا ئەوە بابەتێکی ترە و حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێ پەلە بکات لە پاککردنەوەی لیستی مووچەخۆران، ئێمە پەیوەندییەکمان هەیە و ڕێککەوتنێکیشمان هەیە لەگەڵ سەرۆکی حکومەت، لە دانیشتنی لەگەڵ لیژنەی مالی، لە حزووری خۆیان کە لە سێ مانگ دوای جێبەجێ کردنی یاساکە کە دەکاتە (١٠/١) ڕاپۆرتێکمان بۆ بێت، کە ڕاپۆرتەکەمان بۆ هات ئەو کاتە ئێمە بێگومان سەبارەت بەو ڕاپۆرتە قسەکان دەبێ لە پەرلەمان، ئەوەش یەکێك دەبێ لەو خاڵانەی کە بێگومان جێگەی قسە لەسەر کردنە، ئەگەر شەست و حەوت هەزار کەس دوو مووچە و سێ مووچەی هەیە و بە یاساش ئەو دوو مووچە و سێ مووچەیە وەرناگرن، ئەوە دەبێ حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوە بکات بە یەکەم خاڵی چاکسازی کردن، بەڵێ، کاك سیروان، فەرموو.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پاڵپشت بە یاسای چاکسازی لە ساڵی (٢٠٢٠) لە هیچ بڕگەیەکیدا نەهاتووە کە چاکسازی یان بڕینی مووچەی کەمئەندامان ببێتە بنەمایەك بۆ چاکسازی، بەداخەوە ئەوە چەند مانگە مووچەی کەم ئەندامان هەر زۆر زۆر کەمە، لە چاو هەموو توێژەکان دا کەمە و بڕینەکەشی زۆرە و دواش دەکەوێ، دوێنێ چەند بەڕێزێك لە سلێمانییەوە هاتبوون بۆ بەردەمی ئەنجومەنی وەزیران بۆ ئەوەی ئەم یاداشتە بدەن بە حکومەت، (٥٠)، (٦٠) سەیارەی پۆلیسیان بۆ هێنابوون مەصرەفی ئەو سەیارەیە هەموو مەعاشەکان دەکات، من جگە لەوەی کە بە فەرمیش ئەوەم ئاراستە کردوون، لێرەوە دەڵێم پاڵپشتی ئەو بەڕێزانە دەکەم لەبەر ئەوەی مووچەکانیان کەمە، هیچ نەبێ حکومەتی هەرێم کە دەڵێ بودجەمان لەبەردەست دا نییە، خۆ بەشی ئەو (٢٥) (٣٠) هەزار کەسەی لەبەر دەستە، مانگی لە وەختی خۆی دا بیدەن هەتا بار چاك دەبێتەوە، دوای ئەوە بە هیچ شێوازێکیش نابێ ئەم کەم ئەندامانە دەستکاری مووچەکانیان بکرێ، بەڵکو دەبێ بەرز بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێزت، کاك بەڵێن، فەرموو.

**بەڕێز بەڵێن إسماعیل حاجی إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێـی مـاددەی (٥٦) بـڕگەی (دووەم) خـاڵی (١) یاسـای چاکسـازی لە هەرێمـی کوردسـتان لە (٧/١)ەوە چووەتە بواری جێبەجێ کردن، یەکێك لەو پێشێلکارییانەی کە دژی یاساکە و جێبەجێ کردنی یاساکەیە بڕینـی مـووچەی بەشـێکی زۆر لە زینـدانیانی سیاسـییە کە تەنهـا مینحەکەیـان هەیە، بە پێـی یاسـاکە کە لە پەرلەمـانی کوردسـتان پەسـەند کـراوە بـڕین بـۆ ئەوانەیە کە دوو مووچە، یان دوو مینحەیە ئەوانە وەردەگرن، بەڵام بەشێکی زۆر لە زیندانیانی سیاسـی کە هـیچ مـووچەیەکی تریـان لە حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان نیـیە تەنهـا مینحەکەیـان هەیە، بە پێـی یاساکە دەبێ مینحەکەیان بەردەوام بێ، دەوری سێ مانگ بۆ چـوار مانـگ دەچـێ مووچەکانیـان ڕاگیراوە بە بـێ پشـتیوانی هـیچ دەقێکـی قـانونی، ئەوە خـاڵی (١)، خـاڵی (٢) کە دەمەوێ باسـی بکەم ئەو پەرلەمانی کوردستانە هەموو دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان بەرهەمـی خەبـات و تێکۆشانی گەلەکەمـانە، ئـێمە دەبـێ ڕێـز لە تەئـریخ و لە شۆڕشـەکانی گەلـی کوردسـتان بگیـرێ، بەداخەوە لە یەك دوو ڕۆژی ڕابردوودا لە یەکێك لە بەناو سیاسـییەکانی هەرێمـی کوردسـتانەوە شێواندنێکی زۆر لە مێژووی گەلەکەمان، لە مێـژووی ڕزگـاریخوازی گەلەکەمـان هەم دەرحەق بە شۆڕشـەکە، هەم دەرحەق بە کەسـایەتییەکی سیاسـی گەورەی وەك جەنـابی کـاك نەوشـیروان کراوە، حەقە پەرلەمانی کوردستان ڕۆڵی هەبێ لە ئاراسـتەی سـومبولەکانی ئـێمە وەکـو هەمـوو میللەتـانی دونیـا، ڕۆڵـی هەبـێ لە پاراسـتنی دامەزراوە دەسـتوورییەکانی هەرێمـی کوردسـتان، حورمەت بگرین لەو خەبات و تێکۆشانەی خۆمان دا سەرکردەکانمان بە خراپ ناو نەبەیـن، بـۆیە پێمباشـە و پێشـنیاز دەکەم پەرلەمـانی کوردسـتان ڕەئیەکـی لەسـەر ئەم مەسـەلەیە هەبـێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك مەم، دوای ئەوە کاك د.**عثمان**، فەرموو.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پاڵپشت بە یاسای ژمارە (١١)ی ساڵی (٢٠١٣)ی مافی دەستکەوتنی زانیاری لە هەرێمی کوردستان-عیراق، زیاد لە حەوت ساڵە ئەم یاسایە لە پەرلەمانی کوردستان دەرچووە، مـن پێشـتر پرسـیارم ئاراسـتە کـردووە بـۆ دەسـتەی مـافی مـرۆڤ دەووتـرێ لە نـاو یاسـاکەدا پێویسـتە لە مـاوەیەکی سەقفێکی زەمەنی دیاریکراودا کە دوو مانگە ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانی جێبەجـێ کردنـی ئەم یاسایە دەرکرێ، پرسیارم کردووە ڕێنماییـان دەرنەکـردووە، لەگەڵ ئەنجـومەنی وەزیـران قسـەم کـردووە دەبـێ گشـتاندنی بـۆ دەربکـرێ، گشـتاندن دەرنەچـووە، ئەلـف و بێـی دیموکراسـی لای هەمووتـان ڕوونە کە مەسـەلەی مـافی دەسـت ڕاگەیشـتنە بە سـەرچاوەکانی زانیـاری، داوا لە بەڕێزتـان دەکەم لەسـەر ئەم مەسـەلەیە وەکـو سـەرۆکایەتی لەم مەسـەلەیە بپرسـنەوە، بەدواداچوون بکرێت لەسەر ئەوەی بۆچی ڕێنمایی بۆ ئاسانی جێبەجێ کردنی دەرنەچووە، ئەوە

خزمەتێکی گرنگی پایەکانی دیموکراسی و ئازادیکاری میدیایی دەکات لە هەرێمی کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، د.**عثمان**، فەرموو.

**بەڕێز د.عثمان علی سمایل:**

**بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی هەر پێنج لە ماددەکانی (٥٨) و (٥٩) و (٦٠) و (٦١) و (٦٢) ئەم کتابەی بەڕێز سکرتێری پەرلەمان ئاراستەی ئێمەی کردووە هەڵەیە، پێچەوانەی یاسایە کە دەڵێ یەك لە بڕگەکان دەڵێ (ئەگەر هاتوو پەرلەمانتار ئەو پرسیارەی کە لە حکومەتی کردووە لە ڕاگەیاندن یان تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاوکرایەوە وەڵامی نادرێتەوە)، ئەو نەفەسە نەفەسێکی زۆر نائازادی و نادیموکراسی یە داوای چاککردنی دەکەین، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، وتمان تەنها بۆ ئەوەیەتی تەئکید بکات بزانێ مەرجەکانی پرسیاری تیایە ئینجا بڵاوببێتەوە.

**بەڕێز د.عثمان علی سمایل:**

ئاخر وەڵام نادرێتەوە. سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دروستە، دوایی وەڵامت دەداتەوە بەڕێز سکرتێری پەرلەمان، کاك هێڤیدار، فەرموو.

**بەڕێز هێڤیدار أحمد سلمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر مەسەلەی زیندانی سیاسی، ئێمە لە کاتی گفتوگۆکانی پرۆژەی چاکسازی بەڕێز د.ڤاڵا وەزیری کاروباری نێوان حکومەت و پەرلەمانیش لێرەیە، لەگەڵ تیمەکانی حکومەت، وەزیرەکانی دارایی و وەزیری کاروباری شەهیدەکان و ئەوانەی کە لەگەڵیان بوون قسەکان کرد، بەپێی یاسای ساڵی (٢٠١١)یە ئەگەر هەڵە نەبم، هەر زیندانییەکی سیاسی ئەگەر (١٠) ساڵ تێپەڕی مووچەکەی تەواو دەبێت، ئێمە کە ئەو کاتە گفتوگۆمان کرد لەگەڵ حکومەت، حکومەت گوتی هەر زیندانییەکی سیاسی ئەگەر یەك مووچەی بە تەنیا هەبێت مووچەکەی نابڕێت، بەڵام چەند مانگێکە بڕیویانە حەز دەکەین ئەوە ڕوونکردنەوە بێت، چونکە پرسیارەکی زۆر، قسەی حکومەت لە ناو لیژنەی پەرلەمانی ئایا بە فەرمی وەردەگیرێت دکتۆرە؟ یان هەر دەڵێن وەڵلاهی هیچ دەقنووسێك نەنووسراوە، ئێمە سیقەمان هەبوو لەسەر ئەو قسەیە، بەردەوامیش بووە و چەند مانگیشە موشکیلەی هەیە، ئایا ئەم قسەی کە بە فەرمی لە لیژنەی دارایی کرا بە پەسەندی وەردەگرین یان ئەوە تەنیا قسەیەك بوو کرا و تێپەڕیوە؟ نزیکی (١٧٠٠) (١٨٠٠) کەسن یەك مووچە وەردەگرن، تکایە چارەنووسیان دیار بێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕووپاك خان، ئاخیر کەسی نوقتەی نیزامی، فەرموو.

**بەڕێز ڕوپاك أحمد رحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە چەند جارێك لێرە داوای ئەوەمان کردووە، لیژنەی مافی مرۆڤ داوای ئەوەی کردووە کە وەزیرە تایبەتمەندەکان بانگهێشتی پەرلەمان بکرێن لەسەر دۆخی زیندانیان کە ڕۆژانە پەیوەندیمان پێوە دەکەم، ڕۆژانە چەندان پەیوەندی بە ئێمەوە دەکرێ کە دۆخیان زۆر خراپە، هەروەها کۆرۆنا گەیشتۆتە ناو زیندانەکان، چەند تووشبوویەکیان لە ناو هەیە..

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ڕووپاك خان، بەیانی کۆبوونەوە دەکەین لەسەر ئەو بابەتە، وەڵامی بەڕێز سەرۆکی لیژنەی کۆمەڵایەتیمان دایەوە، خدیجە خان، فەرموو.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بابەتەکی یاسایی هەبوو حەزم لێبوو کە لێرەوە ئاماژەی پێ بکەم، (٩/١٣) ڕۆژی جیهانی یاسا بوو کە ئەم ڕۆژە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکان دا بەو ڕۆژەوە دەستنیشان کرا، هەر بەم بۆنەیەوە پیرۆزبایی لە خۆمان دەکەم لە یاساناسان، مافپەروەران و ئەوانەی کە هەموویان لە بواری یاسایی چالاکی ئەنجام دەدەن، منیش پێم باش بوو کە ئێمەش لە کوردستان ڕۆژێکمان هەبێت بۆ ئەم بۆنەیە، بۆ ئەوەی کە بتوانین لەم ڕۆژەدا چالاکی بکەین بۆ بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری و هۆشیاری یاسایی لە ئاستی دامەزراوەکانی حکومەت، لە ئاستی کۆمەڵگا، لە ئاستی زانکۆکان بە گشتی، ئێمەش وەکو پەرلەمان کە جیهەتێکی سەرەکی دەرکردنی یاسا و چاودێری کردنی جێبەجێ کردنی یاساینە، گرینگە کە لەم ڕۆژەدا ئەم بۆنەیە بەرز ڕابگرین، با کار بکەین بۆ ئەوەی کە ئەم بابەتە وا بکەین کە ئاستی هۆشیاری خەڵك لە ڕووی یاساییەوە، پەرەپێبدەین، ئەگەر هەرلە هەمان ڕۆژیش لە (٩/١٣) ئەم بۆنەیە نەکەینەوە، دەتوانین بۆ نمونە چەند ڕۆژەکمان هەیە لە کوردستان، یەکەم ڕۆژ کە یەکەم دانیشتنی پەرلەمان کە لە (٦/٤) ئەنجامدرا..........

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزتان ئەوەی کە دەیلێن، نوقتە نیزامی نییە، ئێوە ئەندامی لیژنەی کاروباری یاساییین، لە پەرلەمانی کوردستان، لەگەڵ لیژنەکەتان ترحی بکەن، بیرۆکەیەکمان بدەنێ، پەرلەمان دەتوانێ لەو بوارەیا چارەسەر کا، دەست بە جێبەجێکردنی بەرنامەی کارەکە دەکەین، بەڕێز سکرتێری پەرلەمان دەیەوێت ڕوونکردنەوەیەك بدات، دوای ئەوە دەست بە جێبەجێکردنی بەرنامەی کاردەکەین، فەرموو.

**بەڕێز منی نبی نادر قهوەچی/ سکرتێری پەرلەمان:**

سەبارەت بەو پرسیارانەی کە گشتاندنمان کردیە بۆ سەرجەم ئەندام پەرلەمانانی بەڕێز، لەسەر داواکاری بەڕێز دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان گفتوگۆمان کردووە، بۆ ئەوەی کەوا مەرجەکانی پرسیار وەکو جەنابیشتان ئاماژەتان پێکرد، چونکە مەرجەکانی پرسیار لە ماددەی (٥٩) لە حەوت

بڕگە پێك هاتووە، ئێمە ناتوانین پرسیارەکی جارێ ئاراستە نەکراو بۆ حکومەت، یاخود بۆ لایەنی پەیوەندیدار، لە کاتێك پرسیارەکە ئەو وەڵامەی لەگەڵ سیاسەتی حکومەتی گشتی نەگونجێتن، یاخود ئەو پرسیارەی کە ئاراستە وەزارەتی پەیوەندیدار دەکرێ، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، لەوانەیە ئەم راپۆرتە لە لیژنەی پەوەندیدایە، واتا راپۆرت ئامادەدەکرێت، ئەگەر ماوەی (١٥) رۆژ تێپەری وە راپۆرتەکە ئامادە نەکرا، ئینجا دەتوای لەو بارەیەوە پرسیاربکرێ، بۆیە تەنها بۆ ئەو مەبەستە بووە، مەبەستی ترمان نییە، بەڕێز (د.**عثمان**)، سەبارەت بە بەشێك لە پرسیارەکان، لە راستیدا با خەڵك و بینەرانیش ئاگادار بن، یەعنی لەگەڵ رێزی تایبەتم بۆ سەرجەم پەرلەمانتاران، بەشێك لە پرسیارەکان کە دێتن بۆ لای بەندە، دوا راوێژ لەگەڵ سەرۆکی پەرلەمان، بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان، کە بەتەواوەتی گفتوگۆ دەکەین، بەشێك لە پرسیارەکان پەیوەندی بە حزبەکانەوە هەیە، واتا حیزب پەیرەوی ناوخۆی هەیە، دەتوانێ خۆی ئیدارەی خۆی بکاتن، بەشێك لە کەناڵە تەلەفزیۆنەکان پەیوەندی بە حیزبەوەیە، پرسیار بۆم ئاراستە کراوە، دەڵێ ئایا ئەم کەناڵە تەلەفزیۆنە سەر بە حزبێکی دیاریکراوە؟ ئەوە مووچەی لە وەزارەتی دارایی وەردەگری یان نا؟ بۆیە یەعنی هەندەك پرسیار هەیە کە مەرجەکانی تێدا نەبێت، من ناتوانم ئاراستە بکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئامانجی سەرەکی تەنها ئەوەیە بۆ ئەوەی بزانین ئایا مەرجەکانی پرسیاری تیایە، یان نا، هیچ شتێکی تر نییە، کاك (اومید)، فەرموو.

**بەڕێز ئومید عبدالرحمن حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، هەر چەندە دەنگمان پێدا، بەرنامەی کار گۆرانکاریمان تێدا کرد، بەڵام بەپێی حوکمی ماددەی (٤٨) بڕگەی دووەم، کە گفتوگۆ لەسەر بڕگەیێکی بەرنامەی کار تەواو نەبێت، بڕگە یەکی دی گفتوگۆی لەسەر ناکرێت....

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئیلابە دەنگدان.

**بەڕێز ئومید عبدالرحمن حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی دووەمی تا گفتوگۆ لەسەر بڕگەیەکی بەرنامەی کار تەواو نەبێ، بڕگەیەکی دی گفتوگۆی لەسەر ناکرێت، ئەگەر لەبەر هەر هۆیەك نەتوانرا گفتوگۆ دەربارەی بڕگەیەك تەواو بکرێت، دەستەی سەرۆکایەتی دەتوانێ ئەو بابەتە، بە هەڵپەسێردراوی بهێڵێتەوە، بە رەزامەندی زۆریەنەی ئەندامانی ئامادەبوو، بابەتەکە بۆ دانیشتنی داهاتوو داوبخرێ، بڕگەی دوای ئەوە، گفتوگۆی دەربارەوە دەکرێ، ئەو گفتوگۆ نییە، تەواوکاری کۆبوونەوەی رابردووە، ئێمە لە گفتوگۆدابووین؟، ئێستا بڕگەی دووەممان کردە یەکەم، لە بەرنامەی کار، دەنگدانە، پێم وایە پێشێلکاریەکی پەیڕەویمان کرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نا، پێشێلکاریمان نەکردووە، چونکە ئێمە بڕگەی دووەممان نە هەڵپەساردووە، نە رامانگرتووە، هیچ یەکێك لەم دوانەمان نەکردووە، تەنها دەنگ دەدەین، یەعنی ئاڵوگۆڕمان لە شوێنی بڕگەکانی بەرنامەی کار کردووە، بە دەنگدان کردوومانە.

**بەڕێز ئومید عبدالرحمن حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە تەئکید بە دەنگدان کردوومانە، ئاڵوگۆڕمان کردییە، بەڵام تا گفتوگۆ تەواو نەبێ، ناتوانین بچنە بڕگەی دیکە، پەیرەو پێموایە ڕێگای نەدایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نا، زۆر جار مەشروعی قانوون هەر لەم پەرلەمانە نیوەی مناقەشە کراوە، راگیراوە، ئەصلەن نیوەکەی تری مناقەشە نەکراوە، ئەم حاڵەتانە دەبێ، ئەمە هیچ ڕێگریەکی پەیڕەوی نییە، بەڕێز (د.بژار)، فەرموون.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمە دەقی راپۆرتی هەردوو لیژنەی تایبەتمەندە، بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان.

بابەت/ راپۆرتی هاوبەش:

لیژنەی کاروباری یاسایی، لیژنەی کاروباری تەندروستی، ژینگە و مافی بەکاربەر، رۆژی یەك شەمە، ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٩/١٣)، کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆ، کۆبوونەوەی هاوبەشیان ئەنجامدا، بۆ تاوتوێکردن و دارشتنەوەی ئەو پێشنیارانەی کە لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەشکراون، سەبارەت بە پێشنیازی یاسای ماف و ئەرکەکانی نەخۆش، لە هەرێمی کوردستان-عیراق، لە خوێندنەوەی دووەمدا، دوای گفتوگۆکردن و تاوتوێکردن لیژنەکان گەیشتنە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

سەبارەت بە ناونیشان، هیچ پێشنیارێك نییە، وەك خۆی، بەم شێوەیە:

یاسای ماف و ئەرکەکانی نەخۆش، لە هەرێمی کوردستان-عیراق.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە ناونیشانی پێشنیازە یاساکە، هیچ پێشنیارێك نییە، جگە لەوەی کە بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی خوێندییە، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە ناونیشانەکە وەکو خۆی دەنگی پێبدرێت، پەسەند بکرێ، با دەنگ بدا؟ سوپاس، بە دەنگی (٨٦) ئەندامی پەرلەمان، پەسەند کرا.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١)، پێنج پێشنیار هەیە:

پێشنیاری یەکەم: ماددەکە وەك خۆی، تەنیا بڕگەی پێنجەم بەم شێوەیەی لێبکرێت:

پێنجەم: خزمەتگوزاری تەندروستی، هەر رێکارێکی خۆپارێزی و چارەسەری تەندروستی یان پزیشکی، پشکنینی تاقیگەیی یان تیشکی یان کلینیکی یان دەرمانسازییە، وەکو نەشتەرگەری لەدایکبوون، کوتان، دەرمان، مانەوە لە نەخۆشخانە، پێداویستیەکانی چارەسەری دیکە بۆ نەخۆش و هاوڵاتیان لەخۆ دەگرێت.

پێشنیاری دووەم: ماددەکە وەك خۆی، تەنیا بڕگەی یازدەیەم، بەم شێوەی لێبکرێت:

یازدەیەم/ دەستەواژەی هەڵەی پزیشکی بگۆردرێت بۆ، دەستەواژەی هەڵەی چارەسەرسازی و بەم شێوەیە پێناسە بکرێت.

یازدەیەم: هەڵەی چارەسەرسازی: هەموو ئەو کاریگەریە زیانبەخشانە دەگەرێتەوە کە بەر نەخۆش دەکەون، لە ئەنجامی یان خراپ ئەنجامدانی خزمەتگوزاری تەندروستی یان تەکنیکی لەلایەن لیژنەیێکی زانستی، پسپۆر، لە بوارەکەدا دیاریدەکرێ.

پێشنیاری سێیەم: ماددەکە وەك خۆی، تەنیا لە بڕگەی سێزدەیەمدا، دەستەواژەی (هێزکاری تەندروستی)، بگۆردرێ بۆ (پێشکەشکاری خزمەتگوزاری تەندروستی).

پێشنیاری چوارەم وەك خۆی، بەم شێوەیە:

ماددەی (١):

مەبەستی ئەم یاسایە لەم وشە و دەستەواژانەی خوارەوە، ماناکانی بەرامبەریانە:

یەکەم: هەرێم: هەرێمی کوردستان-عیراق.

دووەم: وەزارەت: وەزارەتی تەندروستی هەرێم.

سێیەم: وەزیر: وەزیری تەندروستی هەرێم.

چوارەم: دامەزراوەی تەندروستی: هەموو ئەو شوێنانەی خزمەتگوزاری تەندروستی پێشکەش بە نەخۆش دەکەن چ لە کەرتی گشتی یان تایبەت بێ.

پێنجەم: خزمەتگوزاری تەندروستی: هەر رێکارێکی خۆپارێزی و چارەسەری تەندروستی یان پزیشکی، پشکنینی تاقیگەیی یان تیشکی یان کلینیکی، نەشتەرگەری لەدایکبوون، کوتان، دەرمان، مانەوە لە نەخۆشخانە وە پێداویستیەکانی چارەسەری دیکە بۆ نەخۆش و هاووڵاتیان، لەخۆ دەگرێ.

شەشەم: نەخۆش: هەر مرۆڤێك پێویستی بە چاودێری تەندروستی و چارەسەری پزیشکی هەبێت.

حەوتەم: نەخۆشی: هەر تێکچوونێکی جەستەیی یان عەقلی یان دەروونی کە نیشانەی هەبێت و تەندروستی مرۆڤ تێك بدات.

هەشتەم: نەخۆشی درێژخایەن: ئەو نەخۆشیانەن کە ماوەکەی لە سێ مانگ زیاترە و پێویستی بە چاودێری تەندروستی و پزیشکی بەردەوام دەبێت.

نۆیەم: هاوەڵی نەخۆش: هەر کەسێك بە حوکمی یاسا یان پلەی خزمایەتی رێگە پێدراو بێت بە واژووکردن لە جیاتی نەخۆش، لە کاتێکدا نەخۆشەکە لەبەر هۆکاری سەختی نەخۆشیەکەی یان کەمی تەمەن نەتوانێت واژوو بکات.

دەیەم: ئالوزکانە ئاساییەکان (ماك):ئەو ئاڵۆزکانەن کە لەوانەیە لەکاتی چارەسەر یان دوای چارەسەر رووبدات، کە لە تۆمارە پزیشکییەکان باسیان لێوە کراوە، ناچێتە ناو بازنەی هەڵەی پزیشکییەوە.

یازدەیەم: هەڵەی پزیشکی: ئەو ئاڵۆزکانە نەخوازراوەنەن کە لەئەنجامی هەر کەمتەرخەمییەکی پیشەیی یان تەکنیکی یان ناشارەزایی یان پشتگوێخستن روودەدەن، کەلەگەڵ رێساکانی دەستدانە پیشەی پزیشکی و چارەسەری نەگونجاو بێت وە ببێتە هۆکارێك بۆ زیان گەیاندن یان دروستبوونی پەککەوتەیی یان مردنی نەخۆش.

دوازدەیەم: رێساکانی پیشە: ئەو رێسایانەن کە بۆ دەستدانە کاری چارەسەری پزیشکی و تەندروستی لە هەرێمدا بەرکارن.

سێزدەیەم: هێزکاری تەندروستی: ئەو هەموو کەسانەن کە پیشەیێکی پزیشکی تەندروستی پیادە دەکەن، بەگوێرەی یاسا بەرکارەکان.

چواردەیەم: لیژنەی لێکۆڵینەوەی هەمیشەیی: لیژنەیێکی پیشەییە کە لێکۆڵینەوە لەو کێشە و پرسانە لە ئەنجامی هەڵەی پزیشکی، تەندروستییەکان دروست دەبن، ئەنجام دەدات.

پێشنیاری پێنجەم: پێشنیاری هەردوو لیژنەی تایبەتمەند:

بەپێی ئەو دەسەڵاتانی ماددەی (٩١) بڕگەی چوارەم لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان کە بە لیژنەی یاسایی و لیژنەی تایبەتمەند دراوە، ئێمە لە کۆبەندی ئەو بژاردانەی پێشنیارکراون لەلایەن ئەندامانی پەرلەمان لە دانیشتنی خوێندنەوەی دووەمدا، ئەم پێشنیارە دەخینە روو، داوا دەکەین بخرێتە دەنگدان.

ماددەی یەکەم:

وەك خۆی تەنیا لەگەڵ هەندێ راستکردنەوە و بەم شێوەیە:

١-بڕگەیەك بە زنجیرەی دوان زیاد بکرێت، بەم شێوەیە، زنجیرەی بڕگەکانی دیکە، بەو پێیە دەگۆرێت.

دووەم: ئەنجومەنی وەزیران: ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم.

٢- بڕگەی شەشەم دەبێتە بڕگەی حەوتەم بەم شێوەیەی لێبکرێ:

حەوتەم: نەخۆش: هەر مرۆڤێك پێویستی بە خزمەتگوزاری تەندروستی هەبێت.

٣- بڕگەی هەشتەم لەم ماددەیە لابرێت.

٤- بڕگەی چواردەیەم بەم شێوەیەی لێبکرێ:

چواردەیەم: لیژنەی لێکۆڵینەوە: لیژنەیێکی پیشەییە لە وەزارەت، کە لێکۆڵینەوە لەو کێشەو پرسانە لە ئەنجامی هەڵەی پزیشکی تەندروستی دروست دەبن، ئەنجام دەدات.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان، لەگەڵ پێشنیاری یەکەمە، وەکو ئەوەی بەرێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی خوێندییەوە، با بفەرموێت دەنگ بدات؟ نا مەفروز نییە سەیری ماددەی (٩٠) بکە، ئەندامی پەرلەمان خۆی بۆی هەیە داوا لە سکرتێر بکا یان لە لیژنەکان بکا، بە دیاریکراوی لە سکرتێر بکا، بۆ ئەوەی نوسخەی لابێت، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان داوای بکات دەتوانێ لەلای بێت، هەر بەڕێز لەگەڵ پێشنیاری یەکەمە؟ کەسی لەگەڵ نییە.

پێشــنیاری دووەم، (هەڵەی پزیشــکی) بکــرێتە (هەڵەی چارەسەرســازی)؟ (٦) کەســی لەگەڵە، سوپاس. پێشنیاری سێیەم؟ هیچ بەرێزێکی لەگەڵ نییە. پێشنیاری چوارەم وەك خۆی؟ هیچ بەرێزێکی لەگەڵ نییە، پێشنیاری پێنجەم پێشنیاری لیژنەی تایبەتمەند و لیژنەی یاسایی بە هاوبەشی، هەر ئەندامێکی بەرێزی پەرلەمانی لەگەڵە؟ زۆر سوپاس، بە دەنگی (٧٧) ئەندامی پەرلەمان پێشنیازی پێنجەم قبوڵ کرا، پەسەند کرا. ماددەی (٢).

**بەرێز صباح محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی دووەم، چوار پێشنیار هەیە:

پێشنیاری یەکەم: ماددەی (٢) وەك خۆی تەنیا لەگەڵ ئەم گۆرانکارییە بەم شێوەی لێبکرێ:

أ/ بڕگەی دووەم گۆرینی دەستەواژەی هاووڵاتیانی هەرێم بۆ نەخۆش.

ب/ بڕگەی پێنجەم بەم شێوەی لێبکرێ، کەم کردنەوەی رێژەی مردن و پەککەوتن و زیان.

ج/ بڕگەیەك زیاد بکرێ بە زنجیرەی حەوتەم بۆ ئەم ماددەیە.

حەوتەم: ئاسان دەستخستنی خزمەتگوزاری تەندروستی و پزیشکی بۆ نەخۆش، بە کەمترین تێچوو.

پێشــنیازی دووەم: بــڕگە کــانی یەکەم و دووەم لەم مــاددەیە لابرێــت، زنجیــرەی بڕگەکــانی دروستبکرێ، بەم شێوەیەی لێبکرێ:

یەکەم: زامنکردنــی مــاف، ئەرك، شــکۆمەندی، ســەلامەتی، پاراســتنی نهێنیەکــانی نەخــۆش، بەرزکردنەوەی ئاستی خزمەتگوزاری تەندروستی.

دووەم: بەرز کردنەوە، هۆی هۆشیاری تەندروستی لەلای نەخۆش.

سێیەم: کەمکردنەوەی رێژەی مردن و پەککەوتوویی.

چوارەم: پتەوکردنی متمانەی نێوان نەخۆش و پزیشك و کارمەندانی تەندروستی.

پێشنیازی سێیەم: وەکو خۆی، ئامانجەکانی ئەم یاسایە:

ماددەی دووەم:

یەکەم: پاراســتنی تەندروســتی گشــتی لە رێــگەی پاراســتنی مافەکــانی نەخــۆش، دیــارکردنی ئەرکەکانی.

دووەم: پاراســتنی مــافە بنەرەتیەکــانی هاوڵاتیــانی هەرێــم لە ســوودوەرگرتن، لە باشــتر خزمەتگوزارییە تەندروستییە بەردەستەکان.

ســێیەم: پاراسـتنی شـکۆمەندی و سـەلامەتی و نهێنیەکـانی نەخـۆش، بەرزکـردنەوەی ئاسـتی سوودمەندی خزمەتگوزاریە تەندروستییەکان لە دامەزراوە تەندروستییەکان.

چـوارەم: بەرزکـردنەوەی ئاسـتی وشـیاری نەخـۆش دەربـارەی مـاف و ئەرکەکـانی لە دامەزراوە تەندروستییەکان.

پێنجەم: کەم کردنەوەی رێژەی مردن وە پەککەوتوویی.

شەشەم: پتەوکردنی متمانەی نێوان نەخۆش و پزیشك و کامەندانی تەندروستی، لە دام و دەزگا تەندروستییەکان.

پێشـــنیاری چـــوارەم، پێشـــنیاری هەردوو لیـــژنەی تایبەتمەنـــد وەکـــو خـــۆی، تەنیـــا لەگەڵ ئەم گۆڕانکاریانە، بەك شێوەی لێبکرێ:
(دەستەواژەی بەردەستەکان) لابرێت، لە بڕگەی دووەمی ئەم ماددەیە.
بڕگەی دووەم: بڕگەی پێنجەم بەم شێوەی لێبکرێ:
پێنجەم: کەم کردنەوەی ڕێژەی مردن پەککەوتوویی و زیانە تەندروستییەکان.
سێیەم: بڕگەی شەشەم بەم شێوەی لێبکرێ:
شەشـــەم: پتەوکردنـــی متمـــانەی نێـــوان نەخـــۆش و هێزکـــاری تەندروســـتی، لە دامەزراوە تەندروستییەکان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێـزان ئەنـدامانی پەرلەمـان، بـۆ مـاددەی دوو، چـوار پێشـنیارمان لەبەر دەسـتدایە، پێشـنیاری یەکەم، هەر ئەنــدامێکی بەڕێــز پەرلەمــان لەگەڵ پێشــنیاری یەکەمە؟ (٢) کەس، زۆر ســوپاس، پێشـنیاری دووەم، هەر ئەنـدامێکی بەڕێـزی پەرلەمـان لەگەڵ پێشـنیاری دووەمە؟ کەسـی لەگەڵ نییە. پێشنیاری سێیەم وەکو خۆی، کەسـی لەگەڵ نیـیە. پێشـنیاری چـوارەم، پێشـنیاری هەردوو لیژنەی تایبەتمەند و لیژنەی یاسایی؟ زۆر سوپاس، بە دەنگی (٨٤) ئەندامە پەرلەمـان، پێشـنیاری چوارەم پەسەند کرا.

ناتوانی قسە لەسەر ماددە بکەی، دەڵێ پێشنیارم هەبووە، سێ پشتیوانیشی هەبووە، نەخـراوەتە ناو پێشنیارەکانی کە موقتەرەحە.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بۆ ماددە دوو، داوامکردوو، وەکو پێشنیار، مـاددەی (٢) لە ئەصـڵا هەڵبگیـرێ، لەبەر ئەوەی لە هۆیەکانی دەرچوواندن باسی ....

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

چەند کەس پشتیوانی کردبووی؟

**بەڕێز ریبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ، چوار کەس پشتیوانی کردبووم، من داوای روونکردنەوە لە لیـژنەی یاسـایی دەکەم، کە بـۆ چی پێشنیارەکەی من نەخراوەتە دەنگدان؟

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمـــوون بەڕێـــزان، داوا کـــردووە هەر نەمێنـــێ ئەوەی ئامانجەکـــان، لەبەر ئەوەی لە ئەســـبابی موجیبـــا هەیە، ئەگەر جوابتـــان هەیە، فەرمـــوون. داوای کـــردووە ئامانجەکـــان نەمێنـــێ، پەرلەمانتاریش بە عەدەدی قانوونیش پشتیوانیان کردووە.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

گەلەك جارا پێشنیار دێنە کرن و فعلە دی پەیڕەوی پشتگیری ژیبا هەی، بەس بەلکو ئەو پێنشیار لدەف مە وەکو لیژنەی یاسایی مە قەناعەت پێ نینە، ئەما ئەخرێتە ناڤ راپۆرتینا، بۆچی؟ باشە تشتەکی خەلەت ئان نەشنکەنا ناف راپۆرتینا کێ گرنتی هەیە ئەگەر ئەو پێشنیار دەنگ هینا مەصیری وی یاسا چییە؟ ئاب سێ چوار پێشنیاری بەڕێز دکتۆر ریبوار راپۆرتی مەی هەی، ئەمان ئامانج ناحیا دارشتنێ

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (د.ریبوار) جاری سەرۆکی لیژنەی یاسایی قسە دەکا، کە قسەکانی تەواو کرد ئێمە قەرارا دەدەین کە جەنابت بۆت هەیە وەڵامی بدەیتەوە، یان بۆت نییە، لەبەر ئەوەی مایکەکەت پێ مەکە تا ئەو قسەکانی تەواو دەکا، فەرموون کاك (بژار).

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەڤ پێشنیارە بێتە کرن خاصەتە ژ پشتگیری هەبێت، یانی بۆچ ئامانجێت یاسایی دێننە دەرێ، بالعکس وەکو لیژنەی یاسایی نابەت یاسایەك دەرکەڤیت بێ ئامانج، بێ قاصدێت، موشەرعێت یێت یاسایی دیاربیت، ئایا بۆ پەرلەمانتارێکی بەڕێز، بۆ کەسەکی خێندەڤا، بۆ یاسازانەکی دەبیتە یاسایەك خوی بیت، ماددەی ئامانجا دەرگا ڤە کرنا بۆ تێروانینەك هەبیت، ئامانجا بمسابەتێ دیباجە کە چاوا دیباجە دەستووری گرنگە، ئامانجێت یاسایی هەندە گرنگ لە یاسایی هێندە گرنگە لە یاساییێت دابێت، ئەگەر ئامانجمان مە سەح کرن ئایا کەسێت دێت یاسایێ خۆت بیت بەج فەهمەکا دچ دزانێت ئەڤ یاسایە بۆچییە، مەقاصدێت چییە، فەلسەفە دانانا ڤێ یاسایێ چییە؟ مەقاصدێت تەشریعی چییە؟ ژبەرهەندێ یانی هیچ مەعقول نابینم ئامانجێت ڤێ یاسایێ هەبێت ڤێنە مەسح کرن، سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئێمە دەنگمان داوە لەسەر ئەو ماددەیە، هیوادارم جارێکی تر ئەوە دووبارە نەبێتەوە، کە ئەندامێکی پەرلەمان پێشنیارێك بکا و پشتیوانی هەبێ، جگە لەو حاڵەتانەی کە نایاساین، ناکرێ لەناو پێشنیارەکانی لیژنە تایبەتمەندەکان و لیژنەی یاسایی بن، بە نەزەری ئیعتیبار وەربگیرێ، تازە دەنگدانمان تەواو کرد، دەرفەتی قسەکردنت نادەم.

**بەڕێز د. ریبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

حەقی خۆمە وەڵامی بدەمەوە.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هیچ حەقت نییە، کاك (د.ریبوار).

**بەڕێز ریبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی لیژنەی یاسایی ئەساسەن بۆی نییە پێشنیارێك رەت بکاتەوە، با یەك روونکردنەوە بدەم لەسەر قسەکان.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نا، روونکردنەوە مەدە، من تەئیدت دەکەم لەوەی کە ئەندامی پەرلەمان، ئەگەر پێشنیارێکی هەبوو، دوو کەس پشتیوانیان کرد، بون بە سێ کەس، لیژنەکان مولزەمن داینێن، ئیلا ئەگەر نایاسایی بوو، ئەوە تەواو بوو، دەنگمان دا، تازە تەواو، ماددەی (٣)، فەرموون.

**بەڕێز صباح محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٣):

سەبارەت بە ماددەی (٣) چوار پێشنیار هەیە:

پێشنیاری یەکەم: وەك خۆی تەنها لەگەڵ ئەو گۆرانکاریانە، بەم شێوەی لێبکرێ:

١-بڕگەی شەشەم بەم شێوەی لێبکرێ:

شەشەم: رەتکردنەوەی هەر خزمەتگوزاریەکی پزیشکی یان چارەسەرێکی دیاریکراو لەسەر بەرپرسیاریەتی کەسی خۆی دوای ئەوەی ئاکامەکانی بە نەخۆشی گوترابێت، بە مەرجێك رەتکردنەوەی چارەسەری یان راگرتنی نەبیتە هۆی مردنی نەخۆش یان پەککەوتوویی هەمیشەیی، هەروەها تەمەنی (١٨) ساڵی تەواو کردبێت، توانای هەبێت گوزارشت لە ویستی خۆی بکات.

دووەم: بڕگەی هەشتەم، خاڵی چوارەم، بەم شێوەیەی لێبکرێت:

هەشتەم: چوارەم: کاتێك نەخۆش هەوڵی زیانگەیاندن بە ژیانی خۆی بدات.

سێیەم: بڕگەی نۆیەم: بەم شێوەیەی لێبکرێ:

نۆیەم: نەخۆش لە میدیا و تۆرە کۆمەڵایەتییەکان نیشان نەدرێت، تەنها بە رەزامەندی خۆی نەبێت.

چوارەم: لە بڕگەی دوازدەیەمدا، دەستەواژەی (هاوەڵەکی)، بکرێتە (کەسەکی تر).

پێنجەم: بڕگەی سێزدەیەم: وەك خۆی تەنیا دەستەواژەی (بەگوێرەی توانا)، لابرێت.

شەشەم: زیاد کردنی دوو بڕگە بۆ ماددە بە زنجیرەی (چواردەیەم-پازدەیەم) بەم شێوەیە:

چواردەیەم: دابینکردنی خواردنی گونجاو و پێویست لەگەڵ دۆخی تەندروستی نەخۆش گونجاو بێت.

یازدەیەم: وشیارکردنەوەی کەسە نزیکەکانی نەخۆش بۆ نەخۆشیە گوازراوەکان وە پێدانی رێنمایی پێویست پێیان، پێشنیاری دووەم وەك خۆی تەنیا بڕگەیەك بە زنجیرەی چواردەیەم زیاد بکرێت بۆ ئەم ماددەیە، چواردەیەم وەرگێڕی زمان بۆ نەخۆش ئامادە بکرێت ئەگەر چارەسەرکار بێگانە بێت، پێشنیازی سێیەم وەك خۆی ماددەی (٣) نەخۆش لە هەر دامەزراوەیەکی تەندروستی چ گشتی یان تایبەت بێت سەرجەم ئەو مافانە دەبێت کە لەم

یاسایە و یاسا بەرکارەکان دا هاتوون وە بە یەك پێوەر بە بێ جیاکاری مامەڵە لە گەڵ سەرجەم نەخۆشەکان دا دەکرێت، مافەکانیش بریتین لە مانەی خوارەوە، یەکەم دابینکردنی ئامێر و تاقیگەی پشکنین و چارەسەرە بەردەستەکان بە شێوەیەك کە گونجاو بێت لە گەڵ پێوەرە زانستیە پزیشکیەکان، دووەم مامەڵە کردن بە یەك پێوەر بە بێ جیاکاری لە گەڵ سەرجەم نەخۆشەکان بە شێوەیەکی یەکسانی و دادپەروەرانە بێ رەچاو کردنی هیچ جیاکاریەکی کۆمەڵایەتی، رەگەزی، رەگەزنامە، ئایین یا هەر هۆکارێکی ترلە گەڵ بە هەند وەرگرتنی زیانە پێشبینی کراوەکان بە رەچاوکردنی دۆخی بەپەلە خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان، سێیەم پێشوازی وە پشکنینی لە شوێنی مانەوەی بۆ دابین بکرێت بە شێوەیەك کە شکۆ و کەسێتی پارێزراو بێت، چوارەم پارێزگاری کردن لە تایبەتمەندیەکانی باری تەندروستی یان کەسی تەنیا لەو حاڵەتانە نەبێت کە بە یاسا دیاریکراوە یان لە لای دادگاوە داوا بکرێت یان ببێتە هۆی مەترسی بۆ تەندروستی گشتی، پێنجەم دەستکەوتنی زانیاری تەواو لە پزیشکی چارەسەرکار وە دامەزراوەی تەندروستی لە بارەی تەواو تێچوونی دارایی پشکنین و چارەسەری و زانینی پلانی چارەسەری و جێگرەوەکان وە ئەرکە ئاڵۆزەکان وە بە زمانێکی روون و ئاشکرا وە بە رەچاوکردنی دۆخی نەخۆشی مەترسیدار وە باری لە ناکاو و بە پەلە، دووەم بینینی دۆسیەی پزیشکی وە دەستکەوتنی وێنەیەك لە دۆسیەکەی لە سەر داوای خۆی وە وەرگرتنی راپۆرتی پزیشکی سەبارەت بە دۆخی تەندروستی نەخۆش لە کاتی پێویست دا وە بە بێ هیچ بەرامبەرێك، هەشتەم رەتکردنەوەی هەر خزمەتگوزاریەکی تەندروستی یان چارەسەریەکی دیاریکراو لە سەر بەرپرسیاریەتی کەسی خۆی، دوایی ئەوەی ئاکامەکانی نەخۆش وترا بێت بە مەرجێك رەتکردنەوەی چارەسەری یان راگرتنی نەبێتە هۆی مردنی نەخۆش، هەروەها تەمەنی هەژدە ساڵی تەواو کردبێت، وە هەروەها توانایی هەبێت گوزارشت لە ویستی خۆی بکات، حەوتەم وەرگرتنی بڕیار و نووسراوی پێشوەختە یان رەزامەندی هاوەڵی نەخۆش، وە ئەنجامدانی هەرنەشتەرگەریەك یان هەر سڕکردنێك (بەنج) جگە لە بوارەکانی لە ناکاو وە رووداوەکاندا، هەشتەم لە بواری لەناکاودا یان لە پێناو رزگارکردنی ژیان پزیشك دەبێت بڕیاری ژووری چارەسەری ئەم نەخۆشانەی خوارەوە بدات بە بێ گەڕانەوە بۆ هاوەڵەکەی، یەکەم بێهۆش دووەم بیرکۆن سێیەم بێکەس چوارەم کاتێك نەخۆش هەوڵی زیان گەیاندن بە ژیانی خۆی یان کەسێکی تر بدات، پێنجەم نەخۆشی دەروونی ئەوانەی کە توانایی بڕیاردانیان لەو کاتەدا نییە، نۆیەم نەخۆش لە میدیا و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان نیشان نەدرێت تەنها بە رەزامەندی خۆی یان هاوەڵەکەی نەبێت، دەیەم بەشدار بوون یان نەبوون لە هەر کۆبوونەوەیەکی پزیشکی یان تۆژینەوەی زانستی وە لە هەر کاتێکدا کە بیەوێت دەتوانێت بکشێتەوە، یازدەیەم راوێژکردن بە پزیشك یان دامەزراوەیەکی تەندروستییەکی دیکە بۆ نەخۆشیە تەندروستییەکەی، لەم بارەدا پێویستە پزیشك یا دامەزراوەی تەندروستی یەکەم راپۆرتی

پزیشـکی تەواو سـەبارەت بە نەخۆشـی وە بەدواداچوونەکـانی بـداتە نەخـۆش وەك بەرچـاو روونییەك بۆ پزیشکی دووەم، دوازدەیەم پزیشك نەخۆش بە تەنها بپشکنێت وە کاتی پێویسـتی بۆ تەرخان بکات وە ئەوەش رێگـر نیـیە لەوەی کە نەخـۆش هـاوەڵێکی لە گەڵ بێـت، سێزدەیەم پێویستە لە سەر وەزارەت بە گـوێرەی توانـا چارەسـەری بەخـۆڕایی لە دامەزراوە تەندروسـتییە حکومیەکـانی هەرێـم بـۆ نەخۆشـیە درێژخایەنەکـانی دەسـتەبەر بکـات، پێشـنیاری چـوارەم پێشنیاری هەر دوو لیژنەی تایبەتمەند وەك خۆی تەنیا لە گەڵ ئەم گۆڕانکـاریە وە بەم شـێوەیەی لــێ بکرێـــت، یەکەم پێشـــەکی مـــاددەی (٣) بەم شـــێوەیەی لـــێ بکرێـــت، نەخـــۆش لە هەردامەزراوەیەکی تەندروستی وێڕای سەرجەم ئەو مافانەی کە لە یاسا بەرکارەکانی هەرێـم دا هاتوون ئەم مافانەی خوارەوە دەبێت، دووەم بڕگەی دووەم دەبێتە بڕگەی یەکەم وەبەم شێوەیە لـێ بکرێـت، مـامەڵە کـردن بە یەك پێـوەر بە بـێ جیاکـاری لەگەڵ سـەرجەم نەخۆشـەکاندا بە شێوەیەکی یەکسان وە دادپەروەرانە بێ رەچاو کردنـی هەر جیاکارییەکی رەگەزی کۆمەڵایەتی نەتەوەیی رەگەزنامە سیاسی ئایینی یان هەرهۆکارێکی تر لەگەڵ بە هەنـد وەرگرتنـی دۆخـی بە پەلە و خاوەن پێداویستی تایبەت، سێیەم بڕگەی شەشەم بەم شێوەیە لێ بکرێت، رەتکردنەوەی هەر خزمەتگوزاریەکی پزیشکی یان چارەسـەریەکی دیـاریکراو لە سـەر بەرپرسـیاریەتی کەسـی خۆی دوایی ئەوەی ئاکامەکان بە نەخۆش رادەگەیەنرێـت بە مەرجێـك رەتکـردنەوەی چارەسـەر یان راگرتنی نەبێتە هۆی مردنـی نەخـۆش یـان زیـان گەیانـدن بە تەندروسـتی گشـتی، هەروەهـا نەخـۆش تەمەنـی هەژدە سـاڵی تەواو کردبێـت وە توانـایی هەبێـت گوزارشـت لە ویسـتی خـۆی بکات، چوارەم بڕگەی هەشتەم پێشەکی بەم شێوەیە لێ بکرێت، لە بـارەی لە ناکـاو یـان لە پێنـاو رزگارکردنی ژیان دا پزیشك دەتوانێـت بڕیـاری جـۆری ئەم نەخۆشـیانەی خـوارەوە بـدات بە بـێ گەڕانەوە بۆ هاوەڵەکەی، پێنجەم بڕگەی یازدە بەم شێوەیە لێ بکرێت راوێژکردن بە پزیشك یـان دامەزراوەیەکی تەندروستی دیکە سـەبارەت بە نەخۆشـیەکەی وە لەم بـارەدا پێویسـتە پزیشـك یـان دامەزراوەی تەندروسـتی یەکەم بە بـێ بەرامـبەر راپـۆرتی پزیشـکی تەواو سـەبارەت بە نەخۆشـی وە بەدواداچوونەکـانی وەك بەرچـاو روونـیەك بـۆ پزیشـکی دووم بـداتە نەخـۆش، شەشەم بڕگەی دوازدەیەم بەم شێوەیە لێ بکرێت، بە تەنها پشکنین و چارەسەری بـۆ بکرێـت وە کاتی پێویست بۆ تەرخان بکرێت، ئەمەش رێگر نییە لەوەی نەخۆش کەسێکی تر لە گەڵ خۆی دا بێـت، حەوتەم بـڕگەی سـێزدەیەم بەم شـێوەیە لـێ بکرێـت، دەسـتەبەر کردنـی خزمەتگـوزارییە تەندروستیەکان لە دامەزراوە تەندروستیەکانی کەرتی گشتی بێ بەرامبەر، هەشـتەم زیـادکردنی سـێ بـڕگە بە زنجیـرەی چـواردەیەم داش پـازدەیەم داش شـازدەیەم بەم شـێوەیە، چـواردەیەم رەچـاوی بـاری دەروونـی نەخـۆش، پـازدەیەم نابێـت رووداو یـان کێشـە لە نێـوان نەخـۆش و هاوەڵەکەی لە لایەك وە هێلکـاری تەندروسـتی یـان بەڕێـوەبەرایەتی دامەزراوەی تەندروسـتی لە

لایەکی تر هیچ کاریگەریەك لە سەر پرۆسەی چارەسەر کردنی نەخۆش دا بنێت، شازدەیەم دابینکردنی خواردنی پێویست و گونجاو لە گەڵ دۆخی تەندروستی نەخۆش، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە ماددەی (٣) چوار پێشنیارمان هەیە، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێشنیاری یەکەمە با دەست بەرز بکاتەوە، کێ لەگەڵ دایە؟ کەس لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری دووەمە با دەست بەرز بکاتەوە، کێ لەگەڵ دایە؟ هەر بەڕێزێك وەك خۆی لەگەڵ پێشنیاری سێیەم وەك خۆی، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری چوارەمە پێشنیاری لیژنەی تایبەتمەند و لێژنەی یاسایی، بەڵێ زۆر سوپاس بە دەنگی (٧٦) ئەندامی پەرلەمان ماددە (٣) پەسند کرا، پێشنیاری چوارەمی ماددە (٤).

**بەڕێز د. شایان کاکە صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ناوی خودای گەورە و میهرەبان، سەبارەت بە ماددەی (٤) پێنج پێشنیار هەیە، پێشنیاری یەکەم ماددەی (٤) بەم شێوەیە لێ بکرێت، نەخۆش یان میراتگرانی یان ئەوەی نوێنەرایەتی دەکات لە رووی یاساییەوە جێگای دەگرێتەوە لە کاتی پەککەوتەیی یان مردنی بۆیان هەیە یەکەم، داوای زانینی هۆکاری پەککەتەیی یان مردنەکە بکەن، وە لایەنی پەیوەندیداریش پابەند بێت لە خستنەڕووی راستییەکان وە پێدانی بەڵگە تەندروستی و پزیشکیەکان، دووەم لەکاتی بوونی گومان سکاڵایەك بۆ وەزارەتی تەندروستی یان بەڕێوەبەری گشتی بەرز بکاتەوە و پێویستە لە ماوەیەك کە لە دە رۆژ تێپەڕ نەکات ئاراستەی لیژنەی لێکۆڵینەوەی هەمیشەیی بکرێت، سێیەم داوایی قەرەبوو بکات، پێشنیاری دووەم بڕگەی یەکەم وەك خۆی تەنیا بڕگەی دووەم و سێیەم بەم شێوەیە لێ بکرێت، دووەم لە کاتی بوونی گومان دا سکاڵایەك بۆ وەزارەتی تەندروستی و سەندیکا پەیوەندیدارەکان بەرز بکاتەوە و پێویستە لە ماوەی دە رۆژ ئاراستەی لیژنەی لێکۆڵینەوەی هەمیشەیی بکرێت، سێیەم داوایی قەرەبوو بکات لە دەزگا تەندروستیەکان یان کەسی پەیوەنیدار کە لە ئەنجامی هەڵەی چارەسەری پزیشکی و تەندروستی یان تەکنیکی روویداوە، بە مەرجێك بە بڕیاری دادگا چەسپێنرابێت، پێشنیاری سێیەم بڕگەی یەکەم و دووەم بکرێت بە زنجیرەی بڕگەی یەکەم و بڕگەی سێیەم بکرێتە بڕگەی دووەم بەم شێوەی خوارەوە، یەکەم داوایی زانینی هۆکاری پەککەوتەیی یان مردن کەسی پلە یەکی نەخۆش یان میراتگرانی مافی سکاڵا کردنیان هەیە بە مەرجێك سکاڵاکە لە ماوەی دە رۆژدا یەکلا بکرێتەوە، دووەم داوایی قەرەبووی ماددی و مەعنەوی بکات کە لە ئەنجامی هەڵەی چارەسەری پزیشکی و تەندروستی یان تەکنیکی روویداوە بە مەرجێك بە بڕیاری دادگا چەسپێنرابێت، پێشنیاری چوارەم وەك خۆی، ماددەی (٤) بریکاری کەسی نەخۆش یان میراتگرانی لە کاتی پەککەوتەیی یان مردنی بۆیان هەیە، یەکەم داوایی زانینی هۆکاری پەککەوتەیی یان مردنەکە بکەن، وە لایەنی پەیوەندیداریش پابەند دەبێت لە خستنە روویی راستییەکان و پێدانی بەڵگەنامەی تەندروستی و پزیشکییەکان، دووەم لە کاتی بوونی گومان سکاڵایەك بۆ وەزارەتی تەندروستی

بەرز بکاتەوە، پێویستە لە ماوەی دە رۆژدا ئاراستەی لیژنەی لێکۆڵینەوەی هەمیشەیی بکرێت، سێیەم داوایی قەرەبوو بکات کە لە ئەنجامی هەڵەی چارەسەری پزیشکی و تەندروستی یان تەکنیکی روویداوە بە مەرجێك بە بڕیاری دادگا چەسپێنرابێت، پێشنیاری پێنجەم پێشنیاری هەر دوو لیژنەی تایبەتمەند ماددەی (٤) بەم شێوەیە لێ بکرێت، ماددەی (٤) یەکەم نەخۆش یان شوێنگرەوە یاساییەکەی لە کاتی پەککەوتەیی وە میراتگرەکانی لە کاتی مردنی دا دەتوانن، یەك داوایی زانینی هۆکاری پەککەوتەیی یان مردنەکە بکەن وە دامەزراوەیی تەندروستی پابەند دەبێت بە خستنەڕوویی راستییەکان و پێدانی بەڵگەنامە تەندروستی و پزیشکییەکان، دووەم لە کاتی بوونی گومان سکاڵایەك بۆ وەزارەتی تەندروستی بەرز بکاتەوە، پێویستە لە ماوەی حەوت رۆژدا ئاراستەی لیژنەی لێکۆڵینەوە بکرێت، دووەم لیژنەی لێکۆڵینەوە لە ماوەیەك کە لە حەوت رۆژ تێپەڕ نەکات دەست بە لێکۆڵینەوە دەکات، وە لە ماوەیەك کە لە سی رۆژ تێپەڕ نەکات لێکۆڵینەوەی زانستی و پیشەیی سەبارەت بە سکاڵاکە تەواو دەکات، خاڵی دووەم لیژنەی لێکۆڵینەوە راسپاردەکانی دەخاتە بەردەم وەزیر بۆ وەرگرتنی رێ وشوێنی یاسایی و کارگێڕی بەرامبەر دامەزراوەی تەندروستی یان هێسکاری تەندروستی لە ماوەیەك کە لە حەوت رۆژ تێپەڕ نەکات، سێیەم زیان لێکەوتوو دەتوانێت داوایی وەرگرتنی وێنەیەکی راپۆرتی کۆتایی لیژنەی لێکۆڵینەوە بکات، بڕگەی سێیەم بە مەبەستی وەرگرتنی قەرەبوو زیان لێکەوتوو دەتوانێت لە بەردەم دادگای تایبەتمەند داوایی یاسایی پێشکەش بکات، دادگا دەتوانێت پشت بە راپۆرتی پەسندکراوی لیژنەی لێکۆڵینەوە ببەستێت بۆ یەکلاکردنەوەی سکاڵاکە، سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان سەبارەت بە ماددەی (٤) هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێشنیاری یەکەمە با دست بەرز بکاتەوە، کێ لەگەڵ دایە؟ کەسی لەگەڵ نییە، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێشنیاری دووەمە با دەست بەرز بکاتەوە، کێ لەگەڵ دایە؟ کەسی لەگەڵ نییە، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێشنیاری سێیەمە با دست بەرز بکاتەوە، کێ لەگەڵ دایە؟ کەسی لەگەڵ نییە، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێشنیاری چوارەمە وەك خۆی با دست بەرز بکاتەوە، کێ لەگەڵ دایە؟ یەك کەسی لەگەڵە، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێشنیاری پێنجەمە پێشنیاری هەردوو لیژنە با دست بەرز بکاتەوە، کێ لەگەڵ دایە؟ بەڵێ زۆر سوپاس بە دەنگی (٦١) ئەندامی پەرلەمان پەسندکرا، ماددەی (٥)، فەرموون.

**بەڕێز شایان کاکە صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٥) چوار پێشنیار هەیە، پێشنیاری یەکەم وەك خۆی تەنیا دەستەواژەی منداڵی نەخۆش بکرێتە نەخۆشی منداڵ، پێشنیاری دووەم وەك خۆی تەنیا لە بڕگەی چوارەم دەستەواژەی بەردەستەکانی لابرێت، پێشنیاری سێیەم وەك خۆی، ماددەی (٥) یەك وێڕای ئەو مافانەی لەم یاسایە هاتوون منداڵی نەخۆش ئەم مافانەی خوارەوەیان هەیە، یەکەم ئامێر و کەرەستە و پێداویستی پزیشکی تایبەتی بەردەست لە ناو دامەزراوەی تەندروستی بۆ دابین

بكرێت، دووەم پارێزگاری لێ بکرێت لە سەرجەم جۆرەکانی ئەزیەتدان لە کاتی پشکنین یا چارەسەری لە ناو دامەزراوەی تەندروستی، سێیەم هاوەڵێکی هەبێت لە کاتی مانەوەی لە دامەزراوەی تەندروستی جگە لە هەردوو بەشی چاودێری چڕو بەشی منداڵە ناکامەکان، چوارەم سەرجەم (ڤاکسین، پێکوتە) بەردەستەکان بۆ دابین بکرێت لە قۆناغەکانی تەمەن بە بێ بەرامبەر، پێشنیاری چوارەم پێشنیاری هەر دوو لیژنەی تایبەتمەند ماددەی (٥) وەك خۆی تەنیا پێشەکی ماددەکە و بڕگەی چوارەم بەم شێوەیە لێ بکرێت، یەکەم پێشەکی وێڕای ئەومافانەی کە لەم یاسایە و یاسا بەرکارەکان هاتوون هەر منداڵێکی نەخۆش مافی هەیە، گۆڕانکاری دووەم واتا بڕگەی چوارەم دەگۆڕێت بەم شێوەیە لێ دەکرێت دابینکردنی سەرجەم پێکوتە پێویستەکان لە قۆناغە جیاوازەکانی تەمەن لە کەرتی گشتی بە بێ بەرامبەر، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس بۆ بەڕێزت، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان بۆ ماددەی (٥) هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری یەکەمە با دەست بەرز بکاتەوە، کێ لەگەڵ دایە؟ کەسی لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری دووەمە با دەست بەرز بکاتەوە، کێ لەگەڵ دایە؟ کەسی لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری سێیەمە وەك خۆی با دەست بەرز بکاتەوە، کێ لەگەڵ دایە؟ کەسی لەگەڵ نییە، ئەوپێشەکییە دەبێت لابرێت بەڕێزان لە لیژنە تایبەتمەندەکان، یەعنی نایەوێت ئەو پێشەکی دوو نوقتە، هەرکەسێك لەگەڵ پێشنیاری چوارەمە پێشنیاری لیژنە تایبەتمەندەکان با دەست بەرز بکاتەوە، کێ لەگەڵ دایە؟ بەڵێ زۆرسوپاس بە دەنگی (٦١) ئەندامی پەرلەمان پەسندکرا، ماددەی (٦).

**بەڕێز شایان کاکە صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٦) چوار پێشنیار هەیە، پێشنیاری یەکەم وەك خۆی تەنیا بڕگەیەك زیاد بکرێت بۆ زنجیرەی سێیەم بۆ ئەم ماددەیە بەم شێوەیەی خوارەوە، سێیەم تایبەتمەندییەکانی پارێزراو بێت لەگەڵ دابینکردنی شوێنی مانەوەیان لە نەخۆشخانەکانی تایبەت بە ژنان بە پێی پێویست، پێشنیاری دووەم وەك خۆی تەنیا لە بڕگەی دووەم دەستەواژەی بەردەستەکانی لابرێت، پێشنیاری سێیەم وەك خۆی، ماددەی (٦)، وێڕای ئەو مافانەی لەو یاسایەدا هاتوون ئافرەتی دووگیان مافی هەیە، یەکەم ناوەندی تایبەتمەند بە چاودێری و ڕێنمایی و ڕاوێژ وچارەسەر بۆ خۆی و بۆ کۆرپەکەی لە سەرجەم قۆناغەکانی سکپڕی و دوایی لەدایکبوون دابین بکرێت، دووەم گشت ئەو پێکوتە بەردەستانەی کە پێویستیانە لە پێش یان لەکاتی دووگیانی یان لە دوایی لەدایکبوون بە بێ بەرامبەر بە دەستی بکەوێت، پێشنیاری چوارەم پێشنیاری هەردوو لیژنەی تایبەتمەند ماددەی (٦) بەم شێوەیە لێ دەکرێت، وێڕای ئەو مافانەی کە لەم یاسایە ویاسا بەرکارەکان هاتوون، ئافرەتی دووگیان مافی هەیە یەکەم ناوەندی تایبەتمەند لە چاودێری و ڕێنوێنی و ڕاوێژ و چارەسەری بۆ خۆی و بۆ کۆرپەکەی لە سەرجەم قۆناغەکانی دووگیانی و لە کاتی لەدایك بوون و دوایی لەدایکبوون لە کەرتی گشتی بۆ دابین بکرێت، دووەم

دابینکردنی گشت پێکوتە پێویستەکان لە قۆناغەکانی دووگیانی و لە دوایی لە دایکبوون بە بێ بەرامبەر، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان سەبارەت بە ماددەی (٦) دیسان چوار پێشنیار هەیە، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لە گەڵ پێشنیاری یەکەمە با دەست بەرز بکاتەوە، کێ لەگەڵ دایە؟ کەسی لەگەڵ نییە، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێشنیاری دووەمە با دەست بەرز بکاتەوە، کێ لەگەڵ دایە؟ کەسی لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری سێیەمە با دەست بەرز بکاتەوە، کێ لەگەڵ دایە؟ کەسی لەگەڵ نییە، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێشنیاری چوارەم پێشنیاری لیژنە تایبەتمەندەکانە با دەست بەرز بکاتەوە، کێ لەگەڵ دایە؟ بەڵێ سوپاس بە دەنگی (٦٢) ئەندامی پەرلەمان پەسندکرا، ماددەی دوایی ئەو بەڕێزان.

**بەڕێز عباس فتاح صاڵح فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەناوی خودای گەورە، سەبارەت بە ماددەی (٧)، پێنج پێشنیار هەیە، پێشنیاری یەکەم ئەم ماددەیە لابرێت، پێشنیاری دووەم وەك خۆی تەنیا ئەم دەقە بۆ ماددەکە زیاد بکرێت لە کۆتاییەکەیدا، یان لە حاڵەتی نەخوازراو وەك دووگیانی ئافرەتەکە لە ئەنجامی توندوتیژی سێکسی و جەستەیی بێت بەم شێوەیە، ڕێگا بە لەباربردن نادرێت تەنها ئەگەر بە راپۆرتی پزیشکی لە لایەن لیژنەیەکی پزیشکی تایبەتمەند و سەلمێنراو کە بەردەوام بوونی دووگیانی یان لەدایکبوون دەبێتە مایەی زیان گەیاندن بە تەندروستی ئافرەتە دووگیانەکە، یان لە حالەتی نەخوازراو وەك دووگیانی ئافرەتەکە لە ئەنجامی توندوتیژی سێکسی و جەستەیی بێت، پێشنیاری سێیەم وەك خۆی تەنها دەستەواژەی زیان گەیاندن بە تەندروستی بکرێتە (مەترسی لە سەر ژیانی)، پێشنیاری چوارەم وەك خۆی ماددەکە بەم شێوەیە، ڕێگا بە لەباربردن نادرێت تەنها ئەگەر بە راپۆرتێکی پزیشکی لە لایەن لیژنەیەکی پزیشکی تایبەتمەندەوە سەلمێنرا کە بەردەوام بوونی دووگیانی یان لەدایکبوون دەبێتە مایەی زیان گەیاندن بە تەندروستی ئافرەتە دووگیانەکە، پێشنیاری پێنجەم پێشنیاری هەر دوو لیژنەی تایبەتمەند لە سەر ماددەی (٧) بەم شێوەیە لێ بکرێت، یەکەم ئافرەتی دووگیانی توشبوو بە نەخۆشییەکی ترسناك کە نەخۆشییەکە مەترسی راستەقینە و مسۆگەر بێت لەسەر ژیانی، دەکرێت دوایی وەرگرتنی ڕەزامەندی نەخۆش و هاوسەرەکەی و بڕیاری لیژنەیەکی پسپۆڕی تایبەتمەند کە لە پێنج پزیشك کەمتر نەبێت، پشت بەست بە ئەنجامی پشکنینەکانی یەکێك لە دامەزراوە تەندروستییەکانی کەرتی گشتی کە بسەلمێنرێت بەردەوامی دووگیانییەکەی یان لەدایکبوون دەبێتە هۆی مەترسی لە سەر گیانی خودی ئافرەت و دووگیانەکە، کۆرپەکەی لەبار ببرێت، دووەم جگە لە حالەتەکانی (لەبار بردنی پزیشکی) کە لە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە دەقنووس کراوە لەبار بردن بە هەموو شێوەیەك قەدەغەیە وبە پێی یاسایی سزاکانی عێراق ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩)ی هەموار کراو مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە ماددەی حەوت پێنج پێشنیار هەیە، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێشنیاری یەکەمە تکایە دەستی بەرزکاتەوە؟ (٥) کەس لەگەڵدایە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری دووەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (١) کەس لەگەڵدایە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری سێیەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (٢) کەس لەگەڵدایە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری چوارەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (١) کەس لەگەڵدایە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری پێنجەمە پێشنیاری لیژنە تیابەتمەندەکان تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (٥٣) کەس لەگەڵدایە، پێشنیاری پێنجەم بە زۆرینەی دەنگ پەسەندکرا، زۆر سوپاس، دەچینە سەر ماددەی هەشت، فەرموو کاك عباس بیخوێنەوە.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی هەشت دوو پێشنیاری هەیە.

پێشنیاری یەکەم: وەك خۆیەتی کە بەم شێوەیەیە:

نەخۆش بەم ئەرکانەی خوارەوە پابەند دەبێت:-

یەکەم: پابەندبوون بە یاسا و ڕێنمایی و ڕێکارە ناوخۆیەکانی دامەزراوە تەندروستییەکان.

دووەم: ڕێزگرتن لە پزیشك و کارمەندانی دامەزراوە تەندروستییەکان نابێت هەڵسوکەوتی نەشیاو بە مەبەستی ئەنجام بدرێت کاریگەری بکاتە سەر ڕەوشتی نەخۆشەکانی تری دامەزراوەکە و سێکتەر تەندروستییەکان.

سێیەم: پێدانی ئەو بڕە پارەیەی کە بەر لە وەرگرتنی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان و ڕەزامەندی لەسەر دراوە بەپێی ڕێنمایی داراییەکان نەخۆش دەتوانێت بەر لە ئەنجامدانی هەر چارەسەرێك پاشگەزبێتەوە و ئەگەر پارەی دابوو وەری بگرێتەوە.

چوارەم: پێدانی زانیاری بە پزیشکی چارەسەرکار بە تەواوی نەوخۆش و کێشە تەندروستییەکان و هەنگاوەکانی پەیوەست بە نەخۆشیەکە و وەرگرتنی هەر دەرمانێك.

پێنجەم: ئەنجامدانی هەر کارێك کە ببێتە مایەی هەڕەشە بۆ تەندروستی گشتی.

شەشەم: پاراستنی کەلوپەل و ئامێرەکانی دامەزراوە تەندروستییەکان.

حەوتەم: بڕیاری دامەزراوەیی تەندروستی لە گواستنەوەی بۆ دامەزراوەیەکی دیکە بە گوێرەی ئەوەی کە پزیشکی چارەسەرکار بڕیاری لێدەدات.

هەشتەم: ڕێزگرتن لە لیستی نۆرەی نەخۆش و پابەندبوون بە شێوەیەکی چاوەڕوانکردن بۆ ئەنجامدانی لە هەر خزمەتگوزارییەك لە دامەزراوە تەندروستییەکان جگەلە لە باری لە ناکاو.

نۆیەم: هەڵنەگرتنی چەك لە ناو دامەزراوە تەندروستییەکان.

پێشنیاری دووەم: پێشنیاری هەردوو لیژنەی تایبەتمەند:

هەردوو ماددەی هەشت و نۆی ئەم یاسایە یەك بخرێت و بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە:

یەکەم: نەخۆش وێرای ئەو ئەرکانەی لە یاسا بەرکارەکانی هەرێم هاتوون بەم ئەرکانەی خوارەوە پابەند دەبێت:-

١- پابەندبوون بە یاسا و ڕێنمایی و ڕێکارە ناوخۆییەکانی دامەزراوە تەندروستییەکان.
٢- ڕێزگـرتن لە هێسـکاری تەندروسـتی و دامەزراوە تەندروسـتییەکان، وە پاراسـتنی ئـارامی و دوورکەوتـنەوە لە هەڵسـوکەوتی نە شـیاوی ئەوەتـۆ کە کـارێگەری هەبێـت لەسـەر ڕەوشـی نەخۆشەکانی تر، دامەزراوەکە و هێسکاری تەندروستی.
٣- بەدەر لە حـالەتی لە ناکـاو و مەترسـیدار جـێ بەجێکردنـی پابەنـدیەکانی دارایـی و ڕەزامەنـدی لەسەردراوەکان لە چوارچێوەی ڕێنماییەکان پێش وەرگرتنی خزمەتگوزاری تەندروستی دەبێـت، بەڵام لە حـالەتی پاشـگەزبوونەوەی نەخـۆش لە وەرگرتنـی خزمەتگـوزارییە تەندروسـتییەکان تەواوی پارەکەی بۆ دەگەڕێندرێتەوە.
٤- بەپێی توانا و زانیاری بەردەست نەخۆش پابەندی پێدانی زانیـارییە بە پزیشـکی چارەسـەرکار و دامەزراوەی تەندروستی بەپێی فۆرمێکی زانیاری تایبەت کە بـۆ ئەم مەبەسـتە دروسـت دەبێـت سـەبارەت بە نەخۆشـیەکە کە کێشـە تەندروسـتییەکانی هەنگاوەکـانی پێشـتری چارەسـەری وەرگرتنی دەرمان هەستیاری بەرامبەر وەرگرتنی جۆرێکی دیاریکراوی دەرمان و هەر زانیارێکی تری پۆست کە لە فۆرمی زانیاریدا هاتبێت.
٥- ئەنجام نەدانی هەر کارێك کە ببێتە مایەی هەڕەشە بۆ تەندروستی گشتی.
٦- پاراستنی کەلوپەل و ئامێرەکانی دامەزراوە تەندروستییەکان.
٧- پابەنـــدبوون بە بڕیـــاری دامەزراوەی تەندروســـتی لە گواســـتنەوەی نەخۆشـــەکە کە بـــۆ دامەزراوەیەکی دیکە بە گوێرەی ئەو پێویسـتیەی کە پزیشـکی چارەسـەرکار بڕیاریـان لەبـارەوە دەدات.
٨- ڕێزگرتن لە لیستی نۆرەی نەخۆش و پابەنـدبوون بە شـێوازێکی چـاوەڕوانکردن بـۆ ئەنجامـدانی هەر خزمەتگوزارییەك لە دامەزراوە تەندروستییەکان جگەلە باری لە ناکاو.
٩- هەڵنەگرتنی چەك و هەر ئامرازێکی بریندارکەر و مەترسیدار لە نـاو دامەزراوە تەندروسـتییەکان و کلینیکییە پزیشکیەکاندا.
١٠- دوورکەوتنەوە لە تۆمارکردنی ڤیدیۆ و فۆتۆ لە ناو دامەزراوە تەندروستییەکان.
دووەم: سـەرجەم ئەو ئەرکـانەی کە لە بـڕگەی یەکەمـی ئەو مـاددەیە دەقنووسـکراوە هـاوەڵی نەخۆش پابەند دەبێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمـان، بـۆ مـاددەی هەشـت دوو پێشـنیار هەیە، یەکێکـان وەك خـۆی هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەدایە وەکو خۆی ماددەکە پەسەند بکرێت تکایە دەست بەرزکـاتەوە؟ (٣) کەس لەگەڵـدایە، زۆر سـوپاس، هەر ئەنـدامێکی پەرلەمـان لەگەڵ ئەوەدایە کە پێشنیاری دووەم پەسەند بکرێت کە پێشنیاری لیژنەی تایبەتمەند و لیژنەی یاساییە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (٦٤) کەس لەگەڵـدایە، بە زۆریـنەی دەنگـی ئەنـدامانی پەرلەمـان پێشـنیاری دووەم

پەسەندکرا، زۆر سوپاس، مادام ئەو ماددەیە بە پێشنیاری دووەم پەسەندکرا ماددەی نۆ نامێنێت، چونکە بوو بە ماددەی هەشت، فەرموون ماددەی (١٠) بێخوێننەوە.

**بەڕێز رۆبینە اویملك عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١٠) چوار پێشنیار هەیە.

پێشنیاری یەکەم: ماددەکە وەك خۆی بێت، تەنها بڕگەی سێ بەم شێوەیە لێبکرێت:

سێ: لیژنە دەتوانێت بۆ خێراکردنی یەکلاکردنەوەی دەرئەنجامی لێکوڵینەوەن لیژنەی لاوەکی دروست بکات لە ژێر چاودێری خۆیدا بە مەرجێك ماوەی لێکوڵینەوەی لە (٦٠) رۆژ تێپەڕ نەکات بە ئامادەبوونی نوێنەری داواکاری گشتی و سەندیکا پەیوەندیدارەکان.

پێشنیاری دووەم: ماددەکە وەك خۆی بێت، تەنها بڕگەی یەکەم لابرێت زنجیری بڕگەکان بەم پێیە بگۆڕێت.

پێشنیاری سێیەم: ماددەکە وەك خۆی بێت:

ماددەی (١٠):

١- پێکهاتە و ئەرکەکانی لیژنەی لێکۆڵینەوەی هەمیشەیی بە پەیڕەوێك رێك دەخرێت کە لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە دەردەچێت.

٢- لێکوڵینەوەکانی لیژنە بە نوێنەری داواکاری گشتی و سەندیکا پەیوەندیدارەکان ئەنجام دەدرێت.

٣- لیژنە دەتوانێت بۆ خێراکردنی یەکلاکردنەوەی دەرئەنجامی لیکۆڵینەوە لیژنەی لاوەکی دروست بکات لە ژێر چاودێری خۆیدا بە مەرجێك ماوەی لێکۆڵینەوەی لە (٦٠) رۆژ تێپەڕ نەکات.

پێشنیاری چوارەم: پێشنیاری هەردوو لیژنەی تایبەتمەند.

ماددەی(١٠):

یەکەم: پێکهاتە و ئەرکەکانی لیژنەی لێکۆڵینەوە بە پەیڕەوێك رێك دەخرێت کە لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە دەردەچێت.

دووەم: لێکۆڵینەوەکانی لیژنە بە ئامادەبوونی نوێنەری داواکاری گشتی و سەندیکا و کۆمەڵە پەیوەندیدارەکان لە کاتی پێویستدا ئەنجام دەدرێت.

سێیەم: لیژنە دەتوانێت بۆ خێرای یەکلاکردنەوەی دەرئەنجامی لێکۆڵینەوە لیژنەی لاوەکی دروست بکات لە ژێر چاودێری خۆیدا بە مەرجێك ماوەی لێکۆڵینەوە لە (٣٠) رۆژ تێپەڕ نەکات.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، بۆ ماددەی (١٠) چوار پێشنیار هەیە، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێشنیاری یەکەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەسی لەگەڵ نییە، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێشنیاری دووەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەسی لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری سێیەمە وەکو خۆی تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەسی لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری چوارەمە پێشنیاری لیژنە تایبەتمەندەکان و لیژنەی یاسایی تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (٦٠) کەس لەگەڵە، زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ پێشنیاری چوارەم پەسەندکرا، فەموون ماددەی دوای ئەوە بخوێننەوە.

**بەڕێز ڕۆبینە اویملك عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاری لیژنەی تایبەتمەند زیادکردنی ماددەیەك بە زنجیرەی (١١) بۆ ئەم یاسایە و زنجیرەی ماددەکانی بەم پێیە بگۆڕدرێت.

ماددەی (١١):

لە کاتی پێشێلکردنی ئەو مافانەی لەو یاسایەدا هاتوون نەخۆش یان شوێنگرە یاساییەکەی مافی داواکردنی جێ بەجێکردنی حوکمی ماددەی چواری ئەم یاسایە هەیە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئەوە تەنها یەك پێشنیار هەیە لەگەڵ بوون و دژ بوون دەخەینە دەنگدان، کێ لەگەڵ ئەوەدایە ئەو ماددەیە زیاد بکرێت، تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (٣٤) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەدایە زیاد بکرێت، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدایە نییە، تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (٢١) کەس لەگەڵدانییە، زۆر سوپاس، کەواتە بە زۆرینەی دەنگ ماددەکە زیاد دەکرێت، دەچینە سەر ماددەی دواتر، فەرموون بیخوێننەوە.

**بەڕێز ڕۆبینە اویملك عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١١)، هیچ پێشنیارێك نییە، وەکو خۆی دەبێت:

پێویستە لەسەر ئەنجوومەنی وەزیران و وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ماددەی (١١) هیچ پێشنیارێك نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ ماددەی (١١) دایە وەکو ئەوەی بەڕێزیان خوێندیەوە، تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (٤٨) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدانییە، تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (١) کەس لەگەڵدانییە، زۆر سوپاس، کەواتە بە زۆرینەی دەنگی ئەندامانی پەرلەمان پەسەندکرا، کاك زانا نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز زانا خالد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر ماددەکان زنجیرەیان دەگۆڕێت، هەر بۆ بیر هێنانەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بێگومان، هەر دەنگمان دا بەوەی پێشتر دوایی دەیگۆڕین، دەچینە سەر ماددەی (١٢)، فەرموون بیخوێننەوە.

**بەڕێز ڕۆبینە اویملك عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١٢) هیچ پێشنیارێك نییە وەك خۆی.

وەزیری بۆ هەیە ڕێنمایی بۆ ئاسان جێ بەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکات.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، هەر بەڕێزێك لەگەڵ ئەو ماددەیە، تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (٥٥) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدانییە، تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەس نییە، زۆر سوپاس، کەواتە بە زۆرینەی دەنگ پەسەندکرا، فەرموون ماددەی (١٣) بخوێننەوە.

**بەڕێز ڕۆبینە اویملك عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١٣) هیچ پێشنیارێك نییە وەك خۆی.

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێکی ناکۆك لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، هەر ئەندامێکی پەرلەمان لەگەڵ ئەو ماددەیەیە بەو شێوەیە پەسەند بکرێت، تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (٦٢) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدانییە، تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەس نییە، زۆر سوپاس، کەواتە بە زۆرینەی دەنگی ئەندامانی پەرلەمان پەسەندکرا، فەرموون ماددەی (١٤) بخوێننەوە.

**بەڕێز صباح محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١٤) هیچ پێشنیارێك نییە، ئەم یاسایە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقایعی کوردستان جێ بەجێ دەکرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئەم یاسایە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقائیعی کوردستان جێ بەجێ دەکرێت، هەر ئەندامێکی بەڕێزێکی پەرلەمانی لەگەڵدایە، تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (٦٣) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدانییە، تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەس نییە، زۆر سوپاس، ئەم ماددەیە بە زۆرینەی دەنگ پەسەندکرا، فەرموون هۆیەکانی دەرچوواندن بخوێننەوە.

**بەڕێز صباح محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە هۆیەکانی دەرچوواندن سێ پێشنیار هەیە.

پێشنیاری یەکەم: بەم شێوەیە داڕێژراوە.

هۆیەکانی دەرچوواندن:

لە پێناوی چەسپاندنی بنەماکانی مافی مرۆڤ و پاراستنی مافی نەخۆش دیاریکردنی ئەرکەکانی لە پێناوی فەراهەمکردنی پێویستیە تەندروستیەکانی جەستەیی، عەقلی، دەروونی، کۆی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان و بەبێ ڕەچاوکردنی هەر جیاوازیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕەگەزی بۆ کۆی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان و کاراکردنی ڕۆڵی حکومەت و دامەزراوە تەندروستییەکان لە چاودێریکردنی گەشەپێدانی بەرپرسیاریەتی بە شێوەیەك کە لەگەڵ پێشکەوتنی زانستی پزیشکی هاوچەرخ بگونجێت ئەم یاسایە دەرچووێندرا.

پێشنیاری دووەم: بەم شێوەیە داڕێژراوەتەوە.
هۆیەکانی دەرچوواندن:
لە سۆنگەی بنەماکانی ئاینی پیرۆزی ئیسلام و سیستەمی گشتی و ئاداب و بنەماکانی مافی مرۆڤ بۆ پاراستنی ماف و ئەرکی نەخۆش، لە پێناو فەراهەمکردنی پێویستییە تەندروستییەکانی جەستە و عەقل و دەروونی نەخۆش و کەمکردنەوەی بارگرانی دارایی و کاراکردنی ڕۆڵی حکومەت و دامەزراوە تەندروستییەکان لە چاودێریکردن و گەشەپێدانی گیانی بەرپرسیارییەتی کە بە شێوەیەك کە لەگەڵ ڕەوتی سەردەم و پێشکەوتنی زانستی پزیشکی هاوچەرخدا بگونجێت ئەم یاسایە دەرچووێندرا.
پێشنیاری سێیەم: وەك خۆی.
هۆیەکانی دەرچوواندن:
لە سونگەی ڕێزگرتن لە بنەماکانی مافی مرۆڤ بۆ پاراستنی مافی نەخۆش و دیاریکردنی ئەرکەکانی لە پێناوی فەرهەمکردنی پێویستیە تەندروستیەکانی جەستە و عەقل و دەروونی تاك و کۆی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان، کاراکردنی ڕۆڵی حکومەت و دامەزراوە تەندروستییەکان لە چاودێریکردن و گەشەپێدانی گیانی بەرپرسیاریەتی کە بە شێوەیەك لەگەڵ ڕەوتی سەردەم و پێشکەوتنی زانستی پزیشکی هاوچەرخدا بگونجێت ئەم یاسایە دەرچووێندرا.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە هۆیەکانی دەرچوواندن هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێشنیاری یەکەمە، تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (٢) کەس، هەر ئەندامێ بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێشنیاری دووەمە، تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (٦) کەس، هەر ئەندامێکی پەرلەمان لەگەڵ پێشنیاری سێیەمە وەك خۆی، تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (٥٣) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کەواتە بە زۆرینەی دەنگێ ئەندامانی پەرلەمان پێشنیاری سێیەم هۆیەکانی دەرچوواندن پەسەندکرا، نوقتەی نیزامی حسیبە خان فەرموو.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەرچەندە دەبوو پێش ئەوەی دەنگ بدەین لەسەر هۆیەکانی دەرچوواندن بدرێت، تێبینییەکەی من وەربگرن، بێگومان کاتێك کە هەڤاڵانی بەڕێز لە لیژنەی یاسایی پڕۆژەیەك دادەڕێژنەوە و دەینە ناو هۆڵی پەرلەمان، تەواوی هەڤاڵدن پێشنیارەکانیان دەدەن، وە ئەو پێشنیارانەی کە پشتگیری زیاتر وەردەگرن ئاراستەیان دەکرێت، بیگومان کاتێك ئەو پێشنیارە وەردەگرێت کە بەدیلێکی باشە بۆ ئەو شتەی کە لە ناو خودی یاسایەکەدا هەیە، ئەگەر سەیری هۆیەکانی دەرچوواندن بکەین دەبینین هەم لە رووی داڕشتن و هەم لە رووی ڕێزمانەوە و هەم لەگەڵ کۆکراوەی بابەتەکان کەماسی زۆری تێدایە، هەرچەندە خستانە دەنگدان و دەنگی هێنا، بەڵام بە داخەوە کۆمەڵێك هەڵەی زۆری تێدایە، هەم لە رووی داڕشتنەوە، هەم لە رووی ڕێزمانەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێـزان ئەنـدامانی پەرلەمـان، هەر ئەنـدامێکی بەڕێـزی پەرلەمـان لەگەڵ ئەوەیە کـۆی یاسـاکە پەسـەند بکرێـت، تکـایە دەسـت بەرزکـاتەوە؟ (٧٠) کەس لەگەڵـدایە، زۆر سـوپاس، کەواتە بە زۆرینەی دەنگی ئەندامانی پەرلەمان کۆی ماددەکە پەسـەندکرا، پیرۆزبـایی لە خۆمـان و لەگەلـی کوردسـتان دەکەیـن بە بـۆنەی پەسـەندکردنی پێشـنیازە یاسـای مـاف و ئەرکەکـانی نەخـۆش لە هەرێمی کوردسـتان_عێـراق، سوپاسـی بەڕێـزان لە سـەرۆکایەتی لیـژنەی تەندروسـتی دەکەیـن، دەتوانن بچنەوە شوێنەکانی خۆیان، بەڕێزان ئەندامانی لیـژنەی یاسـایی ئەگەر دەیانەوێـت بێـنە سەر سەکۆی لیژنەکان دەتوانن بێن، نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز مەم اسکندر مەم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من وا دەبینم لەو دانیشتنەو و لە دانیشتنەکەی رابـردووش دوو هەڵەی گەورەمـانکرد بەڕاسـتی، لە نەتیجەی ئەوەی تێناگەین و دەنگیش دەدەین، من وا هەست دەکەم هەندێك جار لە ماددەیەك یـان فەقەرەیەك برادەرانـی ئـێمە رەنـگە مەبەسـتەکەیان ئەوە نەبێـت، نـازانم بۆیـان تەوزیـح نەکـراوە، دەنگـیش دەدەن یـان دژ دەبـن، ئەوەی تێبینـی و سـەرەنجی ئـێمەیە دەربـارەی مـادە هۆشبەرەکان کە شەخصێك لە خێزانێکـدی بەکـار بێنێـت رەنـگە مـاڵەکە هەمـووی بـاجی بـدات، رەنگە ئەوە هەڵەیەك بێت، سەرۆکی پەرلەمان، ئێمە کۆمەڵگایەکی داخـراو و عەشـائیرین ئەوەی لێرە لە وەلی ئەمرەکەی دەترسێت ئەوەندە لە قانون و حوکم ناترسـێت، داوا لە بەڕێزتـان دەکەم لە کـۆی پـڕۆژە یاسـاکە پێشـنیاز دەکەم فەقەرەیەك یـان مـاددەیەك یـان دوو خـاڵ ئەوەنـدە هەسـتیارە کە پێویسـتی بە روونکـردنەوە هەبێـت، بەڕێزتـان پـێش ئەوەی بخـرێتە دەنگـدان روونکردنەوە بدەن، وابزانم ئێستا رەئـی زۆربەی پـێچەوانە بـووە، بەس دەنگـی لەسـەر درا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

روونکردنەوەمان دا، هەروەهـا گوتمـان ئەو مـاددەیەی چـوارە تـایبەتە بە حـاڵەتی پەکەوتەیـی و مـردن، تـایبەتە بە دوو حـاڵەتی بە تەحدیـدکراوی ئـێمە مافەکـانی تـری کە لە مـاددەی مافەکـانی نەخۆشدا هاتوون تایبەتە بە نەخۆشـێکی ئاسـایی کە تەنـانەت بە تەنهـا بـۆ تێسـتێك دەڕوات، بە تەنها بۆ وەرگرتنی پێکوتەیەك دەڕوات، تایبەتە بە هەموو ئەو مافانەی کە لە خوار پەکەوتەیـی و لە خـوار مـردنەوەن، تەوزیحمـانکرد، بەڵام ئێـوە هەر دەنگتـان دا، بەڕێـزان دەچیـنە سـەر جـێ بەجێکردنی بڕگەی دووەمی بەرنامەی کارەکە، بەڵێ کاك دیاری فەرموو.

**بەڕێز دیاری انور حەمە رحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی ماددەی (٥٦) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ئەندام دەتوانێت بە پشت بەستن بە یەکێك لە ماددە و بڕگەکانی دەستوور و یاسا بەرکارەکان یان یەکێك لە ماددەکانی بڕگەکانی ئەم پەیڕەوە واتە نوقتەی نیزامی بگرێت، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بەڵام زۆربەی ئەندامان بە تایبەت لە ئەمڕۆدا بە نموونە چەندین ئەندام قسەیانکرد بەبێ ئەوەی هیچ بڕگە و ماددەیەکی نە یاسایی و نە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان بێت، کە ئەمە پێشێلی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستانە، زۆرجار ئێمە بەپێی پەیڕەو بەپێی خاڵ دەمانەوێت قسە بکەین نایەڵن، بەڵام زۆرجار قسە دەکرێت نە پەیوەندی بە بابەتی دانیشتنەکەوە هەیە، نە بە گفتوگۆکەوە هەیە، بەبێ هیچ خاڵێکی ئەم پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان یان یاسا بەرکارەکان تێدا قسە دەکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە کە بە حەرفی پەیڕەوی ناوخۆ جێ بەجێ دەکەین کلیپمان لەسەر دەردەکەن، مۆنتاجی دەکرێت و تەرتیب دەکرێ و دادەنرێت، کە بە حەرفی جێ بەجێی دەکەین بۆ هەموومان وەکو یەك جێ بەجێی دەکەین، کە دەرفەت دەدەین هەندێکتان ناڕازین و ئاوانەتان کە ناڕازین حەقی خۆتانە، دانیشتنی پێشوو ئێمە ماددەی (٥٦)مان بە دەق خوێندەوە، کە نوقتەی نیزامی چیە، پێش ئەوەی ئەندامەکە دەرفەتی بدەم قسە بکات، دەڵێم نوقتەی نیزامیت هەیە، دەڵێت بەڵێ، کە دەرفەتی دەدەم قسە بکات دەزانم هەندێکی نوقتەی نیزامی نیە، پێی دەڵێم سوپاس، دەست خۆش، دەمەوێت بەڕێزەوە کۆتایی پێ بێنێت، بۆ ئەوەی بەریەکەوتن دروست نەبێ، ئەگەرنا ئەزانم نوقتەی نیزامیە یا نا، کامیش ئیستیغلال کردنە، بەڵام با بەریەکەوتن دروست نەبێ، چونکە هەمووومان لە ناو یەك کەشتین، فەرموو دکتۆر بژار ماددەی ٥.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (٥):

١ لیژنەی لیکۆلینەوە ئەو ئەرکانەی خوارەوە ئەگرێتەوە:

أ پێراگەیاندنی ئەو کەسانە داوا کراو لە ئەستۆ گرتن لە ڕێگەی فەرمانگەکەیەوە بە شێوەی نوسراو بۆ ئەوەی لە کات و شوێنی دیاری کراو ئامادە بیت.

ب- لێکۆلینەوەی بە شێوەی نووسراو ئەبێ و هەم وتەکانی کەسی داواکراو لە ئەستۆ کردن گەهواداریەکانی تۆکار ئەکرێ و لیژنە بۆی هەیە گشت ئەو پەرا و بەڵگەنامە و زانیاریانەی ببینێت کە بۆ لیکۆلینەوە پێویستیان ئەزانێت.

ج- لە ڕێگەی کۆنووسەوە دیاری کردنی لە ئەستۆ کار بەژدار بوان لەگەلیدا ئەو زیانانە مولك و مالی دەولەت کەوتە بە هۆی زیانەکە بەو نرخە کە لەکاتی ئاراستە کردنی راسپاردەی لیژنە بە برێك پارە لە ئەستۆ گرتن.

٢- ئامادە نەبوونی کەسی داواکراو لە ئەستۆ گرتنی سەرەرای پێراگەیاندنی ڕێگر نابێتن لە بەردەم ڕێکارەکانی لیژنەی لێکۆلینەوە.

٣- لیژنەی لێکۆلینەوە بۆی هەیە پشت بە کەسانی شارەزاو تایبەتمەند ببەستێ بۆ دیاری کردنی بەرپرسیارەتی ئەو کەسانە داوا کراو لە ئەستۆ گرتن و مەزندە کردنی بەهای ئەو زیانانە بەر مولك و مالی دەولەت کەوتووە.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کێ قسەی هەیە؟ (کاك سعید، حسیبە خان، گولیزار خان، کاك شێخ زاهیر، سەرچنار خان، دکتۆر اسماعیل)، فەرموو کاك سەعید.

**بەرێز سەعید مصطفی تەتەرخان:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەرێمەوە بۆ ماددەی ( ٣) لە لیژنەی لێکۆلینەوە حەقە ئاماژە بە نوێنەری لیژنەی دەست پاکی تێدابێ، پێم وایە ئەبێ لیژنەی لێکۆلینەوە ئەو ئەرکانەی خوارەوە ئەگرێتە ئەستۆ، باشتر وایە بلێی پویستە ئەو ئەرکانە جێ بەجێ بکات، لەسەر ماددەی (٥) برگەی دووەم ناکرێ بێ ئامادە بوونی تاوانبار رێکارە یاساییەکان بگرێتە بەر، پێم وایە بنووسرێ لە رێگەی دادگاوە ئەبێ ئامادە بکرێ بەپێی قانوونی عقوباتی ماددەی (٢٣٨).

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو حسیبە خان.

**بەرێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٥) سێ بڕگەیە، بڕگەی یەکەمیش سێ خالی بۆ داناوە، کۆکراوەی پوختیە ئەو بابەتەم بەو شێوەیە دارشتووە (لیژنەی لیکۆڵینەوە ئەو ئەرکانەی خوارەوە ئەگرێتەوە:
١ ئاگادار کردنەوەی گەسی لە ئەستۆ کراو لە رێگەی فەرمانگەکەیەوە بە شێوەی نووسراو بۆ ئەوەی لە کات و شوێنی دیاری کراو ئامادە بێت، لە کاتی ئامادە نەبوونی کەسی لە ئەستۆ کراو رێگری نابێت لەبەردەم رێکارەکانیی لیژنەی راسپێراو بۆ مەبەستی لێکۆلینەوە.
٢- لێکۆلینەوەکان بە شێوازی نووسراو ئەبێ تێیدا تەواوی وتەکانی کەسی لە ئەستۆ کراو و گەواهیدەرەکان تۆمار ئەکرێن، لیژنەی راسپێراو بۆی هەیە تەواوی ئەو بەلگەنامە و زانیاریانە ببینێت کە بۆ مەبەستی لێکۆلینەوە پێویستن.
٣- لیژنەی راسپێراو لە رێگەی کۆنووسەوە بە سوود وەرگرتن لە کەسانی تایبەمەند و شارەزایی مەزندەی بەهای ئەو زیانانە ئەکات لەلایەن کەسی لە ئەستۆ کراو و بەشدار بووان لەگەلیدا بەرمولك و ماڵی دەولەت کەوتوون)، سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دکتۆر اسماعیل.

**بەرێز د. اسماعیل علی طە:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خالا ئێکێ، پشتی پەیڤا نووسراو ل رێزا دووێدا ئەڤ جوملە بێتە زیاد کرن، دوای کمکردنی بەلگە، یەعنی پشتی بەلگە بێنە کۆم کردن، خالا دویێ ووتەکانی فەرمانبەری دواکرا، نە کەسی

دوا کرا، فەرمانبەری دوا کرا جێگەی کەسی، پێشنیار دکەم خاڵاك زێدە بیتن ببیتە خاڵا چوار، پێویستە لە ماوەی سێ مانگ تەواو بکرێ، یەعنی سەقفی زەمەنی هەبێ نەك مەفتوح بێ، سێ یان چوار مانگ بی موعیم دیار بی، ل دووەم، ئێءامادە بوونی کەسی دواکراو بە لە ئەستۆ گرتن سەرەرای پێ راگەیاندنی رێگر نابێ لەبەردەم رێکارەکانی لیژنەی لێکۆلینەوە پشتی بۆ جاری دووەم دێتە ئاگادار کرن، نە بەس ئێکەمجار و رائسەن غیابی تەحقیق بکرێ، سێیەم، لیژنەی لێکۆلینەوە بۆی هەیە پشت بە کەسانی شارەزا و تایبەمەند ببەستێ بۆ دیار کردنیی بەرپرسیاریەتی، ئەوەی شارەزاو و خەبیر نە تەشخسی مەسئولیەت ئەکەن، هاریکارن بۆ رێفەبرنێ، بۆ دیاری کردن ئەبێ ببیتە بۆ بەرێفەبرنا کارێ لیژنێ و نوقتە، ئەوەی دی زێدەیە، سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو گولیزار خان.

**بەرێز گولیزار رشید حاجی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نوقتەی یەکەم، پێراگەیاندنی کەسی داواکار، کەس کێیە؟ بە شکلی عام دێ ئەبێ دیاری بکرێ، چونکە کەسی سروشتیمان هەیە و کەسی مەعنەوی هەیە، کەسی شروشتی فەرمانبەرە، ئەبێ بنووسین فەرمانبەری هەمیشەیی یان گرێبەست، سێیەم، زۆر مەفهوم نیە ئەبێ سیاغەی بکرێ، خالی دووەم، ئامادە نەبوونی کەسی داواکار بە لە ئەستۆ گرتنی بیانووی رەوا، چونکە لە یاسا ئەبی عوزر هەبێ، سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاک شیخ زاهیر.

**بەرێز ظاهر محمد على:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر ماددەی (٥) یەکەم، سێیەم، (لە رێگەی کۆنووسەوە دیاری کردنی لە ئەستۆ کار بەشدار بووان لەگەڵیدا ئەو زیانانە موڵك و ماڵی دەولەت کەوتە بە هۆی زیانەکە بەو نرخە کە لەکاتی ئاراستە کردنی راسپاردەی لیژنە بە برێك پارە لە ئەستۆ گرتن) بەپێی ماددەی (١٣) ی ئەم یاسایە لەسەر گشت ئەو دۆسیانەی بەپێی یاسا بەرکارەکان لەژێر لێکۆڵینەوەن و بریاری لە ئەستۆ گرتنیان دەرنەچووە، دوو، ئەوانەی بریاریان بۆ درەچووە و برِی قستیان بە تەواوی وەرنەگیروا، سێ، ئەوانەش تا ئێستا دۆسیەی لێکۆلینەوەی بۆ نەکراوە، واتە ئەو یاسایە ئەسەری ریجعی هەیە لەسەر ئەو مەلەفانەی کە یاسایەکە هێشتان دەرنەچووە، زیان گەیاندن لە پێش دەرچوونی ئەو یاسایە بە موڵك و ماڵی دەوڵەت گەیشتووە جێ بەجێ ئەکرێ، ئەوەش بەدەرە لە (لیس للقوانین اثر رجعي مالم ینص علی خلاف ذلك)، بۆیە ئەبێ برِی بەهای زیان گەیاندن لەکاتی روودانی زیان، واتە کاتی روودانی زیان نرخ دیاری بکرێ نەك لە کاتی ئاراستە کردنی

لیژنەکە، ئەوە لەگەڵ مەبدەئ شەرع و عەدەلەت ئەگونجێ و بڕی بەهای زیان گەیان لە کاتی بۆ کاتێکی تر ئەگۆڕێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سەرچنار خان.

**بەرێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەی یەکەم ئەوەی بۆ زیاد بکرێ، پێراگەیاندنی ئەو کەسەی داواکراوە بە لە ئەستۆ گرتن لە رێگەی فەرمانگەکەی بە شێوەی نووسراو، بۆ ئەوەی لە کات و شوێنی دیاری کراو ئامادە بێ دوای کۆکردنەوەی بەڵگە، یانی بەڵگە کۆبکرێتەوە ئینجا ئامادە بێ، دووەم، بڕگەی سێیەم، (لیژنەی لێکۆلینەوە بۆی هەیە پشت بە کەسانی شارەزاو تایبەتمەند ببەستێ بۆ دیاری کردنی بەرپرسیارەتی)، ووشەی بەرپرسیاریەتی بەڕای من کاری شارەزا نییە، کاری لیژنەکە بەپرسیاریەتییە نەك لەسەر ئەساسی ئەو شارەزاییە لابرێ و ئاوای لی بکرێ (لیژنەی لێکۆلینەوە بۆی هەیە پشت بە کەسانی شارەزاو تایبەتمەند ببەستێ بۆ دیاری کردنی بۆ دیاری کردن و مەزندە کردنی بەهای ئەو زیانانە بەر مولْك و ماڵی دەوڵەت کەوتووە) چونکە شارەزا مەزندە ئەکات نەك بەرپرسارییەتی کاری لیژنەیە، ئەوەش زیاد بکرێ، چوارەم رای لیژنەی بە پوچەڵ دائەنرێ ئەگەر ئەنجام درا بێ ئاگای نوێنەری دەستەی دەست پاکی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنە تایبەتمەندەکان.

هیچ تێبینیمان نییە، راکان ئەنووسین و ئەکەینە پێشنیاری جیا بۆ رۆژی دەنگدان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو خەدیجە خان.

**بەرێز خدیجە عمر طە:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەی دوو باس لەوە کرا پێویستە وتەکانی کەسی کرا، کەس لێرە مەبەست نیتاقی کەس دیاری کراوە، فەرمانبەرە و راسپێردراوە بە راژەی گشتی، ئەوانە بریاری لە ئەستۆ گرتن لەسەریان دەرئەچی، بۆیا وازیحە، هەندێ وتیان بنووسرێ فەرمانبەر، ئەوە راسپێدراویش ئەگرێتەوە، سەبارەت بە حوکمی غیابی، ئاساییە حەسەب قانوونی ئسول محاکەمات جەزائی حوکمی غیابی لە دەعوا ئیسدار بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان فەرموو .

**بەرێز د. ڤالا فرید ابراهیم/وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی پێداگیری لەسەر ئەکەین ئەوەیە سێ مادده لە پرۆژە یاساکەی حکومەت کراوە بە یەك مادده لە راپۆرتی لیژنەی یاسایی جیاوازی کردووە لە بەینی ئەرکە شکلییەکانی لیژنە و ئەرکە

مەوزوعییەکانی و حەقی لیژنە، هەموو لیژنەیەك کە پێك دێ کۆمەڵێ واجیباتی شکلی هەیە لە نیزامی عامە بۆی نییە لێی لابدەی، کۆمەڵێ واجیباتی مەوزوعی هەیە ئەبێ ئەنجامی بدەی، حەقیشی هەیە، بە سێ ماددەی جیاواز دامانرشتووە، ماددەی چوار لە پرۆژە یاسای حکومەت لە بڕگەی یەکەم ئەڵێ (لیژنەی لێکۆڵینەوە هەڵئەستێ بە پێراگەیاندن)، لە دووەم ئەڵێ پێراگەیاندنی ئەو کەسەی داواکراوە بە لە ئەستۆ گرتن لەبەر دیاری نەمانی شوێنەکەی، ختوەی دووەم بەرکارەکەی چییە، تەفسیل هەیە، سێ، پیۆیستە لەسەر لیژنە رێکارەکانی خۆی بگرێتە بەر وێرای ئامادە نەبوونی ئەو کەسەی هەیە، لە رووی شکلیەوە بۆی داناوە چی ئەکات، کە دێتە ماددەی پێنج لەوێ حەقەکەی دیاری کردووە، هەموو لیژنەیەك مافی خۆیەتی ئیستیشارە بۆ خورا بکات بۆ سوود وەرگرتن بۆ راست و دروستی لێکۆڵینەوە، واجب نییە، حەقە، لیژنە بۆی هەیە ئیستیشارە بکات، بەڵام شکلی دیاری کراوە، لەسەر ماددەی ٦.....

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بابچینە سەر ماددەی (٦)، بەڵام قسەیەکمان هەیە، خاڵی دووەمی ماددەی (٤) حکومەت خۆی لە رێگەی رێنماییەوە حەل ئەکرێ، لە رێنمایی ئاسان جێ بەجێ کردنی قانوونی ساڵی (٢٠١٥) لە بڕگەی دوو هەیە کە بە رێنمایی بە ژمارە (٢) لە (٢٠١٧) دەرچووە، لەبەر ئەوەی ئەزانن ئیجرائاتی تەبلیغ لەوێ نەبوو لە دەرەوەی وڵاتە، ئەو تەفاسیلانە دووبارە کردنەوەی لە هەموو قانوونێك رەنگە زۆر روون نەبێ، بەرێزیشتان یەکێکن لەوانەی لەگەڵ ئەوە نین ئەوانەی کە هەن لەو ئیجرائاتانەی هەن ئەوەندە دووبارە بکرێنەوە ئەگەر لە قانوونی تر هەبوو، رەنگە بەشێکی کورت کردنەوەکە پەیوەندی بەوە هەبێ، بەڵام ئەگەر بەرێزتان پێداگیری لەسەر ئەوەی حکومەت ئەیکات، بە دیاری کراوی ئێمە پرسیارمان هەیە سەبارەت بەوەی عەمدیە و عەدەم عەمدیە ئەرزشی چییە لە کاتێکدا تەرتیبی نەتیجەی لەسەر نابێ، دوو، خەتەئی ئیرادی و لائیرادی، خەتەئی لا ئیرادی نابێتە هۆی تەبرئییە بوونی ئەو کەسە، ئی بۆچی وجودی هەیە، ئەگەر هەر ئەمێنێتەوە ئەبێ نەتیجەی لەسەر بێ، وەلامی ئەوەمان ئەویست.

**بەرێز د. ڤالا فرید ابراهیم/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (٦) باسی ئەرکە مەوزوعییەکانی لیژنەمان کردووە، ئەرکی نەوزوعی لیژنە بەپێی یاسا بریتیە لە ئیسپات کردنی خەتە، ئیسپات کردنی بوونی زەرەر، ئیسپات کردنی عیلاقەس سەبەب نێوانی خەتە و زەرەر، واتە ئەو زەرەرەی رویداوە لە نەتیجەی ئەو خەتەئەیە کە فەرمانبەرە گشتییەکە کردوویەتی، بەو شێوەیە لە ماددەی (٦) بە چوار بڕگە دامانڕشتووە، بۆیە پێمان باشە ماددەی (٣و ٤و ٥و ٦) وەکو خۆی بێ، سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان خەتەئی لائیرادی، بە نموونە، فەرمانبەرێك سەیارەکەی لە شوێنێك راگرتووە خۆی رەنگە چووبێ لیژنەی موشتەرایاتە و شت ئەکرێ بۆ دائیرەکەی، سەیارەیەك خۆی پێ ئەکێشێ، خەتەئی لا ئیرادیە، نابێ تەزمین بکرێ، مادام باسی ویسترا و نەویستراو ئەکەین ئەبێ برگەیەکیش بۆ تەرتیبی نەتیجە ئیزافە بکەین، مەسەلەن

فەرمانبەرێـك هـیچ تـاوانی نـیە، چەنـدین تەتبیقـات هەیە لە قـانوونی ژمـارە (٣١)ی (٢٠١٥)، فەرمانبەرێك ئەهێنێتەوە چووە مووچەی موئەسەسەی خۆی وەرگرێ، لە رێگا چەنـد ئیرهـابیەك پەلاماریـان داوە و مووچەیـان لـێ بـردووە، یەکەمجـار تەزمـین کـراوە، دواتـر کە تەعنـی داوا بە حـوکمی ئەوەی بە لا ئیـرادی بـووە قەرارەکە هەڵوەشـاوەتەوە، ئەگەر ووشـەی ویسـترا و نەویستراو بمێنێتەوە لەو ماددانەی ئاماژەتان پێدا ئەبـێ تەرتیبـی نەتیجەکەشـی بە مـاددەیەکی وازیح بە برگەیەکی وازیح هەبێ، ئەگەر بۆ لیژنەکە یەکلایی بویەوە فەرمـانبەری داواکـراو بە لە ئەستۆ گرتن لە دەرەوەی ویستی خۆی بۆتە هۆکاری زیانگەیاندن بە موڵکی دەولەت راسپاردە بە لە ئەستۆ گرتن ناکات.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بـرگەی سـێیەم وازیـحە، ئیشـی لیـژنە چیـیە؟ ئەوەیە ئیسـپات بکـات ئەو مـوەزەفە خەتەئـی کـردووە، ئەو خەتەئە بـۆتە هـۆی زەرەر، ئینجـا دواجـار حەقـی داوا بە مـوەزەف تەعـن بـدات لە بڕیاری لیژنە لەبەردەم دادگای ئیداری، دواجار ئەچێتەوە بەردەم دادگـای ئیـداری ئەویـش یەکلا ئەکاتەوە ئەو فەرمانبەرە تاوانی نییە، لەبەر ئەوەی کارەکا وا نییە، مـاددە بە مـاددەی پـرۆژەکەی حکومەت هاتووە و جوابێکیشە بۆ بەرێز سەرۆکی پەرلەمان، سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی دواتر.

**بەرێز عبدالسلام عبدالله حسن:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٦):

دەسەڵاتی تایبەتمەند لەسەر بنەمای راسپاردەکانی لیژنەی لێکۆلینەوە بریاری لە ئەستۆ گرتن یان لە ئەستۆ نەگرتن دەدات لە ماوەی (٧) رۆژ لە رێکەوتی وەرگرتنی راسپاردەکان.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە؟ فەرموو کاك فەیسل.

**بەرێز فیصل عباس عولا:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕای من لیژنە بریاری کۆتایی نەدات، بەڵکو ئەنجـامی تەحـویلی مەحـکەمەی ئیـداری بکـرێ بـۆ جێ بەجێ کردنی عەدالەتی زیاتر.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك بەهجەت.

**بەرێز بهجت علی ابراهیم:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٦) دەسەڵاتی تایبەتمەند لەسەر بنەمای راسـپاردەکانی لیـژنەی لێکـۆلینەوە بریاری لە ئەستۆ گرتن و یان لە ئەسـتۆ نەگـرتن دەدات لە مـاوەی (٧) رۆژ، پێشـنیار ئەکەم مـادام

لیژنەی لێکۆلینەوە بەرێ دناز دەست خۆ بێ خێتن پێتڤی ناکاتن دەستەلاتا تایبەتمەند بۆ ئیمزا کرنا کانێ ئەڤە لە ئەستۆ گرتنە یان نەکردنە، حەوت رۆژ بمنێت ل سەر هندێ کو بریاری بدات، پێتڤیا ببیتە (٣) رۆژ دشێت تەشخیس بکا.

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر عوسمان.

**بەرێز عثمان علی سمایل:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانم کرا، سوپاس.

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك بەلێن.

**بەرێز بەلێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٦) دەسەڵاتی تایبەتمەند بڕیار دەرئەکا لەسەر راسپاردەی لیژنەکە، ئەوەی ئێستا هەیە مەحکەمەی ئیداری راسپاردەی لیژنەی لێکۆلینەوە بۆچی لە وەزارەتی خۆی دەرچێ و لایەنێکی تر نەبێ، روونکردنەوەی زیاتر بدرێ، پێشنیار ئەکەم بچێتە مەحکەمەی ئیداری، سوپاس.

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر اسماعیل.

**بەرێز اسماعیل علی طە:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سێ تیبینم هەیە، ئێك، ئز بێژم بریار نە دەستلاتێ تایبەتمەند دای، دەستەلات دێ تەسدیق بکات یان تەسدیق ناکات، پەسند کردنا وان بریار، چونکی تەوسیات قبیلی لیژنێت هاتیە دان ل ئەستۆ دەگری یان نا، بەس موسادەقە کرنا، ئەلێن پەسند کردنی تەوسیاتی لیژنە، دوو، با کات (٧) رۆژ بی، پێویستی بە کاتە ئاسان نییە، ئەلیم (٧) رۆژ پاش رێکەوتی وەرگرتن، تا (٧) رۆژ تەواو بۆ رۆژی ئیستیلام و تەسلیم کردن مەحسوب نەبی لەسەر، سێیم، پرسیارێکە بۆ لیژنەی قانوونی، ئەگەر لە ماوەی (٧) رۆژ تەسدیق نەکر چار چییە؟ سوپاس.

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سەبارەت بەوەی راسپاردەی لیژنە بدرێ بە قەزای ئیداری ئیشی ئەو نییە، قەزای ئیداری ئیشی ئەوەیە موەزەفێك هەستی کرد ئەو بریارەی بۆی دراوە لەلایەن دەسەڵاتی تایبەمەندەوە زولمَی لێکراوە، دوای ئەوەی تەزالوم ئەکات بە گوێرەی ئەنجومەنی شورا مودەی تەزەلوم مودەی هەیە، پازدە رۆژەکە تەواو ئەبێ، موئەسەسەکە ئەلێ پەیشمان بووینەوە، تەزەلومەکە وەرئەگرێ شتێکە، وەری نەگرت و دوای پازدە رۆژەکە وەلامی دایەوە بە نەخێر ئینجا ئیحالە ئەبێ بۆ قەزای ئیداری، دوو، لە سەرەتای موناقە کردنی ئەو بابەتە وتمان لەبەر گرنگی مالی گشتی و خێرا کردنی گێرانەوەی مالی گشتی و زیانی بەر مال و مولکی گشتی ئەکەون ئەو لیژنەیە لە

دوای تەسدیقی دەستەلاتی تایبەتمەند ولایەی قەزای مەدەنی وەرئەگرێ، جۆرێکە لە جۆرەکانی مەسئولیەی تەقسیری، ناتوانین پێش ئەوەی بریاری بۆ بدرێ ببینە مەحکەمەی ئیداری، بەڵام ئەو موەزەفەی هەست ئەکات زولمی لێکراوە لە دوای پێشکەش کردنی تەزەلوم بە موئەسەسەی خۆی بێگومان ئەتوانێ پەنا بباتە بەر قەزای ئیداری، لە عێراقیش دەیان تەتبیقات هەیە لەسەر ئەوەی موزەف هەستی کردوە غوبنی لێکراوە، پەنای بردۆتە بەر قەزای ئیداری، هەندێ جار بروا بووە و هەندێ جار براوا نەبووە، لیژنەی قانوونی سەبارەت بە پرسیاری دکتۆر اسماعیل ئەلێ لە ماوەی (٧) رۆژەکە دەسەڵاتی تایبەتمەند راسپاردەکانی لیژنەی لێکۆلینەوەی پەسند نەکرد.

**بەرێز عباس فتاح صالح:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەسەڵاتی تایبەمەند مەسەلەن وەزیرە، ك لیژنەی لیکۆلینەوە دیاری ئەکات ئەو لیژنەیە لیکۆلینەوەی خۆی تەواو ئەکات و ئەو راسپاردانەی هەیەتی لەسەر ئەو کارەی ئەو فەرمانبەرە ئەنجامی داوە پێشکەشی وەزیری ئەکات، لە ماوەی ئەو (٧) رۆژە ئەو یاسایە دەقە ئەبێ مولتەزیم بێ لەو (٧) رۆژە بڕیار دەربکات، مەسئولیەتە بەو وەزارەتانەی بە ئەنجومەنی وەزیران نەبەستراوەتەوە.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ماددەی (٧).

**بەرێز عباس فتاح صالح:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٧):

بری پارەی لە ئەستۆ کراو بە یەکجار وەرئەگیرێ و دەسەڵاتی تایبەتمەند ئەتوانێ بیکاتە قیست لە پێنج ساڵ زیاتر نەبێت بەرامبەر بە دەستەبەرێکی کەسی گرێنتی کار یان خانووبەرە، لەو بارەش نیشانەی گلدانەوە بە حوکمی رەهن لەسەر خانووبەرەکە لە فەرمانگەی تۆمار کردنی خانووبەرەی تایبەتمەند دائەنرێ.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە؟ فەرموو کاك سەروان.

**بەرێز سروان محمد علی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٧) بڕی پارەی لە ئەستۆ گراو بە یەکجاری دەسەلاتی تایبمەند ئەتوانێ بیکاتە قیست، یەعنی دانەوەی پارەی دزراو یان بردراو بە قیست بدرێتەوە، کۆمەڵگا بەرەو ئەوە ئەبەین هەموو خەلك ببێ بە دز، چونکە دەبێتە باشترین کار، تۆ بڕە پارەیەکی زۆر دەبەی لە حکومەت، دواتریش بە قست بیگەڕێنیتەوە، ئەوە بەڕاستی با وشەی قستی تێدا نەبێت، پارەی بردراو یان دزراو بۆ بەقست بدرێتەوە؟ بۆ بە یەکجاری نەدرێتەوە بە یەك ئەوەیی، بەڕاستی لەگەڵ لابردنی

وشـەی قسـتم، چـونکە بـۆ وابێـت، بـۆ ئەوەی کە دزی لە حکـومەت دەکـات پـارە بە قسـت بگەڕێنیتەوە بۆ حکومەت، هەڵەیەکە بەڕاستی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵـێ زۆر سـوپاس، کـاك سـەروان ئەمە بـۆ مەسـائیلی دزی نییەـ، کە دزی تـێ بکەوێـت، دەبێـتە مەسئەلەیەکی جەزائی و ئیختلاس فەرقی هەیە، حاڵەتەکە جیاوازە، ئەمە بـۆ حـاڵەتی ئیهمـالیە، یەعنی پشتگوێ خستنە کەم تەرخەمییە، هەڵەیەکە لەگەڵ موخالەفە کردنی جـێ بەجـێ یاسـا و بڕیار و ڕێنماییەکان، ئەوە ئەچێتە بابێکی تـر کە بـابی جەزائیە، زۆر سـوپاس بـۆ جەنابـت، سـارا خان فەرموو.

**بەڕێز سارا دڵشاد بکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە مـاددەی (٧) تێبینـیەکم هەیە، بـڕی پـارەی لە ئەسـتۆ بـراو بـێ بەیەکجـاری وەردەگیرێـت و دەسەڵاتی تایبەتمەند دەتوانێ بیکاتە قست بۆ ماوەیەك لە پێنج ساڵ زیاتر نەبێ، پێشـنیار دەکەم ئەو پێنج ساڵە لە ماددەکە لابدرێت، چونکە دەبێتە هۆی بارگرانی لەسەر فەرمانبەر، ئەگەر هاتوو بڕی پارەکە زۆر بێت بە پاڵپشت بە ئەحکامی ماددەی (٨٢) لە بڕگەی یەکەمـی قـانوونی تەنفیـزدا هاتووە نابێ زیـاتر لە لەیەك لەسـەر پێنجـی مـووچەی فەرمـانبەران حجـز بکرێـت، سـەبارەت بە هەمان ماددە بەرامبەر بە دەستەبەرێکی کەسی گەرەنتـی کـار یـان خـانووبەرەیی لەم بـارەش دا نیشانەی گلدانەوە بۆ حوکمی ڕەهەند لەسەر خانووبەرەکە لەفەرمانگەی تۆمارکردنی خـانووبەرە تایبەمەند دادەندرێت، پێشنیارێکم هەیە هەر لەسەر ئەو ماددەیە، سەبارەت بە کەفیلەکە بکرێت بە دوو کەفیل لە هەمان فەرمانگە، چونکە وەرگرتنەوەی قەرز ئاسـانتر دەبێـت و ئەگەر نەبـوو لە فەرمانگە دەتوانن لە فەرمانگەیەکی تر کەفیلێکی تری بۆ دابندرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، بەڵام پەنا بـردن بـۆ جـێ بەجـێ کردنـی قـانونی تەنفیـز تەنهـا ئەو کـاتەیە کە کەسەکە ئامادەنەبێت، خۆی ئینکار بکات، نکول بکات، یان تعـذور هەبـێ نەتـوانێ بیـداتەوە پەنـا ئەبرێتە بەر قانونی تەنفیز، پەنابردنیش بـۆ قـانونی تەنفیـز یەکـێکە لە ئالیەتەکـانی کە بەدەسـت موئەسسەسەوەیە لەگەڵ قانونی تەحسیڵی دیونی حکومی، کە هەر دووکیان لەبەردەسـتن کە ئەو ئامادەنەبوو پـارەکە بـداتەوە، بەڵام خـۆی ئەگەر بە ئیختیـاری ئامـادەب بـوو بە یەکجـار پـارەکە بداتەوە، یان ئامادەبوو یـا داوای تەقیتـی کـرد و تسـویەی بـۆ کـرا قسـتەکان بـۆ ٥ سـاڵ دائەنـرێ لەسەر ئیختیاری خۆی داوا ئەکات بۆی بکرێت بە قست، ئەگەر نەیتوانی بیـداتەوە یـان ئینکـاری کرد ئەوا ئینجا دەچین بۆ قانونی تەنفیز و قانونی تەحسیڵی دیونی حکـومی، بەڵـێ کـاك هێـرش فەرموو.

**بەڕێز هێرش حسن حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، تێبینی مـن لە مـاددەی (٧) بـۆ ئەوەیە کە بـڕی پـارەی لەئەسـتۆ کـراو بەشـێوەیەك دیـاری بکرێـت کەلەگەڵ گـوزەرانی فەرمـانبەر یـاخود کەسـی لەئەسـتۆ کـراو

بگونجێت، لەبەرئەوەی لەوانەیە ئەو داهاتەی کە ئەو کەسە یاخود فەرمانبەر هەیتی ژیانی کۆمەڵێك کەسی تری پێوە بەند بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، د.عوسمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان علی سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، سەبارەت بە ماددەی (٧) من پێشنیار دەکەم دەربارەی ئەم هەموو قەیرانەی کە ڕووی لە کوردستان کردووە بەداخەوە قەیرانە داراییانە دەڵێم، نەبوونی مووچە و کاتی خۆی نایەت، بۆ ئەوەی بتوانین متمانەیەکی مسۆگەر بگێڕینەوە بۆ ئەم هاووڵاتیانەی کە ئێمە پەرلەمانتاران نوێنەری هاووڵاتیانین، بکرێتە بڕی پارەی لە ئەستۆکراو بەیەکجار وەردەگیرێتەوە یان ڕاستەوخۆ لەبڕی مووچەی بەناو پاشەکەوت کراو بێتە خواریّ، ئەوەش زەمانەت دانە بۆ پارەی کە لە حکومەت هەیە و زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ماددەی(٨) کاك شێخ ظاهر یەك لەحزە وابزانم بیرم چووە، بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینی من لەسەر مادددەی (٧) بڕی پارەی لەئەستۆ کراو بەیەکجاری وەردەگیرێتەوە، دەسەڵاتی تایبەت دەتوانێ بیکاتە قست بۆ ماوەیەك کە لە پێنج ساڵ زیاتر نەبێت بەرامبەر بە دەستەبەرێکی کەسی گەرەنتی کار یاخود خانوبەرەیی، من لێرە پرسیار دەکەم ئایا ئەو کەسەی کە باس لێرە باسی فەرمانبەر یاخود ڕاسپێردراو بە ڕاژەی گشتییە، کاتێك کە زیان دەگەیەنێ بە موڵك و ماڵی گشتی خۆی فەرمانبەرە، خۆی مووچەی هەیە، لە ئێستادا خۆی دەبێتە کەفیلی خەڵکانی تر بۆ ڕایی کر دنی مامەڵەکانیان لە دامودەزگاکانی میری، چ پێویست دەکات کەفیلێك و یاخود خانوو لە ڕەهەند دابنێ، بۆیە پێشنیاز دەکەم ئەو مەرجە لابردرێت، ڕەهند، کەفیل یاخود خانووبەرە، ئەوە لەو ماددەیە لابردرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، بەڵام ئەو بۆی دەکرێ تا قست و ئەقساتی لا ئەمێنی، بۆ ئەوەی بیداتەوە، نابێ، ئەسڵ لە माددکەدا ئەسڵ لە حوکمەکە ئەبێ یەك جار زەرەر بژێرێ، کە بۆی دەکرێ بە قست ئوە تەسویە دەکرێ و تەسهیلی بۆ دەکرێ، ئاسانکاری بۆ دەکرێت، بۆ زەمانی حەقی دەوڵەت، لێرە ئەبێ کەفالەت، مووچەکەی کێ دەڵێ بەشی ئەوە دەکات یەك لەسەر پێنجی مووچەکەی دەتوانی ببڕی بە گوێرەی قانونی تەنفیز، ڕەنگە زۆر زۆر کەمتر بێ لەو بڕەی کە زەرەری داوە، لەبەرئەوە ئەبێ بتوانی پەنا ببەی بۆ جێ بەجێ کردنی قانونی وەرگرتنەوەی قەرزەکانی دەوڵەت، بتوانی پەنا ببەی بۆ قانونی تەنفیز، بۆیە ئەوە دانراوە، بەڵێ کاك عباس فەرموو.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ماددەیە هەم پێنج ساڵەکەی داینـاوە و هەم کەفالەتێـك دادەنرێـت، لە حاڵەتێـك دا لەوانەیە ئەمە خـۆی ئەمە زیـاتر بـۆ ئەو حاڵەتـانەیە کە زیـانێکی گەورەی بە دەوڵەت گەیانـدووە بە هەر شێوەیەك لە شێوەکان بێ، کێ ناڵێ لەوانەیە واز لە فەرمـانبەریەکەی بێنـێ بەلایەك دا بـڕوات لە پێنـاو ئەو کـارەی کە ئەنجـامی داوە لەبەرئەوە ی هەر دەبـێ کەفـالەتی هەبـێ دوایـی پێـنج سـاڵەکەش ئەو کەسـە یەعنـی سـوودمەند بـووە لە دەوڵەت، ئەو سـوودمەندییەی بەقەدەر ئەوە بـووە ئەسـڵ ئەوەیە هەر یەکسـەر لێـی وەربگیـرێتەوە بەهەر جۆرێـك لێـی وەردەگیـرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، ماددەی دوای ئەوە، فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام عبدالله حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٨):

١- لە حاڵەتی پابەند نەبوونی بەدانەوەی بڕی پارەی لە ئەستۆ کراو یان نەدانی قستەکان لە مـاوەی ٣٠ ڕۆژ لە ڕێککەوتـی شایسـتەبوونی حوکمەکـانی یاسـای وەرگـرتنەوەی قەرزە حکومیەکـانی بەرکار لە هەرێم لەسەر کەسی لەئەستۆ کراو پیادە دەکرێت، وە بڕیاری بە قست کردنەکەشـی بە هەڵوەشانەوە دادەنرێت و ئەو قستانەی لە ئەستۆی ماونەتەوە بەیەك جار لێی وەردەگیرێتەوە.

٢- ئەگەر نەکـرا بـڕی پـارەی لە ئەسـتۆ کـراو بە پێـی یاسـای وەرگـرتنەوەی قەرزە حکومیەکـان وەربگیرێت، ئەوا مووچەی کەسی لەئەستۆ کراو بە پێـی ئەو ڕێـژانەی کە لە یاسـای جـێ بەجـێ کردنی کارپێکراو لە هەرێم ڕێگەی پێ دراوە گل دەدرێـتەوە، ئەمەش ڕێگـر نابێـت لە گـرتنەبەری ڕێکارەکانی هاتوو لە یاسای وەرگرتنەوەی قەرزە حکومیەکانی کـارپێکراو لە هەرێـم لەسـەر هەر موڵك و ماڵێکی لە ئەستۆ کراو کەلە داهاتوو دا دەبێتە خاوەنی.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ هەر بەڕێزێك سەبارەت بە ماددەی (٨) قسەی هەیە؟ کاك سیروان، گلیزار خـان، سـارا خـان، کاك سەرکۆ، کاك رزگار، بەڵێ کاك رزگار فەرموو.

**بەڕێز رزگار محمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـاددەی (٨) بـڕگەی یەك لە حـاڵەتی پابەنـد نەبـوون بە دانەوەی بـڕی پـارەی لەئەسـتۆ کـراو یـان نەدانی قستەکان لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ ئایا ئەو کەسە دیاری نەکراوە، یەعنی ئەکرێت وای لێ بکرێ لە حـاڵەتی پابەنـد نەبـوونی فەرمـانبەران، یەعنـی فەرمـانبەری تیـا نیـیە، نـازانم ئەوە چیـیە، حوکمەکانی یاسای وەرگرتنەوەی قەرزە حکومیەکانی بەرکـار لەهەرێـم لەسـەر کەسـی لەئەسـتۆ کراو پیادە دەکرێت و بەبڕیاری بە قست کردنەکەش بە هەڵوەشـاوە دادەنرێـت، ئەو قسـتانەی لە ئەسـتۆی مـاوەتەوە بەیەکجـاری لێـی وەردەگیـرێتەوە، ئایـا ئێسـتاکە بەم حـاڵەوە کە ئێسـتا

فەرمانبەران ئەوە حاڵی مووچە کەیە، یەعنی ئایا دەتوانێ ئێستا بەم حاڵەوە فەرمانبەران قست بدات هەتاوەکو مووچەکەی ئەو قستەشی لایە بۆی وەرگیرێتەوە، یەعنی ئەکرێ بکرێتە ئەوەی یەعنی وای لێ بکرێت کەوا کۆی مووچەی ڕاستەقینە، یەعنی ئەو کاتە کە کۆی مووچەی ڕاستەقینەی هەبوو ئەو کاتە بتوانێ قیست بدات و یا ئەو قستانەی کە لەسەریەتی پابەند نەبوو بە دانەوەی ئەو کاتە لێی وەربگیرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، کاك سیروان فەرموو.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوا، ماددەی(٨) دووەم/ بڕگەی کۆتایی کە دەڵێ کاتی قەرەبوو کردنەوە، ئەمەش ڕێگر نابێت لە گرتنەبەری ڕێکارەکانی هاتوو لەیاسای وەرگرتنەوەی قەرزی حکومی کارپێکراو لە هەرێم لە سەر هەر موڵك و ماڵێکی لەئەستۆ کراو کەلە داهاتووش دا دەبێ بە خاوەنی، من پێم وایە قەرەبوو کردنەوەی هەموو قەرزێك واجبە لەسەر هەر کەسێك بێ، بەڵام من پێموایە ئەگەر ئەو موڵکە یان ئەو ماڵە جێی نیشتەجێ بوونی خۆی بێت و ناڵەکانی تیا بێت ئەوا ناکرێت وەکو قەرز بە بارمتە وەربگیرێ لەبەرئەوەی ماڵ و منداڵەکەی بچێتە کوێ، بە زیاد کردنی یەك بڕگە ئەگەر ئەو موڵك و ماڵە جێی نیشتەجێ بوونی خۆی بوو دەستکاری نەکرێت، ئەگەر زیادە بوو یاویەتی بەکرێ یان بۆ فرۆشتنی داناوە ئەو کاتە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە لە قەواعیدی عامەیە، خانووی نیشتەجێ بوون بۆ بەکارناهێندرێ بۆ وەرگرتنەوەی دەینی حوکم خۆی هەیە پێویست ناکات ئێمە لێرەی دانێین، سەوابتە، گلیزار خان فەرموو.

**بەڕێز گلیزار رشید حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٨) بڕگەی دوو زۆر وازح نییە لای من حەز دەکەم لیژنەی یاسایی بۆم ڕوون بکەنەوەو تۆزێ تەوزیحی بدەن، سپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس بۆ بەڕێزت، کاك سەرکۆ فەرموو.

**بەڕێز سەرکۆ ئازاد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١/٨) لە حاڵەتی پابەند نەبوونی بڕی پارەی لەئەستۆ کراو یان نەدانی قستەکان لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ لە ڕێککەوتی سایشتەبوونی حوکمەکانی یاسای وەرگرتنەوەی قەرزە حکومییەکانی بەرکار لە هەرێم لەسەر کەسی لەئەستۆ کراو پیادە دەکرێ، بڕیاری بە قیست کردنەکەش بە هەڵوەشاوە دادەنرێت، لەو قستانە لە ئەستۆمان دەمێنێتەوە بە یەکجاری لێی وەردەگیرێتەوە، ئەم لەئەستۆ کردنە بۆ چارەسەرکردنی کۆمەڵێك کێشە و گیروگرفتە کەلە

کۆمەڵگای ئێمە هەیە و یاسای بۆ نییە لەڕووی تەشریعیەوە و دەزانین کە هەرێمی کوردستان بە قەیران دا دەڕوات لەڕووی ئەوەی کە نازانی مانگی ئایندە، ساڵی ئایندە مووچە یان ئەو کەسەی کە لەم کێشانەدایە و بە تایبەتی فەرمانبەران چەنێك مووچە وەردەگرن، کەی مووچە وەردەگرن، کەی پارە دێتە لایان، بەبڕوای من بۆ ماوەی ئەو سی ڕۆژە بکرێت بە (٦٠) ڕۆژ زۆر باشە، کاك هاوڕێ و کاك شەهینیش پشتیوانی قسەکانم دەکەن، بەڵام ناویان نەنووسیوە.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە نابێ چۆن ئەبێ، سارا خان فەرموو.

**بەڕێز سارا دڵشاد بکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (٨) بڕگەی (١) لە حاڵەتی پابەند نەبوونی بە دانەوەی بڕی پارەی لە ئەستۆ کراو یان نەدانی قستەکەی لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ لە ڕێککەوتی شایستەبوونی، من پێشنیار دەکەم ئەو (٣٠) ڕۆژە بکرێتە (١٠) ڕۆژ، لەبەرئەوەی قەرزەکە لەسەر ئەستۆ کراو یان فەرمانبەر تەراکوم دەکات، تەنها ئەو تێبینیەم هەیە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، لیژنەی تایبەتمەند کاك عباس فەرمووو.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جاران بابەبەتەکە بۆ ئەوەی نەبێتە بابەتێکی کە فەرمانبەر مووچە وەرناگرێ و یا مووچە وەردەگرێ، چۆن ئەو پارەیە بسەندرێتەوە، ئەوە کەسێکە گەندەڵی کردووە، ئەگەر ئێوە لەگەڵ ئەوەەنە کەسێکە گەندەڵی کردووە موڵکی دەوڵەتی بەخەسارەت داوە و موڵکی دەوڵەتی بە زایە داوە، موڵکی دەوڵەتی داگیر کردووە، ئەبێ و پێویستە ئەمەی کە داگیری کردووە لەخڕی لێی سەنینەوە، ئەمە خۆی بابەتەکە بە کورت و موختەسەری ئەوەیە کە ئەمەشیان بە جۆرێك لێك نەدرێتەوە مووچە وەرناگیرێ، لەسەر ئەمەی کە تێی نەگەیشتووین و لەسەر بڕگەی دووەمیان لە بڕگە پاراستووە بە پێی یاسای قەرزەکان، ئەگەر ئەو ئینسانە نەیتوانی ئەمە جێ بەجێ بکات، ئەوە یاسای جێ بەجێ کردن و تەنفیزی لەسەر جێ بەجێ دەکرێ، ئەو ڕێسا و یاسای هەیە لەسەر مووچەکەی ئەو بڕەی بۆ دیاری دەکرێت، هەر لە ژیانی منداڵەکانی بۆ بژێوی نیشتەجێ بوونی و ئەو بڕەی زیادە پێویستە دەوڵەت قەرزەکەی وەرگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، ئەمە بۆ ئەو فەرمانبەرەیە کە هەڵەی کردووە، کە بۆتە مایەی بەهەدە ردانی موڵکی دەوڵەت، کەسێکە یەعنی ڕەنگە بە نوکە قەڵەمێك لە شوێنێك دا نووسی بێتی ئەم شتە،

ئەم مەوادە ئەوەندە تەن نییە، ئەوەندە تەنە، دنیایەك پارە لە دەست چووبێ، ئەمە پاڕانەوە نییە بـۆ موەزەفێـك کە هیچـی نەکردبێـت بچـی پـارەی لـێ وەربگـری، ئەمە کەسێکە ئەبـێ ئیحـالەی مەحکەمەی لە ئەسڵدا، بەڵام لەبەرئەوەی پەلەتە لە گێـڕانەوەی ئەو زەرەرەی داویەتـی لە جیـاتی قەزای مەدەنـی لیژنەیەکـی بـۆ دروسـت دەکەی ئیشـەکە بکـات، یەعنـی ئەمە ئیشـی مەحـکەمە دەکات ئەم لیژنەیە بەڕێزان، ماددەی/٩ فەرموو.

**بەڕێز روبینە اویملك عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٩):

١- کۆتایی هاتنی بە گواستنەوەی ڕاژەی فەرمانبەر یان ئەرکی کەسـی ڕاسـپێردراو بە ڕاژەی گشـتی بەهەر هۆکارێك ڕێگە نادرێت بە گرتنەبەری ڕێوشوێنی لەئەستۆ کردنی بەپێـی حوکمەکـانی ئەم یاسایە.

٢- لە حاڵەتی مردنی لەئەستۆ کراو بڕی پارە لەئەستۆ کردن دەبزرێتەوە بۆ میراتەکەی.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، لەسەر ماددەی (٩) کێ قسەی هەیە؟ کاك فیصل، شیرین خان، کاك مەلا ناصر، کاك عوسمان سیدەری، سەرچنار خان، کاك ئومێد، سـارا خـان، جـوان خـان، کـاك حـاجی سـەفین، کاك شێخ ظاهر، کاك هێڤیدار، کاك سەرکۆ، کاك زکری، کاك حاجی سەفین فەرموو.

**بەڕێز سفین اغا عمر اغا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی(٩) بڕگەی(٢) لە حاڵەتی مردنی لەئەستۆ کراو بڕی پارەی لەئەسـتۆ کـردن دەگـوازرێتەوە بـۆ میـراتەکەی، دەبـێ میراتگـرەکەی بێـت نەك میـراتەکەی، ئەوە ئەگەر ڕاسـت بکـرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، بەس ئەوە قاعیدەی عـامەیە، (لا ترکـة الا بعـد سـداد الـدیون)، یەعنـی نـابێ بگوێزرێتەوە بۆ میراتگرەکانی، هەم ژمارەیان زۆرە میراتگرەکان، ڕەنگە هیچ ڕۆڵێکیـان نەبـووبێ نە لە تـاوانەکە نە لە خـواردنی بەرهەمەکـی گریمـان، یەعنـی نە لە هەڵەکە، ئەوە مەبـدەئە ئـێمە ناتوانین لەوە لادەین و بیگوێزینەوە بـۆ میراتگرەکـانی، دەتـوانین بیگـوێزینەوە بـۆ میـراتیەکەی، ئەگەر شتێکی بەجێ هێشتووە، کاك ئومێد فەرموو.

**بەڕێز ئومید عبدالرحمن حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی(٩) بڕگەی(٢) لە حاڵەتی مردنی لەئەستۆ کراو بڕی پارەی لەئەسـتۆ کـردن دەگـوازرێتەوە بۆ میراتەکەی، میراتگری هەر ئینسانێك، چونکە ئەوە گەندەڵی نییە کردبـی سـوودمەند بووبێـت

له سوودەکەدا پێ بژاردنەکەی لەسەر حساب دەکرێت، ئەوە هەڵەیە، لە چوارچێوەی هەڵەیەك دا ئەو دەبێ تەعویزەکە بدات، میراتگر چ تاوانێکی هەیە کە چەند کوڕ و کچێکی هەیە کە کەسەکە ئەگەر بابیان هەڵەیەکی کردووە، دایکیان هەڵەیەکی کردووە ئەوان بێن پێ بژاردنەکە بدەن، بۆیە من پێشنیار دەکەم، ماددەی/٩ بڕگەی/٢ لابرێت، میراتگر هیچ تاوانێکی نییە و پێویست ناکات ئەو قەرەبووەکە بدات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك عوسمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان كريم سوارە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی(٩) بڕگەی(٢) منیش هەر بە هەمان شێوەی کاك ئومێد و ئەو برادەرانە پێمـوایە ئەو بڕگەیە زیادەیە، کە ئینسان مرد ئیتر کۆتایی پێ دێت، پێویست ناکات ئەو بڕگەیە بمێنێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك مەلا ناصر فەرموو.

**بەڕێز عبدالناصر احمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، لە ماددەی(٩) بڕگەی(٢) لە حاڵەتی مردنی لەئەستۆ کراو بڕی پارەی لە ئەستۆکردن دەگوازرێتەوە بۆ میراتەکەی، ئەگەر هاتوو میراتەکەی میراتگری نەبوو، ئەوە یەك، دوو باشە میراتگرەکەی تاوانی چییە؟ هەر بۆ پشتگیری لە قسەکانی کاك عوسمان و کاك ئومێد، بەڕای منیش ئەو ماددەیە هەر لابرێت هەر باشە، ئەگەر میراتگری نەبوو لە کێ وەردەگیرێ، ئەگەر میراتگر پەیوەندی چییە بە ئەوەی کە تاوانەکەی کردووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بۆ میراتگر ناگوێزرێتەوە بۆ میراتیەکەی دەگوێزرێتەوە، یەعنی بۆ ئەوەی کە لێی بەجێ ماوە دەگوێزرێتەوە، ئەو کەرەستانەی ئەو شتانەی، ئەو ماڵ و موڵکەی لێی بەجێ ماوە، ئەمە قاعیدەیە، ئەمە ناتوانین لای بەین لێرە بەڕێزان با ئەمەش وەکو هەموو شتێکی لێ نەبیەت، ئەڵێ تەریکە نییە، یەعنی میراتی نییە هەتا قەرز نەدرێتەوە، بەڵێ سوپاس بۆ بەڕێزت، سەرچنار خان فەرموو.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی(٢) لە حاڵەتی مردنی لەئەستۆ کراو بڕی پارەی لەئەستۆ کردن دەگوازرێتەوە بۆ میراتەکەی، لەڕووی قانونیەوە دەزانین میراتەکەی نابێت، بۆچی؟ یەعنی ئەبێ بۆ ماڵەکەی،

لەبەرئەوەی خۆی میرات خۆی میرات پاش لێ دەکردنی تەجهیزە، یەعنی لەگەڵ دەین لەگەڵ وەسیە، ئەم دیونە خۆی یەعنی ناکرێ بیخەیتەوە ناو میراتەکەوە، بۆچی؟ لەبەرئەوەی میراتی لە نیزامی عام بە پێی ماددەی(١٣٠)٢ لە قانونی مەدەنی، جگە لەوەش ئایەتی لەسەرە، چونکە ئەوانەی کە میراتیان بۆ دیاری کراوە بە سورەتی نیسا باس کراوە خوای گەورە ئەسحاب و فروز و ئەوانە ناکرێ حکومەت بکەین بە شەریك لە میراتگرەکە، لە هەمان کاتدا پێچەوانەی ماددەی(٢) ی دەستووریشە لە ئەحکامی سەوابتی شەریعەی ئیسلامی، کە ئەوە بەلز دیاری کراوە، یەعنی میراتگران بەلز دیاری کراوە قسەی جەنابت (لا تريكة الا بعد سداد دين) ئێ ئەمە دەینە، چۆن دەیخەیتەوە ناو زمنی تەریکەوە، تەریەکە تەحدید کراوە بەپێی ئەو یاسایانەی باسم کرد، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە علاقەی بە تەعریفی تەریکەوە هەیە، لێرە مەبەست لە میراتەکەی دەتوانین موستەڵەحەکە بگۆڕین، بەڵام لابردنی بە تەواوەتی ئەوە ناتوانین، نە شەرعەن نە قانونەن، بەڵێ کاك د.شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز د.شیرکو جودت مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە قسەکەی سەرچنار خان دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەدیاری کراوی دەتوانین بۆ نموونە بینووسین دەچێتە ناو ئەو موڵك و ماڵەی کە لە دوای مردنی لێی بەجێ ئەمێنێ، چونکە ڕاستە و دروستە لەدوای دانەوەی قەرز ئەوەی دەمێنێتەوە پێی دەوترێ میراتی، بەڵێ زۆر سوپاس، کاك هێڤیدار فەرموو.

**بەڕێز هێڤیدار احمد سلمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانم کران، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، جوان خان فەرموو.

**بەڕێز جوان یونس محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەمان تێبینیم هەبوو، بۆیە پشتگیری لە کاك ئومێد و هەموو ئەو هەڤاڵانە دەکەم کە تێبینیان لەسەر بڕگەی(٢) هەبوو لە ماددەی(٩)، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سارا خان فەرموو.

**بەڕێز سارا دڵشاد بکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەمان ڕەئیم هەیە، پشتگیری قسەکانی کاك ئومێد دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ کاك سەرکۆ فەرموو.

**بەڕێز سەرکۆ ازاد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی(٩) بڕگەی(٢) من لە حاڵەتی مردنی لەئەستۆ کراو بڕی پارەی لە ئەستۆ کردن دەگوازرێتەوە بۆ ئەو موڵك و ماڵەی کە لێی بەجێ ماوە، بەو شێوازە بێت، بۆ پشتیوانی لە بۆچوونەکەی سەرچنار خانیش.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ دروستە، کاك زکری فەرموو.

**بەڕێز زکری احمد اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خودێ مەزن و دلۆڤان، ماددەی(٩) خاڵ(٢) لە حاڵەتی مردن لە ئەستۆ کراو بڕی پارەکە لە ئەستۆ کردن دەگوازرێتەوە بۆ میراتگرەکەی، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، من پێم باشە لە حاڵەتی مردن حکومەتی بڕی پارەکە (٥%)ی لێ خۆش ببی، لبەر هەندێ من پێم باشە بەم شێوەیەی لێ بکرێت، لە حاڵەتی مردن لە ئەستۆ کراو بڕی پارەکە لە ئەستۆ گرتن بە (٥%)ی لێ خۆش بوون دەگوازرێتەوە بۆ میراتگرەکەی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك شێخ ظاهر فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کرا، پشتگیری ڕایەکەی سەرچنار خان دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك فیصل فەرموو.

**بەڕێز فیصل عباس عولا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری ڕایەکەی کاك ئومێد و کاك عوسمان و سەرچنار خان دەکەم.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، لیژنەی تایبەتمەندەکە کاك عباس فەرموو.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ خاڵی دووەم بۆ میراتەکە، ڕاستە یەعنی دەبێ ئەمە بۆ موڵك و ماڵەکەی، چونکە میرات کە دابەشکرا دوایی هەر کەسە خاوەنی خۆی دەبێت، بۆیە بێگومان پێش ئەوە بەپێی شەرعیش ئەمەیە کە هەر قەرزێکی لەسەر بێت پێش ئەوەی میراتەکەی بۆ دابەش بکرێت دەبێ قەرزەکانی لێ بدرێتەوە، ئەمەش قەرزی دەوڵەتە پێویستە قەرزەکانی لێ تەرك بکرێ ئینجا میراتەکە دابەش بکرێت، ئەمە وەکو خۆی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ قەرزی دەوڵەتیش ئیمتیازی هەیە بەسەر قەرزەکانی تریشدا، بەڕێز وەزیری هەرێم قسەیەکتان هەیە ئیزافە؟ نییەتی، ماددەی دوای ئەوە، فەرموو.

**بەڕێز روبینە اویملك عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی/١٠

١- فەرمانبەر یان بەڕاژەی گشتی کە بڕیار لەئەستۆ کردنی لەسەر داوە مافی تانەدانی لەبڕیاری لیژنەی لێکۆڵینەوەی لەبەردەم دادگای کارگێڕی بە پێی حوکمەکانی یاسای ئەنجومەنی شورا لە هەرێمی کوردستان ژمارە (١٤) لە ساڵی (٢٠٠٨) هەیە.

٢- مەرجە پێش تانە نەدان لە بڕیاری لەئەستۆ کردن کەسی لەئەستۆ کراو داخوازی بڕیارەکە لەبەردەم ئەو لایەنانە پێشکەش بکات کە بڕیارەکەی دەرکردووە لە ماوەی (١٥) ڕۆژ لە ڕێککەوتی پێ ڕاگەیاندنی یان هەژمارکردنی پێ ڕاگەیەنراو.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ هەر ئەندامێکی بەڕێز کە قسەی هەیە؟ گلیزار خان، سارا خان، کاك شێخ ظاهر، کاك رزگار، د.محی الدین، د.اسماعیل، کاك د.محی الدین فەرموو.

**بەڕێز د.محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (١٠) بڕگەی یەکەم، نووسراوە فەرمانبەری ڕاسپێردراو بەڕاژەی گشتی کە بڕیاری لە ئەستۆکردنی لەسەر دراوە، مافی تانەدانی لەبڕیاری لیژنەی لێکۆڵینەوە هەیە، لە دەقەکانی پێشتر لیژنەی لێکۆڵینەوە بڕیار نادات، بەڵکو دەسەڵاتی تایبەتمەند بڕیار دەدات، بۆیە پێویستە ئەو دەستەواژەیە بکرێتە بڕیاری دەستەی دەسەڵاتی تایبەتمەند، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس دروستە، کاك رزگار فەرموو.

**بەڕێز رزگار محمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله من قسەم لەسەر ماددەی/ ١٠ نییە، بەڵام هەر لەسەر ئەم دانیشتنەیە جەنابتان لە کۆبوونەوەی پێشووتر داواتان لەسەر چۆڵکردنی هۆڵەکە رێکار دەگرینە بەر بەرامبەر پەرلەمانتاران، بەڵام ئیستا ئەگەر سەیر بکەین هۆڵەکە لە سەدا پەنجای پەرلەمانتاران لێرە ئامادە نین، ئایا رێکارەکە چییە کە گیراوەتە بەر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا غیابات وەردەگرین دروستە، تێبینیەکەت دروستە گلیزار خان فەرموو.

**بەڕێز گلیزار رشید حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مادده (١٠) فەقەرە یەکەم بە پێچەوانەی ماددەی شەشە وەکو کاك محیدین باسی کرد تاعن دان و بڕیاری لێژنەی لێکۆلینەوە ناکرێت، چونکە لێرەدا ئێمە دەسەڵاتی تایبەتمەند ئەو بڕیاری لەسەر دەدرێ سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەرێزتان کاك شێخ ظاهر فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٠) فەرمانبەر یا راسپێردراو بە راژەی گشتی کە بڕیاری لە ئەستۆگرتنی لەسەر دراوە مافی تانەدانی لە بڕیاری لێژنەی لێکۆلینەوە لەبەردەم دادگای کارگێری، بە پێی حوکمەکانی یاسای ئەنجومەنی شورا لە هەرێمی کوردستان ژمارە (١٤)ی ساڵی (٢٠٠٨) هەیە، ئەگەر تانەیدا لەبەردەم مەحکەمەی کارگێری دیسان تەزەلومی لێکرد فەرمانبەر یا راسپێردرو بە راژەی گشتی، ئایا لەبەردەم کام مەحکەمە تەزەلومەکەی خۆی داوا بکات لابردنی تەزەلومەکە داوا بکا؟

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

چۆن؟ فەرمانبەرێك ئەگەر فەرمانی بۆ دەرچوو بە تەزەلمی لە دوای ئەوە هەر دەچێ تەزەلوم دەکا لە بەردەمی دەسەڵاتی تایبەتمەند.

**بەڕێز ظاهر محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

دەسەڵاتی تایبەتمەند کە لیژنەکەیە.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کە وەزیرە یا سەرۆکی لایەنە نەبەستراوە بە وەزارەت یا پارێزگارە.

**بەڕێز ظاهر محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوایش دەچێتە بەردەم مەحکەمەی ئیداری.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەگەر ئەوان تەزەڵومەکەی کرد پێداچوونەوەیان کردوو قەرارەکەیان بە نەوعێکی ترکەوتەوە کە لە سالْحی بوو، ئەوە واز دێنێ ئەگەر لە ماوەی (١٥) ڕۆژدا وەڵامیان نەدایەوە، یان وەڵامیان هیچ نەدایەوە وا حسابە کە ڕەفزیان کردووە، داواکارییەکەی ئەگەر ڕەفزیان کرد ئەوە دوو حاڵتمان هەیە، هەردووکی ڕەفزە ئەتوانێ بچێتە بەر مەحکەمەی ئیداری.

**بەڕێز ظاهر محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەی ئەگەر لەبەر دەمی مەحکەمەی ئیداریش تەزەڵومی تێدابوو بچێتە کوێ؟

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەچێتە بەردەمی مەحکەمەی ئیداری، ئیتر ناتوانی تەوەقوعی ئەوە بکەی کە ئەویش یەعنی.

**بەڕێز ظاهر محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر لە مەحکەمەیەك غەدر یان تەزەڵومی تێدابوو، بڕیارێك دەبێ مەحکەمەیەکی تر هەبێت پەنای بۆ ببات بۆ نمونە دادگای تەمییز......

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تەبعەن قانونی ئەنجومەنی شورا لە هەرێمی کوردستان ژمارە (١٤)ی ساڵی (٢٠٠٨) چ ڕێکارێکی دابێتێ چ حەقێکی دابێتێ تەنها ئەو حەقانەی هەیە.

**بەڕێز ظاهر محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە هەر مەحکەمەی ئیدارییە، کەواتە بڕیارەکانی مەحکەمەی ئیداری (باتن) قەتعینە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو خدیجە خان.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یاسای ئەنجومەنی شورای هەرێم باسی ئەوە دەکات کە بڕیاری دادگای کارگێری لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ لە ڕۆژی پێراگەیاندنی یان ئاگادار کردنەوەی لەلایەن داواکاری گشتییەوە تەمییز دەکرێتن، ئێ داواکاری گشتی لەلایەن داواکاری گشتیبەوە تەمیز دەکرێتن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سەیری دەكەین ئێستا كاك شێخ زاهر، بەڵێ ساراخان فەرموو.

**بەڕێز سارا دڵشاد بكر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیارم هەیە لە بڕگەی دووەم مەرجە پێش تانەدان بڕیاری لە ئەستۆگرتن كەسی لە ئەستۆكراو دادخواز لە بڕیارەكەی لە بەردەم ئەو لایەنە پێشكەش بكات، پێم باشە بەم شێوەیە بنووسرێت دادخواز و، هەروەها لە ئەستۆكراو بۆی هەیە تانە لە لیژنەی لێكۆڵینەوە بگرێت لە دوای پێڕاگەیاندنی بڕیاری لیژنەی لە ماوەی (٧) ڕۆژ لەلایەن دادگای كارگێری و بڕیاری دادگای كارگێریش نیشانەی تانەگرتن بێت لەلایەن ئەنجومەنی شورا بۆ ماوەی (٣٠) ڕۆژ لە دوای پێڕاگەیاندنی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دكتۆر اسماعیل.

**بەڕێز اسماعیل علی طە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سێ تێبینیم هەیە لەسەر ماددەی (١٠)، یەكەم بێژیت فەرمانبەر یا ڕاسپێردراو بە ڕاژەی گشتی كە بڕیاری لە ئەستۆگرتنی لەسەر دراوە مافی تانەدانی لە بڕیاری لیژنەی لێكۆڵینەوەی پەسەندكری یان پەسەندكراو بێت وێڕێ، چونكو ئەل مصدق نە بڕیاری لیژنەیە لیژنە تەوسیاتن بڕیار یا مصادەقەیا تایبەتمەندە دەسەڵاتە تایبەتمەندە، تێبینیە دووەم لە بەردەم دادگای كارگێری دادگای كارگێری دوو بەشە بەشی مەحكەمەی ئیداریە و بەشی دەستەی بەرزەفتی فەرمانبەران ئیختصاصێكی بەشی دەستەی فەرمانبەرانە بەرزەفتی فەرمانبەران بێژین لە بەردەم دەستەی بەرزەفتی فەرمانبەران چگە لە دادگای كاركێری، تێبینی سێیەم دووەم مەرجە پێش تانەدان وەكو ماوەی دیاردەكا (١٥) ڕۆژ ئەڵێم بابیتە (٣٠) ڕۆژ حەقەی هەیە تانەدانی بداتن دوای پەسەند كردنی ئەو تەوسیاتانە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان بە گوێرەی ماددەی (١٤) لە قانوونی ئەنجومەنی شورا قەراراتەكانی مەحكەمەی ئیداری مادام ئێمە ئیش بە قانوونی ژمارە (١٤)ی ساڵی (٢٠٠٨) دەكەین، دەگەڕێینەوە بۆ ئەوە خازیعە بۆ تەمیز خازعە، بۆ ئەوەی ببرێتە بەر مەحكەمەی تەمیز، یەعنی ئەو قەرارەی كە مەحكەمەی ئیداری دەیدات لە دوای تەزەڵومەكە فەرمانبەرەكە دەچێتە بەردەمی مەحكەمەی ئیداری، ئەگەر مادام لە بڕگەی یەكەمدا دەڵێ ئەچینەوە بۆ قانوونی (١٤)ی ساڵی (٢٠٠٨) قەراراتی مەحكەمەی ئیداری خازعە بۆ تەمیز لەبەردەمی مەحكەمەی تەمیزدا لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ لە ڕۆژی تەبلیغكردنی فەرمانبەرەكە یان كەسەكە بە قەراری مەحكەمەی ئیداری و، ناشتوانین بیبەینە بەردەمی مەجلیسی ئینزیبات، لەبەر ئەوەی كە لەوێ قانوونی ئسولی محاكەمات زیاتر جێبەجێ دەكرێ، ئەوە بوعدەكەی بوعدێكی مەدەنییە نەك بوعدێكی جەزائی، لیژنە قسەتان هەیە.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر تانەدان لە بڕیاری لیژنەی لێکۆڵینەوە ئەمە ڕاستە، یەعنی تانەدان لە بڕیاری دەسەڵاتی تایبەتمەند لەسەر ڕاسپاردەی لیژنەی لێکۆڵینەوە ئەوە دەکەین باقی تر وەڵامەکە وەرگیرایەوە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی دوای ئەوە بخوێنەوە، ببورە فەرموو دکتۆرە ڤالا.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنها لە ماددەی (١٠) بڕگەی یەکەم و دووەم، پێمان باشە بڕگەی سێیەمیشی بۆ ئیزافە بکرێ کە بڕگەی یەکەمە لە ماددەی (١٢)ی حکومەت بۆ پارێزگاری کردن لە مافی فەرمانبەرەکە کە دەڵێ پێویستە لەسەر وەزیر یان لایەنی نەبەستراوە بە وەزارەت بڕوانێتە دادخوازییەکانی لە ماوەی (١٥) ڕۆژ لە ڕێکەوتی وەرگرتنی وەزارەت یان سەرۆکایەتی لایەنی پەیوەندیدار، بۆ ئەوەی لە حاڵەتی بەسەرچوونی ماوەی باسکراو بە بێ تێڕوانین تێیدا ئەوا وادادەنرێت داخوازییەکە ڕەزامەندی لەسەر دراوە، چونکە مۆزەفەکە شەرتی لەسەر داندراوە پێش ئەوەی بچێتە تانە لە بڕیارەکەی بدا لەبەردەمی مەحکەمە دەبێت تەزەلوم بکات لە وەزارەتەکەی خۆی، کاتێک کە تەزەلوم دەکات لە وەزارەتەکەی خۆی وەزیر یان سەرۆکی لایەنی نەبەستراو بۆ وەزارەت ئەگەر ماوەیەکی بۆ دانەنێی لەوانەیە ماوەی ساڵێك بخایەنێت ئەو کەسە نەتوانێ بچێتن بۆ هەنگاوی دوەم کە بریتیە لە تانەدان لە بەردەمی دادگای ئیداری، بۆیە پێمان باشە بۆ پارێزگاری کردن لە مافی ئەو کەسەو وەکو بڕگەی سێیەم لە ماددەی (١٠) بڕگەی یەکەمی ماددەی (١٢) ی پرۆژەی حکومەت ئیزافە بکرێت و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵام ئەوە لە قانوونی ئەنجومەنی شورا بە وازحی هەیە لە ماوەی (١٥) ڕۆژدا وەزیر ئەگەر جوابی نەدایەوە، بەس تەنها (١٥) ڕۆژی لەبەر دەستە بە ڕەتکراوە دادەنرێت، بۆیە تەسەور دەکەم لیژنە تایبەتمەندەکان لایان بردبێت، بەڵام بۆ پاراستنی حەقی فەرمانبەرو بۆ ئەوەی کە وازحتر بێ دەکرێ دابنرێتەوە، بەڵێ ماددەی دوای ئەوە بخوێنەوە.

**بەڕێز ڕۆژان ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی(١١):

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بە وەزیری تایبتمەند دادەنرێت، ئەگەر کەسی لە ئەستۆکراو وەزیر یان ئەوانەی پلەی وەزیریان هەیە سەرۆکی ئەو لایەنانە نەبەستراوانە بە وەزارەت بێت کە بە ئەنجومەنی وەزیران پەیوەستن، سوپاس.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، هەر بەرێزێك قسە دەكات با دەستی خۆی بەرز بكاتەوە؟ وابزانم ئێمە وتومانە قابیلە بۆ تەمییز لە بەردەمی هەیئەی خۆیانە، هەیئەی مەجلیسی شورا و قەرارەکەی هەیئەی مەجلیسی شورا با دەبێ، نەك لەبەر مەحکەمەی تەمییز قابیلە بۆ تەعن و تەمییز کردنەوە لەبەردەمی ئەنجومەنی شورا، قەراری هەیئەی ئەنجومەنی شورا بە قەراری بات دادەنرێ، یەعنی قابیل نییە بۆ جارێکی تر، ناوەکان هەر بەرێزێك دەیەوێت قسە بکات، دکتۆر عوسمان فەرموو.

**بەرێز عثمان علی سمایل:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم بڕگەیە وام پێ باشە بنووسرێت سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، یان جێگرەکەی، یان کەسێك کە بەرێزیان دەست نیشانی بکەن، لەبەر سەرقاڵی جەنابیان بۆ ئەوەی ببێتە شتێکی ئیش لەسەر کراو بێ، سوپاس.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، ماددەی (١٢) بخوێنەوە.

**بەرێز ڕۆژان ابراهیم علی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی(١٢):

یەکەم: ئەو لیژنانەی بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە پێك دەهێنرێن نابنە جێگرەوە بۆ ئەو لیژنانەی حوکمەکانی یاسای بەرزەفتکردنی فەرمانبەران و دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی١٩٩١ی بەرکار لە هەرێم دەیانگرێتەوە.

دووەم: لە ئەستۆگرتنی فەرمانبەران یان راسپێردراو بە راژەی گشتی بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەسەڵاتی تایبەتمەند پابەند دەکات بە گرتنەبەری رێکاری یاسایی و رەوانە کردنی دۆسیەکەی بۆ دادگا ئەگەر ئەو کردەوەیە ئەنجامی داوە بە پێی یاسای سزادانی بەرکار یان هەر یاسایەکی تر کە رەگەزی تاوانکاری تێدابوو، سوپاس.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێزان سەبارەت بەو ماددەیە، کێ قسەی هەیە کاك سعید و گلیزار خان، فەرموو کاك سعید.

**بەرێز سعید مصطفی تەتەرخان:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر ماددەی (١٢) بڕگەی دووەم، من پێم باشە لە جیاتی ئەوەی رەوانە کردنی دۆسییەکان بۆ دادگا، من پێم باشە دۆسییەکان رەوانەی دەستەی دەست پاکی بکرێتن، چونکە تاوانی فەرمانبەران لە زیان گەیاندن بە موڵکی گشتی بە پێی یاسای دەسپێك کاری دەستەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەی ئەگەر ڕەگەزی تاوانكاری تیابوو، یەعنی جەریمە بوو.

**بەڕێز سعید مصطفی تەتەرخان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە دەستەی دەست پاكیدا هاتووە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، كلیزار خان فەرموو.

**بەڕێز گلیزار رشید حاجی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (١٢) بڕگەی دووەم لە ئەستۆگرتنی فەرمانبەرانی یان ڕاسپێردراو بە ڕاژەی گشتی بە پێی حوكمەكانی ئەم یاسایە دەسەڵاتە تایبەتمەند پابەند دەكات بە گرتنەبەر، بەڕای من ئەو هەمووە پێویست ناكا، ئەگەر ئەمە بنووسین پێویستە لە دەسەڵاتی تایبەتمەند بە كردنەبەری ڕێكاری یاسایی ئەوانی تر هەموو خاڵەكانی ئیعادەی سیاغەی بۆ بكرێت كورتی بكەینەوە باشترە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ماددەی ( ١٣) بخوێنەوە، فەرموون.

**بەڕێز ڕوپاك احمد رحمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (١٣):

ئەم یاسایە لەسەر گشت ئەو دۆسیانەی كە بە پێی یاسا بەركارەكان لە ژێر لێكۆڵینەوەدان و بڕیاری لە ئەستۆگرتنیان بۆ دەرنەچووە، ئەوانەی بڕیاریان بۆ دەرچووە بڕو قستەكانیان بەتەواوەتی وەرنەگیراوەتەوە و ئەوانەشی كە تا ئێستا دۆسیەی لێكۆڵینەوەیان بۆ نەكراوە پیادە دەكرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، كێ قسە دەكات لەسەر ئەو ماددەیە لیلی خان فەرموو.

**بەڕێز لیلی عبدالجبار حدو:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (١٣): لە ماددەی سێیەمدا ئایا دەكرێت ئەم یاسایە ئەسەر ڕەجعی هەبێت لەم ماددەیەدا ئەسەر ڕەجعی دیاركراوە بە تایبەتی كاتێك بڕیاربوو دوسیەیەك لە ژێر یاسایەكی تر دەرچووە، واتا بە یاسایەكی تر حوكم دراوە، چۆن ئەو یاسایە لەسەر جێبەجێ دەكرێت، ئایا

هەڵدەوەشێتەوە یان نا، جارێکی تر دەدرێتە دادگا ئەم ماددەیە ئەسەر رەجعی تێدایە ئەمەش کێشە دروست دەکاتن، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەسەر رەجعی دروست ناکا بەو دەلالەتە ئەوەی لە ژێر لێکۆڵینەوەیە هێشتا بڕیاری بۆ دەرنەچووە ئەوەی بڕیاری بۆ دەرچووە قیستەکانی نەداوەتەوە حوکمی ئەو ماددەیەی کە پەیوەندی بە چۆنییەتی دانەوەی قیستەکانە لەسەری جێبەجێ دەبێ، ئەوانەی کە تا ئێستا لێکۆڵینەوەیان بۆ نەکراوەو دۆسیەی لێکۆڵینەوەیان بۆ نەکراوەتەوە پیادە دەکرێ، جێگەی قسەیە لە راستی ئەگەر یەکێکی تر بیەوێ قسەی لە بارەوە بکات، بەڵێ ماددەی (١٤) بخوێنەوە.

**بەڕێز روپاك احمد رحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٤):

وەزیری دارایی و ئابووری ڕێنمایی پێویست بۆ جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەردەکات.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز وەزیری هەرێم قسەتان هەبوو فەرموون.

**بەڕێز د.ڤالا فريد ابراهيم /وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

پێمان باشە ماددەی (١٤) وەکو پرۆژە یاسای حکومەت دابڕێژرێتەوە کە دەڵێ ئەم یاسایە پیادە دەکرێ لەسەر ئەو پرسانەی بڕیاری لەئە ستۆگرتنیان بۆ دەرنەچووە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ماددەی دوای ئەوە بخوێنەوە، یەك دەقە هێشتا ماددەی (١٣)ی خوێندەوە، روپاك خان ئەوە (١٣) مان تەواوکرد چووینە ماددەی (١٤) فەرموون ماددەی چواردەتان خویندەوە، کێ قسەی هەیە دکتۆر اسماعیل، روپاك خان کێی تر فەرموو دکتۆر اسماعیل.

**بەڕێز د.اسماعيل علي طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز بێژم ئەڤەیە زەروریە مودەکی دەست نیشان بکەین بۆ وەزیری دارایی وەکو ڕێنمای دانێتن مومکینە تەئخیر ببیت و ئەڤ قانونە ئەڤ بێژیت ئەو مەلەفێ هەی بێنە چارەسەرکردن، لەبەر هەندێ ئەز بێژم وەزیرێ دارایی و ئابوری ڕێنمای پێویست بۆ جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەر دەکات لە (٣٠) رۆژ نەبوری لە نەشری وەقایعی عیراقی تا بە زیتر وەقایعی کوردستان زوو بکەوێتە بواری جێبە جێکردن سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو روپاك خان.

**بەڕێز روپاك احمد رحمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەر لەمادده (١٤) تاوەكو (١٧) پێم وایە ئەو ماددانە دەكەونە حوكمەكانی كۆتاییەكان، بۆیە ئەگەر بە بەشێك لە سەرووی مادده (١٤) بنووسرێت حوكمە كۆتاییەكان، ئینجا بێتە مادده ( ١٤)، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، نەجات خان فەرموو.

**بەڕێز نجاه شعبان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پاڵپشتیا ئاخافتنێ دكتۆر اسماعیل دكەم زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ماددەی دوای ئەوە بخوێنەوە.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (١٥): كار بە هیچ دەقێكی یاسایی یان بڕیارێك ناكرێت كە لەگەڵ حوكمەكانی ئەم یاسایەدا ناكۆك بێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس كێ قسەی هەیە نییە سوپاس، ماددەی دوای ئەوە بخوێنەوە.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (١٦): لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەكان پێویستە حوكمەكانی ئەم یاسایە جێبە جێ بكەن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

چ بەڕێزێك قسەی هەیە نییە سوپاس، ماددەی دوای ئەوە بخوێنەوە.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (١٧): ئەم یاسایە لە ڕێكەوتی بڵاوكردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وقایعی )كوردستان جێبە جێ دەكرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

هەر بەڕێزێك قسەی هەیە كەس نییە هۆیەكانی دەرچوواندن.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هۆیەكانی دەرچوواندن لە پێناو پارێزگاری كردن لە موڵك و ماڵی گشتی دەوڵەت لەلایەن فەرمانبەران و ڕاسپێردراوان بە ڕاژەی گشتی لە ڕێگەی چاوپۆشی نەكردن لەگەڵ حاڵەتەكانی پشتگوێخستن و كەم تەرخەمی یان بە ئەنقەست زیان گەیاندن بە موڵك و ماڵی دەوڵەت یان سەرپێچی كردنی یاسا بڕیارو پەیرەوی ڕێنمایە بەركارەكان ئەم یاسایە دەرچووێندرا، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان هەر ئەندامێکی بەڕێز قسەی هەیە لەسەر هۆیەکانی دەرچوواندن خەدیجە خان فەرموو، کاك سیروان، سەر چنار خان.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم وایە کە ئەم یاسایە یاسایەکی ڕێکاریە زیاتر تەرکیز لەسەر ئەو ئالیەتە ئەو میکانزمە ڕووندەکاتەوە تاکو کە چۆن دەکرێتن بەهای ئەو زەرەرو زیانەی کە بە موڵك و ماڵی دەوڵەت کەوتووە بگەڕێندرێتەوە، بۆیە پێشنیاز دەکەم کە هۆیەکانی دەرچوواندن بەم شێوازە دابڕێژرێتەوە لە پێناو پارێزگاری کردن لە موڵك و ماڵی گشتی دەوڵەت لەلایەن فەرمانبەران و ڕاسپێردراوان بە ڕاژەی گشتی و ڕێکخستنەوەو خێرا کردنی ڕێکارەکانی وەرگرتنی بەهای ئەو زەرەرو زیانانەی کە بە موڵك و ماڵی دەوڵەت گەیشتووە بەهۆی پشتگوێخستن یاخود کەم تەرخەمی بێت یاخود بە ئەنقەست بێت یان سەرپێچی کردنی یاساو بڕیارو پەیرەو ڕێنمایە بەرکارەکان بێت ئەم یاسایە دەرچووێندرا، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس کاك سیروان فەرموو.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ناوی خوا لە هۆیەکانی دەرچوواندندا مادام ئەم یاسایە بۆ ڕێگرتن لە گەندەڵی کەم تەرخەمی هەتا دوایی، من پێم باشە یەك ئیزافەی تری تیا بکرێت کە لە پێناو چەسپاندنی دادپەروەری یا دادوەریا بێت لەگەڵ هەموو ئەوانەی تریشدا، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، فەرموو سەر چنار خان.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئامانج لەم یاسایە بۆ خێرایکردنی کار ڕایەکانە ئەگەر وانەبێت هەر یاسایەکانی تر دەردەچێت، لەبەر ئەوە من پێشنیار دەکەم لە دێری ئەخیردا پێش ئەوەی ئەم یاسایە دەرچووێندرا پێش ئەوەی ئەم یاسایە دەرچووێندرا ئەمەی بۆ زیاد بکرێ بۆ ئاسانکاری کارڕایەکانی خێرای یەکلای کردنەوەی دۆسیەی پەیوەندیدار بە موڵك وماڵی گشتی، ئیجا ئەم یاسایە دەرچووێندرا، چونکە ئامانج لەم یاسایە بۆ خێرایکردنی کارڕایەکانە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان سبەینێ سەعات (٢) بە هەمان شێوە کۆبوونەوەمان دەبێ، هەر ئەو هەفتەیە ڕۆژی دووەم لە سەعات دوو دەبێ، بەڕێزان هەر ئەو هەفتەیە ڕۆژی دووەم لە سەعات (٢) دەبێ، هەفتەی داهاتوو ڕۆژی دووەم بەیانییەکەی دەبێ، لەبەر ئەوەی بەڕێز وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی سەعات (١) دەگاتە پەرلەمان، لەبەر ئەوە ئێمە وەکو خۆمان کۆبوونەوەکەمان سەعات دوو دەست پێ دەکەین، بەڵام لە هەفتەی داهاتوو ڕۆژی یەکەم هەر دوای نیوەڕۆییە، ڕۆژی دووەم ئەخرێتە بەیانییەکەی و بەم شێوەیە کۆتایی بە کۆبوونەوەکەمان دەهێنین، بەڵێ بەڕێزان دانیشتنەکان لە سەرەتاو کۆتایی لیستی غیاباتیان وەردەگیرێ هەر بەڕێزێك مۆڵەت بێ پێش دەسپێك ئەبێ مۆڵەتەکە وەربگرێ، سوپاس ئەوەتا هەمووی ئیمزای بکەن ئینجا بڕۆن.

| | | |
|---|---|---|
| **د. ڕێواز فائق حسێن** | **هێمن هەورامی** | **منی نبی قهوچی** |
| **سەرۆکی پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سکرتێری پەرلەمانی** |
| **کوردستان - عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٦)ی
چوارشەممە رێکەوتی ٢٠٢٠\٩\١٦
خولی پێنجەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٦)
# چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٩/١٦

کاتژمێر (٢)ی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٩/١٦ پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی د. ڕێواز فائق حسن سەرۆکی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز هێمن هەورامی جێگری سەرۆك و، بەڕێز منی نبی قهوچی سکرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (٦)ی ئاسایی خولی پێنجەمی ساڵی (٢٠٢٠) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمی بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (١٦) و ماددەی (٤٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان – عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (٦)ی ئاسایی ساڵی یەکەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە کاتژمێر (٢)ی پاش نیوەڕۆ ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٩/١٦) بەم شێوەیە بێت:

یەکەم: خوێندنەوەی ڕاپۆرتی لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی داکۆکی لە مافی مرۆڤ خستنەڕووی گفتوگۆکردن پلانی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی سەبارەت بە دۆخی چاکسازییەکان و چۆنیەتی مامەڵە کردن لە ناو چاکسازییەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا (کۆڤید-١٩) بە ئامادەبوونی بەڕێز وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە پێی حوکمی بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (٦٦) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.**

بە ناوی گەلی کوردستان، دانیشتنی ژمارە (٦)ی ئاسایی خولی پاییزەی ساڵی دووەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەست پێ دەکەین، ئێستاش سەرەتا داوا لە بەڕێز سکرتێری پەرلەمان دەکەم کە بەرنامەی کاری کۆبوونەوەکە و پوختەی کۆنووسی کۆبوونەوەی پێشوو و ناوی ئامادەنەبووان بە مۆڵەت و بە بێ مۆڵەت بخوێنیتەوە، فەرموو.

**بەڕێز منی نبی نادر قەهوەچی/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەرنامەی کار**

بە پێی حوکمی ماددەی (٥) و بڕگەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم لە ماددەی (١٦) و بڕگەی سێیەم لە ماددەی (١٨) و بڕگەکانی (یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەم و پێنجەم) لە ماددەی (٢٠) و ماددەکانی (٤٧)، (٤٨)، (٥٢)، (٥٤)، (٥٦)، (٥٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (٦)ی ئاسایی خولی پاییزەی ساڵی دووەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە کاتژمێر (٢)ی پاش نیوەڕۆ ڕۆژی چوارشەممە ڕێککەوتی (٢٠٢٠/٩/١٦) بەم شێوەیە بێت:

یەكەم: خوێنــدنەوەی ڕاپــۆرتی لیــژنەی كاروبــاری كۆمەڵایەتی داكــۆكی لە مــافی مــرۆڤ خستنەڕووی گفتوگۆكردن پلانی وەزارەتـی كـار و كاروبـاری كۆمەڵایەتی سـەبارەت بە دۆخـی چاكسازییەكان و چۆنیەتی مامەڵە كردن لە ناو چاكسازییەكان بـۆ بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسـی كۆرۆنـا (كۆڤیـد-١٩) بە ئامـادەبوونی بەڕێـز وەزیـری كـار و كاروبـاری كۆمەڵایەتی حكـومەتی هەرێمـی كوردسـتان بە پێـی حـوكمی بـڕگەی (یەكەم)ی مـاددەی (٦٦) لە پەیـڕەوی نـاوخۆی پەرلەمانی كوردستان.

**پوختەی دانیشتنی ژمارە (٥)ی ئاسایی:**

بە پێی حوكمی بڕگەی دووەمی ماددەی (٢٠) و (٥٢) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردسـتان-عیراق پوختەی دانیشتنی ژمارە (٥)ی ئاسایی خولی پـاییزەی سـاڵی دووەم لە خـولی پێنجەمـی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە كاتژمێر (٢)ی پـاش نیـوەڕۆ ڕۆژی سێشـەممە ڕێكەوتـی (٢٠٢٠/٩/١٥) بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

١-دەست پێكردنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان.

٢-خوێندنەوەی بەرنامەی كار و پوختەی دانیشتن و ناوی ئەندامانی ئامادەنەبوو بە مۆڵەت و بێ مۆڵەت لەلایەن بەڕێز سكرتێری پەرلەمان.

٣-دەست پێكردنی بڕگەكانی بەرنامەی كار لەلایەن بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.

٤-ئاڵوگۆڕكردنی بڕگەی یەكەم و دووەمی بەرنامەی كار بە كۆی دەنگـی ئامـادەبووانی ئەنـدامانی پەرلەمان.

٥-پەسەند كردنی یاسای ماف و ئەركی نەخۆش لە هەرێمی كوردستان.

٦-خوێندنەوەی دووەم و گفتوگۆكردنی پرۆژە یاسـای لە ئەسـتۆكردنی فەرمـانبەران لە هەرێمـی كوردستان.

٧-كۆتایی هاتنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان.

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.

ناوی ئەو ئەندامانەی مۆڵەت پێ دراون یا بە بێ مۆڵەت ئامادەنەبوون بـۆ دانیشـتنی ژمـارە (٥)ی پاییزەی لە ڕێكەوتی (٢٠٢٠/٩/١٥) كاتژمێر (٢) نیوەڕۆ:

- ئاشنا عبدالله عبدالقادر مۆڵەت
- بدریە إسماعیل محمود مۆڵەت
- جلال محمد عبدالله مۆڵەت
- جلال محمد أمین مۆڵەت
- چیا حمد شریف مۆڵەت
- دابان محمد حسێن مۆڵەت
- ڕۆژان محمد كریم مۆڵەت
- شیرین أمین عبدالعزیز مۆڵەت
- علی حەمە صالح مۆڵەت
- كاوە عبدالقادر حسن مۆڵەت
- كلارا عۆدیشۆ یعقوب مۆڵەت

- گوڵستان باقی سلیمان مۆڵەت
- گۆران عمر علی مۆڵەت
- محمد سعد الدین أنور ئامادەنەبوو
- هدیە مراد حیدر مۆڵەت

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

لە دوای دانیشتنی یەکەم دا دووبارە داوا کرا کەوا واژوو دووبارە بکرێتەوە ئەوانەی ئامادەبوونە لە هۆڵەکە بەڵام دوای واژووکردنەکە بەشێك لە ئەندامان هاتوونە ناو هۆڵەکە بەڵام واژوویان نەکردبوو:

ئەوانە ئامادە نەبوونە:

- ئازاد أکرم بهرام.
- أبوبکر عمر عبدالله
- إسماعیل علی طه
- باپیر کامەلا سلیمان
- جمال حویز مصطفی
- ڕۆژان إبراهیم علی
- سەروان محمد علی
- شێرکۆ جودت مصطفی
- عبدالستار مجید قادر
- عثمان کریم سوارە
- فرید یعقوب إیلیا
- هەورامان حەمە شریف.

زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان پێش ئەوەی نوقتەی نیزامی وەرگرن، پەرلەمانتار کاك ڕزگارلە ناو کۆبوونەوەکە لە بەشی ئێوارە درەنگ کە ئێمە مابووینەوە داوای ئەوەی کرد کە ئێمە دەبێ دوای چەند سەعاتێك لە کۆبوونەوەکە بڕیار دراوە کە ئێمە ئیجرائات وەرگرین ئەگەر هۆڵەکە زۆر زۆر چۆڵ بوو، ئێمەش وتمان ئێستا جارێکی تر غیابات وەردەگرینەوە، ئەو غیاباتە ئەوەی دووەم هی ئەوەیە.

**بەڕێز منی نبی نادر قەهوەچی/ سکرتێری پەرلەمان:**

ناوی ئەو ئەندامانەی کە بە مۆڵەت یان بە بێ مۆڵەت لە کۆبوونەوەی لیژنەی هەمیشەییەکان ئامادە نەبوون.

-لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و داکۆکی کردن لە مافی مرۆڤ لە (٢٠٢٠/٩/١٦):

١- زانا خالد سمایل         مۆڵەت
ئەوە لەلای لیژنەوە هاتووە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، تەنها ئێمە لەلایەن کاروباری پەرلەمانەوە بۆمان ئامادە دەکرێ و ئێمەش دەیخوێنینەوە، دواتر دەکرێ بەدواداچوون بکەی کاك د. زانا، لە کۆبوونەوەی لیژنەکان.
-لیژنەی وزە و سامانە سروشتییەکان و پیشەسازی و بازرگانی (٢٠٢٠/٩/١٦):
١- جنان جبار بویا مۆڵەت
-لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری لە (٢٠٢٠/٩/١٦):
١- أرشد حسێن محمد
٢-سەرکۆ ئازاد
٣-محمد سعدالدین أنور
ئەوانەش مۆڵەتیان پێدراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرکۆ ئازاد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە کۆبوونەوەدا بووم ئەمڕۆ لە لیژنەی دارایی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سەرکۆ مایکەکەت بکوژێنەوە، دەبێ ئێمە دەرفەت بدەین بڵێین فەرموو ئینجا، هەر کەسێك مولاحەزەی هەیە، هەر کەسێك تێبینی هەیە لەسەر ئەو غیاباتە بەڕێز سکرتێری پەرلەمان دواتر دەتوانن سەردانی بکەن، ئەوەی ئامادە بووبێ دەکوژێنرێتەوە ناوەکەی، دەست بە جێبەجێ کردنی بەرنامەی کارەکە دەکەین، ئێستا غیابات مەکەن بە مەوزووعێکی ئەوەندە موهیم، ئەو حەوت هەشت ناوەی کە لە ئێوارەکە ئامادە نەبوون و واژوویان نەکردووە یان لێرە نەبوون و تەنها واژوویان نەکردووە عیلاج دەکرێ و ئەوە مەکەن بە بابەتێك، تەواو، ڕۆژان خان تەواو، تەواو لە شوێنی خۆتەوە قسە مەکە، دەکوژێنرێتەوە ئەو ناوانەی کە لێرە لە پەرلەمانی کوردستان کاتی جەلسەکە حزووریان هەبووە و یان ئیجازەمان داون، من خۆم لە بیرمە کاك جمال و کاك سروان مۆڵەتمان دابوون لەگەڵ کاك د.شێرکۆ، ئەوەی مۆڵەتی وەرگرتووە لادەبرێ، ئەوەشی کە لێرە ئامادە بووە و فریای واژوو نەکەوتووە ناوەکەی لادەبرێ، ئێستا دەست بە جێبەجێ کردنی بەرنامەی کارەکە دەکەین، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، بۆ ئەم مەبەستەش داوا لە بەڕێزان، صەبرتان هەبێ، ڕۆژان ئەوەندە قسە بکەی لە شوێنی خۆتەوە دەتکەمە دەرەوە، لە شوێنی خۆتەوە قسە مەکە، تۆ ئەندامی لیژنەی یاسایی لە هەموو کەس باشتر دەبێ بزانی ئەم پەیڕەوە چییە، وتمان ئەگەر لێرە بووبێتی دەیکوژێنینەوە، فەرموون بەڕێزان سەرۆك و ئەندامانی لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی بێنە شوێنی خۆتان، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئێستا دەست بە جێبەجێ کردنی بەرنامەی کارەکەمان دەکەین، هەر نوقتەیەکی نیزامیش هەبێ بە شەرتێك نوقتەی نیزامی بێ وەری دەگرین، بەڵام بێ دەنگی بپارێزن، بۆ ئەوەی بتوانین ئیشەکانمان بکەین، کاك ڕۆمیۆ، فەرموو.

**بەڕێز ڕۆمیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا من دوو نوقتەی نیزامیم هەیە، یەکەم ئەمڕۆ ساڵیادی کارەساتی قەتل و عامی گوندی سوریای مەسیحی و موسولمانەکانە لە (١٦ی ئەیلولی ١٩٦٩) و دوێنی یاداشتێکمان ئیمزا کرد بۆ دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بۆ ئەوەی دەقیقەیەك وەستان لەسەر گیانی پاکی ئەم شەهیدانە لە پەرلەمانی کوردستان وەکو ڕێزلێنانێك بۆیان بکرێت، نوقتەی نیزامی دووەم/ ئێمە وەکو لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و داکۆکی کردن لە مافی مرۆڤ، لە کۆبوونەوەی ئەمڕۆمان دا بڕیارمان دا کە لەبەر هەستیاری ئەو بابەتەی کە ئەمڕۆ تاوتوێ دەکرێت، موناقەشە دەکرێت کە مەسەلەی چاکسازییەکان و زیندانییەکانە و بۆ پاراستنی مافی مرۆڤی سەرجەم ئەو زیندانییانە ئێمە داوا دەکەین بۆ ئەوەی دانیشتنەکە بە داخراوی بچێتە پێش، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، ئەم یاداشتە بەڵێ لە فراکسیۆنە بەڕێزەکەتان و لە فراکسیۆنەکانی تر ئاراستەمان کرابوو، بەڕاستی دەبوو سەرەتای دانیشتنەکە لەبەر ئەوەی بەڵێنمان پێدابوون بە دەقیقەیەك وەستان بۆ گیانی پاکی ئەو شەهیدانە دەست پێ بکەین، ئێستاش ئێمە هەر چەندە دانیشتنەکەمان دەست پێکردووە، بەڵام پێدەچێ ئێمە لەوەدا مۆفەق نەبووبێتین، ئێستا دەمانەوێ یەك دەقەمە بوەستین، بەڵێ، فەرموون سوپاس، بەڵێ کاك ئومێد، فەرموو.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆزگە پێشی ڕێزگرتن لە ڕوحی ئەم شەهیدانە دەرفەتت بدابایین کە بابەتی دیکەش هەبوو، لە ڕووداوێکی دڵتەزێن دوێنێ شەو لە گەڕەکی مەنصور لە شاری بەغدا بنەماڵەیەکی کورد، بنەماڵەی شیلان دارا، هەر هەموویان بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە تیرۆر کراون و شەهید کراون، خۆزگە دەرفەتت بدابا من دەمویست وێڕای پشتیوانی کردن لە فراکسیۆنەکانی خوشك و برایانی کریستیان ئەو بابەتەشی پێوە ڕەبت بکەین، بۆیە داواکارین پەرلەمانی کوردستان وەکو نوێنەرانی خەڵکی کوردستان و لیژنە تایبەتمەندییەکان لەسەر ئەو بابەتە هەڵوێستێکیان هەبێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە بە ناوی پەرلەمانی کوردستان ئیدانەی ئەو کارە ترسنۆکانەیە دەکەین، داوا لە حکومەتی فیدراڵی و دامەزراوە تایبەتمەندەکان دەکەین کە جیددیتر کاراتر بێ لە پاراستنی روحی هاووڵاتیان بە گشتی و هاووڵاتیانی کورد و فەیلی و کورد و کریستیان و هەر پێکهاتەیەکی تری عیراقی، شیرین خان، فەرموو.

**بەڕێز شیرین أمین عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتیوانی لە قسەکانی کاك ڕۆمیۆ دەکەم بۆ ئەوەی بتوانین جەلسەکە بە داخراوی بەڕێوەبەرین، لەبەر هەستیاری بابەتەکە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، شادی خان، فەرموو.

**بەڕێز شادی نوزاد وهاب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی قسەکانی کاك ڕۆمیۆ دەکەم بۆ داخراوی هێشتنەوەی جەلسەکە لەبەر هەستیاری بابەتەکان بە گشتی، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ لەسەر داوای سێ ئەندامی بەڕێزی پەرلەمانی کوردستان کە بە گوێرەی پەیڕەوی ناوخۆ مافی خۆیانە داوای ئەوەی بکەن کە دانیشتنی پەرلەمانی کوردستان لە دەرەوەی پەخشی ڕاستەخۆ بکرێ، داوا لە بەڕێزتان دەکەم هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە کە دانیشتنەکە بە داخراوی بێ با بفەرمووێ دەنگ بدات، بەڵێ بە دەنگی (٦٣) ئەندامی پەرلەمان پەخشی دانیشتنەکە ڕادەگیرێ، بەڕێزان ئێمە لیژنەی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ڕادەسپێرین بۆ هاوئاهەنگی کردن لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ، بەمەبەستی بەدواداچوونی کەیسی ئەو خێزانە کوردە و چاوەڕێی ڕاپۆرتتان لێ دەکەین، بەڵێ مامۆستا هەورامان، فەرموو.

**بەڕێز هەورامان حەمە شەریف گەچێنەیی:**

**بە ناوی خوای بەخشندەی میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاماژە بە ماددەی (٦٦) بڕگەی (١) کە لیژنەی پەیوەندیداریش دیارە داوای ئەم کۆبوونەوەی کردووە، بەڵام من پرسیار لە بەڕێزتان دەکەم ئەم کۆبوونەوەیە (٧٥) ڕۆژ پێش ئێستا داوا کراوە، ئەو کاتە بە تەحدید بۆ بابەتی کۆڕۆنا و بڵاوبوونەوەی کۆڕۆنا، کۆڕۆنا ئێستا بڵاوبووەوە و زۆر تەشەنەشی کرد، ئێستا نازانم ئایا لەم کاتە چ سوودێکی هەیە؟ بە تەحدید بابەتی کۆڕۆنا باس دەکەم ئەگینا بابەتەکانی تر کە موتەعەلیقن بە چاکسازییەکانەوە و گۆتووخانەکانەوە ئەوە زۆر شتی پێوە موتەعەلیقە، بە تەحدید بابەتی کۆڕۆنا، کۆڕۆنا بڵاوبوویەوە (٧٥) ڕۆژ لەمەوپێش داوای ئەم جەلسەیە کراوە، بۆ تەئخیر بوو؟ دووەم/ لە هەمان ڕاپۆرت دا داوا کراوە کە وەزیرە پەیوەندیدارەکانی تریش لێرە ئامادەبن وەکو وەزیری داد، وەزیری ناوخۆ، هەتا وەزیری تەندروستیش، بەس ئایا بۆچی ئەوان ئامادە نەبوون لە کاتێك دا کە پەیوەندیداریشن؟ سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێزت، ئێمە لە سەرەتا وتوومانە دۆخی چاکسازییەکان و کۆڕۆنا، یەعنی ئێمە هەموو دۆخەکان هی ئەوەن کە ئەمڕۆ باس بکەین، کۆڕۆنا یەکێکە لە بابەتەکان ئەگینا دۆخی چاکسازییەکان بەشێوەیەکی گشتی باس دەکرێ، لیژنەی تایبەتمەندیش ڕاپۆرتەکەیان بەشێوەیەکی گشتی نووسیوە، سەبارەت بە بابەتی ئەوەی دوو وەزیری تری بەڕێزی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ناو ڕاپۆرتی دووهەم، یان با بڵێین یاداشتی دووهەمی لیژنەی تایبەتمەندا

هاتوون کە وەزیری ناوخۆ لەگەڵ وەزیری داد، ئەم ڕاپۆرتەی لەبەر دەستی ئێمەیە دەڵێ دۆخی چاکسازییەکان، ڕاپۆرتەکەشی کە ئامادەیان کردووە سەبارەت بە دۆخی چاکسازییەکانە، چاکسازییەکان بە قانون لە زیمنی صەلاحیاتی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتین، ئەگەر سەبارەت بە دۆخی ڕاگیراوان گرتووخانەکان، ئەو کەسانەی کە بە بێ موحاکەمە گیراون، ئەوەی خۆپیشاندانەکان، ئەوەی کە خەڵکانێکی زۆر لە ناو سجنەکان هەن لە شارە جیاوازەکانی کوردستان و ئەوراقی تەحقیقیان ئیحالە ناکرێ، کەیسەکانیان یەکلایی ناکرێتەوە، لەگەڵ لیژنە قسەمان کردووە هەر کاتێ ئەو ڕاپۆرتەیان تەواو بوو ئەمجارە دەتوانن داوای کۆبوونەوەیەك بکەن بە ئامادەبوونی بەڕێز وەزیری ناوخۆ، بەڵێ دانیشتنەکەمان دەست پێ دەکەین بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەرەتاش بە خوێندنەوەی ڕاپۆرتی لیژنەی تایبەتمەند دەست پێ دەکەین، فەرمووون.

**بەڕێز رۆمیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی بەخێرهاتنی جەنابی وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی دەکەین، وەڵلا حەز دەکەم من ڕوونکردنەوەیەکی کورت بدەم سەبارەت بەم دانیشتنە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك رۆمیۆ ئێمە بە ناوی پەرلەمانی کوردستانەوە بە گەرمی بەخێرهاتنی کوێستان خان بەڕێز وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی دەکەین، ببوورن کوێستان خان، بەڵێ کاك رۆمیۆ بەردەوام بە.

**بەڕێز رۆمیۆ حزیران نیسان:**

ئێمە لەبەر ئەوەی ئەم ڕاپۆرتە لە (٢٠٢٠/٧/٥) کەواتە زیاتر لە (٧٠) ڕۆژە پێشکەش کراوە هەم بۆ دانیشتنەکان ئەنجام دەدرێ، بۆیە لەوانەیە بۆ خوشك و برایانی پەرلەمانتار لەوانەیە تێبینییان هەبێ لەسەر زۆرێك لەسەر خاڵ و بڕگەکانی ئەم ڕاپۆرتە، ئێمەش دەڵێین لەوانەیە زۆرێك لەم خاڵانە چارەسەر کرابن، بەڵام لە هەمان کات دا چەندەها کێشەی تر هاتوونەتە پێش لەنێو سەرجەم چاکسازییەکانی کوردستان.

ڕاپۆرتی لیژنەی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی:

**بۆ/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان**

بەڕێزان لەم ڕاپۆرتەدا دەمانەوێت ڕەوشی ئێستای ناو چاکسازییەکانی گەوران و ژنان و منداڵان لە هەرێمی کوردستان لە هەر سێ پارێزگای هەولێر و سلێمانی و دهۆك بخەینە بەردەست بەڕێزتان بە هیوای چارەسەری گیروگرفت و کەم وکورییەکانیان:

**یەکەم/** لە ناو چاکسازییەکانی گەوران لە هەر سێ پارێزگای هەولێر، سلێمانی، دهۆك بە ستانداردی جیهانی دروست کراون کە هەر یەکێکیان توانای لە خۆگرتنی (٩٠٠) سزادراوی هەیە، بەڵام لە ئێستادا ژمارەیەکی زۆر لەوە زیاتری تێدایە بە نمونە چاکسازی گەوران لە هەولێر نزیکەی دوو هەزار سزادراوی تێدایە، کە زۆربەی هۆڵەکانی (٢٥) بۆ (٣٥) سزادراوی تێدایە، لە سەردەمی کۆرۆنادا ئەو زۆری ژمارانە یارمەتیدەر و ئاسانکارە بۆ بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، چونکە ڤایرۆسەکە لە شوێنی داخراودا

زووتر بڵاو دەبێتەوە و ئێستا ڤایرۆسەکە لە ناو چاکسازی سلێمانی بوونی هەیە، بەپێی زانیارییەکانی ئێمە بە کارمەندان و سزادراوان، بەڕێزان بۆیە ئەو ڕوونکردنەوەمان دا ئێمە ئێستا کە باسی توشبوونی بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لەو چاکسازییە دەکرێ ئێستا چاکیش بوونەتەوە الحمدلله، باس لە چاکسازی هەولێر دەکرێ نۆ سەد ئێستا دوو هەزارە بە گوێرەی زانیاریمان بۆ دوێنێ شەو دوو هەزار و حەفتا سزادراو لە خۆی دەگرێت.

**دووەم/** سەبارەت بە گرفتی زۆری ژمارەی سزادراوانی تیرۆر لە چاکسازییەکانی هەرێمی کوردستان کە پێویستە چارەسەر بکرێن زۆرترینی ژمارەکە دانیشتووی ناوەڕاست و خوارووی عیراقن.

**سێیەم/** کەمی ژمارەی کارمەندانی هێزی جێبەجێکار پاسەوان و چاودێر و مەئموور و پاراستنی ئاسایشی چاکسازییەکان چونکە لە ساڵی (٢٠١٢)ەوە تاکو ئێستا هیچ هیچ کەسێك دانەمەزراوە و بەردەوامیش سزادراوان لە زیادبووندان، کە پێویستە وەزارەتی ناوخۆ هەماهەنگ بێ بۆ دابین کردنی هێزی پێویست لەگەڵ ئەوەشدا کەمی چەك و کەرەستە سەربازییە پێویستەکان لە کاتی سەرهەڵدان یاخود دروست بوونی هەر کردارێکی ئاژاوەگێری.

**چوارەم/** بارودۆخی بیناکانی چاکسازی ژنان و منداڵان لە هەر سێ پارێزگاکە بە هیچ جۆرێك شیاو نین بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی هۆشیاربوونەوەی سزادراوان و نەوجەوانان و هیچ مەرجێکی پرۆسەی چاکسازی کۆمەڵایەتییان تێدا بەدی ناکرێ، کە هەندێکیان زۆر کۆن و بچووکن و لە بنەڕەتدا بۆ چاکسازی دروست نەکراون، ناگونجێت لەگەڵ ژمارە و ڕەوشی سزادراوان دا، جگە لەوەی جێگا و هۆڵی پێویستییان تێدا نییە بۆ ئەنجامدانی چالاکییەکان و بەسەر بردنی کاتێکی جیاواز لەلایەن سزادراوانەوە کە ئەوە کاریگەری کردۆتە سەر ئەوەی ناتوانێت بەپێی جۆری سزاکانیان پۆلین بکرێن.

**پێنجەم/** سەبارەت بە سزادراوانی سێدارە کە ژمارەیان لە ئێستادا نزیك بە (٤٠٠) سزادراون بە هەر سێ چاکسازییەکە، ئەم سزادراوانە گرفتی زۆریان بۆ چاکسازییەکان دروست کردووە، چونکە ناتوانرێت لە هیچ چالاکییەکی چاکسازییەکان دا بەشداریان پێ بکرێت و باری دەروونییان ناجێگیرە، بۆیە پێویستە چارەنووسیان یەکلا بکرێتەوە و لە داهاتووش دا بیر لە سزایەکی جێگرەوەی سێدارە بکرێتەوە، تاکو ئەو ژمارەیە ڕوو لە زیادبوون نەکات لە ناو چاکسازییەکان دا.

**شەشەم/** ڕاگیراوانی ژنان و نەوجەوانان لە چاکسازییەکان ژمارەی زۆری ڕاگیراوان گرفتی بۆ چاکسازییەکان دروست کردووە، بە هۆی نەبوونی شوێنی پێویست بۆیان، هەروەها ماوەی درێژی لێکۆڵینەوەی ئەوان و مامەڵەی دۆسیەکانیان لە لای دادوەری تایبەتمەند لە دادگاندا بەجۆرێك نەوجەوان هەیە لە چاکسازی سلێمانی چواردە مانگ ڕاگیراوە و یەکجار دادوەری تایبەتمەندی بینیوە، چەند کەیسێکی دیکەی هاوشێوە هەن.

**حەفتەم/** هێنانی دەرۆزەکەرەکانی سەر شەقامەکان بۆ ناو چاکسازی ژنان و منداڵان لە کاتی دەستگیر کردنیان لەلایەن پۆلیسەوە بە فەرمانی دادوەر دەیانەینە ناو چاکسازییەکان، کە ئەوەش قورساییەکی ترە بۆ چاکسازییەکان لە ڕووی دابین کردنی پێویستییەکانیان و نەبوونی بودجەی پێویست.

**هەشتەم/** کۆمپانیاکانی ئامادەکردن و دروست کردنی خواردن و فرۆشگاکانی ناو چاکسازییەکان کە ساڵانە چاکسازییەکان بەردەوام دووچاری گرفت و کێشە دەبنەوە بەهۆی پرۆسەی تەندەرین و ئەو ڕۆتینانەی پەیڕەو دەکرێ دەبێتە هۆی دواکەوتنی دەست بە کاربوونی بەڵێندەری نوێی خۆراك، لەبەر

ئەوەی شایستە داراییەکانیان پێ نادرێت و خۆشیان توانایان نییە درێژەی پێ بدەن، بەتایبەتی لە ئێستادا لە چاکسازی سلێمانی بە زۆر دوو مانگ، واتا هەر دوو مانگ جارێك گرێبەستەکەیان نوێ دەکرێتەوە چاوەڕوان دەکرێت نەتوانن خواردن دابین بکەن بۆ سزادراوان.

**نۆیەم/** نەبوونی مووچە و دەرماڵەی پێویست بۆ کارمەندان کە لە دەوامن بۆ جێبەجێ کردنی ئەرکەکانیان زۆربەیان بە گیرفانی بەتاڵ ئەرکەکانیان جێبەجێ دەکەن.

**دەیەم/** کارمەندانی تەندروستی لە مەڵبەندی تەندروستی چاکسازییەکانی سلێمانی مانیان گرتووە و دەوام ناکەن لەبەر بێ مووچەیی ئەوەش گرفتێکی تری دروست کردووە بۆ چاکسازییەکان سەبارەت بە تێکچوونی ڕەوشی تەندروستی سزادراوان لە هەر کاتێکی نەخوازراودا،

**یازدەم/** ڕاگرتنی هەموو جۆرە سەردانی کردنێکی سزادراوان لەلایەن کەس و کارییەوە لە چاکسازییەکانی هەرێمی کوردستان و ڕاگرتنی هەموو مۆڵەتێك کاریگەری خراپی لەسەر دەروون و کرداریان دروست کردووە، کە ئەوە پێش چەند ڕۆژێك سەردانەکان کراوەتەوە، کەس و کاریان سەردانیان دەکەن.

**دوازدەیەم/** هەر لیژنەیەکی تایبەت بە باسکردنی ڕەوشی زیندانیان و چاکسازییەکان دروست بکرێت پێویستە نوێنەری لیژنەکەمانی تێدا بێت، چونکە بەشی هەرە زۆری بەدواداچوونی بۆ چاکسازییەکان پەیوەندی داواکارییەکانی ڕاگیراوەکان ڕووبەڕووی ئەندامانی لیژنەکەمان دەکرێتەوە.

**پێشنیارەکانی لیژنە:**

**یەکەم/** پێویستە پەرلەمان دانیشتنی بە پەلە ئەنجام بدات و بانگهێشتی وەزیرە پەیوەندیدارەکان بەڕێزان وەزیری ناوخۆ، وەزیری داد، وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بکات بۆ گفتوگۆکردن سەبارەت بەم کێشانە.

دووەم/ بۆ بەرگە گرتن لەو کارەساتەی کەوا ئەگەری بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە ناو چاکسازییەکان دا ڕوودەدات پێویستە یاسای لێبووردن بۆ ئەو ماددانەی کە نابنە مەترسی لەسەر ئاسایشی نیشتیمانی دەربکرێت.

سێیەم/ پێشنیار دەکەین پەرلەمان یاسای لێبووردنی گشتی ساڵی ٢٠١٧ هەمواربکاتەوە بە مەرجەکانی یاسای ئازاد کردنی بە مەرج، واتا (إفراج شرطي).

چوارەم/ پێشنیار دەکەین ئەگەر ئەم خاڵانەی سەرەوە جێبەجێ نەکرا مۆڵەتی درێژخایەن بدرێت بەو سزادراوانەی کە دەیانگرێتەوە بە مەرجی دابین کردنی دوو دەستەبەری کەسی، دەستەبەری دارایی.

پێنجەم/ یەکلاکردنی دۆسیەکان لە دادگاکان لە ماوەی یاسایی خۆی دا چونکە کۆمەڵێکی زۆر دۆسیەیەکلایی نەکراوە تا ئێستا لە دادگاکان دا هەن.

شەشەم/ گەڕاندنەوەی دەسەڵاتی پێدانی تەندەری ئامادەکردنی خۆراك بۆ چاکسازییەکان لە پارێزگاکان یان بە وەزارەتی تایبەتمەند.

جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، لەبەر ئەوەی وتمان ئەوە زۆر کۆنە لەوانەیە پێشنیاری نوێمان هەبێ، داوا دەکەین چەند پێشنیارێکی ترمان هەیە لەلایەن لیژنە بۆ بەڕێزان بخوێنرێتەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ، لەبەر ئەوەی ماوەیەكی زۆر پێش ئێستا ئەو ڕاپۆرتەتـان داوە، هەر ئیزافەیەكتـان هەیە بـۆ سەر ئەو ڕاپۆرتە دەتوانن، فەرموو.

**بەڕێز گڵستان سعید حمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەرەتا بەخێرهاتنی بەڕێز كوێستان خان وەزیری كاروكاروباری كۆمەڵایەتی دەكەم، بەخێـر بـێ سەرچاوان، هەندێك تەوصیات تایبەت بە چاكسازییەكان و بنكەی گـرتن و گواسـتنەوە و بـنكەی پۆلیس لە هەرێمی كوردستان یەكەمیان دەسەڵاتی دادوەری لە هەرێمی كوردسـتان، دواكەوتنـی دادگـایی یەكلایی نەكـردنەوەی دەعـوا و پەنـا بـردن بـۆ گرتنـی كەسـەكان گرنگتـرین هۆكـاری قەڵەبـاڵغی نـاو چاكسـازییەكانە بـۆیە داوا لە ئەنجـومەنی دادوەری بەڕێـز دەكەیـن لە هەرێمـی كوردستان دا دیراسەی ئەم كێشەیە بكەن كە دەبێتە هۆی دواكەوتنی یەكلایی نەكردنەوەی داوا واتا (حسم الدعاوی) و دواخستنی دادگایی، هەروەها درێژكردنەوەی ماوەی گرتن جاری وا هەیە دەگاتە چەندین ساڵ بۆ هەندێك تاوان بۆ چارەسەر كردنی قەرەباڵغی كە پاڵە پەسـتۆیەكی زۆری خستۆتە سەر بەڕێوبەرایەتی چاكسازییەكان.

داوا كردنـی فـراوان كردنـی كـار بـۆ بەردانـی بە مەرج و كـاركردن بـۆ كەمكـردنەوەی مـاوەی حوكمەكەی بۆ منداڵ و ژن بكرێـت تـا سێیەكی مـاوەكە بـۆ نیـوەی كـاتەكەی بـۆ پیـاوانیش سـێ چارەك بۆ ماوەی سێیەك.

پەنابردن بۆ كەفالەت و غەرامات بەپێی توانـا لە جیـاتی گـرتن بـۆ ئەو تاوانـانەی كە مەترسـییان نییە/ كە ماوەی حوكمەكەی لە ساڵێك زیاتر نەبێت.

فراوان كردنی جێبەجێ كردنی پەیڕەوی ڕاگرتنی جێبەجـێ كردنـی عقـوبە بـۆ ئەو تاوانـانەی كە عەمدی نین و مەترسی نین، هەتا ئەگەر عقوبەكەی زیاتر بێ لە ساڵێك، كاركردن لەسەر پەیـڕەوی دواخستنی جێبەجـێ كردنـی عقـوبە بە هاوكـاری لەگەڵ بەڕێـوبەرایەتی چاكسـازییەكان بـۆ ئەو تاوانـانەی كە مەترسـیدار نـین بە تـایبەت ئەو تاوانـانەی كە عقـوبەی لە سـاڵێك زیـاترە، كـاركردن لەسـەر پەیرەوكردنـی دواخسـتی جێبەجێكردنـی عقـوبە بە هاوكـاری لەگەڵ بەڕێـوەبەرایەتی چاكسازیەكان بۆ ئەو تاوانانەی كە مەترسیدار نین، بە تایبەت ئەو تاوانانەی كە عقوبەی لە ساڵێك زیاترە، (إستحداث منصب قاضي تنفیذ العقوبة) یـان ( ٣٠:١٥دەقەی المهمه) بـۆ داواكـاری گشـتی دەتـوانێ صـەڵاحیەتی بەردانـی سـزادراوی هەبێـت، لە هەر كاتێـك لە كاتەكـانی جێبەجێكردنـی عقـوبەكەی، بە مەرجێـك سـێ بەشـی مـاوەی حـوكمەكەی تەواو كردبێـت، پەنـابردن بـۆ گرتنـی تاوانبار كـورت بكـرێتەوە، بە ئاگـاداركردنەوەی كەسـەفەر نەكـات، كەفیلێكـی كەسـی مسـۆگەری هەبێت، تا ئەو كاتەی بڕیاری مەحكەمەی تایبەتمەند دەردەچێـت، بە حەپـس، یـان سـجن كردنـی بەپێـی بـارودۆخەكە، ڕەچـاوی خـاوەن پێداویسـتی تـایبەت و مێـرد منـداڵ و ژن بكرێـت، بە كەمترین ئاستی عقـوبە بـدرێ، لە دەقە عقوبیەكانـدا، چـاودێریكرنی ئەو لیژنـانەی كە پێـك دێـن لەناو چاكسازییەكە، بۆ معاقەبەی سـزادراو یـان ڕاسـتەوخۆ ئیشـراف بكرێـت لەلایەن داواكـاری گشتی، نابێت هیچ جۆری عقوبەیێكی لەسەر فەرز بكرێت، هەر جۆرێك بێت نەوعەكەی، تەنهـا بە

ڕەزامەنـدی نوسـینی داواکـاری گشـتی بێـت، تەوصـیەکردنی دادوەر و دادوەری لێکـۆڵینەوەی تـایبەتی بەڕێـز کە گرینگـی تـایبەت بە لایەنی دەروونـی راگیـراو بـدرێت، زۆر لەو کەسـانەی کە ماندەگرن، دەیانگرن، پاشان دەیاندەنە لیژنەی پزیشکی، پێویستە پێش بردنیان بۆ سجن، بـدرێتە لیـژنەی پزیشـکی، زۆر زەروریە کە هەنـدێك دیراسـاتی مەیـدانی بکـرێ بـۆ زانینـی هۆکـاری تاوانکردن و گەرانەوە بۆ تاوان و هاوکاری تەنسیق لەگەڵ لایەنی پەیوەندیـدار، بە رەچـاوکردنی هۆکارەکان و کەم کردنەوەی ئەو هەموو پاڵەپەستۆیە، لەسەر دادگاکان.
دووەم: دەسـەڵاتی یاسـادانان لە هەرێمـی کوردسـتان، پێویسـتە یاسـایەکی تـایبەت بە عقوبـاتی بەدیلە دەربکرێت، ئامادەکردنی یاسایەکی تایبەت بە جێگرەوەی عقوبە یان گۆرینی ئەو عقوبانە بە خزمەتگوزاری، بۆ بەرژەوەندی گشتی، پێـداچوونەوە بە یاسـاکانی عوقـوبە و ئیعـادە نەزەر لە عقوبەکـان بکرێـت، هەنـدێك خەفیـف بکـرێ، بەپێـی توانـا، لەگەڵ پێـوەرە نێودەوڵەتییەکـان بیگونجێنین، گۆرینی فەلسەفەی عقوبات بە فەلسەفەی چاکسـازی و شـیانەوەی بـۆ بکرێـت، زۆر پێویستە پەرلەمانی کوردستان یاسایەك دەربچوێنێت، لە هەرێمی کوردسـتاندا، کە تـایبەت بێـت بە هەماهەنگ و هاوکار بێت، لەگەڵ ئەنجـومەنی دادوەری لە کـاتی نوسـینی پێشـنیازە یاسـایەك یـان هەمـوارکردنی یـان زیـادکردنی یـان کەم کـردنەوەی هەر مـاددەیێکی یاسـایی، کـارکردن بە خێرایـی بـۆ پرکـردنەوەی هەر بۆشـاییێکی تەشـریعی بە یاسـای تـازە، پێـدانی دەسـەڵات (قاضـي التنفيذ إلى رئيس إدعاء العام) بۆ سەرۆکی داواکاری گشتی لە هەرێمـی کوردسـتان، مـامەڵکردن، مامەڵێکی ئینسانی لەگەڵ تاوانبار، دوورکەوتنەوە تەعزیب، شکاندنی کەرامەتی تاوانبار، چـونکە هەمـوو راپۆرتەکـانی رێکخراوەکـانی مـافی مـرۆڤ، ئەنجـومەنی مافەکـانی مـرۆڤ لە نەتەوە یەکگرتووەکان تەوصیە ئەکەن، بەپێـی یاسـاکانی عقـوبە مامەڵەیـان لەگەڵ بکـرێ، ئەم مەبـدەئە جێبەجێ بکەین، (المتهم بريء حتى تثبت إدانته).
سێیەم: دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە هەرێمـی کوردسـتان، چارەسـەر کردنـی دیـاردەی قەرەبـاڵغی لەناو سجن و چاکسازییەکان، بە دروستکردنی بینای سجنی تازە، بە نەخشەسازی، بینای تـایبەت بە سجن، کە لایەنی ژیان تێیـدا رەچـاو بکرێـت، وەکـو مەسـاحەی سـجن، شـوێنی نـان خـواردن، شوێنی خۆشۆردن، توالێت، شوێنی هەڵگرتنـی کەلوپەلەکـانی تـایبەت بە خـۆی، تەندروسـتی، بە هەبوونی بـنکەی تەندروسـتی، کەوادری گـوبی پێویسـت، پێداویسـتی دەرمـان، پێداویسـتی تـر، شوێنی وەرزش و بەر رۆژ کەوتن لەخۆ بگرێت، لایەنی پەروەردە، هەبـوونی وەرشـەی فێربـوون کارێکی بەسوود، جێبەجێکردنی بەرنامەی شیاندن و بەهێزکـردن و گەرانەوەی بـۆ نـاو کۆمەڵگـا، قوتابخانە، فەراهەمکردنی بارودۆخی گونجاو بۆ تەواوکردنی خوێندن و هانـدانی، رەچـاوکردنی بارودۆخی خـاوەن پێداویسـتی تـایبەتی بکرێـت، پێداویسـتی خەوتـن، چـاودێریکردن، دیراسـە، خۆشۆردن، توالێت، خوێندن، هەروەها رەچاوی ئەو ئافرەتـانە بکرێـت، کە منـداڵەکانیان لەگەڵـدا دەبێت، لە کاتێك لە چاکسازیەکاندا هەن، یان لەناو چاکسازیەکاندا داینگە، شوێنی یاری منـداڵان، شوێنی تایبەت بەخۆیان هەبێت، رەچاوی شوێنی چاکسازیەکان بکرێـت، لە دەرەوەی شـار بێـت، تـا لەنـاو گەرەکـدا نەبێـت، بینـای بڵنـدی لـێ نزیـك نەبێـت، رەچـاوی لایەنی ئەمنـی بکرێـت، دەرچوواندنی رێنمایی تـایبەت لەلایەن وەزارەت، بـۆ چاکسـازییەکان، کە ئاسـانکاری بکرێـت بـۆ رێکخراوەکانی نێودەوڵەتی، تایبەت بە مافی مـرۆڤ، بە مەبەسـتی سـەردانیکردنیان، کـردنەوەی

نوسینگەی مافی مرۆڤ، لەلایەن دەستەی سەربەخۆیی مافی مرۆڤ، لەناو چاکسازییەکان، بۆ ئەوەی بە بەردەوامی چاودێری رەوشی مافی مرۆڤ بکرێت، بۆ سزادراوان و راگیراوان، مسۆگەر کردنی تێکەڵاونەکردنی جۆرەکانی تاوانبار لەگەڵ یەکتر، تاوەکو چاکسازیەکان نەبێتە شوێنی فێربوونیئەنجامدانی تاوان و دروست بوونی عەصەباتی ئیجرامی، پێویستە هەر فیئەێك جیا بێت لەگەڵ یەکتری، بەپێی پێوەری نێودەوڵەتی، ئەوەی کە تا ئێستا هەیە، تەنیا تەصنیف کرابێت بەپێی رەگەز، فیئەی تەمەن، مەرکەزی یاسایی، چونکە هەر فیئەیەك هەر جەریمەێکی پێویستی بە بەرنامەی چاکسازی جیاواز هەیە، بۆیە پێویستە تەصنیف کردنی فیئەوی زیاتر، بە تەفصیل تر بێت، پەلەکردن لە دانانی بەرنامەی شیاندن بۆ سزادراوان، هەریەك بەپێی تاوانەکەی، هەروەها شیاندنەوەی ئەوانەی کە تووشی ئەنجامدانی تاوان بوون، لە ماوەی بەسەربردنی حوکمەکەی، لە رووی فکری، جەسەدی، دەروونی، میهەنی، بۆ گەرانەوەی بۆ ناو کۆمەڵگا، وەك کەسێکی چالاك و بەرهەم هێن، ئەو بەرنامەی بەردەوام بێت، بەدواداچوونی بۆ بکرێ، لەدوای تەواو کردنی حوکمەکەی، دابینکردنی میزانیەێکی گونجاو بۆ ئیدارەی چاکسازییەکان، بۆ پڕکرنەوەی چارەسەرکردنی هەر کەم و کورتییەك کە رۆژانە هەیان بێت، پێویستە ئیدارەی چاکسازییەکان جلوبەرگی تایبەت بۆ هەر رەنگێك و دەلالەت لە هەر شێك بکات دابین بکات، بۆ سزادراوان، بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی گرتن و گواستنەوە، پێویستە لە کاتی گرێبەستی ژەمەکانی خواردن لەگەڵ بەڵێندەر رەچاوی ئەو خواردنانە بکەن، کە تایبەتە بەو کەسانەی نەخۆشی پاڵە پەستۆی خوێن و شەکرەیان هەیە، هەندێکیان حاڵەتی حەساسیەتی پێستیان هەیە، هەروەها چاودێریەکی چڕ بکرێن، لەسەر ئیش و کارەکانیان، لەسەر جۆر و کەمیەکان، ئیدارەی چاکسازییەکان دەبێت زۆر بە توندی رێگا بگرن، لە هەر رووداو و دەرمانێك کە تەصنیف کراوە، وەك مەوادی هۆشبەر، بە زۆری لە کاتی سەردانییەکان و چاوپێکەوتنەکان، پێیان دەگات، وەزارەتی تەندروستی رەچاوی خزمەتگوزاری تەندروستی بکا، بەجۆرێك کە لەگەڵ دامەزراوەی چاکسازییەکان بگونجێ، چاکسازی هەیە بە هەزارانی تێدا سزادراوە، راگیراوە، جیاوازە لە گەڵ شوێنی گواستنەوە کە چەند رۆژێك ئەمێنێتەوە، بۆیە پێویستە بنکەی تەندروستی هەبێت، لە هەموو چاکسازییەکان، کادری تەندروستی پێویست هەبێت، دەرمان و پێداویستی هەبێت، بگونجێت لەگەڵ ژمارەی سزادراوان، چونکە گلەییەکی زۆر هەیە لەسەر ئەمە، کە دەرمانەکان بەش ناکات، وەزارەتی پەروەردە دەبێت گرینگی بە لایەنی پەروەردە بدات، بە کردنەوەی خوێندنگا، دانانی پەرتووکی جۆراوجۆر، زانستی، فکری، رۆشنبیری، لە کتێبخانەی چاکسازییەکان، وەزارەتی پەیوەندیدار بە بەرێوەبردنی چاکسازییەکان، گرینگییەکی زۆر بە بابەتی توێژەری کۆمەڵایەتی و دەروونی بدەن لە ژمارەدا، کە بگونجێ لەگەڵ ژمارەی سزادراوان لەناو چاکسازییەکان، چونکە ئەو توێژەرە کۆمەڵایەتییە، دەروونییانە، دەورێکی باڵا دەبینن لە شیاندنەوە، بەهێزکردنی باوەر بەخۆکردنی کەسەکان و بە کردنەوەی خولی جۆراوجۆر، بۆ گەشەپێدان و بەرزکردنەوەی تواناکانیان، بەشێوەێکی بەردەوام، هەروەها هانی توێژەری کۆمەلایەتی بدەن، کە بێن لە دامەزاروەی چاکسازی کاربکەن، لە رێگای پێدانی دەرماڵەی تایبەتی بۆیان، داوا لە بەرێوەبەرایەتی چاکسازییەکان بکرێت کە پێویستە لەسەر هەر توێژەرە کۆمەڵایەتییەکان و دەروونییەکان کە هەر سێ مانگ جارێك، ساڵانە، هەڵبست بە

ئەنجامـدانی تـوێژینەوە بـۆ ئەو کەسـانەی کە هـیچ وەڵامێکیـان نیـیە، بـۆ بەرنـامەی نـاو چاکسـازیەکان، لایەنی پەروەردەیـی، ڕێنمـایی چاکسـازی، هۆکارەکـان دەستنیشـان بکـرێن بە مەبەستی دیراسەکردن و چارەسەرکردنیان.

چوارەم: تـایبەت بە دامەزراوە ناحکومییەکـان، لە هەرێمـی کوردسـتان، لایەنی پەیوەندیـدار، بە چـاودێریکردنی مـافی مـرۆڤ، پێویسـتە نوسـینگە لەنـاو چاکسـازییەکان و بـنکەی گـرتن و گواستنەوە بکاتەوە، بۆ ئەوەی بەردەوام لەسەر بارودۆخی سزادراوەکان و ڕاگیراوەکـان زانیـاری هەبێت، زۆر گرینگە کە پەیوەندی بەردەوام هەبێت، لەنێـوان کۆمسـیۆنی باڵای مـافی مـرۆڤ لە عێراق، دەسـتەی سـەربەخۆی مـافی مـرۆڤ، دامەزاروەی سـەربەخۆیی مـافی مرۆڤـی نـاوخۆ و نێـودەوڵەتی، هەمـوو ئەو لایەنـانەی کە مەعنـین بە بـابەتی سـزادراوان و ڕاگیـراوان لە هەرێـم، کاربکرێت لەسەر پێکهێنانی لیژنەی هـاوبەش، تواناکانیـان یەك بـخەن بـۆ دەرچوانـدنی ڕاپـۆرتی هاوبەش لەسەر بارودۆخی مـافی مرۆڤـی سـزادراوان، ڕاگیـراوان، بـنکەی گـرتن و گوارسـتنەوە، هاوکار بن بۆ چارەسەر کردنی ئەو کێشانەی دەکرێ، بەشدار بن لە چارەسەرکردنی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئێمە بەڕێز وەزیری کۆمەڵایەتی، ئـێمە دوو ئالیەتمـان هەیە، یەکیـان ئەوەیە بەڕێـز وەزیـری کاروبـاری کۆمەڵایەتی قسـەی خـۆی بکـا لەسـەر هەردوو ڕاپـــۆرتەکە، یەکێکـــی تریشـــان ئەوەیە کە ڕاپـــۆرتەکە لەبەر دەســـتی جەنابیـــانە، ڕاپـــۆرتە ئیزافیەکەشی بە نووسـین بـۆ بنێـرن، (گولسـتان) خـان، ئەگەر پێشـتر بۆتـان نەنـاردووە، چـونکە ئیزافـاتی زۆر زۆری تێـدایە، هەنـدێکی پەیوەنـدی بە وەزارەتەکەی بەڕێزیـانەوە نیـیە، بەڵام هەندێکی پەیوەندی هەیە، ئێمە کام ئالیەت بە باش دەزانێ بەڕێزیان، دەرفەت بدەین ئەنـدامانی پەرلەمانیش هەر ئیزافەیێکیان هەیە بۆ سەر ڕاپۆرتەکە قسە بکەن ئینجا بەڕێزیان یەك جار قسـە دەکا؟ یان پێی باشە قسە لەسەر ڕاپۆرتەکە بکا و دواتر دەرفەت بدەین بە ئەنـدامانی پەرلەمـان؟ فەرموون بەڕێز (کوێستان) خان.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله/ وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ من هەردوو ئالییەتەکە گونجاوە، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان چـۆن بڕیـار دەدەن مـن پابەنـد دەبم پێـوەی، ئەگەر پێیـان بـاش بێـت ئێسـتا منـیش ڕاپـۆرتی خـۆم و وەڵامی ئەو دوو ڕاپـۆرتە بدەمەوە، دوایی ئەوان پرسیارەکانیان بکەن، بۆ من گونجاوە، پێیان باشـە ئێسـتا پرسـیارەکانیان بکەن، دوایی وەڵامی پرسیارەکان و ڕاپۆرتەکان پێکەوە بدەمەوە، هەر بۆ من گونجاوە، بەڕێزیان چیان بڕیاردا من پابەندم پێوەی، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێزت، کاك (اومید)، فەرموو.

**بەڕێز ئومید عبدالرحمن حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوای هەردوو راپـۆرتەکە، مـن پێشـنیاری ئەوە دەکەم، بەڕێـز وەزیـری کاروبـاری کۆمەڵایەتی وێرایی بەخێرهانتی، ئەو وەڵامی خـۆی بـداتەوە، لەوانەیە لە هەنـدێك لە وەڵامەکـان، پرسـیاری دیکە لەلای ئەندامانی پەرلەمان بمێنێـتن، جـارێکی دیـکە بەڕێـز ئەنـدامانی پەرلەمـان، پرسـیار و سەرنجەکانی خۆیان بخەنە روو، پاشان بەڕێز جەنابی وەزیر وەڵام بداتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (عباس)، فەرموو.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی جەنابی وەزیر دەکەم، من هەمـان رای کـاك (اومیـد)م هەیە، لەبەر ئەوەی ئەگەر ئەم راپۆرتەمان گوێ لێبوو، تەواوکەر و وەڵامەکانی راپۆرتەکە و ئەم کار و بەرنامانەی جەنابی وەزیر هەیانە، پێم وایە، هەم پرسیارەکانمان کەم دەکاتەوە، هەم باشتر دەتوانین راپۆرتێکی دەوڵەمەند پێشکەش بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون بەڕێز وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی، بەڕێزتان دەست پێبکەن.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله/ وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم کاتەتان بـاش، زۆر سـوپاس بـۆ ئەو هەوڵەتـان، بـۆ ئەو دەرفەتە، بەڕێـز سـەرۆکی پەرلەمـان، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، هەر وەك کاك (رۆمی) باسی کرد، ئەو راپۆرتە زۆر کۆنە، لەبەر ئەوە زۆر لەو بابەتانە گۆرانکاری بەسەردا هاتووە، ئێمە راپۆرتێکمان ئامادە کردووە، وێنەی ئەدەیـن بە سەرۆکایەتی و بە لیژنەی پەیوەندیدار، من کورتەیێکی ئەخـوێنمەوە لێـرە، لەبەر کـاتی بەڕێزتـان، دواتر هەر بەڕێزێك ویستی ئەتوانێ یا لە وانی وەرگرێ یا داوا بکا، خۆمان نووسخەی بۆ بنێرین، من ئەمەوێ پێش ئەوەی بێمە سەر راپـۆرتەکە، ئەمەوێ ئەوە بیـر هەموومـان بـخەمەوە، کە هەر پرسێك یاسایی بێت.

لەناو چاکسـازییەکان هـیچ پەیوەنـدییەکی بە وەزارەتـی کـارو کاروبـاری کۆمەڵایەتییەوە نیـیە، پرسـە یاسـاییەکان پەیوەنـدی بە ئەنجـومەنی دادوەریـیەوە هەیە، پەیوەنـدی بە دادگاکـان و بەدادوەرە بەڕێزەکانەوە هەیە، مەسەلەی راگیراو، بەهەمان شێوە پەیوەندی بە وەزارەتی ناوخۆ وە هەیە، من هەموو راپۆرتەکە نـاخوێنمەوە، کـورتەیێکی دیـارە ئـێمە وەزارەت، بەڕێـوەبەرایەتی گشی، چاکسازییەکانی هەیە، لە خوار ئەوەوە ئێمە شەش چاکسازیمان هەیە.

چاکسازی گەورانی هەولێر، سلێمانی، دهۆك، چاکسازی ژنان و منداڵانی هەولێر، سلێمانی، دهـۆك، ئیشی ئەم وەزارەتەی ئـێمە بە دەق هـاتووە ئەمەیە (چاکسـازیکردن و شـیاندنەوەی سـزادراو، لە رووی رەوشـت و رەفتـار و پەروەردەیـی و کلتـوری و دووبـارە ئامادەکردنەوەیـان وەك تـاکێکی بەسـوود بـۆ نێـو کۆمەڵگـا) داتـاو ئامـار و چالاکیەکـانی بەڕێـوەبەرایەتی گشـتی چاکسـازی

کۆمەڵایەتی، ڕەوشــی چاکســازییەکان لە ڕووی ژمــارەوە لە ئێســتادا، قەلەبــارغێکی زۆر لە چاکسازییەکان بوونی هەیە، بەهۆی بوونی ژمارەیێکی زۆر لە سزادراوان، بۆ نمونە هەر یەك لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی چاکسازی هەولێر، سلێمانی، دهۆك لە بنەڕەتدا توانای لەخۆگرتنی نۆ سەد سزادراوی هەیە، بەڵام لە ئێستادا هەر یەك لەو سێ بەڕێوەبەرایەتییەش ژمارەیێکی زۆر زیاتر لەو ژمارە سزادراوانەی تێدایە.

بۆ نمونە چاکسازی گەورانی هەولێر، دوو هەزار و هەشتا و شەش سزادراوی تێدایە، ئەمە دوا ئامارە، چاکسازی سلێمانی، هەزار و سەد و چل و شەش سزادراوی تێدایە، ئەمە قەلەبارغێکی زۆری دروست کردووە، کاریگەری نەرێنی کردۆتە سەر پرۆسەی شیاندنەوەی سزادراوان، هەروەها لە چاکسازی گەورانی دهۆك، هەزار و دوو سەد و شەست نۆ سزادراوی تێدایە، کە بە هەمان شێوە قەلەبارغی زۆر لەو بەڕێوەبەرایەتییەش بوونی هەیە، ئەو قەلەبارغیەش بۆ سەرجەم بەڕێوەبەرایەتییەکان بەهەمان شێوە، هیچ یەك لە چاکسازییەکان لێ بەدەر نییە.

سەبارەت بە گرفتی بینای بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی گەورانی دهۆك، لە کۆی نەوت هۆڵ، تەنها پەنجا و شەشیان بۆ خۆیان بەکاردێت، سی و شەش هۆڵ لەلایەن وەزارەتی ناوخۆ و ئاسایشەوە بەکاردێت، بەڕێوەبەرایەتی ناوبراو توانای لەخۆگرتنی نۆ سەد سزادراوی هەیە، بەپێی ستاندارد، دەکرێ بۆ هەر هۆڵێك هەشت بۆ نۆ سزادراوی تێدا دابنرێت، بەڵك و لە ئێستادا بەم شێوەیەیە.

پازدە بۆ بیست و پێنج، کەمترینی پازدەیە، زۆرترینی بیست و پێنج سزادراوی تێدایە، ئەمەش بۆتە هۆی قەلە بارغی بەهۆی زۆری ژمارەی سزادراوان، نەتوانراوە بەپێی پێویست پۆلێنی سزادراوان جێبەجێ بکرێت، دیارە ئێمە پۆلێنکردنی سزادراوانمان دەست پێکردووە، من کە هاتم بۆ ئەم، پێشتریش کە پەرلەمانتار بووم، لە خولی دوو، سێ، ئەندامی لیژنەی داکۆکیکردن لە مافی ژنان بووم، بۆ هەموو ئەو چاکسازیانە چووم، وە چەندین حاڵەتی زۆر غەمناکم بینیوە.

خەڵك هەبووە هاتووە بە مەخالەفەی مروری، دوایی جارێکی تر گیراوەتەوە، لەسەر موعتادی، لە سجن موعتاد بووە، منداڵ هەبووە گیراوە لەسەر دزیەکی زۆر بەصیت، بمبورن دوایی لەسەر تاوانی وا هاتۆتەوە کە لە سجن فێر بووە، من خۆم ئەم معاناتەم هەبوو کە پەرلەمانتار بووم، بۆیە کە هاتم یەکەم ئیش دەستمان کرد بەوەی کە تەصنیفی ماددەکان بکەین، جیایان بکەینەوە.

ئەتوانم بڵێم (٨٠%) ئەم کارەمان جێبەجێکردووە، بەڵام بەهۆی ئەم ئەم ژمارە زۆرەوە ناتوانین بە تەواوەتی لە (١٠٠%) جێبەجێی بکەین، چونکە هەندێك ماددە سزادراوی زیاترە، بۆنمونە ماددەی هۆشبەر بەداخەوە، زۆرترین سزادراومان هەیە، یا بازرگانی ماددەی هۆشبەر، بەڵام ئەوەی کە لەسەر مەخالەفەی مروری یا لەسەر شتێکی تر ئەگیرێ کەمترە، تۆ ناتوانی هۆڵێك هەشت کەسی تیا دانێی، یەکێك پەنجا کەس، لەڕووی مافی مرۆڤەوە ئەمە قبوڵکراو نییە.

بۆیە دەستمان پێکردووە، (٨٠%)مان جێبەجێکردووە، بەڵام ڕێگریەکان وەکو باسم کرد، باوەر ناکەم پێویستتان بەوە بێت کە بۆتان بخوێنمەوە، چەند تیرۆر و کوشتن و ئەوانە هەیە، لە چاکسازییەکان، ئەگەر هنیشە ئەیخوێنمەوە، بەڵام ڕاپۆتەکە دواتر لەلای دەستەی سەرۆکایەتی و لەلای لیژنە ئەبێت، بۆ ئەوەی خۆتان ئەو ئامارانەتان لەبەر دەست دابێت، لە چاکسازی هەولێر،

چەند کەسمان هەیە؟ چەندی تیرۆرە؟ چەندی قەتلە؟ چەندی بازرگانی ماددەی هۆشبەرە؟ ئەگەر پێویستتان پێی بوو دەتوانن وەری بگرن، بۆ کاری داهاتووتان.
سەبارەت بە دۆخی بەڕێوەبەرایەتییەکانی چاکسازی ژنان و منداڵان لە هەرسێ پارێزگاکانی هەولێر، سلێمانی دهۆك، ئەم بەڕێوەبەرایەتیانە بە هیچ جۆرێك شیاو نین بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی شیاندنەوە و سزادراوان و نەوجەوانان، وە هیچ مەرجێکی پرۆسەی چاکسازی کۆمەڵاتی تێدا بەدی ناکرێت، کە هۆکارەکەی ئەگەڕێتەوە بۆ بوونی چەند کۆن و کروجەوە لەم بەڕێوەبەرایەتیانە، لەوانە خراپی باڵەخانەکان، دیارە ئەم باڵەخانانە لە ئەساسا هەر خۆی بۆ چاکسازی دروست نەکراون.
دووەم زۆر بچوکن، سێیەم کۆنن، بەڵام لە کابینەکانی رابردوو، بۆ ئەم سێ چاکسازییە زەوی تەرخان کراوە، بۆ ئەم سێ چاکسازیە دیزاین کراوە، دەرخستەی بۆ کراوە، هەندێکیان لێی چۆتە بواری جێبەجێکردنەوە، هەیە دوازدە، هەیە پەنجا، هەیە شەست، بەڵام بەهۆی قەیرانی داراییەوە کارکردنە لە هەرسێ چاکسازییەکە وەستاوە، ئێمە کە دەستبەکار بووین لەم کابینەیە.
سەرەتای کابینەکە خۆتان ئەزانن کە قەیران نەبوو، بارودۆخ باش بوو، بەرنامە داوا کرا لە هەموو وەزارەتەکان، دواتر کۆبوونەوە کرا، لەگەڵ هەماهەنگی بەدواداچوون، دەستەی وەرەهێنان، لایەنە پەیوەندیدارەکان، بۆ ئەو پرۆژانەی کە پێویستن بۆ ساڵی (٢٠٢٠) کاریان تێدا بکرێت، چ پرۆژەی تازە، چ پرۆژەی بەردەوام، ئێمە بۆ پرۆژەی بەردەوای ساڵی (٢٠٢٠) هەرسێ چاکسازیەکەمان خستبووە بەرنامەوە، ئەگەر قەیرانی دارایی نەهاتایە، کۆرۆنا نەهاتایە.
دڵنیام ئێستا لە تەواوبوونابوون، ئەمەش هەر تایبەتە بە ژنان و منداڵان ئەم ژمارەیە، ئەتوانن دەوایی خۆتان وەریبگرن، ئەگەر پێویستتان پێی بوو. کێشەی ئێمە، کێشەیێکی دیکەمان هەیە، نامەوێ هەمووی بخوێنمەوە، کێشەی کەمی فەرمانبەر، هێزی جێبەجێکار، دیارە هەموو ئەوانەی کە پەیوەندیدارن بەم بابەتەوە ئەزانن، لە چاکسازییەکان دوو هێز هەیە، هێزێك هەیە لە دەرەوە، ئەمە هی وەزارەتی ناوخۆیە ئەم هێزە، ئەم هێزە کاری ئەوەیە چاکسازیەکە بپارێزێ، لە هەوڵی راکردن و ئەوانە، ئەم کارانە جێبەجێ بکا، بەڵام لە ناوەوە هێزێکی دیکە هەیە، کە پێی دەوڵێن هێزی جێبەجێکار.
ئەمانەن کە راستەوخۆ پەیوەندیان بە بە سزادراوەکانەوە هەیە، ئەمانەن کە لە ناوەوە کاری سزادراوەکان رێك دەخەن، من بە پەلە بۆتان ئەخوێنمەوە، لە دیوانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاکسازی کۆمەڵایەتی، ئێمە (٨٤) فەرمانبەرمان هەیە، لە چاکسازی ژنان و منداڵانی هەولێر (١٦٤) فەرمانبەرامان هەیە، لەگەڵ (١٥٦) هێزی جێبەجێکار، سەیر کەن دوو هەزار سەد و ئەوەندە، ئێمە سزادراومان هەیە، تەنها (١٥٦) کارمەندی هێزی جێبەجێکارمان هەیە، کە ئەمانە بە دڵنیاییەوە ناتوانن بەردەوام لەوێ بن، چونکە ئەوەی کە لەوێ ئەمێنێتەوە، ئەبێت (٢٤) سەعات لەوێ بێت.
بۆیە بە شەفتات دەوام ئەکەن، ئەم (١٥٦)ە تەقسیمی سێ کەس بکەن، ئەوەندەی ئەمینێتەوە کە بە بەردەوامی لەناو چاکسازییەکانان، چاکسازی گەورانی هەولێر (١٥٨) مەدەنیمان هەیە، (١٦٦) هێزی جێبەجێکار، ژنان و منداڵانی سلێمانی (٩٣) مەدەنی، (١٠٦) هێزی جێبەجێکار، گەورانی سلێمانی (٩٧) مەدەنی، (٢٠٠) هێزی جێبەجێکار، دهۆك (٩٧) مەدەنی ژنان و منداڵان، (١١٢) هێزی

جێبەجێکار، گەورانی هەولێر (٥٦) مەدەنی، (٢٢٣) هێزی جێبەجێکار، من ئەمەوێ ئامارەکەتان بۆ بخوێنمەوە، ئینجا ئەو ڕێکارانەتان بۆ باس بکەم، کە گرتومانەتەبەر، لە کاتی کۆرۆنادا، دیارە بە داخەوە زۆر ئامار بڵاودەکرێتەوە، ئەوەندە کۆرۆنا هەیە.
من چاوپێکەوتنی هەندێك بەڕێزم بینیوە ئەڵێ سێ کەس لە هەولێر مردووە لەوێ بە کۆرۆنا، ئەمە ئاماری دروستە، کە من بۆتان ئەخوێنمەوە، لە چاکسازی گەورانی هەولێر (١) کەس تووشبووە لە سزادراو، (٢٠) کارمەندمان تووشبووە، چاك بوونەتەوە ئێستا، لە گەورانی سلێمانی (٤٥) سزادراو تووشبوون و چاکبوونەتەوە، لەگەڵ (٢٠) کارمەندی تەندروستی تووشبوون و چاکبوونەوە، لە دهۆك خۆشبەختانە هیچ سزادراوێکمان تووشنەبووە.
بەڵام (٦) کارمەندمان تووشبوو بوو، ژنان و منداڵانی هەولێر (٣) سزادراو، ئێستا چاکبوونەتەوە، (٣٠) کارمەند چاکبوونەتەوە، ژنان و منداڵانی سلێمانی هیچ حاڵەتێکمان نەبووە لە سزادراو، دوو کارمەند نەبێت، چاکسازی ژنان و منداڵانی دهۆك هیچ حاڵەتێکمان نەبووە، (٥) کارمەندمان تووشبووە، هەموو چاکبوونەتەوە، بەڵام بە داخەو (١) پاسەوانمان لە چاکسازی ژنان و منداڵان بە ڤایرۆسی کۆرۆنا گیانی لەدەستدا، من ئەمەوێ زۆر بەپەلە بۆتان باس بکەم کە ئێمە چیمان کردووە لە کاتی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنایا، دیارە ئێمە پێش هەموو.
پێش ئەوەی لیژنەی باڵای رووبەڕووبوونەوەی کۆرۆنا دروست بکرێت، ئێمە دەستمان کردووە بە ئیجرائات، لە (٢/٢٧) ئێمە مهاجەمان راگرتووە، مۆڵەتمان راگرتووە، بە هیمەتی خۆمان لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، ڕێکخراوە ناوخۆییەکان، کۆمەڵێك ڕێکخراو هەیە هاوکاریان کردووین، لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی، بۆ معقم، بۆ دەستکێش، بۆ هەموو ئەو شتانەی کە پێویستە، ئێمە ئەوەی کە گرتوومانەتەبەر ئەوەیە کە مۆڵەتمان راگرتووە، لەگەڵ مهاجە، هەر کارمەندێك کە دێتە ژوورەوە بۆناو چاکسازی لە دەرەوە ئەوەی فەحسی پلەی گەرمیەکەی بۆ دەکەن.
دواتر ئەبێت دەستکێش و کەمامەی پێبێت، بە سێ ڕۆژ جارێك هەر شەش چاکسازییەکە تەعقیم دەکرێت، بۆ ئەوەی ئەو کەسانەی کە بەرکەوتنیان دەبێت لەگەڵ سزادراوەکان، ڤایرۆسەکەیان بۆ نەگوێزرێتەوە، ئێمە هەموو ڕێکارێکمان گرتۆتەبەر بۆ ئەوەی کە کەمترین بەرکەوتە هەبێت، ڤایرۆسەکە لەوێ بڵاو نەبێتەوە، چونکە تەنها قەرەباڵغیەکە هۆکار نییە، بۆ بڵاوبوونەوەی، لەوێ لە چاکسازییەکان تەتفیئە مەرکەزییە، بۆیە ڤایرۆسەکە دەوران ئەکا بە هەموو ژوورەکان، دووەم ئەگەر هەر ژوورێك یەك کەسی تێدابێت، ئەگەر ڤایرۆسەکە بڵاوبێتەوە بۆ ژوورەکان ئەگوێزرێتەوە.
راستە قەرەباڵغیش پەیوەندی هەیە، بەڵام ئەوەش هۆکارێکە، هۆکارێکی دیکە ئەوەیە ئەمانە لەبەر ئەوەی کەم ئەچنە بەر خۆر، جوڵەیان کەمە، مەناعەیان کەمە، بۆیە لەکاتی تووشبووندا زیاتر بەرەو رووی ئەوە دەبنەوە کە گیان لەدەست بدەن، ئێمە دیارە ئەزانین کە بەراستی ئەمان بەهۆی ئەوەی کە لە کەس و کاریان، (٦) مانگ خەڵك کەس و کاری نەبینێ، لە شوێنێکی ئاوایا، حاڵەتی باری دەروونی تێك دەچێت، بۆیە ئێمە چیمان کردووە، پیشتر پێش کۆرۆنا، تەلەفۆنی عومومیان هەیە، هەر هۆڵێك تەلەفۆنی خۆی هەیە، سەعات (٨)ی بەیانی بۆ (٨)ی ئێوارە تەلەفۆنیان هەبوو، ئێستا کردوومانە بە (٨)ی بەیانی بۆ (١٢) شەو، بۆ ئەوەی هەموو کاتێك کە

بیـانەوێ قسـە لەگەڵ کەس و کاریـان بـکەن، لەگەڵ چـاوپێکەوتنی ڤیـدیۆیی، کە لە ڕێـگەی ئەنتەرنێتەوە، بە سەرە ڕۆژانە نزیکی (١٠٠) سزادراو قسە لەگەڵ کەس و کاریان دەکەن.
هەروەهـا ئـێمە ئەماناتمـان هەیە لە دەرەوە ڕێکمـان خسـتۆتەوە، نەك هەر ئەمانـات هـاتووین حەواڵەمـان دروسـتکردووە لە کـاتی ئەو کەرەنتینەیـا، بـۆ ئەوەی کەسـێك لە ڕانیە ئەیەوێ پـارە بێنێ بۆ سزادراوەکەی لە چاکسازی سلێمانی، بەهۆی کەرەنتینەوە ڕێـی لێنەگیـرێ، بەهـۆی بـاری ئابوورییەوە، لەوێوە خەڵـك پـارەکەی حەواڵە ئەکـرد بـۆ سـلێمانی، لە سـلێمانی، هەولێـر، دهـۆك، ئەمانات هەیە، فەرمانبەری تایبەتی خۆی هەیە، پارەکە وەردەگرێت، دەیدا بە سزادراوەکە، ئـێمە هەموو ئەم ڕێکارانەمان گرتـۆتەبەر، بـۆ تەشـەنە نەسـەندنی ڤایرۆسـەکە، دیـارە ئـێمە کۆمەڵێـك داواکاری و کۆمەڵێك پێشنیارمان خستۆتە بەردەمی بەڕێز سەرۆکی حکومەت.
لەکاتی کەرەنتینەیا، کە بۆمان جێبەجێ بکات، هەردوو جارەکە، جاری یەکەم لیژنەی دروسـتکرد، لیژنەیێکی باڵا، من لە کاتی کەرەنتینە چووم بۆ هەولێر، نوسراوەکەم یەکسەر ڕاستەوخۆ ئاراستە کرد، دوو ڕۆژ دوای ئەوە وەڵاممان دەداتەوە، لیژنەیێکیان دروستکرد بـۆ ڕێکارەکـان چـی بکرێـت، جاری دووەم لە کاتی سەرهەڵدانەوەی ڤایرۆسەکە بەشێوەیێکی کتوپڕ لە دوای جەژنی ڕەمەزان.
نامەیێکی شەخصیم بە وەتس ئـاپ لە مـاڵەوە بـۆ نـارد، داوای لێکـرد بە تەحدیـد چیتـان ئەوێـت، بۆتان بکەین، داوای مۆڵەتی درێژخایەنمـان کـرد، داوای ئەم خاڵانەمـان کـرد، لێبـووردنی گشـتی، هەموارکردنی لێبوردنی (٢٠١٧)، یان مـۆڵەتی درێژخـایەن، بـۆ ئەمـانە جـوابی داویـنەتەوە، دواتـر داوامـان کـردووە کۆمەڵێـك مەسـتەلزەماتمان بـۆ دابـین بـکەن، بـۆ چاکسـازییەکان، بـۆ ئەو چاوپێکەوتنە ڤیدیۆییانە، ئەوانەشیانیان بۆ جێبەجێکردین، دوامان کرد کە مەسـەلەی تەنـدەرین پارەکانیـان دوا ئەکەوێـت، کێشـەی مقـاول ئەوەیە بەهـۆی قەیرانـی دارایـیەوە پـارەکەی دوا دەکەوێت، خواردنی چاکسـازییەکان کـوالێتیەکەی دادەبەزێـت، ئەوەش نوسـراویان کـردووە بـۆ وەزارەتی دارایی کە بەپەلە پارەکانیان بۆ خەرج بکرێ.
داوامان کردووە کە (٢٠) پاسەوان بۆ سلێمانی، هەولێر، دابمەزرێ، ئەوەش نوسراویان کردووە بۆ وەزارەتـی نـاوخۆ، لەبەر ئەوەی کە ئێسـتا دامەزرانـدن نیـیە، لە یەکەی پاسـەوانی یەکـی (٢٠) پاسەوانیان بۆ تەنسیب بکەن، من بۆخۆم، هەروەها بەڕێوەبەری گشتی چاکسازی بە بەردەوامـی سەردانی چاکسازییەکانمان کردووە، بەشەو بوبێـت، بە ڕۆژ بووبێـت، ڕووبەڕوو، لەگەڵ ئەوانەی کە کۆرۆنایـان بـووە، قسـەمان کـردووە لەگەڵیـان کۆبـووینەتەوە کە بـزانین کێشـەیان چیـیە؟ هەرچیەکیشان پێویست بێت، مـن نامەوێـت بچـمە ئەو تەفاصیلەوە ڕەنـگە هەندێکیشـی ببێـتە مەدح و ئەوانە کردوومانە بۆیان، لەسەر مەسەلەی ئەوەی ئێسـتاش مهـاجەهە هەیە، هەرچەنـدە زۆر بە قەلەقییەوە دەستمان پێکردۆتەوە لە ترسی ئەوەی کە ڤایرۆسەکە بچێتە ژوورەوە، بەڵام ئیتر لەوە زیاتر نەمـان ئەتـوانی تەحەمـولی گلەیـی و گازنـدەی کەسـوکاریان، حـاڵەتی دەروونـی سـزادراوەکان بکەیـن، بـۆیە ئێسـتا لە سـلێمانی لە هەردوو چاکسـازییەکە، لە هەولێـر لە هەردوو چاکسازییەکە، (١٠) ڕۆژە موهاجەهە هەیە، بەس بە تەحدید، ڕۆژی (١٠٠) کەس، ئەبێت تەنها سـێ کەسیش لە خزمی دەرەجە یەکی بچێت، بەخۆپارێزییەوە.
بەڵام لە دهۆك نەمانتوانیوە، خۆتان وەزعی دهـۆك ئەزانـن، ئەوە لەسـەر مەسـەلەی ڤایرۆسـەکە، لەسـەر عەینـی چاکسـازییەکان، ئـێمە کە هـاتووین لە چەنـد مـانگی یەکەمـدا، هەمـوو ئەو

تەفاصیلانەی کە لەم راپۆرتەدا هەیە، داوامانە بە ئەنجومەنی وەزیران، لیژنەیێکی باڵا دروستکرا لە وەزارەتە پەیوەندیدارەکان، چەند کۆبونەوەیەکیان ئەنجامدا، بە ئومێدی چارەسەرکردنی ئەو کێشانە.
بەڵام کۆرۆنا هاتـ کەرەنتین کرا، کۆبـوونەوەی لیژنەکـان پەکـی کەوت، دوای کەرەنتیـنە جـارێکی دیـکە لیـژنەکە دەسـتیا کـردووە بە ئـیش و کـاری خۆیـان، بـۆ هەمـوو ئەو کێشـانەی کە لە چاکسـازییەکان هەیە، پرۆژەیـان خسـتۆتە بەردەمـی سـەرۆکایەتی ئەنجـومەنی وەزیـران، بـۆ مەسەلەی کێشەی ئەوانەی کە تیرۆرە، ئەوانەی کە ئیعدامە، قەرەباڵغییەکان.
دیارە هەمووی ئێستا لەبەردەستیاندایە، ئەگەر پێویستی کرد لە کاتی وەڵامـدانەوە پێتـان دەڵـێم پێشنیارەکان چین بۆ ئەم بابەتانە، چاوەڕێی جێبەجێکـردنین لە لایەن ئەنجـومەنی وەزیـرانەوە، کە جێبەجێ بکرێت، لەو کێشانە نەجاتمان ببێت، من راپۆرتەکە نامەوێـت هەمـووی بخـوێنمەوە، بـۆ نمـونە ئـێمە تیـرۆر هەزار و هەشـت سـەد و دوو کەس تیـرۆری ناوەراسـت و باشـوور لەلای ئێمەیە، ئەمە داوامان کردووە بگوێزرێنەوە، ئەوە دواتر ئەتوانن خۆتـان لە سـەرۆکایەتی هەمـوو ئەو زانیاریانەی تێدایە راپۆرتەکە وەری بگرن.
بەڵام ئەوەی من ئەمەوێ لەسەر پێشنیارەکان بە پەلە بۆ ئەوەی هەردوو راپۆرتەکە پێشـنیارەکان ئەوەی پەیوەندیدارە بە ئێمەوە، هەر وەك كاك (رۆمیۆ) باسی کرد، مەسەلەی ئەم خاڵانە ئەمەوێ بەپەلە جوابی بدەمەوە، زۆر کۆنە بۆیە زانیارییەکانیش کۆنن، ئەوەی تەندەرینی سلێمانی تەواو بووە كاك (رۆمیۆ)، نەبوونی مـووچە و دەرمـاڵە راسـتە بە کـۆی گشـتی فەرمـانبەران مـووچە بە داخەوە دوا دەکەوێـــت، بەڵـم دەرمـــاڵە هەیە لە چاکســـازییەکان، فەرمـــانبەریش و هێـــزی جێبەجێکاریش (٤٥٠) هەزار دەرماڵەیان هەیە، کە هیچ فەرمانبەرێك لە دیوانی وەزارەتی ئێمەدا، لە دیوانی بەڕێوەبەرایەتییەکانی ئێمە ئەم دەرماڵەیان نییە، بۆ مەسەلەی دروسـت کردنـی لیـژنە کە نوێنەری ئێوە تێدابێت.
دیارە ئەو لیژنانە لە ئاستی وەزارەتەکاندایە، بۆیە من پێم وایە دروست نییە لیژنەیەك سـەرۆکی لیژنەکە مودیر عـام بێـت، ئەنـدام پەرلەمانێـك ئەنـدامی لیـژنە بێـت، ئەگەر وەزیـریش سـەرۆکی لیژنەکە بێت، مـن پـێم وایە نـا ئاسـاییە، سـەرۆکی لیـژنە وەزیـر بێـت، بەڵام ئەنـدامی پەرلەمـان ئەندامی لیژنەکە بێت، ئەمە دوو بابەتی جیاوازن، ئێـوە دەسـەڵاتێکی تەشـریعی رەقـابین، بەڵام ئەوەی ئەم لیژنانە لیژنەی تەنفیزین، بۆیە بە بڕوای من ئەتوانن داوای کۆنووسەکان بـکەن، داوای کۆبوونەوە بکەن لەگەڵیان، بەڵام بـۆ خـۆم هەر چەنـدە ئێـوە ئەگەر پێتـان ئاسـایی بێـت، مـودیر عامێـك سـەرۆکی لیـژنە بێـت، ئێـوە تیایـابن، بـۆ مـن زۆر زۆر جێـی خۆشـحاڵییە ئێـوە تیایـابن، مەسەلەی پێشنیارەکانتان ئەوەی یەکەم پەیوەندی بە خۆتانەوە هەیە.
خاڵی دووەم و سێیەم مەسەلەی لێبوردن، یان ئەوەی (٢٠١٧) ئەوە دەسەڵاتی خۆتـانە، دەسـەڵاتی وەزارەت نییە، خۆتان ئەزانن دوو جۆر لێبوردن هەیە، لێبوردنی تـایبەت لە دەسـەڵاتی سـەرۆکی هەرێـمە، لێبـوردنی گشـتی لە دەسـەڵاتی پەرلەمـانە نەك ئـێمە، بـۆ مـۆڵەتی درێژخـایەن زۆر بە کورتی، من ئەمەوێت بۆتان باس بکەم، وەکو باسم کـرد لە پێشـنیارەکانمان بـۆ بەڕێـز حکومەت، باسی مـۆڵەتی درێژخایەنمـان کـردووە، ئەڵێـت مـن رەزامەنـدم، بەڵام یەك مـاددەی دەستنیشـان کردووە، کە ئەویشی تێدابێت.

ئێمە کۆمەڵێك حوکم دراومان دەستنیشان کردووە، کە نابێت مۆڵەتیان بدرێتێ، ئێمە دیارە یەکێکمان بیر چوو بوو، ئەویشی ئیزافە کردووە، بەڵام ئەڵێن جێبەجێی کەن، بەڵام جێبەجێکردنی مۆڵەتی درێژخایەن راستە ئەو ئەڵێت من رەزامەندم، بەڵام پێویستی بە هەمواری پەیرەو، دەرکردنی رێنمایی هەیە، ئەوە لە دەسەڵاتی کەسدا نییە، چونکە بەپێی یاسای (١٠٤)ی ساڵی (٨١)ی عێراقی لەگەڵ پەیرەوەکەی چاکسازییەکان کە ئێمە کاری پێدەکەیت، بەڕێوەبەرەکانیش دەسەڵاتی پێدانی مۆڵەتیان هەیە، بەڕێوەبەری گشتی، بەڵام هی چەند رۆژ؟ هی پێنج رۆژ، بۆ ئێمە بۆ کاتی کۆرۆنا، لەبەر ئەوەی سزادراوێك ئەچێتە دەرەوە بەرکەوتنی ئەبێت، رەنگە لە رۆژی پێنجەما بەرکەوتنی هەبێت، فریا ناکەوین پشکنینی بۆ بکەین و ئەنجامەکەی وەرگرینەوە، داخلی چاکسازی بکەینەوە، داوامان کردووە سێ مانگ بێت، ئێمە هاتین پەیرەوەکەی کە ئەنجومەنی وەزیران دەری کردووە.
ئەو پەیرەوە هاتین هەموارمان کرد، ناردمانە ئەنجومەنی وەزیران، بەهۆی کۆرۆناوە زۆری پێچوو، دەوری مانگێك، هەتا خستیانە کۆبوونەوەی لیژنەی یاسایی، لە لیژنەی یاسایی پێیان وتین ئێمە وەك ئەنجومەنی وەزیران ئەبێ یاساکە، ئێمە وەك وەزارت یاساکە تەعدیل بکەین، بینێرینە ئەنجومەنی وەزیران، ئەنجومەنی وەزیران بینێرێتە پەرلەمان، خیلافێکی یاساییمان هەبوو، ئێمە ئەمانوت لەبەر ئەوەی پەیرەوەکە لە ئەساسا ئیستینادی نەکردۆتە سەر ئەو قانوونە. ئەنجومەنی وەزیران ئەتوانێت هەمواری بکات، بەڵام ئەوان سووربوون لەسەر ئەوەی کە ئەبێت یاساکە هەموار بکەین، ئێمە پرسی ئەنجومەنی شورامان کرد، ئەنجومەنی شورا پێیان وایە ئێمە ئەتوانین پەیروەکە هەموار بکەین، بەڵام نەگەیشتینە ئەنجام، دوێنێ ئەخیر رەئی لیژنەی یاسایم وەرگرتەوە، ئەڵێ ئێوە یاساکە هەموار بکەن بینێرنە حکومەت و پەرلەمان، سیفەتی ئیستیعجالی ئەدەینێ بۆ ئەوەی زوو یاساکە هەموار بکەین، دوێنێ پێیان وتووم ئەنجومەنی وەزیران، ئەمڕۆ هەموارەکەیمان ئامادەکردووە، یەك شەمە ئەینێرینە ئەنجومەنی وەزیران، هیوادارم کە هاتە لای ئێوە سیفەتی ئیستیعجالی بدەنێ، بەپەلە یاساکە هەموار بکەنەوە، بۆ ئەوەی بتوانین ئەو مۆڵەتە درێژخایەنەی کە خۆشتان داواتان کردووە جێبەجێی بکەین.
مەسەلەی خاڵی پێنجەم من باس کرد، مەسەلەی دادگا، ئەوە پەیوەندی بە ئێمەوە نییە، پەیوەندی بە ئەنجومەنی دادوەرییەوە هەیە، گەرانەوەی دەسەڵاتی پێدانی تەندەری، من ئەزانم ئێوە لە حەریصیتانە، بەڵام من بۆ خۆم پێم باش نییە، پێم باشە محافەزە بیکات، بەڵام ئەم پێشنیارەم بە محافەزەش وتووە، ئەبێت لیژنەکان بۆ شەشە مانگ جارێك بگۆردرێن، بۆ ئەوەی لەگەڵ کۆمپانیاکانی دابەش کردنی خۆراك تەنسیق و ئەوەیان نەبێت.
ئەم لیژنانە ئەبێت چالاك بکرێن، ناکرێت ئێمە ساڵێك پێش ساڵێك من نوسراوم داوە بە یەکێك لە پارێزگایەکان کە تەندەرین بکەن، دوای ساڵێك بیکەن، ئەبێ ئەم لیژنانە چالاك بکرێن، بۆ ئەوەی ئێمە ناچار نەبین درێژی کەینەوە، دوو مانگ و چوار مانگ، لیژنەکانیش هیچ دەست تێکەڵاویەکیان نەبێت لەگەڵ خاوەن کۆمپانیاکانا، دواتر راپۆرتەکە ئەدەم بە سەرۆکایەتی ئەتوانن وەری بگرن، دوایش هەر بەرێزێك پرسیاری هەبوو، دیارە قسەی زیاتر ئەکەین لە ئەوەیا، بەڵام پێشنیارەکانی کە (گولستان) خان خوێندییەوە، یەکەم، دووەم، سێیەم، چوارەم، پێنجەم، شەشەم، هیچ پەیوەندی بە ئێمەوە نییە، پەیوەندی بە دەسەڵاتی دادوەرییەوە هەیە.

حەوتەمیش راستە پەیوەندی بە پەرلەمانەوە هەیە، یاسای بەدیلە، بەڵام من بۆ خۆم چوومەتە چاکسازی منداڵان، مناڵ هەیە لەسەر جووتێك كۆتر گیراوە، دواتر كە كاتی بەربوونی دراوە، لە ژێر پردەكەی سلێمانی دوو كۆتری دزیوە، هەتا ئەو كەسەیان دۆزیوەتەوە كە كۆترەكانی لێ دزاروە، چەند مانگێكی پێ چووە، دوای كە هاتۆتەوە، وتوویەتی من هەر نەمزانیوە ئەو كوڕە لەسەر من سجن كراوە، حوكم دراوە، ساڵێك لەسەر دوو كۆتر، یەعنی ئەمە كارەساتە.
شتی دیكەش، لەسەر بیبسی، لەسەر یەك شوشە بیبسی، منداڵ هەیە ساڵێك سزا دراوە، ئەمە ئەكرێت یاسایەك كە لە وڵاتانی پێشكەوتوو هەیە، ئەمە حەل ئەكرێ بە یاسای عقوباتی بەدیلە، ئەم یاسایە لەباتی ئەوەی سزای ساڵێك یان دوو ساڵی بدات، كاری كۆمەڵایەتی پێ ئەكات، ئەو منداڵەی ساردییەك ئەبا، ئەكرێ سزاكەی ئەوە بێت، بۆ شەشە مانگ لەو دوكان ئیش بكات، ئێوارانیش بتلێك بیبسی بدەنێ، ئەمە بۆ هەموو ئەوانی دیكە، ئێمە پرۆژە یاسایەك كە ئەمە پەیوەندی بە ئێمەوە نییە دیارە، پەیوەندی بە پەرلەمانەوە هەیە، دەركردنی یاسا، بەڵام لە پەرۆشیمان بۆ ئەو منداڵانە كە بەو شێوەیە بەراستی ناحەقیان بەرامبەر كراوە.
یاسایەكمان ئامادە كرد بە ئەنجامدانی چەندین ووِرك شۆپ، من خۆم یاساكەم برد بۆ ئەنجومەنی شورا، لە پەرۆشیم بۆ قەزییەكە سەرۆكی ئەنجومەنی شورا وتی لە تاریخی كابینەكانی حكومەت یەكەم جارە وەزیر خۆی پرۆژەیەك دێنێ، كەواتە پرۆژەكەتان زۆرپێ گرینگە، ئەو كاتە هەر كاتێك پرۆژەكە، دیارە پرۆژەك دەبێت بە هەمەلایەنە ئامادە بكرێت، ئەوەی ئێمە جارێكی دیكە دانیشتنی لەسەر بكرێ لەلایەن ئەنجومەنی شوراوە، كە هاتە ئێرە هیوادارم بەشێوازێك دەری بكەن، كە هیچ كەسێك لەم هەرێمە ئەو غەدرەی لێنەكرێ، مەسەلەی داواكاری گشتی، ئێمە لە هەموو چاكسازییەكان هونەری داواكاری گشتی هەیە، لە ژنان و منداڵان، لە گەوران، بۆ ئەم پرسیارە ئەندامی داواكاری گشتی هەیە، بۆ زۆر بابەت داواكاری گشتی ئەگەر بڕیاری لەسەر نەدا، یان فایلەكان واژوو نەكا، تەنانەت دادگاكانیش جێبەجێی ناكەن، یەعنی رەئی ئەو دوا رەئە لە چاكسازییەكان، بۆ لایەنی دەروونی خاڵی پێشنیاری نۆیەمتان، من حەز دەكەم لیژنەیێكتان سەردان بكات، چەندین رێكخراوی نێودەوڵەتی.
چەندین رێكخراوی ناوخۆیی، بەبەردەوامی لەگەڵ سزادراوەكان خولیان بۆ ئەكەنەوە، ئەیان بینن، ئەچنە ناویان، من زۆربەی ئەو رێكخراوانە خۆم سەردانم كردووەن، یان هاتوونەتە لامان، كە لە لایەنی دەروونییەوە نەك تەنها بۆ دەروونی.
بۆ مەسەلەی ماددەی هۆشبەر، رێكخراوێك هەیە لە سلێمانی تەنها كاری ئەوەیە، ئیش لەسەر سزادراوەكان بكا، بۆ رزگاركردنیان لە ماددەی هۆشبەر، عقوباتی بەدیلە جارێكی تر دووبارە بۆتەوە، وەڵامم دایەوە، خاڵی سێزدە ئەوە هەر پەیوەندی بە ئێمەوە نییە، بۆ مەسەلەی چاكسازییەكان، باسی ئەوە كرا كە هۆڵی تێدابێ و وەرشەی تێدابێ و ئەو شتانە، من حەز ئەكەم بزانن، یەكەم ئێمە مەكتەبمان هەیە لە چاكسازییەكان، تەلەبەی جامیعەمان هەیە، تەلەبەمان هەیە لە كولیەی قانوون ئەخوێنێ، تەلەبەمان هەیە لە پۆلی (١٢)، ئەم ساڵ دەرچوون، تەلەبەمان هەیە لە متەوەستە هەمانە لە سەرەتایی.
یەعنی مەكتەبی تەواوە، جیناحە، مەكتەبە، هەموو پۆلەكان یەك، دوو، سێ، چوار، هەتاكو دوازدەش، جامیعەش ئەیانبەن بۆ جامیعە ئەخوێنێ، تەلەبە هەیە، بەڵام بە تەنسیب، دیارە

مەکتەبەکان سەر بە چاکسازییەکانن، بەڵام بە تەنسیق و هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتـی ناوخۆیـا، بۆ مەسەلەی سیمینار، هەر سێ چاکسازی گەوران هـۆڵی گەورەی تێـدایە، هـۆڵی سیمینار، هەر هۆڵێکیان (١٦٠) کەس ئەگرێ، بەڵام تۆ (١٦٠) کەس ئەتوانی بیهێنی خولی بۆ بکەیتەوە، بەڵام تـۆ (٢٠٠٠) دوو هەزار کەسـت هەیە، حیسـابی کە چەنـدی دیـکە هەموویـان بەریـان دەکەوێ، ئەو خولانە ببینن، لە کاتی کەمبوونی قەرەباڵغیا خولی راهێنـان، سیمینار، وۆرك شـۆپەکانیان، ئەمـانە هەمووی زیاتر ئەبێت بۆ شیاندنەوەیان.
ئـێمە کتێبخانەمــان هەیە، کتێبخــانەی گەورە لە هەر ســێ چاکســازی، لە چاکســازی ژنــان و منداڵانیش هەمانە، کتێبخانەی گەورەمان هەیە، کتێبی زۆر باشـی تێـدایە، ساڵانە ئـێمە مەعـرەز ئەکەینەوە، مەعرەزی کتێب، کە لەناو چاکسازییەکانا، خەڵك هەیە کتێبی نووسیوە، ئەتوانن بچن داوای ئەو کتێبانە بکەن، لەوێ ئەوەی کە کتێبێك ئەنوسێ، ئێمە پاداشتی ئەکەین، نـاتونین، یاسـا رێگامـان پێنـادات لە سـزاکەی کەم بکەیـنەوە، بەڵام ئیجـازەی ئەدەینـێ، ئیجـازەکەی بـۆ زیـاد ئەکەین، بە دەیان سزادراومان هەیە، دیوانی شـعریان هەیە، رۆمانیـان هەیە، یـان سـەربووردەی خۆیان نوسیوەتەوە لە چاکسازییەکاندا، ئەم ساڵ داوامان کردووە لە مەعرەز، ئەوەی کتێبخانەی دەولی، بەشـێکمان بـدەنێ بـۆ ئەوەی ئەو کتێبـانەی سـزادراوەکانمان نوسـیویانە، لەوێـدا عەرزی بکەین، لەسەر مەسەلەی وەرشە، ئـێمە وەرشـەمان هەیە، دارتاشـی، ئاسـنگەری، خەیـاتی، ئیشـی دەست، ئەمانە سـزادراوەکان ئیشـی تێـدا دەکەن، دواتـر داهاتەکانیـان ئەفرۆشـرێت، داهـاتەکەی ئەچێتەوە بۆ خەزێنەی دەوڵەت، بەڵام ئەوانەی لەوێ ئیش دەکەن، مانگانە پارەیان ئەدرێتێ، کێ ئەیانداتێ؟ کۆمپانیای خۆراکەکان ئەبێ بیانداتێ.

**بەڕێز هیمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز جەنابی وەزیر، ئەگەر تۆزێك ئاگات لە کات بێـت، بۆچوونەکانـت کـورت کەیـتەوە، چـونکە ئەنـدامانی بەڕێـزی پەرلەمـانیش پرسـیاریان هەیە، بـۆ ئەوەی بەپێـی مـاددەی (٥٤) سـێ دەقە وەختیان بدەینێ.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله/ وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ، بەسەرچاو، زۆر بەپەلە، بۆ مەسەلەی خواردن، کە خواردنەکە وا بێ بۆ زەخت و ئەوانە، من حەز ئەکەم بـزانن، سـزادراو خـۆی خـواردن بۆخـۆی دروسـت دەکـا، خـواردنەکە بە وشـکی ئەیاندرێتێ، خۆیـان بەپێـی زەوق و بەپێـی سـەلیقەی خۆیـان لێـی دەنـێن، هـۆڵی سزادراو سێ بەشە، مطبخی هەیە، حەمام و توالێتی هەیە، شوێنی دانیشتنی هەیە لە قاتی سـەرەوە، شـوێنی نوستنی هەیە.
بـۆیە هەمـوو سـزادراوەکان، خۆیـان خـواردنی خۆیـان ئامـادە دەکەن، جـگە لە ژنـان و منـداڵان نەبێت، میزانیەکانیان، ئێمە کە هاتین زیادمان کردووە، بۆیە ئەڵێم ئەم راپۆرتە زۆر کۆنە، پێشـتر هەشـت ملیـۆن بـوو، ئـێمە کردوومـانە بە دوانـزە، لە کـاتی ئەم قەیرانەیـا کە کـراوە بە (٥٠%) میــزانیەی چاکســازییەکان، خانەکــان، شــەڵتەرەکان، دەســتکاری نەکــراوە، بەدەر کــراون لەم کەمکـردنەوەیە، مـاددەی هۆشـبەر ئەگەر زۆر بەپەلە، کـاك (هـێمن) ببـورە، جێگـری سـەرۆکی

پەرلەمان، ماددەی هۆشبەر لە سلێمانی دڵنیاتان ئەکەمەوە زۆر بە تەواوەتی کۆنترۆڵکراوە، هەر کەسێك بڕوا ناكات، ئەتوانیٚ لیژنەیێکی صحی بچێت فەحسی میز و خوێنیان بۆ بکات، لە دهۆك لە (١٠٠%) نەماوە، دڵنیاتان ئەکەمەوە، ئەوەی کە چوبێتە دهۆك ئەزانیٚ چاکسازی دهۆك لە چ ئاستێکدایە، تەنانەت ئەوانەی ماددەی هۆشبەر بەکار ئەهێنن یان بازرگانن، رووبەروو کەسوکاری خۆیان نابینن، وەکو ئەوانەی کە بینیوتانە لە فلیمەکانا لە رێی پەنجەرەوە بە تەلەفۆن قسە دەکەن، بۆ ئەوەی بۆیان نەبەنە ژوورەوە.

بەڵام لە هەولێر، بەڵیٚ کێشەمان هەیە، کێشەی ماددەی هۆشبەرمان هەیە، کێشەی بردنە ژوورەوەی مۆبایلمان هەیە، بەڵام ئێستا خەریکی گۆرانکاری زۆر گەورەین لەناو چاکسازییەکان، بۆیە سەرەتا مەسئولی هێزی جێبەجێکارمان گۆڕیوە، چاکسازی دیکەش دەکەین، بە مەبەستی هەموو چاکسازییەکان، بنکەی تەندروستی داوا کرابوو، لەو پێشنیارانە، بنکەی تەندروستی بکرێتەوە، لە هەر شەش چاکسازیەکان بنکەی تەندروستیمان هەیە، بنکەی تەندروستیەکانی چاکسازی گەوران، ببورن سلێمانی نیمانە، ژنان و منداڵان، بەڵام لەبەر ئەوەی هەردوو چاکسازییەکە لە تەنیش یەکەوە کە ژنێك نەخۆش ئەبێت ئەیبەنە چاکسازی گەوران، بەڵام خەستەخانەی چاکسازییەکانمان رێکخراوی خاکی سووری نێودەوڵەتی هاوکارمانە، لە ئاستی زۆر بەرزدایە، تەنانەت ئێمە یەکێك لەوانەی کە ڤایرۆسی کۆرۆنای هەبوو، پێویستی بە ئۆکسجین و ئەوانە هەبوو، نەمانبردە خەستەخانە چونکە خۆمان هەموو ئەو جیهازانەمان هەیە، لەویٚ متابەعەمان کرد، شوکر بۆ خوا چاکیش بۆوە، خوێندنگامان هەیە، کتێبخانەمان هەیە، توێژەرە کۆمەڵایەتیەکانمان راستە کەمە، بەڵام ئەگەر خۆتان سەردانیان بکەن لەگەڵیان قسە بکەن، چەندین خولیان لە دەرەوەی وڵات و ناوەوە بینیوە، هەموو سزادراوێك فایلی خۆی هەیە، لەلایەن توێژەرەوە هەڵسەنگاندنی بۆ ئەکریٚ، بۆ کاتی فراچەرتی، بۆ کاتی بەربوون، بۆ کاتی مۆڵەت، ئەبیٚ هەیبیٚ، تۆ سجنێك ئەگەر شمولیشی بکا، ئەگەر توێژەرەکەی هەڵسەنگاندنی بۆ نەکردبیٚ کە هەڵسوکەوتی شیاوە، مۆڵەتی پیٚ نادریٚ، بۆیە ئەوەشمان هەیە، بۆ مەسەلەی ئەوەی کە بنکەیێکی مافی مرۆڤ هەبیٚ، من پێم وایە ئەوە پێویستی بە هەموارکردنی یاسای ئێمەش و دەستەی مافی مرۆڤیش هەیە، چونکە ئەو شتانە هەمووی بە یاسا رێك ئەخرێت، یەعنی ئەبێت خۆتان ئەوە جێبەجیٚ بکەن، من ئەوە وەڵامەکانم بوو داوای لێبوردن دەکەم، درێژەم پێدا، هەر بەرێزێك پرسیاری هەیە، با بفەرمویٚ، دوایی وەڵامی ئەدەمەوە.

**بەڕێز هیمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بۆ بەڕێز وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی، ئێستاش داوا لە ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمانی کوردستان ئەکەین، هەر بەڕێزێك ئەیەویٚ ناوی بنوسریٚ، بۆ ئەوەی بەشداربێت، با بەڕێز سکرتێری پەرلەمان ناوەکان بنوسیٚ، بە پێی ماددەی (٥٤) تکاتان لیٚ ئەکەین، پابەندی کاتی (٣) دەقەیی خۆتان بن.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (باپیر)، کاك (حکمت)، کاك (زانا)، (جوان) خان، کاك (شێخ ظاهر)، کاك (سەروان)، (شیرین) خان، (شادی) خان، کاك (باڵانبو)، کاك (هاوریٚ)، کاك (بەڵێن)، کاك (جەمال)، کاك (ملا ناصر)، کاك

(عباس)، كاك (كاروان)، كاك (رزگار)، كاك (ياسين)، كاك (د.كاظم)، كاك (د.محى الدين)، كاك (د.اسماعيل)، كاك (سيپان)، كاك (دياری)، (بدريه) خان، مامۆستا (ابوبكر)، (د.عثمان)، (هلز) خان، (سەرچنار) خان، كاك (مم)، (مژده) خان، كاك (مسلم)، كاك (هێڤيدار)، كاك (ملا ويس)، كاك (ئازاد)، (سوسن) خان، (د.گلاويژ)، (گوليزار) خان، (حسيبه) خان، كاك (عثمان سيّدەری)، كاك (ياسين)، كاك (شاخەوان)، كاك (باپير)، فەرمووون. بەڕێزان بەگوێرەی ماددەی (٥٤) كات دەگرينەوە.

**بەڕێز باپير كاملا سليمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەرەتا بەخێرهاتنی بەڕێز خاتوو (كوێستان) وەزيری كاروباری كۆمەڵايەتی دەكەم، دەست خۆشی لە ليژنەی كاروباری كۆمەڵايەتی دەكەم، لە وەزيری پەيوەنيدار، بۆ بەرچاوروونيمان كۆمەڵێك پەيوەست بوو بە رەوشی گيراوان، تۆمەتباران، بەندكراوان، بێگومان ئەوەی كە من هەڵم هێنجا لە هەردوو راپۆرتی ئەوان و راپۆرتەكەی وەزارەت، كۆمەڵێك رێكار دەكەوێتە ئەستۆی دەزگای پەيوەنديدار، دەزگای تەنفيزی، دەسەڵاتی دادوەری، دەكەوێتە دەسەڵاتی تەشريعی، ئەوەی كە پەيوەندە بە دەسەڵاتی تەشريعی، من پشتيوانی لەوە دەكەم، ياسای تايبەت ياخود هەمواركردنەوە و بەشێك لە ياسای سزادانی عێراقی بە وەرگرتنی ياخود ياسايەكی تايبەت دەركەين، بۆ ئەوەی زياتر بتوانين، لەگەڵ ئەو قۆناغە كۆمەڵايەتييەی كە تێيدادين، لەرووی ئەو پێشكەوتنانەوە، ياسای سزادان دەركەين، دوو ياسای كاروباری كۆمەڵايەتی، وەزارەتی كاروباری كۆمەڵايەتی هەموار بكرێتەوە و، ياسای لێبوردنی گشتی دەربكەين، بەڵام بە مەرجێك دەريبكەين و پێش ئەوەی دەريبكەين وەزارەتی كاروباری كۆمەڵايەتی پۆلينی گيراوەكان و ريگيراوەكانمان بۆ بكات لەگەڵ بەندكراوەكان بەپێی ئەو ماددانە، بۆ ئەوەی زۆرينەی خەڵك سوودمەندبێت، هەم رێژەكە كەم بكەينەوە، هەم بارگرانی لەسەر حكومەت كەم بكەينەوە، هەم ئەوانيش بگەڕێنەوە ناو كەس و كاری خۆيان، لەگەڵ هەمواركردنەوەی ئەو ماددە و بڕگانەی كە پەيوەندی بە راگيراوان هەيە، پێش ئەوەی تۆمەتباربن راگيراون هەم دادگای سەربازيمان هەيە، دادگای ئاسايشی ناوخۆمان هەيە، دادگای وەزارەتی ناوخۆمان هەيە، ئەو راگيراوانە ئەوانيش وەزارەتە پەيونديدارەكان لێرەبان زياتر بەرچاو روونيمان دەبوو كە پێويستە لە دانيشتنێكی تردا ئەوە ببينين بۆ ئەوەی بزانين راگيراوان حاڵيان چيە، ئەوەی لە راپۆرتی ليژنەی كاروباری كۆمەڵايەتی دابوو بەشێكی باسی ئەوەی كرد تاوانبار، من پێشنيار دەكەم راست بكرێتەوە بكرێتە تۆمەتبار، لەبەر ئەوەی تاوەكو دادگا يەكلای نەكاتەوە نابيتە تاوانبار، تۆمەتبار و تاوانبار جيايە، باشترە بەو ۆرە بەكاری بێنين لە بەشی دووەمی راپۆرتەكە باس بكات، كێشەيەكی ترمان هەيە دەربارەی تەميزی هەر قەزيەيەك دەچێتە دادگای تەميز هەيە ساڵەك يان شەش مانگی پێدەچێت دوايش كە دەردەچێت تەميز دەكرێتەوە ئەو شەش ساڵە و شەش مانگە زياتر لە خۆی دەگيرێت، ياخود دەبێتە دڵە راوكێ بۆ ئەو بەندكراوە يان ئەو تۆمەتباركراوە، بۆيە دادگای تەميزيش پەيوەندی بەوەيە كە بۆ هەر قەزيەيەك ليژنەيەك لە حەوت دادوەر پێكدێت، ئەو حەوت دادوەرە رێژەيان كەمە لە دادگای تەميز بە كێشەكان رانەگەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

گلیزار خان فەرموو.

**بەڕێز گلیزار رشید حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەڕای بەخێرهاتنی جەنابی وەزیر دەکەم، بەپێی راپۆرتی لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی، هەروەها راپۆرتی بەڕێزیانیش تەنقوزێك دەبینم، لێرەدا مەبەستی چاکسازی چییە، چاکسازی بەپێی ستاندارتی جیهانی دەبێت توانای لەخۆگرتنی نۆ سەد کەس هەبێت، بەڵام لێرەدا دوو هەزار کەس تێدایە، هەروەها کارمەندیان کەمە و کارمەندی موختەسیش کەمە، خولی تایبەتیشیان هەر چەندە بەڕێزیانیش گوتی خولی تایبەتیشمان هەیە بۆ نەجارە و ئەو ئەمانە، بەڵام ئەگەر دوو هەزار کەس بێت چۆن فێریان دەکەن، بە رای من ئەم چاکسازیەی لێرەدا بگۆڕن ناوەکەی، ناوی سجن بێت، ئەم بارگرانیەی وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی بگوازرێتەوە بۆ وەزارەتی عەدل چاکترە، چونکە لێرەدا چاکسازی بەم ژمارە زۆرە و بەم کەرستە کەمە بڵێین ئەوانەی موختەس بن، بۆ نموونە مسەڵەن بڵێین ئەوانەی تووشی موخەدەرات دەبن دەبێت دکتۆری موختەسی تێدابێت، ئەگەر بەر لە سێ مانگ بتوانێت ئەو کەسە لەو نەخۆشیە تێپەڕبێت، هەروەها بەڕێزتان باسی ئەوەتانکرد کە چوار سەد و پەنجا هەزار بۆ ئەو کەسانەی وەکو دەرماڵە پێیان دەدرێت، باشە ئەمە نابێتە شکڵێك بڵێین واسیتەکاری بکرێت هەندێك فەرمانبەر خۆیان نەقڵ بکەن بۆ ئەم وەزارەتە و موختەسیش نین لێرە کار بکەن دەبێتە سەبەبی ئەوە زیادبوونی ئەم کارمەندانە بێ ئیستیفادەیەکی باش بۆ کەسە بێت موختەس بێت، مەسەلەن بڵێین باحسی ئیجتیماعی بێت یان دکتۆری موختەس بێت تاوەکو بتوانێت ئەم سزادراوانە عیلاج بکرێت، ئینجا من ئەم پرسیارانە ئاراستەی جەنابت دەکەم، ئایا ئەم وەزارەتە ناتوانێ ئەم توانایەی هەبێت بەشی چاکسازی ببێت بە سجن و بچێتە سەر وەزارەتی عەدل، ئەو بارگرانیە بۆ وەزارەتی ئێوە دروست نابێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

شرین خان فەرموو.

**بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی جەنابی وەزیر دەکەم، ئێمە داواکارین لە وەزیر کە بەڕاستی ئەوانەی کە لە ناو چاکسازی دەوام دەکەن و پۆلیس و کارمەندەکان هیوادارین زوو زوو بگۆڕێت و بە عیلاقاتی شەخصی نەیەنە ئەوێ، چونکە جەنابی وەزیر خۆی باش دەزانێت لەو ماوەیە کە چ روویداوە، بە تایبەتی ئەوانەی مادەی هۆشبەر بەکار دەهێنن لە رێگەی کارمەندەکانەوە بۆیان دەگوازرێتەوە، هەروەها رەوشی چاکسازییەکانیش هەموومان دەزانین کە خەڵکێکی زۆری لێیە، هیچ بنەمایەکی چاکسازی وای لێهاتووە تێیدانییە، لەبەر ئەوەی خەڵکەکە زۆرە لە ناو، هیچ دەوراتەك و هیچ شتێك شمولی هەمووان ناکات، هەمووشیان حەزیان پێیە، زۆربەی کەس و کاری زیندانیەکان داوای ئەوە دەکەن کە ببیندرین، ئەوان دەڵێن سێ کەس، کە سێ کەس بێت لە

خـانەوادەکی جـاری وا هەیە ئەو کەسـەی کە بەنـدکراوە چـوار منـداڵی هەیە یـان پێـنج منـداڵی هەیە، یان کەسەکە دایك و باوکی دەیەوێت ببینێت، زۆربەی گلەیی کەس و کـاری زینـدانیەکان ئەوەیە چوونە فەحسیان پێکراوە و لە هەمان کاتدا نەشیان هێشـتووە بچـن سـەرەدانیان بـکەن، یەعنی هەر فەحسێك بە پەنجا هەزار دینار دەکرێت، لەلایەك ئەوان زیندانیەکان بەخێـو بـکەن و لەلایەك ئەو هەموو فەحسەی بکەن، بۆ بابەتی تەلەفـۆن، ئیتیصـالات هەبـووە بە ڤـایبر هەبـووە، بەڵام دەقەك و دوو دەقە بـۆ ئەوان تەقـریبەن دەکەوتەوە مـانگی یەك کەس بەری دەکەوێـت، زینـدانیەکان ئەوەنـدە زۆرن، چاکسـازیەکانی هەولێـر و سـلێمانی و بە گشـتی کوردسـتان، بەڕێـز وەزیر گوتی هەموو مانگانە یان حەفتانە هەمووی تەعقیم دەکرێـت، تـا ئێسـتا ئـێمە هەر لیـژنەی خۆمان سەرەدانی چاکسـازییەکیان کردبـوو لە هەرێمـی کوردسـتان دوای ئەوەی کە ڤایرۆسـەکە تەواوببوو هێشتا ئەو شوێنە تەعقیم نەکرابوو لەوێ، هیوادارم بەڕێز وەزیر باسی ئەوەی کرد کە ئیتیصالی بە سەرۆکی حکومەتەوە کردووە، بەڵام جوابەکانی ئەوی پێ نەگـوتین، ئایـا سـەرۆکی حکومەت رەزامەندبووە لەسەر لێبوردنی گشـتی یـان هەمـوارکردنەوەی یاسـای (٢٠١٧)، وەڵامی ئەوەمان وەرنەگرت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شاخەوان فەرموو.

**بەڕێز شاخەوان رؤوف مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە جەنابی وەزیر روونکردنەوەی زۆر باشی دا لەسەر کار و چالاکی یان باشـترکردنی رەوشـی زیندانیانی چاکسازی گەوران لە هەر سێ پارێزگای سلێمانی و هەولێـر و دهـۆك، بەڵـێ وایە ئـێمە هەندێك جار تەلەفۆنمان بۆ دێـت لە چاکسـازییەکان لەسـەر ژیـان و گوزەرانیـان، لەسـەر ئـیش و کاریان بابڵێین ئەوانەی کە لە رابردوو وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی بۆیـان کـردوون، قسـەکە ئەمەیە هەندێك لە کارمەندەکان تەقریبەن داوای ئەوە دەکەن یان ئەوانەی کە لەوێ گیراون یـان سجنن یان حوکمن، هەندیکیان داوای ئەوە دەکەن بۆ چەند مانگێك مەسئولی یەکەمیان با بڵێین بەڕێوەبەری فەرمانگەکە ئـالوگۆڕی تێـدا بکرێـت، لەبەر ئەوەی گۆڕانکـاری لە مەسـئولی یەکەمـی زیندانیەکان با بڵێین چاکسازیەکان بکرێت بۆ ئەوەی مانەوەی زۆری بەڕێوەبەرەکان یان بەپرسی یەکەمـی چاکسـازیەکان لەوێ دەتـوانم بڵـێم مانەویـان بـاش نـیە، زۆر بمێنێـت، لەبەر ئەوە هەم کارمەندەکان و هەم مەسئولی یەکەمی فەرمانگەکە با بڵێین چاکسازییەکە ئەگەر بکرێـت لایەنی کەم شەش مانگ جارێك یان ساڵی جارێك ئالوگۆڕ و تەنەقولاتی تێدا بکرێت، بە تـایبەتی جـگەلە مـروری چاکسـازییەکان و مەسـئولی بەشـەکانیش ئەوانەی کە لەوێ کاربەدەسـتن و کارمەنـدن لەوێ ئالوگۆڕیان پێ بکرێت، چونکە ئەو تەنەقولات و ئالوگۆڕە هەتا دەکرێت بۆ نموونە لە بەینی شوێنەکان شارەکانیش ئەمە بکرێت خراپ نیە، چونکە لە راستیدا هەندێك جموجـوڵ و حەرەکە و ئەوانە هەیە تا رادەیەك دەتوانم بڵێم نـا تەبیعیـیە، بەڵام خـۆش بەختـانە وەزارەتـی کاروبـاری کۆمەڵایەتی ئەوەنـدەی ئـێمە موتابەعەمـان کردبێـت یـان هەتـا وەکـو لیـژنەی نـاوخۆی ئـێمەش چەندین جار تەلەفۆنمان بۆ کراوە ئێمە چاودێری و موتابەعەمان کردووە لە ئەدای کار و چالاکی

و كاركردنی وەزارەتی كاروباری كۆمەڵایەتی تا رادەیەكی زۆر باش زیندانیەكان زۆر رازین، هەر ویستم پێشنیاری ئەوە بكەم كە ئالوگۆڕ و تەنەقولاتی مەسئولی بەشەكان و هەتا بەڕێوەبەری فەرمانگەكە ئەگەر بكرێت شەش مانگ جارێك یان ساڵی جارێك ئالوگۆڕەكە بكرێت باشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك د.كاظم فەرموو.

**بەڕێز د.كاظم فاروق نامق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی بەڕێز جەنابی وەزیری كار و كاروباری كۆمەڵایەتی دەكەم، پێمخۆشە بڵێم دەستخۆشی لێیان دەكەم هەر خۆی وجودت لێرە هەم جورئەتی خۆتە و هەمیش حیسابكردنە بۆ پەرلەمان، سەبارەت بەو روونكردنەوانەی كە جەنابیان دای ئەوەی كە بینیمان موتابعێكی باش بووە بۆ دۆخی چاكسازییەكان هەر چەندە چاكسازیەكان بێ كەم و كوڕی نەبوونە، زۆر تەلەفۆن بۆ هەموو ئەندامانی پەرلەمان كراوە بەراستی تەلەفۆناتێكی زۆر بێژمار لە چاكسازییەكانەوە كراوە، كۆمەڵەیەكی زۆر كێشە رووبەرووی ئەندامەكان كراوە ئەوەی زۆر تەركیزی لەسەركراوە لەلای من وە پەیوەندی بە وەزارەتەكەی بەڕێزیانەوە هەیە ئەوەیە كە لە مەسەلەی پێداویستییە تایبەتیەكاندا بەتایبەت خواردن و گەیاندنی ئەمانەتەكان لەلایەن كەس و كاریان بەدەستیان كێشە و كەم كورتی هەبووە، بۆ نموونە یەكێكیان باسیكرد یەكێك لە زیندانیان باسی ئەوەی كرد كە لە هاویندا لە تەلەفزیۆندا دەمان بینی جوتیارەكان ئەو هەموو سەندوقە تەماتەیان فڕێدا ئێمەش لە ناو چاكسازییەكان كیلۆیەك تەماتەمان بە دوو هەزار دینار دەكڕی، بەلای منەوە تۆزێك ناڕەحەت بووم بە دڵنیاییەوە، یەكێكی تر لە كێشەكانیان ئەوەبوو كە رەنگە تا رادەیەك جەنابتان بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزیرەكانی تر بیگەیەنن ئەوەیە كە مەسەلەی عەفو و لێبوردنی گشتی بە دادپەروەرانە بێت، بۆ نموونە ئەگەر سنفێكی تاوان وجودی هەیە و بەر عەفواتی گشتی دەكەوێت بەپێی ئەو یاسایەی كە لە ساڵی (٢٠١٧)دا دەرچووە هەموو سنفەكە بە دادپەروەرانە سوودمەندبن لەو یاسایە، چەند كەسێك كە هەمان جۆری تاوانیان هەیە عەفوات نایانگرێتەوە و چەند كەسێكی تر بە پێچەوانە ئیستیفادە لە بابەتەكە نەكەن بە مەرجێك كاریگەری نەبێت لەسەر ئاسایشی خەڵك و ئاسایشی نیشتیمانی و هەتا دوایی، یەكێكی تر لە كێشەكانیان ئەوەبوو كە ئەو بەڕێزانەی كە لە چاكسازیەكانن بە تایبەت ئەو حەوت مانگە كێشەی بینینی كەس و كاریان هەبووە، راستە ڤایرۆسی كۆرۆنا ئەو بابەتانە وجودی هەبووە و لە ئارایە، بەڵام دەكرا لە رێی كۆمەڵێك ئامێری ئەلیكترۆنیەوە سمارتفۆن و ئەو شتانەوە وا بكرێت كە لایەنی كەم زیاتر دەرفەتی ئەوەیان هەبێت كە لە مانگێكدا یان لە حەفتەیەكدا یان لە رۆژێكدا لەگەڵ كەس و كاریاندا چەند دەقەیەك زیاتر قسە بكەن، یەكێكی تر لە بابەتەكان ئەوەبووە كە زیندانی هەبووە بۆ نموونە من خۆمان سەرەدانی فراكسیۆنەكەمان سەرەدانی زیندانی دهۆكمان كردووە، سەرەدانی زیندانی زاخۆمان كردووە، زیندانی چاكسازی سلێمانیمان كردووە، هەندێك لەو كەسانەمان دیووە كە مانیان گرتووە لە خواردن، بۆ نموونە

خەڵکی تێدابووە گوتوویەتی بیست و سێ ساڵە لە ناو ئەم زیندانەم حوکمم بە ماددەیەك كە حوكمی ئیعدامی هەبووە گوتوویەتی بۆمان یەكلایی بكەنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك مسلم فەرموو.

**بەڕێز مسلم عبدالله رسول:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لە سەرەتادا زۆر بەخێرهاتنی كوێستان خان دەكەم، دیارە بە خوێندنەوەی هەردوو ڕاپۆرتی باسكراو زۆر سەرەنج دروست بوو، ئەوەی كە باسكرا لۆدێكی زۆر هەیە لەسەر كۆی چاكسازییەكان كە دڵنیام هۆكارێكە بۆ هێناندی مەفهومی ووشەی چاكسازی كە خۆی لە خۆیدا دەبێت بەڕاستی مرۆڤی تۆمەتبار یان تۆمەت ئاڕاستەكراو و سزادراو چاكساز بكات، ئاڕاستەی ئیجابی ژیانیان بگۆڕێت، ئەوەی گرنگە لای من ئەو لەیەك جیاكردنەوەیە كە بۆ زیندانیان و ڕاگیراوان بكرێت، بەڕێزیان باسیكرد كە كارێكی باشكراوە و هەنگاوێكی باش نراوە، بەشێكی كەمی ماوە، چونكە بەڕاستی كێشەیەكی گەورەیە مەعقول نیە كەسێك كە بە دزی تۆمەتبارە یان تۆمەتێكی ئاسانتر كە لەگەڵ خەڵكێك تێكەڵ بكرێت بە تاوانێكی گەورەتر لە كوشتنە لە مادەی هۆشبەرە بە تیرۆرە، بێگۆمان ئەوە كاریگەری خراپ دروست دەكات لە ژیانی سزادراو و بە دید و ڕەفتارێكی زۆر خراپتر بە نێگەتیڤی دواتر دێتەوە ناو كۆمەڵگاوە خێزان و دەوروبەری ئەو كەسە باجی لەسەر دەدەن، ئەوەی لای من پرسیارە بەڕاستی ئەوەیە ئایا چی كراوە و چی دەكرێت لە داهاتوودا كە بە ئاڕاستەی چاكسازیكردنی زیندانیان یان ڕاگیراوان بۆ دەورات و خولی گۆڕینی ژیانیان، دەورات بۆ گۆڕینی سایكۆلۆژیادا و ئارامكردنەوە و دروستكردنەوەی دەروونی تاوانبار، چی كراوە بۆ كردنەوەی دەورات بۆ كارمەندانی چاكسازییەكان؟ بێگومان ئەوانە وەكو مامۆستان، وەكو ڕێپێشاندەری چاكسازییەكانن كە ئەوان هەمیشە ئیش و كاریان لەگەڵ چاكسازییەكانە، سەرەدانیان دەكەن، لەگەڵیان تێكەڵ دەبن، چی كراوە بۆ ئەوان؟ واتە چەند تواندراوە بەڕاستی ئەوانە دروست بكرێن بە ئاڕاستەی ئیجابی لەسەر كاریگەری دروست لەسەر زیندانیان، دووبارە بە دید و بۆچوونێكی چاك و سەلیم بێنەوە ناو كۆمەڵگا، بەخێرهاتنیان دەكەم و دەست خۆشیان لێدەكەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك هێڤیدار فەرموو.

**بەڕێز هێڤیدار احمد سلمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پرسیارەكان دەكەم، بەڕێز وەزیری كاروباری كۆمەڵایەتی ئەمەی لەسەر قۆدیەكی بیبسی بە ساڵێك سجن كراوە دواتر لە سجن كابرا وەك جەنابت نموونەیەكت هێناوە دەچیتە ناو سجنی چاكسازی فێری تریاك بووە، كێ بەرپرسە ئەمە چاك بكاتەوە دواتر؟ خێزانی ئەمە دەتوانن سكاڵا لە حكومەت بكات؟ لەو دائیرە بكات كە نەیتوانیوە ئەم كابرایە عیلاج بكات؟ كە ناوەكەشی سجنی چاكسازییە، كێ بەرپرسە زەحمەت نەبێت؟ چارەنووسی ئەوانەی كە لە (٢٠١١) لە سجنی

چاکسازی دهۆك هەڵاتن چی لێهاتووە؟ تەحقیقتان کردووە و بە کوێ گەیشتوونە؟ ئەوانەی منداڵەکانیان لە ساڵی (٢٠١١) یازدە کەس بوون چەند کەس بوون لە ناو سجنی چاکسازی دهۆك هەڵاتن عەرزیان کۆڵا و دەرچوون، ئەوانە چی لێهاتوون؟ کێ لەگەڵ بوون تەحقیقتان کردوو کە ئێستا بەڕێزتان وەزیری؟ منداڵەکانی ئەوانەی کە لەگەڵ دایکیانن کێ بە خێویان دەکات مەسەلەن دایکێك موتەهەمە بە قەزیەیەك لە ناو سجندا ئەو منداڵە چۆن بە خێو دەکرێت؟ لە رووی خواردن، لە رووی پەروەردە، ئەمە لە رووی نەفسیەوە بەیانی گەورە بوو هیچ پەیوەندی بە جەریمەکە نیە، کە دەرچوو لە سجن رەنگە کابرایەك فێرە هەزار شت ببێت، بۆ منداڵ دەخرێتە ناو سجن، زەحمەت نەبێت چییان بۆ دەکەن؟ خەرجی گیراوێکی ناو سجن لەسەر حکومەت چەند دەکەوێت و مانگانە چەند پارە دەدەن؟ هەر سجنێك لە ناوەوە خەرجی رۆژانەی چەندە؟ هەروەها سەیری ئەو ئامارانەم کرد هەزار و دوو سەد و شازدە کەس لەوانەی کە ئیدارەی ئەم چاکسازییانە دەدرێت نە خوێندەوارن، یەعنی لە ئامادەیی تاوەکو نەخوێندەوارە، زۆرترینیان ئەوانەن، چۆن کابرایەك بەم شەهادە دەتوانێت سجنی چاکسازی بەڕێوەبەرێت کە زۆرترین فەرمانبەرەکان ئەوان بن، تەنها چوار سەد و نۆەد و چوار کەس لەسەرەوەی دبلۆمەوە شەهادەی هەیە، باقیەکەی تر لە ئاستی ئەوانە نینە کە ئیدارەی سجن بکەن، چۆن ئێوە دەتوانن بەمە قەناعەت بە ئێمە بێنن؟ دوو سێ پرسیاری سەریعیشم هەیە، هیچ بەڕێوەبەرێك یان ئەفسەرێك تێوەگلاوە کە دەرمانی مادەی هۆشبەر و شتی تر داخیل بکرێت و سزادراوە؟ هەیە ئاسانکاری کردووە لە ناو سجن خەڵك هەڵبێتن؟ گیراون ئەوانە؟ ئەوانەی کە هەڵاتوون مەسەلەن ئیجازیان پێدەدەن هەر سێ مانگ جارێك، یەك دوو حەفتە لە ماڵ بن ئەوانەش هەبوونە هەڵاتوونە جەنابی وەزیر؟ زۆر سوپاس؟

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك حکمت فەرموو.

**بەڕێز حکمت محمد عبو زید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنا وەزیرا هێژا دکەم، من سێ پرسیارێت هەی بۆ جەنابیان، یەك: بەحسێ دهۆکی کر، من پێمباشە باشترە ئەم ژی تەفسیلا وەرگرین کا چ کێماسی هەنە ل چاکسازیا دهۆکی؟ دوو: جەنابیان بەحس کر کو ئەڤێت ناڤ سجنێ دا بەرگریا وانا یا کێمە ژبەر کو تاڤێ نابینن، من پێمباشە و پێشنیاریش دکەم نوکە عیلاجێت هەی کو جهێ تاڤێ بگرن ئێکێش وانا ژی باشتر دزانی کو ڤیتامین (ب) و چەندین ڤیتامینی دی تر هەی، ژبەر کو ئەڤ ڤایرۆسێ کۆرۆنا ڤایرۆسەکی گەلەك مەترسیدارە، ژبەر هەندێ پێشنیار دکەم پتر بۆ وان سجنیان بیتن، پتر بۆ وانا بیتن کو ڤی بابەتی کۆرۆنای پتر سەحەتا وان باشتر ببیت، سێ: ئەگەر زارۆکەك گەل دایکا خۆ بکەفتە حەپسێ دا تەبیعی زارۆك بێ گونەحە، مەسەلەن بەر شیرە بچیکە یەك ساڵیە، یان بچیك ترە، تا چەند دمینیت دگەل دایکا خۆ و پشتی هەنگی دەردەکەڤیت؟ هەرچەندە ئەڤە پرسیارەکا یاساییە ژی، بەس لازمە ل دوو ساڵا تێپەڕ نەبیت، ژبەر کو ئەڤ زارۆکە ئەگەر ل حەپسی دا بمینیت هەر نەفسیەن دی تێکچیت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوسن خان فەرمووو.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەستخۆشی لە لیژنەی تایبەتمەند دەکەم و بەخێرهاتنی جەنابی وەزیر دەکەم، لە راستیدا من چوار پرسیارم هەبوو کە دوویان لەلایەن وەزیری بەڕێز وەڵامدرانەوە، هەروەها سەبارەت بە راپۆرتی لیژنەی تایبەتمەند لە راستیدا منیش لەگەڵ ئەوەم کە لە خاڵی دوازدە کە ئاماژەپێدراوە ناکرێت لیژنەی پەرلەمانی لەگەڵ لیژنەی حکومەت لە یەك لیژنە دابن، چونکە ئێمە دەسەڵاتی یاسادانین، ئێمە بەدواداچوون دەکەین، چاودێری کارەکانی حکومەت دەکەین، ئەوە ناکرێت سەبارەت بە مەسەلەی ئەوەی کە ئەو لیژنەیەی بۆ دروست بووە لە راستیدا یەکێك لە ئامانجەکانی دروست بوونی ئەو لیژنەیە ئەوەبوو کە لە رەوشی ئەوانەی کە لە چاکسازییان بکۆڵدرێتەوە بە هۆی هاتنی پەتای کۆرۆنا، بەڵام ئاماژەیان ژمارەکە نەکردووە کە وەزیری تایبەتمەند ئاماژەی پێدا، پرسیارێکی ترم سەبارەت بەوەی کە بۆچی لەو راپۆرتەدا ئاماژەی پێکراوە کە دۆسیەکان لە کاتی یاسایی خۆیدا یەکلا نابێتەوە، یەعنی ئەوە هۆکارەکان بۆچی دەگەڕێتەوە؟ بۆچی یەکلا نابێتەوە لە دادگاکان؟ چونکە ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەی کە قەڵەباڵغیەکی زۆر لەو چاکسازییانە دروست ببێت، هەم دەبێتە هۆی ئەوەی کە بە زۆربوونی ئەو قەڵەباڵغیەوە تووشی پەتای کۆرۆنا ببن، تووشی کارەسات ببن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

شادی خان فەرمووو.

**بەڕێز شادی نوزاد وهاب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هەوڵدەدەم لە کاتی خۆمدا پرسیارەکانم بکەم، هەرچەندە پرسیارەکانم زۆرن، هەوڵدەدەم ئەوەش بڵێم کە برادەر و هاوکارەکانم نەیان گوتووە، ئێمە کێشەیەکی گەورەمان هەیە لە ناو چاکسازییەکاندا، بەڕێز جەنابی وەزیر وێڕای بەخێرهاتنت، نەبوونی ڕێکاری توند و تۆکمە بۆ دەرکردنی ئەو عقوباتانەی کە ئەو کەسانەی لە ناو چاکسازیەکاندا هەڵ دەکەن و مەحزەریان بۆ دەنووسرێت، خۆتان دەزانن بەپێی قواعیدی نیلسۆن ماندێلا هەر کەسێك کە دەچێتە ناو چاکسازییەکانەوە بەرچاوڕوونی هەبێت لەوەی کە چی موخالەفەیە و چی نابێت بکات، چۆن مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت لە کاتی بوونی موخالەفەکان کە موخالەفەیەکی کرد، ئەمڕۆ لە ناو چاکسازیەکان ئەو بەرچاوڕوونییەمان نییە، من ئەوەندەی سەرەدانی چاکسازیەکانیشم کردبێت بە لەوحاتی ئیعلانی ئێمە ئەوەمان نیە دیاریکرابێت چی موخالەفەیە و چی موخالەفە نییە، دواتر موشکیلەیان بۆ دروست دەبێت زۆرێکیان کە نازانن چی موخالەفەیە و بە مەحزەر بۆیان دەنووسرێت و دواتر لەسەر ئیفراجی شەرتی بۆیان حیساب دەبێت، خاڵێکی تر ئەو ژنانەی کە منداڵیان لەگەڵدایە لە ناو چاکسازیەکاندا، بەپێی یەك دێر لە مافەکانی منداڵان لەگەڵ دایکەکانیان دەمێننەوە لە ناو چاکسازییەکان ئەوەش لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی باڵای منداڵە

له هەر دۆخێك لە دۆخەكاندا، كە هەر بەپێی ئەو دێرە ناتوانین ئەوە لەیەك بدەینەوە كە ژینگەی چاكسازییەكان ژینگەیەكی لەبار نییە بۆ پەروەردەكردنی منداڵان، بۆیە دەتوانین ئەم منداڵانە بگوازینەوە یەكسەر بۆ خانەكان و لە خانەكان چاودێریان بكرێت تاوەكو ئەو كاتەی كە دایكەكان عقوبەكەی تەواو دەكات و دەگەڕێتەوە ناو كۆمەڵگا، ئێمە لەچاكسازییەكاندا بەڕاستی لە سلێمانی هەشت بۆ نۆ توێژەری كۆمەڵایەتی دەروونیمان هەیە، موقارەنەتەن بەو رێژە زۆرەی كە لە ناو چاكسازییەكاندا سزادراومان هەیە، مەسەلەن بۆ سلێمانی بەپێی ئەو رێژەیەی كە هەمانە بۆ هەر بیست سزادراوێك پێویستیمان بە توێژەرێك هەیە، شەست بۆ شەست و پێنج توێژەری كۆمەڵاییەتیمان هەیە كە هەشت كەسمان هەیە، هەشت توێژەرمان هەیە، كە ئەمە بەڕاستی كارەساتە، خاڵێكی ترمان ئەوەیە كە بزانین پلانی بەڕێزتان چییە بۆ رووبەرووبوونەوەی ئەم خاڵە، گرتن و گواستنەوەكان لەسەرتاسەری هەرێمدا پڕبوون و رۆژانە سزادراوی نۆی دەگوازرێتەوە بۆ چاكسازییەكان كە ئەمەش دیسان لۆدێكی تر دروست دەكات، لە ئێستادا ئۆڤەرلۆدە هەموو چاكسازییەكان، چاكسازی هەولێر دووجار و هەندێكی تر موقارەنەتەن توانای وەرگرتنی خەڵكی تێدایە، بەڕێزتان پلانتان چییە بۆ رووبەرووبوونەوەی ئەم خاڵە؟ برادەران زۆرەكیان باسیان لەو خاڵەكرد ئێمە ناوی چاكسازییەكان بگۆڕین یان چۆنە، ئێمە دەبێت بیر لەوە بكەینەوە كە فەلسەفەی ئێمە بۆ چاكسازییەكان یان بۆ سزادراوان چییە، ئەگەر چاكسازیە پلانمان چییە لەگەڵ ئەم لۆدە زۆرە، چونكە كەسمان ناتوانین خۆمان لەوە بدەین كە بەم لۆدە زۆرەوە هیچ كەسێك لە ناو چاكسازەییەكاندا بەرەو چاكسازبوون نابێتەوە، بۆ تێكەڵبوون بۆ ناو كۆمەڵگا، ئایا دەتوانین ئێمە لەم حاڵەتدا چی بكەین، یان پەرلەمان دەتوانێت چی بكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عباس فەرمووو.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی چەنابی وەزیر دەكەین، سەبارەت بەم دانیشتنە كە تایبەتە بە زیندانیكراوەكان، ئەوەی كە ئەسڵی مەسەلەكەیە كە زیاتر بەڕاستی گفتوگۆكراوە، راپۆرتەكەی لیژنەكان راپۆرتی باش بوون، وەڵامەكەی وەزیر من دەستخۆشی لێدەكەم، كاری باشكراوە، بەڵام ئەوەی كە پێویستە بگوترێت لە هەرێمی كوردستان پێویستە حكومەت بە هەر نرخێك بێت بتوانێت بارودۆخی زیندانیەكان باشتر بكات كە ئەمە پێمـوایە پارەی دەوێت، پێویستی بەوەیە زیندانەكان فراوان بكات، ئەوەی كە داوا و داخوازی زیاتر لیژنەكان و خەڵكە لەسەر هەموومان ئەسڵی مەسەلەكە ئەوەیە ئایا ئێمە لە پەرلەمانی كوردستان لەم بارودۆخەی ئێستا پێمانباشە كە لێبوردنێكی گشتی دەربكەین لە ناویان هەمواری یاسای لێبوردنی گشتی رابردوو بكەین، پێموایە ئەوە بەشێك دەبێت لە چارەسەرەكە، مۆڵەتدان بۆ سجن من پێموایە ئەمە زیاتر زیندانیەكان قەڵەباڵغ تر دەكات، پێموایە لە داهاتوویەكی نزیكدا كێشەمان زیاتر بۆ دروست دەكات، لەبەر ئەوەی كە مۆڵەتی سێ مانگی دەدەی بە هەر زیندانییەك خۆ مۆڵەت بە تەواوكردنی سجنەكەی

ئەژمار ناكرێت، كە ناكرێت بە بەردەوامی ئەم مۆڵەتانە زیاتر دێتە سەر و زیندانی دێتەوە سەر، بۆیە پێموایە چارەسەری ئەم بارودۆخە ناكات، راستە كۆرۆنا بۆ ئەمڕۆیە و بەسەریش نەچووە كۆرۆنا، ناشزانین چەند ساڵی تر بەسەر دەچێت، بەڵام دەكرێت یان ئەوەتا حكومەتی هەرێمی كوردستان لە توانای دا هەیە بارودۆخی فراوانی بیناكان بكات بۆ ئەوەی چارێكی تر تووشی ئەو ئیشكالە نەبین، لێبووردنی گشتیش تەقریبەن بۆتە عورفێك لە هەرێمی كوردستان هەر پێنج ساڵێك جارێك لێبووردنێكی گشتی دەردەچێت كە ئەمە لایەنی سلبی و ئیجابی هەیە، پێموایە هەندێك لە ماددەكان پێویستی بەوەیە كە بەڕاستی هەمواربكرێتەوە، هەندێك بابەت هەیە پێویستە بتوانین بە غەرامە بۆ زیندانیەكان تێكەڵ بكەینەوە، ئەو كەسە بیانیانەی لە باشوور و ناوەڕاستەوە لێرەن چۆن دەتوانن حكومەتی هەرێمی كوردستان لەگەڵ ناوەندا رێك بكەون بۆ ئەوەی بیانێرنەوە بۆ جێگاكانی خۆیان، هەموو ئەم بابەتانە بابەتی باشن، بەڵام بە لای منەوە زیاتر تەركیز لەسەر لێبووردنە گشتیەكە بكەینەوە، ئایا لەم بارودۆخە دەتوانین بیكەینە بەرنامە بۆ ئەوەی لێبووردنێكی گشتی دەربكەین ئێمە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

د.محی الدین فەرموو.

**بەڕێز د. محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وێڕای بەخێرهاتنی وەزیری كاروباری كۆمەڵایەتی، دەستخۆشی لە هاوڕێیانم دەكەم لە لیژنەی كاروباری كۆمەڵایەتی، ئەوەی پەیوەندی بەوە هەبێت بەشێك لەو بابەتانەی كە بەڕێز وەزیر باسیكرد و روونكردنەوەی باشیدا، بەڵام هەندێك دەنگۆ یاخود هەندێك هەواڵ هەن كە لە هەندێك لە گرتووخانەكان لەلایەن هەندێك لە كارمەندانەوە مامەڵەی نەشیاو لەگەڵ هەندێك راگیراوان یاخود ئەو سزادراوان دەكرێت، دوو: من لەگەڵ گۆڕینی پاسەوانی گرتووخانەكانم یان چاكسازییەكان لەگەڵ بەڕێوەبەری بەشەكان، چونكە بەشێك لەوەی كە بەڕێزی ئاماژەی پێدا بە تایبەتی لە چاكسازییەكەی هەولێر كە باسی بردنە ژوورەوەی هەندێك مەوادی هۆشبەر دەكرێت حەتمەن یان لە رێگای كەس و كارەكانیەوە، بەڵام بە چاوپۆشی لەگەڵ ئەوانەی كە پاسەوانی ئەوێ دەكەن، ئایا پاسەوانی بیانیمان هەیە لێرە لە كوردستان كە سزادرابن، ئەوانەی بیانین غەیری عێراقیەكان، خاڵی تر ئایا ئەو سزادراوانەی كە ئەوانەی ناوەڕاست و باشووری عێراقن چ رێگریەكی یاسایی هەیە ئەگەر رادەستی حكومەتی عێراقی بكرێتەوە بۆ ئەوەی بەشێك لەو شوێنانە بۆ ئەوەی تر بكرێتەوە، پرسیارێكی ترم ئەوەیە یاخود ئەوە بەلایەنی كەم گرتووخانەكانمان ناو لێناوە چاكسازی، ئایا هیچ داتایەك یان توێژینەوەیەكمان هەیە ئێمە بتوانین رێژەیەك لەوانەی كە بەندكراون و چاكسازكراون یاخود وەكو خۆتان ئاماژەتان پێكرد كە هەندێك كەس لەسەر هەندێك تاوانی بچووك گیراون، بەڵام دواتر فێرە هەندێك تاوانی گەورەتر بوونە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك مەلا وەیسی فەرموو.

**بەڕێز وەیسی سعید وەیسی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێـڕای سوپاسـمان بـۆ روونکردنەوەکـانی بەڕێـز وەزیـری کـار و کاروبـاری کۆمەڵایەتی، چەنـد خاڵێکم هەیە دەمەوێت بیانخەمە روو، خاڵی یەکەم: لە قەزای سۆران گرتووخـانەیەکی مـۆدێرن هەیە کە لە ساڵی (٢٠١٣) دروستکراوە، بەڵام تـایبەتە بە گـرتن و گواسـتنەوە، داواکـارییەکی زۆر هەیە کە هەوڵبـدرێت جـۆری گرتووخـانەکە بگۆڕدرێـت بـۆ چاکسـازی، چـونکە لە ئێسـتادا تەنهـا مەوقوفین لەو گرتووخانەیە هەیە بەمەش کارئاسانیەکی زۆر بـۆ دانیشـتوانی هەر چـوار قەزای سۆران و چۆمان و مێرگەسۆر و رواندز دەکرێت، هەمیش کاریگەرییەکی باشیشی دەبێت لەسەر کەمکـردنەوەی فشـار لەسـەر سـەنتەری هەولێـری پـایتەختی کوردسـتان، خـاڵی دووەم: بەپێـی زانیاریەکان تاوەکو ئێستا کە موڵکەکانی راگرتن و گواستنەوە رێڕەوێکی تایبەتی نیە کە ئەمەش گرفتی دروستکردووە لە شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ بەنـدییەکان، چـونکە لە کـاتی گـۆڕینی هەر بەڕێوەبەرێـك شـێوازی مـامەڵەکردنەکەش دەگۆڕدرێـت، بـۆیەش پێشـنیار دەکەیـن کە بیـر لەوە بکرێتەوە پەیڕەوێکی تایبەتیان بۆ دەربکرێـت بـۆ ئەوەی لەسەرتاسـەری هەرێمـی کوردسـتان بە یەك شـێواز مـامەڵە لەگەڵ هەمـوو بەندییەکانـدا بکرێـت، خـاڵی سـێیەم: تۆمەتبـاران تـێکەڵ بە یەکتری دەکرێن و پێویستە رێگا چارەیەکی بۆ بدۆزرێتەوە، جیاکردنەوەی تۆمەتباران بە جـۆری تاوان و تەمەنیان پۆلین بکرێن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

حسیبە خان فەرمووو.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێـڕای بەخێرهـاتنی جەنـابی وەزیـری کـار و کاروبـاری کۆمەڵدییەتی، هەمووومـان بەو دۆخە نەخـوازراوەی کە لە نـاو چاکسـازیەکان هەیە لە رووی پەیڕەوکـردن و دابینکردنـی مەرجە تەندروستییەکان و بنەماکانی مافی مرۆڤ نیگەرانیمان هەیە و لە دەرەوەی خواستی ئێمەیە، ان شأ الله ئەو قەیرانانە دەشکێن و دۆخەکە بەرەو باشـتر دەچێـت، بەڵام لێـرەدا چەنـد سـەرەنج و پێشنیارێکم هەیە کە دەتوانین بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتە مەعنیەکان کاری لەسەر بکەیـن و بەدیلێکی باش بن بۆ ئەوەی ئەو لۆدەی لەسەر چاکسازیەکان هەیە کەمتر بکرێتەوە، وەك دەزانن کە مەبەسـت لە چاکسـازی واتە راهێنـانەوەی سـزادراوان، هەروەهـا بەرهەمهێنـانی تـاکێکی تەندروست و گەڕاندنەوەیان بۆ ناو کۆمەڵگا کە چی ئەگەر سەیری چاکسازیەکان بکەین دەبینـین ژمـارەیەکی زۆر سـزادراو هەیە کە حـوکمی سـێدارەیان هەیە، ئایـا ئەوانەی کە حـوکمی لە سێدارەیان هەیە ئەو بەند و ماددانە کە لەسەر کەسێکی تر جێ بەجێ دەکرێـت ئەوانـیش مـافی ئەوەیان هەیە کە بۆیان جـێ بەجـێ نەکرێـت؟ ئەوە پرسـیارێك بـوو داوای روونکـردنەوەیەك لە جەنابی وەزیر دەکەم، رۆژانـی رابـردوو سـەرەدانی یەکێـك لە چاکسازیەکانم کـرد لەگەڵ بەڕێـز بەڕێـوەبەری چاکسـازیەکە بـاس لە مـاددەی (٣٩٠) کـرا کە تـایبەتە بە دەرۆزەکـردن، هەمووومـان دەزانـین کە تەواوی چاکسـازییەکان وێـڕای ئەوەی کە لـۆدێکی زۆریـان لەسـەر هەیە، بەڵدم لە

هەمان کاتدا لۆدەکە زیاتر دەکرێت کە دەتوانین بە عقوباتێکی بەدیلە ئەو لۆدە کەم بکەینەوە، بۆ نموونە ئەو ماددەی دەرۆزەکردن ئەوانە تەوقیف دەکرێن سێ رۆژ تاوەکو حەفتەیەك، دەکرێت لە بڕی ئەوەی کە ئەو کەسانە تەوقیف بکرێن سزایەکی غەرامەی بۆ دابنرێت، چونکە دەزانین دەرۆزەکردن تەنها داوایان ئەوەیە مەبلەغێك بەدەست بێنن ئەگەر ئەتوو عقوبەی مالی بدەی ئەو دیاردەیە کەمتریش دەبێتەوە، نموونەیەك هەر بەڕێوەبەری چاکسازیەکە باسیکرد گوتی چەند دەرۆزەکەرێکمان هێنابوو کە منداڵیان لەگەڵ بوو هێنامانە حەوشەکەی بۆ ئەوەی بەر تیشکی خۆر بکەون گوتی منداڵەکە قسەمان لەگەڵ دەکرد، گوتی دەستی لە گیرفانی ئێمە دا خاڵە خاڵە پارە، یەعنی جارێکی تر ئەوە لە ناو چاکسازیەکانیش دەرۆزە دەکەنەوە، چونکە وا راهاتوون، زەمبیان نیە، لە لەیەکی تر چەندان منداڵ لە ناو چاکسازی ژنان هەیە لە هەولێر، مافی ئەو منداڵانە پێویستە پارێزراوبێت، تاوانیان نیە بەوەی کە دایکیان یان باوکیان هەر جۆرە تاوانێکیان ئەنجام دابێت، بۆیە وەزارەتی مەعنی دەتوانێت بیر لەوە بکاتەوە داینگەیەکی تایبەت بۆ ئەو منداڵانە دابین بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز زانا خالد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای پشتیوانی بۆ تەواوی راپۆرتەکەی لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و مافی مرۆڤ، سوپاس بۆ روونکردنەوەکانی جەنابی وەزیر، چەند تێبینییەکی بچووکمان هەیە لە کاتی قسەکانی جەنابی وەزیر بەدیمانکرد، تایبەت بە رەوشی تەندروستی لە ناو چاکسازییەکانی هەرێمی کوردستان راستە بنکەی تەندروستی هەیە، وەك جەنابی وەزیریش ئاماژەی پێدا تەنها لە چاکسازی ئافرەتان و ناوجەوانانی سلێمانی بنکەی تەندروستی نیە، بەڵام لە تەنیشت ئەو چاکسازی گەوران هەیە، بەڵام بە هیچ شێوەیەك ئێمە بە دروستی نابینین، ئێمە سەرەدانی چاکسازی گەورانی سلێمانیمان کرد مولاحەزەی بەڕێوەبەری چاکسازیەکە و ستافەکەش هەر ئەوەبوو کە ناکرێت ئافرەتێك لە کاتێکی درەنگانی شەودا کە کێشەیەکی تەندروستی هەیە بگوازرێتەوە ناو چاکسازی گەوران و لەوێدا چارەسەری بکرێت، بۆیە وا باشتر دەبێت لە بنکەی تەندروستی تایبەت بە خۆیان هەبێت لە هەر حاڵەتێکدا پێویست بە چارەسەرکردن هەبێت، ئێمە لە کاتی سارەدانەکانمان پێشتر لە رابردوودا بینیمان کە بابەتی خواردن لە ناو چاکسازییەکان خواردن ئامادە دەکرا، ئەگەر ئێستا گۆڕانکارییەك کرابێت ئەوە جەنابی وەزیر باسیکرد، چونکە ئێمە وەك خۆمان بینیمان مەنجەڵی خواردنی دانرابوو، خواردن ئامادەکرابوو، بەڵام دیارە لە ئێستا سیستەمەکان جیاوازی هەیە، ئەگەر سیستەمەکە گۆڕانکاری هەیە پێموایە پرۆسەی تەندەرینگ پرۆسەیەکی زیادە، ئەگەر خواردەمەنی خۆراکی وشك دەدەن بە زیندانییەکان با هەر حکومەت خۆی وەزارەت و ئەو بەڕێوەبەرایەتی خۆی بیکرێت، چ پێویست دەکات کە بیدەنەوە بە مقاولێکی دیکە ئازوقەکە بێنێت ئینجا دەبەشی بکەنەوە، چونکە ئەو تەندرینگە بۆ ئەوەبووە کە خواردنەکە ئامادەبکرێت، خاڵی تر ژمارەیەك کەیس هەیە لە ناو

چاكسازییەكان بەڕاستی وەكو جەنابی وەزیر ئاماژەی پێكرد ڕاستە بابەتی یاسایین گرفتەكان لەگەڵ قەزادا، لەگەڵ وەزارەتی كار نییە مەسئولیەتەكەی بەڕێزتان نیە، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە كێ بەدواداچوونیان بۆ دەكات؟ ئەوانە زیندانیكراون، یەعنی سزادراون لە ناو چاكسازیەكانن گرفتیان هەیە، گرفتیان هەر لە بنكەی پۆلیسەكەوە هەیە كە دەستگیركراون تاوەكو ناو چاكسازیەكە، لەوانەیە گرفتەكانیان گرفتی یاسایی بن، بەڵام لە هەمان كاتدا پێویستیان بە بەدواداچوون هەیە، ئەگەر وەڵامەكە ئەوەبێت داواكاری گشتی هەیە، پێموایە دیارە بە ئەركی خۆیان هەڵنەستاون بۆیە گرفتەكان هەر جارێك ئێمە سەرەدانیان دەكەین گرفتەكان ئاڕاستەی ئێمە دەكەنەوە، بەشێكیانیان باسكرد جەنابی وەزیر كە لەسەر دزیەك یان لەسەر بابەتێكی بچووك سزادراون، بەڵام ئێمە كارەساتی لەوەش گەورەترمان هەیە لە ناو چاكسازیەكان، حەفتەی ڕابردوو لە بنكەی گواستنەوەی ئیدارەی ڕاپەڕین بووین گەنجێكی تازە پێگەیشتوو لەسەر ئەوەی كە لە پشتی مانتۆڕێكەوە سواربووە، یەعنی سایەقی مانتۆڕەكە نەبووە، لە پشتی مانتۆڕەكە بووە سایەقی مانتۆڕەكە مۆڵەتی نەبووە زیاتر لە دوو مانگ لەوێ سزادراوە، یەعنی لەوێ ماوەتەوە بەبێ ئەوەی حاكم داوای بكات، ئەو بڕادەرانەی كە لەگەڵمان بوون بینیان، یەعنی چەندین كەیسی وامان هەیە كێ بەدواداچوون بۆ ئەو حاڵەتانە دەكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك باڵانبۆ فەرموو.

**بەڕێز باڵانبۆ محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری كار و كاروباری كۆمەڵایەتی دەكەم، ئێمە دوای گوێگرتنمان لە ڕاپۆرتی لیژنەی كاروباری كۆمەڵایەتی و ڕاپۆرتی بەڕێز وەزیری كار و كاروباری كۆمەڵایەتی، بۆمان دەركەوت كە كێشەی زیندانەكانی ئەوانەی كە بە زیندانی چاكسازی گەوران و منداڵاندا لە هەرێمی كوردستان كێشەی دارایی هەیە، كێشەی كارگێڕییە، كێشەی تەندروستییە، هەمووومان دەزانین كە لە ئێستادا بە هۆی ئەو قەیرانە داراییەی كە حكومەتی هەرێمی كوردستان ڕووبەڕووی بۆتەوە لە ئێستادا ئاسان نییە، چارەسەری ئەم بابەتانە بەو شێوەیە بكرێت، بۆیە من پێشنیار دەكەم سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان لیژنە پەیوەندیدارەكان ڕابسپێرێت بۆ دەرچوواندنی عەفوی عام بە شێوەیەك ڕەچاوی ئەو ماددانە بكرێت كە سزادراوانی پێ سزادراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك كاروان فەرموو.

**بەڕێز كاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەڵبەت وەكو لە ڕاپۆرتی لیژنەی بەڕێز و لە ڕوونكردنەوەی جەنابی وەزیریشدا هاتبوو یەكێك لە كێشە سەرەكییەكان كێشەی ئەو ستانداردەیە كە باسی لەوە دەكرێت لە هەموو زیندانەكان لە

هەرێمی کوردستان ستاندارد تێپەڕیووە، وەکو ئاماژەیان پێکرد ڕەقەمەکان تەواو دەقیقن و خۆشم بەدواداچوونم بۆ کردووە، بەڵام دوو پێشنیازم هەیە بۆ ئەم بابەتە، یەکەمیان: دەکرێت ئەو عەرەبانەی کە لەوێن بە شێوەی تەنسیق رادەستی حکومەتی عێراقی بکرێنەوە کە ئەمە خاڵێکی گرنگە، خاڵێکی تر ئەمانەی کە حوکمی ئیعدامیان هەیە ئەمانە دەکرێت جیا بکرێنەوە، بۆچی لە چاکسازی بن ئەگەر حوکمەکەیان وەکو خۆی جێ بەجێ بکرێت و کەی جێ بەجێ دەکرێت کە ماوەیەکی زۆر راگیراوە، ئەگەر ئەمانە حوکمەکانییان ناگۆڕدرێت و هەر ئیعدامە بۆچی لە ناو چاکسازیدا بمێننەوە، چاکسازی لە چیدا بکرێت، خاڵی دووەم: مۆڵەتی سزادراوان کە بە ئەمری جەنابت راگیراوە دەکرێت دووبارە دەست پێ بکرێتەوە، چونکە ئێمە پەیوەندی زۆرمان لە زیندانەکانەوە بۆ دێت کە ئەمە بۆتە کێشەی دەروونی زیاتر بۆیان، بەڵام پێش ئەوەی کە بگەڕێنەوە بۆ زیندانەکان دەکرێت دووبارە تێست بکرێنەوە کە ئەمە لەسەر ئەرکی خۆشیان بێت هەر باشترە لەوەی کە رێگە نەدرێن، خاڵی سێیەم: مینحەیەك هەبووە بە بڕی سەد و پەنجا هەزار دینار کە لە کاتی قەیرانی دارایی وەستێنراوە بۆ خێزانی گیراوانی هەرێمی کوردستان بە گشتی، ئەمە پێویستە وەزارەتی کاری لەسەر بکات بە تەنسیق لەگەڵ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران کە ئەم مینحەیە بگەڕێتەوە، چونکە بەشێك لەو گیراوانە خێزانەکانیان لە دەرەوە بەخێوکەرێکی دیاریکراویان نیە تا بتوانن بژێوی ژیانی خۆیانی پێ دابین بکەن، خاڵی چوارەم: بابەتی خەتورە: خەتورەی کارمەندانی سجن یەکێکە بە بابەتە ئەساسیەکان، زیندان شوێنێکی حەساسە مەجالی ئەوەی تێدایە کە هەمیشە کۆمەڵێك کێشەی گەورەمان بۆ دروست بکات، بۆیە وا پێویست دەکات کە بیر لەوە بکرێتەوە کە لەگەڵ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بابەتی خەتورە کاری لەسەر بکرێت تاوەکو بتوانن بەگشتی ئەم بابەتە چارەسەر بکرێت، خاڵی کۆتاییم ئەو زیندانیانەی کە لە تەنیشت چاکسازیەکانەوە ئەوەی ژنان و منداڵان هەمان موەزەفیان، هەمان رێژەی کارمەندیان هەیە، بەڵام ئەرکیان زۆر سوکترە، لە بڕی ئەوەی کە کارمەند بۆ زیندانیانی چاکسازی زیاد بکرێت با هەر ئەمانە بگوازرێنەوە بۆ ئەوێ، هیچ موشکیلەمان بۆ دروست ناکات لە کاتێکدا ریژەی زیندانیەکان زۆر کەمترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك یاسین فەرموو.

**بەڕێز یاسین خضر طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی بەخێرهاتنی وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی دەکەم، چەند پرسیارێکم هەیە لە جەنابی وەزیر، پرسیاری یەکەم: ئایا راستە ژووری ڤی ئای پی لە چاکسازیەکان هەیە بۆ هەندێك سزادراوان؟ پرسیاری دووەم: پێشتر سزادراوەکان بە ماددەی جۆراوجۆر بە یەکەوە بوون، ئایا ئێستا هەر وایە؟ پرسیاری سێیەم: هەندێك لەوانەی لە چاکسازییەکان بە سزای بچووك تاوانبارکراون مەبەستم سزای کۆمەڵایەتی، بەڵام تاوانێکی وایان نییە ئێستاش هەر وایە؟ پرسیارێکی ترم ئەوەیە لە هەر هەموو ئەندام پەرلەمانەکان کە چەند جار چوومەتە دەرێ ئەوە نامەی ئەو کەسانەیە کە برا و کەس و کاریان لە شەڕی نەگریسی ناوخۆ بزربوون لە هەردوو

لایەکان تاوەکو ئێستا کەس نازانێت نە مردوون و نە ماون، مـن داوا لە جەنـابی وەزیـر دەکەم بە سەرۆکی حکومەتی کوردستان بڵێـت، وە داوا لە بەڕێـزت دەکەم سـەرۆکی پەرلەمـان، هەروەهـا داوا لە سەرۆکی هەرێمیش دەکەم یان ئەوەتا بڵێن ئەوانە ماون، یان ئەوەتا بڵـێن نەمـاون، ئەگەر نەماون بە قەبرەکانمان پێشان بدەن بۆ ئەوەی ئەزیزانیـان بچـنە سـەر گۆڕەکانیـان، لەبەر ئەوەی یەکێك لەوانە رەفیقی منداڵی خۆم بـوو ئێسـتاش کە دێـمە پەرلەمـان بەس بـۆ ئەوە هـاتووم کە بپرسم ئایا ئەو کەسە لە کوێیە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل علی طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهتنا جەنابی وەزیری دکەین، ئەز ب هەندەك پرسیارا دەست پێ دکەم ل جەنابی وەزیـری، ئێك: بۆ دهۆکی هەتا ڤی گاڤێ رێ نەدایە سەرەدانا ئەوێ بکەن، بۆ زانیاری سـەرەدانا سـلێمانی و هەولێــری هەی، وان ئەگەر ب حەنجەتــا هەنــدێ بیــت ژبەر کۆرۆنــا بیــت دشــێین رێنمــایی تەندروستی بەکار بینن، هەموو سێکتەرا رێکێ دای، بۆچی ئەو رێکێ گرن هەتـا رێکـێ نەدایە ل دهۆکی، پرسیارا من یا دوویێ، یەکیش رێکـی چاکسـازی ئەڤەیە واعـز و مورشـید بێـت بـژارە و جێگر بچن بۆ سجنێ یا ب ئاخڤن ئیسڵاحا وانا ب خۆ بزڤرن پەشیمان بـبن، ئەز نـابینم هەتـا ڤـێ گاڤێ ل دهۆکێ ئەڤە نەدیتـیە، ئەوجـا نـزانم ئەوێ دی، ئەو کەسـێت تەئسـیرا خـۆ هەی دەشـێت تەئسیرا سەر سەجنیان بکەت و ئاخافتنا وی یا مەقبول بیت ئەو نینە، ئەما دبێژن ئیلا دەبیت یـا رسمی بچیت، نا بڵا لێبگەڕێن کێ پتر تەئسیرا خۆ هەیە ل سەر سجنیان دەشێت ئاخافتنا خـۆ یـا وەعـزی ئرشـادی تەوجیهـێ بـکەت ئەزێ موسـتەعدم، ئێکـیش وان واعـز بـم مەسـەلەن، مـا ئیلا ئەوقافێ تەعین بم هەتا ئەز بشێم، مادام بشێ تەئسیرێ بکەت دە سجنیا بـۆ مـن ئیسـڵاح بـکەت ئەوە بۆ من گەلەکی دەبینیت، هێڤیا مـن ئەوە وەزارەت دگەل ئەوقـافێ و دگەل ئیتیحـاد عولەمـا نەبێژن ئیلا ئەوێ تەعـین ئیمـام و خەتیـب، ئەو لـوغەت و ئەو زمـان نیـنە، ژبەر هەنـدێ ئەز حەز دکەم ئەڤە ئیهتیمـام پـێ بێـتە خـارن، داخـازا مـن یـا دیـش ئەڤەیە لیژنەیـا دگەل دەستخۆشـیێ تەوسیاتێت وان موتەداخل بوون مابینا وەزارەتا داخلیێ و وەزارەتا داد و وەزارەتا کاروباری، بلا ژ یەك جودا کەن دگەل یێ دی پشـتوانیا وان تەوسـیە دکەیـن ب رێکـا سـەرۆکایەتیێ بچیـت بـۆ هەرسێ وەزارەتا، پرسیارا من یا دی بۆ جەنابێ وەزیری ئەرێ تەسویقا کارێت نـاڤ سـجنی تێـتە کرن، کارێ دەستی، کارێ داهێنـانێ، کـارێ دی مە نەدیتـیە ئەڤ بـازاڕە ل کیـریە و ئەڤ بـازاڕە ل کیری تێتە کرن و چاوا تێتە تەسویق کرن؟ تەسویقا وێ چاوایە؟ یەعنی ئەم حەز دکەیـن بـزانین کانی ئەڤە چاوایە، پراسیارا دی بۆچی ل سێ موحافەزە چاکسازی هەیە ل حەلەبچە نینە، بۆچی ل حەلەبچە ناهێتە کرن وەکو موحەفەزەیەك، یەعنی هەمی جارا ئەم حەلەبـچە وا دەرنـایەخین کو بوویە موحافەزە، هێشتا ل سەرێ مەدا نە موحافەزەیە، ژبەر هەندێ پێتڤیە ئەم هەمی تیشتا

موحاوەلێ بکەین دەستپێکی ئەوەلی ئەم کوردستانی سەرێ مەدا حەلەبچە موحافەزە بیت ل هەمی تیشتا حەلەبچە تشتێ خۆی تایبەت هەبیتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مژدە خان فەرموو.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی بەڕێز خاتوونی وەزیر دەکەم، چەند پرسیارێکم هەبوو لێی، بێ زەحمەت عەفووی عام زۆرێك لە زیندانییەکان پەیوەندیمان پێوە دەکەن سەبارەت بە عەفووی عام، ئەوان شتێکیان بەر گوێ کەوتووە ئینجا نازانم لە چ ڕێگایەکەوە، یەعنی بەردەوام پەیوەندیمان پێوە دەکەن کەی عەفووی عام دەردەکرێت، چیمان بۆ دەکەن، ئەزیەت نەبێت ئایا ئێوە وەکو ئەو وەزارەتە هیچ پلاننێکی واتان هەیە کە لەگەڵ سەرۆکی هەرێم و ئەوانە باس لەوەکراوە کە عەفووی عام چۆن دەربکرێت و لە چ کاتێکدا؟ سەبارەت بە مۆڵەتی درێژخایەن لە کەیەوە دەست پێدەکاتەوە؟ زۆرێك لە زیندانەکان پەیوەندیمان پێوەدەکەن کە لە رووی تەندروستییەوە کێشەیان هەیە، پزیشکیان بەرناکەوێت، من چەندجارێك پەیوەندیم پێوەکراوە ئەگەر کەسێك بیەوێت بچێت بۆ عیادە پێموایە لە ناو زیندان پزیشکی دەست ناکەوێت ئەو کاتەی کە نەخۆشە دەبێت چەند رۆژێك چاوەڕێ بکات، وە بە پارەی خۆی ئەگەر ببرێت بۆ عیادەکان، وەك دەبینین هەموومان کاری دەستی لە ناو زیندانەکان دەکرێت ئایا بە بازاڕکردنیان بۆ دەکرێت ئەوانە؟ بەڕێز جەنابی وەزیر، من پرسیارێکم هەیە، یەکێك لە زیندانیەکان پەیوەندی پێوەکردم ئەویش کە لە ساڵی (١٩٩٥) تووشی تاوانی قەتل بووە، لە ساڵی (١٩٩٦) شەڕی برا کوژی بووە، پێموایە زیندان شکێنراوە رایانکردووە، دواتر دەستگیرکراونەتەوە، کە ساڵی (٢٠١٧) عەفووی عام دەرچووە شمولی ئەوی کردووە، بەڵام پێموایە کەیسەکەی بە سیاسی کراوە، دواتر ئەگەر بەلاتەوە باش بێت من ناوی ئەو بەڕێزتان پێ دەڵێم، ئەو کەسە بڵێین لە سلێمانی زیندانی بووە، سایەقی بەرپرسێکی یەکێتی بووە، ئەو کاتە کە تەقەی بە بەرپرسێکی پارتی کردووە چەند ساڵێکە حوکمەکەی لە سلێمانی تەواوکردووە، کۆتایی حوکمەکەی تەسلیمی هەولێر کراوەتەوە، ئێستا ئەو کەسە (٢٦) ساڵ، یەعنی خۆی حوکمەکەی (٢٥) ساڵ بووە، (٢٦) ساڵ و نزیکەی نۆ مانگە لە زیندانە، ئەوە چارەنووسی بە کوێ دەگات؟ من قسەم لەگەڵ محامیەکەشی کردووە دەڵێت کەیسەکەی بە سیاسی کراوە، ئایا ئێوە چی دەکەن بۆ ئەوە، زۆر سوپاستان دەکەم ئەگەر وەڵامی ئەوەمان بدەیەوە، چونکە هەست دەکەم غەدرێك لەو ناوە دەبینم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، هەر بە گوێرەی پەیڕەوی ناوخۆ هەموومان هەوڵبدەین ئەو پرسیارانەی دووبارەیە دووبارەی نەکەینەوە، تێکەڵکردنی جۆرە جیاوازەکانی تاوانەکان بەڕێز وەزیر قسەیکرد، بەڕێزیشتان هەمووتان پرسیار دەکەنەوە، سەبارەت بە لێبووردنی گشتی لە دەسەڵاتی پەرلەمانی کوردستانە، ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان نووسراومان ئاڕاستەی ئەنجوومەنی دادوەری و سەرۆکایەتی هەرێم لەگەڵ ئەنجوومەنی وەزیران و بە دیاریکراوی

وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی کردووە، وەڵامی سەرۆکایەتی هەرێممان بۆ هاتۆتەوە، وەڵامی ئەنجوومەنی وەزیران و بە دیاریکراوی وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتیمان بۆ هاتۆتەوە، یەکجاری تر نووسراوێك بۆ تەئکید ئاڕاستەی ئەنجوومەنی دادوەری دەکەین بۆ ئەوەی کە ئەگەر موڵاحەزەیەکیان هەیە دواتر ئەوە لە دەسەڵاتی ئێمەیە، هیوادارم ئەم پرسیارە دووبارە نەکرێتەوە، وەرگرتنیشتان بەم شێوەیە کەسێك لە پێشەوە ئەوەی تر لە دواوە، هەموومان دەبێت تەحەمولمان هەبێت، ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی پەرلەمان ناویان نووسیووە بۆ گفتوگۆکردن، سەبرتان هەبێت هەمووتان کاتتان لەبەر دەستە، کاك ئازاد فەرموو.

**بەڕێز ئازاد اکرام بهرام:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

با ئەوها دەست پێبکەین بە کردنەوەی قوتابخانەیەکی باش سجنێکی خراپ قەپات دەبێت، پێشنیار دەکەم لە ناو ئەو سجنانە قوتابخانە بکەینەوە و خولی باش بکەینەوە، پێشنیاریکی تریشم هەیە ئەگەر عەفووی عامەکیش نییە ئەوە بە لایەنی کەمەوە ئەوانەی شکایەتیان لەسەر نییە شکایەت ناکرێن، ئەگەر بە کەفالەت دەربکرێن ئەو پێشنیارە حەز دەکەم لە ناو لیژنە بنووسرێتەوە، لەوانەیە دەڵێن دوو مانگ لەسەر شووشەی ببسیەکی گیراوە یان هەندێك کەس هەیە شکایەتی لەسەر نییە بە کەفالەت دەربچن، باشتر لەوەی بە لایەنی کەمەوە ژمارەی سجنەکان کەم بێتەوە، پرسیارێکشم لە وەزیر هەیە، هیچ پڕۆژەیەکت هەیە بۆ پەرلەمان بۆ چاکسازی و بۆ باشکردنی سجنەکان تاوەکو ئێمە لێرە تەسدیقی بکەین؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جوان خان فەرموو.

**بەڕێز جوان یونس محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من لەلایەن ئەندامانی لیژنەوە کرا کە بەشدارن لە نووسینەوەی راپۆرتەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.گەلاوێژ فەرموو.

**بەڕێز د. گەلاوێژ عبید عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی وەزیری پەیوەندیدار دەکەم، چەند پرسیارێکم هەیە، یەکەم شت لەوە دەست پێدەکەم کە چاکسازی پێویستە ناوەکەی بە خۆیەوە بێت، ئێمە چەندین جار دەبینین سزادراوان بەردەدرێن جارێکی تر تاوانەکە دەکەنەوە، بۆیە پێویستە ئەو چاکسازییە بەرهەمەکەی لە سەدا سەد بێت، هەدەفەکەی گونجاوبێت، بۆیە پێویستە ئەوە کاری لەسەر بکرێت، تووێژینەوەی لەسەر بکرێت، ئایا ئەو کەسانەی کە بەردەبن سەدا چەندیان تاوانەکان دووبارە دەکەنەوە؟ ئەوانەش کە چاکساز دەبن تاوانەکە دووبارە ناکەنەوە ئەوە شتێکی باش دەبێت وەکو تووێژینەوە بۆ کۆمەڵگا، بە نیسبەت ئەوەی خواردن کە کاك زانا باسیکرد منیش هاوڕامە، یەعنی

ئەگەر بێتوو بۆخۆیان ئامادەی بکەین لە رووی تەندروستیشەوە باشترە بۆ چاکسازییەکان، ئەگەر خواردنی وشکەیان پێدەدرێت پێویستی بە تەندرینگ نییە، پێویستە لە وەزارەت بەڕێوەبەرایەتی دابینکردن بۆیان دابین بکات، پرسیارێکی تریشم هەیە لە بەڕێز وەزیر بۆمان روون بکاتەوە، ئایا پشکنینی نەخۆشیە گوازراوەکان دەکرێت لە نێوان سزادراوان؟ ئەگەر دەکرێت سالانە چەندجار ئەو نەخۆشیە گوازراوانە پشکنینیان بۆ دەکرێت؟ سەبارەت بە راپۆرتی لیژنەش تێبینیەکم هەیە، ژمارە پێنج دەڵێت سزادراوانی سێدارە، دەڵێت بیر بکرێتەوە لە چارەسەرێکی بەدیل بۆ لە سێدارەدان، ئایا مەبەستیان گیرانی هەتا هەتاییە؟ ئەگەر مەبەستیان گیرانی هەتا هەتایی بێت ئەوە نابێتە کەمکردنەوەی ژمارە، هەر لەویش دەمێنێنەوە، بۆیان ئەوان دەڵێن بیر لە سزایەکی جێگرەوە بکرێت تا ژمارەیان روو لە زیادبوون نەکات لە ناو چاکسازیەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك هاوڕێ فەرموو.

**بەڕێز هاوڕێ بناء محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی دەکەم، پشتیوانی لە تەواوی قسەکانی کاك ئازاد دەکەم، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، راستییەکەی ئەگەر تاوەکو رەفیقێکت یان دۆستێکت زیندان نەبێت نازانی دۆخی زیندان چەند بە ژیانێکی ئاڵۆز دەڕوات، بەڕاستی ئێستا ئێمە وا بیبینین بۆ نموونە بۆنەیەکمان هەیە هەر یەکێك لە بۆنەکان ئەگەر جەژنێك بێت، نەورۆز بێت یان تەنانەت پشووەکان کە رۆژی پێنج شەممە یان بڵێین هەینی و شەممەکە کە ئێستا پشووە، راستییەکەی کەسێك کە زیندانە رۆژێکی پشوو سێ جار بە قەدەر رۆژێکی دیکە کە دەوام دەکرێت بە تایبەت ئەو خەڵکانەی کە راگیراون ئەوانە نا کە سزادراون، لەبەر ئەوەی لە حسەی ئەوان رۆیشتووە، نە دۆسیەکەیان دەجوڵێت هەر چەندە رەنگە ئەوە پەیوەندی بە وەزیری بەڕێزەوە نەبێت، ئەوە پەیوەندی زیاتر بە قەزایەوە هەبێت، بەڕاستی ئێمە دووجۆر یەکتربینین لە شوێنی ئەو کەسانەی کە سزا دەدرێن لە نێوان هاوسەرەکان، بڵێین کەسێك سجنە هاوسەرەکەی لە دەرەوە بێت و جۆرێکی تر هەبوو ماوەیەك کە هەردوو رەگەزەکە زیندان بن، هەردووکیان کە حوکمێکیان خواردبێت، هەندێك جار ئەم جۆرە یەکتر بینینە کە رێك دەخرا لەلایەن بەڕێزیانەوە بڵێی دروستبوونی منداڵی لێدەکەوتەوە، بۆ خۆی ئایا هیچ رێکارێکیان هەیە ئێستا بۆ ئەوەی کە ئەو منداڵانە ئایا لە دەرەوە بە چ شێوازێك پەروەردە دەکرێت؟ دواتر لەسەر ئەوەی کە بەڕێزیان باسیکرد گوایە کەسێك قوتوویەکی پێپسی ئەوە کردووە ساڵێك هینی کردووە، من ناوی کەسێکم لایە بروام وایە لە کاری خراپ هەندێ جار روحیەتی چاکەکاری هەیە، لە یەکێ لە شارۆچکەکانی کوردستان کەسێ لەسەر دزینی شیر و دایبی منداڵ (١١) ساڵ سزا درا، لە کاتێکدا خاوەن ئەو دووکانە کە تەنەزولی کردبوو لە مافی خۆی لەگەڵ ئەوەش ئەو دووکانەی دەستی بۆ شیر و دایبیەکە بردبوو دەخیلەی پارەکەی وەکو خۆی بوو دەستی بۆ نەبرابوو، یەعنی ناچار نەبووایە ئەو کارەی نەئەکرد، هەندێ جار دادوەریش ناچار بن بە پێی

یاسایەك لەبەر دەستیانە حوكمەكان بەو یاسایە دەربكەن، پرسیاری تر لەسەر لێ خۆشبوونی بە مەرج لە لای بەرێزیانە، بە چ میكانیزمێك مامەلە لەگەل ئەو كەسانە ئەكەن لە سالێك سێ مانگ لێخۆش بوونیان هەیە؟

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك بەلێن.

**بەرێز بەلێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسەكانم لەلایەن كاك زانا و كاك كاروان كران، سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو دیاری.

**بەرێز دیاری انور حمە رحیم:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتیوانی لە قسەكانی كاك ئازاد ئەكەم، چەند پرسیارێكم هەیە، بەراستی ئەوانەی لە كوردستان هەن بە جۆرێك باس كران، پرسیاری من ئەوەیە چاكسازی شوێنی شیاندنی خەڵكە بۆ ئەوەی جارێكی تر تێكەل بە كۆمەلگە بكرێنەوە یا نا؟ پرسیاری تر، ئێوە وەزیری كار و كاروباری كۆمەڵایەتین، راپۆرتی بەرێزتان لەگەل راپۆرتی لیژنە پەیوەندیدارەكان جۆرێكە و ئەتانوت ئەو كێشانە هەیە، چیتان كردووە بۆ چارەسەر كردن، حیكمەت لەو كۆبوونەوەیە ئەوەیە چ بریارێك ئەدەن بۆ ئەوەی چاكسازی بكەن؟ ئایا زیندانی نهێنی هەیە لە كوردستان و ئێوە ئاگادارن؟ گۆرینی بەرپرسێكی گرتووخانەییەك یان چاكسازییەك لەبەر ئەوەی بازرگانی كراوە بە ماددەی هۆشبەرەوە یان تیم دروست بووە چارەسەری كێشە ئەكات؟ لەبەر ئەوەی باند دروست بووە بە چەند رێگەیەك ئەگاتە ژوور و دێتە دەرەوە، چیتان كردووە بۆ چارەسەری ئەمانە؟

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك مەم.

**بەرێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

كاك ئازاد هەندێ لە قسەكانی منی كرد پشتگیری ئەكەم، هەندێ سەرنجم هەیە بۆ وەزیر جوابم بەنەوە، چەندین حالەت هەیە لە گرتووخانەكان دوایی هەمان تاوانی ئەنجام داوەتەوە، پێمان ئەلێن چاكسازییەكان وكو پێویست رۆلیان نەبووە لە چاكسازی، كەموكورییە گرنگەكانمان بۆ روون بكەیتەوە بۆ ئەوەی پەرلەمان بە بریارێك هەڵسێ كە لە خزمەتی چاكسازی بێ، هەندێ حاڵەت هەن لە گرتوخانەكان پێ ئەوترێ مەحجەر، ئەو مەحجەرانە هەندێ جار خوار و خێچیەك و زیندانییەك ئەنجامی ئەدات دواتر مەحجەر ئەكرێ، ئایا ئەو مەحجەرانە لە دەسەڵاتی مودیری ئو شوێنانەیە؟ یان پێویستە بە راپۆرتی توێژەرە كۆمەڵاییەتیەكان ئەو حالەتە بكرێ، بۆ ئەوەی وەكو تۆڵە كردنەوەیەك بەرامبەر هەندێ زیندانی بەكارنەهێنرێ، جیاوازی هەیە لە جێگەی هەندێ لە حوكم دراوەكان، هەندێكیان ئەلێی لە فیئاییی دایە لە گرتووخانەكان، هەندێكی تر بەو

شێوەیە نییە، مەسەلەی خواردن لە گرتووخانەکان هەندێ جار لەو راپۆرتانەی پێمان ئەگات کە بازرگانی پێوە ئەکرێ، کاتی خۆی رۆژنامە نووس بووم باسی هەندێ لە چاکسازی باوی دوو هەفتە بەس ناوە سەموون و ناوە خواردنەکانی ئەفرۆشتەوە، پارەیەکی زۆر بوو دیار نەدەما، بەرێزت تا چەند لەو مەسەلانە ئەپرسیتەوە، سەرەرای دەست خۆشی بۆ راپۆرتی لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی، تەبعەن بە ناوی لیژنەی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی کردوویەتی شتی وا نییە، لیژنەی لەو جۆرە نییە لەناو پەیڕەوی ناوخۆ، سەیری لاپەرە (٣٦) بکەن ناوەکە بەو شێوەیە نییە، لە ناو راپۆرتە شەفەوییەکەی بەرێز وەزیری کار باسی کرد داتای وردمان نەبینی یان لە چ شوێنێك تاوانەکان کەمترن لە سێ پارێزگاکەی هەرێم، بۆ نموونە لە سلێمانی (١٩٤٦) سزا دراو، لە هەولێر (٢٠٨٦)، دهۆك (١٢٦٩).

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك سەروان.

**بەڕێز سروان محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی وەزیر ئەکەم، هەر لە قسەکانی ئەو دەست پێ ئەکەم لەسەر شوشەیەك پیپسی یان جووتە کۆترێك منداڵێك یەك ساڵ گیراوە، ئەشزانین منداڵێك تۆپە بەفرێك لە ئۆتۆمبێلی بەرپرسێك یان دەوڵەمەندێك داوە و کوشتوویەتی بەند نەکراوە، بۆ لە هەرێمێك بین ئەوە سزا بدرێ جووتێك کۆتری بردووە، بەڵام ئەوە کۆتایی بە ژیانی پەپولەیەك دێنێ نەگیراوە، هەمووشمان ئەزانین، کەسیش درکی بەوە نەکرد، ئەوەی تاوان ئەکات هەموومان لە ناو پەرلەمانین بە وەزیریشەوە و بە سەرۆکی پەرلەمانیش، کێ هەیە لە ئێمە نەچووبێتە سولحی عەشایری بۆ ئەوەی سولح بۆ کەسێك بکەین کەسێکی کوشتووە، ئەوە کارەساتە، تا دیوەخانەکان مەحکەمەی ئێمە بن تاوانەکان زیاتر و زیاتر ئەبن، هەمووشمان هۆکاری مانەوەی ئەو سولحەین، با لێگەڕێن دادوەر کاری خۆی بکات، بۆ ئێمە هۆکار بین بۆ ئەوەی بەرپرسێك یا من ملیۆنێرم کەسێك ئەکوژم بە بیست دەفتەر، سولحی من بکرێ سبەی دوو کەسی تر ئەکوژم، ئەگەر سزا درام چەند ساڵ یان لە سێدارە درام ئەوەی تر چاو لە من ناکات، هەموومان هۆکارین بۆ ئەوەی تاوان زیاد بێ، پرسیار لە سەرۆکی پەرلەمان وتت یاسای لێبوردنی گشتی پەیوەستە بە ئێمەوە، دە روون کردنەوەش بدەن بۆ تاخیر بووە تا ئێستا، خۆ راپۆرتی لیژنەیەك نییە تاخیر بکرێ، دونیایەك منداڵ چاوی لەوەیە باوکی و دایکی خۆی ببینێ، چەند دایك چاوەڕێی ئەوەیە جەرگی خۆی ببینێ، بۆ ئیهمال بکرێ، هاوڕای قسەکانی کاك یاسینم بۆ بەند کراوە وونبووەکان، پشتگیری ئەکەم، لە راپۆرتی لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی ئەڵێ ئەوانەی تیرۆریست.....

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

وتمان ئەو بابەتە گرنگە، لێبوردنی گشتی ئەوەندە مەرغوب نییە لە ناو نیزامی تەشریعی، یەکێك نییە لەو تەشریعاتانەی پەرلەمان فەخری پێوە بکات، بۆ حالەتی زۆر پێویستە، نابێ بکرێ، کە ئەشکرێ ئیستیسنائە، ئەبێ مەسئولیەتی هەلگرین، پەرلەمان دەست بۆ بابەتێکی ئاوا ببات ئەبێ مەسئولیەت هەڵگرێ، لە سەرۆکایەتی پێمان وابوو ئەبێ مەسئوولییەتەکە دابەش بکەین، لە نێوان سەرۆکایەتی هەرێم و ئەنجومەنی دادوەری و ئەنجومەنی وەزیران و پەرلەمانی

کوردستان، نووسراومان بۆ هەموویان کرد، سەرۆکایەتی هەرێم دوای دە رۆژێك جوابی دایەوە، حکومەت بە دیاری کراوەی وەزارەتی کۆمەڵایەتی نازانم درەنگ پێیان گەیشتووە یان چی، هەمووی هەفتەیەکە وەڵامیان وەرگرتووە، ئەنجومەنی دادوەریمان وەرنەگرتووە، هەدەف تاخیر کردن نییە، بەرچاو روونی زیاتر و وەرگرتنی تێبینی ئەو لایەنانەیە باسمان کرد، فەرموو کاك شێخ زاهیر.

**بەڕێز ظاهر محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەست خۆشی بۆ لیژنەی تایبەتمەند بۆ ئەو راپۆرتە، بەڵام ئەبوایە زووتر بە دەستی ئەندامان گەیشتبوایە، بۆ ئەوەی سەرنج و تێبینیەکان زیاتر دەوڵەمەند بووایە، تێبینیم لەسەر پێشنیازی برگەی (٣) کە باس لە ئیفراجی شەرتی ئەکات، ئەزانین بۆ ئەو سزادراوانەیە کە بە سجن یان حەپس عقوبە دراون و ماوەی عقوبەکەیان سێ لەسەر چواری زیندان تەواو کردووە، لەلایەن ئەوانەی لە چاکسازییەکان کار ئەکەن، دەرکەوتووە ئەو کەسە بۆتە کەسێکی باش و پەشێمانە لەو تاوانەی ئەنجامی داوە، بەپێی راپۆرتی ئەوان ئەگەر بکرێ ئەو یاسایەی ئیفراج شەرتی جێ بەجێ بکرێ، چونکە ئەوانیش مرۆڤن و دانیان بە هەڵەکانیان ناوە، ئە کەسە چاك بووە و بۆتە دەرسێك بۆ کەسانی تر، پشتگیری ئەوە ئەکەم پەرلەمان هەوڵ بدات بۆ جێ بەجێ کردنی ئیفراجی شەرتی لەسەر ئەو تاوانبارانەی کە سێ بەشی حوکمیان تەواو کردووە لە زیندانەکان و ئەو بەشەی ماوە لە دەرەوە تەواوی بکەن بە چاودێری لایەنی تایبەت، بۆ ئەوەی بگەرێنەوە ناو کەسوکاریان، پرسیارم لە وەزیر ئایا حکومەت بۆ خۆی خواردن دابین ناکات و ئەیداتە کەرتی تایبەت؟ لە کاتێکدا خواردن شتێکی زەرورییە بۆ زیندانیان، ئەتوانرێ لە رێگەی دابین کردنی ئەو خواردنە زیندانیان بینە خاوەن ئیش، پشتگیری لە مامۆستا سێدەری ئەکەم کە باس لەوە ئەکات ئایا پارێزگاری هەڵەبجە پارێزگای نییە و بۆچی چاکسازی تێدا نییە؟ یان تاوان ناکەن، یان بۆچی زیندانی لێ نییە، سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك جەمال.

**بەڕێز جمال حویز مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی وەزیری بەڕێز ئەکەم، سوپاسی لیژنەی مافی مرۆڤی پەرلەمان و راپۆرتی وەزیر ئەکەم، چەند سەرنجێکم هەیە، برادەرانیش باسیان کرد، ئەبێ چ یاسایەك لەسەر قوتوێك پیپسی مندالێك سالێك بەند بکات، لەسەر دزینی جوتێك کۆتر سالێك مندالێك بەند بکرێ، حەقە پێداچوونەوە بەو یاسایانە بکرێ، پێشنیار ئەکەم لیژنەی مافی مرۆڤی خۆمان بە هاوکاری وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی بە میکانیزمێك پێداچوونەوە بەو دۆسیە و ئەمانەوێ چەندین کەیسی تر لەو بابەتە هەبن، بۆ ئەوەی جارێکی تر نەڵێین ئاگامان لێ نەبووە، لە ناخەوە زەمیرم ئازارم ئەدات لەسەر قوتوویەك پیپسی مندالێك سالێك سجن بکرێ، پێم باشە بکرێتە هەنگاوی یەکەم بەدواداچوون بکرێ بۆ ئەو یاسایانە جا پێویستی بە هەموارە، حکومەت ئەنێری، لیژنەی

مافی مرۆڤی خۆمان بەدواداچوونی بۆ ئەکات، پشتگوێ نەخرێ، ئەو کەیسە حەقی چارەسەری هەیە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عبدالستار.

**بەڕێز عبدالستار مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی وەزیری بەڕێز ئەکەم، دەست خۆشی لەو لیژنەیە ئەکەم بۆ ئەو ڕاپۆرتە، یەکێ لە هۆکارەکانی کەمکردنەوەی تاوان دوو هۆکار هەیە یەکیان سزایە، ئەوەی تر مەعنەوییە کە لە خوا ترسان و تەقوایە، هەست ئەکەم هەردووکیان بە نارێکیەوە جێ بەجێ ئەکرێن، نە سزایەکە وەکو خۆی کراوە وەکو هەندێك ئاماژەیان پێ کرد، وەکو مامۆستا باسی کرد لایەنی مەعنەوی نەیتوانی کاریگەری هەبێ، بۆ ئەوەی چ لە کۆمەڵگە و چ لە زیندان هەوڵ بدرێ ئەو تاوان و خراپانەی کردوویانە وازی لێ بێنن، کەسێ ئەنێردرێ ڕەنگە لە بنی پێی تا تەوقی سەری تاوان بێ چۆن ئەتوانێ خەڵك چاك بکات؟ لەگەل ئەوەم هەیئەتێك هەبێ لە وەزارەتی ئەوقافیش نەبێ بەس خەلکێکی گوێ لێ گیراو بێ و قسەی بڕوا، پێم وایە کاریگەری زۆری ئەبێ، بۆخۆشیان حاڵەتی نەفسیان ناخۆشە، شوێنێك جێی (١٠) کەس ئەبێتەوە (٢٠) تا (٢٥) کەسی تێدایە، چۆن چاکسازی ئەکرێ، ئەبوو لە جیاتی ئەو هەموو مەسروفەی لە هەندێ شتی بێ کەلك ئەکرێ ئەبوو دوو تا سێ باڵاخانە بۆ زیندانیان دروست کرابووایە، پێشنیار ئەکەم بەدواداچوون بکەن، هەیە (٢٠) ساڵ حوکم بووە، ماوەی یاسایی تەواو کردووە، بەڵام لەسەر ڕاسپاردەی دەزگا ئەمنیەکان ماوەتەوە، بە چ قانوونێك؟ سال و دوو سال و چەند مانگ ماوەتەوە، پێویستە بەڕێز وەزیری کاروباری کۆمەڵاییەتی و لیژنەی ئێمەش بەدواداچوون بکات، بیست ساڵ بگیرێت ئینجا بمێنیتەوە، ئەوانەی سزایان لە شارێك دراوە داوایان کردووە کە خزم و کەسوکاریان لە شارێکی ترە بگوازرێنەوە شوێنی خۆیان، لەو قەیرانەی داراییە و بێکاریە هی وا هەیە.........

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك ڕزگار.

**بەڕێز ڕزگار محمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی میوانەکان ئەکەین، پرسیارم ئەوەیە بەڕێزیان فەرموویان ئێمە هەندێ پرسیارمان لە ئەنجومەنی وەزیران کردووە سەبارەت بە دۆخی زیندانیان و لێبووردنی گشتی، ئەگەر ڕوون کردنەوەی زیاتر بدەن، پێشنیار ئەکەم ئەو زیندانیانەی لە زیندانن و مەترسی نین بۆ سەر ئاسایشی نیشتیمانی و کۆمەڵایەتی و سولحی عەشایریان هەیە و هیچ کەس موعارز نییە بۆ ئازاد کردنی با لێوردن بۆیان دەرچێ، سەبارەت بە ئەو نەوجەوانانە کە وەزیر ئیشارەتی پێدا کە لەسەر کۆتر یان شتێکی بەسیت گیراوە پێشنیار ئەکەم عقوبەکەی ئەوە بێ کاری پێ بکرێ، چونکە لە زیندان فێری شتی خراپ ئەبێ، ئەو حالەتانەی لە عایلەیەك کوڕێك باوکی یان باوك کوری خۆشی کوشتووە کە لە لێبوردنی ساڵی (٢٠١٧) بەدەر کران لەو لێبوردنە، ڕەنگە حالەتی

تیرۆر مەشمول بێ، بەڵام ئەوان لەو عەفوە بەدەر بوون، خەڵك ئەناسم لە یەكێ قەزاكانی هەرێم كوڕێك چوار خوشكی هەبووە ئەو كورە باوكی خۆی كووشتوە و لە زیندانە، دایكی لەگەل چوار خوشكی بێ سەرپەرشتە، دایكی و خوشكەكانی پەیوەندیان كردووە ئەلێن كەس نییە بەخێومان بكات، مامی ئەوەی عایلەیانە هیچ كەس موعارز نییە و لێی خۆشبوون تەنازولی كۆمەڵاییەتیان بۆ كردووە، بەڵام دە ساڵە لە سجنە، حەقە عەفووی (٢٠١٧) شموولیان كردایە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو بەدریە خان.

**بەرێز بدریە اسماعیل محمود:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

چەند تێبینیەكم هەیە لەسەر روون كردنەوەی وەزیر و چەند پرسیارێكیشم هەیە، بەرێز وەزیر ئیشارەتت بەوەدا لە كابینەكانی پێشوو بریارێك هەبووە چاكسازی تازە دروست بكرێ، ئێمەش ئەزانین هەر قاعەیەك ئەبێ (٢٥) تا (٣٥) كەسی تێدابێ بە پێی ستاندارت نەك (١١) كەسی تێدابێ، دەسەڵاتی ئەوەت هەیە ئەو بابەتە بێنیتەوە بەرباس وەكو كاك عبدالستار ئیشارەتی پێدا پارە زۆر سەرف بكرێ بۆ لەو چاكسازییانە سەرف بكرێن پشتگیری لێ ئەكەم، بەراستی ئەلێم بەرێز وەزیر هیچ كات لە قاعەیەك ٣٥ كەس لە سزادراو هەبێ نە لە رووی دەروونییەوە و پەروەردەوە چاكساز نابێ، زەرەرمەند ئەبن، جۆرێك لە توندوتیژی لێ ئەكەوێتەوە، پشتگیری قسەكانی مامۆستا عبدالستار و كاك كاروان ئەكەم پێویستە تەنسیق لەگەل حكومەتی ناوەند بكرێ بەس لە چاكسازی زەهلیەت (١١٠٠) سزادراوی عەرەب هەیە، ئەگەر ئەو ئاڵوگۆڕە بكرێ پێئەچێ ئەو پاڵپەستۆیە لەسەر چاكسازییەكان نەمێنێ، چاكسازی ژنان و مناڵان یەكیان مەعەسكەر بووە زۆر كۆنە، یەكیان مەكتەب بووە، یەكیان بەپێی ستاندارت دروست نەكراوە، داوا ئەكەم هەولی خۆتان بدەن، بەرێزت وەزیری مەعنی بەو بابەتە ئەو مناڵانەی چوونەتە چاكسازییەكان زۆربەیان لەگەل دایكیانن، ئایا هەولی دایەنگەتان داوە؟ وتت كۆرۆنا لە چاكسازییەكان نەماوە، كە چووینە چاكسازییەكان جار بووە هەشت كەس كۆرۆنای هەبووە، هەروا ئەوانەی لە كەلارەوە دێن یان رانیە ئەلێن داهاتی چوونەوەشمان نییە ئینجا (٥٠) تا (٦٠) هەزار بدەین بە فەحسی كۆرۆنا، ئەوە پێشێلی مافی كەس و كاری سزادراوەنە، ئیشارەت بە تەعقیم كردن كرد، ئێمە چووینە بەشی سزادراوانی ژنان و مناڵان.......

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو مامۆستا ئەبو بەكر.

**بەرێز ابو بكر عمر عبدالله:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەندێ سەرنجم هەیە بۆ وەزیر، یەكەم، هیزی جێ بەجێ كار لە هەرسێ چاكسازییەكە ژمارەیان (١١٠٠) كەسە گەورەترین كێشەیان ئەوەیە نە مەدەنین نە سەرباز حیساب ئەكرێن، ئەوە ئیشكالی گەورەی دروست كردووە لە رووی ماف و مامەلە و هاوتا كردنیان لەگەڵ ئەوانەی لە دەرەوە خزمەت ئەكەن، بریارێكیش هەیە لە (٢٠٠٨) لە وەقائعی كوردستان بڵاو كراوەتەوە ئەبێ وەكو

عێراقـی فیـدرال مـامەلەی سـەربازیان لەگەڵ بکـرێ، دووەم، باحیسـی ئیجتیمـاعی سـلێمانی بە نموونە لەو (١١٠٠) و چەند سزادراوە (٧) باحیسی ئیجتیماعی هەیە، لە کاتێکدا سزادراوانی ژنـان و منداڵـن زیـاتر لە (٣٠) باحیسـی هەیە، بەپێـی سـتاندارت بـۆ هەر (٢٥) کەس ئەبـێ باحیسـی ئیجتیماعی و دەروونی هەبێ، پشتگیری لە عقوباتی بەدیلە ئەکەم، ماددەی (٢٢)ی هاتووچۆ هەم بۆ کەمکردنەوەی قەلەبـالغی و هەم بـۆ مەسـروفاتیش، حکومەتیش ئەکـرێ بە هەنـدی عقوبـاتی نەمام چاندن یان خاوێن کردنەوەی شەقام ئەو کێشەیە چارەسەر بکرێ، هەشتی ئا هەیە لە ٢٠١٤ مـووچە راگیـراوە، لە ناویـان دایـك و بـاوك و خێزانەکـانی سـزادراوان کە پێویسـتی بە بەگەر خستنەوە هەیە، مەسەلەی چارەنووسی سزای لە سێدارەدان تەنیا لە سلێمانی (١٣٠) کەس سزای لە سـێدارەدانی بـۆ دەرچـووە، ئەوەش پێیویسـتی بە چارەسـەر هەیە، کـردنەوەی بینـای نـوێ لە گەرمیـان و راپەریـن و سـۆران و هەلەبـجە، چـونکە لە سـلێمانی لە (٢٠%) سـزادراوان خەڵکـی گەرمیان و (٢١%) خەڵکی راپەرینن و لە (٤٥%) سلێمانین، ئەوانەی باسـت کـرد کە هەلـی کارتـان بۆ دۆزینەتەوە لە هەموو چاکسازییەکانی هەرێم لە (٤%) تێناپەرێ، بۆیە دروسـت کردنـی بینـای نوێ بۆ چاکسازییەکان دەرفەتی گەورەش لە بەردەم ئەوانە ئەکاتەوە، پشـتگیری خـاتوو گـولیزار هەم لە عێراق و هەندێ ولاتی ئەوروپی بابەتی چاکسازی سـەر بە وەزارەتـی دادە نەك کاروبـاری کۆمەڵایەتی، ئەخیر قسەم قەزیەیەکی ئینسـانی هەیە لە چاکسـازی گەورانـی هەولێـر کـوردێکی رۆژهەلاتە کاتی خۆی لە ئێران بە تۆمەتی جاسووسی کردن بۆ حیزبێکی کوردسـتانی باشـوور بە (١٠) ساڵ زیندانی حوکم دراوە، ناوی حسێن عبدالرحمانە، شەش ساڵی بەسەر بـردووە لە ئێـران، دوای ئەوەی سەردانی کەس و کاری کردووە هەڵاتووە بۆ ئەو دیو، خۆی تەسلیمی کەمپی یـوئێن کردووە، بەداخەوە دوای سێ مانگ گیراوە، ساڵێك و سـێ مانـگ راگیـراوە، لێـرەش حـوکم دراوە جاسووسی بۆ ئێران ئەکـات، خـانووەکەی کە دایـك و خوشـکی تێـدایە دەوڵەت دەسـتی بەسـەر گرتووە، ژنەکەی رەوانە کـراون بـۆ باشـووری ئێـران و کچەکەشـی لە زانکـۆ فەسـل کـراوە، ئەوە قەزیەیەکـی زۆر ئینسـانییە، بەرێـزت بەدواداچـوونی بـۆ بـکە بـۆ ئەوەی لە رێـگەی سـەرۆکی هەرێمەوە پێویستی بەدەمەوە چوون هەیە، چ لە ئێران و چ لێرە...

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس،فەرموو کاك عوسمان، لێرە نییە، کاك مەلا ناصر فەرمووو.

**بەڕێز عبدالناصر احمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهـاتنی وەزیـر ئەکەم، زۆربەی بـرادەران باسـی گرتووخانەکانیـان کـرد کە کەمە، بچـووکن، بەشی سزادراوان ناکات، پێویستە زیاد بکرێن لە هەموو شـوێنەکان، هەول بـدرێ بەنـدکراوەکان بەپێی ماددەکان لە یەك جیا بکرێنەوە، لەبەر ئەوەی تێکەلـی یەك نەبـن، بیناکـانیش جیـاواز بـن، ماددەی تیرۆر، هۆشبەر، پیاو کۆژ، دز، ژنان و منال، هەر یەك بەپێی ماددەی خۆی لەو بینایانە بن، دوو، چاکسازی ئەبێ راستەقینە بێ، نەك بیخەیتە بەندیخانەیەك و لێپرسینەوەی لەگەل نەکەی، پێویستە رۆژانە وانەیان پێ بدرێ لەلایەن مامۆسـتای دەروون ناسـیەوە، دابـین کردنـی شـوێنی حەوانەی تایبەت بۆ کەس و کاری سزادراو لە کاتی سەردانی کردنیان، لە هەموو گرتووخانەکانی

وەکو پێویست نییە، پێویستە کەس و کاری بەندکراوان شوێنی تایبەتیان هەبێ بۆ ئەوەی بتوانن قسەی خۆیان بکەن، هەوڵ بدرێ بەندکراوان کەم بکرێنەوە بەهۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی، ئەوانەی سزاکانیان سووکە یان کێشەی کۆمەڵایەتی و تەنازولی تێدایە ئازاد بکرێن، بەڵام بە غەرامە بۆ ئەوەی بۆ حکومەتیش دەست کەوتە، هەوڵ بدرێ ژمارەی مامۆستایانی دەروون ناسی لە بەندیخانەکان زیاد بکرێ، زۆر کەمن، ئەبێ ژمارەیان زیاد بکرێ، ئەبێ پۆلیسیش زیاد بکرێ و هەموویان بروانامەی باشیان هەبێ بۆ ئەوەی بتوانن تەعامولی باش لەگەل بەند کراو و کەس و کاری بەند کراو بکەن، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز عثمان کریم سوارە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیر ئەکەین، ئەم پێشنیارانەم هەیە هەم بۆ وەزیر و هەم بۆ دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان، ئەوانەی مندالن یان ماددەیان سووکە پێویستە بە غەرامەیەکی دارایی بەربدرێن، پەلە کردن لە دۆسیەی ئەو راگیراوانەی کە سالێك یا زیاتر یا کەمتر گیراوە، بەڵام دۆسیەکەی ساغ نەبۆتەوە، کە بەئەبێ بێ ئەوەی حکومەت مافی هەبێ، پێشنیار ئەکەم قەرەبووی ئەوانە بکرێتەوە کە بێتاوانی خۆیان ئیسپات ئەکەن لە دادگا، بۆ هەر بەندکراوێك رۆژانە چەند سەرف ئەکرێ؟ دابین کردنی کەشێکی ئارام بۆ ئەو کەسانەی کە کێشەی کۆمەلایەتیان هەبووە و سزای خۆیان وەرگرتووە تەماشا ئەکەی بەشێکیان بە ناچاری بەرەو هەندەران ئەرۆن یان رووبەرووی تۆلە کردنەوە بوونەوە، کەم کردنەوەی سولحی عەشایریش کە کێشەیەکی زۆری دروست کردوە و ئەبێتە هۆی دووبارەی تاوان، ئەوانەی تاوان ئەکەن و کەس داوایان لەسەر تۆمار ناکات بە داواکاری گشتیشەوە، هەیە تاوانی کوشتنی ئەنجام داوە بەڵام لەبەر ئەوەی کەس و کاری داوایان نەبووە داواکاری گشتیش بۆی دەرچووە، بێ سەروشوێنان و هی شەری داعش بە تایبەتی ئەو مندالانەش بوونە قوربانی لەو پێناوە پێویستە وەزارەتی کار پلانی تایبەتی هەبێ بۆ ئەوە، سوود وەرگرتن لەو قەلا کۆنانەی رژێم زۆر گرنگە سوودیان لێ وەرگرین بۆ چاکسازی، پلان هەبێ بۆ ئەو عائیلانەی کە کەسێکیان هەیە و بەخێوکەریانەی بەهۆی تاوانێك ئەگیرێت دوای ئەوە ئەو عائیلە بێ سەرپەرشت ئەبێ و زۆر جار ناچاری کاری ناتەندروست ئەبن کە ئەرکی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەلایەتیە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر عوسمان.

**بەڕێز عثمان علی سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیر و دەست خۆشی بۆ راپۆرتی لیژنە و خوا پاداشتیان بداتەوە، هەمووتان نوێنەرن، بەڵام من لە مالەوە و لە پێش پەرلەمانیش پێشوازی خەڵکی زۆرم کردووە لەوانەی زیندانیانی بەناو چاکسازی لە هەولێر کە کۆلێژی قانوونی لە بەندینخانە تەواو کردووە

و سـەرجەم فلتەرەکـانی چاکسـازی بریـووە و تـا ئێسـتا یەك ئیمـزای بـۆ نەکـراوە بەربـێ، لەگەل وەزیری ناوخۆش قسەم کـردووە رێـزم بـۆی هەیە بەلام پێشـوازی نەکـردم، داوای ئەکەم بەرێـز وەزیر بۆ ئەو ئیفراج شـەرتیە بکـا، یاسـایە و خۆمـان پەیـرەوی لـێ نەکەیـن بـۆ گلەیـی لە خەلك بکەیـن، ئـێمە ببیـنە پێشـێلی یاسـا بەداخەوە، خـالی دووەم، ئەو بەرێـزانەی بە نـاوی تـوێژەری کۆمەلایەتی و واعیز و مەلا رێزم هەیە بۆیان، خەڵکی وایان داناوە خۆی پێویستی تەزکیە هەیە، بـاس ئەکـات لە نـاو سـجن خیلافی مەزهەبـی بـاس کـردووە، چـۆن ئەبـێ، بەرێـز وەزیـر باسـی پێشێلکاری ناو سجنەکان نەگـرد، نیـیە یـان باسـی نـاکەن؟ ئەوانەی لە ژێـر ئەشـکەنجە و ئـازار و سیستەمی بەعس پەیرەو ئەکەن و خەلك ئیعتیراف پێ ئەکەن ئایـا هەیە یـا نـا؟ ئەگەر هەیە بـۆ باسی ناکات؟ بەرێزیان باسـی بـنکەی تەندروسـتیان کـرد لە نـاو بەنینخانەکـان کە ئەوانەی لەوێ چارەسەر ئەکەن خۆیان فەرمانی لەسێدارەدانیان هەیە، ئەوە ترسانك نییە؟ زیندە بەچـاڵ کـردن نییە، سوپاس.

**بەرێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر پرسیارەکەت دووبارە بکەوە.

**بەرێز عثمان علی سمایل:**

ئەوەی باسـی ئەوە ئەکـات لە نـاو بەنـدیخانەکان بـنکەی تەندروسـتی هەیە خـۆی فەرمـانی لە سێدارەدانی هەیە، هەر لە ناو کوردستان لە سلێمانی، جواب دەیتەوە سوپاست ئەکەم.

**بەرێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك مەم اسکندر فەرموو.

**بەرێز مم اسکندر مم:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهـاتنی وەزیـر کـار و کاروبـاری کۆمەڵایەتی ئەکەیـن، تیبینـیەکم هەیە لەسـەر قسـەی بەرێزیان لە سەرەتاوە ئاماژەی بەوە کرد یاسای لێبوردنی گشتی و راستکردنەوەی یاسـای ژمـارە (٤)ی (٢٠١٧) ئیشی ئەو و لە دەسەڵاتی ئەو نیـیە و دەسـەڵاتی پەرلەمـانە، ئێمەش ئەوە ئەزانـین، بۆیە راپۆرتمان ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کردووە نەك وەزارەت، گلەیـی زۆر هەیە لە نـاو فرۆشـگاکانی نـاو چاکسـازییەکانی هەرێـم شـت زۆر گـرانن، جیـاوازی هەلە لەگەل دەرەوەی چاکسازییەکان، بەرێزتـان ئەزانـن زۆربەی ئەوانەی بە مـاددەی تیـرۆر دەسـتگیرکراون لە هەرێـم خەڵکـی ناوەراسـت و باشـووری عێـراقن، ئایـا لە وەزارەت هـیچ پلانێـك هەیە بـۆ ئەوەی لەگەل ئەنجومەنی وەزیران تەنسیق بکرێ لەگەل حکومەتی ناوەنـدی بـۆ کەمکـردنەوەی ئەو گۆشـارەی لەسەر چاکسازییەکانی هەرێم هەیە، لە هەرێم بەرێوەبەری چاکسازی هەیە ئەفسەری پۆلیسە لە هێزی ئەمنی، چۆن ئەبێ مونتەسیبێکی هێزی ئەمنـی بەرێـوەبەری چاکسـازی بـێ؟ داوا ئەکەیـن بەداواداچوون بکەن، پێویستە بەرێـوەبەری چاکسـازی تـوێژەری کۆمەڵاییەتی بـێ، لە هەر سـێ چاکسـازی هەرێـم تـوێژەرە کۆمەڵایەتییەکـان پێنشـیاری ئەوە ئەکەن لیژنەیەکـی پسـپۆر لە

دادوەران ئەگەر سەردانی چاکسازییەکان بکات و دووبارە پێداچوونەوە لە هەندێ کەیس بکرێ، چونکە دڵنیام پێداچوونەوە لە کەیسی هەندێ کەس بکرێ رەنگە بەربدرێ و زوڵمیان لێ کرابێ.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو سەرچنار خان.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەندێ خاڵ هەبوو دووبارە ناکەمەوە ووترا، هەندێ پرسیارم هەیە بۆ وەزیر، سەبارەت بە پشکنینی مەوادی هۆشبەر لە گرتووخانەکان و یان چاکسازییەکان ئەبێ ئەجهیزەیەکی پێشکەوتوو هەبێ بۆ پشکنین، بەراستی رۆژانە چوار تا شەش زیندانی پەیوەندی ئەکات و باسی حاڵ و گوزەرانی ئەکات، پێش ئەوەی پەرلەمانتار بم لێکۆڵەر بووم لە دادگاکان و ئیفادەی موتەهمم وەرگرتووە بە ماددەی موخەدەرات، تەکلیفی ئەوەی کردووە بەس نەینێرن بۆ چاکسازییەکان، چونکە بڕیاری داوە تەرکی بکات، بۆ ئەوەی تووش نەبێتەوە، چۆتە چاکسازییەکان تووش بۆتەوە، چونکە بە قاچاغ ماددەی هۆشبەر دێتە ناو چاکسازییەکان، بەڵگە هەیە و چەندین جاری تریش ئەو شتەمان رووبەروو بۆتەوە، ئەبێ ئیش لەسەر ئەوە بکرێ چونکە ئەوە چاکسازییە، خراپ سازی نەبێ، ئێوە وەکو وەزارەت ئەو چاکسازییانەی سەر بە وەزارەتە تا ئێستا ئێوە داتاتان لەبەر دەستە ئەوانەی بە هەرسێ پارێزگای سلێمانی و هەولێر و دهۆك و هەڵەبجەش تا ئێستا نییە ئەویش حەقی خۆیەتی چاکسازی بۆ بکرێتەوە، دتا لەبەر دەستە ئەوانەی ئێستا نزیکەی (٤٠٠) کەس لە ناو چاکسازییەکان چەند کەس دووبارە گەڕاوەتەوە بۆ ئەوێ؟ چونکە ئەوانەی پەیوەندی ئەکەن ئەڵێن پێشتر گیراوم دووبارە گیراومەتەوە، کەوایە چاکسازی تەئسیری نەبووە، ئەو بەرنامەیە تۆکمە نەبووە کە ئەو کەسانە بگەڕێنێتەوە لە تاوان، ئەو کابینەی حکومەتە کە ناوی کابینەی چاکسازییە چەند هەنگاوی ناوە کە لە کابینەی پێشوو نەبووە و ئێوە کردووتانە، راگیراوان و حوکم دراوان ناکرێ تێکەڵ بکرێ، ئەبێ شوێنی راگیراوان و حوکم دراوان جیا بکرێتەوە، ئێستا هەیە لە چاکسازییەکان، کەسێ رائەگیرێ بە جەریمەی غێر عەمدی بۆ نموونە هاتووچۆ غێر عەمدیەن، قەتل عەمدیە، ناکرێ بەیەکەوە بن، لە جیاتی ئەوەی چاك بێ لەوانەیە تووشی موخەدەرات و کوشتن بێ، هەندێ جەریمە هەر مەشمول نییە بە کەفالەت، کەسی عەمدی لەگەڵ کەسی غێر عەمد بکرێ، بیست کەس لە چاکسازی گەوران تووشی فایرۆسی جگەر بووە و ئەڵێن هیچ چارەسەر نییە و وەزعی تەندروستیان خراپە، هەندێ نەخۆشی دانیان هەیە، دکتۆری دان نایەتە ناویانەوە، ئازاد کردنی بە مەرج ئیفراج شەرتی زۆربەیان مودەیان تەواو بووە ئازاد نەکراون.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك زکری.

**بەڕێز ذکری احمد اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی یاسای ژمارە (٥٤)ی (٢٠٠٨)ی مافی مرۆڤ لە عێراق بەڕێوەبردنی زیندانی لەلایەن وەزارەتی داد بەڕێوە ئەچێ، لە هەرێم لەلایەن وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بەڕێوە

ئەچێ، بۆ لە هەرێمی کوردستان لە وزارەتی داد بەڕێوە ناچێ؟ نزیکی (٥٠٠) هەزار زیندانی لە هەرێم زۆرە، ئەگەر هەر زیندانیەك پێنج عایلە تەماشا بکەن تەقریبەن (٢٥) هەزار عائیلە گرێدراینە چ ئیسراحەت نینە، داخازێ دکەم عەفوەکا عام بکەن بەلکو هەندەك ئازاد بکەن، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك نزار.

**بەڕێز نزار ملا عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسیارێکم لە وەزیر ئایا جیاوازی هەیە لە نێوان ئەو زیندانیەی بە ئەنقەست قەتل ئەکات یان ئەو کەسەی بێ ویست تووشی رووداو بووە، ئایا لە کاتی داوا کردنی تۆمەتبار بۆ دادگا چ جیاوازی ئەکرێ لە نێوانی تۆمەتبار و تاوانبار لە زیندان ئایا شوێنی جیاوازیان هەیە یان لە یەك شوێنن، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

تەنیا بەڕێز هەلەز خان ماوە، لێرە نییە، داوا لە وەزیر ئەکەین وەلامی پرسیاری ئەندامان بداتەوە، فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله/ وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێش ئەوەی بێمە سەر پرسیاری بەڕێزتان ئەمەوێ وەلامی ئەو پرسیارەی بەڕێز رێواس خان سەرۆکی پەرلەمان، پرسیاریان کردووە بەڵام نازانم هۆکار چییە نەگەیشتۆتە وەزارەت، بۆیە لابەلا زانیم ئەو پرسیارە کراوە و جواب نەدراوەتەوە، لە رێی نووسینگەی بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان زۆر مەحاوەلە کرا پرسیارەکە نەدۆزرایەوە، لە رێی نووسینگەی سەرۆکی پەرلەمان پرسیارەکەمان وەرگرت راستەوخۆ.

ئەوە ویستی تا سۆراغ کرا و یەکسەر دوای دوو رۆژ دوای وەرگرتنی پرسیارەکە وەڵاممان دایەوە، بەڵام خەلەلێك هەبوو لە نەگەیشتن بە وەزارەت و داوای لێ بوردن ئەکەم لە درەنگ وەڵامدانەوە هۆکارەکەی ئێمە نەبووین، جاری با عامەکان جواب بدەمەوە، یەك، زۆر باش تێئەگەم لەوەی هەموومان لە ژێر زەختی زۆری سزادراوانین، خۆیان تەلەفۆن ئەکەن، کەس و کاریان و رەفیقیان، رۆژی سەد تەلەفۆن دێ، مەرج نییە هەرچی ئەوەی ئەوان ئەلێن راست بێ، بۆخۆم هەموو چاکسازییەکان ئەگەر سێ جار نەچووبێتم دوو جار هەر چووم.

تا ئێستا گوێم لە یەك سزادراو نەبووە بلێ فیعلەن من تاوانبارم، ئەزانم لە ژێر زەختن، بۆ ئەوەیە لێبوردنی گشتی دەرکرێ، مەرج نییە هەرچی وتیان وابێ و ئەوەی ئێمەش وابێ، ئەو زەحتە لەسەر هەمووان هەیە، تەلەفۆن ئەکەن کە چوار کەس لە چاکسازی هەولێر تووشی پەتای وەرزی بوون بە پەلە تەلەفۆنم بۆ کرا، تیمی تەندروستی دێت فەحسی کۆرۆنای بۆ ئەکات، پێش ئەوەی فەحسی بۆ بکەین تەلەفۆنیان بۆ بەرێزێك کردبوو وتبوویان چوارمان تووشی کۆرۆنا بووین، ببو بە هەل هەلە و خۆشی کۆرۆنا بلاۆ بۆتەوە و لێبوردنی گشتی دەرئەکەن، ئەو بەرێزە

بێ ئەوەی بۆ من بگەڕێتەوە و تەلەفۆن بۆ مودیری چاکسازی بکات، یەکسەر لە سایتەکان بڵاوی کردبوویەوە چوار کەس لە چاکسازی هەولێر تووشی کۆرۆنا بوون، شەو سەعات (١١) فەحسیان بە نێگەتیڤ دەرچوو، ئەوە ئەمانخاتە هەڵەوە.
حالەتی نەفسی کەس و کاریان لە دەرەوە ئەبێ موراعات بکەین کە ئەزانین منالەکەی شەش مانگە نەبووینەوە، لە ناو سجن کۆرۆنا ئەیگرێ و نایبینی، تووشی حالەتی دەروونی ئەبێ، خۆتان بخەنە شوێنی ئەو دایك و باوکە، ئینجا لە سجن بلێی چوار کەس تووشی کۆرۆنا بووە هەمووی ئەژنۆی ئەشکێ، حالەتی دەروونیان تێك ئەچێ، لەسەر لێدوانی ئەو جۆرە خەریك بوو چاکسازی بشکێ، هێزێکمان لە وەزارەتی ناوخۆوە هێنا، جاری وا بووە تا دووی شەو هەموو سەری سەعاتیك تەلەفۆنم کردووە بزانم نەخۆشەکان لە ناو چاکسازی وەزعی چۆنە، هەموو بەیانییەك سایەقی خۆمم ناردووە لە عەلوە میوە بکرێ بۆ ئەوانەی نەخۆشن، ڕێنماییم بە تەباغ داوە چی بکات، ئەو حالەتە دەروونییە کاریگەری هەیە لەسەر هەمووان، کۆمەڵی پرسیاری عام هەیە لەسەر قەرەباڵغی چاکسازییەکان، ئەبێ بزانن هەندێ کەس باس ئەکات هەندێکیان بدەینەوە بە عێراق، ئەوە حالەتی سیاسی و ئینسانییە، ناتوانین رادەستیان بکەین، هەندێکیان بێ هین لە سێدارە ئەدرێن یان بەرەڵا ئەکرێن.
بۆیە هەرێم بە هەستیاری مامەڵەی لەگەڵ ئەکات، ئەو لیژنانەی بەرێز سەرۆکی حکومەت پێکی هێناوە کۆمەڵی رێگا چارەیان خستۆتە بەر دەستی بۆ ئەو قەرەباڵغیە، دوو پێشنیار کراوە، یەکیان سێ شوێن خراوەتە بەردەمی بەرێزیان کە یەکیان هەڵبژێرێ و نۆژەن بکرێتەوە و ئەو تیرۆرانە ببرێنە ئەوێ، یان بینایەکی گەورە بگیرێت بۆ ئەوانە بەس ئەوە ناکرێ بگاتەوە ئیعدامەکان، چونکە تووشی پشێوی ئەبن، خۆتان باستان کرد ئیعدامەکان پرۆسەی چاکسازیان بۆ ناکرێ، نە بەر ئەبن نە ئەچنەوە ناو کۆمەڵگا، بۆ ئەوەی ئاسانتر شیاندنەوە بۆ ئەوانی تر بکرێ، بۆ مەسەلەی ئاڵووگۆر و نەقل، یەکێ لەو پێشنیارانەی خراوەتە بەردەمی بەرێز سەرۆکی حکومەت ئەوەیە مودیری سجن و مودیری هێزی جێ بەجێ کار و پاساوان و مەئمورەکان بە دەوری ئالوگۆڕیان پێ بکرێن.
منیش ئەزانم لە چاکسازی هەولێر ئەوەی ماددەی موخەدیر ئەبات پاسەوان و مەئمووری ئێمەن، بۆمان ناگیرێن، دوو جار ئۆپەراسیۆنمان کردووە داومانە بەسەر قاعەکان ماددەی هۆشبەرمان کردووە لە کاتێکدات شەش مانگە کەس و کاری خۆیان نەدیووە، ئەوانەی ئێمە بردوویانەتە ژوورەوە، بەڵام دۆزینەوەی ئێستا رێکارێکمان گرتۆتە دەست ئەو هێزەی وەزارەتی ناوخۆ کە لە دەرەوەن بەیانیان فەرمانبەر و مەئمور و پاسەوانی ئێمە ئەپشکنن ئینجا ئەچنە ژوورەوە، دوێنێ یەکێ لە پەرپرسەکانی هەولێرم لابوو ئەلێ لە کاتی دەوام بە ئیشێك ئەچێتە دەرەوە یان لە کاتی دەوام سەیارە ئەبات بە شێوازێکی تر خۆی دەرباز ئەکات لەو پشکنینە، زۆر باسی پشکنین کرا، سۆنەرمان هەیە کەشفی ئەو بابەتانە ئەکات، خەڵك هەیە ژن ئەپشکنێ و پیاو پیاو ئەپشکنێ، بەداخەوە لە کۆمەڵگایەکین دایك تلکیاك بۆ کوری و خۆشك بۆ براکەی و ژن بۆ هاوسەری ئەبات، لە شوێنی وا ئەشارێتەوە ناپشکنرێ، خۆتان تێئەگەن، پێمان نادۆزرێتەوە، ئەوەی وەزارەتی داد وتوومانە ئەو چاکسازییە لە هەموو وڵاتانی دنیا، لە دەوروبەر، لە عیراق، لەسەر وەزارەتی دادە، بۆ لێرە لەم هەرێمەی ئێمە لەسەر وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتییە کە

ئەرکێکی زۆری بۆ ئێمە دروست کردووە، یەکێك لە پێشنیارەکانی ئەو لیژنانە بۆ بەردەمی سەرۆکی حکومەت ئەوەیە بخرێتە سەر وەزارەتی داد.
من خۆم پێشتر باسم کردووە لەگەڵ وەزیری داد، لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیران هەمواری یاسایەکەی خۆشمان وەزارەتی دادیشم کردووە، بردوومە و وتومە هەردووکیم هەموار کردووە بۆ ئەوەی بچێتە سەر ئەو وەزارەتە، چونکە دەبێ یاسایەکە هەمواربکرێ، بەڕێزێك دەڵێ بۆ لێرە لەسەر وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتیەوە بێ، بە یاسا ڕێکخراوە، یاسای وەزارەتی کار کە لەم پەرلەمانە پەسەند کراوە، لەسەر وەزارەتی ئێمە داینـاوە، لە وەزارەتی داد کە پەسەند کراوە چاکسازی تیا دانەنراوە، بەڵام بیرتان نەچێت لە عیراق و ئەوانەش بەس چاکسازی گەوران لەسەر دادە، ژنان و منداڵان هەر لەسەر کاروباری کۆمەڵایەتییە، ئێستاش یەکێ لە پێشنیارەکان بۆ بەردەمی سەرۆکی حکومەت ئەوەیە کە بیدرێتەوە بە وەزارەتی داد، بەڵام ئەمە پێویستی بە هەمواری یاسای کاروباری کۆمەڵایەتی و دادە کە دوایی ئەبێ ئێوە هەمواری بکەن، بۆ مەسەلەی منداڵ زۆر باس کرا کە لەگەڵ ئەو ژنانەیە، ئەو ژنانەی کە منداڵیان لەگەڵە زیاتر لە هەولێر هەیە، زۆرترینیان ئەوان کە لەگەڵ ڕاگیراوەکانن، نەك سزادراوەکانی ئێمە، چونکە ئێمە سزادراومان لایە، ڕاستە ئەو ڕاگیراوانە لە بیاکانی ئێمەن، بەڵام مەسەلەکانی تریان پەیوەندی بە ئێمەوە نییە، بە وەزارەتی ناوخۆوە هەیە، بەڵام لەڕووی ئینسانییەوە ئێمە ئەوەمان لەبەرچاو گرتووە ئەم منداڵانە هەندێکیان موهەددن بە کوشتن، بەڕەڵا بکرێت بدرێتە شوێنێك ئیحتمالی کوژرانی هەیە.
جگە لەوە بۆ خانەکان ئەبێ دایکی ڕازی بێت، چۆن منداڵێك لە دایکی دەسەنیت و ئەیبەی بۆ خانە؟ بۆ ئەوانەی ڕاگیراوەکان، بۆ ئەوانەی هاتوون لەگەڵ (یونیسیف) قسەمان کردووە، کە لەناو چاکسازییەکان شوێنێك دروست بکەین بۆ ئەو منداڵانە، یان ئەو منداڵانە و دایکیان و شوێنی دایەنگە و خوێندیشی تیا بێ، پرۆپۆزەڵمان داونەتێ بەڵێنیان پێداوین کە بۆمان دروست بکەن لە چاکسازی هەولێرەوە دەست پێ بکەن، لەبەرئەوەی ئەو حاڵەتە زۆر لە هەولێر هەیە، زۆر باسی پۆلینی سزادراو کرا، من کە هاتمە ئەم وەزارەتە وەکو باسم کرد هەموو هینەکان بەیەکەوە بوون، ئەوەی سەرگول خان یەکێکە لەو ئیشانەی کە کردوومە، ئەگەر ئاگادار بن، ئێمە هاتین پۆلینی سزادراوەکانمان کرد، وەکو باسم کرد، هەموویان تێکەڵ بوون، لەسەر موخالەفەیەکی مروری ئەگیرا لەو سەرەوە بە موعتادی دەهاتە دەرەوە، هاتین وتمان ئەبێ پۆلین پۆلینیان بکەن، پۆلێنیان کردوون بەڕێژەی (٨٠%) ناڵێم لە (١٠٠%)، چونکە هەتا چاکسازیەکان بەستاندارد خەڵکی لێ نەبێ ئێمە ناتوانین چاکسازی ڕاستەقینە بکەین، لە ژوورێك دا کە دەبێ نۆ کەسی لێ بێت، (٣٥) لێیە ناتوانین چاکسازی بکەین.
لە حاڵەتێکی دیکەدا کە تۆ هۆڵێکت هەیە بۆ (١٦٠) کەس دوو هەزار سزادراوت هەیە ناتوانی خولی بۆ بکەیتەوە، بۆیە ئەمانە هەمووی ڕەبت بەیەکەوە، بەڵام ئێمە ئەوەمان کردووە، بۆ مەسەلەی ژمارەی سزادراو ئەوەی گولیزار خان ئەڵێ، ژمارەی سزادراو زۆرە و کەمی کارمەند و وەرشە، ئەوە خۆی وەرشەکانمان وەرشەی گەورە گەورەن لە چاکسازی ژنان و منداڵان ناڵێم، بەس لە گەوران دا ئەوەی بینیبێتی وەرشەی زۆر گەورەیە، هەر یەکێك لەو وەرشانە دوو ئەوەنەی ئەم هۆڵەیە بەدرێژی، ئەنواع جیهازی تیایە، جیهازی تەختەبڕینی تیایە، جیهازی دارتاشی تیایە، مەکینەی خەیاتی زۆر باش، بەڵام فعلەن بەشی هەموویان ناکات، لەبەرئەوەی تۆ

دوو هەزار لە کویێ و نۆسەد کەس لە کویێ، خـۆی بـۆ (٩٠٠) کەس دروسـت کـراوە، نەك دوو هەزار کەس، ئەمانە هەمووی پـێکەوەن ئـێمە خۆمـان ئیعلانمـان کـردووە کە ئەمە لەگەڵ مـافی مـرۆڤ ناگونجێت لەگەڵ بەرنامەی شیاندن و چاکسازی ناگونجێت.
من خۆم چەندین جار لە تەلەفزیۆن باسم کردووە لەگەڵ برادەرانی پەرلەمانتار و لیژنەکەی ئێوە قسەم کردووە، یەعنی نەمان شاردۆتەوە ئەڵێین بۆ نـۆ سـەد دروسـت کـراوە دوو هەزاری تیـایە، بەرنـامەی ئـێمە شـیادنەوە و چاکسـازییە ناکرێـت بەم شـێوازە، پـرۆژەو بەرنامەمـان خسـتۆتە بەردەمی سەرۆکی حکومەت بۆ ئەوەی چارەسـەری بکـات هیـوادارین ئەخیـر هـین بەپێـی توانـا بتوانێ چارەسەر بکرێت، بۆ مەسەلەی ئەوەی کە چوار سەد و پەنجا هەزار دیناری دەرماڵە، بەڵێ گولیزار خان ئەو چوار سەدو پەنجا هەزارە وای کردووە لە ڕابردوودا بەداخەوە لە وەزیری پێش من د.محمد بە لیستێك یەك ڕۆژ حەفتـا کەسـی لە دیـوانی وەزارەت نـاردووە بـۆ چاکسـازی، وای کردووە دیوانەکەی زەعیف ببێ، فەرمانبەرم نەبێ، ئەمە یەکەم لە وەزارەتەکـانی کە مـن چـووم زەختێکـی زۆرم لەسـەرە، لەنـاو دیـوان موەزەفەکـان زەختێکـی زۆر زۆرم لەسـەرە کە نەقلیان بکەم، لەبەر ئەوەی چوار سەدو پەنجا هەزار هەیە، بەڵام بە دەگمەن نەبێ ئەگەر خۆمـان پێویسـتمان پـێ بـووبێ کەسـمان نەکـردووە، شـیرین خـان باسـی ئەوەم کـرد گۆڕانکـاری لە کارمەندەکان خۆمان داوامان کردووە لە سەرۆکی حکومەت کە گۆڕانکـاری بکرێـت، هەنـدێکیان هەر نەقڵ بکرێن، هەندێك لە پاسـەوان و مەئمورەکـان، ببـرێنە دەرەوەی چاکسـازی خەڵکـی تـازە دابندرێت، چونکە هەندێکیان تێوەگلاون لە گەندەڵی، باسی زۆری سزادراوم کرد.
بۆ مەسەلەی ئەوەی کە شیرین خان ئێمە داوامان کردووە سێ کەس بچێـت بـۆ مـواجەهە، بەس مناڵ نا ئێمە سێ گەورە دەڵێین، مناڵمان حساب نەکـردووە، دەتـوانێ سـێ منـاڵیش بەرێ، ڕاسـتە ئێمە دوای جەژنی ڕەمەزان داوامان کرد مواجە بکەینەوە، بەڵام ئەوەی یەت فەحسی ڤایرۆسـی کۆرۆنای پێ بێت، دوایی بینیمان لە خەستەخانەکان ناتوانن بیکەن د.سامان خـۆی تەلەفـۆنی بـۆ کردم، گوتی کوێستان ناتوانین بۆتان بکەین، ئەو خەڵکە یەت لای ئێمە داوای فەحـس دەکـات، لە دەرەوەش بە پەنجا هەزارە، یەکسەر ڕامان گرت، وتمان فەحس مەهێنن هەتاکو ئاڵیەتێکی دیـکە دەدۆزینەوە بۆ مواجە، کە ئێستا دەستمان پێ کردووە، ڕاستە ئەوە هەبوو، بۆ مەسەلەی تەعقـیم دڵنیاتان دەکەمەوە دڵنیا بن سێ ڕۆژ جارێك تەعقیم دەکرێ، ناکرێ سـزادراو بڵـێ تەعقـیم نـاکرێ بڵێـی ئەکـرێ، کـاکە لە محـافز بپرسـن، محـافزی شـارەکان کە دەرمـانی بـۆ دابـین کـردووین، لە قائیقامەکان بپرسن، لە بەڕێوەبەری سحەی شارەکانتان بپرسن، لە ڕێکخـراوە نێودەوڵەتیەکـان و لە ڕێکخراوە لۆکاڵیەکان بپرسن کە چەندیان موعەقیم داوینەتێ، کە چۆن ڕشادندن دەکـرێ، مـن خۆم چەند جار چووبێتم لەپڕ چووم بۆ چاکسازیەکان بۆ ئەوەی نەڵێن خۆیان بۆ حـازر کـردووە، هەرچـوومەتە ئەو دیـو دەرگـاکەوە یەکێـك بە مـوزەخەیەکەوە وتـویەتی پێڵاوەکە و هەڵبـڕە بـا تەعقیمی بکەم، لەبەرئەوە تەعقیم کراوە چۆن نەکراوە.
بەڵێ کاك شاخەوان ئەو گۆڕانکارییەی باسم کرد، د.کاظم ئەزانم تەلەفـون بـۆ هەمووتـان دەکـرێ ڕاستە خۆیان کەسـوکاریان، هاوڕێیـان، بـۆ منـیش دەکرێـت، حـانوتی هەولێـر، بەڵـێ حانوتەکـان چەنـد کەسێك باسیان کـرد، خـۆی ئەم حانوتـانە یەن لە کـاتی تەنـدەرین دا پـارەیەکی زۆر لـێ دەدەن، بەڵام دوایـی بـۆی دەرنـایەت، لەبەرئەوەی چـی دەکـات گـران فرۆشـی دەکـات، ئەوەی

هەولێـر لیژنەمـان بـۆ دروسـت کـرد، سـەیرمان کـردو بەراوردمـان کـرد ئەو خواردنـانەی ئەو ئەیفرۆشـێ لەگەڵ ئەوانەی لە کەسـنەزان تەبـعەن ئەگەر بـازاڕی کەسـنەزان بەراورد بکەیـن، زۆر زۆر زیاترە، هەنێ مەواد هەیە نابێ بیفرۆشێ لەوێ ئەیفرۆشت، جگەری بەستو و شتی وا، لێمان سـەندەوە و تەنـدەرینمان کـرد ئێسـتا بـۆ یەکێکـی دیـکە دەرچـووە، مەسـەلەی بینـین لەڕێـی ڤیدیۆیەوە.

دکتۆر ئێمە دەستمان پێ کرد هەر زوو، بەڵا م کێشەی کۆمپیوتەرمان هەبوون کێشەی لاپتۆپمان هەیە، مەسەلەی پارە خەتی ئینترنێتمان هەیە، دوو هەزار کەس هەمووو ڕۆژێ نـاتوانێ بە ڤیـدیۆ قسە لەگەڵ کەسوکاری بکات، لەسلێمانی پێنج کۆمپیوتەری خۆیان هێناویانە مـدیر لاپتۆپەکەی خۆی هێناوە، هێزی جێبەجێکار لاپتۆپەکەی خـۆی هێنـاوە هەر یەکەیـان لاپتۆپێکیـان هێنـاوە و دەستیان کردووە بە ئیشـەکە لەبەرئەوەی یەکەم لاپتۆپیـان نەبـووە، دووەم/ هەر خـۆی ڕێنمـایی دارایـی لاپتۆپ کـڕین نیـیە، بـۆیە ئـێمە داوامـان کـرد لەسـەرۆکی حکـومەت کە بڕیـار بـات (٢١) لاپتۆپمان بۆ بکڕێت، چونکە بەپێی ڕێنمایی دارایی نابێ لاپتۆپ بـۆ هـیچ وەزارەتێـك بکڕدرێـت، جا سەرۆکی حکومەت بڕیاری داوە (٢١) لاپتۆپ بکڕێت و دەرختەمان کردووە لەم هەفتەیە جـێ بەجێ دەکرێ، ژمـارەی لاپتۆپەکانیـان زیـاد دەکـات، هیـنەکەش مقـابەلەکەش زیـاد دەکـات، کـاك ڕۆستەم دەڵێ چی دەکرێت بۆ چاکسازی شیاندنەوەیان؟ دیارە لەگەڵ هەموو ئەو ڕێکارانە، بەڵام هەوڵی زۆر هەیە بۆ شیاندنەوە... .

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز وەزیری کاروبار لەبەرئەوەی داخڵی پرۆتۆکۆڵ دەبێ کاك ڕۆستەممان نییە.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله/ وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی:**

والله ببورە، لەدوای د.کاظم کێ قسەی کرد؟ تێ نەگەیشتم ناوەکەی چییە.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

جا هەتا ئەو ناوەت بەبیردێـتەوە سەرەی هەلز خانە پرسیارەکەی بکـات وەعـدمان پـێ دابـوو کە بێتەوە پرسیارەکەی خۆی بکات.

**بەڕێز هلز احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببورە من روخسەت وەرگرت بوو پاشـا ئەزچـوومە دەرڤە، قسـوریا مە عەفـی کەن، د ڕاپـۆرت دا هەردوو بەڕێـزان هەنـدەك تێبینـیەت هەیـن، حەز کەم بـۆمن ڕوونکردنەوەیەکـی سـەر بـدەن، د ڕۆاپۆرتا لیجنا کاروبارێن کۆمەڵایەتی و داکۆکی ش مافێ مرۆڤێ لوێرێ دا خاڵا یەك دا بەحسـێ دوو هەزار گرتیا کری ل گرتیخانا هەڤلێرێ دا لی ئەگەر جەنابێ وەزیـر هـاتی ئاخـافتی د ڕاپۆرتـا خۆدا گوتی (٢٠٨٦) گرتی مەیەت هەیەن، ئایا جیاوازی ل کێرێ هاتیە؟، وە دی تـر ئەڤەیە تێبینیـا مـن کـری جیاوازیەکـا هەرە زۆرا هەی د وان کەسـێت سـزادراوێت گرتیخانـا دهـۆکی دا گەل یـا سلێمانیی، ئەم زانین وەکی ژبینن دهۆکێ زۆر کێمن، یەعنـی ژمـارا نفوسـا وەیـا کەمە، ئەگەر تـو بەری خۆ بدەیە (١٢٦٩) گرتی زیندانیەن ل گرتیخانا زرکا دا هەی تو بیی سـلێمانیی بـوی عەدەدی نفوسی زۆر بوون چەندین ئەوی دیـش بسـەرڤە (١١٤٦) گـرتیەت هەی ئایـا ئەڤ جیاوازیـا هەنـدا

مەزن بۆچی لە دهۆکی هندە گرتی هەنە و هندە سزادراو هەنە؟ خالاکا دی تر ئەڤەیە مامۆستا ئەم دزانین ڤان دوماهیکێ کو ب ئەگەرێ خۆپیشاندانا چەندین مامۆستا هاتنە تەوقیف کرن، مە ئاگاه لێ هەی ئەم نزانین لیجنەیەکا دیڤ چوونێ وی بابەتی کر ئان نا؟ ئەڤ مامۆستایەت هاتینە تەوقیف کرن، تێکەڵی کرنە دگەل زیندانیا، وەلەڤ گلەیی هەبوو مە گۆتی لیجنەیا هاتینە ئاگاه لێ نەبوو، لیجنا کو ڕاپۆرتەکا بابەتی بکەتن پێتڤیی دگەل هەمی لایەنا کۆن بیتن نەك تەنێ دگەل جیهەتێت ئیداری، کو وی من ئاگا لێ هەی پتر دیڤ چوونا وان دگەل جیهەتێت ئیداری بی، ئاسایشە یان محافەزەیە یان پۆلیسە، پێتڤی بۆ ئاوانە پتر کۆنتاکەك هەبا دگەل ئەو کەسانەت هاتینە گرتن و هاتینە زیندان کرن، خالا دیتر ئەڤەیە کاك هێڤیداریش ئاماژە پێکر، ڤان دەه ساڵێ دیماهیکی دا ئەم زانین گرتیخانا یان چاکسازیا زرکا ل دهۆکی دیڤ هەمی پیڤەرێت یەت عالەمیا هاتیە دانان، جهەکی گەلەك گەلەك ئیستراتیجیە، ڤان دەه ساڵێ دوماهیکێ دا دوو تشت گەلەك گەورە تێدا هاتنە کرن جەنابا وەزیرێ، یەك ژ وان ئەڤە بوو لە (٢٠١٠)ی بیست کەس ئەغلەبێ ژ وانا قاتل بووینە و بکوژ بووینە هەڵهاتن ل سجنا زرکا هەڵهاتن یەعنی یا غەریب ئەڤە بوو پشتی هەنگی دوو هاتنە گرتن، هەتا نوکە مەسیرێ (١٨) ژ ڤانە نەهاتن دیار، ئایا ئەڤ نەتیجا هەری کەمتەرخەمیا هەی هاتیە دیار کرن بۆ ڕای گشتی، دیڤرا بەری چار سالا یا سێ ساڵەکا، ریدانەکا دی تر ریدا کو ئەو کەسانەت مەحکومن ب ماددا تیرۆرێ ئاژاوەگێڕیەکا مەزن ل سجنا زرکا کرن، د وێ ئەڤی ژی دا مدیرێ سجنێ بخۆ هاتە بریندار کرن، قیڕ کرنا چاڤێ وی ڕا، چەندین پۆلیس هاتنە بریندار کرن، ئایا هەتا نوکە د دوو ریدانێت هندە مەزن دا هاتینە ریدانێن دهۆکێ، هەندەك رێکار هاتینە کرن کو رێگر ئەڤ کارێت هەمیەت ئاژاوەگێڕ دیبارە نەبن، زۆر مەمنونم.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس دەست خۆش، فەرموو بەڕێز وەزیری کاروباری کۆمەڵاییەتی فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله/ وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببوورە کە منالێك لەسەر ئەوە گیراوە خەتای کێیە و بەرپرسیاریەتەکەی لە ئەستۆی کێیە؟ لە ئەستۆی ئەنجومەنی دادوەری وە پەرلەمانە، ئەنجومەنی دادوەری و دادگاکان و دادوەرەکان، کە کار بەسزادانی عیراقی دەکەن و هەندێکیشیان زۆر قاسین، پەرلەمانیش تا ئێستا نەیتوانیوە یاسای کە من خۆم پەرلەمانتار بووم هەشت ساڵ بەرپرسیاریەتیەکی ئەو هەشت ساڵە بەر من دەکەوێ، نەیتوانیوە یاسای سزادانی عیراقی هەموار بکات، دووەم/ نەیتوانیوە یاسای سزای جێگرەوە کە ئێمە ئامادەمان کردووە وەك وەزارەت ناردوومانەتە ئەنجومەنی شورا، سەرچنار خان ئەوەش کارێکی دیکەمانە، مەسەلەی ئەوەی هەڵاتنی دهۆك کە باسکرایەوە، ئەوە ساڵی (٢٠١١) یە و ئێستا (٢٠٢٠) ئەمە یەك.

دووەم: من شەرحم کرد بەرپرسیاریەتی ئێمە چییە؟ بەرپرسیاریەتی وەزارەتی ناوخۆ چییە؟ وەزارەتی ناوخۆ بەرپرسیاریەتیەکەی لە دەرەوە بۆ دەوری سجنەکەیا، بۆ ڕانەکردنی سجنەکانە، ڕاستە هەندێکیشی لەوە ئەکەوێتە بەرپر سیاریەتی ئێمە، بەڵام نەدۆزینەوە و نەهێنانەوەیان

بەرپرسیاریەتی وەزارەتی کار نییە، ئەگەر هی کاریش بێ هی ڕابردووە هی ئێستا نییە، یەعنی ئەمە لە (٢٠١١) دڵنیـام هەر لەم وڵاتەش نەمـاون ئێسـتا، خەرجـی ڕۆژانەی هەر سـزادراوێك جیاوازی هەیە؟ لە خواردن بەپێی تەندەرە، کە تەندەر لێ ئەیەن خۆتان تەندەر دەزانن هەیە کەم لێ ئەیا هەیە زۆر لێ ئەیا، لە ڕابردوو دا سلێمانی (٢٠٠٠-٣٢٥٠) بوو، هەولێر (٣٥٠٠) و دهۆك (٤٢٠٠)، بەڵام ئێستا سلێمانی کە تەندەری کردۆتەوە بۆ یەکێك دەرچووە (٦٠٠٠) بۆ دەرچووە، خەرجیەکە ئاوایە هی ڕۆژانە زەربی ژمارەی سزادراوەکان بکەن لەبەر دەستاندایە ئەگەنە ئەو نەتیجەیەی کە ڕۆژی یەعنی مانگەکە بۆ خواردن چەندیان بەرئەکەوێ، یان ڕۆژەکە بۆ ئەوە تەنها خواردن، بەڵام پارەی گاز هەیە و پارەی بڵێین نەسریەی وەزارەت هەیە، ئەمانە کۆمەڵێك شتی دیکەن کە ئەرکە لەسەر حکومەت، مەسەلەی ئەوەی کە فەرمانبەرەکان نەخوێندەوارن، چۆن دەتوانن شیاندنەوە بکەن.

ئەوە زۆر دروستە و ڕاستە یەعنی کەسێك خۆی شەهادەی سێی متوەستەی هەبێ یان نەخوێندەوار بێ، چۆن دەتوانێ شیاندن بکات بۆ کەسێك کە تاوانێکی گەورەی کردووە، ئەمە خۆتان دەزانن لە (٢٠١٠) ەوە هیچ کەسێك لەم هەرێمە دانەمەزراوە، ئەمە هەر کۆن چۆن ئەوە دامەزراوە هەر ئەوەیە، ئەوە کەرەستەکەی ئێمەیە، بەڵام لەگەڵ ئەمانەدا چەندین ڕێکخراو هەیە لە ڕاپۆرتەکەمان هەیە کە هاوکارن بۆ دەورات بۆ سیمینار، بۆ سەردانکردنیان، بۆ جەلسەی تاك، کە لەگەڵ یەکێك دائەنیشن و قسەیان بۆ دەکەن، ئەوانە خەڵکی موختەس و پسپۆر و دکتۆری جامیعەیە خەڵکی نەخوێندەوار نین، خەڵك هەیە لە سلێمانی ڕێکخراوێك وابزانم وچانی ناوە، سەردانیان دەکات و سێ کەسیان هەفتانە دەچن هەر سێکیان دکتۆرایان هەیە لە (علم النفس) و لەو بابەتانە، یەعنی خەڵکی نەخوێندەوار نین، ڕاستە فەرمانبەرەکانمان وایە، بەڵام ئەوانە یەن خەڵکی موختەسن.

من ئەمەوێ ئەوە بڵێم بەڵێ ڕاستە پێشتر حەز دەکەم بزانن پێشتر تیجارەت لەناو زیندانەوە دەکرا، تاجیرە گەورەکان لەناو زیندان مامەڵەیان لەگەڵ دەرەوە دەکرد، بەرپرسیشیان لەگەڵ دابووە، بەڵام ئێستا ئەوە لە سلێمانی و هەولێر نەماوە، ئەوەش یەکێك لە کارەکانی دیکەمان کە کردوومانە، بەرمان پێگرتووە، کە ئەم تاجیرە گەورانە نەتوانن مەعامەلەیەکی چونکە تەلەفونیان پێ بوو تیجارەتیان دەکرد، لەیەك حەملەیا هەموو تەلەفۆنەکانمان گرتووە، هەموو ئەو پەیوەندیانەمان بڕیوە کە بتوانێ لەناو سجن مامەڵە بکات لە دەرەوە و هین بفرۆشێ، مەسەلەی ڤیتامین دی و ئەوانە بەڵێ ئەوە پێشنیارێکە کە من دەیخەمە بەردەمی بەڕێوەبەر گشتیەکان کە فعلەن هەرچەندە میوەیان بۆ ئەکڕن، بڵێی خواردنی تەندروستیان بۆ ئامادە دەکەن، ئەوانەشی کە تووشی ڤایرۆسەکە دەبن ڤیتامین و دی و سی یان دەدەنێ، بەڵام پێیان بوترێ ئەگەر بۆ داهاتوو ڕۆژانە سەر و دەنك ڤیتامین دییان بدرێتێ بۆ بەرزبوونەوەی مقاوەمەیان، من دەیخەمە بەردەستیان بەسەرچاو، مەسەلەی دۆسیە کاکە بۆ یەکلایی نابنەوە، ئەمە زۆر ئەم پرسیارە کرا، دۆسیەکان ئەوەی کە زۆر کەڵەکە بووە و کە ئەبێ بەر ببن، یان ئیفراج شەرتی شمولیان دەکا و بەرنابن، ئەمە لەسەردەمی کەرەنتینەیا دواکەوت، چ لە ڕاگیراوەکان دوا کەوت چ لەلای ئێمە.

من بە بەردەوامی لە خەت بووم لە گەڵ کاك رێبەر کاك فرسـت و وەزیـری داد، هەرچەنـدە دەوام کردنی لەگەڵ حاکم بەنگینیش، بـۆ ئەوەی حاکمەکـان دەوام بـکەن، ئەوانەی کە لە ڕاگیراوەکـانن ئەکرێ بە کەفالەتێـك بەر بـبن نەك سـێ مانـگ لە سـجن بـن، ئەوانەی ئـێمەش مودەکەیـان تەواو کردووە بەر ببن، بەڵام بە داخەوە ئەنجومەنی دادوەری و دادوەرەکان زۆر کەم هـاتن بە پیـر ئەو داوایەی ئـێمە، بـۆیە زۆری کەوتە دوایـی کەرەنتـین و کەڵەکە بـوو بە سـەرمان دا هەر یەکە لەم دۆسیانەش مامەڵەی دەوێت تاوەکو ئازاد دەبێت، بەڵام دوا جار ئەوە پەیوەندی بە ئـێمەوە نیـیە پەیوەنـدی بە ئەنجـومەنی دادوەری و دادگـا و دادوەرەکـانەوە هەیە، بەڵام ئـێمە لە روویـی ئینسـانییەوە تەدەخولمـان کـردووە و بە ئەرکـی خۆشـمان دەزانـین، بـۆ مەسـەلەی مەحـجەر کە تاوانێك دەکات جاری وا هەیە بە بڕیاری بەڕێوەبەر، توێژەر، بەڵام هەندێك حاڵەت هەیە حـاڵەتی لە ناکاوە لە پڕ شەڕ روودەدات لە سجنەکە، لە پڕ یەکێك چەقـۆیەك لە یەکێکـی تـر دەدات، لە پـڕ تاوانێك دەکرێت زابـت خەفەر دەتوانێـت ئەو کەسـە بخـاتە مەحـجەر، یەعنـی هەر دوو هیـنەکە هەیە ئەوەی کامانەن کە موخالەفەن دەبێت بخرێنە مەحجەر.
حاڵەتی رووداوی لە ناکاویش هەیە زابـت خەفەر دەتوانێـت جێبەجێـی بکـات، بەڵام حـاڵەتێکی ناخۆشــە، باســی منــداڵ کــرا، مــۆڵەتی درێــژ خــایەن کــاك عبــاس چیمــان کــردووە؟ مــن لە روونکردنەوەکەشـم باسـم کـرد داوای رەزامەنـدی سـەرۆکی حکومەتمـان کـردووە رەزامەنـدی دەربڕیوە، پەیڕەومان هەمـوار کـردووە ناردوومـانە بـۆ ئەنجـومەنی وەزیـران ئێسـتا خیلافێکی قانوونیمان هەیە ئەوان دەڵێن ئێوە ناتوانن ئەو پەیڕەوە هەموار بکەن دەبێت قانوونەکە هەموار بکەن، یەك مانـگ لە بەینـی ئـێمە و ئەنجـومەنی شـوورا و ئەوانە دوا جـار ئەنجـومەنی وەزیـران پێداگرە لە سەر رەئییەکەی خۆی هەرچەندە من پێموایە دەتوانین، ئێستا دوێنـێ ئەخیـر رەئیـان داینێ ووتیان هەر دەبێت قانوونەکە هەمـوار بکەیـنەوە و سـیفەتی ئیسـتعجالی بـدەینێ دامـانە پێیان و هەمواریان کردووە ئەمڕۆ بۆیان هێناومەوە داومە بە لیژنەی یاسایی خۆمان یەکشەممە تەواو دەبێت و دەدەین بە ئەنجومەنی وەزیران و دەبێت ئێوە یاساکە هەموار بـکەن و سـیفەتی ئیستعجالی بدەنێ و بە پەلە بۆمان هەموار بـکەن، بـۆ ئەوەی مـۆڵەتی درێژخـایەن بـدەین، بەڵـێ مـامەڵەی نەشـیاو هەیە لە نـاو ژوورەکـان لە چاکسـازی ژنـانیش هەیە لە پیـاوانیش هەیە، بەڵام کێشـەکەی ئـێمە ئەوەیە نـاتوانین کـامێرا ببەیـنە هـۆڵی سـزادراوەکان لە رووی مـافی مـرۆڤەوە ناهێڵن.
دە رۆژ پـێش ئێسـتا داواکـاری گشـتی تەلەفـۆنی بـۆ کـردم ووتـی لە چاکسـازی ژنـان و منـداڵانی هەولێر کامێرایـان بـردۆتە ژوورەوە پێیـان بڵـێ لای بەرن، تەلەفـۆنم کـرد ووتیـان ژنەکـان کـاری نەشیاویان کردووە، لە بەر ئەوە داماناوە ووتم هەر ئێستا لای ببەن، چـونکە ئەوە لە رووی مـافی مرۆڤەوە قەدەغەیە و نابێت ئێمە دەزانین هەیە، بەڵام خۆ پێمان ئیسـپات ناکرێـت خـۆ چاومـان لێی نییە، لە بەر ئەوەی کامێرای لێ نییە لە ژوورەکان مـافی مـرۆڤ دەڵێـت نابێـت کـامێرا بـبەنە ژوورەوە، بەڵێ کاك محی الدين جگە لە عێراقی ئێرانیشمان هەیە و سزادراوی تورکیشـمان هەیە و بێجگە لە عێراقی سوری و ئەوانەشمان هەیە، بەڵام ئەوانەی ئێرانیەکان لە هەموویـان زیـاترن، کاك محی الدين دەڵێت چاکسازی کراوە؟.

من پێموایە ئەو بەرنامەی ئێمە هەمانە لە سەدا سەد بڵێین بەڵێ چاکسازی کراوە؟ نەخێر نەکراوە، رەنگە ئێستا باشتر بێت لە کابینەکانی پێشوو، بەڵام هێشتا لە ئاستی ئێمە دا نییە و لە ئاستی داخوازی ئێمە نییە، نەخێر ئەو بەرنامەی ئێمە هەمانە بەم قەرەباڵغیە، بەم کەم ئیمکانیەتە ناتوانین بڵێین لە سەدا سەد دەتوانین ئەوانەی لای ئێمە چاکسازیان بۆ دەکەین و شیاندنەوەیان بۆ دەکەین و دەیانکەینەوە ناو کۆمەڵگا، بەڵام بە بەراورد بە کابینەکانی تر من خۆم پەرلەمانتار بووم و سەردانم کردووە تەسەوڕ دەکەم بە هۆی گۆڕانکاری لە ستافەکان وە زیاتر چوونەوە پێشەوەی لیژنەکانی ئێوە بۆ ناوچاکسازییەکان قسەکردنی زۆر لە سەری لە راگەیاندنەکانەوە کاریگەری ئەرێنی هەبووە، بۆ مەسەلەی سۆران بینایەکیان هەیە، من بە پێشنیار قسەی لە سەر دەکەم بە سەر چاو بکرێتە چاکسازی پۆلێنکردنیان باسم کرد، پۆلێنمان کردوون، مەسەلەی ئێعدام نەخێر چاکسازی نایانگرێتەوە، یەعنی شیاندنەوەیان بۆ ناکرێت، چونکە ئەوانە مەحکومن بە ئێعدام.
مەسەلەی سواڵکەر ئێمەش کێشەمان هەیە خۆ هەر نابردرێنە چاکسازی دەبردرێنە خانەکانی ئێمە مانگێك پێش ئێستا لە سەر جادە کوڕێکیان گرتبوو بردیان بوو خانەی منداڵان شەو خەریك بوو دەستدرێژی بکاتە سەر منداڵێکمان، چەند جار قسەم لە گەڵ حاکم بەنگین کردووە پێویستە ئەمانە شوێنێکی تریان هەبێت تۆ دێیت کوڕێکی حەقدە ساڵ دەخەیتە ناو منداڵی خانەکانی ئێمە کارەسات بۆ ئێمە دەخوڵقێنێت.
ژنێکی سواڵکەر لە سەر جادە دەگریت و دەیبەیتە شاڵتەرەکانی ئێمە ئەوە کارەساتە، چەندین جار قسەم لە گەڵ (حاکم بەنگین) و لایەنە پەیوەندیدارەکان کردووە، بەڵام ئێستا ئێمە چیمان کردووە بۆ وەزارەتی خۆمان، خانەی پەرتەوازەمان دروست کردووە لە سلێمانی ئەوانە دبەینە ئەو خانەیە نایانخەینە ناو منداڵەکانمان نە چاکسازی، داوام کردووە لە بەڕێوەبەری گشتی چاکسازی و گەشەپێدانی هەولێر کە ئەو ئەزمونەی سلێمانی بۆ هەولێر ودهۆك بگوازینەوە، بۆ ئەوەی ئەو منداڵانەی کە بە سواڵ دەگیرێن یا پەرتەوازەیە وکەسی نییە بگەیەنرێنە ئەو خانانە نەك ئەو شوێنانە، من دووبارەی دەکەمەوە ئێمە بنکەی تەندروستی باشمان هەیە، ئەوەی لە سەر تەندروستی باسکرا هەمووی جواب دەدەمەوە، یەکەم بنکەی تەندروستی لە سلێمانی هەولێر و دهۆك بنکەی زۆر باشمان هەیە جیهازی ددانی لێیە ئەوەی کە لە سەری پاڵ دەکەوی لای دکتۆری ددان.
رێکخراوی خاچی سووری نێودەوڵەتی هاوکارمانە بۆ دابینکردنی دەرمان و هەموو ئەو بابەتانە، بەڵام هێشتا کەم و کورتیمان هەیە حەتمەن، حەتمەن دەرمان دەبڕێت، کێشەمان بۆ دروست دەبێت جیهازەکانمان پەکی دەکەوێت، بۆ مەسەلەی ئەوەی کە لە سلێمانی مانگرتن بووە، بەڵێ لە کاتی مانگرتن دوو کارمەندی تەندروستی ئێمە مانیانگرتبوو، بەڵام دکتۆرەکەمان لە چەمچەماڵەوە هەموو رۆژێك دەهات ودەوامی دەکرد هەتا تووشی کۆڕۆنا بوو رۆیشتەوە ماڵەوە کە ئەو رۆیشتەوە لە یەك رۆژدا (٢٧) فەحسی کۆڕۆنامان بە نەگەتیڤ هاتنەوە، هاتین چیمان کرد داوامان کرد هەندێك خەڵك بیت بە خۆبەخش ئیشمان بۆ بکات کەس نەهات، داوامان لە سحەی سلێمانی کرد ووتیان هەموو کارمەندەکانی ئێمە مانیانگرتووە، گەڕاین لە ناو سزادراوان کەسێکمان دۆزییەوە ئەمری ئیعدامی نییە یەك ساڵی ماوە موخالەفەی مروری

کردووە، کوڕێکی زۆر باش و زیرەکە ئەومان هێنا بۆ ئەوەی چی بکات؟ ئاگای لەم نەخۆشانە بێت خۆ ئەگەر ئیعدامیش بووایە بیست ساڵیش بوایە ناچار بووین بیهێنین، لە بەر ئەوەی دەمردن ئەوانە ئەگەر یەکێك سەرپەرشتیان نەکات، نە خۆمان هەمانە نەحکومەت دەمانداتێ نە کەس بە خۆبەخش دێت، تۆ دەگەڕێیت بزانی دکتۆرێك مەعاون توبییەك بدۆزێتەوە، بەڵام نە ئیعدامە و نە پیاوێکی خراپە لە سەر موخالەفەی مرور گیراوە لە یەك ساڵ کەمتری ماوە کوڕێکی زۆر باش و زۆر زیرەکیش بوو ئەوەندە خزمەتی ئەوانەی کرد دواجار خۆشی تووشی کۆڕنا بوو تاوەکو ئەوانەی خۆمان هاتنەوە.
بەڵێ ڤایرۆسی کەبەدیمان هەیە لە هەر سێ چاکسازییەکە جیاکراونەتەوە، زیاتر ئەوانەی کە ڤایرۆسی کەبەدیان هەیە ئەوانەن کە ئیعدامن، بەڵام عیلاجیش وەردەگرن مانگانە، بەڵام ڤایرۆسی کەبەدی خۆتان دەزانن نەخۆشیەکی خەتەرناك و گوازراوە و نەخۆشیەکە کە بە گران چارەسەر دەکرێت عیلاجیشی کەم و لەوانیە ئێمەش کەم تەرخەم بووبین لەم بارەیەوە، خواردن ئەوەی بینیوتان کە مەنجەڵی گەورەی لێیە بەس لە وەتەی ئەو چاکسازیانە هەیە ئەو مەنجەڵە گەورانە هەیە بەس ئەوە بۆ کێیە؟ ئەوە بۆ کارمەندە بۆ هێزی جێبەجێ کارە بۆ هێزەکەی دەرەوەیە کە سێ سەد چوار سەد کەسێکن، بەڵام ئەوەی ژوورەوە نانی بەیانی بۆ دێت ئەگەر بینیبێتان لە ناوچاکسازیەکان دا نانەواخانەی هەیە نانیان بۆ دەکەن نانی بەیانیان بۆ لە دەرەوە دێت خۆیان چا لێ دەنێن.
یەعنی تۆ حساب بکە لە شوێنێك چا لێ بنێیت بۆ دوو هەزار کەس هەمووی بگوازیتەوە ئەمە دەکرێت؟ یا بۆ دوو هەزار کەس چێشت لێ بنێیت و بیگوازیتەوە، لە بەر ئەوە سیستەکە وایە ئەوەی چاکسازییەکانی نەبینیوە، هۆڵێکە لە پێشەوە هۆڵەکە مەتبەخێکی تێدایە مێزی نان خواردنی تێدایە لە هۆڵەکە کە دێیتە ژوورەوە شوێنی دانیشتن و توالێت و حەمامی تێدایە بە قادرمە دەچیتە سەرەوە شوێنی نوستنەکانیانە، ئەمە تەبیعەتی چاکسازییەکەیە خواردنەکەی دەدەیتێ بە دڵی خۆی چۆنی دەوێت لێی دەنێت و دەیخوات و ئەو وشکەی کە مایەوە دوایش کە کەس و کاری هات دەیداتێ و دیداتێ و دەیفرۆشێت ئەمانەشمان هەیە، بۆ مەسەلەی ئەوەی کە خەڵك ماوەتەوە و راگیراوە و مەحکەمە ناکرێت ئەمە پەیوەندی بە ئێمەوە نییە پەیوەندی بە وەزارەتی ناوخۆ و ئەنجومەنی دادوەرییەوە، بەڵام لە راگیراوی کوڕانی ئێمە لە سلێمانی کۆمەڵێکمان هەبوو شەش حەوت منداڵ کە چووم سەردانم کردن یەکێکیان دەیگوت چواردە مانگە لێرەم مەحکەمە نەکراوم یەکێك دەیگوت حەت مانگە لێرەم تەلەفۆنم بۆ مەحکەمەی سلێمانی کرد ووتی هەر ئێستا لیستەکەم بۆ بنێرە بە سەر چاو یەکلایی دەکەمەوە، بەڵام ئەوە بۆ دواجار مەسەلەی مەحکەمە پەیوەندی بە ئەنجومەنی داوەرییەوە هەیە نەك بە ئێمە، باسی کەم و کورتییەکانمان کرد کە مۆزەفمان کەمە مەسەلەی داراییمان، کارگێڕیمان، تەندروستیمان یەعنی هەموو ئەوانە بەڵێ پێویستیمان بە دەعم و هاوکاری ئەنجومەنی وەزیران، وەزارەتی دارایی و ئێوەی بەڕێزیش هەیە.
مەسەلەی سەد و پەنجا هەزار منحە ئەمە تەنها بۆ کەس و کاری چاکسازییەکان نەبووە، ئەمە پێی دەڵێن بێوەژنانە لە ناو خەڵك وا رۆیشتووە، ئەمە تۆڕی چاودێری خێزان بووە، بێوەژن، پیاوی رەبەن، ئەوەی لە زیندانە، کەسێك کە خوێندکارە و زەواجی کردووە و پارەی نییە،

ئەوانەی نەخۆشی درێژخایەنیـان هەیە، ئەمـانە هەریەکە و سـەد و پەنجـا هەزاریـان هەبـووە بە بڕیاری (١٦١٧)ی ئەنجومەنی وەزیران پێموایی (٢٠١٥) یە دەڵێت پێـداچوونەوەی تێـدا بـکەن وەك ئەوەی کەمئەندامان.
بەڵام من نازانم بۆ وەزیری پێش من رایگرتووە، هەشتا و هەشت هەزار خێزانە کە دەبـووایە ئەو کاتە وەکو چۆن کەمئەنـدامان فەحسـیان بـۆ کـرایەوە ئەوانـیش بـێن بـزانین کـێ شایسـتەی ئەم پارەیە کێ شایستە نییە کە هەر هەشتا و هەشت هەزارەکەی بڕوا کە ئێستا بڕاوە گێڕانەوەی لەو دۆخەدا زۆر گرانە، ئێمە ئێستا ئیش لە سەر ئەوە دەکەیـن بە سیسـتەمێکی تـر بە شـێوازێکی تـر بێین خەڵکی نوێ هەژاری نوێ بنووسین رەنـگە لە مقابەلەکـانم بینیوتـانە نامەوێـت زۆر درێـژەی پێ بدەم، ئەوەی کە دەڵێت دەرماڵەیان پێ بدرێت دەبێت کارەکەیان بە باشی بکەن چوار سـەد و پەنجـا هەزار دەرماڵەیـان هەیە، بەڵـێ منـیش پێمـوایە ئەوەی تەندروسـتی ژنـان و منـداڵانی سلێمانی پێویستە بنکەی تەندروستی خۆیانیان هەبێت.
داوام لە وەزیـری تەندروسـتی کـردووە، لە رەئیسـی سـحە کـردووە ناکرێـت نیـوە شـەو ژنێـك نەخـۆش دەبێـت سـواری سـەیارە بکرێـت ببرێـت بـۆ چاکسـازی گەوران، بەڵام تـا ئێسـتا بۆیـان نەکردووین، بەڵـێ کـاك یاسـین ڤـی ئـای پـی هەبـوو لە چاکسـازی گەورانـی سـلێمانی و هەولێـر، ئەوەش یەکێك لە کارەکانمان، من کە چوومە سلێمانی ڤی ئای پی هەبـوو لە هەولێـریش هەبـوو، لە هەولێـر ژووری ڤـی ئـای پـی بەیـانی نـانی گەرمیـان بـۆ دەچـوو هەمـوو بەیـانیەك لە دەرەوە نیوەڕۆیان مەنجەڵە کفتە و کەبابی سینگیان بۆ دەچوو، لامـان بـردووە ئێسـتا خـۆم چـووم رێـك چوومە ئەو هۆڵە لە گەڵ ئەوەی هۆڵ هەیە چل کەسی تێدایە ئەوان شەش حەوت کەس و کاری یەکتـری بـوون کە سـەیرت دەکـرد شـوێنی مەتـبەخ و دانیشـتن و ئەوانەیـان لە هـۆتێلی پێـنج ئەستێرە دەچوو، ووتم ئەمە چییە؟.
ووتیان ئەمە ڤی ئای پییە، وە رەنگە باسیشی بـکەن بـزانن چ تـاوانێکی گەورەیـان کـردووە، پـێم لابردن هەموو ئەوانەی تـر تەلەفۆنیـان لە دەرەوە بـوو، ئەوان لە ژوورەکەیـان دا بـوو، ووتـم ئەو تەلەفۆنە هەر ئێستا ببەنە دەرەوە، ئەمە هەبووە لە رابردوو ئێستا نەمان هێشتووە، بەڵام دەڵـێن خەریـکە لە هەولێـر کارئاسـانی دەکرێـت، دەبێـت رۆژێـك بەم سـەرە ئەو هـۆڵەدا بـزانم چییـان کردووە، بە راستی دەبێت دائیمەن لە سەر خەت بیت بزانی چی دەکەن و چـی نـاکەن، هەوڵمـان داوە تەسنیفیان بکەین، سزایی جێگرەوە کاك یاسین باسم کرد کە هەموومان بە ئێمە بە ئێـوە بە ئەنجـومەنی دادوەری ئەمە کـارێکی زۆر ئینسـانییە لە ئەسـتۆی هەمووـمان کە یاسـایی سـزایی جێگرەوە دەربکەین، بۆ ئەوەی کەسێك موخالەفەیەکی مروری دەکات، دزییەك دەکـات منـداڵێك، یەعنی من شتی وام بینیوە لەو سجنانە منداڵی وا هەبووە دە ساڵ لە سجن بووە لە سەر تـاوانی وا کە جەرگت دەبێت بە ئاو ئەگەر ئەم سزایی جێگرەوە هەبێت ئەوخەڵکە ناچێتە ئەوێ تۆ بیـبە لە خانەی بەساڵاچووان پەکەوتەی پێ پـاك بـکەرەوە ئەرکەکەی تـۆش سـوك دەبێـت وە ئەویـش سـزای خـۆی وەردەگرێـت، بەس نەیخەیـتە نـاو کۆمەڵێـك تاوانبـاری گەورەوە ببێـت بە تـاجیری موخەدەرات، وونبووەکانی شەڕی ناوخۆ من ئاگام لێی نییە ئەوە لای ئێمە نین نە لای ئـێمەن وە نە لای ئێمە هیچ سجنێکی نهێنی هەیە، ئەگەر سجنی نهێنی هەبێت وەزارەتی ئێمە نە ئاگای لێیە نە دەزانێـت، نە شـوێنی دەزانێـت لە رابـردوو دا ووتـراوە کە سـجنی نهێنـی هەیە ووتـراوە ئەو

وونبووانەی شەڕی ناوخۆ هەندێکی ماوە هەندێکی نەماوە ئەوە پرسێکی سیاسییە دەکرێت لە لایەنە بەشدار بووەکانی شەڕی ناوخۆ بپرسن، بۆ لە دهۆك مواجهە نییە؟.
مەترسی دهۆك ئێستا زۆر گەورەیە هەمووتان دەزانن ڕۆژانە سێ سەد بۆ سێ سەد و پەنجا کەس لە دهۆك ئەگەر بەراوردی دهۆك بکەیت لە چاو سلێمانی نیوەی سلێمانییە وەکو شارەکە، لە بەر ئەوەی سێ سەد و پەنجا کەس ڕۆژانە تووش دەبێت دوازدە کەس دەمرێت ئەوە خەتەرێکی گەورەیە، لە بەر ئەوە مدیرەکە دەڵێت ناوێرم بیکەمەوە، ئێمە سەلاحییەتمان داوە بە مدیرەکان دەڵێت من ئەو بەرپرسیارەتییە هەڵ ناگرم، چونکە دڵنیام مواجهە بکەمەوە ڤایرۆسەکە دێتە ژوورەوە، بەڵام چی کردووە مواجهەی ڤیدیۆیی زیاد کردووە، مەسەلەی ئەوقاف بچێ بە ناوی ئیرشاد و ئەوانە، هەر ڕێکخراوێکی ئایینی یان دکتۆرێکی شەریعەت داوا لە ئێمە بکات ڕێ لە کەس ناگرین ئێمە پێمان خۆشە بچێت خولیان بۆ بکاتەوە ئیرشادیان بداتێ، دڵ ئارامیان بداتێ، بەڵام داوامان لێ نەکراوە، مەسەلەی کاری دەست و دارتاشی و ئەوانە بەڵێ هەمانە وەرشەکان وەکو باسم کرد گەورەیە تەنانەت کەمامە دروست دەکرێت لە سلێمانی و لە دهۆك لە خەیاتەکانی ئێمە بە خۆڕایی دەدرێت بە دام و دەزگاکانی حکومەت.
بەڵام داهاتەکەی بۆ کوێ دەچێت؟ داهاتەکەی بۆ وەزارەتی دارایی دەچێت، باسی لەتکە نان کرا، بەڵێ نانە ووردە کۆ دەکرێتەوە لە ڕابردوو دا پێش ئەوەی من بێم خۆیان فرۆشتوویانە نازانم چیان لێ کردووە لەوەتەی من هاتووم دەیفرۆشین تەنی بە سێ سەد هەزار دینار داهاتەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ حکومەت، ڕاستە ئەمە شتی بچووکە، بەڵام ڕێگرییە لە دزی و گەندەڵی تۆ نانە ووردە بە دزی کۆبکەیتەوە بیفرۆشیت و کەس نەزانێت ئێمە ئێستا کۆی دەکەینەوە و دەیفرۆشین و تەنی بە سێ سەد هەزار دینار بۆ ئەوەی ئاگادار بن، ئێمە لە هەولێر جگە لەو وەرشانەی هەمانە ژووری پلاستیکی گەورە گەورەمان دروست کردووە داهاتی هەیە ئەویش داهاتەکەی دەگەڕێتەوە بۆ خەزێنەی حکومەتی هەرێم.
بۆ مەسەلەی هەڵەبجە دەبێت دیراسەی بکەین، چونکە بینای گونجاومان نییە، مەسەلەی عەفو زۆر باس کرا، عەفوی خاس دەسەڵاتی سەرۆکە هەرێمە عام هی ئێوەیە، بەڵام وەکو سەرۆکی پەرلەمان باسی کرد بەرپرسیارەتیەکەی هاوبەشە، هی ئێوەیە، هی ئێمەیە، هی دەسەڵاتی دادوەرییە، لە بەر ئەوەی بمبوورن تاوانباری گەورە هەیە لەم سجنانە، خەڵکیش هەیە تاوانەکەی زۆر سووکە، بۆیە دەبێت بە یەکەوە بڕیار بدەین بە یەکیشەوە بەرپرسیارەتیەکەی هەڵ بگرین، لە بەر ئەوەی لە ڕابردوو دا لە عەفواتەکانی پێشوو گەڕاوەمان زۆر زۆرە نیوەی زیاتری ئەوانەی بەر عەفو کەوتوون گەڕاونەتەوە و ئێستا تاوانی تریان ئەنجام داوە، بۆیە دەبێت هەموومان پێکەوە ئەو بەرپرسیارەتیە بگرینە ئەستۆ، دۆسیەکیان باس کرد ئەوەی (٢٠١٧) پێم خۆشە دۆسیەکەم بدەنێ هەر چەندە هاتۆتە لامان من ناردوومەتە لای لیژنەی یاسایی ئەگەر ئەوە بێت ئەمری ئیعدامی هەبێت ئەمرەکەیان بۆ کەم نەکردۆتەوە.
بەڵام ئێمە وەزارەتەکەمان کراوەتەوە دۆسەیەکەم بۆ بنێرن بە محامیەکە بەسەر چاو دیراسەی دەکەین، زۆر باسی شتێك کرا مەسەلەی ئەوەی پێویستە ئێمە ئامارمان هەبێت و دۆسیەمان هەبێت، هەر یەکە لە ئێوە ئەگەر بچێتە چاکسازی بچێتە ژووری دۆسیەکان دەبینێت ئەم ڕێزە سوورە دۆسیەی هەیە ئیعدامن، ژێرەکەی زەردە تاجیری موخەدرە، خوار ئەوە قاوەییە ماددەی

هۆشبەر دەکێشێت هەمووی جیاکراوەتەوە، دهۆك کردوویانەتە سەر کۆمپیوتەریش هەموو فایلەکان هەموو سزادراوێك فایلی هەیە، تۆمەتەکەی چییە، بە چ ماددەیەك گیراوە، چەند ساڵە لەوێیە، ئایا گەڕاوەیە یان نا، چەند جار مۆڵەتی وەرگرتووە، شمولی ئیفراز شەرتی دەکات، هەموو ئەو شتانە هەیە لە چاکسازیەکان یەعنی هەر کەسێك بچێتە سەر کۆمپیوتەری لیژنەی دۆسیەکان کلیکێك بکات هەمووی دەبینێت.

سەرەتا لە دهۆك هەبوو کە من هاتم چوومە دهۆك ئەوەم بینی یەکسەر مودیری سلێمانی و هەولێرم ئیفاد کرد بۆ دهۆك ووتم بڕۆن ئەو تەجرۆبەیە بگوازنەوە بۆ سلێمانی و هەولێر، لە سلێمانی تەواویان کردووە لە هەولێریش لە تەواو بوون دایە، باسی خەڵۆی شەرعی کرا بەڵێ دوو جۆر خەڵۆی شەرعی هەبوو رامانگرتووە مەسەلەن ژن و پیاوێك لەوێن هەر دوو کیان گیراون هەر رامانگرتووە، خەڵۆی شەرعیەکی تر هەبووە سزادراو لە ژوورەوەیە خێزانەکەی لە دەرەوەیە بە بیست رۆژ جارێك خەڵۆی شەرعیمان کردووە، بەس ئەویشمان راگرتووە لە بەر کۆڕۆنا.

ئەو منداڵانەی لەوێ لە دایك دەبن ناشەرعی نین مەسەلەن دۆسیە هەیە ژن و پیاوێکن لەوێ زەواجیان کردووە یەعنی ئێمە چۆن رێگا دەدەین خەڵك بە ناشەرعی کۆببێتەوە دەبێت زەواجیان کردبێت ئەمە شەرع و قانوون رێگە نادات ئێمە خەڵکی ناشەرعی کۆ بکەینەوە و منداڵی ناشەرعیان هەبێت نەخێر ئەوەی خەڵۆی شەرعی هەیە هەر ناوەکەی بە خۆیەوەیە خەڵۆی شەرعیە، بۆیە منداڵەکانیان کە لە دایك دەبن شەرعین جا ئەگەر بیەوێت لای دایکەکە یا بیدەن بە ئێمە خەتەری کوشتنی لە سەر نەبێت دەیهێنین بۆ خانەکان، بەڵام هەندێك لەو منداڵانە کە ئەو دایك و باوکە پێشتر لە دەرەوە رەنگە هاوسەری یەکێکیان کوشتبێت بە رێککەوتن گیراون لەوێ زەواجیان کردووە و منداڵیان بووە ئەو منداڵە خەتەری کوشتنی لە سەرە لە دەرەوە.

لەبەر ئەوە ئێمە ناتوانین بیبەنە خانەکان ئەمانە هەمووی کێشەی زۆرووردن، مەسەلەی ئیفراز شەرتی باس کرا کە بۆ شمولیان ناکات؟ من دووبارەی دەکەمەوە هەر لە سەرەتاش باسم کرد هەر چی پرسێکی یاساییە پەیوەندی بە ئێمەوە نییە ئیفراز شەرتیش پەیوەندی بە ئێمەوە نییە، ئێمە تەنها دۆسیەکانیان رێك دەخەین دەینێرین بۆ دادگا، بەڵام ئەوەی شمولی ناکات ئەوانەن کە بە ماددەی تیرۆر حوکم دراون ئەمە نەك لە هەرێمی کوردستان لە سەراپایی عێراق ماددەی تیرۆر ئیفراز شەرتی نایگرێتەوە لە گەڵ ئەوەش کە من زەختم زۆرلە سەر بوو لە لایەن کەس و کاریانەوە دوو جار بە نامەی رەسمی داوام لە ئەنجومەنی دادوەری کردووە کە ئیفراز شەرتی شمولی تیرۆر بکات هەر دوو جارەکە جوابیان داومەتەوە کە ئەوە موخالەفەی قانوونە لە سەرانسەری عێراق تیرۆر ئیفراز شەرتی نایگرێتەوە، زۆر باس کرا کە چاکسازییەکان شوێنی شیاندنن؟ لە ئێستا دا لەو بارودۆخە رەنگە لە پێشتر باشتر بێت.

بەڵام لە سەدا سەد نەخێر، گۆڕینی شەخس زۆر کاریگەری هەیە ئێمە ئێستا لە سلێمانی لە دوو سێ مانگی یەکەم لیژنەی تەحقیقمان نارد کێشەمان نەبوو لە گەڵ بەڕێوەبەر، بەڕێوەبەر لە گەڵ ئەوەی کە هی جهەتێکی ئەمنییە کەسێکە کە زۆر باش توانیوەتی کۆنترۆڵی چاکسازییەکە بکات کەسێکە کە توانیوەتی مەسەلەی موخەدر نزیك بکاتەوە لە سفر، بەڵام کێشەمان هەبوو لە گەڵ

ئەوانی تر گۆڕانکاریمان کردووە لە بەرپرسی هێزی جێبەجێ کار، بەرپرسی بەشی دارایی، بەشی کارگێڕی.
بەشی ئالیات هەموویانمان گۆڕیوە وە توانیومانە گۆڕانکاری بکەین کەسەکان زۆر موهیمە بگۆڕدرێن، بەڵام زۆر نەمێنێتەوە لەوێ بۆئەوەی گەندەڵ نەبێت، لە هەولێر چەند گۆڕانکاریەکمان کردووە و هی دیکەشمان بە دەستەوەیە، من هەر لێرە جوابی ئەوە دەدەمەوە بە تەجروبەی خۆم بەرێوەبەری ئەم چاکسازیانە ئەگەر خەڵکی عەسکەری بێت باشتر دەتوانێت کۆنترۆڵی ئیشەکەی بکات، لە بەر ئەوەی ئەوەی چوویێتە ئەوێ دەزانێت ئەوانە تەعامول لە گەڵ کێ دەکەن، تەعامول بە کەسێکی کۆمەڵناس ئەو تەعامولە توندە ناکرێت، لە دهۆك سەربازییە لە سلێمانی سەربازییە وە تازە مەسئولی هێزی جێبەجێ کارمان گۆڕیوە وە کەسێکی وەزارەت ناوخۆ تەنسیب کردووە بۆ ئەوەی سەربازی بێت.
لە بەر ئەوەی ئێستا ئێمە لە هەولێر لە دۆخێکی خراپ و نا تەندروست داین نایشارینەوە، زۆر باسی ئەوە کرا کە تاوانباری گەورە هەیە لە سەر فول لایت و ئەوانە ئەوە هیچی پەیوەندی بە وەزارەتی ئێمەوە نییە پەیوەندی بە ئەنجومەنی دادوەرییەوە هەیە یەکێك تاوان دەکات دەبێت بگیرێت کە گیرا دەبێت بدرێت بە مەحکەمە مەحکەمە حوکمی دەدات ئینجا دێت بۆ لای ئێمە کە هاتە لای ئێمە ئینجا ئێمە لێی بەرپرسین ئەوەی تر ئێمە لێی بەرپرس نین ئەوەی خواردن بدەن بە کۆمپانیا ئەوە بە ئێمە ناکرێت بە پەنجا شەست مۆزەف چێشت لێنێ بۆ ئەو هەموو مۆزەف و خواردن دابەش بکات دەبێت بچێت بۆ عەلوە میوە و تەرە و نازانم چی بێنێت.
دەبێت بچێت بۆ قەساب گۆشت بێنێت، بچێت وشکە بکرێت دابەشی بکات سەرپەرشتی بکات، گاز بێنێت، گاز بگۆڕێت ئەوە بە ئێمە ناکرێت ئەوە بە کۆمپانیاکی تایبەت دەکرێت کە ئیشی بەس ئەوە بێت، کاك رزگار باسم کرد ئەوەی لیژنەکان چیمان داوا کردووە لە سەرۆکی حکومەت، سەرەتا بەوە دەستم پێ کرد، بەرێزان بیناکانی چاکسازی هەولێر و سلێمانی و دهۆك هیچ عەیبی نییە ئەوە چوویێت دەزانێت چەند بێ عەیبە، بەڵام خەڵکی زۆر لێیە، بەڵام لە سەرەتا باسم کرد ئەوەی هەولێر و سلێمانی و دهۆك هی منداڵان و ژنان خۆی بۆ چاکسازی دروست نەکراون زۆر کۆن و بێ کەلکن، ئەوانە هەمووی خراونەتە پرۆژەوە ئەگەر قەیرانی دارایی نەبووایە لە (٢٠٢٠) ئەو سێ چاکسازییە دروست دەکرا، بەڵام لە دەسەڵاتی من نییە بچم ئەوچاکسازییە دروست بکەم، یەعنی ئەو پارەیە لای من نییە.
یەعنی سەرپەرشتیاری ئەو بینایە لای من نییە، کۆمپانیای جێبەجێ کار لای من نییە ئەوە لای دەستەی وەبەرهێنان و لای پەیوەندی دارە، یەعنی من دەسەڵاتی خۆم چۆن بە کرا بێنم هەندێك بەرێز دەڵێن دەسەڵاتی خۆت بە کار بێنە و برۆ تەواوی بکە، بە چ دەسەڵاتێك، یەعنی ئەم شتانە هەمووی موئەسەساتییە دەستەیەك دروستی دەکات، کۆمپانیایەك وەری گرتووە، وەزارەتی دارایی پارەی دەداتێ ئەوانە هیچی پەیوەندی بە ئێمەوە نییە ئەمانە عەرزیان وەرگرتووە پێش من دراوە بە کۆمپانیایەك یان بە هی ئەوە دیزاینی کردووە برێك لە پارەکەی وەرگرتووە هەندێکی لە بناغە دەرچووە هەندێکی لە هەیکەلەکە پێویستی بە تەواوکردنە.
بەڵام ئالیەتە نە پەیوەندی بە دەسەڵاتی منە نە ئیشی ئێمەیە وە نە بە ئێمە دەکرێت، زۆر باسی پرسی یاسایی کرا ئەوە پەیوەندی بە ئێمەوە نییە، مەسەلەی کۆرۆنا فەحس یەکلایی دەکاتەوە

کێ کۆرۆنایەتی ئەوە نییە هەر کەسێ بڵێت کۆرۆناتە، قۆرگم بێشێت بڵێم کۆرۆنامە بە چاو بینین وەڵا چەند کەس کۆرۆنایەتی شتی وا نییە، چەند جار لیژنەی تەندروستی چووە (sample) ی وەرگرتووە لە هەر هۆڵێك زانیمان بێ یەکێك کۆرۆنایەتی هەموومان فەحس کردووە، ئەمانە هەمووی فەحس کراون لیژنە چووە وەزیری تەندروستی بە بەردەوامی لە گەڵمان لە سەر خەتە، بەڕێوەبەری تەندروستی شارەکان و موحافزەکان لە گەڵمانن لیژنە دەنێرین فەحس دەکەن.
بەڵام لەو شەوانە برای یەکێك لە سجن دراوەکان تەلەفۆنی بۆ کردم ووتی برایەکەم کۆرۆنایەتی زۆرهیلاکە فریایی کەون لە هۆڵەکەدا چوار پێنج کەس گرتوویەتە، تەلەفۆنم بۆ کاك هێمنی بەڕێوەبەری سجن کرد ووتی شتی وا نییە، دڵم ئاوی نەخواردەوە تەلۆفنم بۆ زابت خەفەر کرد ووتی شتی وا نییە تەلەفۆنم بۆ مدیری خەستەخانەکەیان کرد ووتی پەتایی وەرزییە فەحسمان کردووەن هەموویان نێگێتڤە، بە چاو نابینرێت ڤایرۆسی کۆرۆنا بە فەحس دەردەچێت ئەوانیش هات و هاوار دەکەن هەمووشی بۆ چییە؟ بۆ ئەوەیە عەفو عامیان بۆ دەرکەین.
کاك ابوبکر ئێمە زۆر هەڵمان دا ئاڵوگۆڕ بکەین لە توێژەرەکان لە منداڵان لە گەوران، بەڵام گەوران سامێکی هەیە ناوێرن کە دەڵێین نەقڵت دەکەین بۆ چاکسازی گەوران ئەژنۆیان دەشکێت دەڵێت لەوێ تووشی کێشە دەبین فێری تریاك دەبین لە پێشوودا ئەوەندە ناوی بە خراپ رۆیشتووە کەس ناوێرێت بچێت، ئەگینا دەتوانین لێرە خەڵك بگوازینەوە بچێتە ئەوێ بەس دەڵێت فەسلم بکەیت ناڕۆم، ئەوەی حسێن عبدالرحمن ئاگادارم هەر ئەو هەفتەیە قونسولی ئێرانی هاتووە موهاجەمان بۆ رێك خستووە و بینیویەتی، باسی ئەوە کرا بۆ هەر ماددەیەکی قانوونی بەندینخانەیەك دروست بکرێت باوەڕ ناکەم ئەوشتە لە هیچ هینێك جێبەجێ بکرێت، ئازادکردن بە دەست ئێمە نییە بە هیچ شێوەیەك ناتوانین هیچ کەس ئازاد بکەین، مەسەلەی ئەوەی خەڵك بە ناڕەوا لە راگیراو رادەگیرێت و دوایی بەر دەبێت، یاسایی دەرکردووە پەرلەمان یاسایی قەرەبوو کردنەوە هەیە دەتوانێت هەر کەس بە هەڵە گیرا دوایی بە پێی ئەو یاسایە مافی قەرەبووی هەیە، مەسەلەی ئەوەی دەوترێت کە ئایا لایی ئێوە هەیە کە ئیعتراف پێ دەکەن؟ لایی ئێمە بۆ ئیعتراف کردن لێیان نییە لە بەر ئەوەی لایی ئێمە حکوم نادرێتە ئیعتراف بکات چی لە سەرە و چی لە سەر نییە،
بەڵام جار جار لە منداڵ دەدرێت لە ژن دەدرێت خۆم دەچم سزایی ئەو زابتە دەدەم چەند حاڵەتێك هەبووە لە چاکسازی ژنانی هەولێر منداڵانیش هەبووە لە گەورانیش هەبووە کە لە سزادراویان داوە ئەوەی لێدانەکەی کردووە سزامان داوە و نەقلیشمان کردوون، جیاوازی هەیە لە چاکسازییەکان لە نێوان قەتلی عەمد و قەتلی غەیر موتەعەمد، ئەوە لە حوکم جیاوازی هەیە لە مەحکەمە ئەوەی قەتلی عەمدە ئیعدام دەکرێت ئەوەی تر بیست ساڵ حوکم دەدرێت.
بەڵام ئەوەی هاتە ژوورەوە لای ئێمە هەر دووکی سزادران و یەك مامەڵەیان لە گەڵ دەکرێت، ئەخیر کەس باسی ئەوەی کرد جیاوازی هەبوو لە راپۆرتەکەی لیژنە و هی ئێمە بەڵێ هەر دوو لامان ئاماژەمان پێکرد بەڕێزانی لیژنەش ئاماژەیان پێ کرد کە راپۆرتەکەی ئەوان کۆنە وە منیش ئاماژەم پێکرد، تەوقیف سەر بە وەزارەت ناوخۆیە لای ئێمە نییە، بەڵام لە لای ئێمە بەندکراون، خیلافێك هەیە لە بەینی ئێمە و وەزارەتی ناوخۆ ئەوان دەڵێن ئەو بینایە بۆ ئێمە

دروست کراوە ئێمە دەڵێین بۆ ئێمە دروست کراوە، من دوا قسەم ئەوەیە ئێمە ناڵێین هەموو شتێکمان کردووە کەم و کورتیمان زۆرە لە بەر ئەوەی کە عەمەلیەکە ئاڵۆزە پرسەکە پرسێکی هەستیارە بە بەردەوامی کێشە هەیە وە ئاستەنگی زۆر لە بەر دەممان هەیە هەندێك گۆڕانکاریمان کردووە و دڵنیاشتان دەکەمەوە هەرچیمان پێ بکرێت بەردەوام دەبین من هیچ وا سەیری ئەو سزادراوانە ناکەم کە وا تاوانبارن و خەڵکیان کوشتووە و ئەوانە من وەك ئینسان تەماشایان دەکەم، زۆر پێویستیمان بە هاوکاری ودەعمی ئێوەیە بە تایبەتی لیژنەکەتان، بۆ ئەوەی پێکەوە یاسایی باش دەربکەین یاساکان هەموار بکەین بە سودی ئەو سزادراوانە.
من جارێکی تر سوپاستان دەکەم، چونکە زۆر بابەتان خستە بەردەممان کە دەکرێت بەدواداچوونی بۆ بکرێت پێشنیاری باشتان کرد روونکردنەوەی باشتان دا دەتوانین سودی لێ وەربگرین وە هەرکاتێك ئێوە هەرپرسیارێکتان هەبوو هەر بەدواداچوونێکتان هەبوو ویستان سەردانی هەر چاکسازییەك بکەن من پێم گوتوون هیچ کەسێك بۆی نییە بچێت بۆ چاکسازییەکان تەنها هەمووی دەبێت بە مۆڵەت بچێت، تەنها ئەندام پەرلەمان مۆڵەت بە خۆیەتی هەر کاتێك ویستتان بچن کەس رێگریتان لێ ناکات، جارێکی تر سوپاس و دەستان خۆش و سەرکەوتوو بن.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صاڵح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بەڕێز وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی، سوپاس بۆ وەڵامەکان، تەنها بۆ زانیاری بەڕێزتان (٤٢) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمانی کوردستان پێشتر ناویان نووسی بوو وە پرسیارەکانیان کرد بوو هەریەکەیان بە پێی ماددەی (٥٤) سێ خولەك مۆڵەتیان پێدرا بوو وە راپۆرتی لیژنەش پێشکەش کرا بەڕێزیشتان وەڵامێکی چڕ و پڕتان داوەتەوە دڵنیام رەنگە هەندێك موڵاحەزات و تێبینی لای ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمانی کوردستان هەبێت بۆ ئەوەی دەرگا بکەینەوە دیسان دەبێت ئەوەنەی تر دانیشینەوە، بۆیە تکاتان لێ دەکەم بەڕێزان هەر بەڕێزێك هەر بەدواداچوونێکی تری هەبێت وەکو جەنابی وەزیر خۆشی لێرە ئاماژەی پێدا بۆ هەر یەك لەو چاکسازیانە هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان زۆر بە ئاسانی دەتوانێت هەر کاتێك کە بیەوێت بڕوات لە نزیکەوە چاودێری بکات وە ئەوە لیژنەی تایبەتمەندیش لێرەیە وە راپۆرتەکەش دەوڵەمەندتر دەکرێت و دیراسەی ئەو راپۆرتەی بەڕێز وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی بۆ دەستەی سەرۆکایەتی ناردوویەتی ئێمە دوایی ئاراستەی لیژنەی تایبەتمەند و تەواوی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان دەکەین لێرەوە داوا لە کاروباری پەرلەمان دەکەین کە ئاراستەی تەواوی ئەندامانی پەرلەمان بکات، لێرە کۆتایی بە دانیشتنەکە دەهێنین وهیوای سەرکەوتن بۆ هەموو لایەك.

| **منى نبى قهوچى** | **هێمن هەورامی** | **د. رێواز فائق حسێن** |
| --- | --- | --- |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |